وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زمان
بەشی زمانی کوردی

# ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی

**(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکی)ی**

**بەختیار عەلیدا**

تێزێکە

## خالد قادر ابراهیم

پێشکەشی بەشی کوردیی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە،
بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

## پ.ی.د.طاهر محمد علی

٢٧٢٤ کوردی ٢٠٢٤ زایینی

تێزی" ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلیدا" لەلایەن توێژەر(خالد قادر ابراهیم)ەوە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بە شێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ.ی.د.طاهر محمد علی

ڕێکەوت: ٢٥/ ٤ / ٢٠٢٤

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: ٢١ / ٥ / ٢٠٢٤

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، تێزی (**ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیاڵ، داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلیدا**)مان خوێندنەوە، گفتوگۆمانکرد لەگەڵ خوێندکارەکەدا لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری تایبەت بە تێزەکە، بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. ئاشتی محمد محمود

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ٢٣/٦/٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. محمد امین محمد نوری امین

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٣/٦/٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. شادارە کرمال صالح

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٣/٦/٢٠٢٤

ناو:

ئەندام پ.ی.د. ڕێبوار محمد اسماعیل

ڕێکەوت: ٢٣/٦/٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. ئە رضوان عمد عبد

ئەندام

ڕێکەوت: ٢٣/٦/٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. طاهر محمد علی

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت: ٢٣/٦/٢٠٢٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.د. شاخەوان جلال حاجی فەرەج

ڕاگری کۆلێجی زمان

زانکۆی سلێمانی ١/٧/٢٠٢٤

# پێشکەشە بە:

- سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمان و سەرۆکایەتیی بەشی کوردی.
- ڕۆحی داپیرم (ئەو بەهەشتی)یەی، کە فێریکردم بەسەر سەختی و دژواریی ژیاندا سەرکەوم.
- ڕۆحی مامۆستام، پ.د. محمد (کەساس جەباری).
- دایک و باوکم، کە بە شەونخوونی و ماندووبوونیان منیان پێگەیاند.
- هاوسەر و هاوڕێی ژینم (میدیا)، هەوێنی سەرکەوتنەکانم.
- جگەرگۆشەکانم (ڕەوەند و ڕەهێڵ و ڕاڤیار)، کە مۆمی هیوا و چرای دواڕۆژمن.
- براکەم، خۆشکەکانم، کە هەمیشە هاندەرم بوون.
- ئەوانەی پیتێکیان فێرکرم.
- بە شارەکەم (خورماتوو)، ڕیشاڵی ڕۆح و شوێنی ڕەسەنم.

# سوپاس و پێزانین بۆ:

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمان و سەرۆکایەتیی بەشی کوردی.
- هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە کۆرسی خوێندنی باڵا (دکتۆرا)ماندا وانەیان پێ وتینەوە.
- بەڕێز مامۆستای سەرپەرشتم (پ.ی.د.طاهر محمد علی)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتەئەستۆ و بە تێبینی و سەرنجە ورد و زانستییەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەندکرد.
- مامۆستای بەڕێز: پ.ی.د.عادل گەرمیانی، کە ڕێگەنیشاندەری خوێندنی باڵام بوو.
- مامۆستایانی بەڕێز: د.ئازاد عبدالواحد کریم زەنگنە، د. محمد تاتانی، د.حەمە مەنتک، د.سعد جرجیس، د.احمد الاغا، سەرجەم ئەوانەی یارمەتییاندام.
- مامۆستا و هاوڕێم، د.کەریم شکور، کە لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵامدا، هەمیشە پاڵپشتێکی مەعنەویی گەورە و هاندەرێکی دڵسۆزم بوو.

# پێڕست


| لاپەڕە | نـــــــــــــــــــــــاوەڕۆک |
|---|---|
| ١-٥ | پێشەکی |
| ٦-١٤ | ١-١- ئیستاتیکا- زاراوە و چەمک |
| ٦-٩ | ١-١-١-زاراوەی ئیستاتیکا |
| ١٠-١٤ | ١-١-٢-چەمکی ئیستاتیکا |
| ١٤-١٥ | ١-١-٢-١- ئاڕاستەی بابەتی |
| ١٥-١٨ | ١-١-٢-٢- ئاڕاستەی خودی |
| ١٩-٢٣ | ١-١-٣- ئیستاتیکای ناشیرینی (جوانی دزێو) |
| ٢٤- ٢٧ | ١-١-٤- ئیستاتیکای ئەدەب |
| ٢٧ | ١-١-٥- ئامانجە ئیستاتیکییەکانی ئەدەب |
| ٢٨-٥٦ | ١-٢- ئیستاتیکا لە سەردەمە جیاوازەکاندا |
| ٢٨-٣٤ | ١-٢-١- ئیستاتیکا لە سەردەمی یۆناندا |
| ٢٨- ٢٩ | ١-٢-١-١- هۆمیرۆس |
| ٢٩ | ١-٢-١-٢- هیراکلیس |
| ٢٩-٣٠ | ١-٢-١-٣- فیساگۆرس |
| ٣٠ | ١-٢-١-٤- دیمۆکریتس |
| ٣٠-٣٢ | ١-٢-١-٥- سوکرات |
| ٣٢-٣٣ | ١-٢-١-٦- ئەفلاتوون |
| ٣٣-٣٤ | ١-٢-١-٧- ئەرستۆ |
| ٣٥-٣٦ | ١-٢-٢- ئیستاتیکا لە سەردەمی ڕۆماندا |
| ٣٥ | ١-٢-٢-١- لۆکریشیۆس |
| ٣٥ | ١-٢-٢-٢- هۆراس |
| ٣٦ | ١-٢-٢-٣- ئەفلۆتین |
| ٣٧-٤٥ | ١-٢-٣- ئیستائیکا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا |
| ٣٧-٣٩ | ١-٢-٣-١- ئیستاتیکا لە ئایینی مەسیحیدا |
| ٣٨-٣٩ | ١-٢-٣-١-١- ئۆگستین |
| ٣٩ | ١-٢-٣-١-٢- تۆما ئەکوینی |
| ٤٠-٤٥ | ١-٢-٣-٢- ئیستاتیکا لە ئایینی ئیسلامدا |
| ٤١-٤٢ | ١-٢-٣-٢-١-ئەلجاحز |

| | |
|---|---|
| ١-٢-٣-٢-٢- ئەلفارابی | ٤٢ |
| ١-٢-٣-٢-٣- ئیبن سینا | ٤٢ |
| ١-٢-٣-٢-٤- ئەبی حەیانی ئەلتوحیدی | ٤٣ |
| ١-٢-٣-٢-٥- ئەبو حامد ئەلغەزالی | ٤٣-٤٥ |
| ١-٢-٤- ئیستاتیکا لە سەردەمی مۆدیرنەدا | ٤٦ -٥٣ |
| ١-٢-٤-١- ڕێنی دیکارت | ٤٧-٤٨ |
| ١-٢-٤-٢- ئەلکسەندەر گۆتلیێب بۆمگارتن | ٤٨ |
| ١-٢-٤-٣- ولیم هۆگارت | ٤٨-٤٩ |
| ١-٢-٤-٤- دەنیس دیدرۆ | ٤٩-٥٠ |
| ١-٢-٤-٥- ئیمانۆیل کانت | ٥٠-٥٢ |
| ١-٢-٤-٦-جۆرج ویلهام فریدریک هیگڵ | ٥٢-٥٣ |
| ١-٢-٥- ئسیتاتیکای سەدەی بیستەم | ٥٤-٥٦ |
| ١-٢-٥-١- هنری برجستۆن | ٥٤-٥٥ |
| ١-٢-٥-٢- ئیدمۆند هۆسرڵ | ٥٥-٥٦ |
| ١-٣- خەیاڵ: زاراوە، چەمک و پێناسە | ٥٧-٦٤ |
| ١-٣-١- زاراوەی خەیاڵ | ٥٧-٥٩ |
| ١-٣-٢-چەمک و پێناسەی خەیاڵ | ٦٠-٦٤ |
| ١-٤-١- فەلسەفەی خەیاڵ لە دید و بۆچوونی هەردوو فەیلەسوفی یۆنانیدا | ٦٥-٦٩ |
| ١-٤-١-١- فەلسەفەی خەیاڵ لە دید و بۆچوونی ئەفلاتووندا | ٦٥-٦٧ |
| ١-٤-١-٢- فەلسەفەی خەیاڵ لە دید و بۆچوونی ئەرستۆدا | ٦٧-٦٩ |
| ١-٤-٢- فەلسەفەی خەیاڵ لە دید و بۆچوونی چەند فەیلەسوف و ڕەخنەگرێکدا | ٧٠-٨٣ |
| ١-٤-٢-١- تۆماس هۆبز | ٧٠-٧١ |
| ١-٤-٢-٢- دێڤید هیۆم | ٧١-٧٢ |
| ١-٤-٢-٣- ئیمانۆیل کانت | ٧٢ |
| ١-٤-٢-٤- فیختە | ٧٣ |
| ١-٤-٢-٥- کۆڵریدج | ٧٣-٧٦ |
| ١-٤-٢-٦- ویلیام وردز ورس | ٧٦-٧٧ |
| ١-٤-٢-٧- ژان پۆڵ سارتەر | ٧٨-٨٠ |

| | |
|---|---|
| ١-٤-٣- ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆماندا | ٨٠-٨٣ |
| ٢-١- کانگەکانی خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا | ٨٤-١٠٤ |
| ٢-١-١- چەمک و پێناسەی کانگە | ٨٤-٨٧ |
| ٢-١-١-١- ئەزموونی کەسێتی و مێژووی نەتەوەیی ڕۆماننووس | ٨٧-٨٩ |
| ٢-١-١-٢- پەیوەندیی ژیاری (شارستانی) و ژینگەی ڕۆماننووس | ٨٩- ٩٢ |
| ٢-١-١-٣- کەلەپوور و ئەدەبیاتی نەتەوەیی ک | ٩٣-٩٩ |
| ٢-١-١-٣-١- ئەفسانە | ٩٩-١٠٣ |
| ٢-١-١-٣-٢- خورافە | ١٠٣-١٠٤ |
| ٢-١-١-٣-٣- جیاوازیی نێوان ئەفسانە و خورافە | ١٠٤- ١٠٦ |
| ٢-٢- ڕۆڵی ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا | ١٠٧-١٢٣ |
| ٢-٢-١- ڕۆڵی خەیاڵ لە داهێنانی ئەدەبی و قەناعەتپێهێنانی خوێنەردا | ١٠٧-١١٤ |
| ٢-٢-١-١- چەمک و پێناسەی داهێنانی ئەدەبی | ١٠٧-١٠٩ |
| ٢-٢-١-٢- خەیاڵی داهێنەرانەی بەختیار عەلی | ١٠٩-١١٤ |
| ٢-٢-٢- ڕۆڵی خەیاڵ لە قەناعەتپێهێنانی خوێنەری ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا | ١١٥-١٢٣ |
| ٢-٣- دیالێکتیکی ئیستاتیکای خەیاڵ و توخمە ئەدەبییەکانی تر لە ڕۆماندا | ١٢٤-١٤٠ |
| ٢-٣-١- دیالێکتیکی ئیستاتیکای خەیاڵ و واقیع | ١٢٤-١٢٩ |
| ٢-٣-٢- دیالێکتیکی ئیستاتیکای خەیاڵ و فانتازیا | ١٢٩-١٣٤ |
| ٢-٣-٣- دیالێکتیکی ئیستاتیکای خەیاڵ و وەهم | ١٣٥-١٣٧ |
| ٢-٣-٤- دیالێکتیکی ئیستاتیکای خەیاڵ و بیرگە (یادگە) | ١٣٨-١٤٠ |
| ٢-٤- ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆماندا | ١٤١-١٥٨ |
| ٢-٤-١- چەمک و پێناسەی ڕیالیزمی جادوویی | ١٤٢-١٤٧ |
| ٢-٤-١-١- ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا | ١٤٨-١٥٨ |
| ٣- ڕۆڵی خەیاڵ لە بنیاتنانی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆماندا | ١٥٩-٢٤٥ |
| ٣-١- زاراوە و چەمک و پێناسەی گێڕانەوە | ١٥٩-١٦٢ |
| ٣-٢-١- چەمک و پێناسەی کارەکتەر لە ڕۆماندا | ١٦٣-١٦٨ |
| ٣-٢-١-١- کارەکتەری نیمچە خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا | ١٦٨-١٧٠ |
| ٣-٢-١-٢- کارەکتەری گۆڕاو (ئاڵۆز) لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا | ١٧٠-١٧٩ |

| | |
|---|---|
| ٣-٢-١-٣- کارەکتەری خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا | ١٧٩-١٨٨ |
| ٣-٢-١-٤- ڕۆڵی خەیاڵ لە ناولێنانی کارەکتەرەکانی بەختیار عەلیدا | ١٨٨-١٩٣ |
| ٣-٣- ڕووداوی خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا | ١٩٤-٢١٥ |
| ٣-٣-١- چەمک و پێناسەی ڕووداو لە ڕۆماندا | ١٩٤-١٩٧ |
| ٣-٣-١-١- ڕووداوی خەیاڵی لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا | ١٩٧-٢٠٢ |
| ٣-٣-١-٢- ڕووداوی خەیاڵی لە ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)دا | ٢٠٣-٢٠٨ |
| ٣-٣-١-٣- ڕووداوی خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا | ٢٠٨-٢١٥ |
| ٣-٤- شوێنکات لە ڕۆماندا | ٢١٧ |
| ٣-٤-١- چەمک و پێناسەی شوێنی خەیاڵ لە ڕۆماندا | ٢١٧-٢٢٠ |
| ٣-٤-١-١- شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا | ٢٢٠-٢٣٣ |
| ٣-٤-١-٢- شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا | ٢٢١-٢٢٥ |
| ٣-٤-١-٣- شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)دا | ٢٢٥-٢٢٨ |
| ٣-٤-١-٤- شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا | ٢٢٩-٢٣٣ |
| ٣-٤-٢- کاتی خەیاڵی لە ڕۆماندا | ٢٣٤ |
| ٣-٤-٢-١- چەمک و پێناسەی کاتی خەیاڵی لە ڕۆماندا | ٢٣٤-٢٣٦ |
| ٣-٤-٢-٢- کاتی خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا | ٢٣٧-٢٤٥ |
| ٣-٤-٢-٣- کاتی خەیاڵی لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا | ٢٣٧-٢٤٠ |
| ٣-٤-٢-٤- کاتی خەیاڵی لە ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)دا | ٢٤٠-٢٤٣ |
| ٣-٤-٢-٥- کاتی خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا | ٢٤٣-٢٤٥ |
| ئەنجام | ٢٤٦-٢٤٨ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٤٩-٢٦٢ |
| ملخص البحث | ٢٦٣-٢٦٤ |
| ABSTRACT | ٢٦٥-٢٦٦ |

# پێشەکی

ڕۆمان، دەقێکی هونەریی خەیاڵکردە، ژانرێکی گرنگ و نوێی ئەدەب و هونەرە، ئەو ژانرەیە، کە لە هەموو ژانرەکانی تری ئەدەب زیاتر دەتوانێت گوزارشت لە کێشە مرۆییەکان بکات، بەهۆی پانتایی و فراوانیی جیهانە خوڵقێنراو و داهێنەراوەکەییەوە، خەیاڵیش بەشێکی گرنگە لە پێکهاتە هۆشەکییەکانی مرۆڤ و هێزو بزوێنەری داهێنان و دروستکردن و ڕێکخستن و پێکەوەنان و خوڵقاندنی جیهانێکی نوێی ئەدەبییە، هەروەها ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانی توانای هونەری و ئیستاتیکیی هونەرەکانی وەک: مۆسیقا، وێنەکێشان، ئەدەب، گێڕانەوە، چونکە جیهانی خەیاڵ، جیهانێکی فراوان و بەرینە بۆ بەدیهێنانی پرۆسەی داهێنان و ئەفراندن لە دەقی ڕۆماندا، توانای خوڵقاندن و ڕێکخستن و پێکەوەنانی توخمەکانی دەق ڕاستەوخۆ و خۆڕسک بە ڕۆماننووس دەبەخشێت، لە دەقی ڕۆماندا ڕووبەرو بواری زیاتر هەیە بۆ بەکارهێنانی خەیاڵ و بابەتە خەیاڵییەکان، لەبەرئەوەی خەیاڵ پێکهێنەر و خوڵقێنەر و ڕازێنەرەوەی دەقی گێڕانەوەییە، کاریگەرە بۆ دۆزینەوەو بەکارهێنانی بابەتە نهێنیی و شاراوەکانی ناوەوەی مرۆڤ لە ئەدەبدا.

ڕۆماننووس لە ڕێگەی دەقەکەیەوە لە جیهانی ڕاستەقینە و واقیعییەوە بۆ جیهانێکی خەیاڵیی چێژبەخشی ئیستاتیکی دەمانگوازێتەوە، هەروەها خەیاڵ ئەو ئامراز و هێزەیە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت یاری بە ئەگەری ڕوودان، یان ڕوونەدانی ڕووداوێک تاقیبکرێتەوە.

بەختیار یەکێکە لەو ڕۆماننووسە دیارانەی، کە لە ئەدەبی کوردیدا لە پێکهینان و نووسینی دەقی ڕۆمانەکانییدا سوودی زۆری لە بەکارهێنانی خەیاڵ لە بنیاتنان و پێکەوەنان و خوڵقاندن و ڕازاندنەوەی دەقەکانیدا بینیوە، بە تایبەت لە توخمە بنەڕەتییەکانی ڕۆمان (کارەکتەر، ڕووداو، شوێنکات)دا، بە شێوەی فراوان و قوڵ و چڕ بنەمای خەیاڵی بەکارهێناوە.

لە هەر سێ ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکی)دا، کە بابەتی توێژینەوەکەمانە، ڕووداوی ئەو ڕۆمانانە لە

جیهانێکی خەیاڵیدا ڕوودەدەن، بۆیە ڕۆڵی ئیستاتیکیی خەیاڵ لە پێکهێنانی ڕەگەزو بنەماکانی دەقی هەرسێ ڕۆمانەکەدا دەبێتە جێی توێژینەوەمان، بە سەرنجدان و تیشکخستنەسەر ئیستاتیکای خەیاڵ لە پێکهێنان و خوڵقاندنی ئەو ڕەگەزانەدا دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکەمان کردووە بە (ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی"غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلی"دا، کە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و خستنەڕووی ڕۆڵی خەیاڵ وەکو بنەما و خوڵقێنەر و پێکهێنەر و ڕازێنەرەوە لە دەقی ڕۆماندا.

## سنووری توێژینەوەکە:

ناونیشان، سنووری توێژینەوەکەی بۆ دەستنیشانکردووین، بۆیە (ئیستاتیکای خەیاڵ) وەک خۆی، چ وشەی (ئیستاتیکا)، یان وشەی (خەیاڵ) بێت بە چەمکە فەلسەفییەکەیان، بنەمای نووسینەوەی توێژینەوەکەمانە لە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا، چونکە خەیاڵ بنەما و پێکهێنەری ئەدەب و هونەرە و بەرهەمهێنەری ئیستاتیکایە. توێژینەوەکە (ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکیی بەختیار عەلی دا)، وەک بابەتێکی کار لەسەرنەکراو دەبینێت، بۆیە کار لە سەر ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆمانی کوردیدا دەکات.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

بۆ هەڵبژاردنی هەر بابەتێک چەندین هۆکار هەن، کە دەبنە پاڵنەری توێژەر، یەکێک لەو هۆکارانە، گرنگی "ئیستاتیکای خەیاڵ" و"خەیاڵ"ە، لە ئەدەب و هونەر بەگشتی و هونەری ڕۆماننووسین بە تایبەتی، ئەوەندەی ئێمە سەرنجمان دابێت، لە ئەدەب و ڕەخنەی کوردیدا کار لەسەر"ئیستاتیکای خەیاڵ" وەک ڕەگەزێکی ئەفراندنی ڕۆمان بەکەمی بایەخی پێدراوە، هەرچەندە لە چەند گۆشەنیگا و ڕەهەندێکەوە کار و توێژینەوە لەسەر ڕەهەندی ئیستاتیکا و ڕەگەزی خەیاڵ بە جیا کراوە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین، کە جێگەی باسن، بۆ نموونە: (ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی"جەبار ئەحمەد حسێن") و (بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ

نوری شێخ صالح و گۆران" ئاسۆ عومەر مستەفا") و (ئیستاتیکای شوێن لە دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەتدا" زانیار زیاد ابراهیم)، لە بواری ڕەگەزی"خەیاڵ"یشدا، (ئەندێشەی شیعری لە نێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردیدا" ڕێزان صالح مولود) و (فانتازیا لە ڕۆمانی" شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی بەختیار عەلی و ڕۆمانی" دەغدو" خسرەو جافدا"ئازاد محەمەد سەعید) و (هونەری فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا_ بە نموونەی چیرۆکەکانی"سابیر ڕەشید" و "شێرزاد حەسەن" ڕووناک سەلاح عەلی)، بەڵام بەو گشتگیرییە و دەربارەی ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆماندا و بە تایبەتیش لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا، ئەوەندەی ئێمە زانیاریمان هەبێت، هیچ لێکۆڵینەوەیەک نەکراوە و لەبەردەستدا نییە، ئەمانە هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەن، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیەی بۆ تەرخانبکەین.

## ئەو گرفتانەی توێژینەوەکە چارەسەریدەکات:

توێژینەوەکە کەلێنێکی گەورەی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا و بەتایبەت لە بواری ڕەخنەی پەخشانی (ڕۆمان)ی کوردیدا پڕکردووەتەوەو دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو توێژینەوانەی، کە لەم هەوڵەوە لەو بوارەدا دەنووسرێنەوە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

بە گشتی لە توێژینەکەدا ڕێبازی (وەسفی و شیکاری) بەکارهاتووە، بەپێی ئەم ڕێبازە سەرەتا بۆ هەر توخمێک و بنەمایەک نموونەمان لە دەقی ڕۆمانەکان خستووەتەڕوو، دواتر شیکردنەوەمان بۆ کردوون و بۆچوونی خۆمان دەربارەیان دەربڕیووە.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** چوار تەوەرە، هەر تەوەرێکیش لە چەند ناونیشانێک پێکهاتووە:

له تەوەری یەکەمدا چەمک و زاراوەی ئیستاتیکا و ئاڕاستەکانی ئیستاتیکا و ئیستاتیکای درێو و ئیستاتیکای ئەدەب و ئامانجە ئیستاتیکییەکان خراونەتەڕوو، له تەوەری دووەمدا، ئیستاتیکا لە سەردەمە جیاوازەکاندا، کە ئیستاتیکا لە سەردەمی یۆنان و ڕۆمان و سەدەکانی ناوەڕاست، کە (ئیستاتیکای ئایینی مەسیحی و ئایینی ئیسلام) لەخۆدەگرێت، پاشان ئیستاتیکای سەردەمی مۆدێرنە و سەدەی بیستەم خراونەتەڕوو، لە تەوەری سێیەمدا، چەمک و زاراوە و خەیاڵ خراونەتەڕوو، لە تەوەری چوارەمدا فەلسەفەی خەیاڵ لە دیدوبۆچوونی یۆنانی و بۆچوونی چەند فەیلەسوف و ڕەخنەگرێکەوە و پاشان ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆماندا خراونەتەڕوو.

**بەشی دووەم:** چوار تەوەرە، هەر تەوەرێکیش لە چەند ناونیشانێک پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم، چەمک و پێناسەی کانگە و کانگەکانی خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا، لە تەوەری دووەمدا، چەمک و پێناسەی داهێنانی ئەدەبی و ڕۆڵی خەیاڵ لە داهێنانی ئەدەبیدا و لە قەناعەتپێهێنانی خوێنەری ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا، لە تەوەری سێیەمدا دیالێکتیکی خەیاڵ و توخمە ئەدەبییەکانی تر لە ڕۆماندا ، لە تەوەری چوارەمدا، ڕەنگدانەوەی شاکارە ئەدەبییە نوێییەکانی جیهان و چەمک و پێناسەی ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا خراونەتەڕوو.

**بەشی سێیەم:** ڕۆڵی خەیاڵ لە بنیاتنانی ڕەگەزەکانی ڕۆماندا چوار تەوەرە، هەر تەوەرێکیش لە چەند ناونیشانێک پێکهاتووە:

لە تەوەری یەکەمدا، زاراوە و چەمک و پێناسەی گێڕانەوە. لە تەوەری دووەمدا، چەمک و پێناسەی کارەکتەر لە ڕۆماندا و کارەکتەری نیمچە خەیاڵی و گۆڕاو و خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا. لە تەوەری سێیەمدا، چەمک و پێناسەی ڕووداو لە ڕۆماندا و ڕووداوی خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا. لە تەوەری چوارەمدا (شوێنکات)و چەمک و پێناسەی شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانداو شوێنی خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا و چەمک و پێناسەی کاتی خەیاڵی لە ڕۆماندا و کاتی خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا خراوەتەڕوو.

له کۆتاییشدا له چەند خاڵێکدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستووەتەڕوو، پاشان له لیستی سەرچاوەکاندا ناوی نووسەر و ناونیشانی ئەو سەرچاوانەمان تۆمارکردووە، که سوودمان لێبینیون، پاشانیش پۆختەی تێزەکه به زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## ١-١- ئیستاتیکاـ زاراوە و چەمک:

### ١-١-١- زاراوەی ئیستاتیکا:

ئیستاتیکا، واتە جوانیناسی، یان زانستی جوانی، یان "فەلسەفەی جوانی و هونەر، لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە، کە لە هونەر دەکۆڵێتەوە "(ئەسوەد، ٢٠١٥، ٧٦)، لە زمان و ئەدەبی کوردیدا هەردوو زاراوەی (جوانیناسی، ئیستاتیکا) بەکاردەهێنرێن بەرانبەر بە زاراوەی (Aesthetics)ی ئینگلیزی، لە زمانی ئینگلیزیدا بنەڕەتی وشەی (Aesthetics) بۆ وشەی (Aisthetikos)ی گریکی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای درکپێکردنی هەستەکی بوو و وشەی (Aistheta)، بە واتای خاڵی درکپێکردنی هەستەکی، یان بە زمانێکی سادەتر شتی هەستپێکراو"(ئەحمەدی،٢٠٠٨، ٢٨)و، لە"زمانی فەڕەنسیدا (Esthetique) ولە زمانی ئەڵمانیدا (AESTHIK)و لە زمانی ئیتالیدا (Aesthetics) بەکاردهێنرێن" (احمد، ٢٠٠٧، ٣٧)، لە زمانی عەرەبیدا بە(علم الجمال) هاتووە، لە زمانی فارسیشدا (زیبایی شناسی) هاتووە"(شەریفی، ٢٠٠٦، ٢٤)، بۆیە"دیاریکردن و دەستنیشانکردنی سنوورێکی ورد و درشت بۆ زاراوەی ئیستاتیکا، کارێکی ئەستەمە، بەڵام دەتوانین بەشێوەیەکی مەبدەئی بەو زانستەی بناسێنین، کە لێکۆڵینەوە لە جوانی دەکات، یان ئەو زانستەیە، کە خوێندنەوە بۆ دیاردەی جوانی دەکات"(مرحباوی، ٢٠١٦، ١١)، ئیستاتیکا لە بنەڕەتدا باسێکی فەلسەفییە، دواتر هاتووەتە ناو وانەکانی ئەدەب و تیۆرە ڕەخنەییەکانەوە، بۆیە "ئەم زانستە خوێندنەوەیەکی فەلسەفییە بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی، کە لێکۆڵینەوە لە جوانیی شت و بابەتەکان دەکات، یان سروشتی بەهای جوانی و بڕیارە پەیوەندیدارەکان بە زانستی جوانی دەردەکات" (جیمینیز، ٢٠٠٩، ٤٤٤)، هەربۆیە "ئیستاتیکا بوارێکی تیۆریی بەها (ئەکسیۆلۆژیا)یە، کە لقێکە لە سێ لقە پێکهێنەرەکەی فەلسەفە (ئەکسیۆلۆژیا، میتافیزیکا، ئەپستمۆلۆژی)"(نوکس، ١٩٨٥، ٣٢)، هەروەها زانستی جوانی، فەلسەفەی هونەریش لەخۆدەگرێت، کە لە بنەڕەتدا گرنگی بە سروشت و بەهای هونەر و پرەنسیپەکانی دەدات، هەر لەمیانەشەوە شرۆڤە و هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمی هونەری دەکرێت .

ئیستاتیکا لە شتە هەستپێکراو و درکپێکراوەکان دەکۆلێتەوە، هەربۆیە لەگەڵ لۆژیکدا جیاوازە، چونکە لۆژیک لە پەیوەندییە عەقڵانییەکان دەکۆڵێتەوە، لە بنەچەدا بۆ وشەی (Aesthetics)دەگەڕێتەوە، کە مەبەست لێی ئەو زانستەیە، کە پەیوەست بە هەستەکان بووە، بە پێی وشەی (Aesthesi)ی یۆنانی"( انوود، ٢٠١١، ٨٩) .

دەرکەوتنی زاراوەی ئیستاتیکا، بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەلکسەندەر گۆتلێپ باومگارتن(١٧١٤ ـ ١٧٦٢ز) دەگەڕێتەوە، کە یەکەم جار لە کتێبی (ڕامانە فەلسەفییەکان دەربارەی بابەتەکانی پەیوەست بە شیعر)، کە لە ساڵی (١٧٣٥ز) بەکاریهێناوە، دواتر لە کتێبی(زانستی جوانی ـ ئیستاتیکا)دا، کە دوو بەشە، بەشی یەکەمی لە ساڵی (١٧٥٠ز)، بەشی دووەمیشی لە ساڵی (١٧٥٨ز)دا، نووسیویەتی و بڵاویکردووەتەوە زیاتر گرنگی بە ئیستاتیکا داوە لە زانستەکانی تری جیاکردووەتەوە و دەڵێت:"ئیستاتیکا زانستی ئەزموونی هەست و سۆزە و گرنگترین زانستی نموونەییە، ئیستاتیکا خوشکی بچووکی لۆژیکە" (انوود، ٢٠١١، ٨٩)، هەروەها "کاتێک باومگارتن ئەم لقەی بە ئیستاتیکا پێناسەکرد و سنووریشی بۆ بابەتەکانی دەستنیشانکرد بە ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لە دەوری لۆژیکی هەست و خەیاڵی هونەریدا دەخولێنەوە "(مطر، ٢٠١٣، ١١)، لە فەرهەنگی لالاندا بەم دوو شێوەیە پێناسەی ئیستاتیکای کردووە "١ـ هەر شتێک بە جوانییەوە گرێدرابێ و هەر شتێک سروشتی جوانی پێناسەبکات. ٢ـ زانستێک، کە بابەتەکەی داوەری و هێنانەگۆڕی بابەتێک بێت لەبارەی جیاوازیی نێوان جوان و دزێو"(حسێن، ٢٠١٨، ٣٥)"، لە ئینسکلۆپیدیای ویبستەردا بەمشێوەیە پێناسەی ئیستاتیکا کراوە " ئەو بوارەیە، کە مامەڵە لەگەڵ وەسفی دیاردە هونەری و ئەزموونە ئیستاتیکییەکاندا دەکات و شیییاندەکاتەوە(Esthetic , ١٩٩٥, Merriam Webster) لەئینسکلۆپیدیای بریتانیکادا، ئیستاتیکا بە واتای"لێکۆڵینەوەی تیۆریکی هونەر و جۆرەکانی هەڵسوکەوت و ئەزموونی پەیوەندیدار بە هونەرەوە"( سەجادی و مەحموودی، ٢٠٠٤، ١٦١)، هەروەها جمیل صلیبا لە فەرهەنگی فەلسەفیدا، بەمشێوەیە پێناسەی ئیستاتیکا دەکات: "ئەو زانستەیە، کە لێکۆڵینەوە لە مەرج و پێوانە و تیۆرەکان و چێژی هونەری و بڕیارە بەهادارە پەیوەستەکان بە بەرهەمە هونەرییەکان دەکات، ئەوەش دەرگایەکە لە فەلسەفە و دوو بەشی هەیە :

١- بەشی تیۆری گشتی: وردبوونەوە لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نێوان شتە جوانەکان دەکات، کە هەستێکی جوان دروستدەکات و ئەو هەستە بە شێوەیەکی سایکۆلۆژی شیدەکاتەوە و سروشتی جوانی لەڕووی فەلسەفییەوە شیدەکاتەوە و ئەو مەرجانەی، کە خەسڵەتەکانی جوانی لە ناشیرینی جیادەکاتەوە، یان دیاریدەکات، کەواتە ئیستاتیکا زانستێکی بنەڕەتی، یان پێوانەییە وەک لۆژیک و ڕەوشت، هەروەک چۆن لۆژیک ئەو یاسایانە دیاری دەکات، کە تەواو و ناتەواو لەیەکجیادەکاتەوە، هەروەها ئیستاتیکاش ئەو یاسایانە دیاریدەکات، کە جوان و ناشیرین لەیەکجیادەکاتەوە .

٢- بەشی پراکتیکی (کرداری) تایبەت: وردبوونەوە لە وێنە هونەرییە جۆراجۆرەکان دەکات و ڕەخنە لە نموونە (مۆدیل)ی تاک دەگرێت، ئەم بەشە بە ڕەخنەی هونەری ناودەبرێت، ئەوەش تەنها لەسەر بنەمای چێژ نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای هزریشە، چونکە بەهای کاریگەریی هونەر بەو هەستەی، کە لە ناخدا دروستیدەکات، ناپێوریت، بەڵکو بەگوێرەی وێنەی مەبەستدار، کە عەقڵ دەینوێنێت"(صليبا، مادة جمال، ١٩٩٤، ٤٠٢)، سەعید عەلوشیش لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییە هاوچەرخەکاندا بەمشێوەیە پێناسەی ئیستاتیکا دەکات "ئیستاتیکا لە پێشینە پێکهێنەرەکانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری دەکۆڵێتەوە و هەموو بنەماکانی کار لە جوانیی دادەبڕێت"(علوش، ١٩٨٥، ٦٢)، مەبەستی باومگارتن لە زاراوەی ئیستاتیکا "ئەو زانستە بووە، کە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی زانینی شتەکان لە ڕێگەی هەستەوە دەکات "(اسماعيل، ١٩٩٢، ١٥)، بۆیە دەبێت ئەوە بزانین، کە جوانیناسی و وردبوونەوە لە جوانی و باسکردنی دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەرهەڵدان و دەرکەوتن و چەسپاندنی زاراوەی ئیستاتیکا (علم الجمال) لەلایەن باومگارتنەوە"چەندین زاراوەی تری بۆ بەکارهێنراوە، وەک: (تیۆری هونەرەکان، تیۆری ئەدەبە جوانەکان، ڕەخنە، تیۆری زانستە جوانەکان، هونەرە جوانەکان، کالیستیکا)"(هيغل،١٩٨٨،٢٣)، هەموو ئەو پێناسانەی، کە دەربارەی ئیستاتیکا خستمانەڕوو، گەیشتینە ئەو ڕاستییەی، کە ناتوانرێت پێناسەیەکی دیار و ورد و درشت بۆ ئیستاتیکا، یان جوانی بە گشتی و سنوورێک بۆ پێناسەی ئیستاتیکا، لە هونەردا دیارییبکرێت، ئەوەش بۆ جیاوازی لە بیر و بۆچوونی نێوان فەیلەسوفەکان

و قوتابخانە فەلسەفییەکان لە دیاریکردنی بنەماکانی ئیستاتیکادا دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەو بابەتانەی، کە پەیوەستن بە سروشتی بابەتەکانی جوانییەوە، ئەو بابەتە خۆدییانەی پەیوەندییان بە پێشینە (باگگراوند)ی فیکری و فەلسەفیی فەیلەسوفەکانەوە هەیە، کە ئەو بابەتانەش لە نێوان (عەقڵیەت، روحیەت، نموونیەت، مادییەت، میتافیزیکییەت، ڕەوش)دا خۆی دەبینێتەوە .

### ١-١-٢- چەمکی ئیستاتیکا:

چەمکی ئیستاتیکا، بە چەندین شێوە و واتا لێکدانەوەی بۆ کراوە، بۆیە چەمکی ئیستاتیکا لەلای فەیلەسوفان، بە چەندین بوار و لایەنی ترەوە پەیوەستکراوە، هەر فەیلەسوفێک بەپێی تێروانینە فیکری و فەلسەفییەکانی خودی خۆی و تێگەیشتنی، لە چەمکی زانستی جوانی (ئیستاتیکا)ی ڕووانیوە و پێناسەی کردووە، چونکە "ئیستاتیکا بەشێکە لە فەلسەفە و داهێنان لەو چوارچێوەیەدا وەکو هونەرێکی داهێنراو نەک تەنها وێنەیەکی داهێنانی خەیاڵییە، بەڵکو داهێنانی عەقڵیشە، کە لە ڕێگەی چوار پرۆسەوە بەدی دێت، کە (ئامادەکردن، گوزارشتکردن، پێکەوەنان، چنین) لەخۆدەگرێت" (غریب، ٢٠١٣،٢١،٢٠)، ئەمە و هەرچەندە لە هەندێک لە پێناسەی ئیستاتیکادا جوانی و هونەریان پێکەوەگرێداوە، هەروەها "زۆرانبازی نێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزم بە ڕوونی لە مێژووی ئیستاتیکادا دەردەکەوێت کە کاریگەری زۆری کردۆتە سەر چەمکی جوانی و ئیستاتیکا بە درێژایی ئەم مێژووە، چونکە هەریەک لەم دوو بۆچوونە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە دەڕواننە چەمکی جوانی و هەوڵی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەدەن"(مستەفا، ٢٠٠٩، ٢١،٢٢)، هەر لە بنەڕەتدا دوو تێڕوانینی جیاواز لە بواری ئیستاتیکادا بوونی هەبووە، کە تێڕوانینی نموونەیی (المثالية) و تێروانینیی واقیعی(کەتواریی)یە .

تێڕوانینی نموونەیی (المثالية): لە ئەفلاتونەوە سەرچاوەیگرتووە و بۆ ئەوە دەچێت، کە"جوانی لە ڕاستیدا نموونەیەکە لە هەندێ شتدا ڕەنگدەداتەوە وای لێدەکات جوان دەربکەوێت، جوانیش هەمیشە و بەردەوام و ڕەهایە، بە گۆڕانی بارودۆخ ناگۆڕیت، بە جیاوازیی کات و شوێنیش ناگۆڕێت، بەڵام تێڕوانینیی واقیعی(کەتواریی): ئەم تێڕوانینە بۆ ئەوە دەچێت، جوانی شتێک نییە جگە لەو سیفەتەی، کە مرۆڤ دەیخاتە سەر هەبووەکان، کە بڕیاری جوانییان لەسەر دەدات؛ بەو واتایەی، کە جوانی بەهایەکە بوونی نییە لە دەرەوەی خودی هەست و درکی مرۆیی، لێرەشدا جوانی ڕێژەییە لە مرۆڤێکەوە بۆ ئەوی تر و لە شارستانییەکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێت"(مصطفى، علي، ٢٠٠٠، ١٨)، هەرچەندە کانت لەبارەی جوانییەوە سێ شتی جیاواز دەخاتەڕوو لە نێوان شتی مەیل پەسەند، شتی جوان، کاری باش (خێر)" شتی

مەیل پەسەند، کەووژ، تامەزرۆیی و ئالۆش تێردەکات و ئەمە لە مرۆڤ و ئاژەڵدا هاوبەشە. کاری خێر شتێکە، کە بە پڕبایەخی دەزانن، چەشنی کردەوەی ڕەوشتی، لە بنەڕەتدا خاوەنی سوودیشە، ئەم شتە تایبەت بە بوونەوەرانی عاقڵە، چ مرۆڤ یان چ فریشتان بن، بەڵام شتی جوان هیچ پەیوەندییەکی بە مەیل و ویست و ئالۆشەوە نییە، چاوگەکەی هەستە و هەر لە بەر ئەم هۆیەش تایبەت بە بوونەوەرانی زیندوو، ئاوەزیشە و هەستیارە، واتا تایبەتە بە مرۆڤ "(ئەحمەدی، ٢٠٠٨، ١٠٤)، بەپێی بەرەوپێشچوونی مێژوو ئەو زانستەش زنجیرەیەک گۆڕان و بەرەوپێشچوونی لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە خۆوە بینیوە، بەڵام گۆرانکاری و گواستنەوەی جۆری لە سەدەی نۆزدەهەمدا و لە سەر دەستی (کانت و هیگڵ) ڕوویداوە.

بۆچوونەکانی ئەفلاتون بە کۆنترین تیۆر دەربارەی ئیستاتیکا دادەنرێن، لەسەر ئەو بنەمایەی، "کە جوانی یەکێکە لە نموونەی باڵا، چونکە ئەو جوانییەی، کە لە شتەکانی ئەم جیهانەدا دەیبینین وێنەیەکی تەواو نییە، بۆ ئەو جوانییە ڕەهایە، هەرچەندە شتەکە لە نموونە باڵاکە نزیک بێتەوە، جوانی شتەکە زیاددەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە"(الحلواني، ٢٠٠٤، ٢٥)، "کەواتا جوانی لای ئەفلاتۆن؛ خاسیەتێکی جیهانی ئایدیایە و جوانی دنیایی ڕەنگدانەوەی ئەو جوانییە ئایدیالییە هەرگیز نەگۆڕ و نەمرەیە"(میراودەلی، ٢٠٢١، ٣٢)، بۆیە لای ئەفلاتون جوانی لە پلەی دووەمدا لە دوای (ڕاستی و چاک)ەوە دێت، لەبەرئەوەی پەیوەستە بە هەستەکانەوە، هەسپێکراوەکانیش لای ئەفلاتون پلەیەکی نزمترە، هەربۆیە بۆچوونەکانی ئەفلاتون دەربارەی هونەر بە توند دادەنرێت، هەرچەندە ئەرستۆ بیروبۆچوونەکانی دەربارەی جوانی لە تیۆری لاسایکردنەوەدا خۆی دەبینێتەوە، "بەڵام پێچەوانەی ئەفلاتون، بە بۆچوونی ئەرستۆ جوانی لە هونەردا هەیە، کە ئەویش لاسایکردنەوەی سروشتە "کە پرەنسیپێکە بۆ ئەو ڕێکخراوە، بەڵام بە پێی پێوانەی هزری، کە هونەر ئەرکێکی سوودبەخش بەجێدەهێنێت لە پاککردنەوە (Catharsis)دا"(اسماعیل،١٩٩٢،٣٤)، بۆیە دەتوانین بڵێین زانستی ئیستاتیکا لە فەلسەفەی یۆنانیدا پشت بە بنەما فیکرییەکان دەبەستێت، نەک بابەتە هەستییەکان.

ئەمانوئیل کانت(١٧٢٤_١٨٠٤ز)، یەکێک لەو فەیلەسوفانەیە، کە زۆر گرنگی بە ئیستاتیکا داوە و دەڵێت: "بۆ ئەوەی بزانین شتەکە جوانە، یان نا، دەبێت شیکردنەوەکان لە ڕێگەی تێگەیشتن و تێڕوانینی مەعریفییەوە بۆ بابەتەکە نەکرێت، بەڵکو دەبێت شیکردنەوە لە ڕێگەی خەیاڵەوە بۆ بابەتەکە بکەین، چونکە لەم بابەتەدا خەیاڵ و پەیوەستە بە تێگەیشتن لە شتەکە"(کانط، ٢٠٠٩، ١٢٣)، هەروەها بڕیاری جوانی، بڕیارێکی خودییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بەوپێیەی، کە هەستکردن بە جوانی لە ناخ و میزاجی ڕوحماندایە، نەوەک لە سروشتدا، هەروەها "جوانیی شتەکان پەیوەندی بە سروشتەوە نییە، بڕیاردان لە سەر جوانی، لە یەکگرتنی ئازاد لە نێوان بیر و هێزی خەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێت و لە خودی خۆماندا هەست بە ڕازیبوون دەکەین بەرامبەر شتەکان، کە دەبنەهۆی سەرسورمانمان، هەربۆیە بڕیاردان لە سەر جوانی، کار و کردەی هزر نییە، بەڵکو توانایەکی تایبەتە لە هەستکردن بە جوانی، ئەویش توانای چەشەیە، بۆیە کانت لە نێوان جوانی و سوودبەخشیدا جیاوازی دەکات، لە بەرئەوەی یەکەمیان مەبەستێکی دیار و سنووردار نییە، بە پێچەوانەی سودبەخشیەوەیە "(الحلواني،٢٠٠٤، ٢٧)، هەر چەندە "هیچ بنەمایەکی تایبەتی نییە بۆئەوەی چەشەی جوانی دیاریبکات و ئەوەی جوان بێت بە وێناکردن دەستنیشان بکرێت، چونکە لیرەوە هەر بڕیارێک دەربارەی جوانی دەربچێت، ئەوە بڕیارێکی جوانیناسییە (ئیستاتیکییە)، بەو مانایەی پرەنسیپە دیاریکراوەکەی هەستێکی خودییە، نەک بۆچوونی بابەتی، چونکە گەڕان بە دوای دیاریکردنی پرەنسیپێک بۆ چەشە بارکردنێکە بۆئەوەی بۆچوونە دیاریکراوەکانی پێوانەی گشتی بۆ جوانی دیاری بکات، چونکە ئەوەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین کارێکی نەکردەنییە و پێچەوانەی خودە" (بدوي، ١٩٧٧، ٣٤٢) .

دەیڤید هیۆم (١٧١١_١٧٧٦ز)، پێیوایە"جوانی لە ڕێکخستن و هارمۆنیەتی بەشەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کارلێکی جوانی و خۆشی بە دەروون دەبەخشێت، لە لایەکی تریشەوە چێژ و ئازار، جوانی و ناشرینی پێکدەهێنن" ( احمد، ٢٠٠٧، ٢٣).

فردریک هیگڵ (١٧٧٠_١٨٣١ز) "جوانی به ڕەنگدانەوەی هەستپێکراو لە هزردا دادەنا"(محمد، ٢٢،١٩٩٤)، بۆیە هیگڵ دووپاتیدەکاتەوە، کە "گرنگی بەتایبەتمەندییە مرۆییەکان بدرێت لەسەر شتە مادییەکان، "چونکە جوانیی هونەر باڵاترە لە جوانیی سروشت بەوەی، کە ڕەنگدانەوەی ڕۆحە، ڕۆحیش لای هیگڵ لە شتە مادییەکان باڵاترە"(مرحباوي، ٢٠١٦، ١٣)، هیگڵ زۆر بەجدی هەوڵی دیاریکردنی بنەماکانی زانستی جوانی (ئیستاتیکا) یدا "لە ڕێگەی دیاریکردنی بابەت و جیاوازییەکانی ئیستاتیکا لەگەڵ جۆرەکانی تری زانستدا، چونکە هیگڵ توێژینەوەکەشی بە شیوەیەکی گشتی لەسەر بنەماکانی جوانی بوون، کە لە هونەردا هەیە، لەبەر ئەوەی جوانی، بەرهەمی ڕۆحە، بەڵام ئەو جوانییەی لە سروشتدا هەیە، جوانییەکی مادییە، ڕۆحیش لە ماددە باڵاترە"(هيجل، ١٩٨٨، ٩٣)، هیگڵ هەمیشە داوا دەکات گرنگی بە جوانی بدرێت، مەبەستی جوانیی هونەری، بەدەر لە جوانیی تر دەڵێت:"تەنها ئەو جوانییەی، کە دەبێت گرنگی پێبدەین، جوانیی هونەرییە، چونکە جوانیی هونەری، بەرهەمی هزرە (هزریش لە سروشت باڵاترە)، بۆیە بەرهەمەکانیشی باڵاترن"( جيمينيز، ٢٠٠٩، ١٩٢).

بیرجسۆنی (١٨٥٩_ ١٩٤٠ز) فەیلەسوف، بە هەمان ئاڕاستەی هیگلدا دەڕوات و دەڵێت: "هەستکردن بە جوانی لە نێوان تاکەکاندا لەڕووی هێز و قەبارەوە جیاوازە" بەو مانەیەی جوانی هەمان پلە نییە (چونکە بەپێی بیر و هەڵچوونەکان) جوانیی قوڵ و بەهێزتر دەردەکەوێت"(الحلواني، ٢٠٠٤، ٢٩).

بندیتۆکرۆچێ (١٨٦٦_١٩٥٢ز)، هەڵوێست و بۆچوونەکانی هاوشێوەی کانتە دەربارەی جوانی، کە دەڵێت: "جوانی بریتییە لە هەستکردن، نەوەک مەعریفەی عەقڵی بێت، کە پشت بە ئیستدلال دەبەستێت، بۆیە هونەرمەند هەست بە جوانی دەکات، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وێنەی دەکیشێت و وەسفی کارەکەی خۆشی ناکات تەواوە، یان هەڵەیە، هەر کاتێک لە هونەردا عەقڵ جێگەی هەستی گرتەوە، هەرچی جوانییەک تێیدایە دەمرێت، بۆیە هونەرمەندیش کاتێک دەبێت بە ڕەخنەگر، هەستی لە ناخیدا دەمریت" (الحلواني،٢٠٠٤،٣٠)، ئەمە گوزەرێکی کورتە بە لێکۆڵینەوە فەلسەفییە ڕۆژئاواییەکاندا دەربارەی ئیستاتیکا، بیگومان چەندین بیروبۆچوونی گرنگ و جیاواز دەربارەی ئیستاتیکا هەیە، ئەوەش بۆ سروشتی ئیستاتیکا دەگەڕێتەوە و ئەو

دیالیکتیکییە مێژینەیەی ئەم زانستە پێیدا تێپەڕیکردووە لەنێوان بابەتی و خودیدا، بڕیاڕدان لە سەر جوانی دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، کە کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکە هەیە، ئەو دووانەش : بڕیاری بابەتی و بڕیاری خودییە، بۆیە بۆچوونەکان بە دوو ئاڕاستەدا دەڕوات، ئاڕاستەی بابەتی و ئاڕاستەی خودی:

### ١-١-٢-١- ئاڕاستەی بابەتی:

لایەنگرانی بۆچوونی بابەتی؛ پێیانوایە، جوانی هێزی لە شتە جوانەکاندایە و کاریگەر نابێت بە بۆچوونە کەسییەکان و هۆکارە خودی و میزاجە کەسییەکان، "جوانی چێژێکە، کە بە سیفەتێک دادەنرێت لە خودی شت (بابەت)ەکەدایە"(سانتیانا، ٢٠١٠، ٧٤)، چونکە جوانی سەرەڕای بۆچوون و پێوانە کەسییەکان بوونی خۆی هەیە، بۆیە جوانی دیاردەیەکی بابەتییە، کە بوونی دەرەکی خۆی لە بابەت و بەرهەمە ئەدەبیی و هونەریی و شتەکاندا هەیە و بەدەر لە هەست و باری دەروونیی وەرگر (خوێنەر)، کە درک و هەستی پێدەکات، بەو واتایەی سەربەخۆ و دوور لە میزاجی کەسێیتیە، بۆیە بەرهەمی ئەدەبی و شتە جوانەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی و سیفاتی دیاریکراویان تێدایە، کاریگەر نابێت بە هیچ شتێک، کە ڕوودەدات لە پرۆسەی هەستکردن و درکپێکردندا لە مێشک و دەروونی کەسی وەرگر، یان بینەردا، بە هەردوو شێوەکەی چ پەسەند بێت، یان نا پەسەند، چونکە بەرهەمی جوان و شتی جوان هەر جوانە، هەر بەرهەم و شتێکی جوان قەرزدار و منەتباری ئەو سیفەتە جوانانەیە، کە لە خودی شتەکەدا هەیە، چونکە وێنەی ئەو سیفەت و تایبەتمەندییانە دەگوێزرێتەوە بۆ هزر و هەست و دەروونی مرۆڤی وەرگر، بە بێ ئەوەی کەسی وەرگر هیچ ڕۆڵێکی لە خولقاندنی ئەو سیفەتە جوانانەدا هەبێت، بۆیە ئەم بۆچوونانە خودیەتی لە ڕەوتی بابەتیدا لە پرۆسە ئیستاتیکییەکاندا ئەرێنییە، لەبەرئەوەی " گەر بابەتەکە تایبەتمەندیی جوانی خۆی هەبێت، ئەوا ئەو جوانییە کاریگەر نابێت بەوەی ڕوودەدات لە هزر و دەروون و هەستی کەسی وەرگردا "(ستولنیتز، ١٩٨١، ٥٨٩) .

لەو فەیلەسوفانەی، کە بۆچوونی بابەتییان لە ئیستاتیکادا خستووەتەڕوو، فیساگۆرسی یۆنانییە، کە جەخت لەسەر پەیوەندیی ئیستاتیکا بە ڕاستیی بابەتییەوە

دەكات، بۆیە جوانی "هاوئاهەنگییە لە گەردوون و یاسای بابەتیدا بۆ سروشت، کە لە بنیاتی وێنە، یان لە شێواز و بابەتەکانی جیهاندا ڕەنگدەداتەوە"(بلوز، ١٩٨٢، ٣٣). هەروەها دیموکریتس پێیوایە ؛جوانی لە سروشتدا بنەمایەکی بابەتی هەیە، گەوهەری جوانی، پێکەوەگونجانی بەشەکانی شتە ماددییەکان و شیاویی لە ڕێژەی ماتماتیکیدا، تایبەتمەندییەکی تری جوانی، کامڵبوون (تەواوی)ە، (بلوز،١٩٨٢،٣٣)، هەروەها ئەفلاتونیش جەخت لە بابەتیبوونی بڕیارە ئیستاتیکاییەکان دەکاتەوە و خودی جوانی بە نموونە دادەنێت، کە بنەمای هەبوونی شتە جوانەکانە، جوانیش وەک: ڕاستی و چاکە وایە، کە پێش بوونی ئێمە و لە دەرەوەی ئێمەش هەر هەبووە، بۆیە نموونەی جوانی دوور لە مرۆڤ و سەربەخۆش هەر هەیە، بۆیە جوانی نەگۆڕ و چەسپاوە بە گۆڕانی کات و باریش ناگۆڕێت، هەروەها جوانی لای ئەرستو بنەمایەکی بابەتییە، بەهۆی تێگەیشتن و ئیدراکی هزرەوە لە تایبەتمەندییە بابەتییە دەرەکییە دیاریکراوەکاندا، بۆیە جوانی "ئەو سیفەت و تایبەتمەندییانەی لە شتەکاندا هەیە، خۆی لە سیستم و روونی و مەبەستداریدا دەبینێتەوە، کە هارمۆنیەت و هاوئاهەنگی و هەمەجۆری و سیستم و یەکپارچەییش لەخۆدەگریت"(بلوز، ١١،١٩٨٢).

گۆتە، کە یاسای داهێنانی هونەری داهێناوە، پێیوایە "کە تێگەیشتنی بابەتییانەی جوانی بە ناتەواوی دەمێنێتەوە کاتێک لەسەر بنەمای پشتگوێخستنی واقیع دادەمەزرێت، چونکە پرەنسیپەکانی جوانی لە خودی واقیعدا بوونی هەیە و دەبێت لەسەر بنەمای پەیوەندییە ڕاستەقینەکان لە جوانی تێبگەین، بە واتایەکی تر ئەو یاسا و حوکمەی، کە لە دیاردەکەدا خۆی ئاشکرا دەکات، ئەو یاسایە خۆی جوانیی بابەتی دەخولقێنێت"(السوفیت، ١٩٦٨، ٩١)، ئەو بۆچوونانەی، کە خستمانەڕوو، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە سیفەتی بابەتیبوونی جوانی، هەبوونێکی دەرەکی و سەربەخۆی دوور لە خودیەتی هەیە .

### ١-١-٢-٢- ئاڕاستەی خودی:

بە پێی بۆچوونی ڕەخنەگران و زانایانی ئەم ئاڕاستەیە، بڕیاری ئیستاتیکی، یان جوانیناسی بە دیاردەیەکی سایکۆلۆژی و ئەزموونی خودی کەسەکان دەزانن،

هەستکردن و درکپێکردنی جوانی، گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی جوانیی شتەکە ناکات، "بەڵکو گوزارشت لە باری سایکۆلۆژیی کەسی بینەر (وەرگر) دەکات، چونکە جوانی بە چاوی خوێنەر (بینەر) دەبینرێت و بۆ بەها و گرنگیی شتەکە ناگەڕێتەوە، بۆیە لێرەدا شتەکە یان بە دڵی وەرگر (خوێنەر) دەبێت و جوانە، یان پێچەوانەییە، چونکە لێرەدا بڕیار و حوکمەکە بۆ چێژ و میزاجی وەرگر (بینەر_خوێنەر) دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەو چێژ و جوانییەی منی خوێنەر لە ڕۆمانی (س)دا دەیبینم، پێدەچێت ئەویتر، ئەو جوانییەی لە ڕۆمانی(س)دا هەیە، نەیبینێت و هەستی پێنەکات، چونکە هەستکردن و چێژوەرگرتن لە جوانی بەپێی پێوانە خودییەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە دەبینین لایەنگرانی ئاڕاستەی خودی، نکۆڵی لە هەبوونی جوانیی دیوی دەرەوە دەکەن، بەو واتایەی هیچ جوانییەک نییە، جگە لەو جوانییەی کە لە ناخ و دەروونی مرۆڤەکاندا بڕیاری لەسەر دەدرێت، چونکە جوانی و بەهای شتەکان و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان بۆ چۆنیەتی وێنا و درکپێکردنیانە لە هزر و دەروونی مرۆڤەکاندا، بۆیە بابەت و شتەکان لای مرۆڤ جوانن تا ئەو کاتەی چێژیان لێوەردەگرێت، بە پێچەوانەشەوە کاتێک مرۆڤ چێژ نابینێت لە شتەکان، لای ناشیرین دەبن، مرۆڤیش لە بواری ئیستاتیکادا هەمیشە و زیاتر هەست و لایەنە خودییەکانی لە سەر بڕیارەکان زاڵدەبن، هەربۆیەش لەم بارەیەوە باس لە سیفەتە بابەتییەکان لەم ئاڕاستەیدا ناکەین.

پرۆتاگۆرسی فەیلەسوف پێیوایە، بەهای شتەکان بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە و خودی مرۆڤ بە پێوانەی هەموو شتەکان دەزانێت، بۆیە "بەهای دادوەری و ڕاستی و چاکە و جوانی، چەسپاویی ڕەها نیین، بۆ سەرچاوەی خواوەندیش ناگەرێنەوە، بەڵکو بۆ ڕێککەوتن و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵە خەڵکێک دەگەڕێتەوە، کە لە سەردەمێک و شوێنێکی دیاریکراودا ژیابن "(خضرة، ٢٠٠٦، ٧٤) .

دیڤید هیۆم، بڕیاری خودی و ڕێژەیی بە بنەمای جوانی دادەنێت، چونکە"جوانی تایبەتمەندییەک نییە لە شتەکاندا هەبێت، بەڵکو حاڵەتێکە لە هزر و دەروونی مرۆڤەکاندایە و هەموو مرۆڤێکیش جۆرێک جوانیی تایبەت بە هەستەکانی

ئیدراکدەکات، بۆیە جوانی تەواو لە هزر و دەروونی خود دایە و بە گۆرانی خودەکان (تاکەکان)نیش ئەویش دەگۆڕێت"(بلوز، ١٩٨٢، ١٨) .

ئیمانۆیل کانت "پێیوایە جوانی شتێکە پەیوەستە بە دەروونەوە، بۆیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، جوانی لە ناوەوەی کەسەکانەوەیە و ویناکردنی شتەکان، یان بابەتەکان لە ناوەوەی مرۆڤەکان دەخوڵقێن لە میانەی بڕیاری جوانی لە بیر و هێزی خەیاڵدا سەرچاوەکەی جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، کەواتە جوانی دیاردەیەکی سایکۆلۆژیی خودییە و بڕیاردان لەسەر جوانی، بڕیارێکی خودییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و سەرچاوەی هەستکردن بە جوانی لە دەروونماندایە و هیچ پەیوەندییەکی بە سروشتی شتەکانەوە نییە "(زهدي، ١٩٨٢، ٢٠).

هەروەها (شوبنهاوەر) سەرچاوەی هەستکردن بە جوانی بۆ خودی وەرگر (خوێنەر) دەگەڕێنێتەوە، چونکە ئەوە خودە هەست بە هاوئاهەنگی لەگەڵ جوانیدا دەکات، بۆیە"کاتێک شتێک بە جوان ناودەبەین، یان وەسف دەکەین، واتە ئەوە ڕەنگدانەوەی ڕامانی سۆزداریی خودی خۆمانە"(زهدي، ١٩٨٢، ٢٠).

(تۆڵستۆی)، بەهای جوانیی شتەکان (بابەتەکان) بۆ کاریگەرییان لەسەر هەڵچوونی کەسەکان، کە هەستی پێدەکەن، دەگەڕێنێتەوە، بۆیە"جوانیی هونەری لەسەر پێزانینی خەڵک بەندە، دواتریش بەهای کاریگەریی هونەری زیاددەکات بە زیادبوونی ژمارەی خوێنەر و هاندەر و چێژوەرگران لە بابەتە هونەرییەکە، چونکە لە ڕاستیدا جوانیی دیاردەیەکی بابەتی نییە، بەڵکو پەیوەستە بەو کاریگەرییەی، کە لەسەر وەرگر(خوێنەر)ەکانی دروستی دەکات"(ابو ريان، ١٩٨٩، ١١٧).

فردریک هیگڵ دەڵێت: "ئەوەی، کە دەڵێت جوانی سروشتییە ئەوە ڕەنگدانەوەی وێنەیەکی زهنییە، بریاری بابەتی دەربارەی جوانی بوونی نییە، چونکە زۆربەی بریارەکانی ئێمە لە بۆچوونی خودییەوە سەرچاوە دەگرن و لەسەر بنەما هەستییەکانی خودی خۆمان ئەو بڕیارانە دەدەین" (كانط، ٢٠٠٩، ١٢٦)، بەو واتایەی کە خودی خۆمان چۆن و لە چ گۆشە نیگایەکەوە دەروانینە (شتەکان، بابەتەکان)و چۆن دەیانبینین و هەڵیاندەسەنگێنین، ئارمسترۆنگ ڕیچاردزیش پێیوایە "جوانی سیفەتێک

نییە لە ناو شتەکاندا هەبێت، یان لە ناو کارە هونەرییەکاندا، بەلکو بریتییە لە ئەزموونی هەستی، کە وەرگر (خوێنەر) پێیدا تێدەپەڕیت، یان هەستکردن بە جوانی بارێکی خودیی هەمیشەییە، یان هەڵچوونە دەخرێتە سەر شتەکان " (باشلار، ٢٠١٠، ٢٢)، بەڵام شارل لالۆ پێوایە "ئیستاتیکا زانستێکی (بابەتی وخودی)شە لە هەمان کاتدا، بە بێئەوەی لە یەکتر جیابکرێنەوە، ئەمەش بەو مانایەی، کە یاساکانی جوانی تایبەت نیین بەو بابەتانەی بیری لێدەکەینەوە، هەروەها تایبەتیش نیین بەو کەسانەی بیری لێدەکەنەوە، بەڵکو بریتییە لە هەندێک وێنەی ئاڵوگۆڕکراوی کارلێکەکان لە نێوانیاندا" (لالو،٢٠١٠، ٥)، هەندێکجاریش بڕیارەکانمان لەسەر بنەمای سایکۆلۆژی دەدەین، بۆ نموونە: کاتێک ڕۆخسارێکی پڕ و گەشاوە و سپی و نەرم و پاک لە مرۆڤێکدا دەبینین یەکاندوو دەڵێین: ڕوخسارێکی جوانە، بە پێچەوانەشەوە بە ڕوخسارێکی ناڕێک و ناشیرینی دادەنێین. ئەمەش بێگومان بڕیارێکی خودی و دەروونییە، دەکرێت کەسێک لە شوێنێکی دیاریکراو و لە سەردەمێکی تردا، هەمان ڕوخساری جوان بێت، چونکە سایکۆلۆژیای مرۆڤەکان پەیوەستن بە سەردەم و شوێن و کات و دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە. هەر بۆیە ئاراستەی خودی زیاتر بەرەو ڕێژەیی بوون دەچێت، چونکە پەیوەست دەکرێت بە هەلومەرجی سایکۆلۆژی کەسەکەوە، کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، لە بەرامبەردا ئاراستەی بابەتی بەرەو ڕەهایی بوون هەنگاو دەنێت و پێیوایە، جوانی لەناو خودی شتەکاندایە، کە ئیتر هیچی تر هەڵناگرێت، واتە یان جوانە یاخود ناشیرین.

## ١-١-٣- ئیستاتیکای ناشیرینی (جوانیی دزێو):

هەرچەندە هەندێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە ئەدەب و هونەر هەمیشە جوانن، بەڵام جوانی و ناشیرینی زۆرجار وەک دوالیزمێک لە ئەدەبدا بە دیدەکرێن، چونکە ئەدەب و هونەر گەرچی لایەنە دزێو و ناشیرینییەکانی نێو کۆمەڵگە دەخەنەڕوو بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە دزێوییەکان، بەڵام بە شێواز و تەکنیکێکی هونەریی ئیستاتیکیی چێژبەخش بە خوێنەر و بینەر و بیسەر، بۆیە جوان دەردەکەون، بەو واتایەی دەرخستن و خستنەڕووی دزێوییەکان جۆرە جوانییەکیان تێیدایە و دەبێتەهۆی دەرکەوتن و بەنرخبوونی جوانییەکان و زیاتر جوانکردنییان، مەبەستیش لە ناشیرینی لە فەرهەنگی (نۆبەرە)دا، بەم شێوەیە هاتووە "ـ قبح: ١_خراپ و گەندبوون، ٢_ ناشیرین و ناحەز و دزێوبوون.

ـ قبح: ناشیرینی، دزێوی، ناحەزی، خراپی، لە گوتە و کردارو کردەوەدا" (موکریانی، ٢٠١٧، ٤٢٣)، بۆیە ئەو دزێوی و ناشیرینییانەی، کە لە دەقێکی ئەدەبیدا بە شێوەیەکی ئیستاتیکی دەخرێتەڕوو و بە وشە و ڕستە ڕۆماننووس گوزارشتی لێدەکات، بێگومان جوانییەکەی لە وێناکردنی ئەو واقیعەیە، کە لە دەقەکەدا بە وردی و درشتی ڕۆماننووس گوزارشتی لێکردووە، کە واتە وێنەیەکی هونەری و ئەدەبییە، ئەمەش لە واقیعی هەر کۆمەڵگەیەک بۆ ئەوی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ناشیرینی(دزێوی) هەروەک: (دەم و لوتی گەورە، چاوی دەرپۆقیو، سەری گەورە، ..... لە مرۆڤدا)، یان هەڵسوکەوتی دزێوە مرۆڤەکان، خوڕەشتی بێزراو، درۆکردن، دزیکرن،....هتد) ئەم بابەتانە لە خودی خۆیاندا سیفەت و کردەوەی ناشیرین و دزێون، بەڵام جوانیی دزێویی ئەو بابەتانە، لە وێناکردنیاندایە لە دەقی ڕۆمانێکدا و مەزراندنیان بە شێوەیەکی ئیستاتیکی هونەری لە توخمە پێکهێنەرەکانی دەقی ڕۆمانەکەدا، بێگومان لەم پرۆسە سازییەدا لای هەر ڕۆماننووسێک جیاوازی هەیە، بۆیە وێناکردن و دەرخستنی ئیستاتیکای دزێو هەروەک چۆن دژواتای باشە، خراپەیە و دژواتای ڕاست، ناڕاستە. دژواتای جوانیش ناشیرینییە (دزێو)ە، بۆیە هەر شیکارکردنێک دەربارەی جوانی بێ باسکردن و شیکارکردنی ناشیرینی لە ئەدەب و هونەردا، کامڵ و تەواو نابێت، چونکە بێ دیاریکردنی ناشیرینی، یان نەبوونی

ناشیرینی، جوانیش دیاریناکرێت و دەریشناکەوێت، لەم تێڕوانینەوە، هەمیشە نووسەر و هونەرمەند هەوڵدەدەن بەرهەمێکی کامڵ و تەواو بخەنەڕوو و گوزارشت لە واقیع بکەن، کە ئەوەش (جوانی و ناشیرینی)یە، بۆیە لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانیاندا دیاردە و وێنە دزێوەکان دەخوڵقێنن، هەربۆیە " ناشیرینی لە ئەدەبدا لای هەندێک نووسەر، بە خودی جوانی دادەنرێت. بۆ نموونە کەسێکی وەک فیکتۆر هۆگۆ شێوازی گرۆتێسکی بە جۆرێک لە جوانیناسی نوێی دادەنا"(محەمەد، ٢٠٢٢، ٦٣)، ئەوەی لە ئەدەبی ترۆتێسکیدا دەبینرێت لادانە لە ڕاستی و حەقیقەت و دەرچوونە لە باو هەندێکجار لەبەرچاوخستن و قێزەونیشە و تێپەڕاندنی بابەتە سروشتیی و مرۆییەکانە، هەندێکجار ترسێنەر و قێزەون و پێکەنیناوییشە، "لە زۆرێک لە بەرهەمەکانی پەیڕەوکەرانی هەردوو قوتابخانەی سوریالیزم و دادایزمدا ئەم جۆرە گێڕانەوەیە باوە. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم شێوازە بریتین لە: (ناهەماهەنگی، پێکەنیناوی و ترسناک، زیادەڕەوی، نائاسایی)"(محەمەد، ٢٠٢٢، ٦٤)، ئەم شێوازە لە وێناکردنی ناشیرینی (جوانی دزێو) لە دەقی ڕۆمانی بەدگۆڕانی کافکادا بەدیدەکرێت، کە گریگۆر سامسای کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە دەبێت بە گیانەوەرێکی قێزەون، لە ئەدەبی کوردیشماندا لە دوای ڕاپەرینی (١٩٩١ز) ەوە، هەندێک ڕۆمان لەو جۆر و شێوازەمان هەیە، بە تایبەت لە ڕۆمانی (خەونی جاڵجاڵۆک)ەی شێرزاد حەسەندا، کە ناوەڕۆکێکی ترسێنەر و پێکەنیناوی دەخاتەڕوو. لە ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم، کە هەمیشە با لە گەڵ خۆیدا دەیبرد)ی بەختیار عەلیدا، ڕۆماننووس کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە بە شێوازێکی سەیر و سەمەرە و گاڵتەجاری و سەرەوەی سروشت دەخاتەڕوو" من کە بۆ یەکەم جار بینیم، کەسێکی لەڕ و قوپاو لە مەخلوقێک دەچوو لە کاغەزی بۆر دروستبووبێت، پیاوێکی تەنک کە لەسەر لا وەک خەتێکی باریک بە تەنێک دەچوو نەسیم بیجوڵێنێت. ئیشی ئێمە ئەوەبوو لە ڕۆژانی بادا جەمشید خان بە خۆمانەوە ببەستینەوە نەبا با بیفڕێنێت"(عەلی، ٢٠١٨، ١٠)، بۆیە کاتێک دەربارەی ئیستاتیکای (جوانیی دزێو)ی دەدوێن لە ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیکی هونەریی خستنەڕووی دەقی ڕۆمانەکەوە دەدوێین، بۆیە بە بێگومان دوای گێڕانەوەی چیرۆکی سەیر و سەمەرە و ڕووداوی سەرنجڕاکێشی جیاواز و نوێ و ناباو و

نائاسایی و سەرەوەی سروشتدا دەگەڕێین، کە ئەو شێوازە نوێیانە بوون بە هۆکاری داهێنان و لە ناوەڕۆکدا جیاواز دەردەکەون.
داهێنانی ئیستاتیکیش لە بەرهەمی ئەدەبیدا بە تایبەت لە دەقی ڕۆماندا پەیوەستە بە چۆنییەتیی وێناکردن و هونەری گێڕانەوە و چۆنییەتیی بەکارهێنان و هەڵبژاردنی ئەو وشە و ڕستانەی، کە ڕۆماننووس لە دەقی ڕۆمانەکەدا بۆ گوزارشتکردن لەو رەوش و دۆخ و شێوە و وێناکردنانەی ڕۆماننووس مەبەستێتی بیانخاتەڕوو و گوزارشتیان لیبکات، چونکە" هەندێک لە بیرمەندان پێیانوایە، دەبێت مامەڵەکردنمان لەگەڵ ناشیرینی (جوانیی دزێو) وەکو مامەڵەکردنمان لەگەڵ (جوانی)دا بێت لە هونەر و ئەدەبدا، هەر بۆیە دەبێت قبوڵی جوانیی دزێو بکەین، چونکە لە لایەکەوە ئەرکی پاکژکەرەوە ئەنجامدەدات و لە لایەکی تریشەوە ئیدانە و بەکەم زانین(سوکایەتی) ناشیرینیی (دزێو) دەکات"(احمد، ٢٠٠٧، ٢٩٣)، ئەرستۆش لەمبارەیەوە لە باسکردنی شانۆدا دەڵێت:" مەبەستی خوازراو لە شانۆدا هێنانەدیی ئەو پاککردنەوەیەیە، کە لە دەروونی مرۆڤدا بە سۆز و بەزەیی و ترسەوە دروستدەبێت"(مطر، ١٩٩٨، ٦٧)، هەندێک لە بیرمەندان پێیانوایە، وەک گۆتە دەڵێت" ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی هونەر و ئەدەبەوە خۆمان لە ئارزووە شەڕانگێز و پاڵنەرە خراپەکان ڕزگار بکەین، بۆیە (ئازارەکانی فێرتەر)ی نووسیووە، کە لە ئارەزووی خۆکوشتن ڕزگاریکرد"(احمد، ٢٠٠٧، ٢٩٣).

گوزارشتکردن لە ناشیرینی (جوانیی دزێو)، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە بە تایبەت لە شانۆدا، بۆ شانۆنامەکانی سەردەمی گریکی کۆن دەگەڕێتەوە، کە لە (کۆمیدیا و تراژیدیا)دا بەدیدەکرێت، کە لە شانۆنامەکانی (ئەرستۆڤانیس و ئەسخیلۆس و یۆرپیدس)دا ڕەنگیداوەتەوە، گوزارشتکردن لە ناشیرینی بۆ خۆی هونەرێکی مەزنە بەهەردوو دیوەکەیدا(تراژیدیا و کۆمیدیا)، چونکە مەبەستی گەوهەری لە ناوەڕۆکدا وێناکردن و دەرخستنی ناشیرینییەکانە بە هەموو جۆرەکانیەوە، چ بە وەسفکردن و وێناکردن بێت، یان گێڕانەوە بێت، نموونەی ئەم جۆرە وەسف و وێناکردنەی بەختیار عەلی لەبارەی کەسێتیی دەرسیم تاهیرەوە لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا دەڵێت: "هەمان شەو لە سیلەی هەمان کۆڵان سەروفەساڵی دەرسیم تاهیریش دەرکەوت، قومقمۆکەیەکی خێل کە وەک سەگێکی بەوەفا لەبەردەم ئەو ڕوخسارە ڕۆمانسییەی غەزەلنوسدا نوشتایەوە و

دەستی ماچکرد بێئەوەی کەس هیچی پێبڵێت پێشمانکەوت. گەنجێکی چکولەی قەڵەو بوو، تۆزێک لە بستەباڵاکان بڵندتربوو، بە خێراییەکی سەیر دەڕۆی، لە شتێکی خڕ دەچوو زەوی لەگەڵ جوڵە نهێنییەکانی خۆیدا خلیبکاتەوە. بۆ پیاوێکی بە ویقاری وەک من، کە باریک و بۆشناخ لە قاتە ئینگلیزییەکەی خۆمدا وەک نەجیبزادەیەک ڕێمدەکرد، شورەییبوو لە دوای ئەم گیاندارە سەیرەوە بڕۆم. لووتێکی هێندە زلی هەبوو سەری قورسکردبوو، ئیدی نەیدەتوانی ئاسان مل هەڵبڕێت و ڕووبەڕوو سەیربکات. پێشتر لووتێکی وەها زلم نەبینی بوو، .........دوای سەعاتێک ڕۆیشتن دەرسیم تاهیر وەک سەگێکی ڕەسەن دەستیکرد بە بۆنکردنی زەوی، من لە دڵی خۆمدا گوتم ئەم سەگە جنسە سوودێکی باشی لە لووتە زلەکەی خۆی بینیوە، خەڵکی تر زۆرن شتی زلیان هەیەو سوودی لێنابینن. بۆ ئەوەی توڕەیبکەم بانگمکرد (هێی تۆ لووت زل، سوودێکی زۆرت لەم لووتە حیزبابەی خۆت بینیوە، دەتەوێت چی بۆن بکەیت؟ ها... بۆ وەک سەگ قوون بەرزدەکەیتەوە و زەوی بۆندەکەیت؟). دەمگوت (شالووتوف خۆ گۆڕی باوکە سەگەکەت لەم خاک و خۆڵەدا نییە، بۆ ئێمەت خستۆتە ئەم وشکەڵانە؟)" (عەلی، ٢٠١٩، ٢٢)، ئەم جۆرە وەسفەی ڕۆماننووس لەبارەی دەرسیم تاهیرەوە بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەر و خستنەڕووی دیوی دەرەوەی کەسێتیی دەرسیم تاهیرە، بێگومان (قومقمۆکێکی خێل، گیاندارێکی سەیر و سەمەرە، لووتێکی زل، سەگ جنس، لووتە حیزبابەی خۆی، شالۆتۆف) ئەمجۆرە وەسفانە بۆ مرۆڤ زۆر ناشیرین و دزێو دەردەکەوێت، دیارە ئەم جۆرە وەسفەش ئیستاتیکایەکی بە دەقی ڕۆمانەکە بەخشیوە، چونکە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەو ڕووداوەکانی لەگەڵ ئەو جۆرە وەسفەدا گونجاوە، بە تایبەتیش لە وەها ڕووداوێکدا، کە ئەوەش گەڕانە بە دوای لاشەی مرۆڤێکدا، کە چەندین ڕۆژە لە ژێر خاکدایە، دیارە ڕۆماننووس بە مەبەست ئەو جۆرە وەسفە ناشیرینەی بۆ دەرسیم تاهیر کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ شێوازی کارەکەیدا بگونجێت، بە پێچەوانەوە ئەو جۆرە وەسفە پێدەچێت بۆ هیچ کارەکتەرێک لە دەقی هەمان ڕۆمانیشدا نەگونجاو بێت.

بەختیار عەلی لە گێڕانەوەی گەڕان بە دوای لاشەی موراد جەمیلدا بەمشێوەیە باس لە بینینی لاشەکە دەکات دوای دۆزینەوەی و دەرهێنانەوەی لە ژێر خاک "ئەوە

یەکەمجار بوو بینیم لاشەیەک لە خاک بهێننەوە دەرێ. دیاربوو لاشەکە زۆر کۆن نییە و تازە کراوە بە ژێر گڵەوە، بێئەوەی گوێبدەمە پیسبوونی جلەکانم لێینزیکبوومەوە و لەبەر ڕووناکیی لایتەکاندا سەیرمکرد. بینینی لاشەکە وەک بینینی تابلۆیەکی هونەری، یان تەماشاکردنی یاقووتێکی دەگمەن شتێکە بیرناچێتەوە. مرۆڤ زۆر بۆنەی شیرین و تاڵ لەیاددەکات. دەموچاوی زۆر کچی جوانی بیردەچێتەوە، بەڵام بە دەگمەن بتوانێت بینینی لاشەیەک لەبیربکات"(عەلی، ٢٠١٩، ٢٣)، ئەم گێڕانەوەیە ئیستاتیکایەکی بە دەقی ڕۆمانەکە بەخشیوە، چونکە بینینی لاشەی مرۆڤ بە مردووی، یان بە کوژراوی، زۆر مرۆڤ نائارام دەکات، جۆرێک بێهێزی لا دروستدەکات، بەڵام لەم گێڕانەویەدا، کە گێڕانەوەی بارێکی زۆر ناخۆش دەگێڕێتەوە، ڕۆماننووس بە شێوازێک ڕووداوەکەی گێڕاوەتەوە، کە جۆرە چێژێکی ئیستاتیکی بە دەقی ڕۆمانەکە بەخشیوە و وا لە خوێنەر دەکات، سەرنجی بۆ لای ڕووداوەکە و دەرئەنجام و بکەرەکە بڕوات، نەک خودی لاشەکە، ئەمەش جۆرە سەلیقەو بەهرە و پاشخانێکی ڕۆشنبیری و شارەزای و خەیاڵێکی فراوانی بوارەکەی پێویستە بۆئەوەی ڕۆماننووس بتوانێت ڕووداوێکی زۆر ترسناک و وەسفی کارەکتەرێکی ناشیرین لە دەقی ڕۆمانەکەدا دابمەزرێنێت و جۆرە ئیستاتیکایەکیش بە دەقی ڕۆمانەکە ببەخشێت.

١-١-٤- ئیستاتیکای ئەدەب:

هەر کە باسی ئیستاتیکا دەکرێت، پرسیارێک دێتەکایەوە، ئایا ئیستاتیکا زانستێکی سەربەخۆیە؟ هیچ پێوەر و پێوانەیەکی هەیە؟ بۆئەوەی بکرێتە پێوەری بابەتە ئەدەبیی و هونەرییەکان.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، وەڵامی جۆراوجۆر هەیە، هەندێک لە زانایان بە زانستی دەزانن و لە ژێر ناونیشانی ئیستاتیکا (زانستی جوانیناسی)دا پۆلێنیان بۆ کردووە، کە بەپێی یاسا و ڕێسا و پێوەری ڕەخنەیی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری پێوەری ئیستاتیکی تایبەت بەخۆی هەیە .

هیگڵ لەم بارەیەوە دەڵێت :"دەبێت بۆ پێوانەکردنی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری پشت بە بیروبۆچوونی زانایانی ئیستاتیکا و فەلسەفە ببەستن، یان بەرهەمە ئەدەبییەکان بەراوردی یەکتر بکرێن، یان پشت بە سروشت ببەستن، چونکە زۆرجار سروشت بە تاکە پێوەری بەرهەمە ئەدەبییەکان دەردەکەوێت "(هیغل، ١٩٨٨، ١٧)، بەڵام ئەو پێوەرانە گۆڕانیان بەسەردا دێت و ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت، چونکە بیروبۆچوونی زانایانی بوارەکە لە یەکتر جیاوازن، بۆیە لەمبارەدا دەگەڕێنەوە بۆ خودی تێکستە ئەدەبییەکە، هەروەها لە لایەکی ترەوە سروشتیش هەیە وەکو پێوەری تێکستی ئەدەبی، هەندێک لە فەیلەسوفان ڕەتیدەکەنەوە، کە تێکستی ئەدەبی و هونەری بتوانێت لاسایی سروشت بکاتەوە، یان سروشت بکرێتە پێوەری تێکستی ئەدەبی و هونەری، بۆیە ناکرێت سروشت بکرێت بە پێوەر بۆ پێوانەکردن و بریاری جوانیی تێکستی ئەدەبی و هونەری، کەواتە بڕیاری ئیستاتیکی وەک بڕیارێکی خودیی تاکەکەسی دەمێنێتەوە، چونکە چەندین هۆکار هەن، لە پرۆسەی بریارە ئیستاتیکییەکاندا بەشدارن، کە بە پلەی یەکەم بۆ کەسی خوێنەر دەگەڕێتەوە، چ نووسەر، یان ڕەخنەگر، یان خوێنەرێکی ئاسایی، لەم حاڵەتەشدا زاڵبوونی ژانری ئەدەبیی دەقەکە لای خوێنەر لە بڕیارە ئیستاتیکییەکاندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت و ئەو کردەوەیەش لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە "ڕۆشنبیریی ئەدەبی و هونەری و ئەو بەها ئیستاتیکییانەی، کە خوێنەر گرنگیپێدەدات، تەنانەت سروشتی ئەو بابەتە ئەدەبییەش،

که کاریگەری لەسەر باری دەروونیی خودی خوینەری تێکستە ئەدەبییەکە دەبێت"(برجاوي، ١٩٨١، ٣١-٣٢)، لێرەوە جیاوازی لە بیروبۆچوونەکانی زانایان لە دەرکردنی بڕیارە ئیستاتیکییەکاندا دەردەکەوێت، کەواتە بڕیارە ئیستاتیکییەکان پرسێکی کەسێتی و خودییە .

تێکستی ئەدەبیی کامڵ و تەواو ئەو بەرهەمەیە، کە بەشەکان و توخمە پێکهێنەرەکانی بە یەکترییەوە گرێدرابن بۆئەوەی یەکپارچە و یەکگرتوویی و بێ و کەم و کوڕی دەربکەوێت، ئەم بنەمایە دەبێتە هۆکاری یەکگرتنی فۆرم و ناوەڕۆکی تێکستی ئەدەبی، کۆکبوون و هاوسازی لە نێوان ڕەگەزەکانی تێکستی ئەدەبیدا، بۆ گوزارشتکردن لە مانا و بابەتێکی دیاریکراودا، پێدەچێت گونجاوترین هەڵبژاردنی بابەت بەهۆی دەربڕینەوە ئاشکرا بێت "هونەرمەند ئەو ئەفرێنەرەیە، کە لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئامرازی ئیستاتیکییەوە جیهانێک ڕێکدەخات، لەبەرئەوەی بلیمەتیی هونەرمەند لەوەدا نییە واقیع وەکو خۆی بگەیێنێت، بەڵکو بلیمەتییەکەی لە دەربڕینی قووڵی واقیعدایە" (زكريا، ١٩٦٦، ٤٩). هەروەها بەپێی بۆچوونەکانی شۆبنهاوەر وادەردەکەوێت، کە بەهێزیی دەربڕین و ئیستاتیکای دەربڕین، ئاستی ئەدەبی و هونەریی تێکستی ئەدەبی بۆ بەرزترین خاڵ و پلە بەرزدەکاتەوە، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە، کە فۆرم و ناوەڕۆک گرێدراوی یەکتر بن، چونکە هەریەکەیان بەبێ ئەویتر بوونی نییە، بۆیە هیگڵ جەخت لەوە دەکاتەوە "کەوا چەمکی فەلسەفەی جوانی بۆ سروشتی ڕاستەقینەی خودی جوانی دەگەڕێتەوە، ئەو ڕاستیەش پێویست دەکات فۆرم و ناوەڕۆک لەخۆبگرێت، چونکە گشتییەکی میتافیزیکی لەگەڵ وردییەکی بەشەکیی ڕاستەقینەییدا هەیە" (هيجل، ٢٠١٠، ٥٥) .

هەروەها (جۆن هۆسبرس_Jhon Hospers (١٩١٨- ٢٠١١ز))[١]، یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی، کە دانی بە هەبوونی جیاوازی لە دیاریکردنی ماهیەتی بنەما

[١] - جۆن هۆسبرس، فەیلەسوفێکی ئەمریکی ئازادیخوازە، لە ساڵی( ١٩١٨ز) لەدایکبووە، دەرچووی زانکۆکانی ئایوای و کۆلۆمبیایە لە بابەتەکانی زانستی فەلسەفە و ئیستاتیکا، مامۆستای وانەکانی فەلسەفە بووە لە زانکۆکانی باشوری کالیفۆرنیا/ کۆلێژی برۆکلین و زانکۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلیس، خاوەنی چەندین کتێب و وتاری بەنرخە دەربارەی ئیستاتیکا و ڕەوشت و فەلسەفەی سیاسی، لە ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١١ ز کۆچی دوایکردووە .

ئیستاتیکییه ئەدەبیی و هونەرییەکاندا ناوە، کە پێیوایە "زۆربەی شیکردنەوە زانستییە دەربڕێنراوەکان ناڕوونی و لێڵی دەوریداون، چونکە ئەو پرۆسەیە لە هزری نووسەرەوە دەستپێدەکات و پەرەدەسێنێت، ئەم کردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ پرسی بیرکردنەوە و ڕامان" (دیوي، ١٩٦٣، ٢١٢) .

(ساموێل ئەلکسەندەر _ Samuel Alexander (١٨٥٩- ١٩٣٨ز))[٢] ، بیروبۆچوونەکانی لەگەل هۆسرلدا نزیکییان هەیە، کە دەڵێت : " بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بە تەنها لە ئەزموونی خەیاڵییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵام کاری ئەدەبی و هونەری وەک وێنەیەکی هاوتای خەیاڵ دێتەکایەوە، سەرچاوەکەشی بۆ هەڵچوونەکان دەگەڕێتەوە، کە لەژێر کاریگەریدا دەربارەی بابەتەکە دروستبوون، وەکو ئەو قەسیدەیەی کە لەژێر کاریگەریی بابەتێکی مرۆییدا دێتەکایەوە"(جون، ١٩٦٣، ١١٢)، بەو واتایەی، کە پرۆسەی نووسینەوەی تێکستی ئەدەبی و هونەری کاتێک پەیدادەبێت، کە نووسەر، یان ڕۆماننووس بکەوێتە ژێر کاریگەریی بابەتێکی دیاریکراوەوە و دواتر دەچێتە بواری ئەزموونی تێکستی ئەدەبییەوە، چونکە ڕۆماننووس مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی ئێستاتیکیدا دەسپێدەکات، کە لە میانی ئەزموونی و واقیعی خودی خۆیەوە وەریگرتووە، یان ئەو تێبینییانەن، کە لە هەمانکاتدا واتە لە کاتی نووسینەوەی بابەتەکەدا بە هزر و خەیاڵی ڕۆماننووس دێن و لەگەڵ ئەو ئەزموونانەی لە ڕابردوودا دەربارەی مادده و شتەکان و ڕووداوەکان لە یادگەی خۆیدا عەمباری کردوون، ئەمانەش دەبنە هۆکاری جوڵاندن و هەڵچوونی ڕۆماننووس و لە ئەنجامدا، ڕۆماننووسی داهێنەر بەرهەمێکی خوڵقێنراو و داهێنراو زادەی هزر و خەیاڵی خودی خۆی پێشکەش بە خوێنەر دەکات، کە هەڵگری چێژی ئیستاتیکی و بەهای ئەدەبیی تایبەتە، لەبەرئەوەی ئەدەب دیاردەیەکە لە دیاردەکانی شارستانیەت، کە ئەفسانە و ئایین و زمان و زانست و کەلتوور لە خۆدەگرێت و بە چالاکیی شارستانیەت دادەنریت، بۆیە "ئەدەب و هونەر تەنها لاسایی سروشت ناکەنەوە، بەڵکو لە بنەڕەتدا نمایندەی واقیعن "(مجاهد، ١٩٠٥، ٥٧)، ئەدەب وێنەیەکی ڕاستەقینەی واقیعی ئەدەبییە،

[٢] - (ساموێل ئەلکسەندەر _ Samuel Alexander فەیلەسوفێکی بریتانییە، لە ساڵی ١٨٥٩ لە ئوسترالیا لەدایکبووە، یەکێکە لە ڕیالیزمە مۆدرێنەکان، دانەری تیۆری نموونەییە، بڕوای بەوەبوو، کە کات و شوێن، ماددەی سەرەتایین بۆ بوون .

هەربۆیە ڕۆماننووس هەوڵدەدات ڕۆمانێکی دەوڵەمەندتر و زیندووتر و ڕەنگاوڕەنگتر و جوانتر و بەچێژتر پێشکەش بە خوێنەر بکات، لە هەمانکاتیشدا تێڕوانینێکی ڕەخنەیی لای ڕەخنەگران دروستبکات، لێرەشەوە ڕۆماننووس توانا و هەستی داهێنانی بابەتێک لە هزر و خەیاڵیدا دروستدەبێت، بۆئەوەی پرۆسەی ئاشکراکردنی جیهانێکی نوێی داهینراو لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا وێنابکات، کە زادەی توانای خەیاڵ و واقیعی ئەدەبیی ڕۆماننووس بێت، هاوشێوەی رۆمانەکانی بەختیار، کە داهێنانێکی ئیستاتیکیی خەیاڵی و واقیعی ئایدۆلۆژی و دونیابینی و بیری فەلسەفی ڕۆماننووسن، چونکە بەرهەمی ئەدەبی نابێت بە تەنها لاساییکەرەوە بێت، بەڵکو دەبێت دەربڕی بابەتێک بێت تاوەکو دەربڕینی و چێژی ئیستاتیکی بێنێتەکایەوە، هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیش لە ناوەڕۆکدا هەڵگری جۆشوخرۆش و کاریگەری بێت، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر خوێنەر و ڕەخنەگر دروستبکات .

١-١-٥- ئامانجە ئیستاتیکییەکانی ئەدەب:

هەر زانستێک، چ مرۆیی بێت، یان زانستە پەتییەکان بێت، ئامانجی تایبەتیی خۆیان هەیە، ئەگەر زانستە ئەزموونی و لۆژیکییەکان ئامانجی خۆیان هەبێت و کار بۆ بەدیهێنانی بکەن، ئەوا جیهانی ئیستاتیکاش ئامانجی خۆی هەیە و هەوڵی هێنانەدی دەدات، ئەو ئامانجانەش لەم خاڵانەدا خۆیان دەبیننەوە :

"١- ئامانجی سەرەکی ئەوەیە، کە هەنگاوەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان شیبکاتەوە لەپێناو وەستان لەسەر بنەما و بنەڕەتی بنچینەی بیرۆکە زانستییەکە .

٢- ئامانجی سەرەکیی ئیستاتیکا خۆی لە (پرسیار و شیکاری)دا دەبینێتەوە، بە مەستی زانینی مەرجە دیاریکراوەکان.

٣- دیاریکردنی ئامانجی سەرەکی لە ئیستاتیکادا، لە کاتی دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە لە هەستە هونەرییە جوانییەکانی دەقەکەوە دەستپێدەکات " (عباس، ١٩٩٨، ٢٠٥).

## ١-٢- ئیستاتیکا لە سەردەمە جیاوازەکاندا:

### ١-٢-١- ئیستاتیکا لە سەردەمی یۆناندا:

یۆنانییەکان، پێش هەموو نەتەوەکانی تری سەر گۆی زەوی، هونەریان ناسیوە و گرنگییان پێداوە و چێژیان لە جوانی و ڕەگەزە هونەرییەکان بینیوە و شارەزاییان دەربارەی هونەر بەگشتی هەبووەو شرۆڤەشیان بۆ کردووە، تاوەکو چەندین بیروبۆچوون و تیۆرییان دەربارەی جوانی و ئیستاتیکا پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە، لەبەرئەوەی بەلایانەوە جێگەی بایەخ و گرنگیدان بووە، بۆیە تا ئەمرۆکە پەرەیانپێداوە و پاراستوویانە، هەر ئەو بیروبۆچوونانە بوون بە بناغەی بەرەوپێشچوون لە بواری هونەردا و کاریگەریی بەرچاو و گرنگی هەبوو لەسەر بەرهەمە هونەرییەکانی دوای خۆیان، چونکە کارە هونەرییەکانی یۆنان هەڵگری هەست و سۆزێکی بەرز و توانایەکی بێوێنە لە گوزارشتکردنیان دەربارەی نموونە باڵاکان (مثل العلیا)و لاسایکردنەوەی کردەوە چاکەکان بووە، هەر لە هۆمیرۆسەوە، کە لە پێشینەکانە دەربارەی جوانیی هونەر و جوانی دوواوە و دواتریش دیموکرات و سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ، هەموو ئەم فەیلەسوفانەی یۆنان خاوەن دەستپێشخەری گەورە بوون لە بواری جوانی و ئیستاتیکادا، هەوڵدەدەین هەندێک بیروبۆچوونەکانیان دەربارەی ئیستاتیکا بخەینەڕوو.

#### ١-٢-١-١- هۆمیرۆس:

هۆمیرۆسی یۆنانی، ئەم دەربڕینانەی بەرامبەر بە ئیستاتیکا (جوانیناسی) (ناوازەیی، هارمۆنی، جوانی)بەکارهێناوە، هەروەها هۆمیرۆس پێیوایە ئەوەی جوان و هارمۆنی و ناوازە بێت، ئەوە واقیعە، کە مرۆڤ دەتوانێت لێیتێبگات و بە هەستەکانی خۆی هەستیان پێبکات، بۆیە هونەر لای هۆمیرۆس پیشەیە " هەر لەمبارەیەوە نموونەیەکی خستوەتەڕوو؛ کە چۆن گۆرانیبێژ (دیمۆدۆک) بە گۆرانییەکانی لە جەنگی تروادەدا کاریگەری کردووتە سەر جەنگاوەران لە جەنگەکاندا" (عدره، ١٩٩٦،٣٩) . ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە سەما و گۆرانی و شیعر خوێندنەوە کاریگەر بووە لە ژیان و ژیاریی گریکەکان و هۆکاری چێژ و چەشەی دروستکردووە .

١-٢-١-٢- **هيراكليتس** ( ٥٣٠_ ٤٧٠ پ.ز):

هيراكليتس، "خواوەندەكان بە نموونەی باڵای جوانی دادەنێت، بۆیە زۆر كارێكی ئەستەمە زانستێكی تایبەتمەند بە جوانی دابنرێت" (زكارنة،١٩٩٨،١٩)، لەبەر ڕێژەییبوونی حوكمە ئیستاتیكییەكانی تاكەكان، ئەو ڕێژەییە دەگەڕێتەوە بۆ پۆلێنكردنی تاكەكان لە گروپەكاندا، هەر تاكێكیش بە پێوانەی ئیستاتیكی دەپێورێت، لێرەدا ئەگەر بە جوانی وەسفكرا لە كۆمەڵەكەدا، ڕەنگە لای كۆمەڵەیەكی تر بە ناشیرین وەسف بكرێت، ئەمە بۆ كۆمەڵەكانی تریش هەر وایە، گرنگترین سیفەتی جوانی لای هیراكلیتس " گونجاوی و هارمۆنییە" (تركي، ٢٠١٣، ١٥)، " ئێمەش پێمانوایە، هارمۆنی لە گەردووندا، وەک بنەمای پەیوەندیی مرۆڤەكان دەبینین، كەواتە هارمۆنی لە بەرهەمهێنانی هونەریی و ئەدەبییدا بوونی هەیە"(أوفیسیانیكوف و نوفا، ١٩٧٩، ١٤_ ١٥)، بۆیە هیراكلیتس "جوانیی بە بەردەوامی لە گۆڕان و نوێبوونەوەدا دەبینێت، گۆڕانیش یاسایە بۆ هەموو دیاردەكان، ناوی لێناوە (یاسای گشتگیر)، جگە لەوەش جوانی لە خودی سروشتدا دەبینێت، هەروەها هونەر لە ڕێگەی پەیوسبوون بە سروشتەوە دەبینێت، چونكە لاسایی ئەو دەكاتەوە، "(المرعي، ١٩٩١، ٣٨).

١-٢-١-٣- **فیساگۆرس** ( ٥٧٠_ ٤٩٧ پ.ز )[٣]:

فیساگۆرس،"ڕۆڵی لە بەرەوپێشچونی ئیستاتیكادا هەبووە و بنەمای هەموو شتەكانی بۆ سیستمی ژمارەكان دەگەڕانەوە، پێیوابوو ژمارەكان جەوهەری شتەكان

---

[٣] - بڕوانە: ئەم سەرچاوانە؛ كە دامەزرێنەری فەلسەفی فیساگۆرسی، بۆ (فیساگۆرس) دەگەڕێتەوە " كە بیركاریزان و مۆسیقار بووە، ئەوەی سەلماندووە، كە دەنگەكان پاشكۆی درێژی شەپۆلە دەنگییەكانن و تایبەتمەندییەكانیشی پشت بە بنەڕەتی ژمارەكان دەبەستن و هەموو بونەوەرێک لە ژمارە پێكدێت . سروشت بەپێی ژمارەكان و پێوەرە دیاریكراوەكان پێكدێت ، شتەكانیش لە یەكێتیی جۆرەكاندایە ."بڕوانە: ( الخوالدة و الترتوري، ٢٠٠٦، ٩٣) هەروەها هەندێک دەڵێن فیساگۆرس دەوروبەری ساڵی ٥٧٢پ.ز، بڕوانە :مستەفا ئەلنەشار، مێژووی فەلسەفەی یۆنانی لە گۆشەنیگایەكی ڕۆژهەلاتییەوە لاپەرە١٨١ دا، بۆیە دەبینین سێ بۆچوون دەربارەی ژیانی فیساگۆرس هەیە، ئەگەرچی گێڕانەوەیەكی تر هەیە دەڵێت ساڵی ٥٨٠ پ.ز لەدایكبووە، گێڕانەوەی سێیەمیش هەیە دەڵێت ساڵی ٥٧٠ پ.ز لەدایكبووە، ئەمەشیان لە قصه الحضارة، ول دیورانت، بەشی یەكەم، بەرگی دووەم ل ٢٩٣ ولە امیل برییە، تاریخ الفلسفه الیونانیة الجزء الاول ل٦٨، وەرگیراوە

پێکدەهێنن" (مستەفا،٢٠٠٩،٤١،٤٠)، هەروەها فیساگۆرس پێیوابوو هارمۆنی بەهۆی یەکە هەمەجۆرەکانەوەیە، کە"بڕوای وابوو گەردوون هارمۆنییەکی جوان و گونجاوە، پێشی وابوو کە هارمۆنی یاسایەکی چەسپاو و نەگۆڕە"(عدرة، ٣٨، ١٩٩٦)، لە بۆچوونی فیساگۆرسدا تێبینیی ئەوە دەکەین، کە جۆرە هاوشێوە و ڕێکییەک هەیە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی هەردوو فەیلەسوف هیراکلیتس و دیموکراتدا لە دیاریکردنی چەمکی جوانی و هەستکردن بە جوانی.

١-٢-١-٤- دیمۆکریتس (٤٦٠_ ٣٧٠ پ.ز):

دیمۆکریتس، هاوڕایە لەگەڵ هیراکلیتسدا لە بۆچوونی دەربارەی جوانی بەپێی بنەمای هەستەکی لە دیاریکردنی چییەتیی جوانیدا، جوانی لای دیمۆکریتس " خۆی لە سیستم و گونجاویی و ڕێژەیی و هارمۆنی لە نێوان بەشەکان و لە ڕێژەی بیرکاریی تەواودا دەبینێت" (المرعي،١٩٩١، ١٥). هەروەها گرنگترین تایبەتمەندییەکانی جوانی لە میانڕەویدا دەبینێت، کە دواتر ئەرستۆ گرنگیی زۆری پێدا، جەختی لەسەر کردەوە لەسەر ئەوەی "کە میانڕەوی لە هەموو شتێکدا جوانە"(المرعي، ١٩٩١، ٤٠) .

١-٢-١-٥- سوکرات( ٤٧٠_ ٣٩٩ پ.ز):

سوکراتی فەیلەسوف، باوەڕی بە پرەنسیپی ڕێژەیی هەبووە، پێیوایە جوانی لە نموونەی باڵادا کامڵ و تەواوکارە، شتەکانیش ناگەن بە پلەی جوانیی باڵا، هەروەها سوکرات پێیوایە شتەکان بۆئەوەی بە جوان وەسفبکرێن، دەبێت جوانی لە چاکەدا بەرجەستە بێت بۆ ڕەنگدانەوەی جوانیی ڕۆحی ڕاستەقینە، پێوایە بۆئەوەی شتەکە بە جوان وەسفبکرێت، دەبێت بە شێوەیەک لە شێوەکان سوودی هەبێت، بەپێچەوانەوە زۆر ناشیرینە دەردەکەوێت، بۆیە ئەو چەمکە کەوتە چوارچێوەی پرەنسیپی مەبەستدارییەوە، بە بۆچوونی ئەو مرۆڤی جوان ئەو مرۆڤەیە، کە ئاکاری باش بێت، ئەوەش تەنها ئەگەر چاکەکار و خاوەن لەشێکی جوان بێت، ئەوکات مرۆڤێکی تەواو و نموونەییە، بۆیە سوکرات لە بیروبۆچوونەکانیدا هەمیشە جەخت لە ئەو چوار سیفەتە دەکاتەوە، کە لە جوانیدا هەن، ئەو سیفتانەش ئەمانەن:

١_ هەستی: ئەم تایبەتمەندییە لەسەر بنەمای هەستی ئیستاتیکیی هەستەکانی مرۆڤ ڕادەوەستێت،"کچێکی جوان، لە ڕاستیدا شتێکی جوانە" (المرعی،١٩٩١، ٤١)، هەر ئەمەش وەڵامی هیپیاسی گەورەیە بۆ پرسیارەکەی سوکرات دەربارەی جوانی، کە دەڵێت: جوان چییە؟.

٢_ هەمەجۆری و گشتگیری: سوکرات ناڕازیبوونی خۆی بۆ وەڵامەکەی هیپیاسی گەورە دووپاتدەکاتەوە و دەڵێت: "ئەسپ جوانە، کە خوداوەندەکان بە وتەکانیان شکۆداریان کردووە، ئەی ئەوە شتێکی جوان نییە؟ (پاشان) زۆر باشە، ئایە قیسارەی جوان شتێکی جوان نییە؟ (لە کۆتاییدا، سوکرات تیۆرەکەی پەرەپێدەدات تا کۆتایی ئەو دەپرسێت) مەنجەڵە گڵێنەکان جوانن، ئەی ئەوە شتێکی جوان نییە؟ " (المرعی، ١٩٩١، ٤١-_٤٢)، کەواتە جوانی، یەک تایبەتمەندی هەیە، کە لە زۆر شتدا هەیە .

٣_ ڕێژەیی: جوانی، ڕێژەی دیاریکراوی هەیە، جوانی لە ڕوانگەی سوکراتەوە لە نێوان هەموو بوونەوەرەکاندا جیاوازی هەیە بۆیە" جوانترین مەنجەڵی گڵێنە بە بەراورد بە ڕەگەزی کچانی هەرزەکار ناشیرینە، هەروەکو هیپیاسی جەختی لەسەر دەکاتەوە" (المرعی،١٩٩١، ٤٢)، هەروەها هیراکلیتس وتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت: " جوانترین مەیموون ناشیرینە بە بەراورد بە جوانیی مرۆڤ، جوانترین مرۆڤیش ناشرینە بە بەراورد بە جوانی خوداوەند" (المرعي، ١٩٩١، ٤٢).

٤_ سوود: سوکرات هەموو شتێک بە ئەو سوودانەی، کە بە مرۆڤی دەگەیەنێت، دەپێوێت، بەو واتایەی تا شتەکە بەسوودتر بێت، جوانتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ناشیرینی بۆ شتەکە دەبێتە سیفەتێکی لکاوی هەمیشەیی، هەروەها دەڵێت:" ئەوە چانسێکی گەورەی شتەکەیە، کە لەگەڵ سوود و ئامانجدا دەگونجێت، بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، ناشیرینی و خراپی بێسوودە " (اوفیسیانیکوف و نوفا، ١٩٧٩، ١٧).

١-٢-١-٦- **ئەفلاتون** (٤٢٧_٣٤٧ پ.ز):

پلەی جوانی لای ئەفلاتون باڵاتر دەبێت تا دەگاتە ئەوەی بڵێت: "کە خۆشەویستیی ڕاستەقینە لە جوانییەوە سەرچاوە دەگرێت، جوانیش لە خوداوەندەوەیە "(هلال ،١٩٦٩، ٢٨_٢٩)، لە دیالۆگی فایدرۆس (Phaedrus )دا بۆ شیکردنەوەی جوانی، بە گرنگترین

دیالۆگەکانی ئەفلاتۆن دادەنرێت، کە زیاتر ڕامانە فەلسەفییەکانی ئەفلاتۆن دەربارەی هونەر و جوانیی دەخاتەڕوو و لە تێڕوانینی دەربارەی"دێوانە (( هەوەس)[٤]- ( Mania))، دێوانە هەیە نەخۆشییە و هەشە ئاسمانییە لە خوداوەندەکانەوە سەرچاوەدەگرێت و جۆری دێوانەی خوداوەندەکان چوار جۆرن، یەکەمیان دێوانە و سۆزی پێشینەیە، کە بەسەر کاهینەکانی خوداوەندی ئەپۆلۆدا ڕوودەدات، دووەمیان دێوانە و سۆزی سۆفییانەی خاوەن نهێنییە ئاینییەکانن، سێیەمیان خولیایەکە کاردەکاتە سەر شاعیران و لە ئەنجامدا ئیلهام بەرهەمدەهێنێت، ئیلهامیش سەرچاوەی سەرەکی داهێنانی شاعیرانە، چوارەم: خولیای خۆشەویستییە، کە عاشقان بە دوای هەموو جۆرەکانی جوانی و جوانیی باڵادا دەگەڕێن "(مطر، ٢٠١٣ ، ١٠٩).

هەروەها ئەفلاتون دوو جۆر جوانی دەستنیشاندەکات "یەکەمیان : جوانیی هەست، کە بە ناتەواو و ساختە دایدەنێت، دووەمیان: جوانیی ڕۆحە، کە بناغە و جوانیی ڕەهایە؛ ئەفلاتون شتە هەستپێکراوەکانی وەک گۆڕاو و ناجێگیر تەماشا دەکرد، هەربۆیە بەردەوام نابێت، ئەگەر لە بوونیشدا دەرکەوت، ئەوا جێگیرنابێت، بەڵکو بەهێز دەردەکەوێت، پاشان لاواز دەبێت و تێکدەچێت و دەمرێت؛ کەواتە ناتوانیت نوێنەرایەتیی ڕاستییەکان بکات، لەبەرئەوەی سروشتێکی روحییە و لە نموونەیی باڵادا، یان لە جیهانی نموونەیی هەتاهەتایی، جیهانی بیرۆکەکاندایە "(برجاوي،١٩٨١،٢٠٧)، هەر لەبەرئەوەیە ئەفلاتۆن"لە تیۆری مەعریفەدا ڕەتیکردەوە، کە پشت بە هەستەکان ببەسترێت، چونکە هەستەکان ناتوانن زانیارییەکی پتەو و جێگیر و ڕەها بەدەستبهێنن، ئەمەش وا دەکات، کە زانین و زانیاری لە ڕێگەی هەستەکانەوە بە لای ئەفلاتۆنەوە هیچ نەبێت، چگەلە زانینی وەهم، نەک زانینی گەوهەری شتەکان"(ابراهيم، ب.ت، ٢٢)، هەروەها لای ئەفلاتون جوانیی ڕۆحی لە جیهانی سەرزەمیندا نییە"، بەڵکو لە جیهانی ئایدیا و جیهانی نموونەیی باڵا_جیهانێکی نەگۆڕی هەتاهەتاییدا بوونی هەیە، ئەوە دەبێت و لەناوناچێت و زیادناکات و کەمیشنابێتەوە، بەڵکو ئەو هەمیشە و لە هەموو بارێکدا ناوازەیە

[٤] ـ بڕوانە: گیو موکریانی، فەرهەنگی نۆبەرە، لاپەڕە (٥٩١) وشەی (هەوەس ) بە مانای (دیوانە، کەمهۆش، گێژی . کاس)، هەروەها ئازاد عەبدولواحید بەمشێوەیە روونیدەکاتەوە ((هەوەس بەمانای وروژاندن ــ باڵای میزاج دەگرێتەوە ....هەندێك جاریش مانای شێتی دەگەیەنێت، کە لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (Mania) هاتووە ـ چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٢/٤، بەڵام پێمانوایە (دێوانە ) پێدەچێت تەواوتر بێت لەوانەی تر، کە ئاماژەمان بۆ کردووە .

"(أوفيسيانيكوف و نوفا، ١٩٧٩، ٢١)، هەروەها دەتوانین بڵێین، جوانی لای ئەفلاتون ڕێژەییە، ئەگەر یەکێک بیەوێت بەدوای جوانیدا بگەڕێت، دەبێت بە دوای هاوئاهەنگی و هارمۆنێتیدا بگەڕێت، بۆیە جوانیی ڕۆحی لای ئەفلاتون باڵاترە لە جوانیی هەست، هەروەها نکۆڵی لە گرنگیی هەست ناکات لە ئیدراککردنی جوانیدا، چونکە هەموو شتێک جوانی خۆی هەیە، بەڵام چەمکی جوانی لای ئەفلاتون بەرزترە کاتێک شێوەی لە ناوەڕۆک جیاکردەوە.

١-٢-١-٧- ئەرستۆ( ٣٨٣_ ٣٢٢ پ.ز):

ئەرستۆ خەسڵەتی ڕێژەیی، یان هاوئاهەنگی، بە بنەڕەتی سەرەکیی تێگەیشتن لە چەمکی جوانی دەزانێت، بۆیە دەبینین ئەرستۆ جەخت لە بۆچوونی مامۆستاکەی دەکاتەوە، کە دەڵێت: "گیانەوەر، یان ئەو شتەی لە بەشە جیاوازەکان پێکهاتووە، جوانییەکەی تەواو نابێت ئەگەر بەشەکانی بەپێی سیستمێک ڕێکنەخرابێت و ڕەهەندی هەڕەمەکی وەرناگرێت، چونکە جوانی جگەلە هارمۆنی و گەورەیی، هیچ نییە"(هویسمان، ب.ت، ٢٤)، هەروەها باس لە "پەیوەندیی جوانی بە باشە و بەرژەوەندیەوە دەکات، جوانیی مۆراڵی ئیستاتیکای باشەیە و هەموو شتێکیش لە سروشت و هونەردا بەرهەمهێنراوە، جگەلە چاکە هیچ مەبەستێکی تری نییە، چاکەکاریش تێکەڵکردنی جوانی و ڕەوشتە، بۆیە کارەکە جوان دەبێت کاتێک خۆی بە بێگەردی دەنوێنێت، ئەو بێگەردییەش خۆی جوانییە و کاری ئەخلاقیش مەزن و جوانە، بەڵام ئەگەر ناوەڕۆکی جوانی و چاکە وەکیەک بێت، کەواتە تێڕوانینیان جیاوازە؛ چونکە جوانی پێویستی بە ڕامان و بیرکردنەوە هەیە، لە کاتێکدا چاکە پێویستی بە کردارە "(زهدي، ١٩٨٢، ٨٣)، هەروەها " ئەرستۆ جیاوازی لە نێوان (کار) و (ڕوخسار)دا دەکات، (کار) بە (خێر) و (روخسار)یش بە (جوانی) وەسفدەکات، کە باسی جونیی کارێکی هونەریی دەکرێت، مەبەست لە لایەنی روخسارەکەیەتی، کاتێکیش بە خێر وەسفدەکرێت مەبەست لە ناوەڕۆکەکەیەتی"(حسێن، ٢٠٠٨، ٤١)، ئەم تێڕوانینە بۆ بواری چێژی ئیستاتیکی نالۆژیکییە، چونکە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەوەرەکانی (بینین و بیستن)ەوە، هەست بە چێژی جوانیی دەقێکی ئەدەبی دەکات، بە تایبەت دەقی پەخشانی (ڕۆمان)، بە واتای (دەقێکی جوان)، جوانی تەنها لە

ڕوخساردا نییه، بەڵکو زۆرجار مرۆڤەکان چێژ لە ناوەڕۆکی دەقەکە دەبینن، بۆ نموونە لە دەقی ڕۆمانی (دایک)ی گۆرگیی وەرگێردراو لە زمانێکی ترەوە، خوێنەر چێژ لە ناوەڕۆکی رۆمانەکە دەبینێت، نەوەکو لە ڕوخساری ڕۆمانەکە، هەرچەندە بابەتە وەرگێڕدراوەکان بۆ زمانێکی تر ڕوخساری دەق دەگۆڕێت.

### ١-٢-٢- ئیستاتیکا لە سەردەمی ڕۆمانیدا:

ئەدەبی ڕۆمانی، لەژێر کاریگەریی ئەدەبی یۆنانیدا گەشەیکردووە، ئەوەش لە بانگەواز و داواکاریی فەیلەسوفە گەورەکانی ڕۆمانییەوە سەرچاوەیگرتووە، کە داوادەکەن هەمیشە لاسایی هونەر و ئەدەبی بەرزی یۆنانی بکەنەوە، بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەوە چەمکەکانی جوانی و بیروبۆچوونەکانی فەیلەسوفە یۆنانییەکان کاریگەرییان لە سەر چەمکی جوانیی لای ڕۆمانەکان هەبووە.

#### ١-٢-٢-١- لۆکریشیوس( ٩٩_ ٥٥ پ.ز):

گرنگترین و دیارترین فەیلەسوفی ڕۆمانییەکانە، خاوەن قەسیدەی (لە سروشتی شتەکانەوە)یە، بەرهەمێکی گەورەی سەردەمی ڕۆمانەکانە و لەو قەسیدەیەدا بۆچوونی خۆی دەربارەی جوانی خستووەتەڕوو، "پێیوایە، کە مرۆڤایەتی پێویستی بە هونەر هەیە، هونەریش لە چاولێکەریی سروشتیی سروشتەوە هاتووە"( زکارنة، ١٩٩٨، ٢٣)، هەرچەندە"جەخت لە گرنگیی سادەیی و ڕاستەوخۆیی و ڕاستگۆیی و سۆزداریی لە هونەردا دەکاتەوە "( زکارنة، ١٩٩٨، ٢٣).

#### ١-٢-٢-٢- هۆراس (٦٥_٨ پ.ز):

دیارترین شاعیر و ڕەخنەگری ڕۆمانەکانە لەو سەردەمەدا، لە (نامەیەکدا بۆ خێزانی پیزۆ) ئامۆژگارییان دەکات، کە چۆن ببن بە شاعیر، ئەو نامەیەش بریتییە لە قەسیدەیەک تێیدا بیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانی خۆی خستووەتەڕوو و دەڵێت:" ئامانجی شاعیران، یان سوودبەخشینە، یان چێژبەخشین، یاخود وروژاندنی چێژ و سوودبەخشین لە یەککاتدا" (هوراس، ١٩٤٧، ٨٨)، کەواتە هۆراسیش هەستکردنی جوانی بە سوود و چێژە پەیوەست دەکات، چونکە ئەو دووالیزمە هەستەکانی مرۆڤ بەرامبەر بە شت و بابەتە جوانەکان دەوروژێنن، هۆراس خاوەن شارەزاییەکی زۆر بووە لە بوارەکانی ئەدەب و فەلسەفەی یۆنانی و خاوەنی کتێبی (هونەری شیعر)ە، کە لە دوای کتێبی (هونەری شیعر)ی ئەرستۆوە بە گرنگترین سەرچاوەی ئەدەبی دادەنرێت لە مێژوودا، هەر بۆیە داوا لە شاعیرانی ڕۆمان دەکات، کە هەمیشە لاسایی

هونەری بەرزی یۆنانی بکەنەوە، لەبەرئەوەی پێیوابووە شیعر و دەقە ئەدەبییەکانی یۆنان خاوەن و هەڵگری جوانیی و بەهای ئەدەبی ئیستاتیکیی بەرزن و شایەنی لاساییکردنەوەن، چونکە لە ڕێگەی لاساییکردنەوەوە ڕۆمانەکان دەتوانن ببن بە خاوەنی ئەدەبێکی جوان و سوودبەخش و بە بەها .

١-٢-٢-٣- **ئەفلۆتین**(٢٠٤_٢٧٠ ز):

فەیلەسوفێکی ئایدیالیە، "جوانی وەک بابەتێکی خۆویستی پێناسەکردووە، چونکە لە سروشتی خۆیدایە و سەر بە دونیای واقیعی عەقڵییە، ئەوەش لەبەرئەوەیە لە بنەچەدا لە ڕوحەوە نزیکترە وەک لە سروشتی ماددەوە، بۆیە بە جوانیی ناخ ئاسوودە دەبێت و خۆشیدەویت، لە کاتێکدا ناشیرینەکان لە سروشتی ماددەکەوە نزیکن "(مطر، ١٩٩٨، ٨٩)، پێیوایە کە: "چاکە یەکێکە لە بەرزترین ئاستەکانی جوانی، چونکە لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی ئایدیایی و بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی ئەفلاتوندا لە ئیستاتیکای ڕوانیوە، کاتێک جەختی لەوە دەکردەوە، کە واقیع سێبەری جوانیی سەرەوەیە، ناشتوانین لێتێبگەین تا ئەوکاتەی مرۆڤ خۆی لە شتە مادییە خراپەکان دەرباز نەکات"(برجاوي،١٩٨١، ٢٥٩)، هەروەها دەڵێت:"لەوەتەی جوانی هەیە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و سەرەکیی ڕوحە، بۆیە هەر کاتێک ڕۆح جوانییەک دەبینێت، بەرەولای دەچێت لەسەر بنەمای هاوشێوەیی، کە لە نێوانیاندا هەیە، هەربۆیە لە جیهانی هەستەوە بۆ جیهانی عەقڵ بەرزدەبێتەوە، ئەمەش لە پێناوی سەلماندنی بوونی ڕاستەقینەی خۆیدایە و هەموو شتێکیش بارتەقای بوونی خۆی جوان دەبێت لە ڕۆحدا "(مجاهد، ب.ت، ٣٣)، بۆیە پێمانوایە ئەو باوشپێداکردنەی ڕۆح بە جوانیدا لە ڕێگەی مادییەوە نییە، بەڵکو لەڕێگەی وێنەوەیە، چونکە وێنەکە هەڵگری جوانیی و بوونی ڕاستەقینەیە ......، چونکە ڕۆح بە تێکەڵبوونی لەگەڵ ماددە (ماتریاڵ)دا ناشیرین دەبێت، بەڵام لەکۆتایی ئەو سەردەمەدا چەمکی جوانی، گڵۆڵەی کەوتە لێژی بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی کۆمەڵگەی کۆیلەکان لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا لە سەدەی دووەم و سێیەمی پ.ز، ئەو بەها مرۆییانەی، کە هەڵگری سروشتی جوانی بوون، بەرەو داتەپین چوون و ئەم دۆخە تا ناوەڕاستی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا بەردەوامبوو.

### ١-٢-٣- ئیستاتیکا لە سەدەکانی  ناوەڕاستدا:

قۆناغ و سەردەمە ئەدەبییەکان، یان سەرهەڵدانی هەر ڕێباز و ڕەوتێکی ئەدەبی لە مێژووودا، پەیوەستە بە کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی و ئایینی و ڕۆشنبیری و دەستەڵاتی سیاسییەوە، کە هۆکارن بۆ جیاکردنەوە و دیاریکردنی سەردەمەکان، جیاوازیی بیر و بۆچوونەکان دەربارەی هەر بابەتێکی ئەدەبی، بۆیە هەر ئەمەش وا دەکات تێڕوانین و بیروبۆچوونی فەلسەفی و ئەدەبی دەربارەی هەر بابەتێک لە سەردەمێک بۆ ئەویتر جیاواز بێت، ئەمە هەرچەندە سەردەم و قۆناغەکان پەیوەست و کاریگەربوون بە بیروبۆچوونەکانی پێش خۆیان بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەکەشیەوە، چونکە بیروبۆچوونە دژ و پێچەوانەکانیش هەر لە هەوێنی بیروبۆچوونەکانی پێش خۆیانەوە سەرچاوەدەگرن و دەبنە بنەما بۆ خوێندنەوە و مەیینی بیروبۆچوونی نوێ، بۆیە دەتوانین بیروبۆچوونە فەلسەفی و ئایینییەکان دەربارەی ئیستاتیکا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە لەدایکبوونی حەزرەتی (مەسیح)ەوە بۆ دوو قۆناغ دیاریبکەین، ئەوەش بەپێی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلامی، بۆچوونی هەردوو ئایینەکە دەربارەی ئیستاتیکا لە بیروبۆچوونی قەشە و زانایانی هەردوو ئایینەکەوە بخەینەڕوو.

#### ١-٢-٣-١- ئیستاتیکا لە ئایینی مەسیحیدا:

وەکو دەبینین، کە ناوەڕۆکی هەر بیروبۆچوونێکی فەلسەفیی مەزن، یان هەر چەمکێکی ئایینی و مرۆیی لە گەردووندا، فەلسەفەیەکی ئیستاتیکی هەیە، کە خۆی لە ناوەڕۆکێکی شاراوە و لە ڕێبازێکی ئایینیدا دەنوێنێت .

پیاوانی ئایینی مەسیحی، بیروبۆچوونیان لە پابەندی ئەخلاقیی ئایینەکەیانەوە سەرچاوەیدەگرت و پێیانوابوو، هونەر هەرچەندە پێشکەوتوو بێت، کاریگەریی پێچەوانە و نێگەتیڤانەی لەسەر ڕەوشت و دەروون و عەقڵی مرۆڤەکان دەبێت، بەڵام پێشیان وابوو ئەگەر هەر دەبێت بەرهەمی هونەری هەبێت، ئەوا دەبێت هونەرمەند گوێڕایەڵی دابونەریتە دیاریکراوەکانی کەنیسە (قەشە) پیاوانی ئایینی مەسیحی بێت لە وێنەکێشان و گێڕانەوەی چیرۆک و لە چوارچێوەی بیروباوەڕی کەنیسەدا بێت،

هەرچەندە ئەو بیروباوەڕەش نەیتوانی ڕێگربێت لە دەرکەوتنی جوانترین دیمەنە هونەرییە جیهانییەکان، چونکە ئەوەی تێبینیدەکرێت لە مێژووی ئایینی مەسیحیدا و لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ئایینەدا، دژایەتیی هونەر و وێنەکیشان و پەیکەرتاشی بوون، "بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو مەسیحییەکان بەهرە هونەرییەکانی خۆیان خستەڕوو و داهێنانی هونەریی ناوازەیان پێشکەش بە جیهان کرد، ئەو داهێنانە هونەرییانە لە کەنیسە و پەرستگاکاندا دەرکەوتن و سەریانهەڵداوە، کە مەبەست لێی وێناکردنی خەباتی ئایینییە لەو سەردەمەدا" (ابوریان، ١٩٨٩، ٢٤)، هەر بۆیە "خۆشترین و بەچێژترین بەرهەمی مۆسیقا ئەو پارچە مۆسیقایانە بوون، کە لە کەنیسەدا بەرهەمهێنراوە و ژەنراوە، هەروەها ناوازەترین و جوانترین بەرهەمی کاری وێنەکیشان لەسەر دیوار و بنمێچی کەنیسەکاندا کێشراوە، کە هونەرمەند مایکڵ ئەنجیلۆ کیشاویێتی، هونەری مەسیحی بە هەمان شێوە لەسەر دەستی هونەرمەندانی وەکو ماساتشیۆ و هاوڕێکانی بەرجەستەبووە، بۆیە ئاڕاستەکانی هونەر و ئیستاتیکا تێکەڵ بە ئایین بوون لە لای مەسیحییەکانەوە لە ئەوروپادا "(عباس، ١٩٨٧، ٢٧)، هەر بەو هۆکارەش ناتوانین نکۆڵی لە بوونی ئیستاتیکای ئایینی مەسیحی و هەروەها فەلسەفەی ئیستاتیکیی ئایینی ئیسلامی و بووزی و ئەوانی تریش بکەین، بۆیە ئەگەر بمانەوێت وردبوونەوە و خوێندنەوە بۆ ئایینی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بکەین، ئەوا دەبێت تیشکبخەینەسەر بیروبۆچوونەکانی هەردوو قەشەی مەسیحی (ئۆگستین، تۆما ئەکوینی) بەوپێیەی ئەم دووانە لە دیارترین و بەناوبانگترین زانا و بیرمەندی ئایینی مەسیحی بوون، کە خاوەن بیروبۆچوونی تایبەتیی خۆیانن دەربارەی ئیستاتیکا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئایینی مەسیحیدا.

١-٢-٣-١-١- **ئۆگستین**( ٣٥٤_ ٤٣٠)ز:

یەکێکە لە بیرمەندانی ئایینزای کاسۆلیکی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا "لەژێر کاریگەریی بیروڕاکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆدایە، هەوڵیداوە بۆچوونە جوانییەکانی لە ڕێگەی بۆچوونەکانی مەسیحییەتەوە و بەپێی ئەم ئایینە دەربڕێت، کە داوای وازهێنانی جوانیی دنیایی و گرنگیدان بە جوانیی خودایی دەکات "(مستەفا، ٢٠٠٩ ، ٥٠)، سەرەڕای ئەو ناڕەحەتییەی ئۆگستین دەربارەی هونەر، "بەڵام گرنگیی ئۆگستین لە

فەلسەفەی ئیستاتیکادا دەگەڕێتەوە بۆ دوو شتی بنەڕەتی، کە یەکەمیان: نووسینی کتێبێکە بە ناونیشانی (بەنرخیی مۆسیقا)، دووەمیشان: ڕۆحی فەلسەفە گشتییەکەی خۆیەتی، کە بە فەلسەفەی ئەفلاتۆن پەروەردە بووە، ئەمەش ئیستاتیکای میتافیزیکی دەگەیەنێت"(ابو ریان، ١٩٨٩، ٦٥)، بۆیە ئەو جوانییەی، کە ئۆگستین ئاماژەی بۆ دەکرد، یەکێکە لەو سیفەتانەی، کە لە خودا نزیکماندەکاتەوە، بەڵام خراپە وەک ڕەنگێکی ڕەش وایە لە تابلۆیەکی جواندا بە وریاییەوە بەکارهێنرابێت، سەرەڕای ئەوانەش، "شێوازی نووسینی ئۆگستین شێوازی گۆرانیی شیعری بەکارهێناوە لە نووسینەکانیدا" (ابو ریان، ١٩٨٩، ٦٥)، ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی مەیلی ئیستاتیکی لە فەلسەفەی ئۆگستیندا بەدیبکرێت.

١-٢-٣-١-٢- تۆما ئەکوینی (١٢٢٥_ ١٢٧٤ز):

قەشە و فەیلەسوفێکی سەدەکانی ناوەڕاستە، هەوڵیداوە بۆچوونەکانی ئەرستۆ لەگەڵ باوەڕە ئاینییەکانی مەسیحییەتدا بگونجێنیت، بیروبۆچوونە لۆژیکی و سۆفیگەرییەکانی پێکەوە و لەیەککاتدا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خەملی و پێگەیشت، بۆیە توانی کێشەی پەیوەندی نێوان ئایینی مەسیحی و فەلسەفە لە ڕوانگەی عەقڵەوە چارەسەربکات، جگە لەوەش هەوڵیدا لە ڕێگەی عەقڵەوە تیشکبخاتەسەر ئایینی مەسیحی و بیخاتەڕوو، بیروبۆچوونەکانی ئەکوینی لە ژێر کاریگەریی ئایینی مەسیحیدا گەلاڵ دەبوون، بۆیە دەڵێت: "بەرزترین پلەکانی جوانی لە خوداوەندایە، کە گوزارشت لە بنەچەی جوانی لە هونەر و سروشتدا دەکات" (عدرة، ١٩٩٦، ١٢٨)، هەروەها لە بۆچوونێکیدا دەربارەی جوانی دەڵێت: "دەبێت سێ مەرج هەبێت لە دیاریکردنی جوانیدا، کە ئەمانەن (کاملی و هارمۆنی ئینجاش ڕوونی)" (رشید، ١٩٨٥، ١٠)، گرنگیی تۆما ئەکوینی قەشە، بۆ دەربڕینی هەندێک هێمای سەرەتایی دەربارەی ئیستاتیکای عەقلی دەگەڕێتەوە، ئەو هێمایانە لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت، کە بۆ هونەری کردووە، دەڵێت: "هونەر بیرکردنەوەیەکی دروستە بۆ بەجێهێنانی کاری ئەدەبی" (ابوریان، ١٩٨٩، ٢٤).

### ١-٢-٣-٢- ئیستاتیکا لە سەردەمی ئایینی ئیسلامدا:

موسوڵمانەکان، خاوەن بیر و بۆچوونی تایبەتیی خۆیان بوون لە بواری هونەر و جوانیدا، لە تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانیاندا بۆ جوانی بە تەواوی لەژێر کاریگەریی شەریعەتی ئیسلام و سروشت و دابونەریتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی پێش سەرهەڵدان و هاتنی ئایینی ئیسلامدا بوون، لەگەڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا، موسوڵمانەکان بە توندی دژی هەر ڕەوشت و کردار بابەتێک دەوەستانەوە، کە دەبووە هۆکاری لادانی ڕەوشتی و گەڕانەوە بۆ دیاردەکانی سەردەمی نەفامی لای موسوڵمانەکان، هونەریش یەکێک بوو لەو بابەتانەی، کە موسوڵمانەکان زۆر دژیبوون لەترسی ئەوەی، کە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگەی ئایینی ئیسلامی هەبێت، بەڵام "لەگەڵ ئەوەشدا شیعر لە پلەیەکی تایبەتدا لەنێو موسوڵمانەکاندا مایەوە "(ابو ریان، ١٩٨٩، ١٩)، دوای هاتنی ئایینی ئیسلام، موسوڵمانەکان لە هونەر بەگشتی دەترسان و بە تایبەتتر لە هونەری پەیکەرتاشی، هەوڵی دوورکەوتنەوەیان دەدا، چونکە بتپەرستی دەهێنایەوە یادیان، کە لە سەردەمی نەفامیدا باوبوو لە سەرەتاشدا زۆر هەوڵیاندەدا لە شیعریش دووربکەونەوە.

بیروبۆچوونی موسوڵمانەکان لە بیروبۆچوونی ئەوانیتر جیاواز دەردەکەوێت، چونکە موسوڵمانەکان عەقڵ دەکەن بە پێوەری بنەڕەتی لە بواری هونەر و ئەدەبدا، چونکە بەلایانەوە هەموو بەهایەکی جوانی لە بەها جوانەکانی ڕەوشتەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەم بۆچوونەش لە بۆچوونەکانی غەزالییەوە نزیکە، کە چێژوەرگرتن لە جوانی دەبەستێت بە هەستەکانەوە "دەکرێت لە دڵەوە چێژ لە جوانی ببینرێت، ئەگەر پەیوەستکرا بە بەها ڕەوشتی و چاکە وێژدانییەکانەوە، دەکرێت بە عەقڵ درک بە جوانی بکرێت و ئەگەر درکپێکراوە عەقڵییەکان سەریانهەڵدا، پاڵنەرمان دەبن بۆ بەکارهێنانی پێوانە و هەڵسەنگاندنی جوانی "(ابوریان، ١٩٨٩، ٢٩).

(محەممەد قوتب) پێیوایە " هەست و بیر هاوبەشن لە چێژ و هەڵسەنگاندنی جوانیدا، چونکە بواری جوانیی هەستە، "بەڵام بیر هەڵسەنگاندن دەکاتە پێوانەیەکی هاوئاواز بۆ جوانی لەگەڵ دیاردەکانی جوانیدا، کە خۆی لە (وردی و هاوسەنگی و

پەیوەستبوون)دا دەبینێتەوە، بەوپێیەی لەگەڵ ئامانجەکانی بیروباوەر و ئامانجەکانی کۆمەڵگەی چاکەکاردا و لە هەموو بوارەکاندا بەریەکنەکەون، کە باڵاترن لە چێژی هەستەکی، کە گوزارشتکردنە لە جوانیی مەزن" (قطب، ١٩٨٣، ٩٦).

١-٢-٣-٢-١- ئەلجاحز ( ٧٧٥- ٨٦٨ز):

ئەلجاحز، یەکێکە لە ڕەخنەگرە دێرینە موسوڵمانەکان، کە لە هەندێک لە بەرهەمەکانیدا ئاماژە بە ئیستاتیکا دەکات، خاوەن هەندێ بیروبۆچوونی تایبەتە لە دیاریکردنی پێوەرەکانی جوانیدا، کە دەڵێت:" من بۆت ڕووندەکەمەوە، کە ڕێکیی تەواو (کامڵبوون) خودی ڕاستی و بێ چەوتییە "(الجاحظ، ١٩٥٦، ١٦٢)، لە ڕوونکردنەوەی زاراوەی کامڵبووندا دەڵێت: "مەبەستی من لە کامڵبوون تێپەڕاندنی بڕی هارمۆنی نییە، وەک وردە زیادەیەکی درێژی لە جەستەدا، هەرکاتێکیش زیادە هەبوو، بە کەموکورتی لە جەستەدا دەژمێردرێت"(الجاحظ، ١٩٥٦، ١٦٢)، "هەروەها دەڵێت: "شتێک نییەلە ناو خەڵکدا لەم سێ پۆلێنە دەربچێت: (ڕوونبێژی، دەنگی خۆش، وێنەی جوان)" (الجاحظ، ١٩٥٦، ٢٨٨) "هەروەها دەربارەی ڕێژەییبوون لە جوانیدا دەڵێت: "تاج جوانە، بەڵام لەسەر پاشادا جوانترە، یاقوت جوانە، بەڵام لە کەمەری ئافرەتدا جوانترە "(الجاحظ، ١٩٥٦، ٢١٨)، "کەواتە جوانی بە هارمۆنی و تەواوی (کامڵبوون) پێناسەدەکات؛ واتە تەواوی (کامڵبوون)ی بەشەکان لە شتەکاندا بە بێ زیادە و کەموکورتی، هەروەها (هارمۆنی) لە هاوسەنگی و ڕێژەیی لە نێوان ئەو دوو شتەدا دێت"(بوملحم، ١٩٩٤، ٣٠٧)، بە پێی ئەم بۆچوونە، جوانی لای جاحز تایبەتمەندییەکە بە شتێک دەوترێت، کە لای خەڵک بە پەسەندتر و بە باشتری دەزانن لە ئەوانیتر، بۆیە ڕێکی و هارمۆنی و ڕێژەیی و کامڵی ئەو سیفەتانەن، کە جاحز دیاریکردوون بۆ ڕوونکردنەوە و پێناسەکردنی چەمکی جوانی، جوانی لای جاحز چەند پێوانەیەکی خۆی هەیە، یەکەمیان تەواوییە: واتە خوڵقاندن (دروستکردن) و ڕێکیی تەواو، کە هارمۆنییەتی نێوان ئۆرگانەکانی جەستەیە، بەو واتایەی جوانی لە شێوەدایە، نەک لە ناوەڕۆکدا، بۆیە جوانیی دەقی ئەدەبی لە یەکگرتوویی و پێکهاتە و هارمۆنێتەکەیدا دەبینێت، لەمبارەوە دەڵێت: "باشترین شیعر بینیبێتم، پێکەوەبوون و یەکگرتوویی بەشەکان و

دەربڕاوە ئاسانەکان بووە" (بوملحم، ۳۳۷،۱۹۹٤)، هەرئەم زاراوانەش لە دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی جوانیدا لای زۆربەی فەیلەسوفەکانی یۆنان بەدیدەکرێن.

۱-۲-۳-۲-۲- **ئەلفارابی** (۸۷٤_ ۹٥۰ز):

ئەلفارابی، چەمکە هاوتەریبەکانی چەمکی جوانی وەک بەخشندەیی و ڕازاوەیی خستووەتەڕوو، لە ڕاستیشدا فارابی جوانی بە تەواوی (کامڵبوون) دەبەستێتەوە، تەواویی (کامڵبوون)ی ڕەهاش پێوەری بنەڕەتییە بۆ جوانی، بۆیە لەمبارەیەوە دەڵێت: "جوانی و بەخشندەیی و ڕازاوەیی لە هەموو بوونێکدا ئەوەیە، کە گەورەترین بوونی خۆی هەبێت و دوایین کامڵبوونی خۆی بەدەستهێنابێت، ئەگەر هەریەکەیان باشترین ئامادەبوونی خۆی هەبێت، ئەوا جوانییەکە هەموو جوانییەک دەگەیەنێت"(ابن خلدون، ۱۹۰۷، ۲۰)، بە پێی بۆچوونەکانی فارابی، جوانیی ڕەها بۆ خودای گەورە دەگەڕێتەوە و هەموو جوانییەکانی تر ڕێژەیین و جوانی لە خودای گەورەوە وەردەگرن.

۱-۲-۳-۲-۳- **ئیبن سینا** (۹۸۰_ ۱۰۳۷ز):

فەیلەسوف و پزیشک و زانا (ئیبن سینا)، ئەمیش بە هەمان ڕێچکەی فارابیدا دەڕوا و جوانیی ڕەها بۆ خودای گەورە دەگەڕێنێتەوە، هەر ئەوەش بە پێوەری بنەڕەتی بۆ جوانی دادەنێت، کە دەڵێت:" جوانیی هەموو شتێک ئەوەیە، کە دەبێت وەکوخۆی بێت " (ابن سينا، ۱۹۸٥، ۲۸۱–_۲۸۲)، لە وتەیەکی تریدا سەبارەت بە جوانی دەڵێت:"جوانی ناتوانێت لە سەرەوەی عەقڵییەتی پاک، چاکەی پاکەوە بێت، لە هەموو کەموکوڕییەک لە هەرلایەکەوە بێت، بێتاوان بێت" (ابن سينا، ۱۹۸٥، ۲۸۲)، هەروەها "فەیلەسوفە سۆفییەکانیش بە هەمانشێوە تیشک دەخەنەسەر مەرجی (ڕێکیوپێکی) وەک مەرجێکی بنەڕەتی لە جوانیدا، کە چەندین چەمکی وەک ڕێژەیی و هارمۆنیی و گونجان و هاوئاهەنگی لەخۆدەگرێت"(عدره، ۱۹۹٦، ٦۹)، لەم بۆچوونەشدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئەوەی فەیلەسوفە پێشکەتووە موسڵمانەکان پێیگەیشتوون، هەمان بیرۆکە و بۆچوونە دەربارەی ئیستاتیکا، کە فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنان پێیگەیشتوون.

### ١-٢-٣-٢-٤- ئەبی حەیانی ئەلتەوحیدی (٩٢٢_ ١٠٢٣ز):

ئەلتەوحیدی داوای بیرکردنەوە و تێڕامان لە بنەڕەت و بنچینەی جوانی، هەروەها بیرکردنەوە لەو هۆکارانەی دەبنەهۆی هەستکردن و ڕازیبوون بە جوانی دەکات، بۆیە دەڵێت: "بۆچی وێنەیەکی جوان پەسەنددەکرێت؟ ئەو حەزلێکردنە دیارە چییە؟ ئەو سەرنج و خۆشەویستییەی، کە لە دڵەوەیە، ئەو بیرکردنەوەی، کە خەوی لە چاو تۆراندووە و خەیاڵی مرۆڤەکانی داگیرکردووە چییە؟ ئایا ئەمە هەمووی کاریگەریی سروشتە؟ یان نیشانەی سایکۆلۆژیین؟ یان هۆکارەکانی عەقڵ(ژیری)یە؟ یان پشکەکانی ڕۆحە؟...."(التوحيدي، ١٩٥١، ١٤٠)، ئەو بۆچوونەی تەوحیدی ئەوە دەردەخات، کە تەوحیدی گرنگی بە بنەڕەتی چێژی ئیستاتیکی دەدات، کە ئایا ئەوە تەنیا دیاردەیەکی سروشتییە، یان دیاردەیەکی دەروونییە، یان پێچەوانەی هەموو ئەمانەیە؟

هەروەها ئەلتەوحیدی پێیوایە "جوانی پێوانەیەکی ڕەها نییە تەنها ڕاستی پێوانەبکات، بەڵکو پێوانەیەکە بۆ پێوانەکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤیش بۆ دیاریکردنی جیاوازیی درکپێکردن و هەستکردن" (فيدوح، ٢٠١٤، ١١٢)، بۆیە ئەلتەوحیدی دوو جۆر جوانی لەیەکجیادەکاتەوە:"جوانیی هەستەکی فیزکی و جوانی خودایی، لە ڕوانگەی تەوحیدیەوە جوانیی ڕەها تەنیا لە ڕێگەی عەقڵەوە بەدیدەهێنرێت، بەڵام جوانیی هەستەکی (هەستی)، مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانییەوە درکی پێیدەکات "(مطر، ١٩٨٣، ٩٦)، لە بۆچوونەکانی تەوحیدیدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە درکپێکردنی ئیستاتیکی تەنها هەڵچوونێکی دەروونە سەبارەت بە کردە خودییەکان لە سروشتدا، کە وێنەی ماددە ڕێکدەخات، کەواتە لێرەدا "دەروون دوو ڕۆڵ دەبینێت: ڕۆڵێکی چالاککردن، کە وا لە سروشت بکات هاوئارەزووی دەروون بێت، ڕۆڵەکەی تریشی، ڕۆڵی هاندەر و پاڵنەری دەروونە لە پرۆسەی هەستکردن و درکپێکردنی جوانیدا " (ابراهيم، ب.ت ، ٤٨).

### ١-٢-٣-٢-٥- ئەبو حامد ئەلغەزالی (١٠٥٨_١١١١ز):

غەزالی، پێیوایە جوانی بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت ، "جوانیی ئەو وێنەیەی، کە بە چاوی ئاسایی دەبینرێت و جوانیی ئەو وێنەیەی، کە بە چاوی دڵ و ڕووناکیی بینایی

دەبینرێت، کە یەکەمیان: هەرزەکار و ئاژەڵەکان هەست و درکی پێیدەکەن، سەبارەت بە جۆری دووەمیشیان: جوانیی تایبەتە بە درکپێکردن و هەستی خاوەن عەقڵەکان. ئەوانەی تەنها بە ڕووکەش لە دیاردە جیهانییەکان دەڕوانن، بەشداریی درکپێکردن و هەستکردن بە جۆری دووەمی جوانی ناکەن". (الغزالي، ٢٠٠٥، ١٦٦٠)، هەروەها دەڵێت:"هەر کەسێک هەست بە ئیستاتیکای نەخشی نیگارکێشێک و بونیادی باڵەخانەیەک بکات لەو کارانەدا، ئەوا سیفەتە ئیستاتیکییە ناوەکییەکانی لا ئاشکرا دەبێت، کە ئەنجامەکەشی بۆ توانا و کار دەگەڕێتەوە، غەزالی جەختدەکاتەوە لەوەی، کە جوان خۆشەویستە، جوانیی ڕەهایی خودایی تاکە وبێهاوتا و هەمیشەیی و بێ ڕەکابەرە و بێ کەم و کوڕییە" (الغزالي، ٢٠٠٥، ١٦٦١)، لەو بۆچوونەی غەزالیدا جەخت لە جوانیی ناوەکی دەکاتەوە، کە تەنها خاوەن عەقڵەکان هەست و درکی پێدەکەن، ئەوەش جوانیی ڕەهاییە، کە سەرچاوەکەی خودایە.

فەلسەفەی جوانی لای غەزالی لە بۆچوونە سۆفیگەرییەکانییەوە سەرچاوەیانگرتووە، کە لە کۆتایی ژیانیدا باوەڕی پێهێناوە، بۆیە دەڵێت: "جوانی لەڕووی پەیوەستبوون بە خۆشویستنەوە، جوانی هاندەرێکە بۆ خۆشویستن و یەکێکە لە هۆکارەکان، بەڵام خۆشەویشتی پەیوەستە بە جوانییەوە بە بێ هیچ سوود و قازانجێک لە جوانی دەڕوانێت، بۆیە هەستی جوانی لای غەزالی وەک (کانت) بێ مەبەستە" (ابراهیم ، ب.ت ، ٤٢)، غەزالی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە خۆشویستنی جوانی، بابەتێکی غەریزییە لە سروشتی مرۆڤدا بوونی هەیە و مرۆڤ خۆی حەزی لێدەکات و هیچ هۆیەکیش لە پشتییەوە نییە، چونکە چێژوەرگرتن لە جوانی، شتێکە لە ناخ و دەروونی مرۆڤدایە، بۆیە دەڵێت:"مرۆڤە ساغ و سروشت باشەکان لە تەماشاکردنی ڕوناکییەکان و گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان و نەخشێنراوە جوانەکان، هەروەها هارمۆنیەتی شێوە ئەندازەییەکان چێژوەردەگرن و تەنانەت مرۆڤ بە تەماشاکردنیان غەم و پەژارەکانی دەڕەوێتەوە"(الغزالي، ٢٠٠٥، ١٦٥٨).

ئەزموونی ئیستاتیکی لای غەزالی، جۆرێکە لە جۆرەکانی مەعریفەی مرۆیی بۆ خودی خۆی و خولقێنەرەکەی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە غەزالی ناوی لێناوە (ڕووناکی و هەست)، "بەتایبەت ئەزموونی گوێگرتن، کە ڕۆح لە نیگەرانی و غەمەکانی

دەربازدەکات، هەروەها دڵیش دەجوڵێنێت و خۆشی پێدەبەخشیت و کاریگەرییەکی بێوێنەی لەسەر دڵ هەیە، دەنگ هەیە شادی و خۆشی بە دڵ دەبەخشێت و دەنگیش هەیە دڵ غەمبار دەکات و هەیە پێکەنیناویە و هەشە شادی و خۆشی بەخشە"(ابراهیم، ب.ت، ٤٣). لە بیروبۆچوونەکانی بیرمەند و ڕەخنەگران و فەیلەسوفانی ئاینی ئیسلام دەربارەی ئیستاتیکا و جوانیدا، کە جوانی دوو تایبەتمەندیی سەرەکی هەیە ((کامڵبوون(تەواوی)، ڕێکی (هارمۆنییەت))ن، جوانیی ڕەهایی خودایی، جوانیی هەموو گیانەوەرانیش بۆ خودا دەگەڕێتەوە و لە خوداوە سەرچاوەدەگرن، هەرچەندە لە لایەن بیرمەندانی ئیسلامەوە ئاوەڕ چەمکی جوانی و کاریگەری جوانی و دیاریکردنی جوانی دراوەتەوە، بەڵام لای غەزالی زیاتر قوڵبوونەوەیە لە جوانی و گەیشتنە بە ئیستاتیکا، چونکە هەندێک جیاوازتر لەوانەی پێش خۆی لە چەمکی جوانی دەڕوانێت.

### ١-٢-٤- ئیستاتیکا لە سەردەمی مۆدێرنەدا:

لەگەڵ سەرەتای سەردەمی مۆدێرنەدا، هەستی هونەری و ئیستاتیکی لە چەمکی سوودبەخشی دوورکەوتەوە، کە لە سەردەمی سوکراتەوە باوبوو، جوانی لەم سەردەمەدا تەنها سوودبەخشی نییە، هەروەها چەمکی جوانی لە سەردەمی مۆدێرنەدا خۆی تەنها لە ڕەوشت و چاکەدا نابینێتەوە، هەروەک بۆچوونەکانی ئەفلاتوون لە نموونەییش دوورکەوتنەوە، کەوتە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنە زانستی و ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ پەیوەندییەکانی ئیستاتیکا بە بوارەکانی تری وەکو فەلسەفە و هونەر و سایکۆلۆژیا و ئەندازە دەکات، هەربۆیە زیاتر بە کاریگەرییەکانی کۆمەڵ و گۆڕانکاری و ململانێکانەوە پەیوەست بوو، تا توێژەران و ڕەخنەگرانی بواری ئیستاتیکا گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە پێویست ناکات هونەر بە ئیستاتیکاوە پەیوست بێت، بەڵکو دەکرێت هونەر شتێکی ناپەسەند، یان ناشیرین بخاتەڕوو و پێشانبدات، بۆیە پێوانەکانی هونەر گۆڕانیان بەسەردا هات تاوەکو گەیشتە ئەوەی، کە گرنگترین پێوانەی هونەری و ئەدەبی و داهێنان و نوێگەری لە بیرۆکە، یان تەکنیکدا بێت، هەروەها کاری ئەدەبی و هونەری خۆی پێوانەی تایبەتیی خۆی دیاریبکات و ناشکرێت پێوانەکانی پێشوو بە سەری کارە ئەدەبی و هونەرییە نوێیەکاندا پراکتیزەبکرێت، چونکە ڕەخنەگران لە سەردەمی کۆندا کارە ئەدەبی و هونەرییەکانیان بەپێی پێوانە و قاڵبە دیاریکراوەکانی پێشوو پێوانەدەکرد، بەو واتایەی بۆ هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری، قاڵبی ئامادەکراو هەبوو تایبەت بەو کارە ئەدەبییە بۆ پێوانەکردنی، بۆیە کاری ئەدەبیی و هونەریی، گرنگیی خۆی لەدەستدەدا، چونکە نووسەر و هونەرمەند لەو بارەدا لە داهێنانەکە دادەماڵراو و نوێگەریش وەلادەنرا و بێبایەخ دەکرا، هەرچەندە "ئیستاتیکا بە مانا کلاسیکییەکەی ئاماژەیەک بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە جوانیی هونەر و سروشت، بەڵام بەکارهێنانی لەم سەردەمی مۆدێرنەدا هەڵگری لەوە زیاترە، وەکو سروشتی ئەزموونی ئیستاتیکی و شێوازەکانی گوزارشتکردنی هونەری و سایکۆلۆژیای هونەر و ئەدەب، بەو مانایەی پرۆسەی داهێنان، یان چێژوەرگرتن، یان هەردووکیان پێکەوە، بە هەمان شێوەش بۆ بابەتەکانی تر" (عبدالحمید، ٢٠٠١، ١٩)، لەگەڵ ئەوەی، کە هەندێک لە بیرمەند و

ڕەخنەگران باوەڕیان وایە، کە سروشتی جوانی لەگەڵ سروشتی زانستدا ناگونجێت، بەڵام لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەکان دەربارەی جوانی بووە یەکێک لە زانستەکان، کە بە (ئیستاتیکا) جوانیناسی ناسراوە، کە بنەما و ڕێسا و شێواز و پێوانەی تایبەتی خۆی هەیە، لەسەر بابەتی ئەدەبی و بوارەکانی تریش پراکتیزە دەکرێت، ئەو بیرمەند و ڕەخنەگرانەی پێچەوانە دەیانڕوانییە بەزانستیکردنی ئیستاتیکا و پۆزشەکانیان ئەوە بوو، کە کاری هونەری و ئەدەبی کاتێک بە شێوەیەکی گشتی و زانستی شیدەکرێتەوە، هەستکردن بە جوانی نامێنێت، واتە بابەتە ئەدەبییەکە ئیستاتیکا لەدەستدەدات و بەهاکەشی دادەبەزێت؛ خاوەن ئەم بۆچوونەش هیگڵی ئەڵمانییە، کە دەڵێت: "بۆیە بیرۆکە لە چوارچێوەی ئیستاتیکادا بەرەو سەرەوە بە ڕێگەدا ناڕوات، هەروەک ئەو کارەی لە چوارچێوەی مەعریفەدا دەکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بیرۆکەکە بەرەوە پێشەوە دەڕوات تا دەگاتە تەواوی (کامڵبوون)، لێرەدا جوانی دەسڕێتەوە و نامێنێت"(زکارنة، ١٩٩٨، ٣٦)، زۆربەی فەیلەسوف و ڕەخنەگران لە سەردەمی مۆدێرنەدا، توانیویانە لە بواری ئیستاتیکادا ڕاوبۆچوونی گرنگی خۆیان بخەنەڕوو و پەرە بە چەمک و زانستی ئیستاتیکا بدەن، لەوانەش؛ دیکارت و بۆمگارتن و ولیەم هۆگارت و دیدرۆ و کانت و .....هتد.

١-٢-٤-١- ڕێنی دیکارت Rene Descartes (١٥٩٦_ ١٦٥٠ز):

دیکارت، بە دیارترین بیرمەندی سەردەمی نوێ دادەنرێت، کە خاوەنی بیرۆکەی (پرەنسیپی ڕێژەیی لە جوانییدا)یە، هەر بەوەش ناوبانگی دەرکردووە، پێیوایە "هونەرەکان بەرەو چێژی خودی سروشتی عەقڵ و چێژی خودی هەستی وێژدانی دەڕوات، بەڵام چانسی لایەنی هەستی زیاترە، چونکە ناکرێت لە جوانیدا بگەینە پێوانەی عەقڵی، کە دەکاتە بڕیاردانی ڕێژەیی جوانی، لەبەرئەوەی جوانی پشت بە یادگاری و هەوەسەکان و کەسێتیی تاکەکان دەبەستێت، کەواتە ناکریت جوانی بە پلەی ئیدراکی عەقڵی بگات" (ابوريان، ١٩٨٩، ٣٠)، واتە ئەوەی پێیدەوترێت بڕیاری ڕەها بوونی نییە، لەبەرئەوەی لای هەندێک پەسەندە و لای هەندێکیش ناپەسەند، "بۆیە بۆچوون و هەڵوێستەکانی دیکارت ڕێگەدەدات بە دەستتێوەردانی هەستەکان لەگەڵ لایەنەکانی پێوانە و خەملاندنی جوانیدا، هەست و هەوەسەکانیش دەگۆڕێن بە گۆڕانی

کات و شوێن لەمیانەی گرنگیدان بە بەشداریکردنی هەست و عەقڵ لە بەدەستهێنانی چێژی ئیستاتیکیدا، کە دەبێت بە نێوەندگیر لە نێوان جۆش و خرۆشی هەست، بۆئەوەی هاوسەنگی و هارمۆنی لە نێوان عەقڵ و هەستی مرۆیدا دروستبکات"(عباس، ١٩٨٧، ٨٤).

١-٢-٤-٢- ئەلکسەندەر گۆتلێب بۆمگارتن(١٧١٤_١٧٦٢ز):

گرنگترین بۆچوونەکانی بۆمگارتن، جیاکردنەوەی مەعریفەی باڵایە لە مەعریفەی ئاست نزم (خوارەوە)، "مەعریفەی باڵا چەمکەکان و بۆچوونەکان پێشکەشدەکات ئەوەش عەقڵیەتێکی پێوانەییە، کە بە ڕاستییەکانەوە گرێدراوە وەک: ئەندازە و بیرکاری و لۆژیک، بەڵام مەعریفەی نزم (خوارەوە)، ئەو مەعریفەیەیە، کە پەیوەندی بە هەست و سۆزەوە هەیە و پێوانە ناکرێت و دوورە لە لۆژیک و دڵنیاییەوە " (ابوريان، ١٩٨٩، ٣٥)، هەروەها مەعریفە هەیە "پەیوەستە بە بیرکردنەوەیەکی ئاواتخواز و ئاواتی نموونەییەوە، کە لە چاکەدا بەرجەستەدەبێت، ئەم دابەشکردنە لەژێر کاریگەریی ڕێرەوی هزریی دیکارتیدا ڕوویدا، کە هۆکار و هاندەربووە بۆ دابەشکردنی ڕاستییەکان "(غالب، ١٩٨٥، ٧٣)، بەپێی ئەو بۆچوونەی بۆمگارتن ڕووندەبێتەوە، کە ڕاستییەکانی دابەشکردووە و بە دوای شێوازە شیکارییەکاندا ڕۆیشتووە، بەڵام لە باسی ئەدەبدا "جەختی لە سەر پێویستیی گونجاویی بەشەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکە کردووەتەوە بە مەبەستی دروستبوونی هەستی گشتێتی و هارمۆنیەتی بەرهەمە ئەدەبییەکە بکریت " (زكانة، ١٩٩٨، ٣٩) .

١-٢-٤-٣- ولیەم هۆگارت William Hogarth (١٦٩٧_ ١٧٦٤ز) :

هۆگارت، بە دامەزرێنەری قوتابخانەی ئینگلیزی دادەنرێت لە ژێر کاریگەریی ئەزموونگەرییدا بووە و خۆشی ڕابەری هەمان قوتابخانەیە، " لەم قوتابخانەیەدا جوانییان بە هەستەوە گرێداوە، جیاوازییان لە نێوان هەستی پاک بە دیاردەی ئیستاتیکی و سوودوەرگرتن کردووە "(عبدالمنعم، ١٩٨٧، ١٢٤)، هەروەها هۆگارت زیاتر سەرنجی خستووەتەسەر ئەو "تایبەتمەندییانەی، کە پاڵنەرن بۆئەوەی بابەتەکە، یان شتەکە بە جوان، یان ناشیرین وەسفبکرێت، شێوەش بەخودەوە دەبەستێتەوە، جەخت

لەوە دەکاتەوە، کە سروشت و ئەو شێوە (فۆرم)انەی تێیدا هەن، هاوکار دەبن لە دابینکردنی بەها کۆکراوەکانیدا لە میانەی بیرکردنەوەی هەبوونی بابەتەکە، بۆئەوەی بیرۆکەیەکی کامڵ و تەواو دەربارەی بابەتەکە دروستبکات، کە وا دەکات لە نیوان کاری هونەری و سروشتدا بەراوردبکرێت "(ابوریان، ١٩٨٩، ٣٦)، لەو پرۆسەیەشدا سروشت دەبێتە پێوانەی یەکەم، کە جوانی پێ بپێورێت، هەروەها هۆگارت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، "هەندێک هۆکار هەن لەسەر چۆنیەتیی درکپێکردن و هەستکردنی ئیستاتیکا کاریگەرییان هەیە، وەک: ڕێژەیی و فرەیی و سادەیی و ئاڵۆزی و بەردەوامی، شتی تریش ...."(ابوریان، ١٩٨٩، ٣٦) ئاڕاستەی بیروبۆچوونەکانی هۆگارت بەرەو ئامانجی ڕەوشتی و ئاینی بووە، کە تێیدا گوزارشتی لە چاکە دەکرد، کە وا لە دەروونی خەڵکەوە نزیکە، بەڵام کاتێک گوزارشت لە خراپە دەکات، بە ناشیرین و بێزراو وەسفیدەکات، توانیویەتی لە ڕێگەی کارە هونەری و بیروبۆچوونە تایبەتەکانییەوە ئیستاتیکا پەرەپێبدات.

١-٢-٤-٤- **دەنیس دیدرۆ Denis DIderot**(١٧١٣_ ١٧٨٤ز):

دیدرۆ، نووسەر و فەیلەسوفی ئەڵمانی، یەکێکە لە گرنگترین و یەکەمینەکان، کە مامەڵەی لەگەڵ ئیستاتیکادا کردووە، بە شێوەیەک کە ڕیگەی بۆ سەرهەڵدانی تێورە نوێکانی ئیستاتیکا خۆشکرد، گرنگترین ئەو بابەتانەی، کە دیدرۆی فەیلەسوف جەختی لەسەر دەکردەوە؛ "تەمەن و پلەی شارستانیەتی ئەو سەردەمەی مرۆڤ تێیدا دەژیت، گەورەترین کاریگەری دەخەنە سەر درکپێکردن و هەستی مرۆڤ لە بڕیارە ئیستاتیکییەکانیدا "(هلال، ١٩٦٩، ٣٠)، ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات، کە بابەتە جوانەکان خودی خۆیان هەستی خەڵک ڕادەکێشن و دەبنە پاڵنەر لە ئیدراککردنیاندا، هەروەها جیاوازی دەکات لە نێوان خۆشی و چێژ و جوانیدا و، هەردوو هەستی بۆنکردن و چێژوەرگرتنی لە ئیدراک و هەستی جوانیدا دوورخستووەتەوە، چونکە ئیستاتیکا لە چێژ و سوودبەخشی باڵاترە، ئەم هەڵوێستەی دیدرۆ هاوشیوەی ئەفلاتوون و ئەرستۆیە، کاتێک جەخت لەوە دەکاتەوە کار دەبێت سوود بە ڕەوشت و چاکەکاری بگەیەنێت، بۆیە وادەردەکەوێت بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی دیدرۆ کاریگەر بووە بە ئەرستۆ کاتێک بۆ ئەوە دەچیت، کە "هونەر جوانکەرەو و تەواوکاری سروشتە

"(زكارنة، ١٩٩٨، ٤١)، چونكە كار و ئەركی هونەرمەند چاولێكەری دەقاودەقی سروشت نییە، بەڵكو ئەركی هونەرمەند ئەوەیە، كە ڕەگەزەكانی سروشت لە بەرهەمێكی هونەریدا جارێكی تر كۆبكاتەوە وڕێكیان بخات، نەک بە ئامانجی چاولێكەر، بەڵكو بە مەبەستی سوودوەرگرتن لەو پەیوەندییە ئیستاتیكییەی، كە لە نێوان بەشەكانی بابەتەكەدا هەیە، بۆ ئەوەی سەرچاوەی كار و بەرهەمە ئەدەبییەكە بۆ واقیعی ئەدەبی بگەڕێتەوە.

١-٢-٤-٥- **ئیمانۆیڵ كانت** Immanul Kant (١٧٢٤_١٨٠٤ز):

كانت، بە دامەزرێنەری فەلسەفەی نموونەیی ئەڵمانی و بە كاریگەرترین فەیلەسوف دادەنرێت، كە كاریگەری لەسەر فەیلەسوفانی دوای خۆی بەجێهێشتبێت، هەروەها دەستپێشخەرە لە بەكارهێنانی "زاراوەكانی (بڕیاری ئیستاتیكی، بڕیاری مەبەستدار) لە توێژینەوەكانیدا، لە كاتێكدا ڕەخنەگرانی پێش كانت باس لە ڕۆڵی چەشە دەكەن؛ كە چەشەی خودی بە تایبەتمەندییە كەسێكانی تاكەوە گرێدراوە، بەڵام چەشەی گشتی، گرێدراوی تایبەتمەندییە بابەتییەكانە، بەڵام كانت باس لە جۆری سێیەمی چەشە دەكات وەكو دۆزینەوە و داهێنان بۆ كانت دەگەڕێتەوە، ئەوەش جۆری بڕیاری سۆزدارییە، كە پەیوەستە بە چێژ، یان ئازارەكانەوە لە ڕێگەی وێناكردن و تێڕوانینە سەرتایبەكانەوە دروستدەبێت "(عباس، ١٩٨٧، ١٣٧)، بۆیە "بڕیاری ئیستاتیكی پەیوەستە بە چێژەوە، چێژ بەهرەی بڕیاردانی سەر شتە لە ڕێگەی هەستكردن بە چێژ، یان ئازار بە جۆرێكی خاڵیی لە سوود. بڕیاری چێژ بڕیارێكی مەعریفی نییە، بەڵكو بڕیارێكی ئیستاتیكیە و لە خودی خۆیدا بە هیچ شتێكەوە پەیوەست نییە، بەڵكو لەوەدا بۆی دەردەكەوێت، كە لەبەردەم خودا (ذات) خۆی نواندووە" (مجاهد، ٢٠١٣، ٨٠_ ٨١)، هەروەها كتێبی (ڕەخنەی بڕیار)ی كانت، كە لە ساڵی (١٧٩٠ز)دا بڵاویكردووەتەوە بە سەرەتا و بناغەیەكی گرنگ و بەهێزی ئیستاتیكا دادەنرێت، چونكە لەو كتێبەدا كانت جەخت لە بیروبۆچوونەكانی خۆی دەربارەی ئیستاتیكا و بەتایبەت بڕیاری خودی دەكاتەوە و گرنگیی زیاتری پێدەدات، كە پێیوایە ئەو بڕیارە خودییانە دەربارەی ئیستاتیكا لە ڕێگەی بەدەستهێنانی هەست و چێژەوە بە دەستدەهێنرێت، دواتر بیروبۆچوونەكانی كانت لەسەر سروشتی هارمۆنی و ڕێژەیی نێوان بەشەكانی

بابەتەکە خەملێوە، هەروەها "کانت لە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی (بلیبنتز و ڤۆڵف)دا بوو بە تایبەت لە بواری هزر و ویست (ئیرادە)دا، تاوەکو دوای خوێندنەوەی بەرهەمە فەلسەفی و فیکرییەکان (مەندلسون)، گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە هێزێکی مرۆیی سێیەم هەیە، واتە ئەوەش هێزی ویژدانە، کە لە ڕێگەی ویژدانەوە مرۆڤ هەست بە چێژ، یان ئازار دەکات، لێرەوە کانت دەستیکرد بە توێژینەوە و گەڕان بە دوای ڕەگەزە سەرەتاییەکان و بە ئەزموونیش گەیشتە ئەوەی، بیرۆکەی ((ڕەخنەی چەشە(زەوق)) و ئەویتریش، کە (ڕەخنەی بڕیار)بوو، بۆیە بەپێی ئاڕاستەی ئەم بۆچوونانە لە توێژینەوەکەیدا دەربارەی فەلسەفەی ئیستاتیکا باس لە دوو کێشەی گرنگ دەکات، ئەوانەش؛ بیرۆکەی ئیستاتیکی و ئامانج، یان بڕیاری ئیستاتیکی و ڕەخنەی بڕیاری مەبەستدار" (محمد، عباس، ٢٠٠٥، ١١٦)، بۆیە کانت بڕیاری ئیستاتیکی بە بڕیارێکی ڕامانی فیکری دەزانێت، کە چێژ، یان ئازار بەرهەمدەهێنێت، بەپێی ئەو بڕیارە ئامانجدارەی، کە لە خودی خۆماندا بەدیدێت، هەروەها بۆچوونەکانی کانت، جیاوازە و لەگەڵ بۆچوونەکانی دیدرۆدا و یەکناگرنەوە، چونکە دیدرۆ پێیوایە، کار و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری جوانی، پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە بە پلەیەکی باڵاتر لە سۆز، بەڵام کانت پێیوایە بڕیاری ئیستاتیکی بەهۆی تایبەتمەندییەکانییەوە لە بڕیاری عەقڵی و ڕەوشتی دووردەکەوەێتەوە، لەبەرئەوەی پێویستی بە زەوقە و هیچ پەیوەندییەکی بەو قازانجەوە نییە کە بەدەستی دەهێنێت، هەر ئەوەندە بەسە کە کارە هونەرییەکە جوان دەربکەوێت.

لەمیانەی خستنەڕووی بیروبۆچوونەکانی کانتەوە دەربارەی ئیستاتیکا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کەوا چەمکی جوانی لە فەلسەفە و ڕێبازی کانتیدا بە خۆشیی و چێژەوە پەیوەستدەکات، ئەو خۆشی و چێژەش لە گونجان و هاوئاهەنگی لە نێوان خەیاڵ و هزردا دێتەکایەوە و دەبنە هۆکاری تەواو بۆ پێناسەکردنی چەمکی جوانی، چونکە لای کانت مەرجی هەستکردن بە جوانی، بە ویژدانەوە پەیوەستدەکات، هەر ویژدانیش کونترۆڵی بیروبۆچوونە ئیستاتیکییەکانی مرۆڤ دەکات، لە ڕێگەی هاوئاهەنگی لە نێوان خەیاڵ و هزری مرۆڤدا، ئەوەش ئەو جوانییەیە، کە بێ مەبەست و سوود دێتەکایەوە.

کانت چەشەی ئیستاتیکی بە هەست و زانینەوە دەبەستێتەوە و ماوەکانی بڕیاردانی چەشەی هەستی بۆ چوار بەش دابەشدەکات، کە بریتین لەمانە:

" ١_ لە ڕووی چۆنێتییەوە: جوانی ئەو شتەیە، کە مرۆڤ ئاسوودە دەکات و چێژی پێ دەبەخشێت بە بێئەوەی لە پشت ئەم ئاسوودەییەوە سوودێکی دیاریکراو، یان مەبەستێک هەبێت.

٢_ لە ڕووی چەندێتییەوە: جوانی ئەو شتەیە، کە بە ڕێگایەکی گشتگیری تەواو ئاسوودەمان دەکات بە بێ بەکارهێنانی بۆچوونە عەقڵییەکان .

٣_ بەپێی ئامانجە بەرچاوگیراوەکانی: جوانی فۆرمی ئامانجداری بابەتێکە تا ئەو ڕادەیەی، کە ئەو فۆرمەی تێیدا بەدیدەکرێت بە بێئەوەی ئامانجەکە بەدەستەوە بدات .

٤_ بەپێی ڕادەی چێژوەرگرتن لە شتەکە: جوانی ئەوەیە، کە بەبێ تێگەیشتن؛ بە بابەتی لەزەتێکی حەتمی بزانرێ" (مستەفا ، ٢٠١٩ ، ٣٣)

١-٢-٤-٦- جۆرج ویلهلم فردریک هیگڵ (Georg Wilhelm Friedic Hegel)(١٧٧٠_١٨٣١ز):

هیگڵ، یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی، کە گرنگی و بایەخێکی زۆری بە چەمکی جوانی دەدا و ڕۆڵی هەبووە لە بەرەوپێشچوونی ئیستاتیکادا، چونکە "ئەگەر روح بچێتە سەر نموونەی باڵا (ئایدیاکان)، ئەوە بەرەو ڕاستیی جوانی و خوداناسی دەڕوات، بەپێی ئەم بۆچوونە ئاڕاستەی بۆچوونەکانی سەبارەت بە فەلسەفە و هونەر و ئایین ڕووندەکاتەوە " (ابوریان، ١٩٨٩، ٤٩)، بیروبۆچونەکانی هیگڵ لە کانت جیاوازە، هیگل پێیوابوو، جوانیی ڕاستەقینە ئەو جوانییەیە، کە بیرۆکە لە ناوەڕۆکدا بەرجەستەببێت" (هلال، ١٩٦٩، ٣١٦)، بە پێی بۆچوونەکانی هێگل "جوانیی ڕاستەقینە خۆی لە (بیرۆکە) و (ناوەڕۆک)دا دەبینێتەوە بە پێچەوانەی کانت، کە جوانی لە فۆرمدا دەبینێت، تا ئەو ئاستەی جوانی لای هێگڵ بریتی بێت لە بیرۆکە، کە ئەو تێڕوانینە لە ڕێڕەوی مێژوودا گەشەیکرد و لە فۆرمەوە گۆڕا بۆ ناوەڕۆک"(زکارنة، ١٩٩٨، ٣٧)، ئەم بۆچوونەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی کانتە، کە پێیوایە جوانی خودییە و لە فۆرمدا

بەرجەستەدەبێت، بۆیە جوانی لای هیگڵ هێنانەدی واقیعی بیرۆکەکانە، جوانیی سروشتییش بە جوانی نازانێت، بەڵکو جوانیی هونەری بەجوان دەزانێت، چونکە جوانیی هونەری لە ڕوحی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوەدەگرێت و ڕۆحیش لە سروشت باڵاترە، هەروەها سنووری جوانی لە "بیرۆکەی ڕەها، یان ڕۆحی ڕەهادا دیاریدەکات و جەخت لە ئامرازی درکپێکردنی جوانی دەکاتەوە، کە تەنها لە ڕۆحدا دەکرێت، چونکە ئەوەی ڕۆحە تەنها بەڕۆح درکیپێدەکرێت، هەر لەژێر تیشکی ئەم بۆچوونانەدا سروشت دووردەخاتەوە" (بوملحم، ١٩٩١، ١١٥)، هیگڵ گرنگی و بایەخێکی زۆری بە جوانیی هونەری داوە و یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی، کە زیاتر توێژینەوە و خوێندنەوەکانی لە بواری ئیستاتیکادا ئەنجامداوە و زیاتر قوڵبووەتەوە و چەندین کتێبی بەنرخی لە بوارەکەدا هەیە، خاوەنی دەستپێشەخەریی گەورەیە لە دەرکەوتنی ئیستاتیکا بەو وێنە و شێوازە نوێیەی کە هەیە، بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی هیگڵ کاریگەریی گەورەیان لە سەر دەرکەوتنی تیۆرە نوێیەکان و ململانێ فەلسەفی و هونەری و ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم هەبووە.

## ١-٢-٥- ئیستاتیکای سەدەی بیستەم:

ئیستاتیکای هاوچەرخ، لە ژێر کاریگەریی مۆدێرنەدا، بەو بیروبۆچوونانەی، کە ئەم دوو چەمکەی هێناویانەتەکایەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەهەمدا، چەندین ئاراستە دەربارەی فەلسەفەی ئیستاتیکا و ئیستاتیکای هاوچەرخ دەرکەوتن وەک؛ ئاڕاستەکانی (میتافیزیکی، فینۆمینۆلۆژیا)، کە هنری برجسۆن و ئەدمۆند هرسڵ ڕابەرایەتییان دەکرد:

### ١/٥/٢/١- هنری برجسۆن Henri Bergson (١٨٥٩_ ١٩٤١ز):

هنری برجسۆن، فەیلەسوفی فەرەنسی، بیرۆکە سەرەکییەکەی ئەوەیە، کە (جیهانی فیزیکی) لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو هێزەدایە، کە پێیدەڵێن: "هێزی پاڵنەری زیندوو ( ElanVital)، هونەریش لە سەر بنەمای درکپێکردن بنیادنراوە، درکپێکردنیش تێگەیشتنی ڕاستەوخۆیە لە واقیع، کە هزر ناتوانێت لێیتێبگات، چونکە درکپێکردن دەکەوێتە نێوان ئەنگیزەکان و، ....... و هزری مرۆڤەوە " (عبدالحمید، ٢٠٠١، ١٢٠)، بۆیە برجسۆن پێیوایە ئەوەی واقیع کۆنترۆڵ دەکات هەستە و ناشتوانن لە واقیع بگەین تەنها لە ڕێگەی هەستەوە نەبێت، هەروەها "هەستکردنی ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی پەسەند دەزانێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی تایبەت دەربارەی جیهانی بەردەوامی، کە چالاکیی هونەری و ئەدەبی یەکێکن لە بەرجەستەبووەکانی، ئەوەش دۆخی یەکگرتنە لە گەڵ بابەتەکەدا، کە مرۆڤ دەیەوێت لێیتێبگات، هەست لای برجسۆن ڕێگەیەکی پەسەندە بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە و هونەر بە ڕەنگدانەوەی هەست و بە ئامرازێک لە ئامرازەکانی درکپێکردنی دەزانێت" (عبدالحمید، ٢٠٠١، ١٢٠)، بۆیە هەستکردن لای برجسۆن بە ڕێگەیەکی پەسەند دادەنرێت، چونکە جوانیی ئەدەبی و هونەری ئاشکرایە و دیارە، بەبێ بەکارهێنانی هزر و هەستی بینین و خۆی لە کارە هونەری و ئەدەبییەکاندا بەرجەستەدەکات، بیرکردنەوەی ئیستاتیکی و درکپێکردنی جوانی لەمیانەی هەستکردنەوە دێتەکایەوە، هەروەها برجسۆن پێیوایە ئیستاتیکا دەمانگەینێتە جوانی ڕاستەقینە، کە دەڵێت: "شت بە ئاماژە تەواو و کامڵ نابێت لەبەرئەوەی بە جوان وەسفدەکرێت، بۆیە بە جوان وەسفدەکرێت، چونکە کامڵە بە ئاماژە و سروش"

(عوض الله، ٢٠٠٣، ٣٩٧)، چونکە بابەتی هونەری و ئەدەبی و تەنانەت شتە جوانەکان بە جوان وەسفناکرێن تاوەکو کامڵ و تەواو نەبن بە هەموو هێماو ئەماژەکانی پەیوەست بە وردی و درشتیی بابەت و شتەکانەوە، ئەوەش جوانی بە ڕوحەوە پەیوەستدەکات.

١-٢-٥-٢- ئیدمۆند هۆسرڵ (Edmund Hussrl )( ١٨٥٩_١٩٣٨ ز):

هۆسرڵ (هرسل)، هەوڵیدا کێشەی درک پێکردنی هەستی و مەعریفە بە شێوەیەک چارەسەر بکات و دوالیزمی خودی و بابەتی تێپەڕێنێت، بۆیە"چارەسەرییەکەی لە (مەبەستداری)دا خۆی بینییەوە، کە دەبێتە هۆکاری بەستنەوەی (خود و بابەت و هۆشیاری) بە ئاڕاستەی بەردەوامبوون بەرەو بابەتی" (عبدالحمید، ٢٠٠١ ، ١٢٧)، هەربۆیە هۆسرڵ هەوڵیدا پەیوەندییەک لە نێوان هونەرمەند و بابەتەکەیدا بدۆزێتەوە، ئەوەش لە ڕێگەی هۆشەوە، کە بە ئاڕاستەی بابەتەکەیدا بێت، یان لە ڕێگەی مەبەستی هونەرمەندەوە بێت، کە لە پشت بەرهەمهینانی ئەو کارە هونەرییەوەیە، بۆیە هۆسرڵ پێیوایە، کە "ئامانجی درککردنی ئیستاتیکی، مەبەسەتی بینییە، یان ئەو دەلالەتەیە کە کارە هونەرییەکە دەیخاتەروو" (عبدالحمید، ٢٠٠١، ١٢٣)، چونکە جوانی لای هۆسرڵ (مەبەست)ەکەیە، کە خودیەت و بابەتیبوون بە یەکەوە گرێدەدات و لەم بۆچوونەشدا هایدگەر هاوڕایە لەگەڵ هۆسرڵدا جوانیی خودی و بابەتی پێکەوە گرێدەدات، چونکە هایدگەر دوای شیکردنەوەی تابلۆی (پێڵاوی ئافرەتێکی جوتیار)ی ڤان کوخ " گەیشتە ئەو بڕوایەی، ئەوەی ڕوودەدات لە کارێکی هونەریدا، ئەوە (ڕاستەقینەیە)، چونکە ئەو تابلۆیە ماهیەتی ئەو پێڵاوەی ئاشکراکرد، کە (ڕاستەقینەیە)، پێیوایە کاری هونەری، دووبارەکردنەوەی پێناسێک نییە ........ ، بەڵکو پێچەوانە و دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنانەوەی گەوهەری گشتییە بۆ بابەتەکە "(عبدالحمید، ٢٠٠١، ١٢٣)، بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لای هایدگەر گوزارشتکردنی ڕاستەقینەیە لە ماهیەتی بابەتی هونەری و ئەدەبی، کە بە تێڕوانینی هایدگەر دووبارە ئەفراندنەوەی بابەت و بەرهەمهێنانی گەوهەرە گشتییەکەیەتی.

مۆدێرنە، کە هەڵگری بیرۆکەی هاوچەرخە و کاریگەریی گەورەی لەسەر بیری ئیستاتیکای هاوچەرخ داناوە، مەیلی (هونەر بۆ هونەر) دەرکەوت، کە داوای دەکات

هونەر لەپێناو هونەردا بێت بەبێئەوەی پەیوەست بە بەها ڕەوشتیی و بەهاکانی ترەوە بکرێت، لێرەشەوە ئەو بیرۆکەیە سەریهەڵدا، کە بابەتە هونەریی و ئەدەبییەکان لە ناوەڕۆکدا هەڵگری (جوانی، ناشیرینی)نین، چونکە جوانی و ناشیرینی لە تابلۆیەک، یان لە دەقی ڕۆمانێکدا ئامانج نییە، بە پێوانەی گرنگیی کاریگەریی بەرهەمە ئەدەبییەکە لەسەر بینەر و خوێنەر.

## ١-٣- خەیاڵ: زاراوە، چەمک و پێناسە.

### ١-٣-١- زاراوەی خەیاڵ:

زاراوە، یان وشەی خەیاڵ لە بەرامبەر زاراوەی ( Imagination)ی ئینگلیزی و وشەی(خيال)ی عەرەبی، لە زمان و ئەدەبی کوردیدا زاراوەی(ئەندێشە)ش بەکاردەهێنرێت، بنەچەی زاراوەکە بۆ وشەی (Imaginer)، دەگەڕێتەوە، کە لە وشەی(Imaginari)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، بە مانای خەیاڵکردن دێت، بەڵام لە فەرهەنگی ئەدەبیدا بەمشێوەیە هاتووە "لە ڕووی زمانەوانییەوە، لە وشەی خەیاڵ ـ fiction لە fictio و fictus ـ ی لاتینییەوە هاتووە، کە بە مانای درۆ و شتێکی هەڵبەستراو دێ ئینجا fictive و fictionnel ـ ی لێ دروست بووە، کە ئاوەڵناون و بەو مانایە دێ، کە ئێمە مەبەستمانە واتە ناوەڕۆکێکی خەیاڵی، ئەندێشەی ئەدەبی"(عومەر، ٢٠١٢، ١١١)، "بۆ یەکەم جار لە سەدەی دوانزە لە زمانی فەرەنسیدا وەک ئاماژەیەک بەکارهێنراوە بۆ ئەو توانایەی، کە لە هزردا هەیە بۆ پێشاندانی وێنەکان " (Robert, ١٩٧٧ , p٥٩٨)، هەروەها خەیاڵ "ئەو توانایەیە، کە لە هزردا هەیە بۆ خەیاڵکردن و وێناکردن و یادکردنەوە، یان خوڵقاندن و داهێنان و پێکهێنانی وێنەکان " (Larousse parie, Jean pierre , geneviere, ١٩٧٧ , tome ١p٩٣٤)، زاراوەی خەیاڵ لە فەرهەنگی نۆبەرەدا بەمشێوەیە هاتووە "١_ ڕەشانگ، تاپۆ، ئاسۆ، سێبەر، نیسێ، سەهێن، تارمایی. ٢_ کەڵکەڵە، دوژارە، دوراژە، چەندە خەون. ٣_ ڕامان، گومان. ٤_ هزر، بیر، یاد، ویر، هویر،....هتد" (موکریانی، ٢٠١٧ ، ٢٢٥). بەڵام لە زمانە ئەوروپییەکاندا زاراوەی ( Fiction) بەرامبەر بە خەیاڵ بەکاردەهێنرێت، "کە مانایەکی بەرینی هەیە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بریتییە لەو مانا ئەدەبییەی، کە بە: (دروستکردنی جیهانێکی ئەندیشەـConstrution de imagination) دێت. ئەمەش لە چیرۆکی خەیاڵی و هەقایەت و ڕۆمان و ڕۆمانی خەیاڵی زانستیدا هەیە ئەمەی دوایی ڕاستەوخۆ پێی دەگوترێت ـ Scince fiction، واتە چیرۆکی خەیاڵی زانستی" (عومەر، ٢٠١٢، ١١٠_ ١١١)، تیری ئیگلتنیش پێیوایە "(Fiction) دەستەواژەیەکی گشتی و ناڕوونە بۆ گوزارشتکردن لە کاری پەخشانی خەیاڵی، کە زۆربەی کات ئەم چەمکە بۆ ڕۆمان و چیرۆک و ڕەگەزەکانی پەیوەست بە گێڕانەوە بەکاردێت " (ایغلتون، ٢٠٠٦، ٧).

له فەرهەنگی زاراوەی فەلسەفی و ڕەخنەیی لالاندا، زاراوەی (Imagination) بە دوو مانا هاتووە"یەکەم: توانای پێکهێنان و پێکەوەنانی خەیاڵەکان، بە خەیاڵی کۆپیکراو، یان یادگەی خەیاڵەکان ناودەبرێت.

دووەم: توانای پێکهێنان و پێکەوەنانی خەیاڵە لە تابلۆکاندا، یان تونای لاساییکردنەوەی واقیع و دیاردە سروشتییەکانە، بەڵام هیچ شتێکی واقیعبینانە، یان ئەو شتەی بوونی هەبێت، نایانخاتەڕوو " (لالاند، ٢٠٠١ ، ٦٠)، ئەم زاراوانەش لە هەمان فەرهەنگدا هاتوون، کە پەیوەندییان بە خەیالەوە هەیە، وەک: خەیاڵی داهێنەرانە ، خەیاڵی تازەگەری، خەیاڵی بەدواییەکداهاتوو، خەیاڵە جۆراوجۆرەکان"(لالاند، ٢٠٠١، ٦٠). لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویێت: ((يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى ... )) ( القرآن الكريم، ٢٠٠٩، سورة طه، الآية ٦٦، ٣١٦)، لەو ئایەتە پیرۆزەدا وشەی (يُخَيَّلُ) بە واتای (وێناکردن، یان وا دەردەکەوت، یان وا دەهاتە بەرچاویان)، کە ئەم وشانەش هەڵگری جۆرە وەهمێکن.

لە (لسان العرب)دا، بەمشێوەیە باسی خەیاڵ دەکات "(خيل: خال الشيء يخال خيلا وخيلة وخالا وخيلا وخيلانا ومخالة ومخيلة وخيلولة: ظنه، وفي المثل: من يسمع يخل أي يظن ، وهو من باب ظننت وأخواتها... )، یان خەیاڵ: ئەوەیە لە زیندە خەون و خەوندا وێنای دەکەیت، .... ، هەروەها خەیاڵ، پارچە پەڕۆیەکە، کە دەدرێت بەسەر دارێکی چەقێنراو لە زەویدا، بۆئەوەی ئاژەڵ و باڵندەکان بە مرۆڤ لێیتێبگەن(داهۆڵ)" (المصري، ١٩٩١، ٢٢٦، ٢٢٧)، (بن فارس )یش بەمشیوەیە لە خەیاڵ دواوە "خەیاڵ کەسە، لە بنەڕەتدا ئەوەیە، کە مرۆڤ لە خەوندا دەیبینێت، چونکە وا بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت و دەگۆڕێت ،... ،هتد

ـ خەیاڵم لە ئاسمان کردەوە: ئەگەر ئامادەی بارانبارین بێت، ئەوا دەبێت لەو کاتەدا ڕەنگی ئاسمان بگۆڕێت" (زكريا، ١٩٩١، ٢٣٥، ٢٣٦ )، لە (لسان العرب المحيط)دا هاتووە " خەیاڵی هەر شتێک بکەی، وەک تارمایی (سێبەر) دەیبینیت، هەروەک خەیاڵی مرۆڤ لە ئاوێنەدا، خەیاڵیش: ئەوەیە وەک ئەو دارە چەقێنراوە وایە بۆئەوەی بزانرێت، یان وا دەرکەوێت ئەو جێگەیە قەدەغەیە نزیکی مەبەوە" (المنظور، ١٩٩١، ٩٣٢)، لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکانی (مجدى وهبه)دا هاتووە "أ_ خەیاڵ ئەو توانا هزریەیە، کە

دەتوانیت وینەی شتەکان، کەسەکان پێکبێنێت (بخولقێنێت)، ب _ خەیال هێزێکە ئەو شتانە دەپارێزێت، کە هەستە هاوبەشەکان درکیپێدەکەن لە وێنە هەسپێکراوەکاندا بە بێ ئامادەبوونی ماددەکە" (وهبە، ١٩٨٣، ١٦٤)، هەروەها (جمیل صلیبا) لە فەرهەنگە فەلسەفییەکەیدا دەڵێت:"خەیاڵ: کەسە، شەبەنگە، وێنەی پەیکەری ئەو شتەیە، کە لە ئاوینەدا هەیە وەک ئەو وێنەیەی، کە لە زیندە خەوندا هەیە، هەروەها گومان و وەهمیشە"(صلیبا، ١٩٩١، ٥٤٦)، دەتوانین بڵێین "خەیاڵ (Imagination)، دروستکردن و پێکهێنانی وێنەیە، یان چەمکە هزرییەکانی ئەو شتانەیە، کە لەناو هەستەکاندا بوونیان نییە، وەک ئەوەی ڕاستەقینە بن، یان ئەو توانا هزرییەیە، کە ڕێگەدەدات بە بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە بە دیدێکی فراوانەوە "(نصار، ٢٠١١، ١١٢)، خەیاڵ لە ڕووی دەروونناسییەوە"ئەو وشەیەیە لە شێوەی وێنەی هزریدا، یان وێناکردندا ( imagery)، یان خەیاڵ، خەیاڵکردن (Imagination )دا، دارێژراوە، ئەو وشەیەش هەموو ئەو بابەتانەی، کە بە خەیاڵ و توانای داهێنانەوە پەیوەستن، دەخاتەڕوو" (الشربيني، ب.ت، ٨٥)، دەکرێت بڵێین خەیاڵ" توانای داهێنان، یان هۆشیاریی هونەرمەندێک بێت، کە توانای خۆی دەردەخات  لە وێناکردن و خوڵقاندنی بەرهەمە هونەرییەکەیدا، لە بواری ئەدەبیشدا، پێدەچێت خەیاڵکردن بینایەکی وەهمی بێت، کە هزر لەسەر بنەمای داهێنان جێبەجێیبکات "( Bacry, Houssemaine ,١٩٩٩, p٧٨٢ )، دەتوانین بڵێین خەیاڵ توانایەکی هزرییە بۆ وێناکردنی شت و کەس و ڕووداوەکان، چ واقیعی بێت، یان ناواقیعی، یان ئەوەی لە توانای درکپێکردندا نییە، یان بەو واتایەی خەیاڵکردن بیرهێنانەوەی بیرگە (یادگە)یە بۆ شت و بابەتە درکپێکراوەکان و ئەزموونە خودییەکان.

## ١-٣-٢- چەمک و پێناسەی خەیاڵ:

خەیاڵ، یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکی و بنچینەییەکانی داهێنانی ئەدەبی و هونەری، سەرچاوە و کانگەیەکی سەرەکی و بەپێزی هەموو بیرۆکەکانی خوڵقاندن و داهێنان و نوێگەرییە لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، هەروەها "مەبەست لە خەیاڵ، توانای دانانی پێکهاتەی ئەدەبییە لە چۆنییەتیی گونجان و سازاندن لە نێوان وێنە و دیمەن و هەڵوێستە جیاوازەکان و تواندنەوەی بیر لە بۆتەی کارێکی ئەدەبیدا، بۆئەوەی وێنەیەکی داهێنراوی نوێی پێچەوانەی واقیع ببەخشێت، کە کاریگەری لە وێژادنی وەرگر بکات و توانای بداتێ لە وێناکردنی جوانی لە کاری ئەدەبی و چێژوەرگرتن لێی"(کریم، ٢٠١٧، ١١٠)، چەمکی خەیاڵ زۆرجار لەگەڵ ڕۆمان و چیرۆکدا بەتایبەتیش لە گەڵ ڕۆماندا پەیوەستدەکرێت، پێدەچێت ئەمەش بۆ ئەوەی نکوڵی لە سیفەتی ڕیالیزم و جیاکردنەوەی ڕۆمان بێت، لە مێژوو و لکاندنی بە جیهانی داهێنانی ئەدەبییەوە، ڕۆژئاواییەکان پەرەیان بە چەمکی (خەیاڵ)دا تا گەیشتە ئەوەی خەیاڵ وەکو تیۆرێکی سەربەخۆ تەماشا و لێکدانەوەی بۆ بکرێت و ڕەخنەی نوێش بە " تیۆری جیاکردنەوەی نێوان گوتاری خەیاڵی و گوتاریی کانگایی بزانێت و مامەڵەی لە گەڵدا بکات"(حجر، ٢٨/٤/٢٠١٠)، لە بنەڕەتدا خەیاڵ (Imaginaire) لە وشەی (Imaginarius)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە"مانای خەیاڵاوی دەگەیەنێت و ئاماژە بۆ ئەو داتا هزرییانە دەکات، کە لەگەڵ واقیعی مادیدیا یەکناگرنەوە، وەسفی ئەو شتانە دەکات، کە بوونیان نییە، تەنها لە خەیاڵدانی مرۆڤدا نەبێت، ئەوەش بەرەو وێنەیەکی هونەری دەمانبات"(لالاند، ٢٠٠١، ٢٤١)، چونکە "خەیاڵکردن پرۆسەیەکی ئامانجدارە لەلایەن داهێنەرەوە بە مەبەستی وروژاندنی وەرگر (خوێنەر)"(محمد، ٢٠٢١، ١٢)، هەروەها خەیاڵ"ئەفرێنەری وێنەکانە و توانای بەرهەمهێنانی پێکهاتە جیاوازە ناتەباکانیشی هەیە، دروستکەر و خوڵقێنەری پەیوەندییەکانە لەنێوان شتەکاندا ( fabiani, ٢٠٠٩ , ٢١٨)، "هەر ئەندێشەیە دەتوانێت بابەتەکان ڕەنگاوڕەنگ بکات و ڕەنگ و سیمای جوانیان پێببەخشێت و لە جێی خۆیان بەرزیانبکاتەوە و باڵیان بۆ بڕسکێنێت و بیگەیەنێتە حەفت تەبەقەی ئاسمان، شتی مردوو زیندووبکاتەوە و ڕۆحێکی ئەفسوناوییان پێببەخشێت و بیفڕێنێت، بۆ ئەو دیوی عەقڵ و سەرسامی و

چێژ و گەرموگوڕی بە خوێنەری دەق بدات"(عیسی، ٢٠٠٩، ٥٢)، هەرچەندە "ئەفلاتوون خەیاڵکار وەک وێنەگرێک، یان نیگارکێشێک پێناسەدەکات، کە وێنەی شتە درکپێکراوەکانی لە ناخی خۆیدا کێشاوە، کە لە هەستەوەرەکانەوە وەریدەگرێت و دواتر دەبنە بابەتی بیرۆکەکان" (الربيعي، ٢٠١٢، ٤٠)، بۆیە(یوسف الادریسی) دەڵێت: "وێنەی خەیاڵی لە ئاستی هزری ئەبستراکت و دەروونییەوە گۆڕا، لە فۆرمێکی نواندنی و ڕواڵەتێکی هەستپێکراودا پێکهێنرایەوە، هەروەها لە بنچینەدا شێوازێکە لە پەیوەندییەکانی نێوان وێنە و داینەمیکی بونیادی پێکهێنانی بنەماکانی خەیاڵ" (الادريسي، ٢٠٠٥، ٨)، دەتوانین بڵێین "خەیاڵ شێوەپێدانە بە کەسێک کە نائامادەیە، بەو مانایەی دروستکردنی، یان شێوەپێدانی دووەمە بە کەسێک، کە ناواقێعی و ئەگەرییە" (ولصون، ٢٠٠١، ٥)، هەروەها هەندێکجار "وشەی خەیاڵ بەرامبەر وشەی (Fictoin)ی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، کە مەبەست لێی ئە جۆرە ئەدەبەیە، کە وەسفی ڕووداو و کارەکتەرەکان بە شێوەیەکی خەیاڵی دەکات، کە بە هیچ شێوەیەکی هاوشێوەی واقیع، یان ڕاستی کانگایەکان نییە، هەروەها خەیاڵ بە مانای ئەو شتە دێت، کە خولقێنراو و داهێنراوە بە بێئەوەی بنەمای ڕاستەقینەی هەبێت" (الهبطي، ١٩٩٦، ٧٢)، چونکە"خەیاڵ فراوانی خاسیەتێکی ترە، کە لە کەسایەتیی داهێنەرە جۆربەجۆرەکان بوونی هەیە، بە جۆرێک داهێنەر بەهۆی هێز و توانای خەیاڵکردن و خەیاڵ فراوانی لە خەڵکانی ئاسایی جیادەبێتەوە"(مەلازادە، ٢٠١٦، ١٤٨)، بۆیە "هیچ کات ناکرێت لە دەرەوەی پرۆسەی خەیاڵکردن و هێزی خەیاڵ لە بەرهەم و داهێنانی مرۆڤایەتی بە تایبەت ئەدەب و هونەر بڕوانین، چونکە خەیاڵ بەرلە ئەوەی بنەمایەکی تیۆری بێت لای تیۆریستێک، ئەوا خۆی لە خۆیدا لە ئەدەبناسیدا خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکییە و بەرهەمە جیاجیاکانی ئەدەب پەیوەستە بە هێز و جیهانی خەیاڵی شاعیر و نووسەرەوە" (مەلازادە، ٢٠٢٠، ٤٦٣_٤٦٤)، لە ڕووی دەروونییەوە چەمکی خەیاڵ بە"چالاکیەکی دەروونییە و لە ڕێگەیەوە پرۆسەکانی تێکەڵبوونی نێوان پێکهاتەکانی یادگە و تێگەیشتن و درکپێکردن و ئەو وێنە زەینییانەی، کە پێشتر لە ڕێگەی ئەزموونەکانی ڕابردووەوە دروستبوون، دەرئەنجامەکانی هەموو ئەمانە پێکهاتە و فۆرمی زەیینی نوێ دروستدەکات "(عبدالحميد وخليفة، ٢٠٠٠، ١٢٦)، هەروەها ئەدلەر پێیوایە: "خەیاڵکردن واتا دووبارە بنیاتنانەوەی تێگەیشتن، دووبارە پێکهێنانەوەی

پەیبردن"(ئەدلەر، ٢٠٠٨، ٦٩)، بەختیار دەڵێت "لەڕاستیدا من خەیاڵ وەک لەیەکدان و تێکەڵکردنی چەندەها وێنەی جیاوازی واقیع تەماشادەکەم، کە دواجار وێنەیەکی دونیامان دەدەنێ لە هیچ یەک لە وێنەکانی پێشوو ناچێت"(عەلی، ٢٠٢١، ١٥٦)، جۆرە تێکەڵاوییەک لە چەمکی خەیاڵدا بە دیدەکرێت، چونکە چەمکەکانی خەیاڵ هەندێکیان هەڵگری لایەنی دەروونین و هەندێکیشیان فیکرین و ئەوانیتریش ئەدەبین، هەمووشیان ئاماژە و گوزارشت لە یەک شت دەکەن، دەچنە سەر ئەوەی، کە خەیاڵ توانای نووسەری داهێنەرە لە وێناکردنی شتەکان، کەسەکان، ڕووداوەکان، شوێن و کاتەکانە، ئەمەش یەکێکە لەو پێناسە و پرسانەی، کە جیاوازی لە نێوان خەیاڵ و خەیاڵکردندا دەکات، وەک (ڕێنییە ویلیک) دەڵێت: "خەیاڵکردن توانایەکە کاریگەریی بەهێز لە توخمە سادەکانەوە بەرهەمدەهێنێت، لە کاتێکدا خەیاڵ توانایەکە، بەهۆی هەمەجۆریی هەڵوێستەکان و خەیاڵە عەمبارکراوەکانەوە، چەشە و چێژ و سەرسورمان دەهەژێنێت"(ویلیک، ١٩٩٨، ٢٥٢)، بۆیە خەیاڵکردن پرۆسەیەکە، کە هێز و توانای خەیاڵی نووسەری داهێنەر بەرهەمیدەهێنێت، زاراوەی "خەیاڵی داهێنەرانە، وەک دۆزینەوەی فۆرم و تێگەیشتنی نوێ لە ناوەڕۆکە کۆنەکاندا لەیەکدەدرێتەوە "(عبدالحمید، ١٩٨٧، ١٢٨)، خەیاڵی داهینەرانە" ئەوەیە، کە خەیاڵ ئەو توخمە نوێیانە بەرهەمدەهێنێت، کە لە پێکهێنانی وێنە نوێیەکاندا بەکاریدەهێنێت، وەک ئەوەی، کە خەیاڵکردن لە لێکچوون و میتافۆردا لەخۆدەگرێت، لێکچوونیش وەک ئەوەی "کە (نابغة الذبیانی) دەڵێت: (**بأنَّك شمسٌ والملوك كواكب ... إذا طَلَعتَ لم يَبْدُ منهنّ كَوكَبُ**) کردەی خەیاڵ لەم دێڕەی سەرەوەدا هێنانەوەی وێنە لێکچووەکەی خۆر و هەسارەکانە و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان هاوشێوە خەیاڵکراوەکاندایە" (التونسي، ١٩٢٢، ٢٠)، (جابر عصفور) دەڵێیت: "خەیاڵ توانای پێکهێنانی وێنە زەیینیەکانە بۆ ئەو شتانەی، کە بەردەستی هەستەوەرەکان نین، پێدەچێت ئەو وێنەیەی، کە لە ڕێگەی توانای خەیاڵەوە پێکهێنراوە، لە شوێنێکی جیهانی واقیعدا هەبێت، یان لەوانەیە پەیوەندی بەڕابردوو، یان ئێستا، یان داهاتووەوە هەبێت، پێدەچێت لەوەش زیاتربێت سەر بە هیچ کام لەو ماوە زەمەنییە دیاریکراوە و پەیوەندیشی بە جیهانی واقیعیشەوە هەر نەبێت "(عصفور، ٢٠٠٩، ٩)، هەروەها "خەیاڵ هەوڵدانی مرۆڤە بۆ ڕزگاربوونی لە کۆتوبەند و بەربەست و سنوورەکانی کات و شوێن، خاوەنداریێتییە لە هێز و توانای

ئیدراککردنی بە پێز، کە توانای پێیدەبەخشێت بۆ فڕین لە ئاسۆی فراواندا، بە مەبەستی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان، هەموو دۆزینەوەیەکیش دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری"(ولصون، ٢٠٠١، ٢٤٠)، بۆیە ئینیشتاین دەڵێت:"خەیاڵکردن لە زانست گرنگترە"(qtrat.com/ up- ar/ar/nas.png) ، هەروەها نورسروب فرای پێیوایە "خەیاڵ بۆ زانستە پراکتیکی و تیۆرییەکان پێویستە، چونکە هێزێکە بۆ گەڕان بە دوای گریمانەکاندا، بەڵام خەیاڵ لەئەدەبدا ڕووبەڕووی ئەم تاقیکردنەوەیە نابێتەوە، لە بەرئەوەی ناتوانرێت ڕاستەوخۆ خەیاڵ لە ئەدەبدا بە ژیان، یان بە واقیعەوە ببەسترێتەوە "(فراي، ١٩٩٥، ٣٦)، باشلار پێیوایە "خەیاڵ دوو جۆرە، خەیاڵی وێنەیی، خەیاڵی ماتریاڵی (ماددی) "(باشلار، ٢٠٠٧، ١٤) ئەو پۆلێن و دابەشکارییە گرنگە، چونکە پشت بە دووانەیی خەیاڵ دەبەستێت، ئەو بۆچوونەش وا دەردەکەوێت، کەوا لە قوتابخانە فیکرییەکانی یۆنانی کۆنەوە نزیکە بێت، هەندێکیش خەیاڵ بە دوو شێواز پۆلێن دەکەن، لە یەکەمدا "دووبارە گەڕاندنەوە و بەبیرهێنانەوەیە، لە دووەمیشیاندا، درووستکردن و خوڵقاندنی پێکهاتەیە، لە یەکەمدا گەڕاندنەوەی وێنە هەستییەکانە، خەیاڵ ئەرکی گەڕانەوەی ئەو وێنانەیە، کە لە دەروونداا ماوەتەوە و عەمبارکراوە دوای ئەوەی هەستپێکراوەکان ئامادەدەبن، کەچی لە دووەمدا، خەیاڵ وێنەکان بەیەکەوە گرێدەدات، جیاوازی لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا ڕەها نییە، چونکە لە دووەمدا وێنە داناهێنێت، بەڵکو وێنەکان پێکدەهێنێت" (صليبا، ١٩٨٤، ٧٤ )، بۆیە لە کتێبی (فەلسەفەیی خەیاڵدا)، خەیاڵ لەسەر ئەم بنەمایانە دابەشدەکات بۆ " ١_ خەیاڵی ئازاد (زیندە خەون و وەهم)، کە لای منداڵان هەیە، ٢_ ئەو خەیاڵەی، کە لای داهێنەر و دیزاینەرەکان پەنگیخواردووە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، هەروەها خەیاڵی داهێنەرانە، ئەو خەیاڵەیە، کە وێنەی شتەکان دروستدەکات لە سازاندن و پێکەوەنانی و داهێنەرانەی شیکارانەدا "(الساعدي، ٢٠١٥، ٢١)، لە کاتێکدا توێژەرێکی تر "خەیاڵە هەستییەکان و خەیاڵە ناهەستییەکان دابەشدەکات، خەیاڵە هەستییەکان بریتین لە بەرهەمە دەربڕێنراوەکان، یان پێکهاتە ناهەستییەکان، لێرەشدا خەیاڵی دەربڕێنراو هەیە وەک ئەوەی لە بیری ئەبستراکتدا، یان لە زەینی و بینراودا هەیە " (الربيعي، ٢٠١٢، ٩٢)، هەروەها لە پێناسەیەکی تردا دەڵێت: "خەیاڵ هێز و توانای گواستنەوەی مرۆڤە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ داتا و پێدراوە زاڵ و مەئلووفەکاندا بۆ مامەڵەکرن لەگەڵ ئەو

فۆرمە خواستراو و پێکهێنراوەدا و ئەو خواستەی، کە لەسەر زەوی و لە واقیعدا ناتوانرێت بەدەستبهێنرێت"(الربيعي، ٢٠١٢، ١٠)، کەواتە خەیاڵ " کار و کردەوەیەکە خوڵقێنەر بۆ کارێکی داهێنەرانە ئاراستەی بەرهەمهێنانی دەکات" (الزماني، ٢٠١٢، ٦١)، چونکە"خەیاڵکردن پرۆسەیەکی زەینیی باڵایە، لە بنەڕەتدا لە سەر بنەمای دروستکردنی پەیوەندیی نوێ لە نێوان ئەزموونەکانی پێشوودا دامەزراوە بۆئەوەی لە وێنە و فۆرمی نۆێدا ڕێکبخرێتەوە، کە پێشتر هیچ مرۆڤێک زانیاری لەسەر نەبووە "(الساعدي، ٢٠١٥، ١٥) ، هەروەها ئازاد عەبدولوحید لە کتێبی (شیعریەتی دەق)دا بەپێی بۆچوونی سایکۆلۆجیستەکان خەیاڵی بۆ سێ جۆر دابەشکردووە، کە "خەیاڵی داهێنانکار، خەیاڵی پێکهێنراو (دروستکراو)، خەیاڵی ڕوونکاری (یان ڕاڤەیی))یە. "(کریم، ٢٠١٧، ١٢،١٣،١٤) ئەم دابەشکردنە زیاتر لە شرۆڤەکردنەکەیدا پێدەچێت بۆ دەقی شیعری، گونجاوتر بێت، چونکە لە میانەی باسکردنیدا باس لە بەمرۆییکردنی سروشت دەکات، ئەو بابەتەش زیاتر بۆ شیعر دەشێت، نەک بۆ ڕۆمان و بابەتە گێڕانەوەییەکان، هەرچەندە لە ڕۆمانی نوێیشدا(ڕۆمانی شت ومەکەکان)، ئەو جۆرە هەیە و پێرەودەکرێت، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ئەو بابەتەمان مەبەست نییە.

دەتوانین بڵێین خەیاڵ ئەو ڕەگەزە بنەڕەتی و بنچینەییەیە، کە ڕۆماننووس بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بەرهەمێکی داهێنراو پێشکەشبکات بەبێ ئەوەی خاوەن و هەڵگری خەیاڵێکی فراوانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بێت، چونکە خەیاڵ فراوانیی هۆکار و بنەما و ڕەگەزی سەرەکیی خوڵقاندن و پێکەوەنان و سازاندنی ڕووداو کارەکتەر و ڕەگەزەکانی تری گێڕانەوەبەندییەکانە لە بەرهەمهێنانی هونەری ڕۆماننووسیدا.

### ١-٤-١- فەلسەفەی خەیاڵ لە دید و بۆچوونی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە:

#### ١-٤-١-١- فەلسەفەی خەیاڵ لە دیدی ئەفلاتوونەوە:

"سەبارەت بە پەیوەندیی خەیاڵ و فەلسەفە، دەشێت ئەوە بڵێین، هیچ تیۆری و داهێنانێکی فەلسەفی نییە لە خەیاڵێکی قووڵەوە سەری هەڵنەدابێت، هەنوکەش بە خەیاڵێکی قووڵ دانەپۆشرابێت" (حەمەغەریب، ٢٠١٩، ٢٠٧)، لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا، وشەی خەیاڵ بەو مانایەی، کە ئاماژەیە بۆ توانا و هێزی ناوەوە (ناخ)ی مرۆڤ دەربارەی درکپێکردنی هزری دەرنەکەوتووە، یان هەر ئەفلاتوون بە هیچ شێوەیەک لە بیروبۆچوونەکانیدا وشەی (خەیاڵ)ی بەکارنەهێناوە، (عزالدین اسماعیل) پێیوایە هۆکاری دەرنەکەوتن و بەکارنەهێنانی وشەی خەیاڵ لای ئەفلاتوون بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە "گریکە کۆنەکان وشەیەکیان لانەبووە، کە ئاماژە بۆ خەیاڵ بکات، یان پێیبوترێت خەیاڵ" (اسماعیل، ١٩٩٢، ١٣)، بەڵام ئەوەی کێشەکە ئاڵۆزدەکات هەبوونی وشەی خەیاڵە لە دەقێکی کۆندا، کە بۆ ئەفلاتوون (فلوطرخس) لە کتێبی (الاراء الطبيعية التى ترضى بها الفلاسفة)دا دەگەڕێتەوە و دەڵێیت:"ئەفلاتوون پێیوایە هەستەوەرەکان بەشداریی ڕۆح و جەستە دەکەن لە درکپێکردنی شتەکاندا و هێزی ڕوح و ئامێری جەستە هەردووکیان ئەو شتانەیان لە دەرەوە بۆ درکدەکرێت لە ڕێگەی فەنتازیاوە، کە ئەوەش واتە خەیاڵ" (الادريسي، ٢٠١٢، ٣٨)، بەڵام ئەوەی لەو بۆچوونەدا دەردەکەوێت مەزراندنی وشەی خەیاڵە لە سیاقی باسکردنی هێز و توانای دەروونیی و هەستە بەرجەستەکاندا هاتووە، کە لە پرۆسەی درکپێکردنی هزریدا ئەنجامیدەدەن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هۆشیاری بە جیهانی شتەکان پشت بە توانای ناوەوەی مرۆڤ دەبەستێت، کە ئەوەش خەیاڵکردنە و لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە ئەنجامدەدرێت، چونکە چەمک و فەلسەفەی خەیاڵ لای ئەفلاتوون لە بیروبۆچوونە گشتییەکەیەوە بۆ شیعر سەرچاوە دەگرێت، هەموو هونەرەکان لە تێڕوانینی ئەفلاتووندا لەسەر بنەمای لاساییکردنەوە دامەزراون، ئەفلاتوون پێیوایە لاساییکردنەوە لە شیعردا " تێگەیشتنی گوێگران تێکدەدات" (افلاطون، ١٩٦٩، ٢٨)، بەپێی ئەو بۆچوونەی ئەفلاتوون ئەوەیە، کە شیعر زانیاریی ڕاستەقینە پێشکەشناکات، چونکە پشت بە هەستەکان دەبەستێت و هەستەکانیش لەو ئاستەدا نین بتوانن درک

بە ڕاستییەکان بکەن، چونکە ڕاستی تەنها هزر درکیپێدەکات هەر بۆیەش "ئەفلاتوون بە ناوی ڕاستی و ڕەوشتەوە لاساییکرنەوەی لە هەموو هونەرەکانی تریشدا، کە پشت بە لاساییکردنەوە دەبەستن، بەتایبەتیش شیعر، ڕەتکردووەتەوە، دەبێت لە کۆمارە نموونەییەکەی بکرێتە دەرەوە" (الجوزو، ١٩٩١، ٩٠)، هەروەها ئەفلاتوون پێیوایە، کە شاعیران شوێنکەوتووی خوداوەندەکانی شیعرن، کە ئیلهامیان پێدەبەخشن، بۆیە شاعیران ئازاد نین لە شیعرەکانیاندا، چونکە شاعیر ئەوە دەڵێت، کە ئیلهامی پێدراوە، یان پێیوتراوە، کەواتە "شاعیر تەنها دەنگبێژە و ئیلهامی پێیبەخشراوە دەڵێت، کە خوداوەندەکانی شیعر پێیانبەخشیووە، بەڵام بە زمان و دەنگی شاعیر" (أفلاتوون، ١٩٦٩، ١٩)، لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە، شیعر جۆرێکە لە شێتیی سەرەوە، کە خوداوەندی شیعر لە دەروونی شاعیردا دروستیدەکات، ڕۆڵی خەیاڵیش ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەفلاتوون پێیوایە "هەموو شاعیران، شاعیرانی داستان و شاعیرانی گۆرانی، هەموویان وەکیەکن، بۆ دارشتنی شیعری جوان نەک لەسەر هونەر، یان ناسکیی شیعر، چونکە کەمییەک، یان لاوازییەک لەڕوحییاندا هەیە، بۆیە سروشیان بۆ دێت "(القلماوي، ١٩٥٣، ٧٦)، لەو بۆچوونەی ئەفلاتووندا هیچ ڕێز و گرنگییەک بە شاعیران نادرێت، هەربۆیە ئەفلاتوون پێیوایە خاوەن پیشەکانیش ئەگەر ئیلهامیان بۆ بێت، دەتوانن ببن بە شاعیر و شیعر بنووسن، بەڵام دەبینرێت ئەفلاتوون دان بە ڕۆڵی خەیاڵدا دەنێت لە ئامادەبوون و دەرکەوتن و هێنانەوەی بیروبۆچوونی سۆفییەکانیدا، هەرچەندە دەسەڵاتی هزر باڵاترە لای ئەفلاتوون، "چونکە لە (دیالۆگی تیماوس)دا، دان بە توانای خەیاڵدا دەنێت لە هێنانەوە و ئامادەکردنی تێڕوانینی سۆفییانەدا، لەم دیالۆگەدا دەردەکەوێت، کەوا ئەفلاتوون باس لە خەیاڵکردن و یادکردنەوە و درکپێکردنی هەستە هاوبەشەکان دەکات، کە ئەرکی هزرە، نەک هەست و ئەندامەکانی هەست ناتوانن تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی هەست ئیدراک بکەن، بەڵام هزر ئیدراکی دەکات لە ڕێگەی خەیاڵەوە و هزر نیگاری بابەتەکان دەکێشێت، کە دەبنە بابەتی بیرۆکەکە، هەر بۆیەخەیاڵ دوو ئەرک دەبێنێت: گەڕانەوەی وێنە هەستپێکراوەکان، دواتر بەکارهێنانەوەی وێنە هەستپێکراوەکان لە بیرۆکەکەدا "(الحايل، ١٩٨٨، ٢٣)، لەبەرئەوەی لە بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتووندا هزر باڵادەستە، بۆیە خەیاڵ بە چاوەگی وەهم دەزانێت و پشتبەستن بە خەیاڵ مرۆڤ بەرەو هەڵە و بڕیاری نەگونجاو دەبات،

چونکە لە بنەڕەتدا لە بۆچوونی ئەفلاتووندا ئەوەی هەستەوەرەکان ئیدراکی دەکەن، لاساییکردنەوەی واقیعە، ڕاستەقینە نییە، لەبەرئەوەی لاساییکردنەوەی جیهانی ڕاستەقینە و جیهانی نموونەیی و جیهانی گشتییە، هەربۆیە ئەوەی خەیاڵ پێشکەشیدەکات تەنها وەهم و بەهەڵەدابردنی وەرگر (خوێنەر، گوێگر)ە و هیچی تر، بەڵام ئەوەی تێبینیمانکردووە لە بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتووندا، کە ئەفلاتوون چەمکێکی ڕوون و ئاشکرای دەربارەی چەمکی خەیاڵ و وشەی خەیاڵ نەخستووەتەڕوو و نەشیبووە، چونکە خەیاڵ لای ئەفلاتوون ئامرازی وەهم و بەهەڵەدابردنە، هەروەها باسی وشە و چەمکی خەیاڵی شیعریشمان بەدینەکردووە لە بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتووندا، هەروەها " لە بیروبۆچوونەکانی ئەفلاتووندا هەندێک دژ و پارادۆکسی بەدیدەکرێت، کە هەندێکجار لە بەهای خەیاڵ کەمدەکاتەوە و بە ئەرکێکی ناپاکی دەروونی دەزانێت، چونکە بە ڕێگەی هەڵەکردن و چاوگی وەهمی دەزانێت "(کلاع، ٢٠٠٥، ٥).

### ١-٤-١-٢- فەلسەفەی خەیاڵ لە دید و بۆچوونی ئەرستۆوە:

ئەرستۆ لە دید و بۆچوونەکانیدا دەربارەی شیعر پێچەوانەی ئەفلاتۆن دەردەکەوێت، ئەو پێیوایە شیعر لای شاعیران لە ئەنگێزەی خۆشویستنیان بۆ (کێش) لەدایک و پەیدادەبێت، پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەفلاتوون، کە پێیوابوو لە ڕێگەی سروش و ئیلهامەوە پەیدادەبێت، چونکە شیعر دیاردەیەکی مرۆییە و پەیوەندی بەخوداوەندەکانەوە نییە، بۆیە ئەرستۆ بۆ ئەوە دەچێت، کە خەیاڵ جۆرێکە لەو جوڵەیەی لە هۆشدا ڕوودەدات لە ئەنجام و بەرهەمی درکپێکراوە هەستییەکانەوە دێتەکایەوە، بۆیە "خەیاڵ جوڵەیەکە لە هەستکردن بە کردەیەک دەخولقێت و لەبەرئەوەی هەستی بینینیش سەرەکیترین هەستەوەرە، بۆیە خەیاڵیش لە (فەنتازیاـ Phantasia)و لە ناوی ڕووناکی(Phaos)یەوە وەرگیراوە، چونکە بێ ڕووناکی ناتوانرێت هیچ ببینرێت؛ ئەو وێنانەش بە شێوەیەکی هونەری و تەکنیکی وەک هەستپێکراوەکان دەمێننەوە، ئەم حاڵەتەش کاریگەریی لەسەر ئاژەڵەکان دەبێت و دەبێتە هۆکاری کۆمەڵێک هەڵچوون، چونکە هەندێک لە ئاژەڵەکان هزریان نییە، هەندێکیشیان بە هۆی ئەو هەڵچوونەوە، یان نەخۆشییەوە، یان نەخەوتنەوە هزر

لەدەستدەدەن هەروەک مرۆڤ" (طاليس، ١٩٦٢، ١٠٧) ئەرستۆ لەم بۆچوونەیدا جەخت لەسەر هەستی بینین دەکاتەوە لە درکپێکردنی هەستپێکراوەکاندا زیاتر لە هەستەوەرەکانی تر، چونکە خەیاڵکردن زیاتر پشت بە هەستی بینین دەبەستێت، هەربۆیە جووڵە هزرییەکان پشت بە شتە هەستپێکراوەکان دەبەستن و وێنایاندەکات، هەروەک ئەو جوڵانەی لە جیهانی دەرەوەدا هەن، کەواتە خەیاڵکردن، "بریتییە لەو کاریگەرییانەی، کە هەست درکی پێدەکات بەو واتایەی پرۆسەی خەیاڵکردن جوڵەیەکە، کە هەڵقوڵاوی هەستەکانە و لە هۆشدا دروستدەبێت" (طاليس، ١٩٦٢، ٢٤٤)، ئەرستۆ خەیاڵی بە نێوەندێک لە نێوان هەست و هزردا دادەنێت و لە ڕێگەی بەستنەوەی خەیاڵ بە بیرکردنەوەوە جەختی لە سەر پێویستیی بەستنەوەی خەیاڵ بە هزرەوە دەکرد، سەرەڕای ئەوەی ئەرستو دان بە گرنگیی خەیاڵدا دەنێت، بەڵام ڕۆڵی ئیستاتیکای خەیاڵی لە پرۆسەی داهێناندا پشتگوێخستووە، ئەوەشی لە توانای خەیاڵدا هەیە لە پێکهێنانی وێنەی نوێ بە پشتبەستن بە کۆکردنەوە و پێکەوەنانی وێنەی شتەکان، "هەرچەندە ئەرستۆ لە بۆچوونەکانیدا دەڵێت: لە توانای هێزی عەقڵدا نییە بە بێ یارمەتیی خەیاڵ ئەرکەکانی بەجێبهێنێت، تانەش لە خەیاڵ دەدات، کە بەبێ سەرپەرشتیکردنی عەقڵ، تێکەڵاوی لە نێوان خەیاڵ و وەهمکردندا دروست دەبێت" (هلال،١٩٦٩ ،١١٤ـ ١١٥)، لە بیروبۆچوونەکانی ئەرستۆ لەگەڵ ئەفلاتوونی مامۆستایدا دەربارەی هێزی عەقڵ جیاوازییان نییە لە سەپاندنی ویست (ئیرادە)و سەرپەرشتیکردنی عەقڵ لەسەر خەیاڵ، چونکە ئەرستۆ و ئەفلاتوونیش پێیانوایە، کە خەیاڵ بەبێ هەبوونی عەقڵ لە گەیشتن بە مەعریفە و زانیاری، کەموکورتی تێیدا دروست دەبێت، بەو واتایەی خەیاڵ بێ هەبوونی عەقڵ زانیارییەکی ناتەواو بەدەستدەهێنێت، سەرەڕای گرنگیی خەیاڵ لە بەدەستهێنانی زانیاری و مەعریفەدا، هەروەها ئەرستۆ خەیاڵ بە هێزێکی ناوەکی (ناخ)ی مرۆڤ بۆ درکپێکردن نازانێت، بەڵکو بە وێنەیەکی هۆشەکی، کە لەدەرووندا هەیە هەستەکانی مرۆڤ دەجوڵێنێت و کاریگەریی دەخاتەسەر هۆشی مرۆڤ لە ڕێگەی دروستکردن و وێناکردنی شتەکە لەبەرچاوی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناوێک بۆ شتەکان دادەنێت، ئەم بۆچوونانەش"لە چوارچێوەی ئاستی چەشە دەروونیی و پاڵنەرە هۆشەکی و ڕەوشتییەکاندا باسدەکرێت، کە ئەو خەیاڵانە لە وەڵامدانەوەی ئەو هیوا و

یادەوەرییانەی، کە لە هزردا پاڵنەربوون بۆ لەدایکبوونی خەیاڵ و وێنەی شتەکان، کە چێژێکی دەروونیی بەهێز و قووڵ بە مرۆڤ دەبەخشێت، هەربۆیە بە نەزۆکی و لاوازیی بنەڕەتی وەسفدەکرێت بەراورد بە باوەڕە هەستپێکراوەکان، چونکە ئەوە لە ئەنجامی ئارەزوو و ئەنگێزە باوەڕپێنەکراوەکانەوە هاتووەتەبوون" (طالیس، ١٩٨٦ ، ٧٦).

بە پێی بۆچوونەکانی ئەرستۆ دەربارەی خەیاڵ، زۆر لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئەفلاتون جیاواز نییە، چونکە لە هەردوو بۆچوونەکەدا جۆرە گومانێک بە دیدەکرێت لە توانای درکپێکردنی خەیاڵدا، بەڵام باڵادەستی عەقڵ لەم بابەتەدا جۆرە هاوڕاییەکی لە نێوان هەردوو فەیلەسوفدا دروستکردووە. بەڵام ئەرستۆ پێیوایە، کە وێنەکانی سروشت ناتەواون و شاعیر دوای ئەوەی بە یارمەتی عەقڵ و هەستەکان وێنەی شتەکان دەگرێت و لە خەیاڵی خۆیدا وێنە ناتەواوەکانی سروشت چاکدەکاتەوە و پێکەوەیاندەنێت و بەرگی کەماڵ بەبەریاندا دەکات و بەهای جوانی و حەقیقەتیان پێدەدەبەخشێت و ئینجا دەیانکات بە شیعر بە پێچەوانەی ئەفلاتوونەوە.

### ١-٤-٢- فەلسەفەی خەیاڵ لە دید و بۆچوونی چەند فەیلەسوف و ڕەخنەگرێکدا:

بیروبۆچوونەکان دەربارەی فەلسەفەی خەیاڵ لە سەردەمی مۆدێرنەدا جیاواز دەردەکەون، چونکە هەر فەیلەسوف و ڕەخنەگرێک بەپێی تێگەیشتن و تێڕوانینی فەلسەفی و ئەو ڕێبازە ئەدەبییەی خۆی لە خەیاڵ دەڕوانێت، لە کاتێکدا کلاسیکییەکان داوایاندەکرد، کە پێویستە ڕەشمەی خەیاڵ، بە عەقڵەوە ببەسترێت و سنووردراربکرێت، بەڵام ڕۆمانسییەکان خەیاڵیان بە فاکتەرێکی باشتر لە ڕاستی لەقەڵەمدەدا، هەربۆیە بەهای خەیاڵیان بەرز ڕاگرت و گرنگیانپێیدا. زۆری و فرەیی ڕێبازە ئەدەبی و فیکرییەکان لە ئەوروپا و ڕۆژئاوادا کاریگەری هەبوو لەسەر سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چەندین ڕێباز و ڕێچکەی ئەدەبی و فیکریی وەک: (ڕێبازی ماددی، ڕێبازی وجوودی، .......هتد)، کە لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوونە فیکری و فەلسەفییە کۆنەکانی یۆناندا دەرکەوتن، لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین هەندێک لەو بیروبۆچوونانەی، کە گرنگ و کاریگەرییان لەسەر فەلسەفە و چەمکی خەیاڵ هەبووە بخەینەڕوو.

#### ١-٤-٢-١- تۆماس هۆبز Tomas Hobbes (١٥٨٨_١٦٧٩ز)

فەلسەفەی خەیاڵ لای هۆبز لە مەیلی ئەزموونگەرییەکەیەوە سەرچاوەدەگرێت، خەیاڵ و یادگە یەکدەخات، چونکە هۆبز پێیوایە، خەیاڵ ئەو توانایەیە، کە درکپێکراوە هەستییەکان پێکەوەدەنێت لە شێوەی وێنە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵام پێکەوەنانێکی ئاڵۆز و ناتەواوە، بۆیە هۆبز "خەیاڵ شیدەکاتەوە و پێیوایە کە خەیاڵ هەستێکی شیکراوەیە، واتە ئیدراکی هەستپێکراوە ڕوونەکراوەکانمان پیشاندەدات، لە کاتێکدا خەیاڵ وێنەکان پێکدەهێنێت و دروستیان دەکات، کە ناڕوونی لە وێنەکاندا هەبێت "(نصر ،١٩٨٤، ١٥_١٦)، بۆیە هۆبزیش ڕۆڵ و گرنگیی خەیاڵ لە پرۆسەی داهێنانی ئیستاتیکای ئەدەبیدا کەمدەکاتەوە، چونکە هۆبز خەیاڵ بە شتێکی سوودبەخش نازانێت و هیچیش بۆ شتەکان زیادناکات، جگە لە ئاڵۆزی نەبێت، هەروەها بە شێوەیەک لە یاریکردن و تێکدانی هەستەکانی دەزانێت، بەپێی ئەو بیروبۆچوونانە بەهای خەیاڵی، زۆر لاوازتر کردووەتەوە، هەموو ئەو بۆچوونانەش بۆ بەرژەوەندی و باڵاکردنی عەقڵ

دەگەڕێنەوە، چونکە هۆبز عەقڵ بە بنەڕەت و گەوهەری دەقی شیعری دەزانێت، بۆیە پەیڕەوانی ڕێبازی کلاسیزم بەهای خەیاڵ زۆر بە کەم و لاواز دەزانن و بەهەڕەمەکی و ئاژاوە (ئاناراشیزم) وەسفی خەیاڵ دەکەن، لەبەرئەوەی خەیاڵ ڕەتدەکەنەوە و"بە توندی ڕەخنەگرانی ڕێبازی کلاسیزم هێرش دەکەنە سەر خەیاڵ و بە پادشای ئاژاوەگێری وەسفی خەیاڵ دەکەن، پێیانوابوو کە هیچ یاسایەک ڕەچاوناکات و دەبێتە هۆکاری شێتی و وڕینە، چونکە خەیاڵ پابەندی سوڵتانی عەقڵ نابێت و خەیاڵ هێزێکی بێ کۆنترۆڵە و ناتوانێت ئەرکی ڕەوشتی مرۆڤ لە ناخی مرۆڤەکەدا خەفە بکات"(بدوي، ١٩٥٨، ٧٩_٨٠)، بیروبۆچوونی پەیڕەوکەرانی ڕێبازی کلاسیزم بەرامبەر بە خەیاڵ زۆر توندن، بۆیە پێدەچێت بیروبۆچوونی ڕێبازی کلاسیزم لەبارەی شیعرەوە زیاتر بگونجێت تاوەکو پەخشان، یان هەر بەرهەمێکی داهێنانی ئەدەبی، بە پێچەوانەوە هەموو داهێنانەکانی مرۆڤ لە سەرەتای بوونییەوە لە سەر ئەم هەسارەیە لە خەیاڵدانەوە سەرچاوەدەگرن و هەر خەیاڵیشە بووەتە هۆکاری ڕووناکبوونەوەی ئەم هەسارەیە و دۆزینەوە بەردەوامەکانی مرۆڤ لە سەرەتای مێژووەوە تاوەکو ئەمڕۆ، لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بەرهەمی خەیالی مرۆیین.

١-٤-٢-٢- **دێڤید هیۆم** D. Hume ( ١٧١١_ ١٧٧٦ز) :

هیۆم، پێیوایە وێنە و بیرۆکەکان تەنها ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی لەبەرگیراوی تێڕوانیینە ڕەسەن و بنەڕەتییەکانن لە ئەندامەکانی هەستدا، کۆپییە پەرتەوازە و لەیەکجوداکانن، بۆیە هیۆم خەیاڵ " بە بچووک و لاواز دەزانێت بە بەراورد بە هەستی پاک، چونکە ئەوە کەموکورتی خەیاڵە وامان لێدەکات، کە ئاراستەی ڕەتکردنەوە توانای خەیاڵ بگرێتەبەر بۆ خەیاڵکردنی هەسپێکراوە نوێیەکاندا "(نصر، ١٩٨٤، ١٥)، هیۆم خەیاڵ بە بێ دەستەڵات دەزانێت بەرامبەر بە پێکهێنان و درککراوە هەستییەکان، بەوشێوەیەش خەیاڵ وادەردەکەوێت، کە لە توانایدا نەبێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات، چونکە لە هەست لاوازترە. بەپێی ئەم بۆچوونانەی هیۆم وا دەردەکەوێت لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی ئەرستۆدا بێت لە

بارەی خەیاڵەوە، کە خەیاڵ بە هەستێکی لاواز دادەنێت و لە ڕۆڵ و گرنگیی خەیاڵ لە داهێنانی ئیستاتیکیی ئەدەبیدا کەمدەکاتەوە.

١-٤-٢-٣- **ئیمانۆیل کانت** (١٧٢٤_ ١٧٨٤ز) :

فەلسەفە و چەمکی خەیاڵ لای کانت جیاوازە، خەیاڵ بە یاریکردن نازانێت وەک (هۆبز)، کانت پێیوایە، کە خەیاڵ توخمێکی چالاکە لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا، چونکە ئەوە خەیاڵە پرۆسەی ئەوەی لە هۆشدا هەیە بۆ واقیع دەیگوازێتەوە و لە ئەنجامدا وای لێدەکات، کە بوونی هەبێت، بۆیە " تێگەیشتن و ئیدراکە جیاوازەکان بە شێوەیەکی لەیەکدابڕاو لە هزردا وادەردەکەوێت، کە پێکەوە گرێدانیان وەک ئەوەی کە هەن، پێویستیەکیی گرنگ بێت و دواتر دەبێت توانایەکی بەهێزمان هەبێت بۆ پێکهێنانی دیمەن و ڕواڵەتە زۆرەکان، ئەمەش جگەلە خەیاڵ هیچی تر نییە" (نصر، ١٩٨٤، ٢٢)، بەپێی بۆچوونەکانی کانت خەیاڵ پێویستییەکی زۆر گرنگە، چونکە توانایەکی مرۆییە، کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، هەر خەیاڵیشە ئەرکی پێکهێنان و سازاندن و دروستکردنی وێنە جودا و پەرتەوازەکانی هەیە لە هزردا، پێشکەشکردنیان لە وێنەیەکی تەواو و کامڵدا، ئەم پرۆسەیەش بێ بوونی خەیاڵ ڕوونادات و ناشکرێت، کانت دەڵێت: "شکۆمەندترین توانا و هێزی مرۆڤە و هیچ توانەیەکی مرۆیی نییە بتوانێت دەستبەردار خەیاڵ ببێت، زۆر بە دەگمەن خەڵک هەیە لە توانا و ترسناکیی خەیاڵ بگەن"(هلال، ١٩٦٩، ٢٢)، ئەو بۆچوونەی کانت لە ڕاستیدا تێگەیشتن و خەیاڵ وەکو هاوشێوە لە توانای دروستکردندا نابینێت و جیایاندەکاتەوە، بەڵکو وەکو یارمەتیدەری یەکتر لە پێکهێنان و دروستکردنی وێنەکان لێیان دەڕوانێت، هەروەها کانت پێیوایە، کە هەست و خەیاڵ و تێگەیشتن سێ بناغەن دەبێت ئەزموونبکرێن و خەیاڵ لەنێویاندا لە ڕێگەی دیمەنەکانەوە پێکدەهێنرێت و دروستدەبێت، ئەو بۆچوونانەی کانت کاریگەریی زۆریان لەسەر زۆربەی فەیلەسوف و ڕەخنەگران هەبووە، کە گرنگیی زۆریان بە توانا و ڕۆڵی چالاکیی خەیاڵ دەدا لە بواری داهێنانی ئیستاتیکای ئەدەبدا لە سەردەمی مۆدێرنەدا .

١-٤-٢-٤- **فێختە ـ** John Gottlob Fichte (١٧٦٢_ ١٨١٤ز):

کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی کانت دەربارەی خەیاڵ زۆر بە ڕوونی لە بیروبۆچوونەکانی فێختەدا دەردەکەوێت، فێختە توانای بەرهەمهێنان و داهێنان و دروستکردنی شتەکان بە خەیاڵ دەبەخشێت، کە جیاوازە لەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە، بۆیە فێختە دەڵێت:"توانای خەیاڵ بەرهەمهێنراو، ئەو هێز و تیۆرە سەرەکییەیە، کە بەبێ ئەو هێزە و بێ لێکدانەوە و شیکردنەوەی هیچ شتێک لە هزری مرۆییدا ڕووناکریتەوە و کۆدەنگیی سیستمی بیرکردنەوەش لەسەر بنەمای ئەو توانایە دانراوە "(نصر، ١٩٨٤، ٢٣_٢٤)، بۆیە فێختە ڕۆڵ و گرنگیی خەیاڵ تەنها لە چوارچێوەی گرێدان و بەستنەوەی درکپێکراوە هۆشەکییەکان بە پێکهاتەکانیانەوە سنووردارناکات، بەڵکو خەیاڵ ئەو توانا بەرهەمهێنەرەیە، کە توانای داهێنان و خوڵقاندنی هەیە و بەپێی بۆچوونەکانی فێختە بۆچوونی ڕێبازی کلاسیزمی تێپەڕاند، کە خەیاڵیان بە یارییەکی خراپ و ئاژاوەگێر وەسف و ئەژماردەکرد.

١-٤-٢-٥- **کۆڵریدج ـ** Samuel T.Coleridge (١٧٧٢- ١٨٣٤ز):

کۆڵریدج، هەوڵیدا بۆچوونێکی تیۆری دەربارەی خەیاڵی داهێنەرانە لە چوارچێوەی مەیلی ڕۆمانیسیەتدا بخاتەڕوو، هەروەها توانی کاریگەریی تیۆرە هاوچەرخەکان دەربارەی خەیاڵ دەربخات و لە میانەی ئەو توانا ڕەخنە خودییەی خۆیەوە بۆچوونی خۆی دەربارەی خەیاڵی شیعری بخاتەڕوو، کە پێیوایە " خەیاڵ ئەو هێز و توانایەیە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت وێنە دیاریکراوەکان، یان تەنها هەستێک کۆنترۆڵی چەندین وێنە، یان هەستەکان بکات لە دەقی قەسیدەیەکدا و یەکێتیی و یەکبوون لە نێوانیاندا دروست بکات وەک ئەوەی لە ناویەکدا توێنرابوبێتنەوە .... ، ئەو هێزەش باڵاترین توانای مرۆییە، چەندین شێوەی جیاوازیی وەردەگرێت، وەک: سۆزداری و توندوتیژی، یان ئارامی و ئاسوودەیی و جێگیریی، بۆیە هەندێک لە وێنەکان ئاسوودە و ئارام دەردەکەون، چونکە دوای خۆشی و چێژ دەکەون، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە یەکێتی و یەکبوون و یەکپارچەیی شتە فراوان و زۆرەکان دەخولقێنێت و دروستیان دەکات، بەڵام ئەو یەکبوون و پێکهێنانە لە وەسفکردندا لای کەسێکی

ئاسایی دەرناکەوێت، کە توانای خەیاڵکردنی ئەو شتانەی لا نییە و دەبینرێت بە شێوەیەکی زۆر وەسفی شت لە دوای شت دەکات بە شێوازێک، بەدەر لە سۆز"(بدوي، ١٩٥٨، ١٥٨)، بۆیە خەیاڵ توانایەکی گرنگە بۆ توانەوە لە ڕێگەی سازاندن و تێکەڵاوکردنی وێنەکان و ئەو پرۆسەیەش دەبێتە پلەیەکی پێشکەوتوو لە ئیدراککردن و تێگەیشتنی فەزای دەرەوەی شتەکان.

کۆلریدج خەیاڵ بۆ دوو جۆر دابەشدەکات و دەڵێیت: "کەواتە خەیاڵ بە لای منەوە یان خەیاڵی سەرەتاییە، یان خەیاڵی لاوەکییە، خەیاڵی سەرەتایی بە بۆچوونی من ئەو توانا زیندووەیە، یان ئەو سەرەتایەیە، کە ئیدراکی مرۆیی والیدەکات توانای هەبێت و ئەو دووبارەکردنەوەیەی، کە لە پرۆسەی ئەفراندن و دروستکردنی هەمیشەیی بۆ(منی ڕەها) لە هزردا لەژێر ڕکێف و کۆنترۆڵیدا بێت، بەڵام خەیاڵی لاوەکی لە بۆچوونی مندا ڕەنگدانەوەی خەیاڵی سەرەتاییە، بەڵام بە شێوەیەکی هۆشیاری و هاوشێوەی جیاواز لە پلە و شێوازی چالاکیدا، خەیاڵی لاوەکی دەتوێتەوە و کاڵدەبێتەوە بۆئەوەی سەرلەنوێ بخوڵقێت و دروستببێتەوە، ئەم پرۆسەیەش لەبیرناچێتەوە بۆئەوەی لە هەر کات و بارێکدا بێت، هەوڵی سازاندن و پێکەوەنان بدات لەپێناو گۆڕینیدا بۆ واقیعێکی نموونەیی، ئەمەش لە بنچینەی زیندووییدایە، ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بابەتەکانن، کە لە جەوهەردا جێگیر و بێگیانن" (بدوي، ١٩٥٨، ٨٧)، هەروەها کۆلریدج پێیوایە "خەیاڵ، سروشت و کاری هونەری پێکەوە گرێدەدات، بە پشتبەستن بە هەستپێکراوە هەستییە ماددییەکان، کە هاوکار دەبن لە بونیادنانی بەرهەمی ئەدەبیی و هونەریدا، بۆیە خەیاڵ دەبینین، کار بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندییەکی بنەڕەتی لە نێوان مرۆڤ سروشتدا دەکات، هەوڵی ئەنجامدانی پرۆسەی یەکگرتنی تەواو لە نێوان شاعیر و سروشت، یان شاعیر و ژیانی دەوروبەری دەدات و ئەو یەکگرتنەش بە بێ هەبوونی سۆزێک، کە شاعیر یان نووسەر بجولێنێت، ڕوونادات"(دهمان، ١٩٨٦، ٣١٥)، بۆیە خەیاڵ هۆکارێکە بۆ دەرخستنی سۆز "ڕەگەزێکە زۆرترین توانای هەیە لەگوزارشتکردن لە سۆز "(کریم، ٢٠١٧، ١١٠) هەروەها کۆلریدج پێیوایە"خەیاڵ چالاکیەکیی هزرییە، چونکە هزری هونەرمەند لە شێوەی هزری خوداوەند دروستکراوە، بۆیە بە کردەیی خوڵقێنەرە،

خەیاڵیش ئاوێنە نییە بۆ ڕەنگدانەوەی شتەکان، بەڵکو خەیاڵ سەرەتا و دەستپێکی خولقاندنە" (یاسین، ٢٠١٠، ٦٨) خەیاڵ ئەو هێزەیە کە جووڵە و توانا بە ڕۆماننووس دەدات و پاڵپشتیی هەست و بیرۆکەکانی دەکات لە دروستکردن وخولقاندنی وێنەی نوێ و داهێنراوەکاندا بە مەبەستی بەخشینی چێژی ئیستاتیکیی زیاتر بە وەرگر لە بەرهەم و وێنەیەکی ئەدەبیی و هونەریی نوێدا، بۆیە ڕۆماننووس تەنها لە بۆتەی خەیاڵی سەرەتاییدا نامێنێتەوە، بەڵکو خەیاڵی سەرەتایی تێدەپەڕێنێت بۆ خەیاڵی شیعری و ئەدەبیی، کە بریتین لە کۆمەڵە وێنە و ڕووداوێک چ مێژوویی بێت، یان لە کانگاکانی ترەوە ڕۆماننووس وەریگرتبێت، کە لە پرۆسەی داهێنانە ئەدەبییە نوێیکەیدا هاوکاری دەبن، چونکە " خەیاڵی سەرەتایی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت، بزانێت ماهیەتی شتەکان چیین و لێشیانتێبگات، ئەوەش پێویستی بەوەیە بە قەڵای شتەکاندا بچیتە خوارەوە ......، بەڵام خەیاڵی لاوەکی ئەو ئیدراککردنەیە، کە شاعیر ئەو سیفەتانەی تێیدایە سنورداریدەکات، لە شتە ئیدراککراوەکاندا کە لە لای گرنگن "(العشماوي، ١٩٩٤، ٢٦٢،٢٦٣)، هەروەها خەیاڵ ئەو توانایەیە، کە هەڵدەستێت بە سازاندن و پێکهێنانی ئەو وێنانەی، کە لە زەییندا عەمبارکراون بۆ دروستکردن و خولقاندنی وێنە نوێیەکان، بۆیە دەتوانین بەپێی فەلسەفە و چەمکی خەیاڵ لای کولریدج و زۆربەی نوێخوازەکان، کە لەسەری ڕێککەوتوون، دەتوانین بڵێین: "خەیاڵ پرۆسەی بەرهەمهێنانی وێنەیە، کە ئەرکی وێناکردنی ڕاستییە دەروونییەکانی ئەدەبە" (العشماوي، ١٩٩٤، ٢٧١).

چەمک و فەلسەفەی خەیاڵ لە ڕەخنەی نوێدا لەژێر کاریگەری و هەژموونی ڕێباز و تیۆرە فەلسەفییەکاندا بووە، هەروەکو ئەوەی کلاسیزمەکان لە ژێر کاریگەری کەلتوری یۆنانییەکاندا، خەیاڵیان بە لاواز و چاوگەی ئاژاوە ناوەزەددەکرد، چونکە خەیاڵیان پەیوەستدەکرد بە ئیدراکەوە، بۆیە خەیاڵ لاواز بەرامبەر بە هەستەکان دەردەکەوت، لەو هاوکێشەیەشدا کلاسیکەکان لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکەی ئەرستۆدا وەسف و شرۆڤەی خەیاڵیان دەکرد، هەروەک ئەوەی ئەرستۆ پێیوایە، کەوا (خەیاڵ هەستێکی لاوازە) لەبەرئەوەش کلاسیکەکان بانگەوازی ئەوەیان دەکرد، کە پێویستە خەیاڵ لە ژێر چاودێری و ڕکێفی هزردا بێت، ئەمە هەرچەندە هێوم و

هۆبز  و هەندێک لە فەیلەسوفەکانی تریش گوزارشتیان لێدەکرد و خاوەنی ئەو تێڕوانینە بوون، زۆری پێنەچوو گۆڕانی بەسەردا هات و ڕێبازی ڕۆمانسیزم سەریهەڵدا، کە شوێنکەوتووانی ئەم ڕێبازە شکۆی خەیاڵیان بەرزکردەوە و ستایشی کاریگەرییەکانیان لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا کرد، بەمەش خەیاڵ بە توانا و هێزێکی ئەرێنی مرۆیی لەقەڵەمدرا، کە ئەرکی کۆکردنەوە و پێکهێنان و سازاندنی ئەو وێنانەی هەیە، کە عەمبارکراوان لە داهێنانی وێنەی نوێیە داهێنراوەکاندا، بەپێی ئەو بۆچوونانەش خەیاڵ چیدی چاوگی وەهم و دوودڵی و گومان نییە، بەڵکو ئەو توانایەیە، کە گوزارشت لە خاوەنەکەی دەکات و مەودای توانای خاوەنەکەی (خەیاڵکەر) لە داهێنان و خوڵقاندن و دووبارە دروستکردندا دەردەخات.

١-٤-٢-٦- ویلیام وۆردزورس William Wordsworth (١٧٧٠_ ١٨٥٠ز):

دیاریکردنی فەلسەفەی خەیاڵ لە بیروبۆچوونەکانی وۆردزورسدا لەو ڕۆڵە گرنگەوە، کە خەیاڵ لە پرۆسەی داهێنان و دروستکردن و سازاندنی نێوان شتە جیاواز و پەرتەوازە و لەیەکچووکاندا دەیگێڕێت، سەرچاوەدەگرێت، وۆردزورس پێیوایە، کە " خەیاڵ ئەو توانایەیە، کە ئەرک و جل و بەرگی ئەو کارەکتەرانەی لە شانۆگەرییەکاندا دەینوێنن و خۆیانی پێ دادەپۆشن، دادەهێنێت، وایان لێدەکات بە شێوەیەکی نوێ دەربکەون و هەریەکە بە پێی ئەرک و ڕۆڵی خۆی، یان خەیاڵ ئەو توانا کیمیاویە، کە توخمە ترازاوەکان، لە بنەڕەتدا لە یەک جودا و جیاوازن، پێکەوە دەلکێنێت بۆئەوەی وەکو کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو دەربکەون "(هلال، ب.ت، ٤١٣)، کەواتە بەپێی ئەو بۆچوونەی وۆردزورس، خەیاڵ توانایەکی بەرهەمهێنەرە، کە توانای داهێنان و دروستکردن و ئەفراندن و سازاندن و پێکهێنانی هەیە، لەسەر بنەما و پشتبەستن بەو وێنە پەرتەوازە و جیاواز و جۆراوجۆرانەی، کە لە هزردا عەمبارکراون، هەروەها ووردزوورس جیاوازی لە نێوان خەیاڵ و وەهمدا دەکات "خەیاڵ بە هێز و توانایەکی ئەرێنی (پۆزەتیف) و لە وەهم بە باڵاتری دەزانێت، وەهمیش بە نەرێنی (نێگەتیف) دەزانێت، چونکە وەهم بە دیمەنی وێنەکان هەڵدەخەڵەتێت و  بۆ دیمەنە ناوبەناوەکان بەکاریدەهێنێت، کە لە وەهمدا دروستدەبن، بەڵام خەیاڵ هاوێنەی هزرە لەو ڕێگەیەوە شاعیر بابەتەکان دەبینێت و تێبینییان

دەکات، کە ئەو بابەتانە  لە شێوە و ڕەنگدا ڕەسەنن" (هلال، ب.ت، ٤١٢)، لە میانەی ئەو جیاوازیکردنەی وۆردزورسدا دەردەکەوێت، کە خەیاڵ و وەهم کامیان کاتییە و لە ناودەچێت و کامیان ڕەسەنە، هەربۆیە خەیاڵ  ئەو توانا و هێزە کاریگەرەیە، کە شاعیر و ڕۆماننووس دەکەونە ژێر ڕکێفی و لەژێرکاریگەریی توانای خەیاڵدا ئەو داتا و پێدراوە هەستییانەی، کە هەن و عەمبارکراون، هەر وێنەیەک مەبەستی بێت پێکیدەهێنێت و دروستیدەکات، چونکە وۆردزورس "ڕۆمانسیزمێکی سەردەمیانە بوو داوای بەهێزکردنی خەیاڵی دەکرد بە پاڵپشتی سۆز، لەبەرئەوەی خەیاڵ توانایەکی گۆڕێنەرە و بەخشەرێکی ئەبستراکتە، وێنەی شتەکان یەکدەخات و کۆشیاندەکاتەوە پاشانیش پێکیاندەهێنێت و دروستیاندەکات، پشت بە دەربڕین و تایبەتمەندییە کاتییەکان نابەستێت ئەوەندەی پشت بە تایبەتمەندییە ناوەکییەکانی ناخی مرۆڤەوە دەبەستێت" (عبدالله، ب.ت، ٥٩)، بۆیە ئەو گومانەی لەسەر بەها و توانای خەیاڵ هەیە، بەردەوام لە بیروبۆچوونی هەندێک ڕەخنەگری نوێخوازدا دەردەکەوێت، کە خەیاڵ بە لاواز و بێبەها و بێدەستەڵات شرۆڤەدەکەن، بێگومان ئەمەشیان لە ژێر کاریگەریی فەلسەفە وبیروبۆچوونەکانی ئەفلاتوندایە، چونکە شیکردنەوەکانیان دەربارەی خەیاڵ لە بیرۆکەی لێکترازان سەرچاوەدەگرێت، لەبەرئەوەی خەیاڵیان بە یادگەوە گرێدەدا، هەندێک لە ڕەخنەگرە نوێخوازەکانیش بەتایبەت ئەوانەی کاریگەربوون بە ڕێبازی ڕۆمانسیزم، گرنگی و جێگەی شیاوو گونجاویان بە خەیاڵ بەخشی، کە پێویستبوو خەیاڵ هەیبێت و جەختیان لە گرنگیی ڕۆڵی خەیاڵ لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا دەکردەوە، بەوپێیەی، کە خەیاڵ ئەو توانایەیە، کە بلیمەتیی خەیاڵکەر لە میانەی خەیاڵەوە وێنە خۆدییەکانی دادەهێنێت بە پشتبەستن بە داتا هەستییەکان، بەمەش خەیاڵ ڕۆڵێکی ئەرێنیی هاوکار دەبینێت، لە خوڵقاندن و داهێناندا لە میانەی کۆکردنەوە و سازاندنی نێوان پەرتەوازە و ناتەباکاندا لە شێوە و بەرهەمێکی نوێی ئەدەبیی داهێنراودا.

### ١-٤-٢-٧- ژان پۆل سارتەر Jean Paul Sartre (١٩٠٥_ ١٩٨٠ز):

سارتەر لە ساڵی (١٩٣٠)دا، کتێبێکی لە ژێر ناونیشانی (خەیاڵ)دا بڵاوکردەوە، لەم پەرتووکەدا سارتەر لە سێ خاڵدا باسی خەیاڵ دەکات و خەیاڵ کۆدەکاتەوە.

"١_ بابەتەکانی ئەندێشە لەناو واقیعدا نین و لە جیهانی ناوەوەی بیردان" (حەمەصالّح، ٢٠١٣، ٧٦)، بەو واتایەی خەیاڵ ئەو شتەیە، کە لە بوونی بەرجەستەدا نییە، بەڵام هەستکردنە بەو بوونانەی، کە لە هزردا هەڵگیراون.

"٢_ بابەتی فۆڕمەکانی دیکەی ئاگامەندی وەک (هەست کردن) چۆن خۆیان دەردەخەن هەر، ئاواش هەستکردن وەریاندەگرێت،" (حەمەصالّح، ٢٠١٣، ٧٦)، کەواتە خەیاڵ ئەو توانا بەهێز و گرنگەی نووسەری داهێنەرە بابەت و شتەکان بە چ شێواز و جۆرێک خۆیان دەربخەن، ئەوا خەیاڵ لە توانایدا هەیە بەپێی جۆری بابەتەکە، وێنە هەڵگیراوەکان(سەیڤ کراوەکان) بسازێنێت و وێنەی خواستراوی نوێی لێدروستبکات، کە بە ویست و ئارەزووی خۆی  سەربەستانە هەڵیبیان دەبژێرێت و گۆڕانکاریشیان تێدا دەکات.

"٣_ بابەتی ئەندێشە هەمیشە لەناو ئەندێشەدا دەژی و هەرگیز لێی جیانابێتەوە "(حەمەصالّح، ٢٠١٣، ٧٧)، ئەمەش خاڵی ناکۆک و هاوکێشەیەکی گرنگە لە دیالێکتیکیەی ڕۆمانسییەکان بە ڕابەرایەتیی شوبنهاوەر، کە "لەگەڵ بۆچوونەکانی کانتدا ناکۆکن و بە نیازی هەڵبەستنی پردێک لە نێوان ئاگامەندی و بابەتی دەرەوەی ئاگامەندی بنەڕەتی (بوون)، یان گەڕاندنەوەی بۆ ویست (ئیرادە) و جیهانی ئاگامەندی" (حەمەصالّح ،٢٠١٣، ٧٧)، دەتوانین بڵێین ئەوەی پەیوەست بێت بە کردە و بابەتەکانی خەیاڵگە (خەیاڵدان) ڕاستە ئەو بابەتانە خەیاڵدانی نووسەر، کە خوڵقێنەری بابەتەکەیە و خوێنەری بابەتەکە هەروەک بابەتێکی خەیاڵکراو، یان خەیاڵاوی دەمێنێتەوە، بەڵام هەندێکجار ڕووداو و بەسەرهاتە خەیاڵییەکان، کە زادەی خەیاڵی نووسەرێکی داهێنەرن، پێدەچێت لە شوێنێک لەم جیهانە بەرینەدا ڕوویدابێت و بوونی ڕووداوێکی هاوشێوەی هەبێت، هەروەک ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی، کە ڕۆماننووس گابریل گارسیا مارکیز لە ڕۆمانی (زیندووم بۆ ئەوەی بیگێڕمەوە)دا هەن، پێدەچێت هاوشێوەی گێڕانەوەی مردنی دایک و باوکی و دواتر گەورەبوونی لەماڵی باپیری. ڕاستە ئەمجۆرە ڕۆمانە بە ڕیالیزم ئەژماردەکرێن، بەڵام خۆ زۆربەی ئەو ڕووداوانە بە پۆشاکی خەیاڵ داپۆشراون، هاوشێوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی لە ڕۆمانەکاندا ئەگەرچی زادەی خەیاڵیش بن، بۆ هاوشێوەی کێشەی مرۆڤایەتی لە سەرتاپای

جیهاندا دەگەڕێتەوە، هەروەها (ئەحمەد ئەلڕەحمانی) خەیاڵ بۆ چوار جۆر دابەشدەکات.

"١- خەیاڵی داهێنانی: ئەو خەیاڵەیە، کە ڕەگەزەکانی خۆی لە ئەزموونەکانی پێشوو هەڵدەبژێرێت، کە لە بیر و هۆشی نووسەردا هەڵگیراون و شتێکی نوێی لێدادەنێت، کە لە پێشدا نەبووە، ئەمجۆرەش بە زۆری لە ڕۆمان و شانۆ و چیرۆک دێتە ئاراوە"(ئەلڕەحمانی، ٢٠٢١، ٢٤٦)، ئەمجۆرە خەیاڵە دەتوانین بە خەیاڵی (داهێنەرانەش) ناوبنێین، چونکە ئەم جۆرە خەیاڵە دەبێتە هۆکاری داهێنانی ئەو شاکارە ئەدەبییە جیهانییانەی، کە بووەتە چەقی توێژینەوە و تێفکرینی زۆربەی خوێنەران و توێژەران و ڕەخنەگران.

"٢- خەیاڵی دانانی: ئەو خەیاڵەیە، کە بیرۆکەکان و ئەو وێنە گونجاوانە کۆدەکاتەوە و بەیەکیاندەگەیەنێت،........هتد وەک ئەوەی ڕۆژ لە کاتی ئاوابووندا ببینێ و ئەوسا وێنەیەکی لەوچوو بێنێتە بەرچاوت، وەک کۆتاییهاتنی تەمەن، یان مردن" (ئەلڕەحمانی، ٢٠٢١ ، ٢٤٦)، ئەمجۆرە خەیاڵە زیاتر لە شیعردا بەرپایە، چونکە لەم جۆرەدا زیاتر پشت بە وێناکردن و نزیککردنەوە و هاوشێوەی وێنەکان و .... هتد، دەبەستێت، ئەوانەش بابەتی شیعرن، نەوەک ڕۆمان و چیرۆک .

٣- وەهم: خراپترین جۆری خەیاڵە بە سەربەستییەکی ڕەها لە کارکردن جیادەکرێتەوە و بۆ هێزی ژیری (عەقڵ) ملکەچ نابێت.

٤- خەیاڵی ڕوونبێژی، یان لێکدانەوەیی: ئەمجۆرە خەیاڵە زاڵە بەسەر شیعری عەرەبیی کۆندا، کە ئەو هونەرانەی تێیدا دەردەکەوێت لە وێنەی لێکچوون و خواستنەکان، درکەکان، ئەوانەی کە ئەرکیان ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی بیرۆکەیە" (ئەلڕەحمانی، ٢٠٢١، ٢٤٧)، ئەمجۆرە خەیاڵە لە نووسینەوە و پێکهاتەی ڕۆمانی هاوچەرخدا نییە، چونکە لە ڕۆماندا هەوڵی چڕکردنەوەی بیرۆکەکانی نادرێت ئەوەندی هەوڵی ڕوونکردنەوە و وەسفکردنی ڕووداو و بیرۆکە و کەسایەتی و ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان دەدرێت.

## ١-٤-٣- ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆماندا:

خەیاڵ، بنەما و بنچینەیەکی سەرەکی و خوڵقێنەر و ڕازێنەرەوەی هونەری ڕۆمانە، هەروەها پێکهێنەر و سازێنەری وێنە جۆراجۆر و ڕەگەز و تەکنیکەکانی ڕۆمانە، چونکە "ئەندێشە ڕێگە بۆ هونەرمەند خۆشدەکات هۆشمەندانە لە داتاکان و فۆرمەکانی بڕوانێت و شتە بینراو و بیستراوەکان بنەخشێنێت" (حەمەساڵح، ٢٠١٠، ٦٤)، هەروەها باشلار پێیوایە "کە خەیاڵ ئەدەبە، یان بە مانایەکی وردتر، خەیاڵی ڕاستەقینە، خەیاڵی ئەدەبییە" (الامام، ٢٠١٠، ٢٢٢)، بۆیە خەیاڵ لە هەموو کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا پرۆسەیەکی بێ سەروبەر نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ بەرجەستەکردنی ڕاستییە درکپێکراوەکان، کە لە توانای مرۆڤدا نییە لە واقیعدا پێیانبگات، یان لەبارەیانەوە بدوێت، هەربۆیە ڕۆماننووسی داهێنەر بۆ ڕازاندنەوە و پۆشینی بەرگێکی هونەری و چێژبەخش بەو ڕووداو و بابەتە نەوتراوانە بە پۆشاکی جوانی خەیاڵ لە شێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکیی بەبەها و کاریگەردا، لە چوارچێوەی دەقی ڕۆمانێکی هونەریدا دەیانڕازێنێتەوە و دەیانخاتە بەر دیدی خوێنەر، چونکە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لە واقیعدا هەن وەک خۆی هیچ چێژێکی ئیستاتیکی بە خوێنەر نابەخشێت، هەروەها خەیاڵ خاڵی هاوبەشی هەموو ژانرە ئەدەبیی و هونەرییەکانە و بە تایبەت لە هونەری ڕۆمان و چیرۆک و ئەفسانەدا، واتە خەیاڵ چاوگەی سازاندنی هونەر و ژانرەکانی ئەدەبە، بەڵام خەیاڵ لە گێڕانەوەدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە لە ژانرە ئەدەبییەکانی تر جیاوازە، چونکە لە گێڕانەوەدا پشت بە خەیاڵی داهێنانکار دەبەسترێت لە پێکەوەنان و سازاندنی ئەفرێنراوەکاندا، لەم بارەیەوە تیۆدورفۆنان ( T. Fonane)دەڵێت: "دەبێت لە ڕۆماندا چیرۆکێک بگێڕدرێتەوە جێگەی باوەڕکردن بێت، بەو واتایەی، کە دەبێت جیهانێکی خەیاڵیی وا بخاتەڕوو، لە جیهانی واقیع بچێت" (الهبطي، ١٩٩٦، ٧٢)، کە لە ناوەڕۆکدا جێگەی باوەڕپێکردن و سەرنجراکێشەری خوێنەر بێت، بێگومان کە "مەبەست لە ئەدەب بە مانای ئەو نووسینە داهێنراوانەیە، کە بەرهەمی خەیاڵی ئەدەبیین" (عبدالحمید، ٢٠٠١ ، ٣٢٧)، کەواتە خەیاڵ بنەمای پرۆسەی داهێنانی هونەریی ڕۆمانە، چونکە خەیاڵ جۆرە تەکنیک و ئیستاتیکایەک بە ڕۆمان دەبەخشێت و ڕەگەزێکی بنەڕەتییە بۆ زیاتر بەهێزکردنی

کاریگەریی ئیستاتیکیی ڕۆمانەکەیە لەسەر خوێنەر، بە واتەیەکی تر تیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆماندا تەنها بە سروشتی ناوەڕۆکی بابەتەکە بەدیناهێنرێت، بەڵکو دەبێت ڕۆماننووس وێنای ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان و کومەڵگە و فەزای ڕووداوەکان بە شێوەیەک بخاتەڕوو، خوێنەر هەست بکات، کە ئەو ڕووداو و بە سەرهات و کارەکتەرانەی، کە لە دەقەکەدا دەکەونەبەچاو و دەیانبینێت، ڕاستەقینەن، چونکە ئیستاتیکاش" زانستێکە لە دنیا جوانی و ڕیشەی جوانی دەکۆڵێتەوە و هەوڵدەدات بە وردی لایەنی بیر و هزری جوانی هەڵبسەنگێنێت  و هەموو ئەو ڕیشە و بنەمایانە بەدیاربخات، کە دەستیان لە خولقاندنی جوانی و ڕەخساندنی ئەم لایەنە گرنگ و بەهادارە هەیە" (علی، ٢٠٢٠، ١٢٢)، لێرەشەوە خەیاڵ دەبێتە ڕەگەزێکی ڕازێنەرەوە چێژبەخشی دەقی ڕۆمان، ئەمەش خاڵی پەیوەندی و پەیوەستبوون و گرێدەری ئیستاتیکایە بە خەیاڵەوە، پێکەوە دەبنە ڕەگەزێکی بنەڕەتی لە پێکهینان و سازاندنی دەقی ئەدەبیدا و بەتایبەت لە گێرانەوەکاندا، چونکە ماکی گێڕانەوە لە واقیعەوە ڕۆماننووسی داهێنەر هەڵیدەگۆیزێت و بە ئاوێتەکردن و موتوربەکردنی بە پۆشاکی خەیاڵ و ماکی ئەو خەیاڵانە، کە لە باگگراوندی ڕۆشنبیری و ژینگەو مێژووی ڕۆماننووسەوە سەرچاوەدەگرن، ڕۆماننووسیش بەرگێکی ئەدەبی و هونەری بە تەکنیکێکی ئیستاتیکی سازدەدات و دەیانخولقێنێت و هەندێکجار بە باڵی خەیاڵ دەیانفڕینێت بەرەو ئاسمانی ئازادیی خەیاڵ،"دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین سەرەڕای ئەوەی هەندێک لەو ڕێبازانەی، کە گرنگی بە ئیستاتیکا دەدەن، هەوڵیاندەدا ڕۆڵی خەیاڵ و سروش لە پرۆسەی ئەفراندنی ئیستاتیکی هونەری کەمبکەنەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانی ڕۆڵی خەیاڵ لە پرۆسەی داهێناندا بسڕنەوە"(غریب، ٢٠١٣ ، ٢٠)،چونکە دەقی ئەدەبی بە بێ ئاوێتە و موتوربەکردنی بە ئاسۆ و پۆشاکی خەیاڵ، جگەلە دووبارەکردنەوە و چاولێکەری واقیع و بێڕەنگ و بێ چێژی ئیستاتیکی هیچی، تر ناگەیەنێت و هیچ شت و بابەتێکی تر ناخاتەڕوو و هیچ داهێنانێکیشی تێیدا بەدیناکرێت، چونکە خوێنەر چێژ لە بابەت و شتە نەوتراو نەزانراو و پەنهانەکان دەبینێت، نەک بابەتە ئاساییەکانی ڕۆژ، لێرەشدا بۆیە ڕۆماننووسی خەیاڵ فراوان و داهێنەر دەتوانێت خەیاڵ و ئایدۆلۆژیا و فەلسەفە و بیروبۆچوونەکانی خودی خۆی لە بەرگێکی تردا و لەپێناوی مەبەستێکی دیاریکراودا بخاتەڕوو، لەبەرئەوەیی

بەرهەمە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش ڕۆمان بەرهەمی هزر و خەیاڵ و ویژدانی مرۆڤایەتیین، جوانیش بەشێکی سەرەکیی ژیانی مرۆڤایەتییە و بنەمایەکی گرنگی دەقی ئەدەبیی و هونەرییە، "هەر لەبەر ئەوەیە هونەرمەندان و ئەدیبان بە درێژای مێژوو هەوڵیانداوە لە کارەکانیاندا گرنگی بە جوانی بدەن و هەوڵی بەرجەستەکردن و ئەفراندنی بدەن و بەرهەمەکانیانی پێ بڕازێننەوە" (علی، ٢٠٢٠، ١٢٣)، بۆیە چاوگەی داهێنانی مرۆیی و بزوێنەری سەرەکیی داهێنانی ئەدەبی لەلای هەر ڕۆماننووسێکی داهێنەر بۆ خەیاڵ فراوانیی ئەو هێزە تایبەتەی خەیاڵ دەگەڕێتەوە، کە ڕۆماننووسی داهێنەر و خولقێنەر هەڵگریێتی و دەزانێت کەی و چۆن و لە کوێ و لە چییدا، بەکاریدەهێنێت؟ هەر ئەو هۆکارەشە بەرهەمی ڕۆماننووسێک جوانتر و بەچێژتر و بە بەهاتر لە بەرهەمی ئەوی تر لای خوێنەر و ڕەخنەگر دەردەکەوێت، چونکە توانا و فراوانیی خەیاڵ لە ڕۆماننووسێکەوە بۆ ڕۆماننووسێکی تر جیاوازە، هەروەها ڕازاندنەوە و سازاندنی دەقی ئەدەبی لە کاری ڕۆماننووسیدا کارێکی قورس و هەمەلایەنەیە، کە پێویستی بە توانا و دونیابینی و فراوانیی خەیاڵی ڕۆماننووس هەیە، بۆیە "خەیاڵ درک بەو پێوەندییە زۆرانەی نێوان شت و بابەتەکان دەکات، هەڵیاندەبژێرێت و کۆیاندەکاتەوە پێکەوەیاندەنێت ودەیانسازێنێت، ئەم کارانەش بە خەیاڵ و هەست و هزر دەکرێت، کە لەمیانەی ئەو پرۆسەیەدا شت و بابەتی تری لێدروست دەکات، کە جیاوازە لە شت و بابەتە لێدروستکراوەکانی پێشوو، بۆیە هەستی ترمان پێدەبەخشن، کە زۆر جیاوازترە لەو شت وبابەتانەی لە واقیعدا کاریگەرییان لەسەر دەروونمان هەیە" (حمدان، ١٩٨٩، ٣٣٩). ڕۆماننووس لە چوارچێوەی دەقێکی داهێنراودا بۆئەوەی کەشوهەوایەکی نامەئلوف و جیاواز و نامۆ بخولقێنێت، پشت بە توانا و فراوانیی خەیاڵ دەبەستێت، ئەمەش گرنگترین ڕەگەز و بنەمای ڕۆمانە، کە وێنایکردن و ئەفراندنی (کارەکتەر، ڕووداو، شوێنکات)ەکانی دەرەوەی هەبووەکان (مەئلوف) و بینراوەکانە بە مەبەستی دروستکردنی ئیستاتیکا و چێژ و مەیلی خوێندنەوە لەلای خوێنەر لە میانەی خستنەڕووی کۆمەڵە وێنەیەکی پڕ لە میتافۆر و خەیاڵی، بە واتایەکی تر" خەیاڵ شێواندنی گوتار و قسەی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەیە لەپێناو ئیستاتیکا و بەخشینی چێژی ئەدەبیدا"(موافي، ٢٠٠٧ ، ١٤٥)، کەواتە خەیاڵ ئەو گوتار و قسانەیە، کە بەدەر و ناکۆکە لەگەڵ ڕاستیی و واقیعدا، بۆیە

خەیاڵ لە پرۆسەی هونەری ڕۆماندا پۆشاک و ڕازێنەرەوە و بزوێنەری داهێنان و ئیستاتیکای ڕۆمانە، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵدەدات ئیستاتیکای خەیاڵ لەڕەگەزەکانی ئەو ڕۆمانانەی، کە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدان، بە تێکەڵکردنی هەردوو بۆچوونەکان (خودی و بابەتی)، واتە بۆچوونی سێیەم، کە دەربارەی ئیستاتیکایە، لەم بەشەدا خراوەتەڕوو و شیبکاتەوە و توێژینەوەی لەسەر بکات، چونکە چێژی ئیستاتیکا بەهەردوولایەنی (خودی و بابەتی) لە کار و بەرهەمی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێت، واتا بە هەر دوو لایەنی (خودی) کەسی خوێنەر و ناوەڕۆکی (بابەت)ەکە و کاریگەریی بابەتەکە لەسەر خودی خوێنەر چێژی ئیستاتیکی دروستدەبێت، لە بەشی سێیەمدا ڕۆڵی ئیستاتیکای خەیاڵ بە وردی لە پێکەوەنانی ڕەگەزەکانی ڕۆمان و چنینیاندا دەخەینەڕوو.

## ٢-١- كانگەكانی خەیاڵ لە ڕۆمانەكانی بەختیار عەلیدا:

### ٢-١-١- چەمک و پێناسەی كانگە:

بیرۆكەی كانگە بۆ كتێبی هونەری شیعریی ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، كە دەڵێت: "شاعیر بە دوای وێنەگردا هەنگاودەنێت: هەمووشیان لاساییكردنەوە و وێناكردنە، كە دەبێت هەر شتێک لاسایی یەكێک لەم شتانە بكاتەوە، یان دەبێت لاسایی شتی ڕاستەقینە بكاتەوە، یان لاسایی ئەو شتە بكاتەوە، كە دەڵێین هەبووە، یان لاسایی ئەو شتە بكاتەوە، كە گومان دەكرێت هەبێت یان، دەردەكەوێت" (طاليس، ١٩٧٣، ١٩٦)، لە فەرهەنگی نۆبەرەدا بەرامبەر زاراوەی كانگە "(مصدر)ی، بەكارهێناوە بەمشێوەیە "مصدر: سەرچاوە، چاوگە، بنج و بنەوان، ژێدەر، كانگا، بنیان، بنیات، ماكدەر، بنكە، چاوە، كانگە، بنگا، بن و بناوان، سەرچاوگە" (موكریانی، ٢٠١٧، ٥٢٤).

چەمكی كانگە، لای ڕەخنەگرە نوێیە ڕۆژئاواییەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە دەمانباتە دەرەوەی دەق و ئەوەی، كە ئاماژە بۆ هێما دەكات و ئەمەش بە دیاریكراوی لای (دی سۆسێر) "جەخت لەسەر وابەستەبوونی هێماو هێما بۆكراو دەكات و تەنانەت بەڕووی یەک دراو دەشوبهێنێت"(المسدي، ب.ت، ١٥٣)، هەروەها دی سۆسێر ئەو پەیوەستبوونە لە نێوان زمان و ئاخاوتندا ڕووندەكاتەوە و دەڵێت:"زمان بریتییە لە كۆمەڵە هێمایەک، هێماش بە هەست دركپێدەكرێت ( بینین، یان بیستن، یان دەستلێدان) بە دركپێكردن بەو شتە هەست بە دركپێكردنی شتێكی تر دەكەی، شتێک هەیە ناوی زمانەوانییە، كە لە بیرۆكە و وێنە دەنگییەكە پێكەوە گرێدەدات، نەک شتەكە و ناوەوەی شتەكە" (سوسير، ١٩٨٥، ٨٥)، بۆیە هێمابۆكراو بیرۆكەیە و هێماكەش وێنە دەنگییەكەیە، ئەمەش ئەوە ڕووندەكاتەوە، كە "هێمابۆكراو دەمانگەیەنێتە وێنەكە، واتە دەمانگەیەنێتە ئەو شتەی، كە بوونی هەیە لە جیهانی دەرەوەی هەستەكان، یان خەیاڵ، ئەوەش بەكردەیی هەیە و پێیدەڵێین كانگە،"(المسدى، ٢٠٠٦، ١٤٢)، هەروەها بەرامبەر"وشەی كانگە (Reference)، كە لە زمانی ئینگلیزییەوە هاتووە، دواتر لە زمانی فەڕەنسیدا لەساڵی (١٨٢٠ز) بۆ شیكردنەوە لە دەقە ئەدەبییەكاندا بەكارهێنراوە"(مرتاض، ٢٠١٠، ٣٧٤)، زاراوەی(Referent)یش هەندێكجار بەرامبەر كانگە

بەکارهێنراوە، بەڵام ئەوەی تێبینیدەکرێت "دەبینین لە نێوان تیۆریزاناندا گرنگیی زۆر بە هەردوو زاراوەکە دراوە بە مەبەستی جیاوازیکردن لە نێوانیاندا، سەرەڕای ئەوەی هەندێک لە تیۆریزانەکان گرنگیی زیاتر بە(Referent) دەدەن، بەڵام زۆربەی سیمیۆتیکەکان دەست بەهەردوو زاراوەکەوە دەگرن، هەرچەندە لە وردبوونەوەدا هەریەکەیان چەمک و پێناسەی خۆی هەیە" (مرتاض، ٢٠١٠، ٢٧٣)، لە زمانی عەرەبیشدا ئەو جۆرە کێشەیە نییە، چونکە لە زمانی عەربیدا (المرجع) و(المرجعیة)، هەندێک جیاوازی و لە نێوانیدا هەیە، بەڵام ئەوجۆرە ئاڵۆزییە دەربارەی (کانگە) لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە زاراوەی کانگە هەموو واتاکانی هەمان واتای زمانی دەگەیەنن.

لە زمانی عەرەبیدا بنەمای وشەی (مرجع) لە (ر،ج،ع) هاتووە و بەپێی فەرهەنگە زمانەوانییەکان بە واتای گەڕانەوە بۆ سەرچاوە، واتە گەڕانەوەی شتەکە بۆ شوێنی خۆی، ئەمەش لە مانا زمانەوانییەکەوە دوور نییە، کە زاراوەیەکی گێڕانەوەییە بۆ بیرۆکە، کەواتە بیرۆکەی گەڕان بە دوای بنەما و بنەچە و گوتاری ڕۆمانەکەدا، بۆیە مەبەست لە کانگە ئەو"جیهانەیە کە دەربڕێنراوە زمانییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، هێمایەکی تاک بێت، یان گوزارشتێکی لێکدراو، کە دەبێت ئەو جیهانە، یان لە واقیعدا بوونی هەبێت، یان خەیاڵکراوە بێت، کە هاوشێوەی ڕاستەقینەی لە دەرەوەی گوزارشتکردنەکە نەبێت"(التمارة، ٢٠١٣، ٥٢)، بۆیە گەڕانەوەی زاراوە و بیرۆکەی کانگە لە ڕۆماندا بۆ بنەما و بنەچە، یەکێکە لە شێوازەکانی خوێندنەوە و توێژینەوەی زانستی لە بنیاتی دەقە ئەدەبییەکاندا، کە هەوڵی دیاریکردنی شوێنپێ و ڕەنگدانەوەی کانگەکان دەدات لە دەقەکاندا و چونییەتیی مەزراندنیان لەو دەقانەدا، چونکە دەق لە ناوەڕۆکدا هەڵگری کۆمەڵێک بەڵگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و نەتەوەیین، کە شێوازی ڕۆماننووس ڕووندەکاتەوە لە ئاراستەکردنی گوتار و گێڕانەوە و مەبەستەکانی، کە لە ناوەڕۆکی دەقی ڕۆمانەکەدا بە لێڵی و داپۆشراوی ڕۆماننووس دەیانخاتەڕوو، بەڵام نواندن و گێڕانەوە بە مەبەست و ئامانجی بەدیهێنان و کردنەوەی ئەو کۆد و هێمایانە لە هۆش و بیری خوێنەر (وەرگر)دا، چونکە هونەری ڕۆماننووسین، یان خوڵقاندنی کۆمەڵگەی ناو دەقی ڕۆمان بە شێوەیەکی گشتی، بریتییە لە نواندن و نمایشکردن و لاساییکردنەوەی بیری مرۆیی و

گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە و وێنە بەرهەست کەوتووەکانی مرۆڤەکان بە گشتی و ڕۆماننووس بە تایبەتی، کەواتە: پرۆسەی توێژینەوە لە کانگەکانی خەیاڵ لە دەقی ڕۆماندا هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی گوتاری دەقی ڕۆمانەکە و هەڵوەشاندنەوەی ئامرازەکان و پۆلێنکردن و ڕێکخستنی سەرچاوەکان و کانگەکانی خەیاڵ لە دەقی ڕۆماندا، بە پشتبەستن بەو بیرە فەلسەفییەی ڕۆماننووس دیالۆگی پێدەکات لەگەڵ خوێنەر (وەرگر)دا بە شێوەیەکی شاراوە لە ڕێگەی نواندن و نمایشکردنەوە بۆ وێناکردن و خوڵقاندنی فەزای ڕۆمان و کارەکتەرەکان و ڕووداوەکان، ژینگەکان و ئەو گوتارە هاوتەرییەی، کە ڕۆماننووس ئاراستەی خوێنەر (وەرگر)ی دەکات بێئەوەی هیچ شتێک ئاشکرابکات، بەڵام خوێنەر لە ڕێگەی زمان و گێڕانەوە و ژینگە و هێما و کۆدەکانی دەقی ڕۆمانەکەوە، شیدەکاتەوە، بۆیە گوتاری هەر ڕۆمانێک کانگە و سەرچاوە و چاوگەی تایبەتیی خۆی هەیە، کە ناوەڕۆک و سەنترالیزمی دەقی ڕۆمانەکەی لەسەر بونیادنراوە، لە چوارچێوەی ڕێڕەوی ڕووداوەکانی دەقی ڕۆمانەکەدایە، ئەمەش بە ئیستاتیکای ڕۆمانی نوێ دەناسرێت، ڕۆمانی نوێش هەندێک لە کانگە واقیعییەکان دوورکەوتووەتەوە و خۆی ڕزگارکردووە، ئەم دوورکەوتنەوەیش وادەکات، کە گوتار لە ڕۆمانی نوێدا ماندووبوونێکی فیکری و پاشخانێکی ڕۆشنبیری و مەعریفییەکی هەمەلایەنەی ڕۆماننووسی پێویست بێت، ئەمە بۆ خوێنەر (وەرگر)یش پێویستە بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی گوتاری دەقی ڕۆمانی نوێ، چونکە" کانگەکانی لە دەقی هەر ڕۆمانێکدا لەسەر دوو جەمسەر بونیاددەنرێت، جەمسەری دەلالیی فیکر و جەمسەری هونەری ئیستاتیکی"(عزة، ٢٠١٤، ١٩٨)، لە دەقی ڕۆماندا ئەو دوو جەمسەرە کارلێکدەکەن، بۆیە دەقی ڕۆمان، یان گوتار لە ڕۆماندا بە تایبەت و لە ئەدەبیش بەشێوەیەکی گشتی لە نەبوونی، یان بەبێ هیچ دروست نابێت و ناخوڵقێت، بەڵکو لە کۆمەڵێک چاوگە و کانگەی مەعریفی ورۆشنبیریەوە سەرچاوە دەگرێت و دەخوڵقێنرێت، کە ڕۆماننووس بۆ بونیادنانی ڕۆمانەکە پشتی پێبەستووە، لە میانەی "سوودوەرگرتن لە دووبارە بەکارهێنانەوەی زانیارییە درکپێکراوە کەڵەکەبووەکان، لە بیرگە و خەیاڵدانی (داهێنەر)دا، لە کاتی خوڵقاندن و داهێنانی دەقەکەدا" (عبدالوهاب، ٢٠٠٣، ١٦)، لەمیانەی خوێندنەوەماندا بۆ ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی دەتوانین کانگە و چاوگەکانی خەیاڵی ڕۆماننووس بەپێی بەکارهێنان و

دووبارەبوونەوەیان لە دەقی ڕۆمانەکاندا و شیکردنەوە و شرۆڤەکردنیان، کانگەکان دەستنیشانبکەین، کە ئەمانەن.

### ٢-١-١-١- ئەزموونی کەسێتی و مێژووی نەتەوەیی ڕۆماننووس:

بە هیچ شێوەیەک ناکرێت ڕۆمان لە ئەزموونی کەسێتی و ڕۆشنبیری و مەعریفیی خوڵقێنەر و داهێنەرەکەی جیابکرێتەوە، چونکە ئەزموونی کەسی و ڕۆشنبیری و مەعریفیی ڕۆماننووس، کانگە دەقی ڕۆمانەکەن، کە ڕۆماننووس پشتی پێدەبەستێت لە خوڵقاندنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەقی ڕۆمانەکە و ئەو جیهانە خەیاڵییە پێکهێنراوە، کە دەبنە بنەمای "تێڕوانینی گشتیی ڕۆماننووس بۆ ژیان و کۆمەڵگە، کە هەڵسوکەوتی فیکری و وێژدانی و ڕەوشت و چێژی مرۆڤ بە گشتی"(رشیدعلي، ٢٠١٨، ١٢-١٣)، چونکە ڕۆشنبیری و ئەزموونی کەسێتیی ڕۆماننووس کاریگەر و کارگەی و هەوێنی بەرهەمهێنانی دەقی ڕۆمانن و لە بەرهەمەکاندا لە میانەی گێڕانەوەو دیالۆگ و گوتاری ڕۆماندا ڕەنگدانەوەیان دەبێت، هەروەها ئایدۆلۆژیا و بیرۆکە شاراوەکانی ڕۆماننووس، هەموو ئەمانە لە پشتەوەی دەقی ڕۆمانەکەن، چونکە"بنەمای هەموو چیرۆکێک لە ئەزموونی ئەو کەسەوە هەڵدەقوڵێ، کە دایدەهێنێت، ئەو ژیانەی تیا دەژی ئەو سەرچاوەیەیە، کە چیرۆکە بەخەیاڵکراوەکان ئاودەدا، بێگومان ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە دەبێ ڕۆمان بەردەوام ژیاننامەیەکی داپۆشراوی دانەرەکەی بێت، بەڵکو بە شێوەیەکی وردتر، دەکرێ لە هەر چیرۆکێکی بەخەیاڵکراودا، تەنانەت لە ئازادانەترین و کراوەترینیشیاندا خاڵێکی دەستپێکردن، یان تۆوێکی خودئامێز بدۆزیتەوە، کە لە هەناودا بە ئەزموونگەلی ژیانی ئەو کەسەوەی نووسیوێتی، بەستراوبێت"(یۆسا، ٢٠٠٨، ٢٨)، چونکە هەر تاکێک لە هەر شێوێنێکی ئەم گەردوونەدا بژی و هەست و سۆزی مرۆڤێنی هەبێت، بێگومان کاریگەریی ژینگەی ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر دروستدەبێت بە هەموو ڕەهەندە ڕۆشنبیریی و مەعریفییەکانییەوە، کە تێیدا دەژی، وەردەگرێت، ئەمەش دەکرێت بە ڕۆشنبیری ناوەکیی کەسی ناوزەدیبکەین، مەزراندنی کانگە خەیاڵییە کەسییەکانی ڕۆماننووس، بریتییە لە کاریگەربوون و ئەو کارلێکەی، کە لە نێوان ڕۆماننووس و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەدا، کە تێیدا دەژی، دروستدەبێت، چونکە ڕۆماننووس هەر کاتێک

دەست بکات بە نووسینی دەقێکی نوێ، بۆ ئەو یادەوەری و ڕووداوانە دەگەڕێتەوە، کە لە یادگەی خۆیدا عەمباری کردوون، ئەمەش بە پۆشین و ڕەوشێکی شیعرییەت و مەعریفی و ڕۆشنبیریی و ئەدەبی، کە بە ئاراستەیەک هەندێکجار ڕێکخراو و هەندێکجاریش هەڕەمەکی، یان مەبەستدار بێت، لەبەرئەوەی هەندێکجار ڕۆماننووس پشت بەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەبەستێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەی ڕۆماننووسدا ڕوویانداوە، چونکە" ڕۆماننووس دەتوانێت لە دەقی ڕۆمانەکەدا هەندێک دەقی حیکایەتە کەلەپوری و ئەدەبییەکان بمەزرێنێت، کە ڕۆماننووس بۆ بەدیهێنانی مەبەستی هونەری و ئایدۆلۆژی لەلایەکەوە، بۆ مەبەستی ئیستاتیکی هونەری لە لایەکی ترەوە، ئەمەش هەموویان داهێنانێکی ئەدەبی نوێین"(بدر، ٢٠١٣، ٢٠٢)، بۆیە مەزراندنی کانگە ئەدەبییەکان، مەودای بەرفراوانی خەیاڵ و ڕوشنبیر و مەعریفە عەمبارکراو و قوڵیی ئیدراککردنی ڕۆماننووس دەخاتەڕوو، بەختیار عەلیش خوێنەری زۆربەی دەقە ئەدەبیی و فەلسەفییە جیهانییەکانە، چونکە خودی ڕۆماننووس ساڵانێکە لە وڵاتانی ئەوروپا دەژی وتێکەڵاوییەکی مەعریفی لەگەڵ زۆرێک لە نووسەرە ناودارەکاندا هەیە، بۆیە ڕۆماننووس هەوڵیداوە ئەو کانگە و چاوگە مەعریفییە خودییانەی، کە بەشێکی گرنگی خەیاڵە عەمبارکراوەکانن لە خەیاڵدانیدا لە دەقی ڕۆمانەکاندا بمەزرێنێت، هەرچەندە ئەو کانگە مەعریفی و ڕۆشنبیریانە وەکو دەقئاوێزانێکی خودی ناودەبرێن، بەڵام لە چەمک و تێگەیشتنی ڕیفاتێردا پێیاندەڵێیت: "کانگەی دەقەکانی، دەقەکانی پێشووترن"(موسى، ٢٠١٣، ١٨)، لەم تێڕوانینەی ڕیڤاتیرەوە، دەتوانین بڵێین، کە دەقئاوێزان بەشێکە لە کانگە لە دەقەکاندا، کە بریتییە" لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە، بە وێنەیەکی جیاوازتر، ئەگەر (خوێنەر) وەرگر لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ بکات دەبێتە بەرهەمێکی نوێ"(جمعة، ٢٠٠٣، ١٥٨)، یان لە لەڕێگە و هۆکاری ڕۆشنبیری و مەعریفی ترەوە، کە لەژێنگە جۆراوجۆرە دەرەکییەکانەوە ڕۆماننووس وەریگرتووە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەو ڕۆشنبیرییە مەعریفییە لە هزر و خەیاڵدانی ڕۆماننووسدا دەچەسپێت و دەبێتە بەشێک لە ڕۆشنبیری و پاشخانی ئەدەبی و فیکریی نووسەر، بۆیە کانگەکانی خەیاڵی ڕۆماننووس و هەر نووسەرێک، جیاوازن و بەرهەمە ئەدەبییەکانیش ڕەنگڕێژی ئەو جیاوازییە هەڵدەگرن.

له خوێندنەوەماندا بۆ ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، دەتوانین کانگە ڕۆشنبیری و مەعریفییە کەسیەکانی ڕۆماننووس بۆ دوو کانگە و چاوگی سەرەکی پۆلێن و دیاربکەین :

## ٢-١-١-٢- پەیوەندیی ژیاری (شارستانی) و ژینگەی ڕۆماننووس:

بێگومان یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی دامەزراندنی پلۆتی ڕۆمان ئەو ژینگەیەیە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر ڕۆماننووس هەیە، هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری، کە نووسەر تێیدا ژیاوە و مەودای کاریگەری بەو شارستانیەتە و ئاستی پابەندبوونی ڕۆماننووس پێیان، کە دواتر ئەو کاریگەریانە بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەنگدانەوەی لەدەقی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، ئاشکراشە ڕۆماننووس بەختیار عەلی لە کۆمەڵگە و ژینگەی شارێکی وەکو سلێمانی ژیاوە و لە شاری بەغداش خوێندوویەتی، دواتریش چووەتە هەندەران و لە ئەوروپا نیشتەجێبووە، شاری سلێمانیش یەکێکە لەو شارانەی، خاوەن پێگەی ڕۆشنبیرییە لە ئاستی نەتەوەییماندا و چەندین شاعیری ناودار و نووسەر و ڕۆماننووسی بەتوانا لەو شارەدا لەدایکبوون و ژیاون، هەمیشە شاری سلێمانی جیاوازە لە شارەکانی تری کوردستان، لە جوڵەی ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی و ئەدەبیدا، زۆرترین بزوتنەوە ئەدەبی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان لەو شارەدا سەریان هەڵداوە، جێگە و لانکەی زۆربەی بیری چەپ و شۆڕشگێرانەی نەتەوەیی بووە لە سەدەی ڕابردوودا، بۆیە ئەمانەش بوو بون بە چاوگ و بنەمای ڕۆشنبیریی کەسی لە بیرگە و خەیاڵدانی ڕۆماننووسدا، چونکە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسی و دابونەریتەکان و ڕووداوەکانی شاری سلێمانی بە تایبەت و کوردستان و عێراقیش بەگشتی، بوون بە بەشێک لە مێژوو و ژیانی ڕۆماننووس، کە هەرگیز ناتوانێت پشتگوێیان بخات و لە بیر و خەیاڵدانی خۆیدا دەریانبهێنێت، لەبەرئەوەی بوون بە بنەما و کانگە و چاوگەی خەیاڵی ڕۆماننووس، لە ڕۆمانی**(غەزەلنوس و باخەکانی خەیاڵ)**دا، بەمشێوەیە هەندێک لە مێژووی شاری سلێمانی و کوردستان دەخاتەڕوو، دەڵێت:"خۆشتان دەزانن لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە فایل لە وڵاتی ئێمەدا بایەخی بێوێنە وەردەگرێت، مرۆڤ دەتوانێت قسە لە (چاخی زێڕینی فایل) بکات،

سەردەمێکە دڵنیام لە مێژوودا وەک سەرەتای عیبادەتکردنی نهێنی و ئاشکراکردنی دەردەکەوێت، سەردەمێکە ڕاستی و درۆ بە جۆرێک تێکەڵاو دەبن، مرۆڤ ناتوانێت لە یەکیان جیابکاتەوە: ئەو یاوەرە دڵ بریندارە کە فایلە نهێنییەکان لە دۆلابەکانی ژێرزەمینی ئاسایش دەردەهێنێت"(عەلی، ٢٠١٩، ١١_ ١٢)، لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەو دەقەدا، کە ڕەگ و ڕیشەی لە واقیعی ڕاپەڕینی١٩٩١ەوە چاوگە دەگرێت، کە باس لە هەندێک بابەتی واقیعی ئەو ڕۆژگارەی میللەتەکەمان دەکات، کە ئاشکرابوونی (فایلە نهێنییەکان) لەلایەن شبرەوە لەو سەردەمەدا، ئەو باسەش تاوەکو دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش، بەردەوامی هەبوو لەناو حزبە کوردییەکان و لە کۆمەڵگە و میدیاکانیشدا زۆر بە زەقی باسی لێدەکرا و بەتایبەت لە شاری سلێمانی، کە ئەو بابەتە زیاتر باسدەکرا، لە میانەی خوێندنەوەمان بۆ مێژوو و سەردەمی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیش زاراوەی (چاخی زێڕینی فایلە نهێنییەکان) داتاشینی خەڵکی شاری سلێمانییە، چونکە لەو شارەدا ڕژێمی بەعس زیاتر خەڵکی چەوساندبووەوە، بۆیە زۆر دژی بەعس و ڕژێمەکەی بوون، بێگومان ئەوەش بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و هەستی نەتەوەیی و وریایی و بەئاگابوونی خەڵکی شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە، چونکە"هەموو ڕۆمانێک مێژووییە، ئەگەر بە بنەما گشتییەکەی لە هونەری ڕۆمان بکۆڵیتەوە بەهۆی ئەو پەیوەندییە قوڵەوە، کە لەگەڵ واقیعی ژیاندا هەیەتی، ژیانی هەنووکەیی و ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە لە دەقی ڕۆمانەکەدا"(وتار، ٢٠٠٢، ١٠١)، هەروەها ڕۆماننووس لە باسی مەلای سوختەدا دەڵێت: "لەساڵی (١٩٧٥)دا، کە شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتی بەرزانییەکان هەرەسدەهێنێت، لە کاتێکدا دەیان هەزار جەنگاوەری بەدبەخت و نائومێد سنوور بەرەو ئێران دەبڕن، لە بەیانییەکی تەماویی کۆتایی ئازاردا چوار کەس لە تەمتومانی ڕۆژێکی سارد و شێداردا، بە دەستەبەرەیەک (کە لە بەتانیی شڕ و قەدی باریکی سوورەچنار دروستیانکردووە)، پیاوێکی نەخۆش لە یەکێک لە مەرزەکانەوە بۆ بیمارستانێک لە ئێران دەگوێزنەوە"(عەلی، ٢٠١٩، ٢٨)، لەم دەقەدا چەند ڕاستییەکی مێژوویی نەتەوەیی کورددا تێیدا مەزرێنراوە، کە دوو وێنەیە، ئەوەش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و دیمەنی پیاوێکی نەخۆشە و دوو کەس بە مەبەستی چارەسەرکردن بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران بە دەستەبەر دەیگوێزنەوە، ئەم دیمەنە پێدەچێت لە ڕاپەڕینیشدا دەیان جار دووبارە بووبێتەوە، کە لە جەنگ و شەڕەکاندا،

یان لەترسی هێرشی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا ڕوویدابێت، ڕۆماننووسیش ئەو دیمەن و وێنەنانەی وەک کانگە و چاوگە بۆ تەواوکردن و پێکهێنانی وێنەی کارەکتەرە خەیاڵییەکەی، کە مەلای سوختەیە بەکاریهێناوە، کە بەشێکە لە ژینگە و مەعریفە و ڕۆشنبیریی خودی ڕۆماننووس و توانیویەتی سوود لە مێژوو و کەلتووری نەتەوەیی ببینێت وەک بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنانی کۆمەڵگەی دەقی ڕۆمانەکە، لەبەرئەوەی "ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا پشت بە خەیاڵ دەبستێت و ئەو ڕووداوە مێژووییانە وەردەگرێت، بۆئەوەی بیانکاتە بابەتێکی گێڕانەوەی و بیانخاتە ژێر ڕکێفی و دەستەڵاتی دەقی ڕۆمانەکەوە، وەک خەیاڵکردن و گرێچن و پێکەوەگونجاندنیان"(وتار، ٢٠٠٢، ١٠٢).

لە ڕۆمانی **(هەورەکانی دانیال)**دا، ڕۆماننووس لە زمانی بەڕێوەبەری شارەوانییەوە دەڵێت: "بۆ دەبێت ئەم زیندانە لە ناوەڕاستی شاردا بێت لە هەموو هاتن و چوونێکدا چاومان بەم دیوارانە بکەوێت" (عەلی، ٢٠١٧، ٢٤_٢٥) هەر لە وەسفی ئەو زیندانەی ناوەڕاستی شاردا ڕۆماننووس دەڵێت: "بەڕێوەبەری شارەوانی لەوەدا لەسەر هەق بوو، زیندانەکە بە گەورەی و سادەیی و ناشیرینیی خۆی، هەر کەسێکی دەتۆقاند. وێنەیەکی غەمگین و ترسناکی دابوو بە سەنتەری گەورە، هەرچۆنێک بسوڕابایتایەوە، بتویستایە بچیت بۆ هەر جێگایەک، دەبوو بە کەناری ئەو بینا بەردین و مۆنەدا تێپەڕبیت. بەڵام هەموو بەوە ڕاهاتبووین، نەدەکرا بیر لە وێنەی شار بکەینەوە بێئەوەی زیندانێکی وا گەورە لە ناوەڕاستیدا بێت، زۆر کەس بۆیان ئاسایی نەبوو دێلاوار بێ ئەو زیندانە ببینن" (عەلی، ٢٠١٧، ٢٤_٢٥)، ئەو زیندانە مۆنەی، کە ڕۆماننووس کردوویەتی بە هەوێن و کانگەی خەیاڵی گێڕانەوەی سەرەوە، بەپێی ئەو وەسفەی ڕۆماننووس، بۆ خوێنەری شارەزای شاری سلێمانی بۆ لای (ئەمنە سوورەکە) دەچێت، چونکە پێش ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١) ئەو باڵەخانەیە جێگەی زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی شۆڕشگێڕ و کەسوکاری پێشمەرگە بوو، هێمایەکی قێزەون و داپڵۆسێنەری ڕژێمی بەعس بوو، وەک جوگرافیاش دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری سلێمانییەوە، کە دوای ڕاپەڕین بڕیاردرا بکرێت بە مۆزەخانە بۆ نمایشکردنی کەرەستەکان و شێوەی ئەشکەنجەدانی گەنجان و شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەی کورد،

بۆیە ڕۆماننووس دەبینین لە ڕەهەندێکی سایکۆلۆژییەوە وەسفێکی وردی ئەو زیندانە دەکات، کە بەشێکە لە ئەزموونی خەڵکی شار و نەتەوەی کورد و بەشێکە لە پاشخانی کەسێتیی خودی ڕۆماننووس، کە لە دەقی ڕۆمانەکەدا مەزراندویەتی و هەردوو مەبەستەکەشی بەجێهێناوە لە ڕووی گرێدانی ڕووداوەکان و بەخشینی چێژێکی ئیستاتیکی بە دەقی ڕۆمانەکە.

لە ڕۆمانی **(داگیرکردنی تاریکی)**دا، ڕۆماننووس هەندێک ڕووداوی مێژوویی، کە پەیوەستن بە نەتەوەی کوردەوە لە زمانی تاریق ئاکانسوەوە دەخاتەڕوو دەڵێت: "ئەم ژن حیزانە هێز دەنێرن بۆ کۆریا، بەڵام ئامادەنین لە پاڵمدا سەری کوردەکانی عێراق پانبکەنەوە. ئاخر ژن حیزینا کامیان مەترسین لەسەر تورکیا زیاترە کوردەکانی عێراق یان کۆریا"(عەلی، ٢٠٢٠، ٥٠١)، هەر لە زمانی ئاکانسوەوە دەڵێت: "سنوور شتێکی دەستکردە و درۆیە، هەرێمە شاخاوییەکانی سنوورم دیوە و پیاگەڕاوم، ئەو لوتکە عاسی و بەفرینانە دەشێت جێگای هەزاران یاخی تێدا ببێتەوە، لە پشت هەر بەردێکەوە دەشێت لەشکرێک خۆی بشارێتەوە باشترین شت ئەوەیە بۆئەوەی نەهێڵین هیچ ڕۆحێکی زیانبەخش لەو دیو سنوورەوە بگاتە ئەمدیو، هەر ئەمڕۆ هێزەکانمان بنێرینە دەرێ..... گەر شەرنەبەینە ئەو دیو سنوور بە زوویی ئاگرەکە دەکاتە ژێر پاشەڵی ئێمەش" (عەلی، ٢٠٢٠، ٥٠١)، لە دەقەکەی سەرەوەدا ڕۆماننووس بەمەبەست لە زمانی ئاکانسووەوە، کە تورکێکی ڕەگەزپەرستە باس لەو مەترسییە گەورەیەی کوردەکانی عێراق دەکات، یان کوردە شاخاوییەکان، ئەمەش ئەو ترسەیە، کە بێگومان کەسێکی شارەزای لە مێژووی کورد و تورکی پێویستە و بزانێت چ بابەتێک لە ناخی تورکە ڕەگەزپەرستەکاندا دژ بەکورد هەیە، تورکیش ترسیان لە هەموو کوردێک و هەر بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد هەیە و دژایەتیدەکەن لە هەر شوێنێکی ئەم گەردوونە بێت، وەک خۆیان زۆرجار دووبارەیدەکەنەوە، ئەمەش بەشێکە لەو مەعریفە مێژووییەی خودی ڕۆماننووس، کە بووە بە بنەما و چاوگی ڕۆمانەکە بە گشتی و ئەم گێڕانەوەیەش، هەروەها ڕۆماننووس لێرەشدا زۆر بە کارامەیی سوودی لە کەرەستە و توخمەکانی ناو مێژووی نەتەوەیی و دەوروبەری وەرگرتووە و دەقێکی ئیستاتیکی لێ بەرهەمهێناوە.

## ٢-١-١-٣- کەلەپور و ئەدەبیاتی نەتەوەیی:

کەلتور و کەلەپوری هەر نەتەوەیەک پڕە لەو کانگەیانەی، کە ڕۆماننووس چاوگی خەیاڵی خۆی لێیان هەڵدەگوێزێت وەک: ( داستان، خورافە، هەقایەت، چیرۆکی میللی، سەرگوزشتە، داب ونەریت،....هتد)، نەتەوەی کوردیش خاوەن سامانێکی بەپێزە بۆ ئاودانی چاوگی خەیاڵی ڕۆماننووس، چونکە مرۆڤ کوڕی ژینگەکەی خۆیەتی و ڕۆمانووسیش وەکو کەسێکی خوێنەر و شارەزا لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و هەقایەت و ئەفسانە و خورافە و داستانە کۆنەکان، بۆیە ئەگەر بە ئاگامەندی، یان بەبێ ئاگامەندی بێت، ئەو مێژوو و کەلتوورە نەتەوەییە لە بەرهەمەکانیدا بەداپۆشراوی (دەمامکراوەی) بێت، یان هەندێکجار بە ئاشکرا دەردەکەون، بۆیە ڕۆماننووس تەنها پشت بە واقیع و ئەزموونی کەسێتیی خودی خۆی و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە مێژووییەکانی ناو ژینگەی کۆمەڵگەی کوردیی ئەو سەردەمەی تێیدا  ژیاوە، نەبەستووە، بەڵکو لە بنیاتی دەقی ڕۆمانەکاندا دەبینین هەندێکجار کەلەپوری نەتەوەیی کورد لە پێکەوەنان و پێکهێنانی دەقەکەدا مەزرێندراوە، وەک یەکێک لە کانگە و چاوگە فیکرییە و ئیستاتیکییەکانی خەیاڵی ڕۆماننووس، ئەمەش لەپێناو بەستنەوە و چنینی ڕووداوەکاندا و ڕوونکردنەوە و وەسفکردنی بیرێکی فەلسەفییدا، کە ڕۆماننووس لە گوتاری ڕۆمانەکەدا گوزارشتی لێدەکات و دەیخاتەڕوو، چونکە کەلەپور "وێنەیەکە لە بەرهەمی مرۆڤایەتی لە بوارە جیاوازەکاندا، کەلەپوریش دووڕاستیی لە خۆدەگرێت، ڕاستی ماددی، ڕاستیی فیکری، چونکە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی تەنها بابەتێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بەخشینی خودی کەسایەتییەکان بۆ مرۆڤایەتی، کە چوونە مێژووەوە" (صالح، ١٩٨٣، ١٨)، بۆیە کەلەپور هەموو ئەو شت و بابەتانەن، کە بۆمان ماونەتەوە، هەروەک سەعید یەقتین دیاریکردووە و دەڵێت: " کەلەپور هەموو ئەو بابەتە نووسراو و زارەکی و بیناسازی و دابونەریتەیە، کە لە باوباپیرانەوە بۆمان بە جێ ماون، پەیوەستن بە قوناغەکانی ڕابردووی نەتەوەییمانەوە"(یقطین، ١٩٩٧، ٤٧)، کەلەپور یەکێکە لە دیارترین ئەو بابەتانەی، کە بووەتە جێگەی سەرنج و خوێندنەوەی زۆربەی ڕەخنەگرانی هاوچەرخ، بەتایبەت مەزراندنی کەلەپور لە دەقی ڕۆمانەکاندا وەک

کانگەیەک، کە هەڵگری هێمای ئایدۆلۆژیی جیاواز لەخۆدەگرێت و خوێندنەوە و شیکردنەوەی جیاوازیشی بۆ دەکرێت، "لەبەرئەوەی کەلەپور بە هەموو رەهەندەکانییەوە بەشێکە لە بنیاتی ژیان و بوونی ژیاریمان و ئەو پەیوەندییەی بە واقیعمانەوە هەیەتی و درێژەپێدەر و کارلێکی ئەرێنی لەگەڵماندا هەیە، بۆیە نە پیرۆز دەکرێت و نە پشت گوێش دەخرێت" (یقطین، ١٩٩٧، ١٤٤)، بۆیە دەکرێت کەلەپور بەوشێوەیە لێی بڕوانرێت، ئەو "واقیعەیە، کە ئێستاش لە نێوانماندا بوونی هەیە، بەشێکی سەرەکیی جهیانی خود و وێژان و خەیاڵمانە" (یقطین، ١٩٩٧، ١٤٤)، هەروەها دەبێت خوێندنەوەمان بۆ کەلەپور زانستیانە بێت و لەسەر دوو ئاست بنیاتبنرێت، ئاستی تێگەیشتن و ئاستی مەزراندن، یان بەکارهێنان. لە ئاستی یەکەمدا، دەبێت بە کرداری لە کەلەپوری نەتەوەییمان تێبگەین بە هەموو جیاوازیی ڕەوت و بیر و قۆناغەکانییەوە، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی نوێی ئەدەبی، کە پەیوەستە بەو کارلێکە ئەرێنییەی، کە دروستدەبێت لە نێوان کەلەپور و ئەو واقیعە خودیە و ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین، بۆیە "کەلەپور و نوێگەری، نمایندەی پرۆسەیەکی ژیارین، کە دەرهاویشتەی مێژوویی و پێویستی و داواکارییەکی گرنگە لە بیری هاوچەرخماندا، هەروەها کێشەی گەڕانە بە دوای پێناسیندا لە ڕێگەی ڕۆچوون بە ئێستادا و وەڵامدانەوەی پرسیاری ئێمە کێین؟"(بوشوشة، ١٩٩٩، ٤٢٨)، هەروەها دیاریکردنی ناسنامە(الهوية) تەنها بە دیاریکردنی پەیوەندی لە نێوان (من و ئەو)دا دیاریدەکرێت، چونکە" پرۆسەی نوێبوونەوە و مەزراندنی کەلەپور لە دەقدا، ئەو پرۆسەیەیە، کە دەتوانێت ناسنامەی دەق دیاریبکات، چونکە دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی (من) و ڕزگارکردنی لە زاڵبوونی کەلتووری داگیرکەران و شێواز و تێڕوانین و سیستمی فیکرییان یارمەتیدەرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەدا شارستانی و داگیرکارییە کەلتوورییەی، کە لەم سەردەمەدا ئێمە قوربانین و لە دۆخی کۆکردنەوە و گواستنەوەوە بۆ دۆخی ڕەخنە و دروستکردن و داهێنان دەمانگوازێتەوە" (بوشوشة، ١٩٩٩، ٤٢٨)، ئەمەش ئەوجۆرە مەزراندنەیە، کە هەندێک لە ڕۆماننووسە جیهانییەکان لە بنیاتی دەقەکانیاندا وەک کانگە دەیمەزرێنن، کە هەندێکیان بە مەبەستی دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی دەقەکانیان و بەخشینی چێژی ئێستاتیکیی دەقی ڕۆمانەکان بەکاریدەهێنن.

دەکرێت بڵێین، بەختیار عەلی لە دەقی ڕۆمانەکانیدا هەندێکجار سوودی لە کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و داستان و خورافە و ئەفسانە و هەقایەت و سەرگوزشتە سەرزارەکییەکان بینیوە و بوون بە کانگە و چاوگە بۆ هەندێک بابەت و ڕووداوە خەیاڵییەکانی ڕۆماننووس، "کە دکتۆریان هێنایە سەری، پزیشکێکی میسری زیرەک و وردە کاربوو، لەمێژ بوو لەو شارەدا دەژیا. پاش پشکنینێکی ورد گەیشتە دەرنجامێکی سەیر، سەمیرە هێشتا کچ بوو، پەردەیەکی پاکزەیی و سەلامەت و جوانیشی هەبووە، بەڵام زکیشی پڕبوو..."(عەلی، ٢٠١٩، ٤٢)، لەم گێڕانەوەیەدا ڕووداوێکی خەیاڵی و ئەفسانەییە، چونکە ناکرێت لە ڕووی بایۆلۆژییەوە ئافرت زگی پڕ بێت بە منداڵ و هیچ پەیوەندییەکی سێکسی ئەنجامنەدابێت، بێگومان کانگەی ئەو ڕووداوە خەیاڵییە ئەفسانەیەی ڕۆماننووس بۆ ڕووداوی دووگیانبوونی حەزرەتی مەریم بە حەزرەتی عیسی، کە لە دەقی قورئانی پیرۆزدا هاتووە و هەموو موسڵمانێک ئەو ڕووداوە دەزانێت، چ لە ڕێگەی خوێندنەوەوە بێت، یان بۆی گێڕدرابێتەوە، چونکە ئاینیش لە ناو میللەتی کورددا زۆرجار بە شێوەی (نەقڵ) وەرگیراوە و وەک دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینیی پیرۆز تەماشادەکرا، چونکە، "ڕووداوی مێژوویی وەک کەلەپورێکی نەتەوایەتی لە دەرەوەی ڕۆمان واتە ناونیشان، یان پێشەکیی بەشەکان و پەراویز... ڕوودەدات و ڕۆماننوسیش لەلای خۆیەوە تێکەڵی خەیاڵی خۆی دەکات و بەرهەمی تازەی لێدروستدەکات. واتە ڕووداوی مێژوویی دەکات بە بەردی بناغەی کارێکی ئەدەبیی خەیاڵئامێز"(حەمەد، ٢٠١٢، ٦٨)، ڕۆماننووسیش ئەو بابەتەی زۆر بە جوانی مەزراندووە لە دەقی ڕۆمانەکەدا، هەروەها مافور چنین یەکێکە لەو کارە دەستییانەی، کە لە دابونەریتی کوردەواریدا هەبووە و تا ئیستاش تاکی کورد بە تایبەت ژنان دەسترەنگینیی خۆیان لەو کارە دەستییەدا دەنوێنن و لە ڕۆمانی **(غەزلنوس و باغەکانی خەیاڵ)**دا ڕۆماننووس بەمشێوەیە مەزراندوویەتی، "لای نیوەڕۆ کاتێک حیساباتی تەواوی خۆی کرد، لە دوو کەس زیاتری لەبەردەمدا نەبوو ڕوویانتێکات، یەکێکیان حوسنی ماردینی بوو، خاوەن یەکێک لە کۆگا گەورەکانی شار، ئەوەی تریان گەلاوێژ باهیر بوو ژنی بەڕێوەبەری کارگەیەکی مافوورچنین بوو، کە کچێکی خەیاڵچنی هەبوو سەرپەرشتیی نەخش و نیگاری فەرشەکانی بۆ دەکرد"(عەلی، ٢٠١٩، ٤٨)، هەروەها "بەڕێز، ساڵی پار تۆ ئەو

کچەت پیشانی من دا کە دانیشێت و بە خەیاڵ گوڵ و نیگار و نەخشی سیحراویی سەر فەرشەکان دروستدەکات، بە منتان گوت، جوانیی قالی و مافوورەکانی ئێوە دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵی ئەو کچە" (عەلی، ٢٠١٩، ٥٦)، لێرەدا ڕۆماننووس مافوورچنینی بۆ بلۆتی گێڕانەوەکە بەکارهێناوە، کە پیشەیەکی کوردەوارییە و دوو خەیاڵی تێکەڵ بە یەک کردووە (خەیاڵ خودی ڕۆماننووس، خەیاڵ کارەکتەرەکە، کە (تریفەی یابەحری) مافور چنە) بە مەبەستی پێکەوەنانی وێناکردنێکی تەواو و کامڵ بۆ ڕووداوەکانی تر لە دەقی ڕۆمانەکەدا، بۆیە دەبینین لە هەمان ڕۆماندا بەختیار عەلی یارییەکی ئیستاتیکی بە خەیاڵ دەکات، هەروەک هەویر چۆن بیەوێت بۆ تەواوکردنی بیرۆکە و خەیاڵەکانی بەکاریدەهێنێت، بۆ زیاتر بەخشێنی چێژ بە دەقی ڕۆمانەکە، لەم گێڕانەوەیەدا بەختیار عەلی دەڵێت: "ئەو شەوە تریفەی یابەحری نەخشەی یەکەمین مافووری خۆی کێشا، کچێکی پەریزاد لە نزیک ئاوێک دانیشتووە بە دووچاوی پڕ خەیاڵەوە کتێب دەخوێنێتەوە، کوڕیکی شۆخیش لەسەر ئەسپێکی باڵدار بەرامبەری وەستاوە و تەماشایدەکات، ئاسمانی ژوور سەری کوڕەکە پڕە لە ئەستێرەی گەورە گەورە و درەختی خورافی، ئاوی دەریاچەکەش پڕە لە ماسی زێڕین، کە بە سەرسامییەوە سەیری هەردووکیان دەکەن، فاسیلەیەک لە نێوان کوڕ و کچەکەدایە ناکۆتا و ئەبەدی دەنوێنێت، ڕەنگەکان هەستی دابڕان و بەیەکدی نەگەیشتن بریسکەدارە، شتێک لە خەیاڵ و مەستی لە چاوی هەموو بوونەوەرەکاندایە، بایەکی قایم یاری بە قژی کوڕەکە و باڵی ئەسپەکەی کردووە، بەڵام فەزای دەوری کچەکە ئارام و سرەوتە لە ئاسۆکانیشدا هەمان بای هار یاری بە تیشکێکی غەمگین و پەرێشان دەکات" (عەلی، ٢٠١٩، ٧١)، لەم دەقەدا ئەو دیمەنە ئەفسووناوییە خەیاڵییە، کە (تریفەی یابەحری) لەسەر مافوورەکانی نەخشاندوویەتی، یەکێکە لە و دیمەنانەی، کە ڕەگ و کانگەکانی بۆ داستانی دڵداری و کەلەپوری نەتەوەییمان دەگەڕێتەوە، لە دەقی داستانەکان(مەم و زین، شیرین و فەرهادی،...هتد) بە هەندێک جیاوازییەوە دووبارەبووەتەوە، لە ژیانی واقیعیی ڕۆژانەی دانیشتووانی لادێییەکانی کوردستاندا زۆرجار ئەو دیمەنە خەیاڵییەی (مافوورچن) دووبارە دەبێتەوە، چونکە گێڕانەوەی ڕووداو و دیمەنەکان وەک خۆی و بە بێ تێکەڵکردن و

بێ پشتبەستن بە هەوێنی خەیاڵ هیچ چێژێکی ئیستاتیکی بە دەقی ڕۆمانەکە نابەخشێت.

لە هەردوو ڕۆمانی (**غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیال**)دا، بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و زیاتر ناوی لێکدراوی بەکارهێناوە بۆ کارەکتەرەکان، بە لەیەکدانی (پیشگر، پاشگر، کاروپیشە، هۆز، شوێن، کەموکوڕیی جەستەیی،....هتد) بە هەندێک دەستکاری و داتاشینی هەندێک ناوی لیکدراو، کە زادەی داتاشینی هزرو خەیاڵی ڕۆماننووسن، نموونەی ئەو ناوانە لە ڕۆمانی **غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ**دا (زوهدی شازمان، ماجەلانی ڕاستەقینە، سەردارباش، ماجیدی گوڵ سۆلاف، جەعفەر مەغولی، سابیری فەلەکزان، حوسنی ماردینی، ڕەحیمی فەرشفرۆش، مورتەزای شەیتان، شەهرەیاری شوشە، مەلای سوختە، مەلای هاجەر، شەهابی فەل، شەیدا نەرویجی، حاجی کۆتر، ملەمێرو، جەوهەر سەرفراز، برایانی دوولبەر، ڕەشید تەرخونچی،......هتد)، ئەو ناوە لێکدراوانە لە کەلتووری کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی کورددا بە شێوەیەکی بەرچاو بەدیدەکرێت و چاوگی ئەو ناوانەش هەرلەناو کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە وەرگیراون، بۆیە یەکێک لە جیاوازییەکانی ڕۆماننووس بەختیار عەلی لە گەڵ ڕۆماننووسەکانی تر لە نووسینی ڕۆماندا لەو جۆرە ناونانەدایە، کە بەختیار بەکاریدەهێنێت و ناولێنانی کارەکتەریش بێگومان چەندین ڕەهەند لەخۆدەگرێت، وەک: (ناسنامەی دەق و ڕەهەندی سایکۆلۆژی و ڕەهەندی مێژوویی و،.....هتد.) چونکە "ئەو ڕۆمانانەی، کە ڕووداو و کارەکتەرەکانی لە دیکۆمێنتەکانی ڕابردوو دەخوازن و ئاوێزانی دەقەکانی ناو ڕۆمانەکانی دەکات، بۆئەوەیە کە مامەڵە لەگەڵ واقیعێکی تازەدا بکات، ئاماژە بەو ڕووداوە دەکات، کە ڕاستی بۆ ئەم قوناغە هەنووکەییە زۆر گونجاوە و دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت" (مونیف، ٢٠٠٦، ٨١).

لە ڕۆمانی (**هەورەکانی دانیال**)دا، هەمان شێواز و تەکنیکی هونەری لە ناونانی کارەکتەرەکاندا بەکارهێناوە و لە دەقی ڕۆمانەکەدا مەزراندوونی، وەک: (ڕێنوار زەریاواری، میرئەوداڵ، بنەماڵەی زەریاواری، فەراسەرەش (بەرازەرەش)، حەسەن بۆیاغچی، سەی فەتحولا، پرۆفیسۆر بەهنام، لیوا یاسین، نەجمەی ئایشەگوڵ، بۆقبۆقیلە، ئال موراد، ئەندازیار مستەفا باسیلی، بنەماڵەی ماروفی، بنەماڵەی

خانزادی،....هتد)، پێدەچێت هەندێک لەو ناوانە بەدەر لە پاشگرەکەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، یان هاوشێوەی هەبێت، بەڵام هەموو ئەو ناوە لێکدراوانە زادەی خەیاڵدانی خودی ڕۆماننووسن، یان هەندێک نازناو وەک: (بنەماڵەی ماروفی، بنەماڵەی خانزادی) هەندێک لەیەکچوونیان هەیە لەناو کۆمەڵگەی واقیعی نەتەوەییماندا، بەڵام ڕۆماننووس بە هەندێک دەستکاریی تەکنیکی و هونەرییەوە بۆ گەیاندنی گوتاری ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی ئیستاتیکیی چێژبەخش لە ڕۆمانەکەدا پێشکەشی خوێنەری کردوون، هەندێک لەو ناوی کارەکتەرانە تا ئێستاش لەناو کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێن، چونکە هەر نەتەوەیەک خاوەن کەلەپور و دابونەریتی خۆیەتی، ڕۆماننووسیش بۆئەوەی ناسنامەی دەقی ڕۆمانەکەی بسەلمێنێت و زیاتر بیرۆکە و خەیاڵەکانی تێکەڵ بە واقیعی ئەدەبی بخاتەڕوو، ئەوجۆرە ناوە بۆ کارەکتەرەکانی بەکاردەهێنێت.

لەڕۆمانی **(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)**دا، هەندێک ناوی بۆ ناونانی کارەکتەرەکان بەکارهێناوە، زادەی خەیاڵی خودی ڕۆماننووسن و کانگە و ڕەگ و ڕیشەی ئەوجۆرە ناوانە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو لە مێژووی نەتەوەییمان دەگەڕێتەوە، کە لە دوای ڕاپەڕینی١٩٩١ەوە دەستپێدەکات، دیارە ئەو قوناغەش دەرهاویشتە و دەرئەنجامی نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەی کوردەواریی پێشووتر بووە، بۆیە هەندێک دیاردە لەو سەردەمەدا دەردەکەوێت و ناوی ئەو کارەکتەرانەش بۆ هەر یەکێک لەو دیاردانە دەگەڕێتەوە وەک: (بارۆنی مریشک، بارۆنی خەیاڵ، بارۆنی ئاسک، بارڕۆنی ئارد، بارۆنی دەریاچە، بارۆنی سێبەر، بارۆنی مەیگەدە، بارۆنی توتی، بارۆنی مەدەنی، بارۆنی شیر وشەکر، بارۆنی هەرمێ، بارۆنی گوڵ، بارۆنی کوللەوباروت، بارۆنی پەشمەک، بارۆنی گەنم و جۆ، باۆنی ماستاو، بارۆنی پەپولە، بارۆنی هێستر، بارۆنی دیجیتاڵ، بارۆنی غەم، بارۆنی بەز ودوک، بارۆنی شیعر و غەزەل)، وشەی **(بارۆن)**، کە ڕۆماننووس وەک پێشگرێک بۆ ناولێنانی کارەکتەرەکان لە غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵدا بەکاریهێناوەو وشەیەکی کۆنی ئەوروپییە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ دەستەڵاتدارانی ئەوروپا بەکارهێنراوە، ڕۆماننووس لە دەقی ڕۆمانەکەدا بە دوو مەبەست بەکاریهێناوە: یەکەمیان بە

مەبەستی پێدانی ڕەهەندێکی مێژوویی و نەتەوەیی بە ڕۆمانەکە و دووەمیش بۆ گوزارشتکردن لە کار و کردەوەیەک لە قۆناغێکی دیاریکراودا، کە هەندێک لە دەستەڵاتداران لە باشووری کوردستاندا کردوویانە، هەرچەندە وشەی بارۆن وشەیەکی بێگانەیە، بەڵام لە ساڵی نەوەدەکاندا لەناو کۆمەڵگەدا بۆ هەندێک کەس بەکارهێنراوە، دیارە ڕۆماننووسیش ئەو نازناوەی لە یادگەدا عەمبارکردووە و لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی خۆی و توانا و بزوێنەری داهێنانەکاندا، کە خەیاڵی خودی ڕۆماننووسە، پێکەوەیاندەنێت و لە دەقی ڕۆمانەکەدا دەیانمەزرێنێت.

٢-١-١-٣-١- ئەفسانە:

ئەفسانە (Myth )، لە زۆربەی زمانە ئەوروپییەکاندا بە مانای "شتێکی وێناکراو، وەهمی، خەیاڵی هاتووە" (خليل، ١٩٨٤، ١٥)، یان ئەفسانە، گێڕانەوەی کار و کردەوەکانی خوداوەندەکانە، یان کاروکردەوەکانی گیانەوەرەکانی سەرووی سروشتە، یان گێڕانەوەیەکی مێژوویی خەیاڵییە، یان شیکردنەوەی دابونەریتە، یان بیروباوەڕە، یان سیستەمە، یان دیاردەیەکی سروشتییە" (الكايد، ٢٠٠٤، ١٩)، زۆربەی ڕەخنەگران، مێژووی سەرهەڵدانی ئەفسانە بەو دابونەریتانەی، لە یۆنانی کۆندا باوبوون و ئەنجامدەدران، دەبەستنەوە، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەو دابونەریتە کۆنانە پیرۆزکران و شت و بابەتی نەکردەنی و خەیاڵی درایە پاڵیان و زیادەڕۆیی و درۆی خەیاڵی و بابەتەکانی سەرووی سروشت خرایەسەریان لەپێناو بەخشینی چێژی زیاتر و ڕزگارکردنی ئەفسانەکان لەبیرچوونەوە و لەبیرکردنیان و بۆ زیاتر مانەوەیان.

هەندێکجار ئەفسانە لە چوارچێوەی وەسفکردنی کارو کردەوەکانی خوداوەنددا دەردەکەوێت و بەرەو ئاڕاستەی بەتاڵکردنەوەی سایکۆلۆژی مرۆیی دەچێت و هەندێجاریش، "نووسەری ئەفسانە پشت بە بیروباوەڕە ئایینییەکان دەبەستێت، هەندێک دروشمی ئایینی لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بەکاردەهێنێت لەپێناو کامڵبوونی زیاتری بەرهەمە ئەدەبییەکەدا، نووسەرانی ئەفسانە سەرکەوتنی هیکتۆر پاڵەوانی تەرواده بۆ خوداوەندی (زەفەس)دەگەڕێننەوە، کاتێکیش هیکتۆر لە شەڕەکەدا بریندار‌بوو، دۆڕا بۆ خەولێکەوتنی خوداوەندی (زەفەس) و قۆستنەوەی لەلایەن

خوداوەندەکانی ترەوە دەگەڕێننەوە" (عاصي، يعقوب، ١٩٨٧، ٦٠٠)، لە شێواز و چۆنییەتیی گێڕانەوە لە ئەفسانەدا نەوە دوای نەوە بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوەبینیوە و ڕێرەوی ئەدەبی گرتووەتەبەر و بووە بەو "مادده خاوەی، کە دەکرێت ببێت بە هەوێنی چنراوەکان و پێکهاتەکانی ژانرە ئەدەبییەکانی تر"(عاصي، يعقوب، ١٩٨٧، ٩١)، بۆیە" ئەفسانە یەکەم سەرکێشیی داهێنەرانەیە، خەیاڵدانی مرۆڤ دایهێناوە، کە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی واقیعی مەعریفی و ئیستاتیکیی گەشەی دەرکپێکردنی مرۆییە" (شعلان، ب.ت، ٣٧)، هەروەها زۆربەی ڕەخنەگران و زانایانی سۆسۆلۆژیا لە پێناسەی ئەفسانەدا دەڵێن: "کە چیرۆکێکی خەیاڵییە و زۆرجار لە وێنەیەکی شیعریدا، یان گێڕانەوەییدا ڕێکدەخرێت، کە بە شێوازێکی ڕەمزی گوزارشت لە ڕێبازێکی فەلسەفی دەکات، کە وەهم و حەقیقەت تێیدا تێکەڵاوە" (صليبا، ١٩٨٢، ٧٩)، لەبەرئەوەی ئەفسانە گێڕانەوەی چیرۆکە و چیرۆکیش هەموو توخم و بنەماکانی ڕۆمان لە خۆدەگرێت، ڕۆمانیش ژانرێکی فرەڕەهەند و فرە بابەت لەخۆدەگرێت، ڕۆماننووس دەتوانێت بە شێوەیەکی هونەری و بە تەکنیکێکی نوێ ڕەگەزەکانی ئەفسانە لە دەقی ڕۆمانەکەیدا بمەزرێنێت، وەکو هەوێنێک بۆ تەواوکردن و کامڵکردن و وێناکردنی ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان، هەروەها بۆ بەخشینی ئیستاتیکا بە دەقەکەو چێژی زیاتر بە خوێنەر و بەستنەوە و گرێچن و ڕێکخستنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە.

بەختیار عەلی یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی، کە لە دەقی ڕۆمانەکانیدا زۆرجار پەنای بۆ کانگە و سەرچاوە ئەفسانەییەکان بردووە و لە دەقەکانییدا مەزراندوویەتی، چونکە ئەفسانەکانیش کانگە و چاوگەیان لە ڕووداو و بەسەرهاتە مێژووی مرۆییەوە وەرگرتووە، بۆیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیدا جێکەوتە و ڕەنگدانەوەی هەبووە و هەشە، چونکە" هەندێک ڕۆمانی هاوچەرخ کاریگەرە بە ئەفسانە و لە هەندێک کاری ئەدەبیشدا شێوە و ئاڕاستەی هونەری تایبەتیی خۆی وەرگرتووە و بەتایبەتتر لە ڕۆماندا" (عبدالله، ١٩٩٤، ٨).

لە **(هەورەکانی دانیاڵ)**دا، لە ناونیشانی ڕۆمانەکەوە بە ئەفسانە دەستیپێکردووە، واتە سوودی لە چیرۆکی ڕووداوێکی ئەفسانەیی ئایینیی مێژوویی بینیوە، کە لە دەقی کتێبی پیرۆزدا هاتووە، پاشای ئیمپراتۆریەتی بابل شەوێک خەونێکی ناخۆش و

بێزارکەر دەبینێت، بێزاری دەکات، بەمشێوەیە خەونەکەی بۆ پێغەمبەر دانیال دەگێڕێتەوەدەڵێت: "لە خەونەکەمدا بینیم لەگەڵ هەورەکانی ئاسماندا وەک کوڕێک دێت،...هتد"(https://tak.la/cʌfkɛgr)، چونکە دانیال خودای گەورە توانا و زانیاری پێبەخشیوە و لە شرۆڤە و شیکردنەوەی خەونەکاندا شارەزایی تەواوی هەبووە، هەرچەندە خەونەکان زۆرن و ناوەڕۆکیشیان جۆرە فەنتازیا و ئەفسانەیەک، کە ترسناک و بێزارکەری خەڵک و پاشای وڵات لەخۆدەگرێت، کە لێرەدا ناتوانین بە وردی و درشتی باسیانبکەین، ئەوەی لامان گرنگە ناوی ڕۆمانەکەیە **(هەورەکانی دانیال)**، بۆیە ڕۆماننووس ئەم چیرۆکە ئەفسانەییەی لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا بە جوانی مەزراندووە و کروویەتی بە سەنتەر و چەقی ڕۆمانەکە، لە دەقی ڕۆمانەکەدا خەڵکی شاری دێلاوار خەون دەبینن و زیاتر لە خەونەکانیشاندا وڵاتەکەیان، کە دێلاوارە لە لایەن دوژمنانەوە داگیردەکرێت، لە خەونەکانیشاندا ڕووداوی ترسناک دەبینن، ئەم خەونەش بێگومان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەوە هەیە، کە هەمیشە ترسی ئەوەیان هەیە وڵاتەکەیان لەلایەن داگیرکەرانەوە داگیربکرێت و دیسانەوە ئاوارەیی وڵاتان ببن، دیارە ئەوە واقیعێکی ڕاستەقینەیی مێژوویی نەتەوەییمانە و بەستنەوەی بە خەونەکانی دانیاڵ، یان گرێدانی بە کانگەیەکی ئاینییەوە، تەکنیکێکی هونەری و ئیستاتیکای ڕۆماننووسە، لە زاری گێڕەرەوەی سەرەکیی ڕۆمانەکەوە، کە ڕێنوار زەریاوارییەوە دەڵێت: "سنوورەکانی دێلاوار زنجیرە چیایەکی سروشتی بەرز و نەخشیانکێشاوە، لەو دیو چیاکانەوە سەرزەمینی دوژمن دەستپێدەکات. تا ماوەیەک لەمەوەبەر دێلاوار تەواو لە چنگی دوژمندا بوو. بەرلەدایکبوونی من بەچەند ساڵێکی کەم، جەنگاوەرانی دێلاوار ناوچەکەیان ڕزگارکرد و لەو کاتەوە وەک هەرێمێکی ئازاد دەژین، بەڵام ترس لە دوژمن شتێکی ئەبەدییە لە ناخماندا، ئەم چەند ساڵەی دوایی ئارامی و ئاسوودەگییەکی زۆر لێرە بەرقەرارە، بەڵام چەندین ساڵە هەموو دەڵێن ((شتەکان ڕووکەشن. هاکا دوژمن پەلاماری دا و شارەکەی گرتەوە)). ئەو ترسە وەک درکێکی ژەهراوی لە دڵماندایە و بەردەوام تووشی گینگڵ و گومان و خەونی ڕەشمان دەکات "(عەلی، ٢٠١٧، ٦٦_٦٧)، مەزراندنی و بەستنەوەی واقیعی مێژوویی بە خەونە ئەفسانەیەکەی پەیامبەر دانیالەوە، بەو شێواز و تەکنیکە هونەرییە بەرزە و هەروەها وەسفکردنی بارە دەروونییەکەی

هەردوو ڕووداوی خەونەکەی (هەورەکانی دانیال) و خەونی (خەڵکی دێلاوار)، لێکچوونێکی زۆر ورد و درشتی تێیدایە، بینی خەونی ناخۆش هاوبەشە لە نێوان هەردوو ڕووداوەکەدا، هەردوو خەونەکە بووە بە هۆکاری دوودڵی و دڵەڕاوکێی دانیشتووانی هەردوولا، ترسی داگیرکردنی وڵات و شار لەلایەن دوژمنانەوە و لە خەونەکانی پەیامبەر (دانیال)یشدا هەوری ڕەش، ئەوەیش دڵەڕاوکێی بۆ دانیشتووانەکە دروستکردوە، خەونەکانی میرئەوداڵدا" لەناکاو، لەناو درەختەکاندا ئەو پیاوە دەردەکەوت. میر ئەوداڵ دەیزانی کە بۆیە هاتۆتە ئەم خەونەوە تا ئەم پیاوە بیکوژێت، دەیزانی کە ئەم چارەنووسە، ئەم قەدەرە خوێناوییە زادەی خەون نییە، بەڵکو جێگایەکی قوڵتری هەیە، وەک قەدەرێک کە خۆی دەسەڵاتی بەسەردا نییە"(عەلی، ٢٠١٧، ١٦)، هەروەها بوونی قەلەڕەش لە ئەفسانە زارەکییەکاندا هاتووە، کە هێمایە بۆ ڕووداوێکی ناخۆش، یان هەواڵێکی ناخۆش، "مامۆستا، کە کەسە نزیکەکانی بە سەی ئەڵان بانگیاندەکرد، نزیکی چواردە ساڵ لەو قوتابخانەیەدا وانەی مێژووی گوتبووەوە، لەوانەبوو هەستیدەکرد ژیان و هەستەکان و زمانی ئێمە لە دێلاوار هەمووی لە مەترسیدایە. پیاوێک بوو چاویلکەیەکی پزیشکیی ئەستووری لەچاودەکرد و خۆی بە عاشقی یەکەمی دێلاوار ناودەبرد. ئەویش وەک زۆربەی خەڵکانی تری دێلاوار ڕای وابوو باڵندەی نامۆ و قەلەڕەشان، هەمیشە پەیامێکیان لەو دونیاوە پێیە، ڕقێکی تایبەتی لەم باڵندانە بوو. لە منداڵییەوە ڕقی لێیان بووە، لەمێژبوو خەونی بوو دێلاوار ببێت بە شارێکی خاڵی لە باڵندەی نامۆ و نەناسراو، ئەم باڵندانەی بە هێمای هێرشێکی غەریب دەبینی، کە لەمێژە بە جۆرێکی نهێنی دەستیپێکردووە، کە هات دەرگا لە حامید و هاوڕێکەی بکاتەوە، گوتی ((خودا ئامان، تا ئێستا پۆلی وا گەورەی تەیروتیورم لەم ناوە نەبینیوە، ڕقم لەم باڵندانەیە، کەس نازانێت لە کوێوە هاتوون بۆ دێلاوار"(عەلی، ٢٠١٧، ٥٤_٥٥)، ئەمەش یەکێکە لەو خورافات و ئەفسانە زارەکییانەی، کە چاوگە و ڕەگ و ڕیشەیان بۆ مێژووی زارەکیی نەتەوەییمان دەگەڕێتەوە، بێگومان گێڕانەوە و شێواز و ناوەڕۆکی ئەو خورافات و ئەفسانانە لای هەر نەتەوەیەک جیاوازی هەیە لە شرۆڤەکردن بۆ هێما و دیاردەکانی هەر ئەفسانەیەک، ئەوەش بۆ زیاتر گونجاندنە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دابونەریتی هەر نەتەوەیەک، کە بێگومان هەر نەتەوەیەک تایبەتمەندی و دابونەریتی جیاوازیی خۆی هەیە، (قەلەڕەش

، کونەپەپو) لە ئەفسانە و دابونەریتی کوردەواریدا وەکو هێمایەکی ماڵوێرانی و دەربەدەری تەماشا دەکرێن لە کوردستاندا.

٢-١-١-٣-٢- خورافە:

هەرچەندە ئەفسانە و خورافە لەیەکدەچن و تێکەڵاوییەک لە چەند ڕوویەکەوە لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام جیاوازیشیان زۆرە، چونکە خورافە "دەربڕینێکە دوورە لە ڕاستییەوە" (التونجي، ١٩٩٩، ٣٩٥)، هەروەها خورافە "بیر و باوەڕێکی ناعەقڵانییە، یان هیچ بنەمایەکی نییە" (الکاید، ٢٠٠٤، ٢٠٤)، کەواتە "خورافە هەقایەتێکی ناڕاستە، بنەما و سەرچاوەی خورافە لای هەر نەتەوەیەک جیاوازە بەپێی ئەو وێناکردن و شێوازەی، کە دەیبینێت، سەرچاوەدەگرێت" (التونجي، ١٩٩٩، ٣٩٥)، بەڵام لە زاراوەی ئەدەبیدا "خورافە هەقایەتێکی ئەفسانەییە لە خەیاڵداندا دەخوڵقێت و دروستدەبێت، یان قسەکەر و گێڕەرەوەکان دایدەهێنن، کە خەیاڵ تێیدا باڵادەستە و بابەتەکانیشی سەرووی سروشتە و سەرسوڕهێنەرن، لەوانەیە پاڵەوانەکانی مرۆڤ بن، یان جنۆکە، یان ئاژەڵەکان، یان شتەڕەقەکان و بێ گیانەکان بن" (عاصی، یعقوب،١٩٨٧، ٦٠٠)، خورافە پشت بە شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و وەسفی کارەکتەرەکانی دەبەستێت، هەروەها پێکهاتەو جۆری خورافەکە لە میانەی چۆنێتیی گێڕانەوەی چیرۆکە خورافییەکەوە بۆ وەرگر (گوێگر) دەردەدەکەوێت و ڕووندەبێتەوە.

مێژووی خورافە بۆ سەردەمی درکپێکردنی مرۆڤ بە دیاردە سروشتی و شتەکانی دەوروبەری خۆی، دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی، کە هیچ شرۆڤەیەکی لۆژیکیان بۆ نەدۆزیوەتەوە، لەپێناو بەرقەراربوونی ئارامیی دەروونیی مرۆڤەکان پەنایانبردووە بۆ ئەو شرۆڤە و لێکدانەوانەی، کە لەگەڵ درکپێکردنیاندا بگونجێت بۆ دیاردە و شتەکان، هەروەها ئەو دیاردانەی، کە لە توانایاندا نەبووە لێکدانەوە و شرۆڤەی بۆ بکەن، بۆیە ئەو لێکدانەوە و شرۆڤانە گوێزرایەوە بۆ ناو دەقە ئەدەبییەکان لەو چوارچێوەیەدا و لەلایەن گێڕەرەوەکانەوە ڕێکخرایەوە، کە "لە سەرەتادا شێوازی چیرۆکی وەرگرتووە و لە شێوازی چیرۆک و هەقایەتدا بە شێوەیەکی زارەکی نەوە بۆ نەوەی گێڕاوەتەوە، هەندێکجار ئەو ژانرە لە ئەدەبدا، بە ئاڕاستە و مەبەستی

پەروەردەیی بەکارهێنراوە، هەندێکجاریش بۆ پەروەردەی منداڵان بەکاردەهێنراوە بە نموونەی (خورافەکانی ئیسۆپ)"(عبدالفتاح، ۲۰۰۰، ۱۱).

### ۲-۱-۱-۳-۳- جیاوازیی نێوان خورافە و ئەفسانە:

"مارف خەزنەدار دەڵێت:(بیری نامەنتیقی ئەفسانەی پێدەگوترێت، هەندێ جار(خورافە)وەک زاروەیەکی ئەدەبی میللی سەرزار بۆ ئەفسانە بەکاردەهێنرێ، بەڵام جیاوازی لە نێوان ئەفسانە و خورافەدا زۆرە. ئەفسانە زاراوەیەکی زانستییە، خوێندەوار و ڕۆشنبیر بەکاریدەهێنن، بریتیە لە هیوا و ئامانجێک، کە مرۆڤ خەونی پێوە دەبینێ، بەڵام لە واقیعدا نایەتەدی. ئەفسانە بە جۆرێک گێتیی ناوەوەی ئادەمیزادی داگیرکردووە، بەخەون و هیواوە ئامانجەکانی دەردەبڕێ)" (حەسەن، ۲۰۲۰، ۱۱). هەروەک ئاماژەمانپێدا، هەرچەندە لەنێوان ئەفسانە و خورافەدا لەیەکچوون و تێکەڵاوی هەیە، بەڵام هەندێک جیاوازییان لە ناوەڕۆکدا هەیە، چونکە"خەڵکی کۆمەڵگەی ئەفسانە زیندووەکان، جیاوازی لەنێوان ئەفسانە، کە (گێڕانەوەی هەقایەتە مێژووە ڕاستەقینەکان) و خورافات، کە (گێڕانەوەی مێژووە بێبنەما و بەسەرچووەکان) دەکەن، لەبەرئەوەی ئەفسانەکان تەنها بنەچەی گەردوون و مرۆڤ و ئاژەڵ و درەخت و گژوگیا ناکەن، بەڵکو هەموو ڕووداوە سەرەتاییەکان، کەمرۆڤ وێنایاندەکرد تا گەیشتە وێناکردنەکەی ئێستای، کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراودایە"(خلیل، ۱۹۸٤، ۲۷). هەروەها جیاوازیی گەوهەری لەنێوانیاندا ئەوەیە "ئەفسانە گوزارشتێکی ئەدەبییە هێما و ئاماژە بۆ مەبەست و بیروبۆچوونێکی فیکریی فێرکاری بە دیالۆگ و حیکایەت دەکات، جێگەی باوەڕکردنە، بەڵام خوڕافە بەهەمانشێوە گوزارشتێکی ئەدەبییە، بەڵام جێگەی باوەڕپێکردەنی نییە، هەرچەندە بۆ مەبەستی فێرکارییە، یان پەند وەرگرتنێکی تایبەتیشە، کە لە زاری مرۆڤ، یان جن، یان ئاژەڵەوە دەگێڕدرێتەوە" (خلیل، ۱۹۹٦، ۱٦)، هەروەها ئەفسانە پەیوەستە بە شوێن و کاتەوە و هەموو ڕووداوەکانی ئەفسانە لە چواردەوری دیاردە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکاندا دەسوڕێنەوە و بنەمایەکی واقیعی هەیە و باس لەو ململانێییە ئەزەلییەی نێوان چاکەو خراپە دەکات، لەکاتێکدا خورافە پێچەوانەی ئەفسانە لەچوارچێوەی واقیعی و عەقڵ دەردەچێت و بەرەو سەروویی سروشت و نامەئلوف

دەچێت، ئەفسانە کۆمەڵە ڕووداوێکی بەدواییەکداهاتوو و زنجیرەییە و پشت بە هۆکاری زنجیرە ڕووداوەکان دەبەستێت و سەرەتاو کۆتایی هەیە، بەڵام خورافە ئەوجۆرە واقیعیەت و زنجیرەیی ڕووداوەکانی تێدا نییە و ڕەچاوی سەرەتاو کۆتایی ناکات، خوڕافە پشت بە گریمانە پوچەکان دەبەستێت، کە نەوە لە دوای نەوە گێڕدراوەتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازییەی لەنێوان ئەفسانە و خورافەدا هەیە، هەندی ڕەگەزی هاوبەش لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت "زۆربەی توێژەران پێیانوایە، کە هەقایەت ڕەنگێکە لەڕەنگەکانی ئەفسانە"(زكي، ٢٠٠٠، ٥٥)،چونکە "ئەفسانە و هەقایەتە میللیەکان هاوبەشن لەناماقووڵیدا، بۆیە هەرگێز ناتوانرێت بخرێنە چوارچێوەی لۆژیکەوە". (شعلان،ب.ت ٤٢)، بەڵام لەخوڕافەدا زیادەڕەوی زیاتر بەدیدەکرێت، هەروەها خورافە بەبێ هەبوونی خەیاڵ بەرهەمناهێنرێت و ئەفسانەش بێ خەیاڵ هێز و چێژی ئیستاتیکی لەدەستدەدات، لەبەرئەوەی خورافە و ئەفسانە سەرچاوەو چاوگەیان لە ڕووداوە مێژووییەکانی مرۆییەوە وەرگرتووە، بۆیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی گەلاندا ڕەنگیداوەتەوە، هەر بۆیەش "ڕۆمانی هاوچەرخ و زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکان کاریگەربوون بە ئەفسانە و ئاڕاستەیەکی هونەریی تایبەت بە ڕۆمانی ئەفسانەیی پێکهێنرا" (عبدالله، ١٩٩٤، ٨ )، ڕۆمانی مێژوویيش بەدەرنەبووە لە هەقایەت و ئەفسانە بۆماوەییەکانی کەلتووری نەتەوەیی و دەوروبەرمان، بەتایبەت نەتەوەی کورد خاوەن عەمبارێکی بەپێزی هەقایەت و خورافە و ئەفسانەیە، چونکە کورد یەکێکە لە نەتەوە دێرینەکان وخاوەنی چەندین شارستانی و کۆنترین ئایینە، کە (زەردەشتی)یە، بەوپێیەی، کە خورافە و ئەفسانە و هەقایەت بۆ سەردەمی دێرین (ئەشکەوت) و کۆنترین شوێنەوارە مرۆییەکان، کە لە چیاکانی زاکرۆسدایە، دەگەڕێتەوە، بۆیە نەتەوەی کورد لەم بوارەدا دەکرێت یەکێک بێت لە دەوڵەمەندترین نەتەوەکان، بۆیە ڕۆماننوسەکان و بەختیار عەلیش لەناویاندا، زۆرترین سوودیان لەوە بینیوە. لە(غەزلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا، ڕۆماننووس هەندێکجار پەنای بۆ هەقایەتی فۆلکلۆریی ڕۆژهەڵاتی کۆن بردووە وەکو کانگەیەکی بەپێز و یارمەتیدەرێکی باش بۆ چنینی دەقە فەنتازی و خەیاڵییەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکە، بۆ نموونە لە ( غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا هاتووە "غەزەلنووس ڕۆژێک بە دەم غەزەل خوێندنەوەوە گەیشتە دەشت و تەلانێکی سەوز، وەک دەروێشی دەور و

زمانە دوورەکان، گۆپاڵێکی درێژی پێبوو، بە خۆی و هەگبەیەکی مۆنەوە بە ڕێگادا دەڕۆیشت ڕیشی تاسەر سنگی هاتبوو، قژێکی لوول و قەترانی تا سەرشانی بەردابووەوە، لەناکاو ژنێکی بەتەمەن هاتە سەر ڕێگا و گوتی: (ها غەزەلنوس بۆ کوێ دەچێت ؟) غەزەلنوس بە دەستووری پاڵەوانی ناو حیکایەتە ئەفسانەییە کۆنەکان گوتی: داپیرە چۆن دەزانیت ناوم غەزەلنوسە، ئاوهاش دەزانیت بۆ کوێ دەچم: (پیرەژنەکە گووتی: کەواتە دوامکەوە، ژنێک هەیە ئیحتیاجی بە هاودەستی تۆیە) غەزەلنوس چوار شەو و چوار ڕۆژ بەبێدەنگ دوای ئەو داپیرە کەوت، بەخاکی گەلێک سارد و بە سەرزەمینی زۆر گەرمدا ڕابوردن بە باغی گەلێک سەوز و چیمەنی زۆر پەژمووردە و بێئاودا تێپەڕین، بە گونددا ڕابوردن نوقمی وشکەساڵی بوو، بە ئاوەدانی بە خورەم و پڕ پێزیشدا گوزەریانکرد، دواجار گەشتنە گوندێکی زۆر بێدەنگ و فەرامۆشکراو، گوندەکە تەنیا لە چەند ماڵێکی بچکولانەو و نزم و داڕوخاو پێکهاتبوو. لە یەکێک لەو ماڵانەدا غەزەلنوس ژنێکی چکۆلانەی نەخۆشی بینی لەسەر جێگایەکی چکولانە و پەڕپووت کەوتبوو. دۆشەکێکی دڕاو، لێفەیەکی بە متیلێکی بۆر و سەرینێک لە سوورمەی مۆر و هەڵوەشاو، هەموو شتێک سارد و کۆن و بێڕەونەق دەینواند"(عەلی، ٢٠١٤، ١٥٣)، لەو دەقەدا دەردەکەوێت، کە بەختیار عەلی بە وردی ئەو ڕووداوە ئەفسووناوییە دەگێڕێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ) لەسەر ئەوجۆرە ئەفسانە خەیاڵییانە مەزرێنراوە بە تێکەڵکردنی لەگەڵ واقیعدا، بێگومان لەپێناو داپۆشین (دەمامککردن)ی واقیع بۆ ئەوەی ڕۆماننووس پانتاییەکی فراوانی ئازادی بۆ فەراهەمبێت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، کە مەبەستی سەرەکیی ڕۆماننووسە.

## ٢-٢- ڕۆڵی ئیستاتیکای خەیاڵ لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا:

### ٢-٢-١- ڕۆڵی ئیستاتیکای خەیاڵ لە داهێنانی ئەدەبی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا:

#### ٢-٢-١-١- چەمک و پێناسەی داهێنانی ئەدەبی:

داهێنان، لە زمانی کوردیدا، ئەم زاراوانەشی هەیە، ئەفراندن، خولٌقاندن، یان دروستکردن، کە بەرامبەر بە( Creation )ی ئینگلیزیە، لە عەرەبیشدا(الابداع، الابتکار، الاختراع، خلق)، "لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی Creation بە مانای خولٌقاندن، یان ئەفراندن دێت، Creator واتە داهێنەر، Creative واتە داهێنەرانە. ڕەگی ئەم وشەیە لە زمانی لاتینیی کۆندا بریتییە لە (Creare) واتە: دروستیدەکات، یان بەرهەمیدەهێنێت" (ئەسوەد، ٢٠١٥، ١٧٨)، لە فەرهەنگی نۆبەرەدا بەرامبەر بە وشەی (الابداع)ی عەرەبی ئەم وشانە هاتووە "داهێنان، هەڵبەستن، لە نوێوە چت دروستکردن، دەرهانین، دەرهاوردن، دەرهێنان، هەڵخستن، جوانکاری، شیرینکاری" (موکریانی، ٢٠١٧، ١٦)، بۆیە" داهێنان لە ئەدەبدا دەرچوونە لە شێوازە کۆنەکان، هێنانەکایەی شێوازی نوێیە" (مصطفى وآخرون، ١٩٨٩، ٤٣)، "داهێنان لە فەلسەفەدا دۆزینەوە و داهێنانی شتێکە لە نەبوون"(مصطفى وآخرون، ١٩٨٩، ٤٣)، هەروەها د.عەلی ئەلحەمادی دەڵێت:"خەیاڵ قۆناغێکە لە قۆناغەکانی داهێنان، بەڵکو دەستپێکی داهێنانە، بەڵام هەموو خەیاڵێکیش نابێتە هۆی داهێنان، لە کاتێکدا هەموو داهێنانێک لە هەوێنی خەیاڵ بەدەر نییە، چونکە داهێنەر لە ڕێگە و چاوگەی خەیاڵەوە بابەتی نوێ و جیاواز بەرهەمدەهێنێت و دەیانخاتەڕوو"(الحمادي، ١٩٩٩، ٢٠)، بۆیە پرۆسە و بیرۆکەی داهێنان لە ئەدەبدا بیرۆکەیەکی نوێیە و دەرهاویشتە و بەرهەمی خەیاڵ و بیرکردنەوەی قووڵی نووسەرە، " ئەفراندن و داهێنان لە لای تاک، پلە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، داهێنان لە ڕێگەدەرچوونی دوورە لە ئاڕاستە بنەڕەتییەکەی خۆی و جیابوونەوەیە لە زنجیرەی ئاسایی لە بیرۆکەیەکەوە بۆ بیرۆکەیەکی تر، سەرتاپا جیاواز"(بدوي، ١٩٨٤، ١٢٧)، "بەڵام لە ئەدەب و هونەردا داهێنان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خەیاڵ و ڕوانین و بەهرەی شاعیرەوە هەیە. خەیاڵ سینتەری داهێنانە، واتە خەیاڵ لە تەک

بوونی بەهرە و خوێندنەوەی بەردەوام هەستی تیژبینی و درککردنی پێشوەخت بە شتەکان لە لای شاعیر و هونەرمەند و نیگارکێش، دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی کاری داهێنەرانە"(ئەسوەد، ٢٠١٥، ١٧٨-١٧٩)، بۆیە خەیاڵ بنەڕەت و پێکهێنەری سەرەکیی پرۆسەی داهێنانی ئەدەبییە لەپاڵ توخمەکانی تردا، چونکە خەیاڵ کار لەسەر بەهێزکردنی کاریگەریی ئیستاتیکای ئەدەب لەسەر وەرگر دەکات بەپێی ئاستی وەڵامدانەوە و چێژ وەرگرتنی وەرگر لە دەقە ئەدەبییەکەدا، ئەمەش بۆ هێزی خەیاڵ و کاریگەرییە دەروونیی و هەستییەکان و سەرکەوتنی پرۆسە ئەدەبییەکە دەگەڕێتەوە، بەمشێوەیەش بەها و ئیستاتیکای داهێنان لە دەقی ئەدەبیدا، کاریگەری خەیاڵ لەسەر وەرگری دەقی ئەدەبی دیاریدەکرێت، چونکە بابەتە خەیاڵییەکان، کە بە وشە و ڕستە لە دەقە ئەدەبییەکەدا بەرچاوی خوێنەر دەکەون، کاریگەری دەخاتەسەر دەروون و هەستی خوێنەر، کە بەهەندێک ڕووداو دڵخۆشدەبێت و بە هەندێکیش دڵتەنگ، هەندێک ڕووداو دەیخاتە پێکەنین و هەندێکیش پێچەوانەکەی پشتگیریی هەندێک کارەکتەردەکات و هەندێکیش دژی دەبێت.

لە پەرەپێدانی داهێناندا لای ڕۆماننووس، بێگومان خەیاڵ ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرەکی دەبینێت، بەڵام "هیچ ئارگۆمێنتێک نییە لەسەر ڕۆڵی هزر لە ئاشکراکردن و داهێنان و گۆڕاندا، بەڵکو خەیاڵ گرنگترین هەڵبژاردەکانی هزرە بۆ پێشکەشکردنی بابەتی نوێی و جیاواز، چونکە خەیاڵ ناوچەی بۆشایی و کارپێکەری ئازاد و کارگەی پێکهێنان و سیناریستی ڕێکخستنەکانە، هەر خۆشی نیشتمانی دیزاین و شێوەپێدانە، لەبەرئەوەی هزر بە تەواوەتی پشت بە خەیاڵ دەبەستێت لە دەرهێنان و داهێنانەکانیدا، بۆیە مرۆڤ بەوە تایبەتمەندە، کە داهێنەر و دروستکەری شتە جیاوازەکانە" (الساعدي، ٢٠١٥، ١٢٢)، هەروەها پرۆسەی خەیاڵکردن یەکێکە لەو پرۆسە گرنگانەی، کە مرۆڤەکان پەنای بۆ دەبەن بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکە و بابەت و ئەزموونی نوێ، چونکە خەیاڵی داهێنەرانە، بریتییە لەوجۆرە بیرۆکانەی، کە بەرهەم و کاری هونەریی مەزن و گرنگ و کەموێنە بەرهەمدەهێنێت، هەروەها خەیاڵکردن پرۆسەیەکی هەڕەمەکی نییە بە تایبەت لە هونەری ڕۆماننووسیندا، هەربۆیە، "ئەگەر هەوڵماندا لە نموونە هونەری و ئەدەبییە مرۆییەکاندا، کە هونەرمەند و نووسەرەکان

دایانهێناوە لە نموونەی (هاملێت، ئۆدیب، ئەلجیۆکەندا،....هتد) تێبگەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە داهێنەر (نووسەر) توانای بینینی مرۆڤ و ژیانی بە شێوەیەکی قووڵتر هەیە، کە لە بینینی مرۆڤی ئاسایی جیاوازە"(حسین، ٢٠٠٧، ٣٣)، جۆرج بێرنارد شۆ دەڵێت: "خەیاڵ سەرەتای داهێنانە، تۆ خەیاڵی ئەوە دەکەیت، کە دەتەوێت، ئەو شتەت دەوێت، کە خەیاڵی لێدەکەیتەوە، لە کۆتاییدا ئەوەی دەتەوێت دەیخوڵقێنیت (دروستی دەکەیت)" (حسین، ٢٠٠٧، ٣٣)، هەروەها "چۆمسکی، پێناسەیەکی وردی بۆ چەمکی داهێنان کردووە، کە دەڵێت: داهێنان توانای بەرهەمهێنان و تێگەیشتنە لە ڕستە نوێیەکان" (علوش، ١٩٨٥، ٤٦).

## ٢-٢-١-٢- خەیاڵی داهێنەرانەی بەختیار عەلی:

هەرچەندە ئەدەب و هونەر بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی خەیاڵن، بەڵام ڕۆمان زیاتر و تایبەتتر لە ڕەگەز و جۆرەکانی تری ئەدەب زادەی خەیاڵە، داهێنانی خەیاڵ توانا و دەستەڵاتی ڕۆماننووس لە چۆنیەتی بەرچەستەکردن و نووسیندا دەخاتەڕوو، لە ڕۆمانی **(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)**دا، بەمشێوەیەیە" ((مامۆستای خەیاڵ... مامۆستای خەیاڵ)) غەزەلنوس چەند جارێک وایگووت و وەک یەکێک داوەتی سەفەرێکی کردبێت و ئەویش قەبووڵی بێت، گوتی باشە. بێئەوەی لە هیچی تر بپرسێت، بێئەوەی بڵێت، سەیفەدین مارۆ کێیە؟ مەهناز خان کێیە؟ گرفتی چییە؟. حوسنی ماردینی کە تەواو پەشۆکانی عەتار تێگەیشت، دەیزانی لە نێوان دوو روحدا وەستاوە، کە دوو جەمسەری پێچەوانەی دوو دونیان کە هەرگیز بە یەک ناگەن، جیهانی بازاڕ و جیهانی خەیاڵ"(عەلی،٢٠١٩، ١٧٩)، لە دەقەکەدا ڕۆماننووس دەستەواژەی (مامۆستای خەیاڵ)ی داهێناوە، هەروەها غەزەلنووس دەڵێت: "وانەی خەیاڵ وەک وانەکانی تر نییە....مەهناز خان" (عەلی،٢٠١٩، ١٧٩)، ڕۆماننووس بۆئەوەی زیاتر وانەی خەیاڵ، کە خودی ڕۆماننووس خوڵقاندوویەتی بۆ ئەوەی زیاتر لای خوێنەر ڕوون و کاریگەرتر بێت، کە وانەیەکە و غەزەلنوس بە مەهناز خانی کچی سەیفەدین مارۆ دەیلێتەوە بەمشێوەیە دەربارەی وانەی خەیاڵ دەڵێت: "دەرسی خەیاڵ وەک دەرسەکانی تر نییە... مەهناز خان. خەیاڵ لە هێزە گەورەکانی دونیایە، مرۆڤ ئەو ساتە، دروستدەبێت، کە خەیاڵ دروستدەبێت، حەقیقەت سەرەتا لە خەیاڵدا

هەیە"(عەلی،٢٠١٩، ١٧٩)، بۆیە خەیاڵ پاڵنەری توانا مرۆییەکانە بۆ پەرەپێدانی جیهانبینی و تێڕوانینە گشتییەکانی مرۆڤ و فراوانتری دەکات و بیرۆکە و داهێنان و دۆزینەوەی نوێ دەهێنێتەکایەوە، "ئەو ڕۆژەی چووم بۆ لای حوسنی خەیاڵ، وەک کۆندۆز و ئەنتیکناسێک خۆم ناساند، بە زەحمەت ڕازیمکرد ئەو خاولییەم نیشانبدات، گووتم لە شارێکی دوورەوە هاتووم و لەسەر خەیاڵ لە ئەدەبیاتی دێریندا دەنوسم، بێئەوەی بهێڵێت نیگاریبکێشم، یان وێنەیبگرم، ئەو پارچە دەستکردەی خەیاڵی پێشاندام. خاولییەکی ئێکجار قەشەنگ بوو. زۆر سیحراوی و دڵهەژێن. ئەو شەوەی حوسنی خەیاڵ ئەو خاولییەی پێشاندام، وەک ئەوەی فریوی دەردێکی هەتاهەتایی بخۆم کەوتمەوە ناو گێژاوەی ئەو پرسیارە قووڵانەی لە گەنجییەوە دەمهێنن و دەمبەن، دەسەڵات یاخود خەیاڵ؟ ئەوە پرسیارە ئەبەدی و ترسناکەی منە. ئەو ڕۆژەی حوسنی خەیاڵ ئەو خاولییە عاجباتی و ناوەزەیەی نیشاندام. من چیرۆکەکەم بە جۆرێکی تر خوێندەوە"( عەلی، ٢٠١٩، ٢٠٠)، ئەو خاولییە خەیاڵکردەی ناو دەقی ڕۆمانەکە، داهێنان و خوڵقاندنی خودی ڕۆماننووسە، پێدەچێت ئەو خاولییە خەیاڵکردە لە جێگەیەکی ئەم گەردوونەدا بوونی هەبوو بێت، بەڵام لە دەقەکەدا بوونی هەیە، یان دەتوانین بڵێین بوونی خاولییەکە ڕاستییەکی ناو دەقەکەیە (ڕاستی ئەدەبی)یە، بۆ ڕوونکردنەوە و ڕووچوون و قوڵبوونەوەیە لە چیرۆکە خەیاڵییەکە، کە ڕۆماننووس ئەفراندوویەتی، چیرۆکە نەخشێنراوە خوڵقێنراوەکەی سەر خاولییەکەش، چیرۆکێکی داهێنراوی خەیاڵی و پێکەوەنانی خودی ڕۆماننووسە، چونکە لە چیرۆکە خەیاڵکراوەکەی سەر خاولییەکەدا (شاعیران شاکان دەکوژن)، ئەم کارەش بێگومان هەڵوێستی خودی ڕۆماننووس نییە، چونکە هەڵوێست و خەون و گوتاری بەختیار عەلی لە هەمان پەڕەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە لە زاری بارۆنی خەیاڵەوە دەڵێت: "چ گوناهێکی گەورەیە شاعیران شاکان بکوژن... نا ئەزیزان، من خەوم بەوەوە دەبینی شاکان لە گەڵ شاعیراندا پێکەوە دانیشن و خەیاڵات بگۆڕنەوە" (عەلی، ٢٠١٩، ٢٠١)، لەبەرئەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە منداڵدانی خەیاڵی ڕۆماننووسدا لەدایکدەبن، بۆیە هەندێکجار دەستەواژەی (ڕۆمانی خەیاڵی) بەکاردەهێنرێت بۆ هەندێک ڕۆمان.

له ڕۆمانی **(هەورەکانی دانیال)**دا ڕۆماننووس شارێکی خەیاڵی خوڵقاندووە، کە ناوی شاری (دێلاوار)ی لێناوە، هەندێکیش لە واقیعی کوردستانەوە نزیکە، بەپێی ڕووداوەکان و شرۆڤە و ناوهێنانی هەندێک شوێن و هەندێک ڕووداوی مێژوویی واقیعی، کە لە کوردستاندا، لە میانی ڕووداوەکاندا ڕووندەبنەوە، لە باسی شاری دێلاواردا دەڵێت: "هەتا دەڵێن دێلاوار ناوی شارەکەمان لە دیلاواوە وەرگیراوە، کە مانای سەرزەمینێک زیندانییەکان ئاوایان کردۆتەوە، هەڵبەت کەسانیش هەن ئەوە ڕەتدەکەنەوە دەڵێن ناوی (دێلاوار) لە دلاوەرەوە هاتووە، کە نازناوی شارێکە سەردەمانی زوو پڕبووە لە جەنگاوەرانی دلێر و نەبەز. مێژوونوسێکی دیمان لە ساغکردنەوەی ناوەکەدا دەڵێت هەردوو ئەم بۆچوونە پوچن و دێلاوار لە ((دێ لەوەڕ)ەوە وەرگیراوە، واتە گوندێک خەڵکەکەی لە لەوەڕی مفتن، دەژین و جگەلە خواردن و خەو و کەیفی پوچ، عەقڵ و فکریان لای هیچ تر نییە"(عەلی، ٢٠١٧، ٢٥_٢٦)، داهێنان و ناولێنانی شاری (دێلاوار)، شرۆڤەکردنی ناوەکە و بەڵگە هێنانەوە، بەپشتبەستن بە بۆچوونی مێژوونووسان، کە بۆچوون و شرۆڤەکانیش هی خودی ڕۆماننووسن، هەڵبەتە پەیوەندییەکی بە واقیعی مێژوویەکی دیاریکراوەوە هەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین داهێنانێکردووە، کە قەناعەت بەخش و باوەڕپێکردەنی بێت، چ وەک شرۆڤەی بۆچوونەکان بۆ ناولێنانەکە و دواتریش مەزراندنی ناوەکە لە دەقەکەدا، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکەدا زۆر گونجاوە، هەرچەندە لە ڕووی واقیعیشەوە شوێنێک نییە لە گەردووندا بە هەمان ناوی (دێلاوار) بێت، بەڵام شرۆڤەکان و بەڵگەکانی ناو دەقەکە سەلمێنەری ڕاستییە ئەدەبییەکەن، ئەوەش کردەو داهێنان و پێکەوەنانی خەیاڵی ڕۆماننووسە، زۆربەی شوێنەکان و چیرۆک و ڕووداوەکانی ناو دەقی ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال) داهێنان و وپێکەوەنانی خەیاڵی خودی ڕۆماننووسن، بەڵام بە سوودوەرگرتن لە ڕووداوە مێژوییەکان، کە داگیرکەران لە دێر زەمانەوەبەسەر نەتەوەکەماندا سەپاندوویانە، ئەمەش بۆ زیاتر و فراوانیی بەکارهێنانی خەیاڵ لە ئەفراندنی ڕەگەز و توخمەکانی ڕۆمانەکەدا، بێگومان ئەمەش لە دەقی ڕۆمانێکەوە بۆ یەکێکی تری جیاوازی هەیە، ئەوەی جێگەی ئاماژەبۆکردنە، کە چەندین ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ داهێنانی ئەوجۆرە ڕۆمانانە: کە دەکرێت تەنها

کارەکتە و ڕووداوەکان خەیاڵی بن، بەڵام شوێنەکان ڕاستەقینە و واقیعی بن و خوێنەر ئاشنایان بێت، یان لە دەقی ڕۆمانەکەدا بیانناسێتەوە.

لە ڕۆمانی **(داگیرکردنی تاریکی)**دا، ڕۆماننووس لە چیرۆکێکی داهێنراوی خەیاڵی خودی ڕۆماننووسەوە، ئەو ترسە دەگێڕێتەوە، کە ناخی تورکە داگیرکەرەکانی کوردستانی چنیووە، کە چۆن بەیانییەک لە خەوهەڵدەستێت و زمانی تورکی لەدەستداوە و بە زمانێکی تر قسەدەکات، کە زمانی دوژمنەکەیانە، بۆیە ئەمە وەک نەخۆشییەکی کوشندە تەماشادەکەن و لێکیدەدەنەوە، بەمشێوەیە ڕۆماننووس بە شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ویستی بە ئویزار هانم بڵێت ((کاتی بەرچاییە... منداڵەکان هەستێنە پێکەوە شتێک بخۆین)) ئەو وشانەی لە دەمی هاتنەدەرێ شتێکی دی بوون، ئەو زمانە نەبوو تا شەوی پێشوو بەرلەخەوتن قسەی پێدەکرد. ئویزار هانم، بە سەرسامییەوە سەیریکرد و تێنەگەیشت مێردەکەی دەڵێت چی، وەک یەکێک بو زمانی شکا بێت و پیتەکانی و دەنگەکان تێکەڵبکات . لەو کاتدا دوو کچەکەشیان لەسەر ئاوازی ئەو دەنگە سەیروسەمەرانەی باوکیان لە ژوورەکەی خۆیان هاتنەدەرەوە و کەوتنە سەیرکردنی عیسمەت ئۆکتای، کە بێئەوەی هیچ تێبگات سەیری ژنەکەی کرد. ژنەکەی پێی گوت ((عیسمەت چییە، بۆ واتلێهاتووە، گاڵتەمان لە گەڵ دەکەی؟)) عیسمەت هیچ لە ژنەکەی تێنەگەیشت و بە دەنگێک هیچ لە دەنگی ئاسایی خۆی نەدەچوو و گوتی ((ئویزار نازانم دەڵێیت چی؟ تێناگەم دەڵێیت چی؟))، بەڵام مەبەستەکەی بەوشەگەلێکی هێندە سەیروبێمانا دەربڕی، ئویزار و منداڵەکانی ترسان ژنەکە بە تۆنی دەنگیدا تێگەیشت عیسمەت گاڵتەناکات، دڵنیابوو شتێکی نائاسایی لە مێردەکەی قەوماوە"(عەلی، ٢٠٢٠، ٦)، ئەم چیرۆکە داهێنراوی خەیاڵی ڕۆماننووسە و کرۆکی ڕۆمانەکەشی لەسەر بنیاتناوە، کە ڕۆماننووس بە شێواز و تەکنیکێکی ئیستاتیکای خەیاڵی داهێنەرانەی هونەریی چڕ و وردەکار و ڕەهەندەکانی دیکەش وەک ڕەهەندی (سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی)یشی ڕەچاوکردووە لە داهێنانی چیرۆکەکەدا، بۆیە ڕوودانی لەدەستدانی زمانی عیسمەت ئۆکتای، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ترسەی، کە هەمیشە تورکپەرستەکان لێی دەترسان، کە دواجاریش یەخەی تورکپەرستێکی ئەرگەنەکۆنەکان دەگرێت و

توشی ئەو نەخۆشییە کوشندەیە دەبێت، کە تورکەکان ساڵانێکە ڕۆح و دەروونیانی چنییوە و خۆیان بە (نەخۆشیی کوشندە) وەسفیدەکەن، ڕۆماننووس ڕاستەوخۆ ڕووداوەکەی گێڕاوەتەوە، هەرچەندە ڕووداوەکە دوورە لە ڕاستیی واقیعی (فیسیۆلۆژی)ەوە، بەڵام شێوازی گێڕانەوەکە و خستنەڕووی هەندێک زانیاری و ڕاکێشانی هەندی ڕاستیی واقیعی مێژوویی و تێکەڵکردنی لەگەڵ ڕووداوەکەدا، وا لە خوێنەر دەکات تا کۆتایی ڕۆمانەکەش و دواتریش هەست بە بوونی ڕووداوی لەو شێوەیە بکات، ئەم رووداوە سەرەکییە زادەی پێکەوەنان و گونجاندنی وردە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی خەیاڵی ئیستاتیکیی ڕۆماننووسە و لە منداڵدانی خەیاڵێکی ڕەسەنی نەتەوەییدا لەدایکدەبێت.

هەروەها ناوی کۆمەڵێک شار و شوێن هاتووە "دیاربەکر، ئەنقەرە، ئەستەمبول، شیرناخ، عەنتاب، قارس، مالاتییە، جزیرە، سلوپی، نوشهر، هەکاری، دیجلە، ماردین، سیرت، شەمزینان، ئارارات، دەرسیم، سێواس، مزگەوتی عبدالحمیدخان، شیرین تەپە، بۆسفۆر، مەیدانی تەقسیم،..........هتد"(بڕوانە: عەلی، ٢٠٢٠) ناوی ئەو شوێن و جێگایانە ڕاستەقینە و ناسراون و دیارە ڕۆماننووس بە مەبەست ناوی هەندێک شار و شوێنی نەتەوەیی کوردی لە دەقەکەدا مەزراندووە، ئەوەش بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی زیاتری خوێنەری کورد و کاریگەربوون بە ڕووداوەکان و پێدانی پێناسەی دەق و تیشکخستنەسەر ڕووداوە مێژووییەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکەی، هەروەها ڕۆماننووس لە ڕووداوە مێژووییەکانی تورکیا و دەستەڵاتی داگیرکاری عوسمانیی تورکی ڕەگەزپەرست، سوودی لە بنیادی ڕووداوەکانی دەقی ڕۆمانەکەدا بینیوە بە موتوربەکردن بە خەیاڵ فراوانیی خودی ڕۆماننووس، چونکە ڕۆماننووس دەتوانێت هەندێک ڕووداوی واقیعیی مێژووی و ڕاستەقینە لە ناوەڕۆکی بابەتە خەیاڵەییەکەیدا بەکاربهێنێت وەکو هەوێن و فەزای ڕووداوەکان (دیکۆر)و (جێکات)ی گشتی، کە کارەکتەر و ڕووداوە خەیاڵییەکان لە ناویدا بجوڵێنێت وەکو ئەو فەزا خەیاڵییەی لە دەقی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت. هەروەکو چۆن لە هەردوو ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ و هەورەکانی دانیال)دا ڕۆماننووس دروستی کردووە، لە ناونانی هەندێک گەڕەک و شوێن، کە زۆربەیان شاری سلێمانین، ئەمەش جۆرێکە لە داهێنان

و تێکهەڵکێشکردنی ڕەگەزەکانی ڕۆمان، بە تایبەت ئەوجۆرەی بە ڕۆمانی خەیاڵی ناودەبرێت، بێگومان ئەمەش کارێکی ئەرێنی و پەسەندە لە هونەری ڕۆماننووسیندا، چونکە داهێنانی فەزای ڕۆمان لە شێوە و گوزارشتکردن لە شت و بابەتە خەفەکراوەکان لە چوارچێوەی داهێناندا، بۆ ئاگایی و شارەزایی ڕۆماننووس، کە لە بوارەکانی سایکۆلۆژیا و جیوپۆلۆتیکی کوردستان و مێژوویی و بابەتە زانستییەکانی تریشدا لەوجۆرە داهێنان و ئەفراندندا دەگەڕێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی، خەیاڵ فراوانی لە ئەدەب و هونەردا و بەتایبەت لە هونەری ڕۆماننووسیندا، نهێنیی داهێنانی ئەدەبییە، هەموو ئەو شاکارە جیهانییانەی لە هزر و خەیاڵی نووسەرێکی داهێنەردا خولقێنراو و دواتر نووسراونەتەوە، بەختیار عەلیش خاوەن خەیاڵێکی داهێنەرانەیە، کە لە کانگە و چاوگەی ئەزموونی کەسی و دنیابینییەکی گەورە و فراوانەوە سەرچاوەیگرتووە.

## ٢-٢-٢- ڕۆڵی ئیستاتیکای خەیاڵ لە قەناعەتپێهێنانی خوێنەری ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا:

ڕاستیی واقیعی شتێکە و ڕاستیی ئەدەبی شتێکی ترە، ناکرێت ئەو دووە وەک یەک لێیانبڕوانرێت، زۆر مەحاڵە وەکیەک دەربچن، چونکە ئەدەب لە واقیع باڵاترە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان دەقی ڕۆمان و واقیعدا نەبێت، هەروەها لە هەمانکاتیشدا ئەو ڕاستییەی لە دەقی ڕۆمانێکدا دەخرێتەڕوو، هەمان ڕاستییەکانی ژیانی نووسەر، یان خوێنەر بێت، بەڵام ڕۆماننووس دەتوانێت زانیارییە گرنگ و بە سوودەکان لە دەقی ڕۆمانەکەدا لەبارەی واقیعەوە بخاتەڕوو، بەڵام لە ڕێگەی دەستکاریکردنی (ڕووداو، بەسەرهات، کارەکتەر، شوێنکات)ەکانی واقیعەوە، بەو ئامرازە گرنگەی، کە بنەمای ڕۆمانەکەی لەسەر بنیاتنراوە، کە ئەوەش خەیاڵە و لە میانەی کەرەستەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت، هەموو ئەو پرۆسەیەش وادەکات ئەزموونی واقیعی خودی ڕۆماننووس بگۆڕێت بۆ گوزارشتکردنێکی هەستپێکراوی ئەدەبیی و چێژێکی ئیستاتیکی و قەناعەتبەخش و باوەڕپێکراو لەلایەن خوێنەری دەقی ڕۆمانەکەوە، چونکە "هێزی خەیاڵ لە هونەردا ماددەی شتە ڕەقەکان تێکدەشکێنێت لە بۆتیقای خەیاڵی هونەرمەندا لە (ناکات)دا بۆ ئاشکراکردنی جیهانێکی نوێ لە وێنە و شێوەی شیعری و مۆسیقا و خەیاڵ و شانۆدا،... لێرەشدا ڕۆڵی ئیستاتیکای چەشە دێتەکایەوە، کە دەبێت جیاوازی لە نێوان کاری هونەری بنەڕەتی و دزێودا بکات" (ابراهيم، ب.ت، ٨٠)، دەقی هەر ڕۆمانێک لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە تەواوکەری یەکن و ناکرێت لەیەکجیابکەرێنەوە، تەنها بۆ شیکاری و ڕوونکردنەوە نەبێت، هەروەها شێوازی گێڕانەوە و گێڕەرەوەی ڕۆمان لە هەر دەقێکدا تەواوکەری یەکترن و ناکرێت لەیەک جیابکرێنەوە تەنها بۆ شیکاری و ڕوونکردنەوە نەبێت، چونکە "هەر شێوازێک ئەوە دەستنیشاندەکات، کە ئاخۆ ئەو چیرۆکە شایەنی باوەڕپێکردنە، یان نا؟"(یۆسا، ٢٠٠٨، ٣٨)، بێگومان بەختیار عەلی هەروەک چۆن"(موبی دیک) حیکایەتی گورکێکی دەریا دەگێڕێتەوە، کە شێتی نەهەنگێکی سپی بووە، هەموو دەریاکانی دنیا شوێنی دەکەوێت، هەروەها دۆنگیخۆتە مەینەتی و سەرکێشییەکانی سوارچاکێکی نیمچە شێت دەگێڕێتەوە، کە دەیەوێت لە پێدەشتەکانی مانشا کارە

باشەکانی پاڵەوانانی ڕۆمانی سوارچاکییەکان دووبارەبکاتەوە" (یۆسا، ٢٠٠٨، ٣٨)، لەڕێگەی خەیاڵەوە و بە سوودوەرگرتن لە واقیعی باکوری کوردستان دەقی ڕۆمانێک بخوڵقینێت، کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە (تاریق ئاکانسو) بە دوای ئەو تاریکییەدا بگەڕێت، کە ناخ و دەروونی زۆربەی تورکە ڕەگەزپەرستە داگیرکەرەکانی داگیرکردووە، تا کۆتایی ژیانیان بە دوای ئەو ترس و وەهمەدا بگەڕێت و بۆی دەستگیرنەکرێت، هەروەک لە زمانی مەهدیی وەرگێڕەوە بۆ تاریق ئاکانسو دەڵێت: "جەنابی ئاکانسو، من نازانم چی بۆ تۆ و بۆ نەتەوەی تورک باشە، بەڵام دەمەوێت لەگەڵتدا ڕاستگۆ بم، لە جێگەی هەر وشەیەک لە بیری ئێمەی دەبەیتەوە، ڕقێکی گەورە سەوزدەکەیت، ڕقێکی بێدەنگ، بەڵام تاریک. تۆ چەند بەهێز بیت، سوپاکەت چەند بەهێز بێت، شەڕتان لەگەڵ بێدەنگیدا بۆ ناکرێت، هەر وشەیەک دەتەوێت بیخنکێنیت لە بێدەنگیدا هەڵدەگیرێت، بێدەنگی هەندێ جار خەزنەیەکی گەورەیە مرۆڤ دەتوانێت قووڵ هەموو زمانی خۆی لەناودا بشارێتەوە. هەوڵمەدە بکەویتە ئەو زەلکاوانەوە. ئەو ڕۆژەی ئێمە ئیدی زمانێکمان نابێت قسەی پێبکەین، ئیتر نامانبینیت، نە تۆ، نە هیچ کەسێک شەڕی بێدەنگی بۆ ناکرێت، بێدەنگی ناسڕدرێتەوە، بێدەنگی ترسناکە دەتوانێت بتخنکێنێت."(عەلی، ٢٠٢٠، ٢١٨)، هەروەها لە ڕۆمانی **( غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)**دا، ڕۆماننووس کۆمەڵەیەکی خولقاندووە بە ناوی (جەمعییەتی ژنانی سەرگەردان)، لە باسکردنی ئەو جەمعییە خەیاڵییەدا دەڵێت:"(جەمعییەتی ژنانی سەرگەردان کە گەورەترین جەمعیەتێک بوو غەزەلنوس دیبێتی، لەو چەند ساڵەدا بە چەندەها گروپی خەیاڵکاری بچوک گەیشتبوو، بە چەندەها باغدا سەفەریکردبوو، بە سەرشاخی بەرزدا سەرکەوتبوو، کە ترۆپکەکانیان لە خەیاڵدا دواییدەهات، لەهەموو جێگایەکی نیشتمان مرۆڤی پڕ خولیا و خەیاڵی بینیبوو، جەمعییەتی بچوکی گەنجان و شاعیران و خەیاڵپەرستانی بینیبوو، بەڵام هیچیان وەک ئەم جەمعییەتە گەورە و بێسنوور دیارنەبوون) هەندێک لە ژنانی ئەو جەمعییەتە دایکی منداڵگەلێکی خەیاڵی بوون کە لە عەشقی ناکام دروستبووبوون. هەندێکیان لە بارێکدا بوون دەیانتوانی منداڵە خەیاڵییەکانی خۆیان بەخێوبکەن، بەڵام هەندێکی دیکەیان دەبوایە کۆرپەکانی خۆیان بگەیننە دەست ژنانی تر تا منداڵەکانیان بپارێزن لە مردن ڕزگاریانبکەن" (عەلی، ٢٠١٩، ٢٨٠)، بێگومان ئەو جەمعییەتەی لە دەقەکەدا هاتووە، داهێنانی خەیاڵ و

پێکەوەنانی خودی ڕۆماننووسە بۆ (ژنانی پەژمووردە و سەرگەردان)، بوونی جەمعییەتێکی هەڵگری هەمان ناو بێت نییە، بەڵام لە واقیعی ڕاستەقینەدا شوێن و جێگەی تر هەیە وەک ( شەڵتەری ژنان) بۆ داڵدەدانی ئەو ژنانەیە، کە لە ترس توندوتیژی هەڵدەێن و لە بێ شوێنی و جێگەی مانەوە و لە پێناو پارستنیاندا ڕوودەکەنە شەڵتەری ژنان، بەڵام ئەوەی ڕۆماننووس لەم دەقەدا دایهێناوە شوێنێکی خەیاڵییە، بۆیە ڕۆماننووس بە شێوازێک وەسفی شوێنەکە دەکات و نەخشەی بۆ کێشاوە تا وەکو لەگەڵ واقیعی ڕووداو و چیرۆکی ناو دەقی ڕۆمانەکەدا بگونجێت و خوێنەر قەناعەت و باوەڕی پێبکات و خوازیاری بینینی شوێن و جەمعییەتەکەی لادروستبێت، کە لە دەقەکەدا هەیە، بۆیە ئامرازی دەستی ڕۆماننووس بۆ قەناعەتپێهێنان و ڕازیکردنی خوێنەر لەڕێگەی دوو بنەمای هونەرییەوە، کە بە تەکنیکی گێڕانەوەی هونەری و ئیستاتیکییەوە دێتەکایەوە، ئەو دوو بنەما گرنگەش (وەسف و گێرانەوە) یە، یەکەمیان:چۆنییەتی وەسفکردن و شێوازی وەسفکردنی (بابەتەکان، شتەکان، کارەکتەرەکان)ە، دووەمیشان: چۆنییەتی و شێوازی گێڕانەوەی (ڕووداو و چیرۆکەکان)ە.

لە ڕۆمانی **(هەورەکانی دانیال)**دا، هەر لە ناولێنانی ڕۆمانەکە (هەورەکانی دانیاڵ)ەوە، کە ناوەکە داهێنان و خوڵقاندنێکی داهێنەرانەیە، چونکە ناولێنانی هەر ڕۆمانێک بەشێکە لە ناوەڕۆک و دەرگای چوونەناوەوەی ڕۆمانەکەیە (ناوەڕۆک)، ناوەڕۆکیش لە دەقی ڕۆمان جیاناکرێتەوە، چونکە ناو لە ڕۆماندا وەک پێناسەی ڕۆمان دەخوێنرێتەوە و تەماشادەکرێت و ڕەهەندێکی گرنگە لە هونەری ڕۆماننووسیندا، یان هەڵگری ناوەڕۆکی دەقەکەیە، بێگومان ناوی ڕۆمانەکەش بۆ کانگ و چاوگەیەکی ئاینی، کە خەونەکەی (پەیامبەر دانیال)ە، لە کتێبی تەوراتدا دەگەڕێتەوە، لێکدان و تێکەڵکردنی خەونەکانی خەڵکی دێلاوار و خەونەکانی پەیامبەر دانیاڵ و خوڵقاندنی ڕووداوێک لە شیکردنەوە و تێکەڵکردنی هەردوو خەونەکەدا، بێگومان هاوشێوەیی و لیکچوونێک لە نێوان هەردوو خەونەکەدا هەیە، مەزراندنی خەونە ترسناکەکانی شاری دێلاوار و خوڵقاندن و نووسینەوەی و بە کرۆککردنی بۆ ڕووداوەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکە، کە لە زمانی دکتۆر حسامەدینەوە دکتۆری

سەرەکیی زیندان، "دکتۆر بە هەمان دەنگی غەمگینەوە گوتی (گێڕانەوەی ئاسان نییە. هەمووی دەربارەی خەونێکە لەناو زیندانییەکاندا بڵاوبووەتەوە، خەونێک هەرکەس دەیبینێت وەک سەگی هاری لێدێت، شێت و شەڕانی دەبێت، پڕدەبێت لە واهیمە و خەیاڵات. دیلەکان بە ڕووکەش و ڕوخسار شتێکیان پێوە دیار نییە، بەڵام ئەوەتەی ئەو خەونە بڵاوبۆتەوە. شیرازەی زیندان تێکچووە. دەترسم دەربچن، لەبەرئەوە پێویستیمان بە کۆمەکی بەپەلەی جەنابی دکتۆر هەیە)"(عەلی، ٢٠١٧، ٣٠)، مەزراندن و گێڕانەوەی ڕووداوی خەونبینینی دیلەکان و خەونەکانی خەڵکی دێلاوار و وەسف و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی پێش گێڕانەوەکە، زۆر بە وردی و درشتی و شێوازی گێڕانەوەکەش لەلایەن گێڕەرەوەی ڕاستەوخۆوە کراوە، بێگومان هۆکارن بۆ ڕازیکردنی خوێنەر، چونکە سروشتی خوێنەر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە چێژ لە بابەت و شتی سەیروسەمەرە دەبینێت و بە دوای بابەتە نهێنی و نەزانراوەکاندا دەگەڕێت، بۆیە نووسەر لەم ڕووداوەدا توانیویەتی خوێنەر قەناعەتپێبهێنێت بە ڕووداوەکە وەک ڕووداوێکی واقیعیی ناو ڕۆمانەکە، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەدوای هۆکاری ڕووداوەکان و چارەسەرێکدا بگەڕێت، بێگومان ئەمەش یەکێکە لەو تەکنیکە بەهێز و فێڵە باوانەی، ڕۆماننووسە نوێ و هاوچەرخەکان لەناو دەقی ڕۆمانەکاندا بەکاریدەهێنن، بۆ سەرقاڵکردنی خوێنەر لە چۆنییەتی ڕوودانی ڕووداو و بەسەرهاتەکان بێئەوەی خوێنەر هەستبکات پەلکێشی خوێندنەوەی دەقەکەی دەکات و چێژی ئیستاتکیش لە خوێندنەوە و بەدواچوون و گەڕان و ناسینی شوێنی نوێ و کاتە جیاوازەکان و جیهانە جیاوازە خوڵقێنراوەکان دەبینێت.

هەروەها ڕۆماننووس ئەو ترس و وەهمەی دەروونی دانیشتوانی دێلاواری داگیرکردووە، کە لەلایەن داگیرکەرانەوە خاک و نیشتمانەکەیان داگیردەکرێت، هەندێک لە دانیشتوانی شارەکە ئەو ترسە دەبێتە وەهمێک، کە هەموو شەوێک خەونی ناخۆش و ترسناک دەبینن، وەکو ڕووداوێکی سەرەکی، کە دەقی ڕۆمانەکەی لەسەر بونیاتنراوە، لە زمانی گێڕەرەوەی سەرەکیی، ڕۆمانەکە (ڕێنوار زەریاواری) دەربارەی خەونەکەی میرئەودڵ دەڵێت: "خولیای بینینی جەستەی خۆی بە مردوویی هەموو خەیاڵی داگیرکردبوو. چەند شەوە بەردەوام خەونی لاشەکەی خۆی دەبینێت،

له خەو و له زیندەخەودا، بە جۆری جیاواز جیاواز، بەڵام زۆربەی جار وەک سەرێکی بڕاو کە لاشەکەی لە حەوزێکی لێخندا سەرئاو کەوتووە، خۆی دێتە پێش چاو، لە خەونەکەدا سەر و ڕوخساری سەراپا قەوزەیە، قژی شەپۆلێکی هێمنی ئاو یارییێدەکات، هەردەم لە خەیاڵاتەکانیدا چاوانی خۆی بە نوقاوی دەبینێت، تا ئێستا جارێکیش نەبوو چاوانی کراوە بن، بە جۆرێکی سەیر و توند و بێڕەحمانە چاوانی نوقاندوە، وەک بیەوێت هەم مەرگی خۆی و هەم سیمای بکوژەکەی نەبینێت. هەمیشە لەو ئاوە بۆر و دزێوەدا، کە لەگەڵ ڕەنگی سپی و جەستەی ئەودا نەدەگونجا مەلەیدەکرد. وەک لە عیادەکەی مامم باسیکرد، شەوی پێشووتر لە خەونەکانیدا لە حەوزێکی لێخنی مەرگدا خۆی بینیبوو، ئاوەکە بۆنی مەرگێکی توندی لێهاتبوو، بۆنەکە هەراسانی کردبوو، وەها کەسکون و چڕبوو وەک لە گەنینی چەندین لاشەوە بێت هێندە بەهێزبوو لە خەوی هەستان، وەک ئەوەی نەزانێت بۆنی ئەو هەموو مەرگە لە خەونەکانییەوە دێت، یاخود هەر بە ڕاستی لە هەوای هاوینەی ژوورەکەدایە، بە پرتاو پەنجەرەکانی ماڵەکەی کردبووەوە..."(عەلی، ٢٠١٧، ٥_٦)، ئەمەش جۆرێکە لە گەڕان بەدوای خەونە ترسناکەکاندا و مەزراندنیان لە دەقی ڕۆمانەکەدا، بۆیە لە میانەی خوێندنەوەی دەقی ڕۆمانەکە و نمایشکردنی (ڕووداو، کارەکتەر، و بابەت، گێڕانەوەی چیرۆک)ەکانی، لە دەقی ڕۆمانەکەدا و ئەو جیهانە خوڵقێنراوانە دەبنە هۆکاری قەناعەتپێهێنانی خوێنەر، "چونکە لە ڕۆمانە باشەکاندا ئەوەی دەیگێڕێتەوە و ئەو شێوازەی پێی دەگێڕێتەوە یەکەیەک دروستدەکەن، کە ناتوانرێت لێکجیابکرێنەوە، کەواتە ئەو ڕۆمانانە ڕۆمانی چاکن لەبەرئەوەی هێزێکی قەناعەتپێکردنی وایان هەیە کە بەرگە ناگرین، ئەمەش لەبەرئەوەی فۆرمێکی کاریگەریان هەیە" (یۆسا، ٢٠٠٨، ٣٨)، هەروەها بۆئەوەی ڕۆماننووس هێزی قەناعەتپێکردن بە ڕووداو و ناوەڕۆکی دەقی ڕۆمانەکەی ببەخشێت، پێویستە سوود لە فەزا و ژیانی کارەکتەر و ڕووداوەکان ببینێت بۆئەوەی وا لە خوێنەر بکات هەستبکات، کە هاوبەشی ڕووداوەکانە و تێیاندا دەژێت و بە دوای ئەنجامی کۆتاییدا بگەڕێت، ڕۆماننووس لەمیانەی دەقی ڕۆمانەکەیەوە هەوڵدەدات مەبەستی خۆی بە وەرگر بگەیەنێت و کاریگەری بخاتەسەر، ئەم کارەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی کاریگەرترین شێوازەکانی گێڕانەوەوە دەکرێت، کە بەشێوەیەکی زۆر ورد ڕۆماننووس گوزارشتیان لێدەکات، کە لەگەڵ

ڕووداو و بارودۆخ و فەزای دەقی ڕۆمانەکەدا بگونجێت و کاریگەری هەبێت و جێگەی قەناعەتپێکردنی خوێنەر (وەرگر) بێت، چونکە "نووسەری داهێنەر کاتێک دەمانگوێزێتەوە بۆ جیهانە چێژبەخشەکەی ناو دەقەکەی، ئامراز و تەکنیکە هونەرییەکانی بەکاردەهێنێت بۆئەوەی کاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر دوستبکات، ئامرازەکانیش هەندێکیان بۆئەو دەربڕاوانە دەگەڕێنەوە، کە بە شێوەیەکی گونجاو بە زنجیرە ڕێکدەخات و تەکنیکێکی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی ڕستە و وشە بۆ دەقەکەی بەکاردەهێنێت و لە کۆتاییشدا کارێکی ئەدەبیی کاریگەر بەرهەمدەهێنێت" (عبدالمطلب، ١٨٢،١٩٨٤)، هەروەها دیارە لە پرۆسەی بنیاتنانی دەقی هەر ڕۆمانێکدا، چەندین توخم لەخۆدەگرێت، لەو پرۆسەشدا ڕێکخستنی ئەو توخمانە، کە ڕێکخستن و پێکەوەنان و گونجانی ناوەڕۆکی بابەتەکان و ڕووداوەکان و شێوازەکانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و هەڵبژاردنی شوێنکاتی هەر ڕووداوێک و لەگەڵ هەڵبژاردن و خولقاندنی کارەکتەرەکان بۆ ڕۆڵپێدانیان لەو پرۆسە گەورەیەدا و لەپێناو ئەوەی دەقێکی هونەریی تەواو هاوئاهەنگ و یەگکرتوو بخولقێت، خەیاڵ ڕۆڵی گەورە لە پێکەوەنانی ئەو توخم و بەشانەدا دەبینێت، بێگومان ئەو ڕۆڵەش هۆکارە بۆ پێشاندانی دەقێکی ئەدەبیی ئیستاتیکیی چێژبەخش بە خوێنەر، کە کاریگەر بێت لەسەر خوێنەر، هەروەها دەبێت ڕۆماننووس لە بەرهەمهێنانی دەقە ئەدەبییەکەدا ڕەچاوی بارودۆخ و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و مەودای وەڵامدانەوەی خوێنەر دیاریبکات، ڕۆماننووسی داهێنەر بۆئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ ناوەڕۆکی دەقی ڕۆمانەکەی ڕابکێشێت، دەبێت هەستی (دۆزینەوە و بەدواداچوون و گەڕان) لە خەیاڵی خوێنەردا دروستبکات و خوێنەر بگوازێتەوە بۆ ناو جیهانی دەقی ڕۆمانەکەی و لەو جیهانەدا بژێت، ئەمەش وەڵامدانەوەی ئەرێنی و قەناعەتپێکردن لای خوێنەری دەقی ڕۆمان دروستدەکات، "چونکە ئەدەبیات بۆئەوەی قەناعەت لای خوێنەر دروست بکات، دەبێ سەربەخۆیی خۆی هەبێت و لە ڕیالیزمی ڕیالیستی دابڕێت و خۆیبوونی خۆی ڕابگەیەنێت و ئەدەبییەت و سەرکەوتنی ڕۆمان لەوەدایە ئایا دەتوانێ لە واقیع جیا ببێتەوە و لەسەر پێی خۆی بوەستێت و بە سەربەخۆیی و پشت بە هونەرییەتی خۆی ژیانی تایبەتی هەبێت" (عارف، ٢٠١٨، ٤٨ )، هەروەک ئەو ڕووداوەی لە ڕۆمانی **(داگیرکردنی تاریکی)**دا ڕوودەدات، پێش خوێندنەوەی دەقی ڕۆمانەکە ئەگەر پێت

بوترێت کارکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە بەیانییەک لە خەو هەڵدەستێت و زمانی گفتوگۆکردن، واتە قسەکردنی لەدەستدەدات، پێدەچێت بە لاتەوە جێگەی قەناعەتپێکردن و بڕوا نەبێت، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی دەقی ڕۆمانەکە و ئاشنابوون بە ڕووداوەکانی، ڕۆماننووس ژینگە و بارودۆخ و فەزایەکی وای ئەفراندووە، کە بە لای خوێنەرەوە ببێتە ڕاستییەکی ناو دەقی ڕۆمانەکە، واتە ڕاستیی ئەدەبیی دەقەکە و خوێنەری ڕۆمانەکەش بەو گۆڕینەی لە زمانی عیسمەت ئۆکتای ڕوویداوە باوەڕ و قەناعەت بکات، کە گێڕەرەوە (ڕۆماننووس) بەمشێوەیە ڕووداوی لە دەستدان و بیرچوونەوەی زمانی ئاخاوتن لەلایەن عیسمەت ئۆکتایەوە دەڵێت:" حاڵی عیسمەت ئۆکتای و چیرۆکەکەی هەر زوو لە شارۆچکەیەکی بچوک وەک نوشەهیردا بڵاوبووەوە، ئەوەی لەناکاو کەسێک بەیانی لەخەو هەستاوە و زمانی باوباپیرانی خۆی بیرچۆتەوە، شتێکی ئاسایی نەبوو، خزم و کەسی عیسمەت شتی وانەدەچوو بە عەقڵیاندا یوسف ئۆکتای بابی و ئەحمەدی کوڕی هەر هەواڵەکەیان بیست بە پەلە هاتن بۆ نەخۆشخانە، سەرەتا ویستیان هەموو شت لە ئەبرو خانی دایکی بشارنەوە، بەڵام چما شتی وا لەگەڵ ئەبرودا کاری کردبوو؟

به دوو تەلەفۆن لەگەڵ ناسیاوەکانی تێگەیشت عیسمەت لە نەخۆشخانەی نوشەهیر کەوتووە و ئەویش تاکسیەک دوای مێرد و کوڕەکەی گەیشتە ئەوێ. سەیروسەمەرەبوو، کوڕەکەیان لە دۆخێکی ئاساییدا، لە ژوورێکی تایبەتدا بەهێمنی لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتبوو. هەرهەموویانی ناسییەوە، بەڵام بە زمانێک قسەی لە گەڵدا کردن هیچ حاڵی نەدەبوون، سەرەتا هەموو خۆشحاڵبوون عیسمەت نیشانەی هیچ نەخۆشییەکی لێ دەرنەکەوتووە، بەڵام چرکە دوای چرکە و سات دوای سات، نیگەرانییان زیاتر بوو. ئویزار هانم بە هێمنی و بە دەنگێکی غەمگین هەموو بەسەرهاتەکانی ئەو بەیانییەی بۆ گێڕانەوە. یوسف باوکی عیسمەت و ئەبرو هیچ کات حەزیان لە چاوی ئەو ژنە نەبوو، بەشایەنی عیسمەتیشیان نەدەزانی. هەردووکیان دەستیانکرد بەوەی گومان لە چیرۆکەکەی ئویزاری بەستەزمان بکەن.((چۆن کوڕ لە خۆیەوە وای لێدێت؟))((چۆن زەلام ئاوا کتوپڕ زمانی باوباپیرانی بیردەچێتەوە؟)) ((کەسێک سیحری لێنەکردبێت، شتی واچۆن ڕوودەدات؟)) (( برا

کورم دەرمانخواردکراوە))" (عەلی، ٢٠٢٠، ١١)، چونکە ڕۆماننووس، "توانیویێتی ڕێگەیک واتە_ هەندێ وشە، هەندێ بێدەنگی، کەمێ هەڵماڵین و تۆزی وردەکاری، ڕیزکردنێکی تایبەتیی زانیارییەکان، هێڵێکی گێڕانەوە_ بۆ ڕۆمانەکەی بدۆزێتەوە لە ڕێیەوە بەسەر خوێنەردا بیسەپێنێ و هەموو گومانێکی لا بڕەوێنێتەوە، کە ڕەنگە ئەو خوێنەرە لای دروستبێت لە ئاست ڕووداوێکی وادا""(یۆسا، ٢٠٠٨، ٣٩)، لەو گێڕانەوەیەدا گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆی هەمووشتزانە، بۆیە خوێنەر ڕۆڵی دوو جەمسەری سەرەکی گێڕانەوە، کە ( گێڕەرەوە_بۆگێڕاوە) دەبینێت، ئەمجۆرە گێڕانەوەش قەناعەت و چێژی ئیستاتیکیی خوێنەر زیاتردەکات و هەستی بەشداریکردنیشی لا دروستدەکات، کە خەسڵەت و تەکنیکی ڕۆمانە باشەکانە، کە ڕۆماننووس لەم دەقەدا پەیڕەویکردووە و بەکاریهێناوە، هەروەها یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەری ڕۆمانووسین ئەوەیە، کە خەیاڵ بۆ واقیعی ئەدەبی بگۆڕێت، واتای گۆڕینی خەیاڵ بۆ واقیع ئەوەیە، کە ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەریی ڕۆمان و دیاردە هونەرییەکانی تری پێکهێنانی دەقی ڕۆمان، کە لە ڕاستیدا ناواقیعیین، بە جۆر و شێوازێک ڕۆماننووس بیهونەرێنێت و پێکەوەیانبنات، کە واقیع و ڕاستی ئەدەبیی بنوێنن و باوەڕپێکردەنی بن، بۆئەوەی قەناعەت لای خوێنەری دەقی ڕۆمانەکە دروستبکات، "کەواتە سەرکەوتنی ڕۆماننووس لەوەدایە، کە بتوانێ وەهم و خەیاڵ لە خوێنەر بکات بە واقیع، کەواتە خەیاڵی واقیعنوێن یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو. خەیاڵی واقیعنوێنیش هەندێ نیشانەنی خۆی هەیە، کە یەکێک لەوانە ئەوەیە خوێنەر، کارەکتەر و ڕووداوەکانی چیرۆکەکە، بە واقیعی بزانێت، باوەڕیان پێبکات، بەلایەوە قەناعەتبەخش بن_ بە گوێرەی واقیعی ڕۆمانەکە_ یەکێک لە نیشانەکانی دی ئەوەیە خوێنەر بکەوێتە ژێر کاریگەری قارەمان و ڕووداوەکانەوە و دەگەڵیان بکەوێتە کارلێکە عاتیفیەوە و هەڵوێستگیرییان لە بارەوە بکات" (عارف، ٢٠١٠، ١١٨)، هەر بۆیە، "ڕۆماننووس لە سەرێتی جڵەو بۆ خەیاڵ شلبکات و تا دەتوانێت دەستکاریی واقیع و حەقیقەت بکات و سڵ لە درۆکردن نەکاتەوە. بەڵام درۆی بەجێ، درۆی باوەڕپێکردەنی، درۆی هونەری تا خوێنەر درۆکەی وەکو حەقیقەت و ڕاستی قەبووڵ بکات و لەزەتی ئیستاتیکی لێ ببینێت" (عارف، ٢٠١٨، ٤٨)، دەکرێت بڵێین ڕۆماننووس هونەرمەند و ئەندازیارە، هەروەک چۆن ئەندازیارێکی بەتوانا و بەهرەمەندە،

باڵەخانەیەکی سەرنجڕاکێش و نایاب لە سەرەتادا لە خەیاڵی خۆیدا نەخشە و پلانی بۆ دادەڕێژێت و دواتر لەسەر زەوی و بە واقیعی ئەو خەیاڵە پراکتیزە دەکات و تەنانەت دەزانێت خشت بەخشتی باڵەخانەکە چۆن و لە کوێدا بەکاربهێنێت، گەر پلیکانەیەک، پەنجەرەیەک لارییەکی بچوکیشی هەبێت، یان هەر کەموکورییەک لە بنیات و پێکهاتەی باڵەخانەکەدا هەبێت، دەبێتە هۆکاری نارێکی و نەنگیی پرۆسەی بنیاتنانی باڵەخانەکە و لە کۆتاییشدا پێدەچێت نەشازی و سەرنەکەوتنی کارەکەی لێبکەوێتەوە، هونەری ڕۆماننووسینیش هەمان شێوەیە، بەڵام بە کەرەستەی جیاواز، کەرەستەی بنیاتی ڕۆمان بریتییە لە وشە و یەکە زمانەوانییەکان، واتە بنیاتی ڕۆمان بە نووسین بنیاتدەنرێت، ڕۆماننووس بە وشە جیهانێکی مرۆیی بە هەموو پێکهاتە زیندوو و نازیندووەکانەوە لە سەر کاغەز دروستدەکات، بێگومان توخمەکانی پێکهێنانی ئەو جیهانە دروستکراوە، ڕۆماننووس بەپێی پێویستیی واقیعیی جیهانی ڕۆمانەکە دەیانخولقێنێت، "کە وێڕای دەستکردنیان ئەوەندە قەناعەتبەخش و باوەڕکەردەنی بن، کە لە هزر و خەیاڵی خوێنەردا واقیعەیەت پەیدابکەن و هەست و نەستی بهاوروژێنن، بیکەن بە بەشەرێکی ڕاستەقینەی خۆشی و ناخۆشیی خۆیان، بهێننە پێکەنین، بیخەنە گریان، بەزەیی بوروژێنن، ڕقی هەستێت، بیکەن بە بەشەرێک هەموو نیگەرانی و ئارەزوویەکی خۆیان" (عارف، ٢٠١٠، ١٠٥)، بێگومان "کارەکتەری شانۆنامەکانی سۆفۆکلیس و پەیکەرەکانی زۆلسیس لە واقیعدا بوونیان نەبووە، بەڵام بلیمەتیی داهێنەرەکانیان، قەناعەتی هەبوونیان لای خوێنەر دروستدەکەن" (مطر ،٢٠١٣، ٢٦)، ئەفراندن و دروستکردنی جیهان و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی بە هەموو ڕەهەند و ڕەنگ و ناوەڕۆک و وردودرشتەکانییەوە بە شێوەیەکی دەستکرد لەسەر کاغەز و قەناعەتبەخشبێت و باوەڕپێکردەنی بێت لە دەقی ڕۆمانێکدا پرۆسەیەکی ئاسان نییە، چونکە پرۆسەی ئەفراندن و دروستکردن، پەیوەستە بە خودی خوڵقێنەرەوە، کە ڕۆماننووسە و هەڵگری خەیاڵێکی داهێنەرانەیە و خوڵقێنەری چەشەی ئیستاتیکییە، بەهرە و سەلیقەیەکی خۆرسک و زگماکی بەپیتی هەیە.

## ٢-٣- دیالێکتیکی ئیستاتیکای خەیاڵ و توخمە ئەدەبییەکانی تر لە ڕۆماندا:

ڕۆمان، ژانرێکی ئەدەبیی فرە ڕەهەندە و لە چەندین (توخم_ ڕەگەز) پێکدێت، ئەو توخمانەش جۆرە دیالێکتیکێک لە نێوانیاندا هەیە بە تایبەت خەیاڵ و لەگەڵ توخمەکانی تردا، بۆیە هەوڵدەدەین ڕایەڵەی ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی لە نێوان توخمەکاندا هەیە، هەریەکەیان لەگەڵ خەیاڵدا بە جیا شیبکەینەوە و نموونەشیان بۆ بخەینەڕوو.

### ٢-٣-١- دیالێکتیکی خەیاڵ و واقیع:

پەیوەندیی نێوان خەیاڵ و واقیع وەک دوو ڕەگەزی پێکهێنەری بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و بەتایبەت لە ڕۆماندا، پەیوەندییەکی یەکتربڕە لە نێوان دوو جیهاندا، کە هەریەکەیان هێما و دەلالەتی خۆی هەیە، بۆیە "پەیوەندیی ئیستاتیکی خەیاڵ بە واقیعەوە زانینی ئیستاتیکییە لە ڕێگەی واقیعەوە دێتەکایەوە"(تلیمة، ١٩٧٨، ٩٩)، ئەمەش پەیوەندیی خەیاڵ و واقیع دەکاتە پەیوەندییەکی ئیستاتیکی و ئەرکی ئەدەبیش گەیشتنە بە کەشێکی هاوئاهەنگ و هارمۆنیی لە نێوان بابەت و ڕەگەز و بەشەکانی دەقەکەدا،"ڕۆماننووسیش لە ڕێگەی پێکهێنانی دەقەوە هەوڵدەدات بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی دۆخەکە لە جیهانێکی دەروونیدا و بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکان لە جیهانی واقیعی ئەدەبیدا لەپێناو گەیشتن بە واقیعێکی دەروونی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتیی تەواوتر و هاوئاهەنگتر و گونجاوتر،" (تلیمة، ١٩٧٨، ١٢٤)، لەمیانەی ئەم بۆچوونەوە دەردەکەوێت، کە ئەرکی هونەر و ئەدەب، ئەرکێکی کۆمەڵایەتیش دەگەیەنێت و پەیوەندیی نێوان واقیع و خەیاڵ پەیوەندییەکی ئیستاتیکیی ئاوێنەییە بۆ ڕەنگدانەوە لە یەکتریدا، ئەدەبیش دەبێتە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی وێنەکانی واقیع لە قۆناغی یەکەمدا، لە قوناغی دووەمیشدا پەیوەندییەکە دەگۆڕێت بۆ ئەرک و دەبێت ئەرکی پێکهێنەری ئەو واقیعەی نووسەری بەتوانا و داهێنەر دەیگوازێتەوە بۆ دەقی ڕۆمانێک، یان هەر دەقێکی ئەدەبی، چونکە "بوونی مادده بۆ خەیاڵ سەرەتایەکی پێویستە، مرۆڤ بێ پەنابردنە بەر کەرەستە خاوەکان لە دنیای حەقیقی ناتوانێت، لە دنیای خەیاڵدا خانو و باخچە دروستبکات، واتە ئەو کەرەستە بەرجەستانەی دنیای

حەقیقیی مرۆڤ دەیبات بۆناو خەیاڵی خۆی و ئیشی لەسەر دەکات و شتی پێ دادەهێنێت، دواتر ئەو داهێنانە دەگوازێتەوە بۆ سەر زەوی و دنیای حەقیقی"(محەمەد، ٢٠٠٨، ١٦)، هەروەها بەختیار عەلی پێیوایە "خەیاڵ تەکاندنی واقیعە لە شتە سەتحییەکان و خۆبەستنەوەیە بە جەوهەری واقیعەوە، هەربۆیە هەمیشە دەگوترێت خەیاڵ باشتر لە حەقیقەت وێنەی دونیامان نیشاندەداتەوە، چونکە خەیاڵ دەتوانێت ئەوەی هاوبەش و جەوهەرییە لە نێوان هەمووان‌دا لە وێنەیەکی کۆنکرێت و بەرجەستەدا کۆبکاتەوە"(عەلی، ٢٠٢١، ١٥٦)، چونکە خەیاڵکار توانای داهێنانی وێنە زەینییەکانی بۆ شتە هەست پێنەکراوەکان لە هەستەوەرەکاندا هەیە، یان ئەوەی لە واقیعدا وێنەی نییە، هەروەها خەیاڵ توانای بیرکردنەوەیە، یان هزرێکی چالاکە بۆ ئەفراندنی چیرۆکەکان و جیهانێکی خەیاڵیی نەبوو لە ڕێگەی ئامرازە داهێنراوەکانەوە وەک: (ئەفسانە، داستان، چیرۆک، ڕۆمان،....هتد)، چونکە " لە کاری هونەریدا ناکرێت واقیع و سروشت و ژیان وەکو خۆیان بخرێتەڕوو" (کامل، ٢٠١١،٢٢٠ )، لەبەر ئەوەی "ڕۆمان، دەربڕی واقیعێکی مەوزوعییە، جیهانێکی خەیاڵئامێزی ئاوەزی (فکری)یە هەرگیز نابێتە ئەلتارناتیڤی دیرۆک (مێژوو)، یان زانستی کۆمەڵایەتی "(سەراج، ٢٠٠٧، ٣٨)، بۆیە ڕۆماننووس"ئەم گەڕانەوەی بۆ واقیع ئەوەیە دەیەوێ واقیع بگۆڕێ، چونکە لە بناغەدا، کە پەنا دەباتەبەر خەیاڵ ئەوە ناگەیەنێت، کە لە واقیع هەڵدێ، بەڵکو دەیەوێ بە داهێنان ئەو واقیعە بگۆڕێ و لێی ڕزگاری بێت، نەک لێی ڕابکات" (سەعدون، ٢٠١٥، ١٠١)، بەڵام (محي الدين ابن عربي) پێیوایە "جیهانی خەیاڵ، سنوورێکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو جیهانەکەدا، جیهانی باڵا، کە جیهانێکی نادیار و شاراوەیە، جیهانی خوارەوەش جیهانی بینراو و هەبووەکانە، کەواتە خەیاڵ پردی (بەرزەخ)ە لە نێوان هەردوو جیهانەکەدا، بۆیە خەیاڵ پرۆسەی دەرخستنی هێز و توانای دروستکەر و خوڵقێنەری ڕاستەقینەیە"(خضیر، ٢٠٢٠، ٦٢ )، هەرچەندە فۆرمالیستە ڕووسەکان پێیانوایە، کە پەیوەندی لەنێوان واقیع وخەیاڵدا نییە و هەردووکیان سەر بە دوو جیهانی جیاوازن، ئەم بۆچوونە ئەدەب لە مێژوو دادەبڕێت، چونکە فۆرمالیستەکان پێیانوایە جەختکردنەوە لەسەر لایەنی مێژوو و کۆمەڵایەتی، توانای داهێنان لەناودەبات و دەیکوژێت و، دیارترینیان (تۆدۆرۆڤ)ە، ئەم قوتابخانەیە گرنگیی زۆری بە سنووری دەقی داخراو دەدا، بەبێ ئەوەی دەق بە سیاقە مێژووی و

کۆمەڵایەتی و ژیارییەوە ببەستێتەوە، بۆیە (تۆدۆرۆڤ) "بە دوو تێڕوانینی جیاواز پەیوەندیی خەیاڵ بە واقیعەوە دەخاتەڕوو.

یەکەمیان: پەیوەندییەکە بۆ یاسای ژانرە ئەدەبییەکان دەگەڕێتەوە، واتە بۆئەوەی دەقی ئەدەبی بتوانێت دەرخەری واقیع بێت، دەبێت بە پێی یاسای ژانرە ئەدەبییەکان بێت، بەو مانایەی خەیاڵ دەبێتە وابەستەی دەق بە گوتاری ئەدەبییەوە، دووەمیان: ئەو پەیوەندییەیە، کە دەکرێت لە نێوان گوتار و ئەوەی خوێنەر بە ڕاستەقینەی بزانێت، هەبێت، بەو واتایەی دەق بۆچوونی هاوبەش دروستدەکات، چونکە دەقی ئەدەبی تا چەند لە واقیعەوە نزیکبێتەوە، ئەوەندە لە خواست و چەشەی گشتی نزیکدەبێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی، کە دەقنووس لە پێکهاتەیەکی دەرەکی دەقەوە دەست پێیدەکات و هەوڵدەدات لە دەقەکەدا بەرجەستەیبکات" (Todorov, ١٩٧٣,٣٦ ) ، بەپێ تێروانینەکانی تۆدۆرۆڤ دەقی ئەدەبی لە هەموو بارودۆخ و هەلومەرجێکی دەرەوەی دەق دادەبڕێت، دەبێت خوێندنەوەی ناوەکی بۆ دەق بکرێت و لە چوارچێوەی دەق دەرنەچێتە دەرەوە و بێ پشتبەستن بە هیچ کانگە و ئاماژەیەک لە دەرەوەی دەقدا بێت، چونکە دەقی ئەدەبی بنیاتێکی داخراوە و هیچ شیکردنەوەیەکی تری بۆ ناکرێت، جگە لەو دیدەی لە ناو دەقەکەدا هەیە، بەڵام (یۆری لورتمان)، کە یەکێکە لە ئەندامانی قوتابخانەی (تارتو _Tartu)، کە قوتابخانەیەکی سیمۆلۆژیی ڕووسییە، پێیوایە "کە پەیوەندییەکی گەرموگوڕ لە نێوان جیهانی خەیاڵ و جیهانی واقیعدا هەیە، لەگەڵ ڕەچاوکردن و جەختکرنەوە لەسەر تایبەتمەندییەکانی هەر جیهانێک، بەو شێوەیە ئەدەبیات لە واقیع جیادەکاتەوە، بەڵام بە دەستتێوەردان لە پێکهاتە و بنەماکان و تێکەڵبوونی لەگەڵ بنەماکانی دەقی ئەدەبیدا، واتە پەیوەندیی نێوان خەیاڵ و واقیعدا بە ڕوونی سنووری بۆ دیاریناکرێت، بە هۆی ئە پەیوەندییە دینامیکییە کردارییەی، کە کۆیاندەکاتەوە" (لوتمان و اوسبانسکی، ١٩٨٦، ٢٩٦)، بۆیە لوتمان ڕۆشنبیری بە بنەما و دەروازەیەکی گرنگ بۆ خوێندنەوە و توێژینەوەی لە دیاردە مرۆیی و زانستییەکان دەزانێت، بۆیە هەموو ئەزموونێکی ئەدەبی بۆ نموونەیەکی کاریگەر و دیاریکراو دەگەڕێنێتەوە، ڕۆشنبیری تەنها پشت بە سیستمی پەیوەندییەکان و زانیارییەکان و ئەزموونە کەڵەکەبووەکان نابەستێت، بەڵکو ئەمانە

ژێدەر و کانگای بنەڕەتیین لە ئەفراندنی دەقە ئەدەبییەکاندا، ئەمەش ئەو پەیوەندییەی نێوان خەیاڵ و واقیع پشتڕاستدەکاتەوە، کە پەیوەندییەکی بونیادی لێکدرا و ئاڵۆزە، "چونکە کەلتوور بریتییە لە کۆمەڵێک لە هێما و ئاماژە، کە بە هیچ فۆرم و نەسەقێک ڕێکناخرێن، بەڵام ماددەی نوێ و پێشکەوتوو بۆ ڕۆشنبیری دابیندەکات" (لوتمان و أوسبنسکی، ١٩٨٦، ٢٩٦)، لە بیروبۆچوونەکانی لوتماندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕیسا و بنەماکانی ئەدەب بە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگەوە دەبەستێتەوە، کەواتە هەموو گۆڕانکارییەک لە بنیاتی کۆمەڵگەدا ڕوودبدات، بنیاتی ڕۆشنبیری دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییەوە و پێچەوانەکەشی تەواوە، چونکە ڕۆشنبیریی لە ناوەڕۆکدا هەڵگری ڕەگەزە زانستی و مەعریفییەکانە و دەگۆڕێت بەپێی ئەزموونە زانستییە نوێیەکان و دەبێتە هۆکاری گۆڕانی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەدا، بۆیە بنیاتە ئەدەبییەکان بەشێکن لە بنیاتی کۆمەڵگە، دەقی ئەدەبیش هەڵگری کۆمەڵە هێمایەکە، کە بریتییە لە سیستەمێک لە هێماکان و هەر هێمایەکیش ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، کە لە تواناد هەیە لەناو کەلتوورێکی دیاریکراودا بەکاربهێنرێت، هەر بەمشێوەشە ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبییەکان بە پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵگە پێشدەکەون دەگۆڕێن بەپێ کاریگەریی مەعریفە مرۆییە کەڵەکەبووەکان و پێویستییەکانی کومەڵگەکان ئەمەش هۆکاری پاڵنەری سەرەکییە بۆ داهێنانە ئەدەبییەکان و پڕکردنەوەی چەشە و چێژی گشتیی کۆمەڵگە و بەپێی گۆڕان و بەرەو پێشچوونی ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر چێژی ئیستاتیکی لەو هێما و ئاماژانە دەبینێت، کە لە پۆشاکی خەیاڵدا ڕۆماننووس دەیڕازێنێتەوە لە دەقی داهێنراودا دەیخاتەڕوو، بەواتایەی ڕۆماننووس بەپێی ئەو باگگراوندە ڕۆشنبیرییەی، کە لە زەینیدا هەڵیگرتوون وەکو لە هێماکان و نموونەکان و ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان و زانیارییەکانی خۆی، کە لە میانەی خوێندنەوەی چ مێژوویی بێت، یان وەکو زانیارییە ئەدەبییەکان، کە لە خوێندنەوەی شاکاری ئەدەبیی و مێژووی ئەدەبی گەلانی تر بەدەستی هێناوە و ژینگەی کۆمەڵایەتیی (شار ، لادێ) نشین بێت، ئەمانە هەموویان دەبنە کانگە و سەرچاوە بۆ ئەو خەیاڵە داهێنراوەی ڕۆماننووس، کە ڕۆماننووس لە کاتی پێویستدا لە واقیعەوە دەیانگوازێتەوە بۆ ناو دەقێکی داهێنراو، بە واتایەکی تر بنەما و چاوگە سەرەکییەکانی خەیاڵ لە واقیعی خودی ڕۆماننووسەوە

سەرچاوەدەگرن، چونکە ئەو ڕۆماننووسانە هەموویان زانیاریی تەواویان لەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەلتووری خودی خۆیان هەیە و لە هەمان ژینگەدا نموونە و هێماکان هەڵدەبژێرن بۆناو دەقە داهێنراوەکەیان، بۆ نموونە لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا باسی ژینگەی لادێی و شاریشی کردووە، بە بڕوای ئێمە نموونەکانیشی سەرکەوتوو بووە و ئیستاتیکایەکی بە دەقی ڕۆمانەکانی بەخشیووە، چونکە شارەزایی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەوەیتر جیاوازە، هەرچەندە شار و لادێ دوو ژینگەی جیاوازن، بۆیە دەبینین بەختیار زۆربەی هێما و نموونەکانی لە ژێنگە و ئەزموونی کەسێتیی خۆیەوە وەرگرتووە و بەختیاریش خاوەن ئەزموون و باگگراوندێکی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و شارەزای ئەدەبی جیهانی و شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکان و مێژوویی و کەولتوری و فەلسەفیی و سایکۆلوژییە، چونکە "بنەمای هەموو چیرۆکێک لە ئەزموونی ئەو کەسەوە هەڵدەقوڵێت، کە دایدەهێنێ، ئەو ژیانەی تیا دەژی ئەو سەرچاوەیەیە، کە چیرۆکە بە خەیاڵکراوەکان ئاودەدا، بێگومان ئەمەش بەو مانایە نایەت کە دەبووڕۆمان بەردەوام ژیاننامەیەکی داپۆشراوی دانەرەکەی بێت، بەڵکو بە شێوەیەکی وردتر، دەکرێ لە هەر چیرۆکێکی بەخەیاڵکراودا، تەنانەت لە ئازادانەترین و کراوەترینیشیاندا خاڵێکی دەستپێکردنی، یان تۆوێکی خودئامێز بدۆزیتەوە کە لە هەناودا بە ئەزموونگەلی ژیانی ئەو کەسەوەی نووسیوێتی بەستراوبێت" (یۆسا، ٢٠٠٨، ٢٨)، بۆیە دەبینین ئەوانە هەموویان بوون بە کۆگا و ئەزموونێکی بەپێز و لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگیانداوەتەوە بوون بە هەوێنی بەرهەم گەلێکی شاکاری و ئیستاتیکیی ئەدەبی، نموونەی هەندێک لە هێما و ئاماژە کەتوارییەکان لە دەقی ڕۆمانەکانی بەختیاردا، کە هەندێکیان تەنانەت ناوەکانیشیان هێما و دەلالەتێکی مێژوویی، یان تایبەتمەندیی نەتەوەیی و ئاینیشی تێدایە بە تایبەت ئەم سێ ڕۆمانەی، کە لە چوارچێوەی توێژینەوەکەماندایە ( غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکی)، ئەو ناونیشانە و لە ژێر ئەمانەشدا چەندانی تر، کە بوون بە هۆکارێکی کاریگەر لە خولقاندنی چێژی ئیستاتیکی لای خوێنەر بۆ پاشخانی ڕۆشنبیریی بەختیار دەگەڕێتەوە، لە ڕاستیشدا هەریەکێک لەم ناونیشانانە چاوگەی خۆی هەیە، کە لە تەوەرەکانی تردا بە وردی باسی لێدەکەین، چونکە مرۆڤ دەتوانێت خەیاڵ بۆ

ئەفراندنی بابەتی ناواقیعی، یان گۆڕان و بازدان بە سەر کاتدا بکات، واتە ئەفراندنی کاتی جیاواز و بازدان و گەڕانەوە بۆ کاتێکی نامەئلوف و هەندێکجاریش بۆ خستنەرووی تێڕوانینێکی جیاواز لە تێڕوانینی زۆرینەی خەڵک، چونکە هەندێکجار خەیاڵ پێچەوانەی درکپێکردن و باوەڕ بابەتەکان دەخوڵقێنێت، بۆیە دەتوانین ئەو بیرۆکەیەی کەوا خەیاڵ بە یاریزانێکی گرنگ و سەرەکی لە پرۆسەی داهێنان و ئیستاتیکای ئەدەبیدا دەبینێت بۆ بیروبۆچوونەکانی (کانت) لە کتێبی (ڕەخنەی بڕیار) بگەڕێنینەوە "کە هونەرمەندە بلیمەتەکان بە نموونەی داهێنانی ئیستاتیکیی ئەدەبی وەردەگرێت، چونکە خەیاڵ بۆ ئامانجی گەیشتن بە داهێنانی ئیستاتیکایی ئەدەب و چێژی ئەدەبی بەگڕدەخەن وڕیگەی پێدەدەن ئازادانە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، کە هەندێکجار تێگەیشتنی ئاسایی تێدەپەڕێنێت، چونکە خەیاڵ لە توانایدا هەیە ماددە خاوەکان وەربگرێت و شت و بابەتی تریان لێدروستبکات، کە چەمکە ناسراو و ئاساییەکان لای مرۆڤ تێپەڕێنێت" (کانط، ٢٠٠٩، ٢٧٨ )، کەواتە داهێنان و ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی پەیوەستە بە چۆنێتیی مەزراندن و بەکارهێنانی خەیاڵەوە، چونکە خەیاڵ هەوێنی هەموو داهێنانە ئەدەبیی و زانستییەکانە، کە مرۆڤە داهێنەرەکان ئەفرێنەرین.

## ٢-٣-٢- دیالێکتیکی ئیستاتیکای خەیاڵ و فانتازیا:

فانتازیا (Fantasia)، یان (Fantasy)، لە ئەدەبدا بە تایبەت لە گێڕانەوەبەندییەکاندا، ئەوجۆرە ئەدەبەیە، کە پابەندی کوتوبەندەکانی لۆژیک و فۆرم و هەوڵ نابێت، بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە سەربەستی و ڕەهایی خەیاڵ دەبەستێت، زاراوەی فانتازیا بۆ ئەو ڕەگەزە ئەدەبییەیە، کە لەو گێڕانەوەبەندییانەدا بەکاردێت، ڕووداوەکانیش لە جیهانی خەیاڵدا ڕوودەدات، بەپێی کۆمەڵە یاسایەکی فیزیکیی جیاواز لەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، مامەڵە لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناو واقیع و خەیاڵییە سروشت بەزێنەکاندا دەکات، چونکە "چەشنێکی ئەدەبی و هونەرییە پشت بە خەیاڵ و سحر و بابەتی ناماقووڵ و سروشتبەزێن دەبەستێت" (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٣٢٣)، هەروەها لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبیی هاوچەرخدا هاتووە، دەڵێت: "فانتازیای ئەدەبی ئازادە و دوورە لە لۆژیکی واقیعی و ڕاستەقینە لە گێڕانەوەدا" (علوش، ١٩٨٥،

١٧٠)، چونکه "جۆرە گێڕانەوەیەکی خەیاڵئامێزە پشتی تەواوی بە کردەوەی لە تاقەت بەدەری مرۆڤ، یان سەرەوەی تاقەتی مرۆڤ دەبەستێت" (مەنتک، ٢٠١٨، ١٤٧)، لە بەرهەمی فانتازیادا "ئەوەی خەیاڵ دەیچێنێت، دەرهاویشتە و ئەنجامە، کە سیمای ناڕوونی و سەرەوەی سروشتی پێوەدیارە وسەرەوەی سروشتیش لەگەڵ نادیار(الغیبی)دا هەیە، کە تەنها لە خەیاڵدانی نووسەردا بوونی هەیە"(حليفي، ٢٠٠٩، ١١١)، "واتە لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکەدا خوێنەر باوەڕ بە کەسێتی و ڕووداوە سەروو_سروشتیەکان دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا بڕوای پێ نەکردوون، چونکە دەزانێت ئەوەی ڕوودەدات، تەنها لەناو دەقەکەدا ڕوودەدات و بەرهەمی خەیاڵی نووسەرە"(تاتانی، ٢٠١٥ ،٧)، هەروەها تۆدۆرۆڤیش پێیوایە، کە "هەموو فانتازیایەک پەیوەستە بە خەیاڵی نووسەرەکەوە" (تودورف، ١٩٩٤، ٨٣)، هەرچەندە "فانتازیا و خەیاڵ باس لە بابەتە ناواقیعییەکان دەکەن، بەڵام لە کاتێکدا ناواقیعیی فانتازی ئەم جیهانە تێدەپەڕێنێت و تێکیدەدات، کەچی واقیعی لە خەیاڵدا لە جیهانێکی تایبەتی خۆیدا سەرهەڵدەداتەوە و چێژ لەو گەڕانە ئازادەی دەبینێت و جیهانێکی جوانتر بنیاتدەنێت" (سکروتون، ٢٠١٤، ١٣٠)، لە زمان و ئەدەبی کوردیدا زاراوەی فانتازیا لەگەڵ چەندین زاراوەی تردا نزیک و دوور لە مانادا تێکەڵاوییان هەیە وەک:" خەیاڵ، ئەندێشە، داهێنان جیهانێکی خەیاڵیی و ناوێزە، بێوێنە، خورافی، ئەفسون و نائاسایی، جیهانێک جێگای باوەڕکردن نەبێ. لە زمانی عەرەبیشدا هەمان کێشە هەیە وەک: ( خيالي، وهمي، غريب، خارق، غير عادي،.....)"(عومەر، ٢٠١٢، ١٩٥).

فانتازیا چەمکێکی فراوان و بەرینی هەیە و لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا جێگە و بەهای ئیستاتیکی و چێژ و چەشەی ئەدەبیی تایبەتی خۆی هەیە و بەر دیدی خوێنەر دەکەوێت، کە لە داستان و ئەفسانە و حیکایەتە کۆن و مێژووییەکانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە کارە ئەدەبیی و هونەرییە هاوچەخ و نوێیەکان، لەبەر گرنگیی فانتازیا لە داهێنان و ئیستاتیکای ئەدەبدا هەندێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە؛ کە فانتازیا ژانرێکی ئەدەبیی نوێ و سەربەخۆیە، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو و فراوان پەرەیسەند و بڵاوبووەتەوە بە تایبەت لە ڕۆمان و سینەمادا. فانتازیا لەگەڵ ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا لەیەکچوون و تێکەڵاوییان هەیە،

وەک: (داستان، ئەفسانە، خەیاڵی زانستی،....هتد)، بەڵام فانتازیا سەربەخۆ نییە، ڕەگ و ڕیشەی فانتازیا بۆ سەردەمی ئەفسانەی سومەری و میسری (فیرعەونەکان) کۆنەکان دەگەڕێتەوە، کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی، کە بچێتە چوارچێوەی فانتازیاوە، (داستانی گەلگامێش)ە، کە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، هەروەها "جاری ئەوتۆ هەیە، فەنتازیا لەگەڵ خەیاڵ(Imagination)، وڕینە Rave وەهم Fancy یەکبگرن. لە ڕاستیشدا ئامۆزا و خاڵۆزان، کەوا ڕێگە بۆ (نەسەق) خۆشدەکەن لە کاتێکدا، وەهم و وڕێنە، دەرفەت لە بێئاگایی هۆش وەردەگرن. ئەندێشە و خەیاڵ دەبێتە هەڵفرێن و دەربازبوونی هۆش بەرەو نادیار. هەرچی فانتازیایە، ئەوا بە هۆش و عەقڵانیەوە، جیهانێکی سەیروسەمەرە دادەمەزرێنێت. جۆرێکی تر دەڕەخسێت بڵێم: فەنتازیا (تەداعی)ی هۆشمەندانەی نووسەرەکەیە" (سەراج، ٢٠٠٧، ٦٤_٦٥)، دەتوانین بڵێین بابەتە خەیاڵییەکان ئەو بابەتانەن ڕوودانیان مەحاڵ نییە و دەکرێت، یان لەوانەیە ڕووبدات و لە واقیعیشدا ببینرێت، یان هەوێنی بابەت و ڕووداوەکانی خەیاڵ لە واقیعەوە وەرگیرابێت، بەڵام بابەت و ڕووداوە فانتازیاکان ڕوودانیان نەکردەنییە و مەحاڵە لە واقیعدا، چونکە سەرووی سروشت و توانای مرۆییەوە، هەرچەندە بابەتەکانی فانتازیا لە خەیاڵدانی نووسەری داهێنەرەوە لەدایکدەبێت و وێنەو فۆرمی خۆیان وەردەگرن، دواتر لە گێڕانەوەدا دەخرێتەڕوو و خوێنەر ئاشنای دەبێت، هەروەها عەتا نەهایی پێیوایە "خەیاڵ و خەیاڵیبوونی بەرهەمێک، گەلێک جۆراوجۆری هەیە. فانتزی یان فەنتازیا یەکێکە لە جۆرەکانی خەیاڵ، کە هیچ پەیوەندییەک و لێکچوونێکی لەگەڵ واقیعدا نییە" (نەهایی، ٢٠١٣، ١٥)، بۆیە "ئێمە پێمانوایە، کە فەنتازیا و بەرهەمێکی فەنتاستیکی جۆرێکە لە جۆرەکانی خەیاڵ"(عەلی، ٢٠١٧، ٨٧)، بەختیار عەلی وەکو ڕۆمانووسێکی شارەزا لە ڕەوت و ڕێڕەوی ڕۆمانی جیهانی و بەتایبەت ڕۆمانی نوێ، لە هەرە سیما دیارەکانی فانتازیا و ڕیالیزمی جادوویە، بەختیاریش خوێنەرێکی بەتوانا و داهێنەرێکی کەموێنە لە بواری ڕۆماننووسیدا، بێگومان خوێنەری بەرهەماکانی ڕۆماننووسە بەناوبانگەکانی جیهانە وەک: (جۆزیف کۆنراد و ئەدگار ئالان پۆ و فرانس کافکا و دۆستۆیڤسکی و بۆرخیس و گابریل گارسیا مارکێز ،....هتد)، سیمای دیار و زاڵی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی ئەم نووسەرانە، خەیاڵی فانتازیایە ، بێگومان خوێندنەوەی ئەم شاکارە ئەدەبییە جیهانیانە لە زەین و هزری و

خەیاڵی ڕۆماننوسی داهێنەردا دەبنە کانگە و چاوگی بەرهەمهێنانی خەیاڵی فانتازیا، کە لە ڕۆمانەکانی بەختیاردا ڕەنگیانداوەتەوە، بە تایبەت لە هەرسێ ڕۆمانی سنووری توێژینەوەکەماندا.

لە ڕۆمانی **(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)**دا، جۆرێک لە فانتازیای بەرجەستەکراو لە شێوە، یان جۆری دۆناودۆن (التناسخ_ Metamorphosis)، لە دەرئەنجامی عشیقی مەلا غەریبی هاجەر (مەلای سوختە)ی تەمەن (٥٥) ساڵ بۆ بەهار بانۆ، چونکە مەلا غەریبی هاجەر ناتوانێت عیشقی بەهار تا کۆتا لە دڵی خۆیدا خامۆشبکات، بۆیە زۆر هەوڵدەدات بۆئەوەی ئەو عیشق و خۆشەویستییەی بۆ بەهار بانو لەناوبەرێت و لە کۆتاییدا، کەسایەتییەکی تر لە مەلای هاجەر دەخولقێت، واتا مەلای هاجەر بە شێوەیەکی دۆناودۆن، دەبن بە دوو کەسایەتی، یەکێکیان مەلا هاجەر خۆیەتی و کەسایەتییەکی سۆفی و ئایندار و ئەویتریان مەلای عاشیق بە بەهار بانۆ، کە بەمجۆرە لە ڕۆمانەکەدا وەسفیدەکات، "شەوێک لە کاتێکدا مەلای سوختە لە پەنجەرەی نهۆمی دووەمی ماڵەکەیەوە سەیری ئەستێرە دەکات، گەنجێکی جوان دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوە و بە هێمنی دەستدەخاتە سەرشانی مەلا و دەڵێت مەلا مەترسە من بەشێکم لە خۆت، من ئەو عەشقەی تۆم، کە لە ڕۆحی خۆتدا خنکاندوتە و دەتەوێت بیکوژیت. دوای گفتوگۆیەکی فەلسەفیی دوور و درێژ، مەلا تێدەگات، خۆشەویستیی ئەو بۆ ئەو ئافرەتە سپیکەلانە شەرمنە، چیتر لە دەستەڵاتی ئەودا نەماوە، بەڵکو چۆتە ئاستێکی دیکەی وجود و بۆتە ملکەچی کۆمەڵێک ڕێسا لە دەرەوەی توانای تێگەیشتنی ئەو، لە هەمان شەو لە کوچە خامۆشەکانی شاردا دوای ئەو کوڕە دەکەوێت بۆی ناگیرێتەوە، مەخلوقێکی سەرکەشە لە مەیخانە تاریکەکانی خەیاڵی مەلادا دروستبووە، بوونەوەرێکی خەیاڵییە لە خولیا تاریکەکان و ژوورە نهێنییەکانی وجود ئەو ڕایکردووە، مەخلوقێکە دەچێتە ئەو جێگایانەی مەلا بە درێژای ژیانی لێیانترساوە، چەندەها شەو مەلا بە پەتێکی ئەستوورەوە وەک ئەوەی ڕاوی گیانەوەرێکی ترسناک بکات، لە کوچەکاندا، لە گوزەرە تاریکەکاندا، لە دەوروبەری مالی بەهاربانۆ، لە مەیخانە چەپەک و لە کۆڕی قومارچییەکانی شەودا بە دوو چاوی تورە و ئیرادەیەکی پۆلاینەوە ڕاویدەکات."(عەلی، ٢٠١٩، ٣٠)، چونکە"خەیاڵ جوگرافیا و

سنووری هزر و ڕووبەری هۆشیاری، دیار نییە، بۆ هەموو شتێک دەچێت و بە هەموو کون و کەلەبەرەکانی گەردوون و ژیان گوزەردەکات" (جەلال، ٢٠٢١،ژ/٧، ٥٦)، سەبارەت بە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)یش، ئەم ڕۆمانە لەو جۆرە ڕۆمانە نییە، کە سەروو_سروشتی و حاڵەتێکی ئاسایی تێدایە بێت، بەڵکو سەروو_ سروشت حاڵەتی نائاساییە و بەهۆی بارودۆخ و حاڵەتی نائاساییەوە ڕوودەدات و دێتەئاراوە"(تاتانی، ٢٠١٥، ٣٥)، بۆیە دەکرێت بڵێین خەیاڵ فانتازیا دەخولقێنێت و پێکەوشی دەنێت و بابەتی نەکردەنیشی لێ دروست دەکات.

جۆرێکی تر فانتازیا، کە بەختیار عەلی لە ڕۆمانی **(داگیرکردنی تاریکی)**دا بەکارهێناوە، فانتازیای گۆڕین لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، ئەم گۆڕینەش لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەیە، کە بەسەر کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە (عیسمەت ئۆکتای)دا، ڕوودەدات، کاتێک بەیانیەک لە خەو هەڵدەستێت، کە دەیەوێت لەگەڵ هاوسەرەکەی (ئویزار هانم)دا قسەبکات، بەڵام ناتوانێت و ناشزانێت چۆن تێیبگەیەنێت، چونکە زمانی تورکی لەبیرچووەتەوە  و بە زمانێکی تر جیاواز لە زمانی تورکی قسەدەکات و هاوژین و منداڵەکانی هیچ شتێکی لێتێناگەن، کاتێک "ویستی بە ئویزار هانم بڵێت: (کاتی بەرچاییە...منداڵەکان هەستێنە پێکەوە شتێک بخۆین). ئەو وشانە لە دەمی هاتنەدەرەوە شتێکی دی بوون، ئەو زمانە نەبوو تا شەوی پێشوو بەرلە خەوتن قسەیپێدەکرد و... ئویزارهانم، بە سەرسامییەوە سەیریکرد و تێنەگەیشت مێردەکەی دەڵێت چی، وەک یەکێک بوو زمانی شکا بێت و پیتەکان و دەنگەکان تێکەڵبکات. لەو کاتەدا دوو کچەکەشیان لەسەر ئاوازی ئەو دەنگە سەیروسەمەرانەی باوکیان لە ژوورەکەی خۆیان هاتنەدەرەوە و کەوتنە سەیرکردنی عیسمەت ئۆکتای، کە بێئەوەی لە هیچ تێبگات سەیری ژنکەی دەکرد، ژنەکەی پێیگوت (عیسمەت چییە، بۆ واتلێهاتووە، گاڵتەمان لەگەڵ دەکەی؟). عیسمەت هیچ لە ژنکەی تێنەگەیشت، بە دەنگێک هیچ لە دەنگی ئاسایی خۆی نەدەچوو گووتی ((ئویزارنازانم دەڵێیت چی؟ تێناگەم دەڵێیت چی؟)). بەڵام مەبەستەکەی بە وشەگەلێکی هێندە سەیر و بێمانا دەربڕی، ئویزار و منداڵەکانی ترسان. ژنەکەی بە تۆنی دەنگیدا تێگەیشت عیسمەت گاڵتەناکات، دڵنیابوو شتێکی نائاسایی لە مێردەکەی قەوماوە." (عەلی، ٢٠٢٠، ٦)،

ئەمجۆرە فانتازیایە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا، لەو ترس و گومان و دڵەڕاوکێیەوە دروستبووە، کە هەمیشە ناخ و دەروونی تورکەکانی داگیرکردووە، سەرەڕای ئەوەی ئەوان خاکی کوردیان داگیرکردووە، بەڵام هەمیشە لە ترسی زمان و کەلتووری کوردی ناخیانی چنیوە، بێگومان ئەو بار گۆڕینەی، کە لە زمانی عیسمەت ئۆکتایدا ڕوویداوە، پەیوەندی بە ڕابوردووی عیسمەت ئۆکتای لەگەل بوونی نەتەوەی کورد مامەڵە و هەڵسوکەوتی عیسمەت و هاوڕێکانی لە گروپی (گورگەبۆرەکان)ەوە هەیە، کە هەمیشە بە خراپترین شێوە کوردە چالاکەکانیان تیرۆردەکرد و لە زیندانیدا بە دڕندەترین شێوە ئازاریاندەدان، ئەمەش واقیعی دەستەڵاتی تورکییە بەرامبەر بە کورد لە ڕابوردوو و ئێستاشدا، ئەو ترسەی تورکەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە لە بنەچەدا خاکی دۆڵی ئانادۆڵ نیشتمان و خاکی تورک نییە، بەڵکو ئەوان ئەو خاکەیان داگیرکردووە بەتایبەت شارە کوردییەکانی باکوور، بۆیە داگیرکەر هەمیشە بە ترسەوە لە هەموو دیاردەیەک دەڕوانێت و بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و بەتایبەتیش گەر بابەتەکە، یان دیاردەکە پەیوەست بێت بە خاکی و تایبەتمەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە داگیرکراوەکەوە، بەڵام ئەم بارگۆڕینە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو گۆڕینەی لە ڕۆمانی (بەدگۆرین_مەسخ)ی کافکادا ڕوودەدات، "کاتێک کە گریگۆر سامسا لە خەو هەڵدەستێت، دەبینێت بووە بە سیسەرکێکی گەورە" (ئەسود، ٢٠١٥، ٣٢٥)، هەردوو نموونەکە، کە ئاماژەمان بۆ کرد، دوو جۆری جیاوازن لە فانتازیا بوون، کە لە بنەچەدا زادەی خەیاڵن، کە سنوورەکانی هزر و هۆشی مرۆڤ و یاساکانی سروشت و بایۆلۆژیاش تێدەپەڕێنن بەهێنانەکایەی دۆخێکی نائاسایی و فانتازی، بەڵام فانتازیبوونی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە لەو کاتەدا بەهێز و کاریگەرتر لەلای خوێنەر دەردەکەوێت، کەوا هەستی پێبکات ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە لە واقیعدا ڕوویداوە، یان ڕوودەدات.

## ٢-٣-٣- دیالێکتیکی ئیستاتیکای خەیاڵ و وەهم:

زۆربەی توێژەران ئەوە دەخەنەڕوو، کەوا ئەو پەیوەندییەی لە نێوان خەیاڵ وەهمدا هەیە، کەم نییە و جۆرێک لە شلەژاوی و دستتێوەردان بەدیدەکرێت، چونکە هەندێکجار خەیاڵ وەک وەهم وەسفدەکرێت، هەروەک چۆن وەهمیش بۆ پرۆسەی خەیاڵکردن دەگەڕێتەوە، سەرەڕای جیاوازییەکانیان، ڕێبازە فەلسەفی و سایکۆلۆژییەکانیش لەو دەستتێوەردان و تێکەڵبوونە بێبەش نەبوون، بۆیە ئەرستۆ لە شیکردنەوەی پرۆسەی وەهمکردندا پێیوایە،"کە وەهم حاڵەتێکە وا خەیاڵدەکەین، کە شتێک بوونی هەبێت، کە بوونێکی ڕاستەقینە نییە لە هەستدا"(نصر، ١٩٨٤، ٦٠) لە فەرهەنگی فەلسەفیی لالانددا بەمشێوەیە هاتووە "وا دەردەکەوێت، کە جیاوازی نێوان خەیاڵ و وەهم لە مەبەستی مەزراندن و هەوڵدان، هەریەکە لە خەیاڵ و وەهم بۆ بەدەستهێنانی ئەو مەبەستەیە، کە لە پێناویدا مەزرێنراون، هەرچەندە ڕێژەی ئازادی لە خەیاڵدا گرنگترە و زیاترە بەرامبەر بە وەهم.

وەهم بەرامبەر ورێنە، واتە نیشاندانێکی هەڵخەڵەتێنەر و سەرچاوەکەشی داتا هەستییەکان نییە، بەڵکو لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئیدراکپێکردنی هەستییەوە، ئەو دارەی نیوەی لە ناو ئاودا بێت، وەک شکاو دەردەکەوێت، ئەوەش وەهمە"(لالاند، ٢٠٠١، ٦١٦)، هەروەها وەهم زیاتر لە خەیاڵ ئەبستراکتە، لەبەرئەوەی دەتوانێت ئەو مانایانە ئیدراکپێبکات، کە ماددی و بەرجەستە نیین، تەنها لە هۆشی مرۆڤدا هەن وەک: (خێر و شەر و ترس و تەماح،....هتد)، ئیبن سینا پێیوایە" وەهم مەزنترین دەستەڵاتە لە ئاژەڵدا، هەرچەندە ئەو دەستەڵاتە نابێتە دەستەڵاتێکی ڕەها وەک دەستەڵاتی هزر، بەڵکو ئەوە دەستەڵاتێکە وەک خەیاڵێک بە بێئەوەی درکپێبکرێت"(حمدان، ١٩٨٩، ٦٠)، بۆیە دەتوانین بڵێین وەهم، یان پرۆسەی وەهمکردن جوڵەیەکە، یان بزوتنەوەیەکە لە هەست خاڵی نییە، دەکرێت هەندێکجار لەگەڵ درۆدا تێکەڵببێت، ئەگەر ئاستەنگی بۆ دروستببێت و هزریش کاتێک بیردەکاتەوە بە ناچاری بیرۆکەکە بۆ وەهمکردن دەچێت، چونکە وەهمکردن ترسێکە، یان سێبەرێکی هەستپێکراوە، هەروەها وۆردزورس "جیاوازی لە نێوان خەیاڵ و وەهمدا کردووە، گەیشتووەتە ئەوەی، کەوا خەیاڵ بە هۆکاری توخمە سادەکانەوە دروستبووە، بەڵام وەهم خەیاڵە

کەڵەکەبووەکان دروستیدەکەن و دەیوروووژێنن" (نصر، ١٩٨٤، ٦٤)، بۆیە دەتوانین بڵێین خەیاڵ توانایەکە بۆ وێناکردن و وەسفکردن، بەڵام وەهم توانای گەڕاندنەوە و گرێدانی بابەتەکانی نییە، خەیاڵ لە ڕێگەی تێبینییە تۆمارکراوەکانەوە دروستدەبێت، بەڵام وەهم لە ڕێگەی چالاکییە ئیرادییەکانەوە دروستدەبێت، "لە شیکارییە سایکۆلۆژییەکاندا، کە گرنگی بە توێژینەوە دەربارەی وەهم دەدات لە چوارچێوەی پاسۆلۆژیدا، کە بەدەوری فۆبیا و جۆرەکانی تری نەخۆشییەکانی دەماردا دەخولێتەوە بەتایبەت نیشانەکانی هیستریا، کە نەخۆشەکان وەهمی ئەوە دەکەن، خودی خۆی بابەتێکی بە ئامانج گیراوە، ئەمجۆرەشیان زۆری نیشانەکانی وڕێنەیە، نەخۆشەکەش وەهمی ئەوە دەکات، کە جۆرە نەخۆشییەکی هەیە، ئەمجۆرە فۆبیا و وڕێنە هیسترییایە نیشانەکانی وەهمکردنە"(نصر، ١٩٨٤، ٦٦)، هەندێکجار وەهم دەبێت بە وڕینە و فۆبیا و لە خەوندا دەردەکەوێت، چونکە دوا وێستگەی وەهم خەونە و هەمیشە ترسە لە شت و ڕووداوە نەزانراوەکان، نموونەی ئەو خەونەی، کە میر ئەودال هەمیشە لە خەونەکانیدا دووبارەدەبنەوە، "خەونەکانی گەرچی لە دەوری کوشتنێکی دلڕەقانە دەسوڕایەوە، کوشتنێک بەردەوام دووبارەی خۆی بە دەستێکی نەناسراو، بەڵام گەلێک ڕەنگین و شاعیریی بوون. بەردەوام خەونی دەبینی کەسێک دەیکوژێت، سەری لێدەکاتەوە دەیخاتە حەوزێکی گەورەوە"(عەلی، ٢٠١٧، ١٥)، چونکە ئەو ترس و وەهمکردنە دەبێتە هەمیشەیی لە ناخ و دەروونی مرۆڤەکەدا، کە ترسێکی هەیە هەمیشە ئارامی لێهەڵگرتووە، ودواتر لە خەونەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، دوای خەون بینینەکەش مرۆڤ بە دوای شرۆڤەکردنیدا دەگەڕێت، دیسان خەونەکەش دەبێتە هۆکاری نائارامی مرۆڤەکان، چونکە خەونەکەش ناخۆش و ترسناکە لەو بارەدا، هەروەک ڕێنوار زەریاواری گێڕەرەوەی سەرەکی لە ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)دا، دەڵێت: "بەڵام ترسێکی ناوەکییان هەست پێکردبوو، تووشی فۆبیایەکی کتوپڕ بوون، هەندێکیان بێ هیچ هۆ و بەهانەیەکی ڕۆشن، ترسێکی گەورەیان هەست پێکردبوو، خواستێکیان لادروستبووبوو خۆیان بشارنەوە، تووشی وەسواس و گینگڵێکی ئەوە بووبوون، کە چاوێکی نهێنی بە دوایانەوەیە، هەندێکیان تووشی هەڵچوون و هیستیری بووبوون و کەتبوونە پەلاماردانی هەر کەسێک و هەر شتێک نزیک لە خۆیان، مامە سیام گوتی ((ترسەکە شتێکە لە ناخی خەڵکی دێلاواردا هەیە، پێویستی

به هیچ بەهانەیەک نییە بۆئەوەی زیندووببێتەوە. زۆربەی نەخۆشەکان هەستدەکەن کارەساتێک بەڕێوەیە، شتێک وەک بومەلەرزە یان تۆفان یان چەنێک لە تاعونی ڕەش، کە لە زەمانی زوودا بووە))" (عەلی، ٢٠١٧، ١٤٨و١٤٩)، مەبەستی ڕۆماننووس لە شاری دێلاوار بێگومان هێمایە بۆ یەکێک لە شارەکانی کوردستان، زیاتر مەبەستی ڕۆماننووس هێماکانی شاری سلێمانیدا دەردەکەوێت، ئەوە وەهمەش بێگومان وەهمی ترسی داگیرکردنی سلێمانی و کوردستانە لە داگیرکەرانی، بە تایبەتتر لە چەکدارە توندڕەوەکان، کە بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە زۆربەی ناوچەکانی سوریا و عێراقیان داگیرکرد لە ساڵەکانی ٢٠١٤ بە دواوە و کوردیش هەمیشە لەوە دەترسا جارێکی تر ناوچەکانی بکەوێتە ژێردەستی ئەو توندڕەوانەی، کە پێشتر لە سەردەمی دەستەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان ئەزموونی هەبوو، ئەو ترس و وەهمەی نەتەوەی کورد بەختیار عەلی لە دەقی ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)دا، مەزراندوویەتی و توانیویەتی لەو ڕێگەیەوە چێژێکی ئیستاتیکی بە دەقی ڕۆمانەکە ببەخشێت و لە هەمانکاتیشدا، بتوانێت لە ڕووداوە مێژووییەکانی بۆ هەوێنی خەیاڵ و خولقاندنی ڕووداوی و نوێ دەقێکی تازە بمەزرێنێت.

هەروەها لە تواناادا هەیە خەیاڵ و وەهم لەیەکجیابکرێتەوە، چونکە خەیاڵ فراوانی لە ئەدەبدا، دەبێتە بنەما و ڕەگەزێکی بەپێز بۆ داهێنانێکی ئەدەبیی ئیستاتیکیی چێژبەخش بە خوێنەری دەقەکە، بەڵام وەهمکردن بۆ نووسەر هەرگیز نابێتە هۆکار بۆ هەر داهێنانێکی ئەدەبی، چونکە لە بنەڕەتدا وەهم هۆکارێکە بۆ کوشتن و لەناوبردنی خەیاڵ فراوانی، کە ڕەگەزێکی سەرەکییە و بنەڕەتی کاری ئەدەبی و هونەرییە، بەڵام چونکە ڕۆمان وێنەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، مرۆڤیش بەدەر نییە لە وەهم، بۆیە ڕۆماننووس بۆئەوەی بابەتەکە و ناوەڕۆکەکەی باوەڕپێکردەنی بێت، دەبێت و گوزارشت لە هەموو کێشە و گرفتە مرۆییەکان بکات.

## ٢-٣-٤- دیالێکتیکی ئیستاتیکای خەیاڵ و بیرگە (یادگە):

یادگە، جێگە و شوێنی کۆگاکردن و تۆمارکردنی بابەت و ڕووداو و شتەکانی تریشە، ئەرکی سەرەکیی یادگە لە کاتی پێویستدا و لەسەر داوای هزر بۆ هەر بابەتێک، یان ڕووداوێک، کە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیی، خەیاڵ پێویستی پێی بێت، ئەوا یادگە کۆمەک و وێنەی هاوشێوە و گونجاو بۆ ئەو پرۆسەیە، کە خەیاڵ پێیهەڵدەستێت، دابیندەکات، بۆئەوەی شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان خەیاڵ و یادگە بکەین، "پێویستە لەچوارچێوەی بیرۆکەی ئاسۆ و ئاستەکاندا لەو پەیوەندییە بڕوانین و تێبگەین، بە وەسفکردنی وەک بیرۆکەیەکی دیاردەیی، ڕووبەڕووی سێ جۆر لە ڕەنگدانەوە و بەرجەستەی وێنە دەبینەوە، کە وێنەیەکی ئیدراکپێکردن وەسفیدەکات و وێنەیەکی خەیاڵ وەسفیدەکات و وێنەیەکیش یادەوەری، وەسفیدەکات" (نصر، ١٩٨٤، ٤٣)، هەرسێ جۆری وێنەکە سەرچاوەیان بۆ خود دەگەڕێتەوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە خود کۆکەرەوەی هەرسێ وێنەکەیە، کە لە پرۆسەی ئەفراندن و داهێناندا ڕۆڵە سەرەکییەکە دەگێڕێت، بۆیە دەربارەی پەیوەندیی نێوان خەیاڵ و یادگە، ئەرستۆ پێیوایە: "هەردووکیان بۆ یەک بەش لە دەرووندا دەگەڕێنەوە، ئەو شتانەی، کە بابەتە جەوهەرییەکانن لە یادگەدا، هەمان ئەو بابەتانەن، کە لە خەیاڵدا بوونیان هەیە"(نصر، ١٩٨٤، ٤٣)، هەروەها لەڕووی فیسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە جیاوازی لە نێوان خەیاڵ و یادگەدا بکەین، ئەم بابەتەش لە نێوان فەیلەسوف و زانایانی سایکۆلۆژیادا مشتومڕ و باسێکی زۆری لەسەر کراوە دەربارەی کێشەی بوونی هێزی یادگە لە مێشکدا، بۆیە برجسۆن "هێرشدەکاتە سەر ئەو تیۆرە و ڕوونیدەکاتەوە، کەوا یادگە تەنها تۆمارکارێکی لاڵ و دیاردەیەکی فیسیۆلۆژی نییە، بەڵکو هەستێکی سایکۆلۆژییە و مێشکیش کۆگای یادەوەرییەکان نییە" (نجاتی، ١٤١٤، ٣٠٨)، بەڵام "برجسۆن جیاوازی لە نێوان دوو یادگەدا دەکات، یەکەمیان: جێپێیەکانی ڕابوردوو و لە شێوەی جوڵەی جەستەدا هەڵدەگرێت و کۆگایاندەکات، دووەمیان: دەروون تەواوی یادەوەرییەکانی ڕابوردوو بە گروپێک و بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە مێشکدا هەڵدەگرێت و کۆگایاندەکاتەوە، لێرەشدا جیاوازی هەیە لە نێوان یادگەی هزری و یادگەی هەستیدا، یەکەمیان یادگەی ماناکان و حوکمەکان و وێناکردنەکان و

باوەڕپێکراوەکانە، بەڵام یادگەی هەستیی، ئەو یادگەیەی ترس و شتەکانی تریشە، هەروەها یادگەی ویست و ناویستیش هەیە، کە تایبەتە بە یادهێنانەوەی شتە سادەکان و شتە ڕێکخراوەکان، بەڵام دەستتێوەردانی هزر لە بابەتەکانی ڕابوردوودا مانای بەبیرهێناوەی بابەتە ڕێکخراوەکان دەگەینێت" (صليبا، ١٩٨٢، ٥٨٦)، هەندێک لە ڕەخنەگرانی بوارەکە پێیانوایە، "کە، یادگە چوار قوناغی هەیە، یەکەمیان: پێیدەڵێن قۆناغی کاریگەری و تۆمارکردن، ئەمەش قۆناغی گۆڕینی ناوی هاوڕێکەتە، لە دەنگ و وشەوە بۆ هێما و ئاماژە، کە هزر لێیتێدەگات و لە یادگەدا کۆگایدەکات، دووەمیشیان: قۆناغی غەم و پەژارەیە، لەم قۆناغەدا ئەو ناوە لە سەنتەرەکانی یادگەدا هەڵدەگیرێت بۆ ماوەیەک و دوای، ئەمەش قۆناغی سێیەم دێت، کە قۆناغی هێنانەوە (گەڕانەوە) و بەبیرهاتنەوەیە، لەم قۆناغەدا ناوی هاوڕێکەت بەبیردێتەوە ئەو کاتەی دەیبینیت، دوا قۆناغیش، ئەو قۆناغەیە لە کاتی بینینی هاوڕێکەتدا، یان بابەتێک دەخوێنیتەوە، یان دەنگێک دەبیستیت، ئەزموونەکان لە کۆگەی یادگەوە دەگەڕێنەوە، بەواتایەی ئێمە دەیانناسینەوە، ئەمەش پێدەڵێین قۆناغی ناسینەوە" (الساعدي، ٢٠١٥، ٣٣)، هەروەها "هێنری برجسۆن لە کتێبی (مادده و یادگە)دا ڕۆحی پێناسەکردووە بەوەی بەردەوامی (دیمومە) و یادگەیە، دوو جۆر زاکیرەی لەیەکجیاکردەوە یادگەیەک کە عادەتێکە بۆ دووبارەکردنەوە بەدەستهاتووە و دەزگایەکی جوڵێنەری لە کۆئەندامی دەماردا هەیە وەک ئەو یادگەیەی هەست بە شیعر، یان پەخشانێک دەکات، کە ئەزبەرکراوە لە گەڵ یادگەیەکی ڕووت، کە وێناکردنی ڕووداوێکە بە یەک جار لە زەیندا چەسپیوە و پارێزگاری لە تایبەتمەندی و مێژووەکەی کردووە"(کەرم، ٢٠١٧، ٥٧١)، هەموو ئەو جۆرانەی، کە باسمانکردن، بێگومان پەیوەستن بە خەیاڵەوە لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا، چونکە خەیاڵ بزوێنەری هەموو ئەو ڕەگەز و ئامرازانەیە، کە لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا بەشدارن، هەروەها (ابن سينا)ش "یادگە بەبیرهێنەرەوە ناودەهێنێت، چونکە لە توانایدایە هەموو مانای شتەکان و بابەتەکان بەبیربهێنێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا کۆگەیان بکات، ڕێکیانبخات، بەو واتایەی، کە یادگە ئەو توانایەیە، کۆگە و یادگەشە لەهەمان کاتدا" (حمدان، ١٩٨٩، ٦١)، هەرچەندە "کرۆتچێ، پێیوابوو، بیر_ لە بەرهەمهێنانی هونەریدا لە ڕێگەی هەستی ڕاستگۆییەوە ئیستاتیکا بەرهەمدەهێنێت" (بەرزنجی، ٢٠٠٩، ٢٥)، بەڵام "کانت خەیاڵ و

یادگە پێگەوەگرێدەدات و بەپێی بیرۆکەکەی تراندستالی، بۆئەوەی هزر لە شتە ئامادەکان تێبگات، پێویستە پەیوەندییەکیان بە ئەزموونەکانی ڕابوردووەوە هەبێت، بە مەبەستی بەیادهێنانەوە و ناسینەوەی شتەکان"(نصر، ١٩٨٤، ٥٢)، بەو واتایەی، کە یادگە ناتوانێت بابەتەکان، بەرهەمەکان بخوڵقێنێت، بەڵام لە توانایدا هەیە ئەو بابەتانە ڕێکبخات و هاوکاریی خەیاڵ بکات بە پێدانی وێنەکان.

لە ڕۆمانی (هەورەکانی دانیاڵ)دا، ڕۆماننووس وێنەکانی یادگەی خۆی بۆ خوڵقاندنی وێنەی تازە بەکارهێناوە، لە زاری ئال مورادەوە ڕۆماننووس دەڵێت:"هەمووانیان لە یاریگایەکی داخراودا کۆکردەوە، پێیانگوتین بەریز لەسەر زەوییەکە دانیشن. سەر زەمینی یاریگاکە جمەی دەهات، ژمارە گەنجە تۆمارکراوەکان لە سوپای باغەوانانی دێلاواردا تا دەهات رووی لە زۆری بوو. هەریەکەمان چەکی تایبەتیی خۆمانمان پێبوو، بەرلەوەی بچینە یاریگاکەوە، یەکی پەڕۆیەکی وەنەوشییان داینێ بیبەستین بە ناوچاوانمانەوە، لەسەری نوسرابوو ((باغەوانەکانی دێلاوار))، تیشێرتێکیان داینێ لە پشتەکەی نووسرابوو ((ئامادەین بە خوێنی خۆمان باغی ئازادی ئاوبدەین))"(عەلی، ٢٠١٧، ٣٧١و٣٧٢)، وێنەکانی ئەم پەرەگرافە لە گێڕانەوەکەدا، بێگومان لەو وێنە عەمبارکراوانەی یادگەی خودی ڕۆماننووسن، چونکە وێنەکان بۆ ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێنەوە، کە لەوجۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانەدا حزب و لایەنەکان هێما و دروشم و ڕەنگی تایبەتی خۆیانیان بەسەر لایەنگرانیاندا دابەشدەکرد، کە هەندێک کەس و لایەنگر لە باسک و قوڵ، یان سەریان دەییانبەست، یان تیشێرت و کراس و کڵاوی ڕەنگ و هێمای لایەنەکەی خۆیان لەبەردەکرد، بۆیە دەبینرێت ڕۆماننووس بەوشێوەیە یادگەی خۆی هاوکاری بووە بۆ خوڵقاندن و پێکهێنانی ڕووداوی و وێنەی نوێ لە بەرگێکی تازەدا، کە خەیاڵگەی ڕۆماننووس ئەفرینەرێتی، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە پەیوەندییەکان یادگە دروستناکەن، بە پێچەوانەوە یادگە پەیوەندییە ئەزموونییەکان بە پەیوەستبوون و گرێدانیان پێکەوە دروستدەکات، بۆیە خەیاڵ بە پشتبەستن بە وێنە و کاتەکان دەتوانێت نیگار و هێمای تازە و فۆرم و ڕوخساری کەسایەتییەکان بخوڵقێنێت، ئەمانەش بۆ کردەی داهێنانی خەیاڵی ئەدەبی دەگەڕێتەوە لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا.

## ٢-٤- ریالیزمی جادوویی لە ڕۆماندا:

فاکتەری هەرە گرنگی گەشەکردنی ڕۆشنبیریی ئەدەبیی و فەلسەفی و فیکریی ڕۆماننووس، خوێندنەوە و بەریەککەوتنی کەلتوورە جیاوازەکانە بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی ڕۆشنبیریی هەمەلایەنەی ڕۆماننووس، بۆیە لەمیانەی خوێندنەوەماندا بۆ بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفی و فیکرییەکانی ڕۆماننووس و بە تایبەتی هەرسی ڕۆمانەکەی، کە لە چوارچێوەی توێژینەوەکەماندایە، چەند فاکتەرێک هەن، بوون بە ئەو چاوگ و کانگە بەهێزەی، کە بەختیار عەلی توانیویەتی ئاوی بیروبۆچوونە ئەدەبیی و فەلسەفییەکانی خۆی لێ هەڵگۆزێت و بنیاتیانبنێت و زیاتر گەشە بە ڕۆشنبیری و ڕێچکە ئەدەبییەکەی خۆی بدات، ڕۆماننووس وەک خوێنەرێکی بەتوانا و وردبین و تامەزرۆی بابەتە ئەدەبییە کلاسیک و نوێیەکانیش، هەر وەک چۆن کەسێک شتێکی بەنرخی بزرکردبێت و زۆر بە تامەزرۆیی بە دوایدا بگەڕێت، بەختیار عەلییش زۆر بە تەمازرۆیی بە دوای خوێندنەوەی شاکار و بەرهەمە ئەدەبییە جیهانی و ڕێبازە نوێییەکاندا گەڕاوە و وێڵی خوێندنەوە و شارەزاییان بووە، بۆیە لە یەکەم ڕۆمانەوە تا دەگاتە دوا بەرهەمی ڕۆماننووس لە هەر بەرهەمێکی نوێیدا هەنگاوێکی نوێی و ڕێباز و تەکنیکێکی نوێ پەیڕەوکردووە، یان گەشەی بە ڕێبازی نووسینی ڕۆمانەکە و ناوەڕۆکەکەی داوە و هەردەم لە گەشەی ئەدەبیی و فیکری و ڕۆشنبیریدا و شارەزایی زیاتر لە بەرهەمەکانیدا بەدیدەکرێت، چونکە ڕۆماننووس ڕۆشنبیرێکی هەڵبژاردە و شارەزایە لە زمانە بیانییەکاندا، بێگومان کاریگەربووە بەو بیرو ڕەوتە نوێیانەی، کەبڵاودەکرێنەوە لە ڕێگەی خوێندنەوەوە و بەریەککەوتنەوەوە، چونکە "چەمکە ڕەخنەییە نوێیەکانی ئەو ڕێبازە نوێیانە کاریگەرییەکی سنووردار لە سەر و بیر و ڕۆشنبیریی نووسەر بە جێدەهێڵن"(العید ٢٠١٢، ٢٢)، لەمیانەی خوێندنەوەماندا، بەختیار عەلی جگە لە و چاوگانەی، کە لەم تەوەرەدا باسمانکردن، ڕۆماننووس لە نووسینی زۆربەی ڕۆمانەکانیدا ڕێبازی ڕیالیزمی جادوویی (جادووگەری_ سیحری) پەیڕەوکردووە و لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە چگەلە ڕۆمانەکانی تری ڕۆماننووس، لە هەموویاندا بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕیالیزمی

جادوویی پەیڕەوکردووە، کە لەم تەوەرەدا بە وردی باس لە ڕیالیزمی جادویی دەکەین.


بێگومان کانگەی گەشەکردنی فیکری و ڕۆشنبیری و مەعریفی و ئەدەبیی بەختیار عەلی، چەند کانگەیەک بوون، لە بەرهەمەکانی ڕۆماننووسدا جێپێی ئەو بنەما و فاکتەرانە بە ڕوونی دەردەکەون، کانگەی گەشەکردن و بەپیتی خەیاڵی ڕۆماننووس، جگەلە ئەزموونی کەسێتی و مێژووی نەتەوەیی ڕۆماننووس، کە لە خاڵی یەکەمی ئەم تەوەرەدا باسمانکردن، هەروەها شارەزابوون و کاریگەربوونی ڕۆماننووس بە کەلتوور و ئەدەبییاتی فارسی و ئەورووپی و ئەمریکای لاتینی، چەند هۆکار و کانگەیەکی تری بەهێزن لە بەرهەمەکانی ڕۆمانووسدا جێپێیان دەرکەوتووە، چونکە ئەدەب و کەلتووری نەتەوەی فارس، کە دراوسێیکی کاریگەر و تێکەل بە ئەدەب و زمانی کوردی و بوون، هەروەها چەندین فاکتەری تر هەن بۆ زیادبوونی ئەو کاریگەرییە وەک: (هاوبەشی لە خاک و ڕەگەز، دەستەڵات لە سەردەمە کۆنەکان،.....،هتد)دا، هەروەها تێکەڵاوبوونی هەردوو نەتەوە( کورد و فارس) لە رووی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و شارەزایی لە زمانی یەکتریدا، بێگومان ئەمانەش کارلێکی باش لەو نێوەندەدا دروستدەکەن  و دەبنە بنەما و کانگە، لە هەندێک بەرهەمی ئەدەبی لە هەردوو زمانەکەدا، بە ڕوونی دەرناکەوێت، چونکە تێکەڵاوی فەرهەنگی و زمانی و کەلتووری،.....هتد لە نێوان هەردوو نەتەوەکەدا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر لێڵ و بەئاسانی جیاناکرێنەوە، ئەمەش دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی ڕۆشنبیریی و کانگە فیکری و ئەدەبیی و مەعریفییەکانی ڕۆماننووس، دواتریش دەبنە بنەما و مەدای بیرفراوانیی و خەیاڵی ڕۆماننووس.

### ٢-٤-١- چەمک و پێناسەی ڕیالیزمی جادوویی:

ئەم زاراوەیە (ڕیالیزمی جادوویی) لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵێک چیرۆک و ڕۆمانی نووسەرانی ئەمریکای لاتین وەک: (خۆرخی لویس بۆرخیس و کابریل گارسیا مارکیز ... هتد)، "هەرچەند بەکارهێنانی دەستەواژەکە بۆ (فرانز ڕۆو)ی ئەڵمانی دەگەڕێتەوە، کە لە (١٩٢٥) لە ناونیشانی

کتێبێکدا بەکاریهێناوە، کە تاوتوێی هەندێک تایبەتمەندی و ئاڕاستەکانی  وێنەکێشان لە ئەڵمانیدا دەکات، لەم بوارەشدا هێمای بۆ جۆرە وێنەیەک دەکرد، کە نزیک بوو لە سۆریالیزمەوە، بۆئەوەی وێنەی بابەتەکان  لە شتە سەیر و سەمەرەکان و ئەوانەی لە جیهانی مەئلوف دەردەچن لە شێوەی هێما و فۆرمدا نزیکبنەوە"(الرويلي، البازعي، ٢٠٠٢، ٣٤٨)،  بە واتایەکی تر زاراوەی واقیعی جادوویی لەلایەن زۆر لە نووسەرانەوە قسەی لەسەرکراوە و بەپێی ڕێڕەوی مێژوو و پێشکەوتنە مرۆییەکان، هەمیشە لە گۆڕاندا بووە، چونکە واقیع هەمیشە بەپێی زەمەن لە گۆڕاندایە، بۆیە پێویستە ئەوەی خەیاڵ گوزارشتی لێدەکات و تەنها لە خەون و خەیاڵدا ڕوودەدات، وەک: (سەرسامکردن و نامۆیی و سەیروسەمەرە)، ئەوانەش بگۆڕدرێن بۆئەوەی لەگەڵ ڕێڕەوی مێژوو و پڕکردنەوە و ڕازیکردنی خوێنەردا بگونجێن.

شێوازی گێڕانەوەی واقیعی جادوویی، هەروەها گێڕانەوەی ڕووداوی نائاسایی و سەروومرۆیی(بانمرۆیی) و نامۆ لەناو ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی واقیعیدا  لە شێوەی وردەکاری و ئاساییدا، وا دەردەکەوێت، کە بەشێکە لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی کارەکتەرەکان، بۆیە واقیعی جادوویی، بەرجەستەکردنی پەیوەندییەکی دروستکراوە لەنێوان ڕەگەزەکانی واقیعی ئاسایی، سەیروسەمەر و سەرووی سروشتدا، کەوا لەخوێنەر دەکات تووشی ڕاڕایی و گومان بێت، تارادەیەک نەتوانێت واقیعی و ناواقیعی لە دەقی ڕۆمانەکەدا لەیەکتر جیابکاتەوە، لەم هێڵکاریەدا ڕەگەزەکانی ڕیالیزمی جادوویی دەخەینەڕوو:



ڕەگەزەکانی ڕیالیزمی جادوویی، کە (سەیروسەرمەرە، واقیع، نامۆیی)، سێ ڕەگەز و پێکهێنەری سەرەکیی ڕیالیزمی چادوویین بۆ بەرجەستەکردن و گێڕانەوەی ڕووداوە سەیروسەمەرە و نامۆکانە، بە موتوربەکردنی بە واقیع لە پێناو خولقاندن و ئەفراندنی جیهانێکی تری خەیاڵکرد، بۆیە بەریەککەوتنی و تێکەڵاوبوونی کەلتوورە جیاوازەکان لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا، بووە هۆکاری ئەوەی "نووسەران بتوانن خۆیان لە پاشماوەی دامەزرێنەران و چاولێکەرانی ڕیالیزمی ئاسایی، یان ئەوەی کورتارتر بە چەمکی (**العنيد للرواية**) ناویناوە، ڕزگاربکەن" (بيانوبيا، ١٩٩٠، ٢٨)، بۆیە ڕۆماننووسە داهێنەرەکان لە دەقەکانیاندا پەنایانبردەبەر تەکنیکی نوێی گێڕانەوە لەدەقی ڕۆمانەکاندا، بۆئەوەی وەڵامی خوێنەر بدەنەوە، کە چیتر گێڕانەوەی بابەتە واقیعییەکان ئەو چێژە بە خوێنەر ناگەیەنێت و سەرسامی ناکات، هەروەها ڕیالیزم بە هەموو ڕێچکە و جۆرەکانییەوە نەیانتوانیوە واقیع تێپەڕێنن و دواتریش دۆزینەوەی کۆد و هێماکانی تری واقیع، کە لە توانایاندا هەیە سروشی لێوەربگرن، بە لێکدانی بابەتەکانی (نامۆ و ناباو و نەکردەنی) لەگەڵ بابەتەکانی (خەون و خەیاڵ)، کە "دواتر واقیعی جادوویی لە ئەمریکای لاتین لێی هاتەکایەوە ،(Alger carpenter_ ئەلگیر کارپنتیر) پێشەوای نووسەرانی ئەم تەکنیکەیە لە نووسینی ڕۆمانی (شانشینی ئەم جیهانە_ ١٩٤٩ز)دا، بەکاریهێناوە بۆیە بە خاڵی دەستپێکی ڕیالیزمی جادوویی و دانپێدانان بە ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی دادەنرێت"(بيانوبيا، ١٩٩٠، ٢٨)، کەواتە ڕیالیزمی جادوویی بریتییە لە یەکگرتن و تێکەڵاوبوونی بابەتەکانی (سەرووسروشت، نامۆ، سەیروسەمەرە، ناباو، فەنتازیا، خەیاڵ، واقیع) هەرکاتێک ئەم لەیەکچوو و ناجۆرانە یەکبگرن لەدەقی ڕۆمانێکدا بێگومان کەرنەڤاڵێکی ئیستاتیکیی گێڕانەوەیی چێژبەخش و داهێنانی دەقێکی جادوویی دەخوڵقێنن، کە بۆ هەمیشە زیندووبێت، کەواتە "ڕیالیزمی سحری، خەیاڵبازییەکی تەواو نییە، تێیدا خەیاڵ و واقعییەت تێکەڵ بە یەک دەبن" (شەمیشا، ٢٠١٨، ٤٠٥ ) هەرچەندە ڕیالیزمی جادوویی لەئەڵمانیا زیاتر گەشەیکردوو نووسەرەکانی ئەم ڕێچکەیە چالاکتر و بەرهەمی زیاتریان هەیە، بەڵام ناوی ڕیالیزمی جادوویی بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە ڕۆماننووسەکانی ئەمریکای لاتینەوە بەستراوە و بە تایبەتیش بە ڕۆمانەکانی (میگل ئەنجل ئەستورياس_ mignel angel astria ) و (ئەلگیر کارپنتیرAlger carpenter) و (گابریل گارسیا مارکیز)، کە

زۆربەی ئەدەبناسان، ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی)ی گابریل گارسیا مارکیز) بە نۆبەرەی ڕیالیزمی جادوویی دەزانن، بۆیە ڕیالیزمی جادوویی وەک ئاڕاستەو ڕێچکەیەکی نوێیە لە نووسینی ڕۆماندا دەرکەوت، کە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە جیهانی پشتەوەی واقیع و دووبارە پێکەوەنانی هەقایەتە خورافی و فولکلوری و ئەفسانەییەکان، بەشێوازێکی سەردەمیانە، کە هاوتەرتیب بێت لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوودا، بۆیە ڕۆمانی ((The tin and drume_تەپڵ و تەنەکە (١٩٥٩ز))ی گونتەر گراسی ئەڵمانی و (children midnight_ منداڵانی نیوە شەو (١٩٨٨ز))ی سەلمانی ڕوشدی، ڕۆمانی(شەوی سێرک_night circus(١٩٨٥ز)ی ئەنجێلا کارتیر ئینگلیزی و (بەدگۆران)ی کافکا، .... هتد) هەموو ئەو ڕۆمانانە بە نموونەی ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی و شاکاری ئەدەبیی زیندووی جیهانی دادەنرێن.

توێژەرانی کورد بۆ زاراوەی ڕیالیزمی جادوویی، کۆمەڵێک زاراوەی جیاواز وەک :(ڕیالیزمی سیحری، ڕیالیزمی جادوویی، ڕیالیزمی جادووگەرا، ڕیالیزمی ئەفسوونگەرا) بەکاردەهێنن، ناوەڕۆکی زاراوەکەش بریتییە لە "شێوازێکی ئیساتیکیی یان ژانرێکی ئەدەبییە لە کورتترین پێناسەدا، ئەوکات دەرکەوێت، کە ڕەگەزێکی ئەفسونگەرا، یان ڕووداوێکی نائاسا، کە ناچێتە عەقڵەوە، سنووری شوێنکات و دەوربەرێکی ڕاستەقینە دەشکێنێت و بڵاودەبێتەوە، ڕووداوەکان لەو چیرۆکانەی دەچنە خانەی ڕیالیزمی ئەفسوونگەراوە، سەبارەت بە هێزی چیرۆکخوازان، وا لە خوێنەر دەکەن ڕووداوە ڕاستەقینەکە بە شێوازێک ببینێت، کە لە ڕواڵەتدا مەحاڵ بێ ڕوویدا"(یاقووب، ٢٠١٩، ٣٢٥)، بۆیە ڕیالیزمی جادوویی جۆرە گێڕانەوەیەکە، کەوا لە خوێنەر دەکات ئاستی بیرکردنەوەی بۆ ڕووداو و کارەکتەرەکان ناجێگیربێت و تا ئاستێک خوێنەر گومانی لا دروستدەبێت ئەوەی دەخوێنێتەوە، بابەتێکی ڕاستەقینە و واقیعە، یان خەیاڵکردن و بەهەڵەدابردنی چادووییە، هەروەها "ڕیالیزمی جادوویی، جۆرێکی گێڕانەوەیە کە هێڵی زۆر تەنک و تیوار، واقیع بە خەیاڵ لەیەکجیادەکاتەوە، ڕیشاڵی واقیع و خەیاڵ وەها پێکەوە دەچنرێت، خوێنەرانێکی زۆر سەراسیمە و ئەفسون دەکەن" (کاکەمحەمەد، ٢٠٢٢، ١٦٢)، (سپیندلەر) لە (سێ) شێوەی جیاوازدا ڕیالیزمی جادوویی دەخاتەڕوو: "**شێوەی یەکەمیان**: ڕیالیزمی ئەفسونگەرای

میتافیزیکییە، کە تایبەتمەندییەکەی لە تەکنیکی نائاساییکردنی شتەکاندا دەردەکەوێت، واتە تایبەتمەندێتییە ئاساییەکانیان لێ دادەبڕێنێت و لەبری ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندێتی نائاساییان پێدەبەخشێت، بە مەبەستی دروستکردنی کەشێکی تەلیسماوی و ئاسوودە تێکدەر، بەڵام بەبێ هیچ ڕەگەزێکی میتافیزیکی، یان سروشت" (یاقووب، ٢٠١٩، ٣٥٤).

**شێوەی دووەمیان:** "ڕیالیزمی ئەفسوونگەرای ئەنترۆپۆلۆژییە، کە پەیوەندی بە تازەترین پێناسەی ئەم فۆرمەوە هەیە، ئەمشێوەیە دوو دەنگی تێدایە، یەکێکیان دەنگێکی واقیعی و دروستە، ئەوەی تریان پیشانیدەدا، کە بڕوای بە دیوە ئەفسوونگەراکەوە هەیە، ئەم پێچەوانە و دژبەیەکبوونەی ئەو دەنگە لە ڕێگەی دنیابینییەکی کەلتووریی تایبەتەوە، کە تێیدا واقیع لەگەڵ میتۆلۆژیا، یاخود شتە عەقڵانی و ناعەقڵانییەکان پێکەوە هەڵدەکەن و لە دەقەکەدا بەرجەستەدەبن، کاڵدەبنەوە سپیندلەر "ئەمجۆرە ڕیالیزمییە ئەفسوونگەراییە دەبەستێتەوە بە گەڕان بەدوای شوناسی نەتەوایەتی لە دوای قۆناغی کۆلۆنیالی و هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی پێگەی کەلتوورەکان لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا" (یاقووب، ٢٠١٩، ٣٥٤).

**شێوەی سێیەم:** ڕیالیزمی جادوویی، کە سپیندلەر دەیخاتەڕوو "ڕیالیزمی ئەفسوونگەرای ئەنتۆلۆژی، کە تێیدا شتە نائاسایی و لەسروشتبەدەرکانیش دەردەکەون، بەڵام جیاوازیی ئەم شتە لەسروشتبەدەرانە لەگەڵ دنیای واقیعدا لە ڕێگەی پیشاندانێکی ڕاستەقینە و بێ پێچووپەنا چارەدەکرێت، نەک لە ڕێگەی دنیابینییەکی تایبەتەوە، دیوە ئەفسوونگەراکە بە هیچ شێوازێکی سایکۆلۆژی لێکنادرێتەوە، بەڵکو ئامادەبوونێکی ڕاستەقینە و واقیعی لە دەقەکەدا هەیە، نموونەی (بەدگۆڕانی کافکا)، (دەعبای ناو ئاو)ی خۆلیۆ کۆرتەزار" (یاقووب، ٢٠١٩، ٣٥٥)، هەرچەندە پرۆفیسۆر (ڤین هی ئۆیان) لە کتێبی (لەگەڵ ڕیالیزمی ئەفسوونگەرای)، کە بە هاوبەشی لەگەڵ (ستیڤن هارت)دا نووسیویەتی، دەڵێت: "ڕیالیزمی ئەفسوونگەرا لە بنچینەدا پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، نەک هەر لە چوارچێوەی کاریگەرێتیی بەردەوامی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتە بەسەر دونیای دوای قۆناغی کۆلۆنیالدا، بەڵکو

پەیوەندی بە گەندەڵبوونی دەسەڵاتی سیاسی ئەو حکومەتە نیشتمانیانەیشەوە هەیە، کەدوای سەربەخۆبوون، دامەزران، ئەمە بێجگە لەو سیاسەتە کەلتوورییەی دوای قۆناغی کۆلۆنیالی، لە دارشتنی شۆناسێکی نەتەوایەتی رووکەشدا، پەیرەوکرا" (یاقووب،٢٠١٩، ٣٥٨)، بە واتایەی "دەرکەوتنی شتە نائاسایی و لەسروشتبەدەرەکان بۆ مەبەستی چارەسەرو گرێدان و چنینی رووداوە واقیعی و ئەفسانەییەکانە پێکەوە لە دەقەکاندا"(حسانین، ٢٠١٤، ١٩٦)، هەروەها پرۆفیسۆر (ژان بیبرس دوریکس) "ریالیزمی ئەفسوونگەرا دەخاتە چوارچێوەی ئەو چەمکەوە، کە ناوی لێناوە (ئەدەبی نوێ)، بە رای ئەو، ئەم زاراوەیە گونجاوترە لە (ئەدەبی قۆناغی دوای کۆلۆنیاڵ) بۆ ئەو ئەدەبەی لەو وڵاتانەدا سەریهەڵدا، کە بە قۆناغێکی داگیرکاریدا تێپەربوون، (دوریکس) بۆ وەسفکردنی ئەو (ئەدەبە نوێیە) زاراوەی (ئیستاتیکای دوورەگ) بەکاردێنێ" (یاقووب، ٢٠١٩، ٣٦٣)، هەروەها "زۆرێک لە رەخنەگران لەو بروایەدان رۆمانی واقیعی جادوویی، هەوڵێکە دژبە کۆلۆنیالیزم، گوتارێک لەرێی نووسینی ئەمجۆرە رۆمانەوە دێتەکایەوە، کە گوتاری دۆزینەوە و گەران بەدوای ناسنامەدا، گوتارێکە هەوڵدەدات بوونی خۆی بەرامبەر هێزێکی دیکەی گەورەتر لە خۆی بسەلمێنێت، بۆ نموونە رۆمانەکانی سەلمان روشدی لەشارە گەورەکانی وەکو لەندەن، نیۆرک بڵاودەکرێنەوە، ئەم فۆرمە هەوڵێکە بۆئەوەی نەتەوە پەراوێزخراوەکان خۆیان نیشانبدەن، لەلایەکی دیکەی واقیعی جادوویی، روویەکی جیاوازی مێژوومان نیشاندەدات، بەڵام مێژوویەکی رووت نا، بەڵکو مێژوویەک پر لە هەڵچوون و گومان، بۆنموونە لە رۆمانی (منداڵانی نیوەشەو)ی سەلمان روشدیدا سەرلەنوێ پێکهاتە و مێژووی هێند بەرباس دەدرێت" (مەنتک، ٢٠٢١ ، ٢٦٨ - ٢٦٩).

### ٢-٤-١-١- ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا:

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانی کوردیدا بەرچاودەکەوێت، هەندێک نموونە هەن هەرچەندە زۆر نین وەک: ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتەکە_١٩٨٩)ی عەبدوڵڵا سەراج و هەردوو ڕۆمانی (دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکانی_٢٠٠٦و وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان_٢٠٠٩)ی یوسف عیزەددین و (سەمای سڕبوون_٢٠١٢)ی ئارام محەمەد و هەردوو ڕۆمانی (دەستنووسە سورياييەکانی دەشتەکی_ ٢٠١٧ و ئەنفال لە ئێوارەخوانێکی خودا و شەیتاندا_٢٠١٩)ی حسێن سۆران، هەرچەندە هەندێک ڕۆماننووسی تریش هەن بەرهەمەکانیان لەم چوارچێوەیەدا پۆلێندەکرێن وەک ڕۆمانەکانی: (عەتا محەمەد و جەبار جەمال غەریب،...هتد)، ئەم ڕۆمانانە ڕەگەز و بنەماکانی ڕیالیزمی جادووییان تێدا مەزرێندراوە، کە ڕەگەزەکانی (سەرسورهێن( العجائبي) و ئەفسانە و نامۆ و سوريالی، سەرووی سروشت)، بەڵام دەتوانین ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی بە پێشکەوتووترینیان لە پەیڕەوکردنی ڕێچکەی ڕیالیزمی جادووییدا دەستنیشانبکەین، هەر لەم بارەیەوە بوشرا قادر کاکە محمد لەتێزەکەیدا هاوڕایە و دەڵێت "بەڕای ئێمە لەڕۆماندا وێڕای ئەوەی نموونەکان زۆرنین، بەڵام پێگەیشتووترینیان و باشترین مۆدێل هەتا ئێستا ڕۆمانەکانی بەختیار عەلین" (کاکەمحەمەد، ٢٠٢٢، ١٦٢)، لە هەموو ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا لە یەکەم بەرهەمەوە، کە(مەرگی تاقانەی دووەم، ئێوارەی پەروانە، غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، شاری موسیقارە سپیەکان، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، گەشتی فریشتەکان، دواهەمین هەناری دونیا، هەورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکی) دەتوانین بنەما و ڕەگەزەکانی ڕیالیزمی جادووییان تێدا دیاریبکەین، هەرچەندە ڕۆماننووس "بەختیار عەلی لە یەکەم هەوڵیەوە ئەزموونێکی جیاوازی گێڕانەوەی پێشکەشکرد، ئەم جیاوازییەش بوو وایکرد خوێنەرگەلێک پەروەردەبکات، کە بە دوای دەقی جیاوازەوە بن" (مەنتک،٢٠٢١، ٢٦٩)، لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا ڕۆماننووس، جادوویی هەقایەتە ئەفسانەییەکانی بۆ گرێدان و چنینی ڕووداوە خەیاڵئامێزەکان دەهێنێتەوە و لە دەقی ڕۆمانەکەدا دەیانچنێت، کە لەنێوان خەیاڵ و

واقیعدایە و گێڕانەوەیەک بەرهەمدەهێنێت دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی خوێنەر، لە هەمانکاتیشدا دەقەکە ئیستاتیکایەکی داهێنەرانە و قەناعەتبەخش بۆ خوێنەری دەقەکە دروستدەکات، هەروەک ئەوەی ڕۆماننووس (سەبری گوڵفرۆش)ی ناو گورانییە فۆلکلۆرییەکانی ساڵانی حەفتاکان دەکات بە کارەکتەری چیرۆکە ئەفسانەیی و سەرسوڕهێنەرەکەی (گوڵستان خان) بەرپرسی چەندین باغ "کچێکی ئیجگار جوانی دەبێت، کە سستەری خەستەخانەیە و بەردەوام بۆن گوڵاوێک لە پرچ و هەناسەی دێت، بۆنێکی وەها هەرکەسێک بەلایدا دەڕوات، دەمودەست عاشقی دەبێت، بۆنێک نەخۆشەکان لە دەردێک چاکدەکاتەوە و دەردێکی تریان دەداتێ، کچەکە ناوی سەبرییە، جوانی و نیگاکەی بۆی پرچ و هەناسەی ساڵانێکە دەبێت بە سەر دێڕی گەورەی گۆرانیبێژان و بابەتی یەکەمی حەیرانبێژی ئەم دەڤەرە"(عەلی، ٢٠١٤، ٢٠٧)، لەو دەقەدا دەردەکەوێت، کە هەموو ڕووداوەکان خەیاڵی و سەرووی سروشت و دابڕاو نین لە واقیع، واتا ڕەگ و ڕیشەیان لەگەڵ واقیعدا تێکەڵەو سەرچاوەکەشیان هەر لە واقیعی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵی مرۆییە وەرگیراوە "تەنانەت دەروونناسێکی وەکو کارڵ گۆستاف یۆنگ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەفسانە و مێژووی مرۆڤایەتی لە کۆنەوە تاکو ئێستا کاریگەرییان لەسەر شێوەگرتنی دەروونی مرۆڤەکان هەبووە، بەڵام پەنابردن بۆ مەزراندنی ئەفسانەیی بە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان هەوڵێکە بۆ پتر ڕوونکردنەوەی واقیع، هەوڵێکە بۆ سەر لە نوێ بنیاتنانەوەی واقیع و کۆمەڵ" (مەنتک،٢٠٢١، ٢٧٢)، ڕۆماننووس لەم دەقەدا پەنای بۆ چیرۆکێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی، کە ڕەگەزێکی سەرسوڕهێنەر و جادوویی تێدا بەکارهێناوە، چونکە چ باغەکان و بۆنی گوڵاوەکەی سەبری، بابەتێکی سەرووی سروشتن، هەرچەندە باغەکانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ) ڕەگێکیان لە واقیعدا هەیە، بۆنی خۆشیش لە واقیعی کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام بۆنی (پرچ و هەناسە) نەخۆش چاکبکاتەوە، بێگومان تەنها واقیعی ناو دەقی ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە و لە چیرۆک و ئەفسانە و هەقایەتە مێژووییەکاندا هەیە، وەکو (خواردنەوەی ئاوی نەمری و گژوگیای نەمری، ... هتد)، هەروەها لە گێڕانەوەی ڕووداوی لەدایکبوونی منداڵێکی خەیاڵ، کە لە ئاکامی جووتبوونێک خەیاڵ (ژنە گەنجەکە لەگەڵ غەزەلەکانی غەزەلنووس)دا دێتەبوون "ژنە گەنجەکە منداڵەکەی لە غەزەلنوس وەرگرت و دەستیکرد بە پێچانەوەی مەلۆتکەکە و

گوتی (ئێستا تێدەگەیت، تۆ بە تەنها نیت، دەبینیت خەڵکانێکی تر هەن خەیاڵ و غەزەل تێکەڵاوی هەموو ژیانیان بووە، لەوانەیە تۆ نەتدیبێت، بەڵام چنسێک لە مرۆڤ هەیە، کە وەک تۆ دەستکردی غەزەلن، چەند وەختە بە زەویدا دەگەڕێیت و مرۆڤی خەیاڵی دەبینیت، بەڵام ڕۆژێک هەستت نەکرد خەڵکێکی دی هەن وەک خۆت منداڵی غەزەلن، عەشق دروستیکردوون، مرۆڤ کە بە ڕاستی نەتوانێت لەگەڵ مەحبوبی خۆیدا بخەوێت، باغێکی سیحراوی و خەیاڵی هەیە ڕوودەکاتە ئەوێ و لەوێ مەعشوقی خۆی دەبینێت، بمبورە غەزەلنوس، مرۆڤ ئەگەر بێمێشک نەبێت لەوە تێدەگات خەڵکێک هەن بێمێشکن، گەمژەن، وا دەزانن کە دوو دڵدار بەڕاستی پێکەوە نەخەوتن، ئیتر پێکەوە نەخەوتوون.......هەندێکجار هەستدەکەم تۆش زۆر گەمژەیت، هێندە گەڕاویت ناتوانیت تێبگەیت، هەموو کەسێک شوێنێکی خۆی هەیە، لەوێ هەموو ئومێدەکانی دێنەدی، من لەوێ نەبووم، تێدەگەیت سەدان شەو لەوێ بووم سەدان شەو، سەدان شەو" (عەلی، ٢٠١٤، ١٥٦)، لەبەر ئەوەی ئەو منداڵە خەیاڵییە دوای دووساڵ لە لەگوێگرتن لە غەزەلەکانی غەزەلنوس لە لەدایکبوو، چونکە "غەزەلەکانی ئەو تەنیا کاتێک هێزو ئاسەواریان دەردەکەوێت کە بوونەوەرێکی خەیاڵی دەبیستن"(عەلی،٢٠١٤، ١٥٢)، بۆیە ڕۆماننووس لەزاری ژنەگەنجە خەیاڵیەکە دایک منداڵە خۆڵقێنراوەکەی خەیاڵ دەڵێت: "غەزەلنوس من چەندین ڕۆژە مردووم، بەڵام نەمویست دونیا جێبهێڵم، بۆئەوەی تۆ ببینم، هیچ کەس ناتوانێت باوکی ئەو منداڵە بدۆزێتەوە، هیچ کەس، لەبەرئەوەی من لەگەڵ یەکێکدا دروستمکردووە کە ئاگای لێ نییە، لەگەڵ کەسێکدا لەخەیاڵدا لەگەڵیدا خەوتووم، تەنیا لەخەیاڵدا، ئەو ئاگادار نییە، من و ئەو سێ ساڵ یەکترمان خۆشویست، بەڵام پێکەوە نەخەوتین، قەت پەنجەمان بەر پەنجەی یەکتر نەکەوت. من سوێندت بۆ دەخۆم کە پێکەوە نەخەوتووین، بەڵام کەس باوەڕم پێناکات، من هەموو شەوێک بە خەیاڵ لەگەڵیدا بووم ، هەموو شەوێک، ئەم کوڕە بەرهەمی خەیاڵی منە، من غەزەلەکانی تۆم دەخوێندەوە و بیرم لەو کوڕە دەکردەوە، هەموو شەوێک بەرلەوەی بخەوم ئەو غەزەلانەم دەخوێندەوە" (عەلی، ٢٠١٤ ، ١٥٤)، لەم گێڕانەوە خەیاڵییەدا، دەردەکەوێت، کە ڕۆماننووس چەند بە وردی کاری لەسەر خەیاڵ کردووە، هەرچەندە هۆی ڕۆمانەکان کارکردنە لەسەر خەیاڵ، لە چۆنێتیی دروستکردنی ڕووداوە خەیاڵییەکان و گرێدان و چنین و پێکەوەنانیان،

کەئیستاتیکایەکی سەرسورهێنەر و جادووییان بە دەقەکە بەخشیوە و ڕەگەزەکانی ڕیالیزمی جادوویی بە سوریالی و ناباو بەقووڵی لەم دەقەدا دەردەکەوێت، چونکە لەدایکبوونی منداڵێکی خەیاڵی، کە یەکێکە لە خوڵقاندنە سەیروسەمەرەکانی بەختیارعەلی و لەم ڕۆمانەدا بەتایبەت یاریکردنێکی ئیستاتیکی بە هەموو ڕەگەزەکانی بنەماکانی ڕیالیزمی جادوویی بۆنموونە، بە پەلە مەڵۆتکەکەی کردەوە، ویستی بە ڕووتی تەماشایبکات و ویستی دەست لە پێستە سپی و ناسک و سیحراوییەکەی بدات، لەوکاتەدا سنگی منداڵەکەی بینی، موچوڕکێکی قوڵ و تەزوویەکی سارد بە گیانیدا تێپەڕی، نەیدەزانی هەڵەیە، یان ڕێشکەو پێشەکەی چاو، ڕاستی یان خەیاڵێکە زادەی ماندبووبوونێکی زۆر کەمخۆراکییەکی درێژە، بەڵام بە ڕۆشنی دەیتوانی ببینێت، بەڕوونی بەیتێک شیعر کە وەک برینێکی قووڵ لەسەر سنگی ئەو کۆرپەلەیە هەڵکەنرابوو.

"ئەی تیفلی ڕەش، ئەتۆ گوڵ بوویت ئەمن سووت

ئەی ناتیجی غەزەل، لە من عەشق و لە تۆ ڕووت

تۆ بەرهەمی شمشاڵی خەیاڵ، بەرهەمی ئەنغامی وجود

زاهیر بە وەکو باغ و دەرکەوە وەکو یاقووت" (عەلی، ٢٠١٤، ١٥٦).

بێگومان لە واقیعدا، ڕووداوێکی لەوجۆرە نەکردەنییە و جێگەی سەرسوڕمانە، منداڵێک لەدایکبێت و لەسەر سنگی دوو دێڕ شیعر هەڵکۆڵرا بێت، هۆنینەوەی ئەو دوودێڕەش بێگومان بۆ شارەزایی ڕۆماننووس دێت لە نووسینی هۆنراوە و شیعر و قەسیدەدا، بۆیە ڕۆماننووس ئەو شیعرەی هۆنیوەتەوە لە گێرانەوەکەدا لەسەر سنگی منداڵە خەیاڵییەکە وەک برینێکی قوڵ هەڵیکەندووە، بۆ زیاتر قەناعەتپێهێنانی خوێنەر و زیاتر واقیعبینی ڕووداوەکە و بەستنەوەی چنینی ڕووداوەکانی دیکە و پێکەوەنانیان، چونکە ڕۆماننووس هەوڵیداوە لەنێوان واقیع و خەیاڵ و ئاگایی و نائاگایدا دەقێک بخولقێنێت گوزارشت، لە هاوکێشە خەیاڵی و چەپێنراوەکانی دەروونی مرۆڤ بکات.

هەروەها  بۆئەوەی خەونی تاک و خەونەکانی کۆمەڵگە بنیاتبنێت و  بە قووڵی بە ناخی مرۆڤی ناو کۆمەڵی کوردیدا  ڕۆبچێت، لەڕێگەی خەون و خەیاڵەکانیەوە، بەبێ گوێدان و بە ڕەچاوکردنی دابونەریت و بیرو هۆش، لەدەرەوەی بابەتە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش پێویستی بە جۆرێک سۆریالییەت و سەرووی سروشت و ناماقوڵ و نامەئلوفەوە هەیە، کە ئەمانەش ڕەگەزەکانی ڕیالیزمی جادوویین،  چونکە ڕۆماننووس  هەوڵدەدات لە واقیعەوە بەرەو ناواقیع بچێت، یان هەنگاو بۆ ئەودیوی واقیعی و سروشت بنێت، بۆیە واقیع و خەیاڵ پێکەوە گرێدەدات بۆئەوەی کێشەکانی ناو کۆمەڵ دەرببڕێت، ئامانجیش لەو کارە خۆڕزگارکردنە لە هەموو ئەو چەپاندنانەی، کە مرۆڤ  هەیەتی، هاوکاتیش دووبارە ڕووداوەکان بخوڵقێنێتەوە، چونکە جووتبوونی دوو عاشق بێئەوەی هاوسەرگیرییان کردبێت لەناو کۆمەڵگەی کوردەوارییدا، بە بابەتێکی زۆر نارەوشتی لە کۆمەڵگەدا لەقەڵەمدەدرێت، بۆیە ڕۆماننووس هەوڵیداوە، ئەو چەپاندنانەی لە دڵ و ناخی عاشقەکاندا هەیە، لەناو واقیعی دەقی ڕۆمانەکەدا بە خەیاڵ بیخوڵقێنێت و لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستەیبکات.

لە ڕۆمانی (**هەورەکانی دانیال**)دا سوود لە هەندێک هێما و چیرۆکی ناو کتێبی (تەورات) وەرگیراوە بۆ گێڕانەوەی خەونە ناخۆش و ناجۆرەکانی خەڵکی دیلاوار بە شێوەیەکی ریالیزمی جادوویی ڕووداوە مێژووییەکان و ترسەکانی خەڵکی دێلاوار، لە سەردەمێکی دیاریکراودا دەگێڕێتەوە، کەواتە ڕۆماننووس لە واقیعەوە بۆ ناواقیع، واتە بۆخەیاڵ و فەنتازیا ڕووداوەکان دەگوازێتەوە، کە واقیعی ناو دەقی ڕۆمانەکەیە و هەندێکجار دیوێکی ڕووداوەکان و فەزا و کەشوهەوای فەنتازیا و ئەفسانە دەگێڕێتەوە و هەندێکجاریش سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو ڕووداوە مێژووییانەی بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە ڕادەکێشێت، بەڵام ناوی هەموو کارەکتەر و شوێن و تەنانەت ڕووداوەکانیش، هەرچەندە لە کوردستان (دێلاوار)دا، وێنەی واقیعیان هەیە، بەڵام فەنتازی و خەیاڵیین و دەربڕی بارێکی دەروونیی خەڵکی کوردستانە، کە ڕۆماننووس ناویلێناوە شاری (دێلاوار).

پرۆفیسۆر بەهنام لە گێڕانەوەی چیرۆکی خەونەکانی دانیالدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "بەڵێ حاکمی دێلاوار هەمان ئەو خەونە دەبینێتەوە، کە دانیال دەیبینێت هەمان

ئەو هەورانە، هەمانە ئەو ئاسمانە، هەمان ئەو بارانە، موسیبەت لەوەدایە کە خەونەکە بە جۆرێکی خێرا بڵاو دەبێتەوە، حاکم بۆ بەیانی پیاوانی خۆی دەنێرێت بۆناو شار و ڕایاندەسپێرێت، کە باسوخواسی نێو خەڵک هەرچییەک بێت بۆی کۆبکەنەوە، هەواڵدز و کونجوکۆلانی فەرماندار هەر زوو هەواڵی تێکچوونی شیرازەی شار و بڵاوبوونەوەی ترس و دوودڵی بۆ حاکم دەهێننەوە، خەونەکەی دانیال هەموو ئەو ئارامی و جێگیرییە دێرینەی تێکداوە، کە مەملەکەتی ڕاگرتووە ... بەڵێ .. جگە لە دانیال خەڵکانێکی تریش دەڵێن هەمان خەونیان بینیوە فەرماندار، دەستەو ئەژنۆ و بێچارە دادەنیشێت و بۆ یەکەمجار هەستدەکات دێلاوار چیتر خاکی ئەو ژیانە ئاسوودەیەیی جاران نییە، خەون مانای گەڕانەوەی شتێک ... هەموو لە دەربارەی فەرماندار ئەو ڕاستییەیان دەزانی، ئاشوبێک لە دەرووندا سەریهەڵدابوو، بڵێسەی ئەو ئاشووبە گەیشتبووە ژێر عەرشی حاکمانی شار ..." (عەلی، ٢٠١٧، ٢١٩-٢٢٠)، بێگومان خەونەکانی دانیال ڕەگ و ڕیشاڵی لەناو ئەفسانە ئایینییەکانەوە وەرگیراوە و تێکەڵکردنی لەگەڵ واقیعی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان(دێلاوار) هەوڵێکە بۆئەوەی خوێنەر لەو واقیعەی تێیدایە، بگوازێتەوە بۆناو واقیعی تری جادوویی، بۆیە ڕۆماننووس ئەو ترسە لەمێژینەی (دێلاوار) تێکەڵ بە خەونەکانی دانیشتووانی شار دەکات، تەنانەت ئەو خەونە دەچێتە ناو خەیاڵی تاک بە تاکی دێلاوارەوە وەک لە گێڕانەوەکەدا دەڵێت: "هەورەکانی دانیال وەک ئاگرن لە دارستانێکی وشک پەرشوبڵاو دەبنەوە، شار دەکەوێتە ترسەوە، خەونەکان دەچێتە هەموو جێگایەک و خۆی دەگەیەنێتە ناو زیندانەکانیش، هەورەکان لەم خەیاڵەوە دەپەڕنە ناو ئەو خەیاڵ، لەم سەردا دەبارن و دەگوازنەوە بۆئەو سەری تر، هەورو گەواڵەی ڕاستەقینە چۆن دەجوڵێت، ئاوا هەورەکانی سەری دانیال لەم سەرەوە بەرەو ئەوسەرە دەجوڵێن، لە هەموو خەونێکدا دەبارێن، لەهەموو شەوێکدا دەردەکەون، خەونەکە ترسێکی ئەوتۆی تێدا نییە، بەڵام هەرکەس دەیبینێت دەزانێت سەرەتای جیهانێکی ترو دەستپێکی جۆرە ژیانێکی تازەیە، لە هەر سەرێکدا وەهم و خەیاڵ بڕەوێنێتەوە، هەورەکان زوو دەیگەنێ و تیا دەبارن، خەونەکە وادەکات ، هەندێ دێلاوار جێبهێڵن و بەرەو شوێنی تر سەری خۆیان هەڵگرن، دەڵێن چەند مانگ و چەند هەفتەیەک زۆرینەی خەڵک تەنیا ئەو خەونەیان بینیوە."(عەلی، ٢٠١٧ ، ٢٢٠). هەروەها ڕۆماننووس لە (هەورەکانی

دانیاڵ)دا، هەوڵیداوە واقیعی سایکۆلۆژیی دانیشتووانی کوردستان بۆ ناو واقیعێکی تر بگوازێتەوە و گوزارشتی لێبکات، چونکە ڕۆماننووس گەر بهاتبا واقیعی سایکۆلۆژیای تاکی کوردی وەکو خۆی بنووسیبا، نەیدەتوانی، یان نەدەبوو بەو ڕۆمانە، بۆیە ڕۆماننووس لە چوارچێوەی ڕیالیزمی جادووییدا توانیویەتی بە جوانی خەون و خەیاڵ و ماجەراکانی واقیعی کوردستان لەم دەقەدا بنووسێتەوە، لە گێڕانەوەی خەونەکانی دانیاڵدا پرۆفیسۆر بەهنام بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "من مامۆستای مێژووم و شتێکی ئەوتۆ لە نهێنییەکانی ناخی ئینسان نازانم، دانیال دەرکەوتبێت یانا ... چوبێتە خەونەکانەوە یان نا، ئەو تەنیا پەیامهێنی کارەسات بووە، لە سەردەمێکدا، کە زۆرینەی پەیامبەران مژدەی ... و بەڵێنی ڕزگارییان داوە، دانیال وەک ڕیزپەڕو نامۆ، مژدەهێنی بەدبەختی و پەیامهێنی ئافات و دەردەسەری بووە، پەمیابەران دوو جۆرن، هەیانە پێشبینیی کارەسات دەکەن و ئەوانی تر مژدەهێنی بەهەشت و ڕزگارین، دانیال بۆ دێلاوار وەک نوح وایە بێ کەشتی، پەیامهێنی دەردە، ئادەمیزادەکان لە کارەسات ئاگاداردەکاتەوە" (عەلی، ٢٠١٧ ، ٢٢٢).

لە بابەتە سەیروسەمەرەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکە (دەستنووسی بێخاوەن _کتێبی دانیال)ە، لە باسکردنی ئەم دەستنووسەدا کە بوونی لە مێژوودا نییە، پرۆفیسۆر بەهنام بۆ ڕێنوار دەیگێڕێتەوە و نیشانیدەدات و دەڵێت: "کتێبی دانیالە ... کۆنترین تێکستێکە لە مێژووی دێلاوار مابێتەوە، دەستنووسی یەکەمی، کەسێکی نەناسراوە، نووسەرەکەی دیار نییە کێیە، ئەو هەموو شتێکی وەک خۆی گێڕاوەتەوە، وتەکانی دانیال چاپی یەکەمە، یاخود ناوەڕۆکەی لە بۆنەیەکی گشتیدا، یان لەرۆژنامەیەکدا بخەمەڕوو، دانیال تا ئەمڕۆ دوژمنی زۆرە، کتێبەکە وا سەیردەکرێت وەک ئەوەی دانیشتوانی دێلاوار بەوە تاوانباربکات، کە کارەسات لە ناخی مرۆڤ خوێدا لەدایکدەبێت" (عەلی،٢٠١٧ ، ١٩٤). بێگومان ئەم کتێبە لە بووندا نییە، بەڵام ڕۆماننووس بۆ چنین و جوانترکردن و ڕازاندنەوەی ڕووداوەکان، ئەم کتێبەی خوڵقاندووە و هەورەکانی دانیالیش، کە لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگرتووە و بەکارهێناوە بۆ زیاتر قەناعەتپێکردن و زیاتر بەخشینی ڕیالیزمی جادوویی بە دەقی ڕۆمانەکە بدات.

له ڕۆمانی (**داگیرکردنی تاریکی**) دا، مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەندێک ڕووداوی مێژوویی ڕاستەقینە لە باکووری کوردستان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە تاوەکو کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٧٨ز)ی سەدەی ڕابردوو دەگێڕێتەوە لەو بەشەی کوردستاندا، ئەم ڕۆمانە مێژوویەک دەگێڕێتەوە لە داگیرکاری و ئازاردانی تاکی کورد و تەنانەت قەدەغەکردنی ئاخاوتن بە زمانی دایک، کە هەمیشە ترسێکە لە دڵ و دەروونی داگیرکەردا، هەرچەندە وەکو ئاماژەمان بۆ کردووە و ڕەخنەگرانیش جەختی لەسەر دەکەنەوە، کە گوتاری رۆمانی ڕیالیزمی جادوویی، گوتارێکە دژ بە داگیرکەر و گەڕان و دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوەییە لە پێناو خۆسەلماندن بەرامبەر بە داگیرکەر، هەر ئەمەشە بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا، هەوڵیداوە پیشانیبدات نەوەکو تەنها مێژوویەک وەکو خۆی بگێڕێتەوە، بەڵکو لە ڕێچکەی ڕیالیزمی جادووییەوە ڕوویەکی تری جیاوازی مێژوویی پڕ لە نەهامەتی و ئازاری نەتەوەی کورد بگوازێتەوە بۆ خوێنەری جیهانی، دەستپێکی ڕۆمانەکە بە ڕووداوێکی نائاسایی و سەیر و سەمەرە دەستپێدەکات، کە ڕەگەزەکانی (نامۆیی، نائاسایی، ئەفسانەیی) بوونی هەیە، هەرچەندە ڕووداوەکان لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا پەیوەندی بە واقیعی سیاسی و نەتەوەیی کوردەوە هەیە، کە کرۆکی ڕووداوەکانە لە دەقی ڕۆمانەکەدا، ئەویش لەدەستدانی زمانی ئاخاوتنی عیسمەت ئۆکتایە، کە بەیانییەک لە خەو هەڵدەستێت، کەچی ناتوانێت قسەبکات و بە زمانێکی تر قسەدەکات و هاوسەر و منداڵەکانی بە هیچ شێوەیەک لێتێناگەن، بێگومان بۆ کەسێکی وەک عیسمەت ئۆکتای، کە ئەندامی گورگە بۆرەکانە، قسەکردن بە زمانێکی قەدەغەکراو، کە تورکەکان پێیدەڵێن زمانی(قەلەباچکە) کارەساتە، هەربۆیە تاریق ئاکانسوش، کە یەکێکە لە کارەکتەری سەرەکیی گورگەبۆرەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکە، کە لە بنەڕەتدا هاتووە بۆ ئامەد بۆ لەناوبردن و قەدەغەکردنی زمانی کوردیی، بەهۆی ئەو ترسە قووڵەی لە کورد و ئەرمەنەکان هەیبوو، کەبووە ڕق و کینەیەک ژیانی لە ئاکانسو تاڵکردووە، بۆیە بە شەوان مردووەکانی لەگۆڕەکانیان دەردەهێناو هەموو ئێسک و پروسکەکانیانی دەهاڕی و چاوەڕاونی دەکرد، بایەکی بەهێزبێت تا ئێسک و پروسکە هاڕاوەکانی دەکرد بەبادا، بەباوەڕی ئاکانسو دەڵێت : "ئەی با مردووەکانت بەرەو جارێکی تر هەرگیز هەڵنەستنەوە." (عەلی، ٢٠٢٠، ٤٩٤). بۆیە ئارسین

بەم کارەی تاریق ئاکانسو پێدەکەنێ و بە عەلی ئیحسان ئاکانسوی کوڕی تاریق ئاکانسوی دەگوت "دەبینێت کە مالیستەکان هەرتویژی سەرەوەیان کەمێک ڕەنگی شارستانیەتی گرتووە، لەژێر ئەوەدا ڕاستەوخۆ هەر سەرباز و ساحیرەکانی سەردەمی جەنگیزخانن" (عەلی، ٢٠٢٠، ٤٩٤)، ئەم هەڵوێستەی ئارسینی کوڕی ئاکانسو بۆئەوە دەگەڕێتەوە، لە کۆندا کامالیستە تورکەکان، کە عوسمانییەکان باپیریانن کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و زۆر باوەڕیان بە جادوو و بابەتەکانی جادووگەری هەبووە، بۆیە خەڵکی ناوچەکە بەنیازێکی خراپ و بەد و کارێکی شەیتانی لە کردەوەکانی ئاکانسویان دەڕوانی و گومانی ئەوەیان لا دروستبوو "دوور نییە ئاکانسو خەڵکانی شارەزای سیحری ڕەشدا بو بەکرێگرتبێت" (عەلی،٢٠٢٠، ٤٩٤)، تاریق ئاکانسوش بە پۆزشهێنانەوەی بۆ کارە سەیروسەمەرەکەی لە بەردەم دادوەری گشتیدا باسی لە "ترسێکی قووڵ کرد لە ڕۆحیدا و گوتی دەشێت ئەو شتانەی لێرەدا مردوون بە ڕاستی نەمردبن و ڕۆژێک لە ڕۆژان زیندووببنەوە، بۆچوونی خۆی بەوجۆرە بۆ دادوەرە تورکەکە ڕوونکردەوە، تا هەوڵبدات بیهێنێتە پێشچاوی خۆی ئەگەر ڕۆژێک یاخییەکانی دەرسیم، ئاژاوەچییەکانی چیای ئاگرین، ئەرمەنە دوژمنەکان بە یەکجار هەموو زیندووببنەوە، پێکەوە هەموو بە یەک دەنگ و زمانی خۆیان قسەبکەن، ئەوە چ بەدبەختی و کارەساتێک دەبێت، ئایا ئەوە ناهێنێت لە مردووەکان بترسێت" (عەلی،٢٠٢٠، ٤٩٤ – ٤٩٥)، لەم دەقەدا ئەوە ترسە، ئەو خەیاڵەی لای ئاکانسو دروستکردووە، بۆیە ڕۆماننووس وێنای ئەو ترسە قووڵەی تاریق ئاکانسو، کە ترسی هەموو داگیرکەرێکە بەتایبەتیش تورکەکان، بە جوانی مەزراندووە، بۆیە ڕۆماننووس بۆئەوەی چێژێکی زیاتری ئیستاتیکای زیاتر و واقیعتر، واتە ڕیالیزمی جادوویی تر بە دەق ببەخشێت، ئاکانسو بۆ پشتگیریی قسەکانی ترسی دەروونییە ڕەگەز پەرستەکەی خۆی داوا لە دادوەر دەکات، "ڕێگاپێبدات لەگەڵ تیمێکی گەورەدا گۆڕی شۆڕشگێڕە کوردە یاخی و ئەرمەنەکان هەڵبداتەوە وئێسکەکانیان بشکێنێت، تا جارێکی تر زیندوو نەبنەوە"( عەلی، ٢٠٢٠، ٤٩٥)، هەروەها ئاکانسۆ دەڵێت :"کوشتنێکی دووەم پێویستە، بۆئەوەی دڵنیابین نەماون و مردوون، دڵنیابوونەوە شتێکی پێویستە جەنابی دادوەر لەخۆتت پرسیوە بۆ ئەڵمانەکان جوەکانیان دەخستەفڕنەوە و دەیانسووتانن، ئاخۆ نەیاندەتوانی هەر بە فیشەکێکی ئاسایی بیانکوژن ؟ بێگومان جەنابی دادوەر

دەیانتوانی، بەڵام دەبوو دڵنیابن، کە نەماون، دەبوو خۆڵەمێشەکە بگرن بە دەستەوە و بیدەن بە بادا، ئێمە دڵنیانین، من دڵنیانیم، بۆیە جەنابی دادوەر بێدەنگی لە دارستاندا مانای ئەوە نییە جرۆجانەوەر نەماون هەموو شکارچییەکی ڕاستەقینە لە بێدەنگی دەترسێت، چونکە دەشێت پڵنگەکان هەر لەوێ بن، هەموو کە دەچینە گۆڕستانێکەوە دەترسین، چونکە دەزانین لەوانەیە مردووەکان نەمردبن، هەرتورکێک پێدەخاتە ئەم خاکی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵەوە، هەستێکی نهێنی و قووڵی بە ترس هەیە، چونکە دەڵێت لەوانەیە کوردەکان مابن .. تێبگە جەنابی حاکم." (عەلی،٢٠٢٠، ٤٩٥)، ئەو ترسەی ئاکانسو لە کورد هەیبوو، سەدان جۆر خەیاڵ و خەونی ترسناکی لە مێشک و دەروونیدا خوڵقاند، لەم دەقەدا ڕۆماننووس لە زمانی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەوە بە سێ نموونەی واقیعی، ئەو ترسە قووڵە ناواقیعییەی دەروونی تاریق ئاکانسو ڕووندەکاتەوە، کە ترسەکەی لە چییە؟ دیارە ئەمەش ڕۆماننووس بۆئەوە کردوویەتی تا زیاتر ڕووداوەکان ڕێکبخات و بیانسازێنێت تا ئاستێکی باشیش ڕووداوەکە لای خوێنەر واقیعی و ڕاستەقینەی ناو دەقەکە بزانێت و زیاتریش جێگەی باوەڕی خوێنەر بێت، هەرچەندە زیندووبوونەوەی مردووەکان کارێکی مەحاڵە، تەنها ئەوە نەبێت ئێمە موسوڵمانین و بڕوامان وایە لە ڕۆژی (قیامەت) دا هەموو مرۆڤەکان بەفەرمانی خودای گەورە زیندوودەکرێنەوە، بەڵام لە واقیعی ژیانی مرۆڤایەتیدا، زیندووبوونەوە مەحاڵە و نەکردەنییە، بەڵام لە دەقەکەدا ترسی زیندووبوونەوە باوەڕ و بارێکی نائاسایی لە ناخی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە و لە بوونی ڕاستەقینەشدا تورکە ڕەگەز پەرستەکان ترسێکی هەمیشەیی لە دڵ و دەروونیاندا بوونی هەیە، کە هەمیشە ترسیان لەو تاریکییە هەیە، دڵ و دەروونیانی داگیرکردوە، هەرچەندە ڕووداوی (هاڕینی) ئێسکی شۆڕشگێڕە کوردەکان لە پاش مردنیان، پێوەندی بە ڕووداوە واقیعییە مێژووییەکانەوە هەیە، کە بەسەر نەتەوەی کورددا هاتوون لەسەدەکانی پێشوودا ڕوویانداوە، چونکە شۆڕشگێڕە کوردەکان هەمیشە لە بەرخودان و تێکۆشاندا بوون لەپێناو بەرگریکردن لە زمان و خاک و نیشتمان، بۆیە دوژمنانی نەتەوەکەمان هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی زمان و کەلتوور و فەرهەرنگەکەیان داوین.

مەزراندنی ڕووداوێکی لەو شێوەیە، کە ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر و سەرووی باوەڕی مرۆڤە، بێگومان کاریگەریی زۆری هەیە و لە زەین و یادگەی خوێنەردا بەتایبەت خوێنەری کورد بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە، کە دەلالەتە بۆ واقیعێکی ڕاستەقینە، ئەمەش تەکنیکێکە ڕۆماننووس بەکاریهێناوە بە مەبەستی ئەوەی لەلایەنی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کورد و ڕەگەزپەرستی و ڕقوکینەی تورکە ڕەگەز پەرستەکان بەرامبەر بە نەتەوەی کورد نیشانبدات، هەروەها لەمیانەی ئەم ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەوە باس لە ڕابردووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و داگیرکاریی تورک بۆ خوێنەر بکات و تیشکبخاتەسەری، چونکە ناسینی کارەکتەر و ڕووداوەکان لە دەقی ڕۆمانەکەدا بەچێژترە بۆ خوێندنەوە لە گێڕانەوەی مێژوویەکی ڕووت، بەبێ تێکەڵکردنی بە ئیستاتیکای خەیاڵ و ڕازندنەوەی بە پۆشاکی خەیاڵ.

## ٣- ڕۆڵی خەیاڵ لە بنیاتنانی ڕەگەزەکانی ڕۆماندا:

ڕۆمان، لە هەموو ژانرە ئەدەبیی و هونەرییەکانی تر زیاتر بەرهەمی خەیاڵە و خەیاڵکردە، چونکە لە بنەڕەتدا دەقی هەر ڕۆمانێک، کە دەنووسرێتەوە، لە پزدانی خەیاڵی ڕۆماننوسێکدا دەخوڵقێت و لە ڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیکی هونەریی تایبەت بە ناوەڕۆکی دەقی هەر ڕۆمانێک، دەنووسرێتەوە، لەبەرئەوەی ڕۆمان خۆی لە خۆیدا بریتییە لە دەقێکی خەیاڵکرد، بەختیار عەلیش لە هەموو ڕۆمانەکانیدا بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی بە خەیاڵ داوە بۆ بنیاتنانی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەقی ڕۆمانەکانی، هەندێک جاریش پەنایبردووە بۆ ڕەگەزی فەنتازیا و بابەتە سەیروسەمەرەکان، بێگومان ئەویش لە "پێناو دەربازبوون لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بە هەمانشێوە بۆ خستنەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنە و تێبینیی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە یەکەوە بەستراونەتەوە و ڕەخنەی توند لەهەردوو لایەنەکە گیراوە" (تاتانی، ٢٠١٥، ١٧)، ئەوەی مەبەستمانە لەسەری بوەستین, ئەو جیهانە و ڕەگەزە خەیاڵکردانەیە، کە ڕۆماننووس لە دەقی هەر سێ ڕۆمانەکەدا خوڵقاندوویەتی، وەک: (گێڕانەوە، کارەکتەر، ڕووداو، شوێنکات)، بەڵام ئەو ڕەگەزانەی، کە ئاساییین لە هەموو ڕۆمانێکدا هەن و لە واقیعدا بوونیان هەیە لە دەرەوەی کارەکەی ئێمەدان، بۆیە باسیاننا‌کەیّن و ناچنە چوارچێوەی توێژینەوەکەمانەوە، تەنها لەو بابەت و شوێنانەدا نەبێت، کە پێویستن و پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەبێت، یان بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بەکاریاندەهێنین.

### ٣-١- زاراوە و چەمک و پێناسەی گێڕانەوە:

گێڕانەوە، یەکێکە لە توخم و تەکنیکە بنەڕەتی هونەرییەکانی ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی و دەقە ئەدەبییە گێڕانەوەییەکان بەتایبەتی، گێڕانەوە لە (چیرۆک، ڕۆمان)دا ئیستاتیکا و تایبەتمەندیی خۆی هەیە ، لەزمانی کوردیدا زاراوەی گێڕانەوە بەرانبەر بە (Narration)ی ئینگلیزی و (السرد) لە زمانی عەرەبی بەکاردەهێنرێت، ئەم زاراوەیە ڕەگ و بنەمایەکی زۆر کۆنی هەیە و بە ئاسانی پەیدانەبووە، بەڵام وەک زاراوەیەکی زانستی، "زۆربەی ڕەخنەگران پەیدابوونی ئەم زاراوەیە بۆ ڕەخنەگر تزڤیتان

تۆدۆرۆف دەگەڕێننەوە، کە ساڵی١٩٦٩دا بۆ ناونانی زانستێک، کە گێڕانەوەناسی (Narratology) بوو پێشنیازکرا، زاراوەکە لە دووبەش پێکهاتووە بەشی یەکەم (Narroto)، کە لەزاراوەی (Narrative)یەوە بە واتای چیرۆک و گێڕانەوە دێت، بەشی دووەم (Logy) بەواتای زانست دێت، واتە دەبێت بە (زانستی گێڕانەوە)، ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە کتێبی دەستووری ڕێزمانی دیکامیرۆنای تزفیتان تۆدۆرۆفدا لە ساڵی ١٩٦٩ دا بەکارهاتووە هاوکات بەشێکی دیکەی ڕەخنەگران ئەم زانستە بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی ڤلادمیر پرۆپ بە ناوی مۆرفۆلۆجیای حیکایەت لەساڵی١٩٢٨دا دەگەڕێننەوە، هەرکامیان بێت گرنگ ئەوەیە ئەم زانستە لە بواری ڕەخنەو توێژینەوەی گێڕانەوەدا بووە بە زاستێکی سەربەخۆ. تۆدۆرۆف ئەم زاراوەیە بە واتای خوێندنەوەی چیرۆک بەکاردەهێنێت" (مەنتک، ٢٠٢١، ٧)، هەروەها "هەندێ زاراوەی تری هەن پەیوەستن بە لێکۆڵینەوەکانی بواری ڕۆمان و هەموو تێکستێکی ئەدەبی گێڕانەوەیی وەک: نۆڤلێت و چیرۆک و کورتەچیرۆک و شانۆنامە و داستان و چیرۆکی میللی و زۆری تریش، ئەو زاراوانەش ئەمانەن: (گێڕانەوە، السرد، Narrativ) و پرۆسەی گێڕانەوە، (العملیة السردیة، Narration ) و (گێڕەرەوە، السارد، Narrateur ) و (بۆگێرەرەوە، السرود لە، Nraataire )" (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٣٨٦)، ئەو زاراوانە جەمسەرەکانی پرۆسەی گێڕانەوەن، چونکە لە پرۆسەی گێڕانەوەییدا دەبێت گێڕەرەوەیەک هەبێت ڕووداوەکان بگێڕێتەوە لەشوێن و کاتێکی دیاریکراودا، کەسێکیش هەبێت گوێگر (بۆگێڕاو_ گوێگر) بێت، ئینجا پرۆسەکە کامڵ دەبێت بەبێ هەریەک لەو جەمسەرانە پرۆسەی گێڕانەوەکە کامل نابێت، هەرچەندە مێژووی گێڕانەوە لەگەڵ بوونی مرۆڤدایە، چونگە گێڕانەوە لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤدا هاتووەتەکایەوە، مرۆڤ لە سەرەتای پەیدابوونی لەسەر ئەم هەسارەیە بەپێی بۆ ماوەکان لە کاتی ڕاووشکاردا دوای گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان (ئەشکەوتەکان) هەوڵیانداوە ئەو ئاژەڵ و گیانەوەرانە چ ڕاویان کردوون، یان لێیان ترساون، وێنەیان لەسەر بەرد و دیواری ئەشکەوتەکان بکێشن، بێگومان ئەم جۆرەشیان، هەر شێوەیەکە لە شێوەکانی پرۆسەی گێڕانەوە، چونکە سروشتی مرۆڤ وەکو بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، حەز و ویستی گێڕانەوە و گوێگرتنی هەیە لە ڕووداوو وەسفی شت و گیانەوەر و شتەکانی تریش، ئەمەش خەسڵەتێکی

هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتییە بەگشتی، بەڵام شێوازە هونەرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی نووسین و ڕۆمان و چیرۆکی هونەری، " ئەرستۆ وای بۆ دەچێت، کە گێڕانەوەی خەیاڵی فەلسەفی و زانستیترە لە مێژوو، چونکە خەیاڵ پەیوەندی بە ڕاستییە گشتییەکانەوە هەیە و گێڕانەوەی خەیاڵیش بە بۆچوونی ئەرستۆ، واتە: ئەوەی ڕوودەدات، نەک ئەوەی ڕوویداوە دەگێڕێتەوە" (سليمان، ٢٠٠٥، ٥)، هەروەها چەندین لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە بۆ گێڕانەوە کراوە، بۆیە (ئالان ڕۆب گرییە)دەڵێت: "چیرۆکنووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دەزانێت چۆن چیرۆکەکە بگێڕێتەوە"(ڕەسوڵ، ٢٠٠٥، ٢٣ )، هەروەها گێڕانەوە "شێوەی، یان هونەری گەیاندنی چیرۆکە بەخوێنەر، ئەویش بە زمانێکی تۆمارکراوی چەند ڕووداوێک و چەند کەسایەتی، لە جێکاتێکی ئەوتۆدا، کە ئەو خوێنەرە ڕابکێشێ و سەرسامی بکات" (سەراج، ٢٠٠٧، ٧٦)، چونکە ڕۆماننووس "هەوڵی دروستکردنی واقیعێکی خەیاڵی دەدات بۆ گوزارشتکردن لە ژیانێکی خەیاڵی، یان لاساییکردنەوەی واقیع بکاتەوە، بەڵام بە دەستکاری و خستنەسەری ئەندێشەی ڕۆماننووسەوە" (ئیبراهیم، ٢٠١٦، ٨٠)، هەروەها گێڕانەوە بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهات و سەرگوزەشتە و ژیاننامە و مێژوو... هتد، هەربۆیە "گێڕانەوەی چیرۆک، نواندنی ڕووداوەکە دەگەیەنێ" (سەعید، ٢٠٠٥، ٣٤٥)، یان "گێڕانەوە، خستنەڕووی ڕووداوێک، یان چەند ڕووداوێکی دوور یا نزیکە، کە لە ڕێگەی گێڕەرەوەیەک، یان زیاترەوە ئاشکرا دەکرێت، ئەو ڕووداوە واقیعی بێت یان خەیاڵی"(لێژنەی ڕۆشنبیری، ٢٠١٣، ١٣٧)، بۆیە "گێڕانەوە پرۆسەیەکە گێڕەرەوە ئەنجامی دەدات و چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، چ واقیعی بێت، یان خەیاڵی بۆ بۆگێڕاوە(گوێگر)" (زيتوني، ٢٠٠٢، ١٠٥)، کەواتە "گێڕانەوە دەرخستن و خستنەڕووی ڕووداوێکە، شتێکی ڕاستەقینە، حەقیقەتێکە، شتێکی خەیاڵییە... لەڕێگەی زمان و ئاماژە و دەرکاندنەوە ئەنجام دەدرێت. بەڵام گێڕانەوەش، گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە نییە، کە لە ڕابردوودا ڕوویدابێت، بەڵکو گێڕانەوەی ڕووداوێکیشە، کە ڕەنگە ڕووبدات، واتە گێڕانەوەی پێشبینیی ڕووداوێک بێت" (حەمەد، ٢٠١٢، ٥٦)، پێشبینیکرنیش بۆ خۆی بەشێکە لە خەیاڵکردن و خەیاڵ فراوانی، کە لە ڕێگەی ئەزموونی کەسییەوە دێتەکایەوە.

چەمکی گێڕانەوە لەگەڵ گوتاری دەقدا، هەندێک تێکەڵاوی لەنێوانیاندا هەیە، چونکە ئەو دەستەواژانە لە گوزارشتکردن، یان ئاستی زمانەوانی لە ڕۆماندا هاوبەشن، بۆیە "تۆدۆرۆف سنووری لەنێوان چەمکی گێڕانەوە و گوتاری دەقدا دیارینەکردووە و پێیوایە کاری ئەدەبی لە دوو بەش پێکدێت: کە چیرۆک histore و السرد Narration، چونکە پێیوایە چیرۆک تایبەتە بە ڕووداو و جوڵاوەکان لە کاتدا، بەڵام گێڕانەوە، ڕێگەکانی پێکهێنانی چیرۆکە و شێوازی پێشکەشکردن و نمایشکردنێتی، کەواتە چەمکی گێڕانەوە لای تۆدۆرف کۆکردنەوەی چەمکی چیرۆک و گێڕانەوەیە" (کردي، ٢٠٠٦، ١٠٤)، هەربۆیە "پەیوەندیی گێڕانەوە بە خەیاڵەوە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و بەرهەمدارە، چونکە خەیاڵ بە یەکێک لە توخمە چالاک و کاریگەرەکانی پێکهاتەی پرۆسەی گێڕانەوەیی دادەنرێت، بۆیە جیرار جینێت لەکتێبی(Narrative Piscurse) دەڵێت: گێڕەرەوە ئەو کەسەیە، کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، یا هەوڵدەری چیرۆکەکەیە، چ ڕاستەقینە بێت، یان خەیاڵی، گێڕانەوە چ ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ هەردوو جۆرەکەیان زادەی خەیاڵی ڕۆماننووسن." (Gerard, ١٩٨٨, ٢٥) ، بۆیە عبدولفەتاح کیلتو بنەماکانی گێڕانەوە لەسێ مەرجدا دیاریدەکات "بەستنەوەی پێشوتر بە دواتر، جۆری چیرۆکەکە و ئاسۆی گریمانەکان و نەرێت" (کلیطو، ٢٠٠٩، ٣٦-٣٧)، کەواتە گێڕانەوە کردەی خەیاڵە، هەربۆیە ڕاستییەکانیش لەمیانەی سەرەڕۆییە ڕامنەکراوەکانی جیهانی خەیاڵەوە لە دەقدا دەردەکەون، چونکە لە گێڕانەوەی خەیاڵیدا، ڕۆماننووس خەیاڵ بەکاردەهێنێت بۆ پێکەوەنانی جیهانە خەیاڵکراوەکەی وەک کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بە مانای ڕاستەقینەی شتە نەبینراو و نەبیستراو و چەپێنراوەکانی ناو کۆمەڵ و ناخی تاکەکان و دەرخستنیان.

سەرەڕای ئەوەی (گێڕاوە_ المسرود) ناوەڕۆک و بڕبڕەی پشتی ڕۆمانە، دەکاتە (بابەت_ناوەڕۆک)ی ڕووداو بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەوە سێ جەمسەرەکەی تری گێڕانەوەیە، کە (گێڕەرەوە، بۆگێڕاوە، لێگێڕاو) کارەکتەرن و لە دەقی ڕۆمانەکاندا بوونیان هەیە، بۆیە لەم بەشەدا بە وردی باس لە ڕۆڵی خەیاڵ لە ڕەگەزەکانی (کارەکتەر، ڕووداو ، شوێنکات) لە رۆمانەکانی بەختیار عەلیدا دەکەین و نموونەش لە تەوەرەکاندا دەخەینەڕوو.

### ٣-٢-١- چەمک و پێناسەی کارەکتەر لە ڕۆماندا:

کارەکتەر، ڕەگەزێکی سەرەکی و کاریگەرە لە بنیاتی ڕۆماندا، چونکە خولقاندن و ئەفراندنی کارەکتەر کارێکی هەروا ئاسان و سانا و بێ پلان نییە، چونکە" کارەکتەر وەکو توخمێکی سەرەکیی دەقی ڕۆمان، لە پێکهاتەی بونیادی گێڕانەوەییدا بایەخێکی زۆری هەیە، ئەو ڕووداوەکان دەجووڵێنێ و بەرەوپێشەوەیان دەبات"(مەنتک، ٢٠١٨، ٧٩)، بۆیە لە پرۆسەی کارەکتەرسازیدا ڕۆماننووس هەوڵدەدات کارەکتەرێک بخولقێنێت، کە لەگەڵ ڕووداو و شوێنکات و سەردەم و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕووداوەکانی دەقەکەدا بگونجێت، تاوەکو ئەرکە پێسپێردراوەکانی ڕۆماننووس لەناو کۆمەڵگەی دەقە پێکهێنراوەکەدا جێبەجێبکات و گوزارشت لە خواستی خولقێنەری دەقی ڕۆمانەکە بکات، کە بە جوانترین شێوە ڕۆماننووس پلانی بۆ دارشتووە، بێگومان کارەکتەرسازیش هەموو ڕەهەندەکانی کەسێتیی کارەکتەر لەخۆدەگرێت وەک: (ڕەهەندی جەستەیی، ڕەهەندی دەروونی، ڕەهەندی ناولێنان، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ،......هتد)، بۆیە "کارەکتەر لە چەمکە گشتییەکەیدا یەکێکە لەو کەسە خەیاڵییانە، یان واقیعییانەی، کە ڕووداوەکانی چیرۆک، یان شانۆگەریی بە دەوریدا دەسوڕێتەوە "(وهبە، المهندس، ١٩٨٤، ٢٠٨)، هەروەها "کارەکتەر یەکێکە لە ڕەگەز و کۆڵەکە گرنگەکانی چیرۆک. بۆیە بابەتەکەی لە ئەزموونی ئاسایی ژیانەوە وەرگیرابێ یان لە خەیاڵ و میتاخەیاڵەوە هەڵێنجرابێت، نووسەر لەسەریێتی بە کاراکتەرین مرۆڤانی زیندوو، ئاوا و ئاوەدان بکاتەوە، ئەم کارەکتەرانە بە درێژایی چیرۆکەکە لەجم و جوڵ و هەڵسوکەوتی بەردەوامدا بن و کاتێک خوێنەر لە خوێندنەوەی کارە چیرۆکڤانییەکە دەبێتەوە، کاراکتەرەکان لە یادگە و زاکیرەیدا بە زیندووی بمێنێتەوە، واتە وەک کاراکتەری ناو ژیانی ئاسایی، چونکە چیرۆکیش بۆ خۆی ژیانە، ژیانێکی هونەری و تایبەتە" (عارف، ٢٠١٨، ١٧٦)، کەواتە کارەکتەر بوونەوەرێکی خەیاڵی، یان واقعییە، هۆکار و چۆنێتیی ڕوودانی ڕووداوەکان لە گێڕانەوەدا لە ئەستۆ دەگرێت "ڕۆلان بارت سیفەتی کەسایەتیی کاغەزی بە کارەکتەر لە چیرۆکدا بەخشیوە" (بارت، ١٩٩٣، ٧٢)، هەروەها فلێپ هاموون پێیوایە، کە" کارەکتەر سیستەمێکە لە هاوکێشەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو لە ئاسۆی دڵنیایی

خوێندنەوەی دەقدا." (النعيمي، ٢٠٠٩، ١٧٠)، کارەکتەر لە ڕۆماندا یەکەیەکی گێڕانەوەیە و گۆڕینی لە توانای ڕۆماننووسدایە بەپێی گۆڕانی ڕووداوەکان و کات و شوێنی ڕوودانیان و پێویستیی دەقی ڕۆمانەکە، بۆیە کارەکتەر لە ڕۆماندا هەمیشە دەکەوێتە ژێر ڕکێف و چوارچێوەی پێوەرە کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە، لەبەرئەوەی کارەکتەر تەنها لە ئەدەب سنووردار ناکرێت، بە بۆچوونی تۆدۆرۆف کارەکتەر لە ڕۆماندا "کەسایەتیەکە بوونێکی ڕاستەقینەی نییە، بەڵکو چەمکێکی خەیاڵییە لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەدایە، کە لە ڕۆمانەکەدا دەکرێت"(بحراوي، ١٩٩٠، ٢١٢)، کەواتە کارەکتەر لە ڕۆماندا کەسایەتییەکی ڕاستەقینە و واقیعی نییە، هەرچەندە هاوشێوەیشی لە واقیعدا هەبێت، چونکە کارەکتەر خەیاڵی ڕۆماننووس دروستیکردووە و خوڵقاندویەتی، دواتر بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بەکاریدەهێنێت، بەو مانایەی کە ئامرازێکی هونەرییە بە دەستی خوڵقێنەرەکەیەوە و بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی خودی ڕۆماننووس بەکاریدەهێنێت. ئاساییە ئەگەر کارەکتەر لە ڕۆماندا لەواقیعەوە وەرگیراو بێت، بەڵام جیاوازییان هەیە، چونکە جێگرەوەیەکی هونەرییە بۆ کەسایەتییەکی ڕاستەقینەو واقعی، بۆیە ڕەنگدانەوەی کارەکتەرە واقیعەکە دەردەکەوێت و هەندێکجاریش لە هەندێک ڕووەوە تێدەپەڕێنێت، هەروەها "خەیاڵ ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە پێکهێنان و تایبەتمەندیی کارەکتەرەکاندا، چونکە کارەکتەر لە ڕۆماندا خوڵقێنراوێکی واقیعی نییە، لەبەر ئەوەی کارەکتەر لە خەیاڵی ڕۆماننووسدا بۆ مەبەستێکی هونەریی دیاریکراو خوڵقێنراوە و داهێنراوە ".(شعبان، ٢٠٠٤، ١٢١)، کارەکتەر، یەکێکە لەڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان، کە ناتوانرێت ڕۆمان بێ ئەو ڕەگەزە بوونی هەبێت، چونکە کارەکتەر بزوێنەری ڕووداوەکانە و ڕووداوەکانیش دروستدەکات، "لە بەرئەوەی کارەکتەر بوونەوەرێکی خەیاڵییە و ڕستە دروستیدەکات، یان دەریدەبڕێت" (بوعزة، ٢٠١٠، ٤٠ )، بۆیە کارەکتەر "بەوێنەیەکی خەیاڵی دادەنرێت، کەلە شوێن و کاتی دیاریکراوەوە وەرگیراوە، و لە بۆتەقەی بیری نووسەردا تواوەتەوە، تێکەڵ بە بەهرەی نووسەر بووە، لەسەر کاغەزی سپی پێکەوەنراوە بۆ ئەوەی لە پێکهێنانی دەقی ڕۆماندا بەشداربێت" (احمد، ٢٠٠٥، ٣٥-٣٦) . بەو واتایەی کارەکتەر لە ڕۆماندا بونەوەرێکی خەیاڵیی سەر کاغەزە لە کات و شوێنی دیاریکراودا بوونی هەیە، کە ڕۆماننووس لە پێکهێنانی بونیادی دەقەکەدا دادەهێنێت،

کە بـــوونی لە واقیعـــدا نیـــیە، لەهەر ڕۆمانێکـــدا چەنـــدین جـــۆر کـــارەکتەر هەن وەک(کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی، کارەکتەری سادە و ئاڵۆز، کارەکتەری واقیعی و خەیاڵی ،........هتد)، هەریەکێک لەو جۆرانەش جۆری تریان هەیە، بەپێی پێویستیی ڕووداوەکـــان و جیهـــانی دەقەکـــە، ڕۆمـــاننووس کارەکتەرەکـــان دەخوڵقێنێـــت و ناویانلێدەنێت، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو جۆرانە لە واقیعدا بوونیان نییە، دەتوانین لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا دیارییانبکەین:

"بەپێی دابەشکردنەکەی (فرانز هلنس) بە شێوەیەکی گشتی، هەموو بوونەوەر و کەسـایەتیـیە فانتازییەکـان دەکـرێن بە دوو جـۆرەوە: جـۆری یەکەمیـان نووســەر لە دەرەوەی خۆی و تەنانەت لە دەرەوەی مرۆڤەوە وەریاندەگرێت و لە بەرهەمەکەیدا دەیانمەزرێنێـت و بە فانتـازیی دەرەکـی ناودەبرێـت، جـۆرەکەی تـریش لە داهێنـانی خـودی نووســەرن و لەدەرەوەی خـۆی وەرینەگرتـوون، بەڵکـو لە خـودی خـۆیەوە وەریگرتـوون و بە فانتازیـای نـاوەکی ناودەبرێـت". (تاتـانی، ٢٠١٥، ١٦)، "لـە بەرئـەوەی کەسێتیسازی لای بەختیار لەسەر لیاقەی زمان و جیهانبینی و ئەندێشـە و فەنتازیا و دواجاریش گێڕانەوە وەستاوە"(عوسمان، ٢٠٢١، ٦٦)، بۆیە لێرەشدا بە پێویستی نازانین بۆچوونەکانی تۆدورۆف بخەینەڕوو، چونکە لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا بە زۆری لەجۆری دووەمی دابەشکردنەکەی (فرانز هلنس)ە، کە محمد تاتـانیش ئاماژەیی بۆ کردووە، دەتوانین بڵێین کارەکتەرەکانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ) ی بەختیار عەلی لەو جۆرەن، کە لە داهێنان و خوڵقاندنی خودی ڕۆماننووسن، کە لە ڕۆمانەکەدا مەزراندوونی، بۆیە کارەکتەرە خەیاڵیەکانی" (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ) دەتوانین بۆ سێ جۆر کارەکتەری خەیالی پۆلێنبکەین، کە هـەمان پۆلێن بۆ کارەکتـەرەکانی ڕۆمـانی (هـەورەکانی دانیـال) دەتوانرێـت بکرێـت، بـەڵام هەنـدێک جیـاوازتر لەبـەر ئەوەی جۆری یەکەمی پۆلێنەکە (نیمچە خـەیاڵی) نییـە، بەڵام دوو پۆلێنی تر هـەن بـە نموونـەوە دەیانخەینەڕوو، هـەروەها ئـەو جۆرە کارەکتـەرە خـەیاڵکردەی (سـەرووی سروشت)، هەر لە بوونەوە خەیاڵکردبێت لە ڕۆمانی(داگیرکردنی تاریکی)دا نییە، جگە لە هەندێک باری نائاسایی دەروونییدا، کە بەسەر کارەکتەرەکاندا دێت، جۆرە کار و کردەوەیەک ئەنجامدەدەن بەدەر بێت لە توانای مرۆڤی ئاسایی و نەکردەنی بێت، کە دەکرێت لە جۆری دووەمی پۆلێنەکەدا دابنرێن، بەڵام لەگەڵ ئەو جۆرەشدا جیاوازییان

هەیە، چونکە لە ڕۆمانی (**داگیرکردنی تاریکی**)دا، لەبەرئەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی داگیرکاریی تورکە کەمالیستەکان لەسەر خاک و خەڵک و زەوی و زمان و کەلتوور،...هتد دەگێڕێتەوە، بۆیە ڕۆماننووس کارەکتەریی تێکەڵ لە واقیع و خەیاڵی خوڵقاندووە، بۆئەوەی گوزارشت لەو قۆناغە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئەو سەردەمەبکات و لەگەڵ جیهانی و ژینگەی (فەزا)ی ڕۆمانەکەدا بگونجێت، بۆیە کارەکتەرەکان سێ جۆرن: (کارەکتەری واقیعی و ڕاستەقینە، کارەکتەری واقیعی ناو دەقی ڕۆمانەکە، کارەکتەری تێکەڵ و گۆڕاو)، کارەکتەری واقیعی و ڕاستەقینە، ئەو جۆرە کارەکتەرەیە، کە لە واقیعی مێژوویی تورکیادا بوونی هەبووە و لە ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکاندا بەشدارە وەک: (موستەفا کەمال ئەتاتورک، عیسمەت ئینونو، جەلال بایار، نەجیب فەتحی غالب، عەدنان مەندەریس، یەڵماز گونای،....هتد)، ئەو کارەکتەرانە لای خەڵک  ناسراون و کەسایەتیی مێژوویی تورکە ڕەگەزپەرستەکانن، بۆیە لە دەقی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس دووبارە ئەفراندوونی و ڕۆڵی پێداون، کە زیاتر بۆ گوزاشتکردنە لە ڕیالیزمی جادوویی لە دەقەکە و وێناکردن و دووبارە پێکەوەنانی واقیعێکی جیاواز لەو واقیعەی، کە مێژوونووسان نەیانتوانیووە ئەو مێژووە وەکو خۆی بنووسنەوە، بەڵام (کارەکتەری واقیعی)، کە جۆری دووەمیانە، بەو مانایە نییە، کە کارەکتەرێک بێت بەهەموو ڕەهەندە جەستەیی و کەسێتییەکانییەوە لە واقیعدا بوونی هەبێت و لە ژیانی ڕۆژانەدا کاروکردەوەکانی مرۆڤی ئاسایی بکات، لێرەدا مەبەستمان لە کارەکتەری واقیعیی ناو دەقی ڕۆمانەکەیە، کە دەکرێت و دەشبێت لە واقیعی ژیانماندا هاوشێوە و نموونەی ئەو کارەکتەرە خوڵقێنراوەی ناو دەقی ڕۆمانەکان لە واقیعی ڕۆژانەماندا ببینرێت، بەڵام کارەکتەری ناو دەقەکان تەنها لە جیهانی ڕۆمانەکەدا ژیان و گوزەران دەکەن و بوونیان هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)، کارەکتەرێکی واقیعین و لە واقیعدا وێنەیان هەیە، هەرچەندە بەختیار عەلی زۆر بە کەمی وکورتی، یان هەر هیچ شتێک لەسەرەتادا دەربارەی ڕەهەندی جەستەی (دیوی دەرەوەی) کارەکتەرەکان ناخاتەڕوو، بەڵکو لە میانەی ڕێڕەوی ڕووداو و بەسەرهات و هەڵوێستەکانیانەوە زانیاری لەسەر دیوی ناوەوە کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو، بۆیە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی بێپێشینەی وەسفکردنی کارەکتەرەکان،

یەکسەر ناوێک دێتەناو ڕووداوەکانەوە و خوێنەر تووشی دوودڵی دەکات، بەڵام جۆرە شەیدابوونێکیش لای خوێنەر دروستدەکات بۆ خوێندنەوەی زیاتری دەقەکە بۆ ئەوەی لەمیانەی هەڵوێست و بەسەرهات و ڕووداوەکانەوە ئاشنای ئەو کارەکتەرەی ناو دەقەکە بێت، بۆ نموونە: "ژنەکەی ئۆیزار هانم لە تەنیشتییەوە خەوتبوو، هەموو شتێک پێدەچوو ئاسایی بێت" (عەلی، ٢٠٢٠، ٥)، لەم دەقەدا، کە گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ ناوی (**ئۆیزار**) دەهێنێتە ناو ڕووداوەکە و بێ ئەوەی پێشتر هیچی لەسەر کەسێتی خستبێتەڕوو، بەڵام دواتر لەمیانەی ڕێڕەوی ڕووداوەکانەوە بۆ خوێنەر ڕووندەبێتەوە، کە "ئۆیزار ژنێکی بەتەکبیر بوو یەکەم شت بیکات ئەوەیە ئەو جلە تەنکانەی شەو بگۆڕێت و جلە ئاساییەکانی بپۆشێت و چایەک لێبنێت و هەوڵبدات وابکات عیسمەت بەرچایی بخوات تێربێت و پشوویەک بدات، دوور نییە دوای ئەوە ئاسایی ببێتەوە. بەئارامی دەستی خستە سەر نێوچاوانی، پەنجەی خستەسەر دەماری دەستی و سەیری چاوی کرد. عیسمەت تای نەبوو" (عەلی، ٢٠٢٠، ٧)، یان بە شێوەیەکی زۆر کورت کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو بۆ نموونە لە وەسفکردنی (جەوهەر سیزار)دا دەڵێت: "جەوهەریش چیتر ئەو گەنجە نەمابوو، لە هەموو شۆڕشەکانی کورددا تفەنگی لە شانکردبوو، کەمەکەمە تەمەن گورزی خۆی لێدەوەشاند و ئەو شان و بازووەی نەدەما بۆ کارێکی وا پێویست بوون" (عەلی، ٢٠٢٠، ٣٦١)، لەم دەقەدا ناڕاستەوخۆ هەندێک زانیاری دەربارەی ڕابردووی جەوهەر سیزار دەخاتەڕوو و دواتریش پێماندەڵێت ئێستا گەنجەکەی جاران نییە و پیر بووە، بەڵام هیچ شتێک دەربارەی سەر و سیما و وێنای، واتا ڕوخسارییەوە ناخاتەڕوو، کەواتە خوێنەر لە میانەی هەڵوێست و بەسەرهاتەکانەوە جەوهەر سیزار دەناسێت، ئەگەر جەوهەر سیزار لە واقیعی ژیانیشدا تووشی خوێنەر بێت ناتوانێت بیناسێتەوە، هاوهەڵوێستەکانی جەوهەر سیزار دەتوانین لە واقیعدا ببینرێن، بەڵام لە وەسفی (ئارسین تاریق ئاکانسو)دا، گێڕەرەوە دەڵێت: "ئارسین ئاکانسو ئێستا گەنجێکی باڵابەرزی باریک و چاوکاڵ، بەشەرمێکی منداڵانەوە لە دەموچاویدا، باوەڕی نەدەکرد ئەم گەنجە باریکە جوانە، کە گەنجێتی و وریایی دەدرەوشێتەوە، هەمان ئەو کوڕە بێت چەند ڕۆژ لەوەوبەر وێنەی لەگەڵ ورچێکدا بڵاوبووەوە. دیاربوو گەنجەکە بە قیافەت و باڵای تاریق ئاکانسوی باوکیشی تێپەڕاندووە، لە ویقار و شێوەی دانیشتن و ئەتەکێتی

قسەکردنیشدا بە کەسێک دەچوو هەموو ژیانی لەناو خەڵکانی نەجیبزادە و خانەداندا بردبێتەسەر. شێوە و خۆگۆڕین و ڕەفتاری پتر لە کاراکتەری ناو فیلمێک دەچوو، نەوەک لە گەنجێکی هەڵهاتوو لە پێدەشت و چیاکانی خورهەڵاتی ئەنادۆڵەوە" (عەلی، ٢٠٢٠، ٣٦٥ )، ئەم وێناکردنەی ئارسین دوای بەسەرهات و ڕووداوەکانەو کەواتە خوێنەر پێش ئەوەی ئەو وەسفەی ئارسین ببینێت، لەپێشتردا هەندێک زانیاری هەبووە، چونکە (وەسفەکە پاشکەوتوو)ە، ئەمەش تەکنیکێکی دیکەی بەختیار عەلییە لە پێکەوەنانی کارەکتەرەکاندا.

### ٣-٢-١-١- کارەکتەری تێکەڵاو (نیمچە خەیاڵی) لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا:

ئەمجۆرە کارەکتەرە لە دەقی ڕۆمانی **(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)**دا بەدیدەکرێت، ئەمجۆرە کارەکتەرە تێکەڵەیەکن لە کارەکتەری واقیعی (ئاسایی) و کارەکتەری نائاسایی (خەیاڵی)، چونکە ئەمجۆرە بەتەواوەتی خەیاڵی نین، بەو واتایەی تایبەتمەندییەک لە یەکێک لە ئەندامانی جەستەی، یان هەستەکانیدا هەیە، لە دەرەوەی توانای مرۆڤی ڕاستەقینە و واقیعدایە، کە ڕەهەندێکی فانتازیی خەیاڵکردە، سەرووی سروشتە، ڕۆماننووس ئەو توانا جەستەییە خەیاڵییەی بە کارەکتەرەکان بەخشیووە، بە مەبەستی گرێدان و چنین و گونجاندن (هارمۆنیەتی) لە نێوان ڕووداوە خەیاڵی و سەروو سروشتەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکە وتوانای کارەکتەرە خەیاڵییەکان، نموونەی ئەمانە:

**دەرسیم تاهیر:** ڕۆماننووس ڕەهەندێکی خەیاڵی لە پێکهاتەی جەستەیی و هەستی بۆنکردندا لەم کارەکتەرەدا خوڵقاندووە، کە بەمشێوەیە لە زاری یەکێک لە گێڕەرەوەکانی ڕۆمانەکەوە "ماجیدی گوڵ سۆلاف_ ماجیدی خەیاڵی" یەوە بەمشێوەیە وەسفی دەرسیم تاهیر دەکات: "گەنجێکی چکۆلەی قەلەو بوو،... لوتێکی هێند زلی هەبوو سەری قورسکردبوو، ئیدی نەیدەتوانی مل هەڵبڕێت و ڕووبەڕوو سەیر بکات، پێشتر لووتێکی وەها زلم نەبینی بوو". ( عەلی، ٢٠١٤، ٢٢)، دەرسیم بەهۆی ئەو لووتە زلەیەوە توانایەکی سەیروسەمەرە و ڕادەبەری بۆنکردنی هەیە، "دوای سەعاتێک

ڕۆیشتن دەرسیم تاهیر وەک سەگێکی ڕەسەن دەستیکرد بەبۆنکردنی زەوی" ( عەلی، ٢٠١٤، ٢٢)، چونکە دەرسیم تاهیر هەستی بۆنکرد دەتوانێت لە ژێر خاک دا بۆنی لاشەی شاراوە بکات و بیدۆزێتەوە و لاشەکەش بناسێتەوە "ئەو مێردمناڵە لووتنەی دەتوانی لە بازنەیەکی گەورەدا هەر لاشەیەک لەژێر زەویدا بێت ببینێت و دەربهێنێت"(عەلی، ٢٠١٤، ١٠٢)، بەهۆی هەستی بۆنکردنی دەرسیم تاهیرەوە لاشەی موراد جەمیل، کە بە نەوجەوانی چینی ناسراو و کەسایەتیی دووەمی (کەرتێکی) غەزەلنووسە و لێی جیابووەتەوە، کە بارۆنەکان دەیکوژن و دەیکەن بە ژێر گڵەوە، دەیدۆزنەوە، ڕەهەندی بۆنکردن لە کارەکتەری دەرسیم تاهیردا، ڕەهەندێکی فانتازیی خەیاڵکردە و سەرووی تواناکانی مرۆڤی واقیعی و ئاساییە لە ڕۆمانەکەدا.

**شەهرەیار بایر (شەهرەیاری شوشە)**: ئەم کارەکتەرە ،یەکێکە لەو کارەکتەرە منداڵانەی، کەلەم ڕۆمانەدا، ڕۆماننووس ڕەهەندێکی فانتازی خەیاڵکردی لە جەستەیدا مەزراندووە، کە هەستی بینینی لە مرۆڤی ئاسایی و واقیعدا نەکردە، کە ئەویش توانای بینینی ئەو دیوی دیوارەکانە و دەتوانێت ئەوەی لەو دیوی دیوارەکانەوەیە، ببینێت، گێڕەرەوە لە وەسفی کەسێتیی شەهرەیاری شوشەدا دەڵێت: "منداڵێک بوو ناوی شەهرەیاری شووشە بوو، دەیتوانی ئەو دیوو دیوارەکان ببینێت" (عەلی، ٢٠١٤، ١٠٢)، دوای ئەوەی کچی مەمەدە ئاغای سپیڕەز لەگەڵ کوڕی یەکێک لە سیاسییە ناودارەکاندا هەڵدێت، هەموو ئاغاکانی سپیڕەز دوای گەڕانێکی سێ شەو و ڕۆژ دەچنە ماڵی عەتار بۆئەوەی هاوکاریان بێت لە دۆزینەوەی کچەکەیاندا، بۆیە عەتاریش "ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو جاریکی دی چەکە قورسەکەی خۆی بەکاربهێنێت، ئەو چەکەی کەس نییەتی، ئەو نەبێت، شەهرەیار بایر ئەو کوڕەی دوو چاویی شوشەیی سافی هەیە دەتوانێت ئەو دیو دیوارەکان ببینێت، هەر لە منداڵییەوە لەبری شەهرەیار، پێ دەگووت شوشە" (عەلی، ٢٠١٤، ٣٩٩)، کە عەتاری چاوچنۆک دەبێت لەگەڵ شەهرەیاری شوشەدا بە دوای کچە هەڵهاتووەکەی مەمەد ئاغادا بگەڕێن و بیدۆزنەوە و لە هەوڵەکەشیان بەردەوامبوون، لە ئەنجامدا لە پشت دیوارەکانی خانووەکەی تریفە یابەحریدا، شەهرەیاری شوشە دەبینێت و دەیدۆزنەوە. لێرەشدا هەستی بینینی ئەودیو دیوارەکان، کە توانای شەهرەیاری شوشەیە، ڕەهەندێکی

فانتـازیی خەیـاڵکردە و توانـایەکی ڕادەبەدەر و سـەیرە لە توانـای مرۆڤـی ئاسـایی و واقیعدا نییە، کە ڕۆماننووس بەجەستەو هەستی بینینی کارەکتەری شەهرەیاری داوە.

### ٣-٢-١-٢- کارەکتەری گۆڕاو (ئاڵۆز):

ئەمجۆرە کارەکتەرە لە ڕۆمانی (**غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ**)دا نموونەیان هەیە، بەڵام مەبەسـتمان لە کـارەکتەری گـۆڕاو، ئەوجـۆرە گـۆڕانە نیـیە، کە لە بەدگـۆڕانی کافکـادا ڕوودەدات، مـرۆڤ دەگۆڕێـت و دەبێـت بە سیسـرکە، یـان دەگۆڕێـت بـۆ گیاندارێکی نائاسایی، یان دەبێت بە مەیموون، یان بە ئاژەڵ، دیارە مەبەستمان لەو گـۆڕانەیە، کە بە هۆکـاری ڕوودانـی ڕووداوێـک، یـان بە تێپەڕبـوونی کـات لەڕووی دەروونی و نـاوەوە کارەکتەرەکان بەسـەریاندا دێت، ئەو گۆڕانە نـاوەکییە، کـارەکتەر بەرەو جیهـانێکی تـر، واتـا جیهـانێکی سـەرووی تواناکـانی مـرۆڤە ئاسـایی و واقیعییەکـانەوە دەبـات وەک ئەو گـۆڕانە نـاوەکییە بەسـەر (**حەسـەن تۆفـان**) دا هـات، حەسـەن تۆفـان وەکو هەر کەسـێکی ئاسـایی، سـەرقاڵی ژیـانی ئاسـایی خـۆیەتی و لە شانەی چەکداری ئیغتیالاتی حزبیدا کاریـان تەنهـا کوشـتنی ئەو کەسـانەیە، کە حیـزب بۆیـان دەستنیشـان دەکـات و ئەوانـیش دەیـانکوژن، بەڵام ئەوەی (حەسـەن تۆفـان)ی گـۆڕی ئەوەیە دوای ئەوەی حیـزب لیسـتێکی دوور و درێـژی نـاوی ئافرەتیـان بـۆ ناردوون، کە دەبێت ئەو ئافرەتانە بکوژرێن و ئێوارەیەک ئافرەتێکی شۆخ بۆ حەسـەن تۆفان دەستنیشاندەکەن تا بیکوژێت، دوای ئەوەی حەسەن تۆفان فیشەکێک دەنێت بە ئـافرەتەکەوە و دەکەوێـتە سـەر زەوی لە زاری حەسـەن تۆفـانەوە دەڵێـت: "مـن کەمە کەمە دەچـوومە سـەر تەرمـی ژنەکە، کە لە خوێنـاوی خۆیـدا گیـانی دەدا. ئەو چـاوە سـەوزە گەورانەیـم بینـی، کە بێمانـا بـێ پرسـیار سـەیریان دەکـردم. بە خـوێنەکەوە گەرامەوە و لەبەر دەرگـاکەدا مەغـۆلیم بینـی پەلـم ڕادەکێشـێت و دەقیژێنێـت. ئەوە دواهەمین ڕۆژی ئیشکردنی من بوو لەگەڵ حیزبدا. هەر ئەو ئێوارەیە وازم لە هەمـوو شــتێک هێنــا و لە هەمــوو گەمەیەک دەرچــووم.". (عــەلی، ٢٠١٤، ٣٦)، هەربۆیــە دوای کوشتنی ئەو ژنە، حەسەن تۆفان گۆڕاو بوو بـە کەسـێکی تر، وازدەهێنێت لە شـانەی ئیغتیـالاتی حیـزب، چـونکە سـەیرکردنی ئافرەت و بینینی بە خـوێنەوە هەسـتی تـاوانی لای حەسـەن تۆفـان دروسـتدەکات و کاریگـەری زۆری لەسـەر دروسـتدەکات، بـۆیە

سەیرکردنی ئەو ژنە بە خوێنەوە، هەموو ژیانی حەسەن تۆفانی گۆڕی بە شێوەیەک کاریگەری لەسەر هەست و دەروونی دروستدەکات، کە بۆ ماوەی شەش ساڵ لە ماڵەوە دەرگا لەخۆی دادەخات و خۆی گۆشەگیردەکات، دەڵێت: "ئەو هەستەی کە ئاسوودەیی هێدی هێدی لە بێمێشکی و گەمژەیم زیاددەکات، غەمگین و دڵتەنگی دەکردم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەنەبووم بگەڕێمەوە بۆ ژیانی جاران، کە نزیکی شەش ساڵی ڕێک دەرگای خۆمم بە کێلونێکی ئاسنینی گەورە کلۆمدا و نەمهێشت شتێکی ئەوتۆ دەربارەی من دزەبکاتە دەرەوە". (عەلی، ٢٠١٤، ٨٤)، بۆیە حەسەن تۆفان لە زاری خۆیەوە دەیگێڕێتەوە لە کاتی گۆشەگیرییەکەیدا هاوکاریی دایکی دەکات لە گوڵاو دروستکردندا، هەر لەمیانەی کارەکەی دایکیەوە ئاشنای ئەو پیرەژنە خەیاڵییانە دەبێت، کە هاوڕێی دایکین لە باغە خەیاڵییەکان گوڵ بۆ دایکی دەهێنن بۆ دروستکردنی گوڵاو، بۆیە دەڵێت "کاتێکی زۆرم لەگەڵ ئەو پیرەژنانەدا دەبردەسەر، کە دەهاتن بۆ لای دایکم و لە زەمین و باغێکی خەیاڵییەوە گوڵیان بۆ دەهێناین تا گوڵاویان لێبگرین. من سودێکی زۆرم لە حیکمەتی ئەوان بینی، هەرکات تووشی خەمۆکی دەبووم، گژوگیای ئەوتۆیان بۆ پەیدادەکردم و ئاوێتەی ئەوتۆیان بۆ دەگرتمەوە، دەمودەست دەیکردمەوە بە مرۆڤێکی خۆشحال و ڕووبەخەندە. بۆنی ئەو گوڵانە منیان بە جۆرێکی سەیر بە ماڵی خۆمانەوە گرێدا، کە بەپێچەوانەی بۆنی پیسی دونیای دەرەوە، هێند سحراوی بوو، وەها لە دڵمەوە ئاڵا. نەیهێشت بجوڵێم وەک زنجیر پێبەستیکردم، ئەو بۆنە خۆشانە، ئەو گوڵە سیحراویانە منیان کرد بە بونەوەرێکی تری جیاواز لە دونیای پیاوکوشتن و بۆنی خوێن، دەرئەنجام بە تەواوی لەو حەسەن تۆفانە پیاوکوژەی ناوەوەی خۆی دادەبڕێت و دەگۆڕێت بۆ حەسەن پیزوی گوڵاو، کە (پیزوی گوڵاو) ناو و نازناوی دایکێتی و دەبێتە یەکێک لە کارەکتەرە خەیاڵییەکانی "بێئاگای خۆم بووم بە یەکێک لە ڕۆحلەبەرە خەیاڵییەکان" (عەلی، ٢٠١٤، ٢٠٧)، حەسەن پیزۆ دوای ئەوەی دەبێت بە کەسایەتی و بوونەوەرێکی سەرووی واقیع، دەچێتە ئەو باغە خەیاڵیانەی، کە تەنها ڕۆحلەبەرە خەیاڵییەکان دەتوانن بچنە ئەو باغانەوە، لە باغە خەیالییەکاندا "یەکەمجار غەزەلنوسم لە بەهاری ساڵی ١٩٩٨دا ناسی، ئەوکات ئەو لە مێژبوو بەهەزار باغدا دەسوڕایەوە. غەزەلنوس زۆر بە ئاسانی دەرگای ماڵی خۆی بۆ خەڵکی غەریب دەکردەوە، لە دوای ڕاپەڕینەوە

ماڵەکەی ناونابوو بنکەی منداڵانی بێسەرپەرشت"( عەلی، ٢٠١٤، ٢٥١). دوای ئەوەی حەسەن پیزو دەچێتە هەزار باغ (باغە خەیاڵییەکان) و غەزەلنووس دەناسێت، ئیتر هەوڵی کپکردن و لابردنی شەرانگێزی و پیاوکوژەکەی ناخی خۆی دەدات و سەرکوت وخەفەدەکات، بۆیە(حەسەن تۆفان_ حەسەن پیزۆ) لەڕووی ڕەهەندی دەروونی و ناوەکییەوە دوو کارەکتەری جیاوازن، حەسەن تۆفان کەسایەتییەک لە شانەی ئیغتیالاتی حیزب کاردەکات و پیاوکوژە، ئەوی تریشیان، حەسەن پیزۆی گوڵاوە کارەکتەرێکی هەست ناسک، سەروکاری لەگەڵ پیزۆی دایکیدا خەریکی گوڵاو دروسکردنە، بەڵام حەسەن پیزۆی گوڵاو دوای ئەوەی غەزەلنووسی هاوڕێی لەلایەن بارۆنەکانەوە دەکوژرێت و دەخرێتە ژێر گڵەوە، لەگەڵ ماجەلانی ڕاستەقینەو دەرسیم تاهیردا بە دوای لاشەکەیدا دەگەڕێن، لەدوای دە ڕۆژ و دەشەو گەڕان لاشەی غەزەلنووس دەدۆزنەوە، حەسەن تۆفان کاتێک شێوازی کوشتنەکەی دەبینێت، دەزانێت کە جەعفەر مەغۆلی هاوڕێی کۆنی خۆیەتی ئەو کارەی کردووە بۆیە هەر لە سەر لاشەی غەزەلنووس سوێندی تۆڵەکردنەوە دەخوات، دەڵێت: "لەژێر مانگە شەوی پاییزدا سەری غەزەلنوسم خستە سەر ڕانم و سەیری ئاسمانم کرد و سوێنم خوارد کە تۆڵەی دەکەمەوە" ( عەلی، ٢٠١٤، ٤٧٣)، بۆیە بە هۆی کوشتنی غەزەلنوسەوە لە لایەن مەغۆلییەوە، پیاوکوژەکەی ناخی حەسەن پیزۆ سەرهەڵدەداتەوە کە (حەسەن تۆفان)ە، دەبێتەوە بە پیاوکوژەکەی جاران و بڕیار دەدات کلیلی باغە خەیاڵییەکان، کە لە دایکییەوە بۆی مابوویەوە بدات بە شبری هاوڕێی، پێیدەڵێت بیداتەوە بە دەستی پیرەژنە ڕەشپۆشەکان "ئەمانە کلیلی کۆمەڵێک باغی خەیاڵین، شەوێک لە شەوان کۆمەڵێک پیرەژنی ڕەشپۆش دێنە بەر ماڵت و پێتدەڵێن شبری قژ زەرد، غەمگینترین کۆنە جەنگاوەری دونیا، گوڵەکان وەختە سیسدەبن و کاتی ئاودانیان هاتووە, ئەوکات تۆ دەبێت بچیت و دەرگاکانیان بۆ بکەیتەوە " (عەلی، ٢٠١٤، ٤٧٤)، بۆیە لەمیانەی ئەو هەڵوێستەی حەسەن تۆفانەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە چیتر ئەو لە ناخی خۆیەوە باغەوانی باغە خەیاڵییەکان نییە، ئەمەش گۆڕانێکی ترە لە کەسێتیی حەسەن تۆفان، چونکە شەوێک کاتژمێر نۆ دەچێت بۆ ماڵی جەعفەر مەغۆلی بە مەبەستی کوشتنی لە تۆڵەی غەزەلنووس، بەڵام هەردوو جیهانەکەی ناوەوەی سەرهەڵدەدەن (کەسێتیی حەسەن تۆفانی پیاو کوژ و حەسەن پیزۆی گوڵاو)، دوو جیهانی دژ بە

یەکن "ویستم بەر لەوەی دەمانچەکەم دەربهێنم و لە دوورەوە بە دەستووری جاران گوللەکانم لە تۆڵەی (نەوجەوانی چینی _ غەزەلنووس)، هەموو ئەوانی دیکەدا بنێم بە سینگیەوە ،... وەختبوو وەلامیبدەمەوە، بکەومە قسە و گۆڕینەوەی مانا لەگەڵیدا، بەڵام دەستێکی قووڵ لە ناوەوە گەرووی گرتم و نەیهێشت. لەو دوو جیهانەی، کە بۆ هەتا هەتایە لێکدابڕابوون، نەدەبوو بەریەکبکەونەوە. مەغۆلی تارماییەکی ترسناکی خۆم بوو، ئەو نیوەیەی من بوو، کە باغەکان کوشتبوویان، ئەو نیوە سامناکە بوو کە هۆشیاری و ویژدان و غەزەل بۆ هەتا هەتایە خەواندبوویان. نیوەیەک بوو لەدەرەوەی من و دوور لەمن و دوژمن بە من. دەبوو تا هەتاهەتایە هەروا دوور و نادیار بێدەنگ بمێنێتەوە"( عەلی، ٢٠١٤، ٤٧٥)، ئەم دەنگەی ناخی حەسەن تۆفان دەبێتە هۆی ئەوەی دەستی نەچێتە کوشتنی مەغۆلی، کە لایەکەی تری ناوەوەی خۆیەتی بیکوژێت، هەروەها لایەنە مرۆڤدۆستییکەی حەسەن پیزۆی گولاویشی لەهەمان کاتدا لە ناخیدا سەرهەڵدەدات، چونکە پێیوایە هەموو ئەوەی جەعفەر مەغۆلی لە ژیاندا بەدەستیهێناوە لە کۆشک و کورسی و مێز و چلچرای گرانبەها یەک خونچەی باغە خەیاڵییەکانی حەسەن پیزۆی گولاو ناهێنن.

لەو گۆڕانانەی حەسەن تۆفاندا، دوو کەسایەتی جیاواز دێتەکایەوە، کە یەکێکیان حەسەن تۆفانی پیاوکوژە، کەسایەتییەکی واقیعییە و لە شانەی ئیغتیلاتی حیزب کاردەکات، ئەوی تریشیان حەسەن پیزۆی گولاوە، کە باغەوانی کۆمەڵێک باغی خەیاڵییە و بوونیان لە واقیعدا نییە، بەڵام کارەکتەری حەسەن پیزۆی گولاو لە ڕێگەی جیابوونەوە، یان کەرتبوونەوە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی گۆڕانی ناوەوەی حەسەن تۆفانەوە ڕوودەدات و دەبێتە حەسەن پیزۆی گولاو، کە تێکەڵ بە جیهانی ڕوحلەبەرە خەیاڵییەکانی ناو باغە خەیاڵییەکان دەبێت، لە بووندا نییە و خەیاڵییە.

لە ڕۆمانی (**هەورەکانی دانیال**)دا، کارەکتەری ئاڵۆز و گۆڕاو ( **میر ئەودال**)ە، هەرچەندە لە ڕووی بوونەوە کارەکتەرێکی واقیعییە و بوونی هەیە، خەونەکانی هەندێکجار وایلێدەکەن ببێتە کارەکتەرێکی ناواقیعی، هەرچەندە لە ڕووی جەستەییەوە کامڵ و تەواوە، لە زاری خۆیەوە بە دکتۆر سیامەند دەڵێت: "پێدەچێت ئەم خەونە باوە حیزە لە خوێنمدا بێت"(عەلی، ٢٠١٧، ٧)، چونکە "میرئەودال چەندین هەفتەیە خەون بە

مردنـەوە دەبینێت. ئێسـتا ئارەزوویـەکی تاریـک لـە ناخیـدا پەیـدابووە، دەیـەوێت ئـەو قەسابەی ناو خەونەکانی خۆی بدۆزێتەوە و بیکوژێت، یان هەرکەسێکی دی داپاچێت، کە لەو بچێت. ئەو ئارەزوویەکی کوێر و تاریک بێهۆ بوو، کە لە ناخەوە میر ئـەودالّی ئازاردەدا"(عـەلی، ٢٠١٧، ٧٠)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە خەونـەکانی ئارەزوویـەکیان لە ناخی میرئەودالّدا دروستکردووە، کـە پیـاوی نـاو خەونـەکانی بدۆزێتـەوە بیکوژێت، بێگومان ئەمەش نەکردەنییە، پیاو بێت، یان هـەر گیانەوەرێکی تر بێت لە خەونـدا بینـرا بێت، لە واقیعی ڕاستەقینەی ژیاندا بـوونی نییـە، لـەم خەونـەوە میـر دەچێتـە قۆنـاغێکی ترەوە، کە وەک کەسێکی ئاسایی و واقیعی نییـە و دەبێتـە کارەکتـەرێک، کـە نمایندەی نـاخ و دەروون و ترسـەکەی بکـات، هەرچەنـدە میـر ئـەودالّ لـە ڕووی هەبوونـەوە، بـوونێکی واقیعیـی نـاو دەقـی ڕۆمانەکەیـە، بـەڵام بـەهۆی خەونەکانییـەوە هەنـدێکجار دەبێتە کارەکتەرێکی سەرووی سروشـت و دەگۆڕێت، واتـە دەچێتـە خانـەی کەسـێکی نائاسایی و ئاڵۆز و گۆڕاوەوە، کە زیاتر لە توانای مرۆڤی ئاسایی هەبێت، چونکە لای میـر خـودی خەونـەکانی خـۆی دەبنـە واقیعـی و بـە دوای کەسـی نـاو خەونەکەیـدا دەگەڕێت، بێگومان ئەمجۆرە سیفەتەش لـە مرۆڤـی ئاسـاییدا نییـە، چونکـە کەسـی نـاو خەونـەکان، خـەونن و نابنـە واقیـع و بوونیـان نییـە، لەبـەر ئـەوەی لـە بنەڕەتـدا ئـەو ترسـەی نـاخی میرئـەودالّ پیاوکوژەکـەی نـاو خەونـەکانی دروسـتکردووە، کەواتـە میرئـەودالّ دوای بینینـی خەونـە ترسـناکەکـان، دەبێتـە کارەکتـەرێکی گـۆڕاو، هەڵسوکەوتەکانی دەگۆڕێت و زیاتر لایەنە بانمرۆییە خەیاڵییەکەی زاڵدەبێت.

لە ڕۆمانی (**داگیرکردنی تـاریکی**)دا، هـەردوو کارەکتـەری سـەرەکی لـە ڕۆمانەکـەدا گۆڕاوو ئاڵۆزن، ئەوانەش (**عیسمەت ئۆکتـای، تـاریق ئاکانسـو**)ن، هـەردوو کارەکتـەر بەهۆی ئەو ترسەی لـە ناخیانـدا هەیـە، گـۆڕان لـە دەروونیانـدا ڕوودەدات و هـەر ئـەو گۆڕان و ترسەش لە دەقی ڕۆمانەکەدا لە ڕووی جەستەیی (بایۆلۆژی)یەوە دەگـۆڕێن و دەبنە کارەکتەرێکی گۆراو و ئاڵۆز، هەندێکجاریش سـەرووی سروشـت بـۆ نموونـە: **عیسـمەت ئۆکتـای**: یەکێکـە لـەو کارەکتـەرە گۆڕاوانـەی، کـە بـەیانیانێک لـە خـەو هەڵدەستێت و زمانی ئاخاوتنی لەدەستداوە و بەمشێوەیە "ویستی بانگ لە ئۆیزار ژنی بکـات و پێیبڵێت هەڵسێت بـەرچایی ئامادەبکـات، بـەڵام وەک وشـەکانی بـۆ نەیـەت و

شتێک بەر گەرووی بگرێت، هیچی نەگووت. بە ئەسپایی چووەدەرێ و ویستی بیربکاتەوە. بۆ وا زوو هەستاوە. نەیتوانی بیربکاتەوە. بۆئەوەی بیربکاتەوە پێویستی بە وشە هەبوو، بەڵام چەند ناوچاوانی خوراند و دەستی بە ڕیشیدا هێنا، وشەیەکی بە یاددا نەهاتەوە بیری پێبکاتەوە. هەتا ویستی بڵێت (وای دۆزینەوەی وشە چەند سەختە)"(عەلی،٢٠٢٠، ٥)، پێدەچێت مرۆڤ یەکێک لە هەستەکانی لەدەستبدات، یان لە ئاخاوتن بکەوێت بە هۆکارێکی بایۆلۆژی، بەڵام ئاسایی نییە، زمانی ئاخاوتنی خۆی لەدەستبدات و بە زمانێکی تر قسەبکات، وەک ئەو گۆڕانەی بەسەر عیسمەت ئۆکتایدا هات، "سەیر و سەمەرەبوو کوڕەکەیان لە دۆخێکی ئاساییدا، لە ژوورێکی تایبەتدا بە هێمنی لەبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو. هەموویانی ناسییەوە، بەڵام بە زمانێک قسەی لەگەڵدا کردن هیچی لێ حاڵی نەدەبوون" (عەلی،٢٠٢٠، ١١)، ئەمەیان بابەتی سەیرو سەمەرەکەیە، کە عیسمەت بە زمانێکی تر، کە زمانی دوژمن، قسەبکات، چونکە ئەوان لە ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان ساڵانێکە هەوڵی لەناوبردنی ئەو زمانەدان، کە ناویانلێناوە (زمانی قەلەباچکە) و قەدەغەیانکردووە لە سەرتاسەری وڵاتدا، بۆیە لەم خۆدواندنەیدا دەردەکەوێت، کە عیسمەت تا چەند ڕق و کینەی بەرامبەر بە زمانی کوردی لە دڵیدا هەبوو، دەڵێت: "بۆ دەبێت گەر زمانێکی ترم هەبێت، وەک نەخۆش سەیرمبکەن؟...( بەڵێ عیسمەت ئەفەندی تۆ چیتر تورکێکی باش نیت و دابەزیویت بۆ پلەی ئاژەڵان)" (عەلی،٢٠٢٠، ١٩)، ئەم خۆدواندنەی عیسمەت دوای ئەوە دێت، کە دەزانێت بە زمانێکی غەیرە تورکی قسەدەکات، بۆیە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی نوشەهیر بە والی شار دەڵێت: "گەورەم بیهێنە پێشچاوی خۆت، بەیانییەک لە خەو هەستین و هەموو تورکیمان بیرچووبێتەوە، خوانەخواستە شتێکی وەها ڕووبدات چ کارەساتێکی گەورە دەبێت بۆ ئوممەتی ئێمە، چ کارەساتێک دەبێت بۆ بەشەریەت زمانێکی وا جوان لە ناوبچێت" (عەلی،٢٠٢٠، ٢١)، بۆیە لە گواستنەوەیدا بۆ نەخۆشخانە وەک ئاژەڵێکی دڕندە و نەخۆشێکی ترسناک تەماشای عیسمەتیان دەکرد، کاتێک لەگەڵ یەکێک لەوانەی لە ژێرزەمینی نەخۆشخانە (شێتخانە)کەوە دەزانێت، کە ئەو زمانەی قسەی پێدەکات، زمانی کوردییە "عیسمەت وەک ئەوە بوو لە ئاسمانەوە بەربێتەوە زەوی. خەیاڵی بۆ هەموو زمانێکی دونیا دەچوو، ئەوە نەبێت. شەش ساڵ لەمەوبەر دوای تەواوکردنی مەشق لە کامپی گورگەبۆرەکان، بردیانن لەسەر

شـــەقامەکانی ئەســـتەنبول ڕاوی ئەوانـــە بکـــەن بـــەو زمانـــە قســـەدەکەن، تەقـــەیان لەوانە دەکرد بەو زمانە گۆرانی دەڵێن. زمانێک بوونی نییە و تەنیا خەیاڵێکی پوچە لـە سەر هەندێک هۆز و ئێڵی نەخۆشدا، کە توانایان نییە تورکی فێرببن، لـەوە گـەمژەترن زمـانێکی مـەزنی وەک تـورکی قسـەبکەن. عیسـمەت بـە هـەموو هێـزی یەخـەی پیرمێردەکەی گرت و گوتی(درۆدەکەیت... تۆ درۆدەکەیت. زمانێک نییـە نـاوی کـوردی بێـت)"(عـەلی،٢٠٢٠، ٥٤)، ئـەم گۆڕینـەی عیسـمەت بێگومـان لـە سـەرەوەی توانـای وێنـاکردنی مرۆڤەوەیـە، واتـا سـەرووی سروشـتی مرۆڤەکانـە، بۆیـە دەتـوانین بڵێـین عیسـمەت ئۆکتـای مرۆڤێکـی گـۆڕاو و ئـاڵۆز و تێکەڵەیەکـە لـە خـەیاڵ و واقیعـەوە خوڵقێنراوە بۆ گوزارشتکردن لەو حاڵەتە دەروونییەی تورکە ڕەگەزپەرستەکان، ئـەو ترسەی وەک تاریکییەک هەمیشە ناخیانی داگیرکردووە و لە باری دەروونـی و ناخـە گـۆڕاو و هاوشـێوەکانی عیسـمەتدا دەردەکـەوێت و دەگۆڕێـت بـۆ کەسـێکی تـر لـە هەڵسـوکەوتدا، یـان گـۆڕینی زمـان بـۆ زمـانی ئاخـاوتنی دوژمنـە ئەزەلییەکـەیان، کـە هەمیشـە جێگـەی گاڵتـەجارییان بـووە، بێگومـان کـارێکی وردە و زۆر قورسـە، بـەڵام چێژبەخشـە، چونکـە بـە شـارەزاییەوە مامەڵـەی لـە گەڵـدا کـراوە و پێکـەوەنراو و خوڵقێنراوە، هەروەها مەزراندنێکی ئیستاتیکی و خەیاڵکردنێکی جوان پەیڕەوکراوە لەو جۆرە گۆڕانەی لە کارەکتـەرێکی وا ڕەگەزپەرستدا، کە شـۆکێکی بەهێزی لـەناو دڵـی کارەکتەرەکانی تری ڕۆمانەکەدا دروستکردووە.

(**تـاریق ئاکانسـو**)، یەکێکـە لـەو کارەکتـەرە گـۆڕاو و ئاڵۆزانـە، لـە سـەرەتادا کارەکتـەرێکی ئاسـاییە و بڕوانامـەی دکتـۆرای لـە مێـژوودا هەیـە و ئاکادیمیسـتێکی تورکە، لـە ڕووی جەستەیشـەوە، "پرۆفیسـۆر پیاوێکی تیکسـمڕاوی باڵابـەرز و سـمێڵ ئەستوور و بەهەیبەت بوو" (عەلی،٢٠٢٠، ٣٣)، لەسـەر خواسـتی خـۆی و بە فـەرمانێکی ئەنجومـەنی وەزیـران گواسـترایەوە بـۆ باشـووری خۆرهـەڵاتی تورکیـا (ئامـەد_ دیاربـەکر) بـۆ چەسـپاندن و پتـەوکردن و گەشـەکردنی زمـانی تـورکی لـەو ناوچەیـە، تاریق ئاکانسو زۆرجار لە کاتی گفتوگۆکانیدا لەناو زانکۆ پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، داروین بە چاوێکی تورکییانە سەیری سروشتی کردووە. لەناو مامۆستاکانی زانکۆ و پسـپۆرەکانی تورکناسـیدا خـۆی بـە نیچەگـەرا و سپنسـەر پێناسـەدەکرد، بـەڵام

"توركبوون لای ئەو پلەیەکی  باڵا بوو لە سەر پەیژەی گەشەی بایۆلۆژیی مرۆڤ، مرۆڤەکان تەنیا لە ئاستی کەماڵدا دەتوانن بگەنە پلەی توركبوون" (عەلی،٢٠٢٠، ٣٥)، هەروەها دەڵێت: "هەموو نزیکبوونەوەیەک لە مرۆڤی باڵا، نزیکبوونەوەیە لە توركبوون. هەموو دوورکەوتنەوەیەکیش لە تورکبوون، نزیکبوونەوەیە لە ئاژەڵبوون" (عەلی،٢٠٢٠، ٣٥)، ئەمە ترۆپکی ئەو بۆچوونە ڕەگەزپەرستانەی کەسایەتیی ناوەوەی تاریق ئاکانسون دەربارەی ڕەگەزی خۆی و ڕق و کینەی لە زمان و خەڵک و خاک و گیانلەبەرەکانی خورهەڵاتە، کە ( کورد)ن، بە زمانی کوردی قسەدەکەن ئەویش هاتوو، تاوەکو هەموو شتێک بە تورک بکات واتە (بتورکێنێت)، بۆیە بە کوڕەکانی دەڵێیت: "دەمەوێت ئێوە لەگەڵمدا بن کاتێک ئەم زەوییە، کاتێک ئەم جەنگەڵە بە مرۆڤ و باڵندە و جانەوەرەکانییەوە دەستەمۆدەکەین. من لە ئەنکەرەوە هاتووم ئەو کارە بکەم، ئارسین، عەلی ئیحسان، گوێتان لێمە؟ دەمەوێت ئێوەم لە گەڵدا بن کاتێک ئەم زەوییە بۆ ئەبەد دەکەم بە پارچەیەک لە نیشتمانی هەتاهەتایی تورکان" (عەلی،٢٠٢٠، ٩٩)، خاوەن "(پرۆژەی ڕاستکردنەوەی شوناس و پەرەپێدان بە زمانی تورکی)" (عەلی، ٢٠٢٠، ١٤٩)، بووە، چونکە تاریق ئاکانسو باوەڕی تەواوی ئەوە بوو هەموو خەڵکی ئانادۆل تورکن و زمان و نەتەوەی تر لەو خاکەدا بوونی نییە، بەڵام دوای هەڵهاتنی ئارسینی کوڕی، سەر لەبەری ژیانی تاریق ئاکانسو لە بنەوە وەرگەڕا، چونکە هەڵهاتنی کوڕەکەی بەرەو لای ڕەوەند و هۆزە کوردەکان، پێچەوانەی هەڵوێست و بیروبۆچوونە کەسێتییە توندڕەوەکانی ئەو بوون، بۆیە وەکو مارێک لە هاناویدا گینگڵی پێدەدا، دوای دووساڵ دوورکەوتنەوە و فێربوونی زمانی کوردی و کارکردن لە گەڵ کوردەکاندا. ئارسین نامەیەک بۆ تاریقی باوکی دەنێرێت، دوای خوێندنەوەی نامەکە باوکی توشی شوک دەبێت کاتێک دەزانێت، چیتر ئارسینی کوڕی ئەو تورکە ڕەسەنە نییە، کە تاریق مەبەستی بوو کوردەکانیش بە تورک بکات، هەستی بە ڕەنجەڕۆی و ڕەنج بە خەسارە دەکرد، بە تایبەت دوای ئەوەی هەواڵی هەڵهاتنی ئارسینی کوڕی و شایەتیدانی دژی باوکی  لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبووەوە و هەموو شتێکیشی دەربارەی باوکی باسکرد، لەو چاوپێکەوتنەدا و شکستی حیزبەکەی تاریق ئاکانسو بەهۆی ڕەفتارەکانی ئاکانسووەوە، دەبنە هۆکاری نەخۆشکەوتنی ئاکانسو و بە تایبەت دوای ڕۆیشتنی زەینەب یەڵمازی ژنی، قۆناغێکی نا ئاسایی لە ژیانی تاریق

ئاکانسودا دەستپێدەکات، "دۆخی بە جۆرێک گۆڕابوو هیچی لەو پیاوەی جاران نەدەچوو. بە جۆرێک دەژیا، جگەلە شکار و نێچیر و کەوڵ و ئیسک کۆکردنەوە، مەراقێکی دیکەی نەبوو" (عەلی،٢٠٢٠، ٣٩٢)، گۆڕانێکی سەیر و سەمەرە لە خواست و ویستی ئاکانسودا ڕوودەدات وەکو (چێژ وەرگرتن لە بینینی گیانەوەرانی مردوو، خواردنی گۆشتی هەموو گیانەوەرێک، دەرهێنانی مردووەکان لە گۆڕەکانیان)، دواتریش هاڕینی ئێسکی مردووان لە ترسی زیندووبوونەوەیان، کە دەڵێت: "ڕۆژێک هەڵدەستین و دەبینین ڕۆحی ئەو مردووانە چوونەتەوە ناو زیندووەکان و هەموو دووبارە بەو زمانە قسەدەکەن"(عەلی، ٢٠٢٠، ٤٩٨)، ئەمە ئەو ترسە تاریکە ترسناکەیە، کە ناخ و دەروون و هۆشی ئاکانسویان داگیرکردووە، گۆڕانی ناخ و ناوەوەی تاریق لە کارەکتەرێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێک بڕوای وا بێت، کە مردووەکان زیندوو دەبنەوە، بە تایبەت شەوان هەستیدەکرد کۆشکەکەی بە جانەوەری دڕندە و تارمایی مردووەکان دەوردراوە، بۆیە لە کۆتاییدا ناتوانێت بەسەر ئەو تاریکییەی ناخی داگیرکردووە زاڵبێت و خۆی ڕزگاربکات، بۆیە ڕۆماننووس وەکو کارەکتەرێکی سەرووی سروشت دەیخاتەڕوو، تاریق ئاکانسو داوا لە عەلی ئیحسانی کوڕی دەکات پێکەوە بچنە شاخەکانی ئامەد و هاوکاری بکات بۆ بەستنەوەی بە درەختێکەوە، چونکە تاریق دوای ئەو ڕووداوانەی بەسەریدا هات لە کارەکتەرێکی ئاساییەوە گۆڕا، چیتر ئەو پرۆفیسۆرە باوەڕپێکراو و خاوەن کەسایەتییە تورکە نەماوە، بۆیە دەڵێت: "من دەزانم، درەنگ یان زوو دێن، لەم شاخانەن، دەمەوێت وێنەی لاشەی هەلاهەلاکراوم بکرێت و پێشانی حاکمە تازەکانی ئەنکەرەی بدەیت، کارێک بکە وێنەی جەستەم کە حەیوانە کێوییەکان پارچەپارچەیدەکەن هەمووان ببینن، بۆئەوەی هەموو بزانن ئەم سەرزەمینە هێشتا ترسناکە، دەبێت لاشەکەم شاهیدی ئەوە بێت کە دڕندەکان ماون و دەشێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێنەوە و پەلاماربدەن" (عەلی، ٢٠٢٠، ٥٢٧)، دوای چەند ڕۆژێک لە بەستنەوەی باوکی بە درختەکەوە، عەلی ئیحسان بەسواری ئەسپەکەی دەچێتە جێگاکە چاوی بە دیمەنێکی سامناک دەکەوێت، "دیمەنەکە سامناک بوو لاشەکە هەلاهەلا کرابوو، بەشی زۆری ئیسکەکان ڕووت و مەیلەو بۆر لەو ناوەدا کەوتبوون، بەڵام هەندێک پارچە گۆشتی بۆگەن لە دەموچاو و سەریدا مابووەوە. لاشەکە وا هەڵوەشاو و لیکترازاو بوو، پێدەچوو دەیان قەساب،

یـاخود ئـاژەڵی دڕ پێکــەوە پــەلاماریان دابێـت و ئیشــیان لــە کوتکردنیـدا کردبێـت. لێکترازانی ئیسکەکان لە کاری گیانەوەری زۆر بەهێز دەچوو" (عەلی،٢٠٢٠، ٥٤١)، ئەوە دوا خواست و ویستی کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو خواست و ویستی کەسێکی ئاڵۆز و گۆڕاوە، چونکە کارێکی نەکردەنی سەرووی توانای مرۆڤێکی ئاساییەوەیە، ڕەنگە مرۆڤێک بتوانێت بە فیشەک، یان بە چەقۆ، یان خۆی لە باڵەخانە، شاخێک فرێبداتە خوارەوە، خۆی بکوژێت، بەڵام شێوازی بیرکردنەوە و خۆکوشتنی لەو شێوەیەدا، وا لە کەسێتی ئاکانسو دەکات ببێتە کارەکتەرێکی خەیاڵی و نائاسایی، کە ڕۆماننووس بۆگرێدان و پشتڕاستکردنەوەی ڕووداوەکان و پێدانی خەیاڵێکی ئیستاتیکی بە ڕووداو و کارەکتەرەکە لە دەقەکەدا، بۆیە ڕووداوەکەی بەوشێوەیە خوڵقاندووە، چونکە لە ڕووداوە مێژوویییە واقیعییەکانـدا، ڕووداوی خۆکوشتنی لەو شێوەیە جێگەی باوەڕکردن نییە، گەر لە دەقی ڕۆمانەکەدا نەبێت، ئەمەش وادەکات کارەکتەری تاریق ئاکانسو، کە خوڵقێنراوی خەیاڵی ڕۆماننووسە لەسەر کاغەز، لە زەین و بیری خوێنەردا بۆ زیاترین کات بمێنێت، کە ڕۆماننووس بە مەبەست ڕووداوەکەی وەک ترۆپک و کۆتا هەڵوێستی نامرۆیی ئاکانسو خستووەتەڕوو.

٣-٢-١-٣- کارەکتەری خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا:

لە **(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)**دا: ئەمجۆرە کارەکتەرە، هەر لە بوون و شێوەی خوڵقاندنەوە بە شێوەیەکی خەیاڵکرد و نائاسایی و فەنتازی دێنەکایەوە و دەخرێنە جیهانی ڕۆمانەکەوە، وەکو: (مەلای سوختە، غەزەلنووس، تریفەی یابەحری، منداڵە خەیاڵییەکان، کە بەرهەمی خەیاڵ بوون و غەزەلنووس لە خانووە کۆنەکەی خۆیدا بەخێویدەکردن)، "ئەوکات پتر لە نۆ منداڵ لەو ماڵەدا دەژیان،... تەنیا سێ لەوانە هێدی هێدی خەریکبوو دەرسکان و گەورە دەبوون، خەیاڵوان، بولبول و باخان... بولبول کوڕێکی نابینا بوو هەمووان بە (بولبولی کوێر) بانگیاندەکرد. باخانیش کچێکی چاوکاڵ و سپیکەلە بوو، کە بە ئەندازەیەک لە بووکەشوشە دەچوو، دەبایە دەستی لێبدەیت تا بزانیت مرۆڤەو زیندووە، خەیاڵوانیش منداڵێکی هێمن و غەمگین بوو، بەردەوام بۆنی گوڵی دەکرد بێهۆشدەبوو، ئەوە گەورەترین دەردی ژیانی بوو. ڕۆحی هێندە ناسک بوو بەرگەی بۆنی گوڵی نەدەگرت" ( عەلی، ٢٠١٤، ٢٦٩)، هەموو ئەو

منداڵانـە و تـریفەی یـابەحری، هەریەکـەیـان چـوارینەیەک لەسـەر سـنگی نووسـراوە، هەنـدێک نمـوونە لەو کـارەکتەرە خەیاڵییـانە دەخەینـەڕوو، کە کـردەی خەیـاڵی ڕۆماننوسـن و تەنهـا لەنـاو دەقـی ڕۆمـانەکەدا بوونیـان هەیە، لە واقیعیـدا هاوشـێوە و نموونەیان نییە.

**مەلای سوختە**، یەکەم کارەکتەری خەیاڵییە لە ڕۆمانەکەدا دەخولقێت، لە مەلا غەریبی هـاجەر دەکەوێـتەوە، بەو واتـایەی لە مەلا غەریبـی هـاجەر جیـادەبێتەوە و دەبێـتە کەسـێتییەکی جیـاواز لە مەلا غەریبـی هـاجەر، مەلای سـوختە دیـوی دووەمـی چەپێنـراوی کەسـێتیی مەلا غەریبـی هـاجەرە، کە حەزو ئـارەزووە سێکسـییەکانی بەرامـبەر بە ئافرەتێک لەپێنـاو پاراسـتنی پێگەی ئـایینی و کۆمەڵایەتی و بـارودۆخی واقیعـدا سـەرکوتدەکات، بـۆیە مەلای سـوختە، کە کەرتەکەی نـاوەوەی مەلا غەریبـی هـاجەرە غەریـزە چـەپێنراوەکەی لەو دونیـا خەیـاڵییەدا جێبەجێدەکات، بەڵام هەردوو کـارەکتەرەکە لە واقیعـی دەقەکـەدا بوونیـان هەیـە، یەکێکیـان واقیعییـە و (مەلا غەریبی هاجەر)ەو، ئەویتریان (مەلای سوختە)یە، لـە جیهـانی فانتازیـادایە، بـەڵام لە کـارەکتەرە ڕاسـتەقینەکە دابـڕاو نیـیە، کـەمەلا غـەریبی هـاجەرە. "چـونکە، وەک هەمـوو مـرۆڤە ئاسـاییەکان شـتێکی نائاسـایی لە ڕۆحیـدا دەمێنێتـەوە، ئەو شـتە سـەیرەش بـریتییە لە هێزی عاشقبوون بە بێدەنگی. لە تەمەنـی پەنجـاو پێنج سـاڵیدا دوور بە دوور حەز لە بەهاربـانو دەکـات، کە ژنێکـی سـپیکەلانە و سـینە پـڕ شـەرمنە. ئێواران لە سـەربان لە کـاتی جێ چاککردنـدا بۆ مێردەکەی، بەیانیـانیش لە کـاتی بازاڕکردنـدا، مەلای هـاجەر بەهار بانو دەبینێت، مەلا لەوانەیە، کە بە بێدەنگ عاشق دەبن، لە جنسی ئەو پیاوانەیە، کە سـاڵەهای سـاڵ دەسـووتێت و ڕێگانـادات هـیچ بوونەوەرێـک نـاخی بخـوێنێتەوە، لە جنسـی ئەو مرۆڤانەیە، کە دەتوانن زۆر قایم دەرگای ڕۆحی خۆیان دابخەن و نەهێڵن هیچ بوونەوەرێک لە ناوەوە ڕا دەرگاکەیان بشکێنێت" (عەلی، ٢٠١٤، ٢٩)، بۆ مەلا هاجەر ئەم عەشقە نەکردە نییە، هەرچەندە زۆر لەناخەوە عاشقی بەهـار بـانو دەبێت، چونکە مەلا هاجەر تەمەنی گەورەیە و بەهـار بـانو ژنێکی گەنجە و مێردیشـی هەیە، ئەمەش لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئـایینیەوە ئەسـتەمە و لە واقیعیشـدا نەگونجـاوە، بـۆیە "مەلای هاجەر چ ئیرادەیەک لە جەسـتەو شعوریدا هەیە دەیخـاتە کـار تـا ئەو خۆشەویسـتییە

ناوەخت و بێدەنگە لە دڵی خۆیدا بخنکێنێت" (عەلی، ٢٠١٤، ٢٩)، ئەو هەڵوێستەی مەلا هاجەر، کە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینیی دروستیکردووە، دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی هێزی خەیاڵ بێتەکایەوە بۆ دەربازبوون لەو کۆتوبەندە کۆمەڵایەتیی و ئایینییانە، کە لە ناوەوەی کەسێتیی مەلا هاجەر خۆیەوە، کارەکتەرێکی خەیاڵکردی وەک مەلای سوختە بخولقێت، کە نمایندەی ناخ و دەروون و غەریزە چەپێنراوەکانی مەلا هاجەرە، کە "مەخلوقێکی سەرکەشە لە مەیخانە تاریکەکانی خەیاڵی مەلادا دروستبووە، بوونەوەرێکی خەیاڵییە لە خولیا تاریکەکان و ژوورە نهێنییەکان وجودی ئەو رایکردووە، مەخلوقێکە دەچێتە ئەو جێگایانەی مەلا بە درێژایی ژیانی لێیانترساوە"(عەلی، ٢٠١٤، ٣٠)، کەواتە مەلای سوختە کارەکتەرێکی خەیاڵییەو لەسەرووی واقعیەوە و نیوە عاشقەکەی مەلا غەریبی هاجەرە کە لێیجیابووەتەوە و لەگەڵ بەهاربانوودا عیشق و خۆشەویستی و بابەتە سیکسان پیادەدەکەن، چونکە "عەشقی مەلای هاجەر لەو جۆرە دەگمەنانە بوو، کە دەیتوانی لە خاوەنەکەی جیاببێتەوە و لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو بجولێتەوە" ( عەلی، ٢٠١٤، ٣٠)، مەلای سوختە بوونەوەرێکی خەیاڵکرد و خەیاڵییە لە واقیعدا بوونی نییە.

**بەهار بانو**: بە هەمانشێوە بەشی عیشقەکەی لێیجیادەبێتەوە و ئەو دوو بەشە چەپێنراوەی (مەلا هاجەر _ بەهار بانوو) پێکەوە دەخەون و سێکسدەکەن، "هەمان ئەو بەهار بانووە سپی و ئەفسوناوییە کە بە بەرچاوی مەلاوە ڕوتدەبێتەوە و لەسەر ئاهەنگی خوێندنەوەیەکی بێوچانی غەزەلیاتدا لەگەڵ نیوە عاشقەکەی ئەودا دەخەوێت، خەوتنێک لەسەرجێکردنی تەقلیدیی ژن و پیاوی ئەو سەردەمە ناچێت، کە بە ئەستەم شەرواڵ و دەرپێکانیان دادەکەنن و بە جلەوە خۆیان دەدەن بەسەر یەکدا، بەڵکو جۆرێکە لە سێکسکردن، کە چەندین سەعات دەخایەنێت، دوو مەخلوق ڕووتدەبنەوە هەموو ئەو دۆخە جنسیانە تاقیدەکەنەوە، کە لە کتێبی کاماسوترادا هەیە" (عەلی، ٢٠١٤، ٣٠-٣١)، واتە بەیەگەشتنی ئەو دوو بەشە جیابووەوە خەیاڵییەی (مەلا هاجەر –بەهار بانوو) پێکەوە خەوتن و سێکسکردنە لە جیهانی خەیاڵدا ڕوویانداوە لە واقیع و ڕاستیدا نییە، بەڵام لە واقیعی ناو دەقی ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە، بۆیە ئەو جوتبوون و سێکسکردن بەرهەمی دەبێت و بەهار بانو دووگیاندەبێت و منداڵی دەبێت "دێڕێک

غەزەل لەسەر سنگی نوسراوە" (عەلی، ٢٠١٤، ٣١)، بەهار بانو منداڵەکەی خۆی ناودەنێت "بەهمەن، ناسر سەعیدی باوکیشی، کە فەرمانبەرێکی ساڵداری پەروەردەییە "(عەلی، ٢٠١٤، ٣١)، بەهمەن کە بەرهەمی خەیاڵی دوو عاشقی جیابووەوە لە دوو کەسێتیی ڕاستەقینەو واقیعدا وەک کوڕی ناسر سەعید دەناسرێت، کە مێردی ڕاستەقینەی بەهار بانویە، بەڵام لە ڕاستیی ناو دەقەدا بەهمەن منداڵێکی خەیاڵییە جگە لە مەلا هاجەر کەسی تر بەو نهێنییە نازانێت، بۆیە دەتوانین بڵێین مەلای سوختە بەشە عاشقە پەرەسەندووەکەی مەلای هاجەرە، لەبەرئەوەی مەلای هاجەر بەم عەشقە ناوەخت و نابەجێیە ڕازی نابێت و هەوڵی سەرکوتکردن و کپکردنی دەدات، بۆیە مەلای سوختە وەک بەشە عاشق و یاخیبووەکەی لە مەلا هاجەر جیادەبێتەوە و دەبێتە ڕوحلەبەرێکی خەیاڵیی سەروو سروشت و لە جیهانە خەیاڵی و سەروو سروشتەکەی خۆی هەموو ئارەزووە چەپێنراوەکانی مەلا هاجەر بەدیدێنێت و جێبەجێدەکات، ڕۆماننووس غەریزە چەپێنراوەکانی (مەلا هاجەر و بەهار بانو)ی قۆستووەتەوە بۆ خولقاندنی مەلای سوختە، کە ئەو بەشە لە زۆربەی مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، بۆیە ڕۆماننووس بە وردی و بە شارەزاییەوە، ئیستاتیکای خەیاڵیی خودی بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردن و دەرخستنی غەریزە و ئەنگێزە چەپێنراوەکانی مرۆڤ لە ناوکۆمەڵگەدا، بۆئەوەی پێمانبڵێیت ئەی مرۆڤ تۆش خاوەن هەمان غەریزەی (مەلا هاجەر و بەهار بانو)ی، کەسەکەی ناخت هەمان کەسایەتیی مەلای سوختە و بەهار بانویە، بەڵام ئەوەی لەو ڕووداوە خەیاڵییەدا تێبینیمان کرد، ئەگەر مەلای سوختە بەشە جیابووەکەی مەلا هاجەر بێت، کەواتە دەبێت بەشە جیابووەکەی بەهار بانوش، کە هاوتا و کارە سێکسییە خەیاڵییەکانی لە گەڵ مەلای سوختەدا ئەنجامدەدات، دەبوایە ڕۆماننووس کارەکتەرێکی خەیاڵیی بەناوێکی ترەوە بۆ (بەهار بانو.......) بخولقاندنایە، چونکە (مەلا هاجەر _ بەهار بانو) دوو کارەکتەری واقیعیی ناو دەقی ڕۆمانەکەن، بەڵام غەریزە سێکسییە چەپێنراوەکانی هەردووکیان لە جیهانی خەیاڵدا جێبەجێدەکەن، کەواتا دەبوایە کارەکتەرە جیابووەکەی، یان کەرتە خەیاڵییەکەی بەهار بانوش لە دەقی ڕۆمانەکەدا هەبووایە.

**(بەهمەن – غەزەلنوس):** کارەکتەرێکی خەیاڵی و ناواقیعی و نائاساییە لە بوونیەوە کارەکتەرێکی سەرووی واقیعە، لە دایک و باوکێکی نائاساییەوە ولە کردەیەکی خەیاڵییەوە هاتووەتە بوون، لە ئاکامی عیشق و جووتبونی نیوەی دووەمی مەلا هاجەر (مەلای سوختە)و نیوەی دووەمی (بەهار بانو) کەوتووەتەوە، کە پێشتر باسمانکردووە، بۆیە بەهمەن کوڕی ناسر سەعیدی و بەهار بانوی واقیعیی نییە، ئەو ڕاستییەش لە نامەکەی مەلای هاجەر، کە پێش مردنی بۆ غەزەلنوسی نووسیوە دەڵێت: "ڕاستە تۆ لە ڕەحمێکی ڕاستەقینەی دایکێکی ڕاستەقینە و وەک مەخلوقێکی خوداکرد لەدایکبوویت، لەو هەفتەیەدا هاتیتە دونیا، بە ڕێکەوت هەفتەی لەدایکبونی منداڵانی ناکامڵ و نوقسان بوو، بەڵام هیچ کەس نەیدەزانی تۆ منداڵێکی ڕاستەقینە نیت، تۆ کوڕی خەیاڵیت. منداڵی شەوە خەیاڵیەکانی منی لەگەڵ بەهار بانودا، گەر تۆ کوڕی من نیت، چ شتێک تەفسیری ئەو غەزەلە دەکات، کە لە منداڵیدا لەسەر سینەت نووسرابوو، لەسەر پێست و گۆشتی تۆ هەڵکەنرابوو؟" ( عەلی، ٢٠١٤، ٦٣)، ئەوکاتەی غەزەلنوس وەک کوڕی ناسر سەعید و بەهار بانو واقیعەکەی لەدایکدەبێت ناوی (بەهمەن)ی لێدەنێت، بەڵام کاتێک نامەکەی مەلا غەریبی هاجەر دەگاتە دەستی، تەمەنی هەژدەساڵەو بەهار بانوش پێنج ساڵە مردووە، بۆیە تا گەیشتنی نامەکە بەهمەن نازانێت ئەو ڕوحلەبەرێکی خەیاڵییە و بەرهەمی عیشقێکی خەیاڵییە لە نێوان بەشە جیابووەکەی مەلا هاجەر (مەلا سوختە و بەهار بانو)دا، دواتر لەڕێگەی سەراب بەهجەتەوە، کە غەزەلیات و نامەکانی مەلای سوختەی ئەویندەکرد، دەچێتە پێشی و خۆی پێدەناسێنێت و دواتریش. پێیدەڵێت: "ئەمە ئەو خانووە دێرینەی مەلای سوختەیە، باوکی ڕاستەقینەی تۆ، ئەو عاشقە گەورەیەی لێرەدا ژیا و مرد" (عەلی، ٢٠١٤، ٩٣)، بۆیە بەهمەن ناسر هەموو غەزەلەکانی، کە هی مەلای سوختە بوون و سەراب بەهجەت نووسیبووی، بۆ بەهمەنی جێهێشتوون، بەهمەن هەموویان دەباتە ماڵەوە تا شەش ساڵ هەموویان لە ماڵەوە دەخوێنێتەوە دەرناچێتە دەرەوە و هەموو کتێبە غەزەلییەکان لەبەردەکات. دوای ئەو ماوەیە دەچێتە یانەیەکی مەیخواردنەوە، شەوێک بۆ مەیخۆرە مەستەکان شیعر دەخوێنێتەوە و ئەوانیش چێژ لە شیعرەکانی وەردەگرن، بۆیە یەکێک لە مەیخۆرە مەست و شەونشینەکان بە غەزەلنوس دەڵێت" (غەزەلنوس بەردەوام بە، بەردەوام بە من ئامادەم هەموو شەو تا هەڵهاتنی سوبح

لەژێر باراندا بوەستم و گویت لێبگرم) ئەوە یەکەمجار بوو مەخلوقێک بەهمەن ناسر بە (غەزەلنوس) بانگبکات. پێشتر هەتا بەهمەن ناسر خۆشی ناوی غەزەلنوسی نەبیستبوو، ئیدی لەو شەوەوە کەس نەیپرسی ناوی ئەم کوڕە شەیدایە چییە، کە بەحرێک لە کلاسیکیات لە سینەیایەتی، لەو بەر بارانەدا بەهمەن ناسر مرد و غەزەلنوس لەدایکبوو، لەو ڕۆژەوە (غەزەلنوس) ناسرا بەو ناوەوە بانگیان دەکرد" (عەلی، ٢٠١٤، ١٥٠)، لەو شەوە بەدواوە ئیتر غەزەلنوس بە یەکجارەکی گۆڕا بۆ ئەو ڕۆحە ئاوارەیەی کە ئیرسی عاشقە خەیاڵییەکانە، بەهۆی ئەو کۆڕە شیعریانەوە، کە غەزەلنوس دەیبەست پەیوەندی لەگەڵ ڕۆحلەبەرە خەیاڵییەکاندا دروستکرد و هەر بەهۆی ئەو کۆڕانەوە (جەمعییەتی عاشقە خەیاڵییەکان)ی ناسی، دواتر غەزەلنوس هەموو ڕۆحلەبەرە خەیاڵیەکانی ناسی، هەموو ئەو مرۆڤانەی دۆزیەوە، کە خەیاڵیین و بەتەواوەتی غەزەلنوس تێکەڵ بە جیهانی خەیاڵ بوو، کەواتە ژیان و بوونی (بەهمەن ناسر، غەزەلنوس) لەو جیهانە خەیاڵکردەدایە، کە ڕۆماننووس هێناویەتیٚ بوون لە دەقی ڕۆمانەکەدا.

**تریفەی یابەحری:** کچی سەمیرە یا بەحرییە، یەکێکی ترە لەو کارەکتەرە خەیاڵکردە، نائاساییانەی، کە هەر لە بونیانەوە بە نائاسایی خولقێنراون، بەو واتایەی خەیاڵکردن و فەنتازیای خەیاڵ دروستیکردوون، کە لە ئاکامی ئیرەیی (حەسود)ی و حەز بە شووکردن و جووتبوون لەگەڵ پیاودا سەمیرە یاسەمی زگی پڕدەبێت، بۆیە لە زاری فەوزیە خانی یاسەمی خوشکیەوە دەڵێت: "ئەو لەگەڵ هیچ پیاوێکدا نەخەوتووە تا منداڵی ڕاستەقینەی ببێت، بەڵکو ئیرەیی وایکردووە پردێک لەگەڵ بوونەوەرە خەیاڵییەکاندا دروستبکات. شەوانە لەگەڵ چەندین پیاوی خەیاڵکرد بخەوێت، تا ئەگەر بە خەیاڵیش بووە، منداڵێکی ببێت" (عەلی، ٢٠١٤، ٤٣٠)، هەروەک فەوزیە دەڵێت: "تریفە یابەحری لە فووی بونەوەرە خەیاڵییەکانەوە دروستبووە، بەرهەمی ئارەزوویەکی خەیالی بوو" (عەلی، ٢٠١٤، ٤٣٠)، بۆیە. "غەزەلنوس سالانێک دواتر بە گاڵتەوە تریفەی ناودەنا (کچی نوتفە خەیاڵییەکان) لە ڕاستیشدا ئەو کچی نوتفە نەبینراو و سیحراوییەکانی خەیاڵ بوو" (عەلی، ٢٠١٤، ٤٥٠)، کەواتە تریفە یابەحری ڕۆحلەبەرێکی خەیاڵییە، بەلام (زاهیر یابەحری)ی، خاڵی بۆئەوەی شەرەفی بنەماڵەکەیان لەکەدار

نەبێت، تریفە بە کچی خۆی لەقەڵەمدەدات، هەرچەندە تریفە یابەحری، خەیاڵی و سەرووی واقیعە، بەڵام خاڵی وەک منداڵی واقیع لێیدەڕوانێت، بەمەش تریفە لەنێوان دوو جیهاندا دەژێت. یەکێکیان جیهانە خەیاڵییەکەی (واقیعی)کەی خۆی، ئەوی تریان جیهانە دروستکراوەکەی خاڵی زاهیر یابەحری، کەواتە هەردوو جیهانەکەی تریفە یابەحری، جیهانی ڕاستەقینە نین بۆ خودی ڕۆحلەبەرێکی خەیاڵی وەکو تریفە، لەدایکبوونی تریفە هاوشێوەیە لەگەڵ لەدایکبوونی غەزەلنوسدا، هەردوو ڕووداوەکە خەیاڵین، کە جۆرێکن لە فانتازیا، بۆیە یەکترناسینی غەزەلنوس و تریفە بەڕێکەوت لەماڵی مەهناز مارۆ ڕوودەدات، بەهۆی ئەوەی عەتار یەکێکە لە کارەکتەرەکانی، کە مەهناز مارۆ داوای مامۆستای خەیاڵی لێدەکات بۆ کچەکەی، بۆیە عەتاریش تریفە و غەزەلنوس دەهێنێت، دواتر چەند جارێک تریفەو غەزەلنوس یەکدەبینن و پێکەوە سەردانی نەخۆشخانە دەکەن و پەیوەندییەکەیان بەهێزتر دەبێت و ڕۆژێک تریفە غەزەلنوس بانگێشت دەکات بۆ ئەو کارخانەیەی کاری مافور چنینی تێدا دەکات بۆئەوەی غەزەلنوس مافورەکان ببینێت، بەڵام کاتێک غەزەلنوس مافورەکان دەبینێت بۆی دەردەکەوێت، کە تریفە ڕۆحلەبەرێکی خەیاڵییەو سەروو سروشتە، بۆیە غەزەلنوس دوای تەماشاکردنی مافورە چنراوە خەیاڵییەکان، غەزەلنوس عاشقی خانمی یابەحری بوو، هەربۆیە تریفەش هەستی بەو جۆرە نزیکایەتییە ڕۆحەی نێوانیانی لەگەڵ غەزەلنوسدا دەکرد، دەرئەنجام لەڕێگەی غەزەلنوسەوە دەگەڕێتەوە ناو بوونەوەرە خەیاڵییەکان و ڕاستەقینەی خۆی لە هەزار باغ، کە ژیانی بوونەوەرە خەیاڵییەکان و پەژموردەکانی ژیانی ڕاستەقینە تریفەی یابەحرین.

**موراد جمیل – نەوجەوانی چینی:** یەکێکی ترە لە کارەکتەرە خەیاڵکردەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکە، وێنەیەکی حەزو ئارەزووە بەدینەهاتووەکانی غەزەلنوسە، چونکە غەزەلنوس دیوەکەی تری ناخ و حەزی لەوە بووە گەنجێکی جوان و قۆز بێت و پەیوەندی لەگەڵ کچ و ئافرەتی جواندا ببەستێت، بۆیە موراد جەمیل لە واقیعدا شەوێک دەچێتە لای غەزەلنوس،" لەو شەوەدا دەرکەوت. من لە نێوان خەون و ڕیاییدا هاتوچۆمدەکرد، گەنجێک دەرگای کردەوە گووتی :غەزەلنوس ناتوانێت تا قیامەت لێمهەڵبێت، ناتوانێت، من دیوە ڕاستەکەی تۆم ... من ئەوەم کەتۆ خەونی پێوە

دەبینی. گەنجێکی ئێکجار جوان بوو" (عەلی، ٢٠١٤، ٤٠٦)، ئەم جیابوونەوەیە کەسێتیی ناوەوەی غەزەلنوس ڕێک پێچەوانەی جیابوونەوەکەی مەلای سوختەیە لە مەلا هاجەرە، چونکە مەلا هاجەر کارەکتەرێکی ڕاستەقینەیەو مەلای سوختەی لێ جیادەبێتەوە، کە کارەکتەرێکی خەیاڵییەو نمایندەی ناخ و حەز و ئارەزووە کپکراوەکانی مەلا هاجەرە، بەڵام جیابوونەوەی جەمیل موراد لە غەزەلنوس جیاوازە، لەبەر ئەوەی غەزەلنوس کارەکتەرێکی خەیاڵییە، پێشتر باسمانکرد، موراد گەنجێکی قۆز و جوانە و نمایندەی حەزو ئارەزوو غەریزە جنسیەکانی غەزەلنوسە، ئەمەش دوای ڕوودانی خۆسووتاندن و مردنی مەهناز مارۆ دێت، کە کارەکتەرێکی ڕاستەقینەی ناو دەقەکەیە و ژنی یەکێک لە بارۆنەکانە، غەزەلنوس زۆر حەزی لێدەکات لە ناخەوە ئاواتی بۆ دەخوازێت، کە بتوانێت عەشقی ژنێکی ڕاستەقینەی وەک مەهناز مارۆ بێت، بۆیە ئەو حەزو ئارەزووەی ناخی دەبێتە بەشێک و لێی جیادەبێت و حەزو غەریزەکانی پیادەدەکات، هەرچەندە (موراد جەمیل) کارەکتەرێکی خەیاڵکردی ناو دەقی ڕۆمانەکەیە و پەیوەندیی خۆشەویستیی سێکسی لەگەڵ چەندین ژن و کچی شار و گەڕەکی نویمیراندا دەبەستێت ، بۆیە غەزەلنوس لەبارەی جەمیل مورادەوە دەڵێت: "دواجار ئەو ژیانێک دەژیا من لە قوڵایی دڵمەوە حەزم لێی بوو" (عەلی، ٢٠١٤، ٤١٣)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە (جەمیل موراد – نەوجەوانی چینی) ئەو گەنجە قۆزەیە، کە بەهۆی ئارەزوو حەز و غەریزەکانی ناخ و دیوی ناوەوەی غەزەلنوس خوڵقاوە، بێگومان ئەمەش خەیاڵبوونی کەسایەتی ئەو ڕووداوە ناواقیعی و سەروو سروشتەوەیە، کە لەم ڕۆمانەدا بنیادنراوە، بۆ گوزارشتکردن لە حەزوو ئارەزووە چەپێنراوە بەدینەهاتووەکانی تاکەکانی ناو کۆمەڵی واقیعی، کە وا لە مرۆڤەکان دەکات چەندین ڕووی شاراوەیان هەبێت، جگەلە ڕووە ڕاستەقینەکەیان، بۆیە ڕۆماننووس توانیویەتی بە جوانترین شێواز ڕووە جۆراوجۆرانەی مرۆڤەکان لە دەقەکەدا، بمەزرێنێت ئیستاتیکای داهێنەرانەی خەیاڵی خودیش بەکاربهێنێت بۆ خوڵقاندن و پێکەوەنانی ئەو ڕووە جیاوازانەی و دەمامکەکانیان داماڵێت و نیشانیانبدات.

لە ڕۆمانی (**هەورەکانی دانیال**)دا، کارەکتەری(**پیاو**)ی ناو خەونەکانی خەڵکی دێلاوار و زیندانییەکان، کارەکتەرێکی خەیاڵییە و بوونی نییە و سەرووی تواناکانی مرۆڤ و نامەئلوفە، بەم شێوەیە ڕێنوار زەریاواری، کە گێڕەرەوەی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، باسی دەکات و دەڵێت: "هەستمکرد وێنەیەکی خەیاڵە و لە خەیاڵەوە هاتووە، نیگارێک بە فەنتازیا دروستکراوە و هەر یەکە و بەخشیوەتی بە یەکێکی دی، ئیستا هەندێکیان ئەو وێنەیە بە وردی و هەندێکیان تێکەڵ بە خەیالاتی تایبەت دەیگێڕنەوە. دڵنیانەبووم لەوەی ئاخۆ وێنەکان لە یەکدەچن، بەڵام دڵنیابووم هەرسێکیان وێنەی سێ پیاوی لاوازی ئەسمەر و چاو غەمگین و قژ کورت و ڕیشهاتوو و چەناگە باریک دەکێشن" (عەلی، ٢٠١٧، ١٤٧)، ئەو وەسفە ڕەهەندی جەستەی پیاوی ناو خەونەکانی خەڵکی دێلاوار و زیندانییەکانە، کە لە بنەڕەتدا کارەکتەری (دانیال)ە، "دانیاڵ لە دایکبووە... هیچ نەبووە جگە لە دیلێک وەک هەزاران دیل کە بە زنجیرەوە هاتوونە شاری زیندانییە گەورەکان سەر زەوی" (عەلی، ٢٠١٧، ١٩٦)، دانیال کارەکتەرێکی خەیاڵی فرەڕەهەندە، چونکە لە بنەڕەتدا سەرچاوەی چیرۆکی دانیال بۆ چیرۆک ئایینی(دانیال)دەگەڕێتەوە، بۆیە دووبارەبوونەوەی کارەکتەری دانیال لە واقیعدا نەکردەنی و نامەئلوفە لە ڕووی بایۆلۆژی و جیاوازییە سروشتییەکانەوە، لە وەسفێکی تری پرۆفیسۆر بەهنامدا سەبارەت بە فرە ڕەهەندی و تواناکانی دانیالەوە دەڵێت: "گەنجێکی جوان و زمانزانی پڕ ماریفەت بووە، دەگوترێت هەر زۆر دەستەڵاتی بەسەر هونەری جادوودا هەبووە و گیراوە و ڕەوانەی دێلاوارکراوە" (عەلی، ٢٠١٧، ١٩٧)، هەروەها "پێدەچێت دانیال، کە لە مەملەکەتێکی دوورەوە هاتووە، خوێندکارێکی پزیشکیی سەردەمی خۆی بووبێت و لە شار و مەملەکەتی خۆیدا زانیارییەکی زۆری دەربارەی نهێنییەکانی دەرمانکردن و هەتووان گرتنەوە و مەرهەمساز کۆکردبێتەوە" (عەلی، ٢٠١٧، ١٩٧)، ئەوەی سەیروسەمەرەیە و جۆرە فەنتازیایەکی کارەکتەری دانیالە، هەمیشە لە خەونی زیندانییەکان و خەیاڵی خەڵکی دێلاواردا دەردەکەوێت و تەورێکی گەورەی بە دەستەوەیە و بۆ کوشتنی خەڵکی دێلاوار دەگەڕێت، بۆیە ئەم لایەنە خەیاڵی و نەکردەنییە تەنها لە خەونەکاندا بوونی هەیە،چونکە دووبارەبوونەوەی کارەکتەری ناو هەقایەتەکان و ئەفسانە ئایینیە کۆنەکان، تەنها لە کاری ڕۆماننوسیندا ڕۆماننووس دووبارە دەیانخوڵقێنێت و

پێکەوەیاندەنێت بۆئـەوەی واقیعێکی دیکـەی خـەیاڵی لـێ بخوڵقێنێت و بەرهـەمبهێنێت، ئەمـەش گێڕانـەوەی چیرۆکـەکان و چنینـی ڕووداوەکـان و گێڕانـەوەیان چێژبەخشـتر دەکـات لای خوێنـەری دەقەکـە، بێگومـان هـەر ئـەوەش ئامـانجی ڕۆماننوسـە بـۆ بەزیندوومانەوەی ڕۆمانەکەی.

## ٣-٢-٢- ڕۆڵی خەیاڵ لە ناولێنانی کارەکتەرەکانی بەختیار عەلیدا:

ڕەهەنـدێکی هـەرە گرنگـی کـار و هونـەری ڕۆمانووسـییە، بۆیـە ڕۆمـاننووس بـۆ ناولێنانی کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا، هەروەک چۆن باوک بەدوای ناوێکدا دەگەڕێت بۆ منداڵـەکانی خـۆی، ڕۆماننووسـیش ئـاوا بـۆ ناولێنـان بـۆ کارەکتـەرەکانی نـاو دەقـی ڕۆمانەکـەی دەگـەڕێت، بـەڵام بـە شـێوەیەکی جیـاوازتر، چونکـە ڕۆمـاننووس دەبێـت ناوێک بۆ کارەکتەرەکەی ناو دەقەکە هەڵبژێرێت لەگەڵ سـەردەم و ژینگـەی دەقەکـەدا بگونجێت، لـە هەمانکاتیشـدا، ڕۆمـاننووس بـە شـێوەیەکی پـلان بـۆ داڕێـژراو نـاو بـۆ کارەکتـەرەکان هەڵـدەبژێرێت بۆئـەوەی گوزارشـت لـە و هێمـاو ئاماژانـە بکـات، کـە ڕۆماننووس وەک کۆدێک هەندێکجار لە دەقەکەدا بەکاریدەهێنێت، نـاوی کارەکتـەریش بێگومان کاریگەری و ئیستاتیکای خۆی هەیە لە دەقی ڕۆماندا لەسەر خوێنەر، چونکە ناوی وا هەیە لەڕۆماندا هەمیشە بە زیندوویی لە یادگەی خوێنـەردا دەمێنێتـەوە وەک کارەکتـەری ((حەمـەدۆک _ حەمـەدۆک)ی یەشـارکەمال، (جـوامێر_ ژانـی گـەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد، (سابیری حەماڵ _شار)ی حسین عارف، ....هتد))، بەڵام ناولێنـان لـە رۆمانەکانی بەختیار عەلیدا جیاوازە، چونکە رۆماننووس شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە ناولێنانی کارەکتەرەکانیدا، بۆیە بەختیار عەلی چەند جۆرێک ناو بۆ کارەکتەرەکانی بـەکاردەهێنێت وەک: (نـاوی سـادە، ناسـادە (نـاوی لێکـدراو، نـاوی داڕێـژراو))، هەرجۆرەشیان شێوازی تریشی هەیە.

هەرچەنـدە نـاوی سـادە زۆر بـە کـەمی لەڕۆمانـەکانی بـەختیار عەلیـدا بەرچاودەکەوێت، بۆنموونە لە (**ڕۆمانی غەزەلنووس**)دا نزیکەی (١٢٠) کارەکتەر ناوی هاتووە تەنها ئەم ناوانە ناوی سادەن (شبر، سامان، سابیر، ئەفسانە، هیشـوو)، بـەڵام هەمان ئەو ناوانە لە دەقی ڕۆمانەکەدا ناوی تریشیان هەیە، وەک: ((سامان _ بارۆنی

کولەکـە) و (سـابیر_ فەلـەکزان)، .... هتـد)، بـەڵام لـە چەنـد شـوێنێکی تـری دەقەکـەدا نووسەر تەنها ناوە سادەکەیانی بەکارهێناوە.

لە **(هەورەکانی دانیال)**دا ڕۆماننووس هەندێک نـاوی سـادەی بـەکارهێناوە (ڕێنـوار، کیسرا، د.سوعاد، مەسعود، فتوان، سکینان،....هتد).

لە **(ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی)**دا، ئەم چەند ناوە سادەیەی بـەکارهێناوە لـە نزیکـەی (٢٠٠) نـاوی کارەکتـەردا (پەخشـان، نەزیهـە، ئومێـد، سـەبا، سـەبیحە، یـاقووت، ئارەزوو،....هتد)، بۆیە بەختیار عەلی لە ناولێنانی کارەکتەرەکانیدا زیاتر نـاوی لێکدراو بەکاردەهێنێت، ئەو ناوە لێکدراوانەش بێگومان چەند مەبەستێکی لەپشتەوەیە:

**یەکەم:** بۆ ناسینەوەی کارەکتەرەکان و چێژێکـی ئیسـتاتیکیش بـە ناوەکـە دەبەخشـێت.

**دووهەم:** جۆرە واقیعیەتێک بە ناوەکە دەبەخشێت لە دەقەکەدا و دواتریش گوزارشـت لە مانەوەی ناوەکە بە زیندوویی لـە زەیـن و یادگـەی خوێنـەردا دەکـات و کاریگـەریی زیـاتر دەبێـت، هـەروەها بـۆ تایبەتمەنـدیی حـەز و خـەیاڵ و ئـەو کـۆد و هێمایانـەی، کەزادەی بیر و خەیاڵی ڕۆماننووسن، دەگەڕێتەوە. هەرچەندە ناوی کارەکتەر هەڵگری ڕەهەنـدی نەتەوەییـە، چونکـە نـاو لـە هـەر زمانێکدا، پەیوەسـتە بـە کۆمـەڵێک بابـەتی نەتەوەییـەوە لـە ڕووی کانگـەی مێژوویـی و سیاسـی و کـەلتـووری و دابونـەریت و ئـاییینی نەتەوەییـەوە، هـەروەها مانـای تایبـەتیی خـۆی هەیـە و لـە نەتەوەیەکـەوە بـۆ ئەوەی تر جیاوازە. لـە هـەموو ڕۆمانـەکانی بـەختیار عەلیدا زۆربـەی کارەکتـەرەکانی، ناوی لێکدراوی لێنـاون، ناوەکانیش چەند جۆر و شـێوازێکن، هـەرجۆرە و شـێوازێک گوزارشت لە (باری کەسێتی، یان شوێن، یان پیشە، ناوی دووانی) دەکەن، بۆنموونە

– ١_ نـاوی لێکـدراوی بـەکارهێناوە، کـە گوزارشـت لـە پیشـەو کـاری کارەکتەرەکـە دەکـەن لـە (غـەزەلنوس و باغـەکانی خـەیاڵ)دا، وەک: (غـەزەلنووس، ماجـەلانی خـەیاڵ، سـابیری فەلـەکزان، ڕەحیمـی فەرشـفرۆش، مـەلای سـوختە، شـەهابی فـەل، خـەلیل کیسـەڵ، سـەمەدی ئاسـایش، شـیفی ناوسـاجی، چەقـەڵ ئیسـماعیل)، لـە (هـەورەکانی دانیال)یشدا ناوی (حەسەن بۆیاغچی، لیـوا سـەیف، ژەنـەڕاڵ مـاجر، دەروێش شـوفێر، یاقوبی مەئموور)، لە (داگیرکردنی تـاریکی)دا، (عەبدوڵڵای مەیتـەر، مـەتین بوسـتانجی، ئەدمیراڵ عاریف، جەنەراڵ عدنان، مەهدی تـەرجومان) ئـەم ناوانـە زیـاتر پاشـگر، یـان

پێشگریان دراوەتە پاڵ و ناوەلێکدراوەکە، یان ناوی پیشەکەیانی وەکو ناوی کارەکتەر لەدەقەدا بەکارهێناوە.

هەروەها هەر لە غەزەلنووسدا زیاتر لە ناوێکی بۆ کارەکتەرەکان بەکارهێناوە زۆربەیان وشەی بارۆنی وەک پێشگر بۆ پیشە و کارەکەیان لەدەقدا بۆ کارەکتەرەکان بەکارهێناوە، وەک: (بارۆنی خەیاڵ، بارۆنی مەیگەدە، بارۆنی سێبەر، بارۆنی توتی، بارۆنی مەدەنی، بارۆنی هەرمێ، گەنم، بارۆنی ئارد، بارۆنی پەپولە، بارۆنی هێستر، بارۆنی شیعر، بارۆنی غەم، بارۆنی پەشمەک، بارۆنی شەکرو چا، بارۆنی ئاسک، بارۆنی دەریاچە، بارۆنی مریشک، بارۆنی گوللە و باروت، بارۆنی رۆن" ... هتد)، هەندێک لە ناوەکانیش گوزارشت لە کەموکورتی جەستەیی کارەکتەرەکان دەکات وەک لە غەزەلنووسدا (جەعفەر مەغۆلی، شەهریاری شوشە، خەیاڵەوان، بولبولی کوێر، بریانی دوولبەر)، لەهەورەکانی دانیالدا (بۆقبۆقیلە، ڕێنوار گرینۆک)، بەڵام ئەوجۆرە ناولێنانە لە داگیرکردنی تاریکیدا نەهاتووە، چونکە ژینگەی ڕۆمانەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووییەوە جیاوازە و پێویستی بەوجۆرە ناولێنانە نییە، هەروەک باسمانکرد، دەبێت لە ناولێنانی کارەکتەرەکاندا ڕەچاوی ژینگە و بابەت وسەردەم و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بکرێت.

ناوی کارەکتەر ڕەهەندێکی گرنگە بۆ بنیاتنانی کەسێتیی کارەکتەر لە ڕۆماندا، بەختیارعەلی لە ناولێنانی کارەکتەرەکاندا لەجۆری ناو لە سیفەت و تایبەتمەندیی ناوەوەی، یان دەرەوەی کەسێتیی کارەکتەرەکەوە ناوی لە کارەکتەرەکانی ناوە، چونکە ناو دەبێتە بەشێک لە ناسنامەی کەسێتیی کارەکتەرەکان و"پرۆسەیەکی مەبەستداریشە بۆ تەواوکردنی وێنەی کارەکتەر"(سابیر، ٢٠١٢، ٢٧٥)، چونکە نەگونجان دەبێتە هۆکاری نەبوونی هاوئاهەنگی و لەدەستدانی هارمۆنییەتی دەقەکە، کە بنەما و بنچینەی ئیستاتیکای دەقی ڕۆماندا.

٢- کارەکتەرەکانی بەختیار لەمیانەی ڕێڕەوی ڕووداو و بەسەرهاتەکانەوە زیاتر لە ڕەهەندی ناوی کارەکتەرەکان و خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانیان ئاشنایان دەبین و مانای ناوەکانی زیاتر ڕووندەبێتەوە، چونکە بەختیار عەلی کارەکتەرەکانی لەناوەکانیانەوە خولقاندووە، بۆیە سیوەیلیی پێیوایە. کە هەموو ئەو زانیارییانە،

بــەهۆی (لــە ڕێگــەی) گێڕانــەوەی بەســەرهاتەکانیانەوە لەســەریان دەیخوێنینــەوە، دەیبیســتین. کــە دەبنــە هۆکــاری ناســین و کــامڵبوونی کارەکتــەرەکان بــە هــەموو ڕەهەندەکانیانەوە.

٣- نــاوی کارەکتــەرەکان، کــە پاشــگری وەسفیان پێوە لیکێنــراوە، واتــە هاوەڵناویــان دراوەتــەپاڵ، ئــەم جۆرەشــیان لــە ڕۆمانــەکانی بەختیارعەلیــدا زۆرن، لەمــەش چەنــد جۆرێکیان هەیە، هەندێکیان وابەستەی ڕەفتار و گفتاری کارەکتەرەکەیە وەک:(بارۆنی خەت، سەردار باشی، سابیر فەلەکزان، کچی خەیاڵ چن، کە مەبەست لەم وەسفە تریفــەی یابەحرییــە و وێنــەی خــەیاڵی لەســەر فەرشــەکانی دەچێنێت،...هتــد) لە (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا.

٤- نازناوە ناجێگیرەکان: نموونەی ئەم جۆرە ناولێنانە زیاتر لە غەزەلنوسدا دەبینرێت وەک : (ماجیدی گوڵ سۆلاف، زوهدی شازەمان) هەرچەندە ناوەکانیان لێکدراوە و بۆ خەسڵەتێکی تایبەتیی دەگەڕێتەوە، نازناوی (ماجەلانی خەیاڵ)، ماجەلانییان ڕاستەقینە لێنراوە، (موراد جەمیل)، نازناوی (نەوجەوانی چینی)یشی لێدەنرێت و حەسەن تۆفان بۆ حەسەنی بیزۆی گولاو دەگۆڕێت و دواتریش دیسانەوە دەبێتەوە بە حەسەن تۆفان و پێی ئاشنا دەبین، ئەو دیاردەیە "لەڕاستیدا بریتیە لە فراوانکردنی کردنەوەی کۆد و ئاشکراکردنی نهێنی و سنووری مانای ناوەکان" (سیوەیلی، ٢٠٠٦، ٢٦١).

٥- دووناو بۆ یەک کارەکتەر: یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلییــە، لــە بەرئــەوەی دیــاردەی دوو نــاوی بــۆ یــەک کارەکتــەر، نیشــاندان و جیاکردنەوەی دوو کەسێتی لەیەکتر جیاوازە لە یەک مرۆڤ (یەک کارەکتەر)دا، لە غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵدا نموونەی: (مەلای هاجەر، پیاوێکی لەخوداترس و ئایندارە، کە ناوێکی تری هەیە، یان بەشێکی تری، بەناوی مەلای سوختەوە، کە وەک ڕۆحی نەوجەوانی مەلای هاجەرە، مەلایەکی ناکامل لە ئەوینی بۆ بەهاربانودا دەسوتێت). هــەروەها نازنــاوی کارەکتــەری خــوازراو لــە بوونــەوەرێکی تــرەوە کارەکتەرەکە هەڵگری تایبەتمەندی و سیفاتی بوونەوەرەکەیە، وەک : لە (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا، نموونەی (خەلیل کیسەڵ، مراوی ئاوی، حاجی کۆتر، بولبولی

کوێر،...هتد) ئەمەش پەیوەندی بەو لێکچوونی کارەکتەرەوە هەیە لە (شێوە، خەسڵەت)دا لەگەڵ بوونەوەرەکەدا.

٦- نازناوی گاڵتەپێکردن (تیروتوانج): کە لە ڕۆمانەکەدا وەک تیروتوانج دراوەتەپاڵ ناوی کارەکتەرەکان، کە پێدەچێت وێنە و هاوشێوەیان لە واقیعدا هەبێت وەک ناوی بارۆنەکانی ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکەیانی خەیاڵ)دا، هاتووە (میری گەنمەشامی، میری خەنە و وەسمە، بارۆنی شیر و شەکر، بارۆنی کولەکە و بارۆنی هەنگوین، بارۆنی ئارد، بارۆنی مەیگەدە،... هتد ).

٧- نازناوی عەشیرەت و خێڵ و هۆز: ئەمجۆرەیان زیاتر لە ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)دا، ڕۆماننووس ئەو جۆرە نازناوەی بەکارهێناوە وەک (ڕێنوار زەریاواری، یاسینی قەرەقازانی، عبدالسلام ماروفی، بابەعەلی وەزیری، خانزادی، غەفاری،..هتد).

٨- ناوی دووانی: ئەمجۆرە ناولێنانە لە هەموو ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا بەزۆری هەیە، لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا، بەرچاودەکەوێت بۆ نموونە: (دەرسیم تاهیر، سەرکەوت نەزمی، گەلاوێژ تاهیر، باران شوکور، موراد جەمیل، سەراب بەهجەت، گوڵزار خالید، سەلمان نەجیب،...، هتد). لە (هەورەکانی دانیال)دا، وەک: (حامید سوڵتان، ئاسەف بورهان، سیڤەری مامە شەهاب، ئەرسەلان موفتی، مەجید مەریم، محمد صدیق، ئەحمەد سورەت، قاسم شابەنەر، ...، هتد). لە (داگیرکردنی تاریکی)دا، (عەلی ئیحسان، ئارسین تاریق، نەجیب جەلال، جەلال ئەرتوغ، دیدەم شاهین، ئیمران کارتاڵ، زینب یەڵماز، جەلال بایار،... هتد). ناوی دووانی دیاردەیەکە لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا، بە زۆری لە ڕۆمانەکانیدا پەیڕەویدەکات.

٩-جۆرێکی تر لە نازناو و ناوەلێکدراوەکان لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا، لە ڕۆمانەکانی تری ڕۆماننووس جیاوازە، چونکە زۆربەی کارەکتەرەکانی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی، لە نەتەوەی تورکن، بۆیە بۆئەوەی ڕیالیزمێکی جادوویی زیاتر بە دەقەکە ببەخشێت، زۆرتر نازناوی تورکی لێناون، وەک: (عیسمەت ئۆکتای، تاریق ئاکانسو، عەبدولڕەحمان کەساب ئۆغلۆ، مولود ئاکتورک، توغژەنەڕاڵ مستەفا باروت، کۆرکوت ئۆزاڵ، عیسمەت ئینونو، پیوک مسعود، هەیدەر گۆنای، سامی ئویزتورک،

دیدەم شاهین، ئیمران کارتاڵ،... هتد)، هەرچەندە هەندێک لە نازناوەکانی بۆ کار و پیشـــەی کارەکتـــەرەکان دەگەڕێتـــەوە، وەک: (ئـــەدمیراڵ فـــەخری، مســـتەفا بـــاروت، عبـدوڵڵای مەیتــەر، مەهــدیی تــەرجومان، مــەتین بۆســتانچی،...هتد)، بــەڵام بــە مانــا تورکییەکەی هەندێک لەو ناوانەش، ناوی ڕاستەقینە و واقیعیین لـە مێژووی تورکـەوە وەرگیــراون وەک: (عیســـمەت ئینونـــو، جـــەلال بایـــار، عـــدنان مـــەنـــدریس، یـــەڵماز گۆنای،...هتـد)، کـە ئـەو ناوانـە کارەکتـەری سـەرگۆڕەپانی سیاسـیی تورکیـا بـوون لە سەدەی ڕابردوودا، هەرچەندە یەڵماز گۆنای دەرهێنەر و ڕۆماننووس و نووسەر و ئەکتـەرێکی کـوردی زازا بـوو و بـە بـاوکی سـینەمای کـوردی دەزانرێـت،...) لـە دەقـی ڕۆمانەکەدا و لە ڕێڕەوی گێڕانـەوەی ڕووداوەکاندا ڕۆڵ و هەندێک بەسـەرهاتی ئـەو کارەکتەرانەش باسکراون، چونکە ڕۆمانەکە باس لە ڕووداوی مێژوویی و سیاسـی و داگیرکاریی تورک دەکات، بۆیە ڕۆماننوسیش ئەو کارەکتەرانەی بـەکارهێناوە، چونکـە لە بنەڕەتدا کارەکتەر هەرچەندە واقیعی بێت و وێنەو هاوشێوەیشی لە واقیعدا هەبێت، هــەر تێکەڵەیەکـە لـە منداڵـدانی خـەیاڵی ڕۆمانووسـدا کامـڵ و تـەواودەبێت و دواتـر ڕۆمـاننووس لـە کۆمەڵگەیـەکی خـولقێنراوەی گونجـاودا دەیخاتـەکار و ئەرکـەکانی پێدەسپێرێت و ڕۆڵی پێدەدات.

## ٣-٣- ڕووداوی خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا:

### ٣-٣-١-چەمک و پێناسەی ڕووداو لە ڕۆماندا:

ڕووداو بنەمای ڕۆمانە، هەموو توخمە پێکهێنەرەکانی بنیاتی ڕۆمان پێکەوە گرێدەدات، چونکە ڕووداو بڕبڕەی پشتی هەموو ڕەگەزە هونەرییەکانی تری کاری گێڕانەوەییە، ڕەگەزەکانی وەک: (گێڕانەوە، کات، شوێن، کارەکتەر، زمان،... هتد) لەبەرئەوەی ڕووداو بریتییە لە زنجیرەکردن و چنین و ڕێکخستنی کات و بەسەرهات و کردەوەکان و پۆلێنکردنیان لە یەکەیەکی گێڕانەوەی ڕێکخراودا، ڕووداو لە ڕۆماندا وەک ڕووداوی واقیعیی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ نییە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا لە واقیعەوە وەرگیرابێت، چونکە ڕۆماننووس مادده و بابەتی ڕووداوەکان لە واقیعەوە وەردەگرێت، بە هەوێنی خەیاڵ هەندێک شتی تری بۆ زیاددەکات و دەیڕازێنێتەوە بە پێی پێویستیی دەقی ڕۆمانەکە لە هەندێک دەقدا واقیع هەوێن و لە هەندێکیشدا پێچەوانەیە.

هەروەها ڕووداو بە کۆڵەکە و بنەمایەکی گرنگی کاری گێڕانەوەیی دادەنرێت، چونکە دوو ئەرکی گرنگی تریشی هەیە، کە "وەسف، گێڕانەوەی ڕووداوە، لە پرۆسەی گێڕانەوەدا بۆیە ڕووداو بە "بەشێکی تایبەتیی کرداری گێڕانەوەیی لە گێڕانەوەی چیرۆکدا دادەنرێت"(فتحي، ١٩٨٦، ١٣٧)، هەر ڕۆمانێکیش جگە لە ڕووداوی سەرەکی، چەندین ڕووداو و بەشە ڕووداو لەخۆدەگرێت، وەکو ڕووداوە لاوەکییەکان، کە بەشێوەیەکی هونەری زنجیرەیی بەپێی شوێنکات (ژینگەی)، ڕۆمانەکە ئەو ڕووداوانە پێکەوە گرێدەدرێن و دەچنرێن و ڕێکدەخرێن، بە شێوەیەکی توندوتۆڵ، بەشە ڕووداوو و ڕووداوە لاوەکییەکان ئەرکی بەستنەوە و گرێچنی ڕووداوە سەرەکی و گەورەکانیان لەسەرە، بە مەبەستی بەخشینی ئیستاتیکا و واقیعییەتێک بە ڕووداوەکانی دەقەکە و باڵا کردنی ڕووداوە سەرەکییەکە، هەروەها ڕووداو ئەو کردەوەیەیە، کە دەبێتەهۆی گۆڕینی شتێک، بابەتێک، یان دروستکردنی جوڵەیەک، یان بەرهەمهێنانی شتێک، بۆیە "دەتوانرێت ڕووداو لە ڕۆماندا بەوە دیاریبکرێت، کە گەمەیەکی بەهێزە لە نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەقی ڕۆمان و

پێکهاتــەی بــارە جیــاواز و پێچەوانەکانــە، یــان ڕووبەڕووبوونەوەیــە لــەنێوان کەســەکاندا"(زیتـوني، ٢٠٠٢، ٧٤)، لـە بەرئـەوەی ڕووداو ڕەگـەزێکی گرنـگ و بـەهێز و بنەڕەتییـە لـە ڕۆمانـدا، بۆیـە ڕۆمـاننووس لـە ڕووداوەوە دەسـتپێدەکات و ڕووداوی جۆراوجـۆر و ڕووبەڕووبوونـــەوەی کارەکتـــەرەکان بـــە وشـــە وێنەدەکێشـــێت و پێکدەهێنێت و سـازدەکات، بـەوەش ڕۆمـانێکی هونـەری لێـی دەخوڵقێنێت، هـەروەها ڕووداو جیاکـەرەوەی ژانـرە ئەدەبییەکانـە، کەواتـە ڕووداو ئـەو ڕەگـەزە گرنگەیـە، کـە ژانەرە ئەدەبییەکان لەڕووی چەمک و پێناسـەوە دیاریدەکات و جیایاندەکاتـەوە، بۆیـە دەکرێت بڵێین :"ڕووداو بڕبڕەی پشـتی هـەموو توخمـە هونەرییـەکانی (کات، شـوێن، کارەکتەر، زمان)ە، ڕووداوەکانیش واقیعـی و خـەیاڵیین، ڕووداوی ڕۆمـان هاوشـێوەی ڕووداوی واقیعیـی ژیـانی ڕۆژانەیـە" (یوسـف، ٢٠١٥، ٣٧)، ڕۆمـاننووس لـە نووسـینی ڕۆمانـدا بیرۆکـە و ئایـدۆلۆژیا و ڕووداوە جۆراوجۆرەکـان لـە دەقـی ڕۆمانەکـەدا بەرجەسـتەدەکات، بـەڵام مـەرج نییـە ملکـەچی واقیـع بێـت و بەرجەسـتەی ڕووداوە واقیعییـەکان بکات، بـەڵکو ڕۆمـاننووس لـە کارە گشـتییەکەیدا، تێکەڵەیـەک لـە واقیـع و خــەیاڵ و بــە پۆشــاکی خــەیاڵ ڕووداوەکــان دەڕازێنێتــەوە و بەرجەسـتەیاندەکات و دەیانخاتەڕوو، چونکە لە بۆتیقای خەیاڵدا جارێکی تر (واقیع و خـەیاڵ)، کـە بـریتیین لــە (مێــژوو، کــەلتــوور، واقیــع، خــەیاڵ، ئەفســانە، هەقایــەت، سەرگوزەشــتە،...هتد)، دەتوێنێتـەوە و ڕووداوێکـی تـر و واقیعێکـی تـر، بـە ئیسـتاتیکایەکی تـر دەخاتـەڕوو و پێشـانی خوێنـەری دەدات، هەرچەنـدە ڕۆمـاننووس لـە هـەڵبژاردنی ڕووداوەکاندا زۆر جـار پشـت بـە واقیـع و مێـژوو دەبەسـتێت، بـەڵام "نایـەت ڕاسـتەوخۆ کـار لـەنێو ڕووداوێکی واقیعی بکات، بەڵکو چەشنێک لـە تـاریکی و ڕۆشـنایی پێدەبەخشـێت، بەو واتەیە سەراپای ڕووداوەکە لەگەڵ ڕایەلەکانی فەنتازیا موتروبەدەکات، ئا لەو کاتەشدا سەرجەم ڕایـەڵی ڕووداوەکان چەشـنی سـێبەرێک ئاڕاسـتەدەکات و لـە نییـەتی خـۆی دەگۆڕێـت" (پیـرداود، ٢٠١٠، ١٥٢). هەربۆیــە ڕۆمــاننووس ڕووداوەکــان وەک خۆیــان ناگێڕێتـەوە، کـە لـە واقیعدا ڕوویانداوە، یـان لەوانەیـە لـە داهـاتوودا ڕووبـدەن، بـەڵکو موتروبـەیان بـە لایەنـە شـاراوە و نابەرجەسـتەکان دەکـات، کـە لـە واقیعـدا تـابۆ و قەدەغـەکراون، بـە هۆکارەکـانی (ئـاینی، سیاسـی، نەتـەوەیی، کۆمەڵایـەتـی،... هتـد). مەبەست لە ڕووداوی خەیاڵیش، ئەو ڕووداوانـەن، کە لەواقیعدا ڕوودانیـان مەحاڵـە و

نەکردەنییە، لە واقیعدا ئەوجۆرە ڕووداوە بوونی نییە، تەنها لە خەیاڵی مرۆڤەکاندا نەبێت، ڕۆماننووسیش لەسەر کاغەز بنیات و بونییان دەخوڵقێنێت، هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەشیان لە واقیعدا بوونی هەبێت، لەوانەشە پێشبینی و خەیاڵفراوانیی ڕۆماننووس هەندێک ڕووداو بخوڵقێنێت، لە داهاتوودا ڕووبدەن، یان هەر رووشنەدەن. "کەواتە ڕووداو بەشدارە لە داڕشتنی پەیکەری جەستەی ڕۆماندا، چونکە بوونی کەسایەتی لە ڕۆماندا، پەیوەستە بە بوونی ڕووداوەوە، واتە کەسایەتی بەبێ ڕووداو ناتوانێت ڕۆڵی کاریگەری خۆی بگێڕێت"(صالح، ٢٠٢٠، ٣٠٩)، لە ڕێگەی ڕووداوەوە ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان بنیاتدەنرێت و بە یەکدەگەن، هەر ئەو تایبەتمەندیەیی ڕووداوە وای لێدەکات ڕۆڵی ڕایەڵەیەک ببینێت بۆ گرێدان و پێکەوەنانی سەرجەم ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان، کەواتە گەر ڕووداو، یان هەر یەکێک لە توخمە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان خەیاڵی بێت، ئەوا ڕەگەزەکانی تریش پەیوەست و گرێدراوی یەکن، چونکە بە خەیاڵیبوونی هەر ڕەگەزێکی، ئەوانی تریش دەگرێتەوە. هەرچەندە لەنێوان ڕووداوی خەیاڵی و خەیاڵکرددا جیاوازی هەیە، ڕاستە هەردووکیان کردەی خەیاڵن، بەڵام ڕووداوی خەیاڵی ئەوجۆرە ڕووداوانەیە، کە خەیاڵییە و لە بووندا بوونیان نییە، کەچی ڕووداوی خەیاڵکرد، ئەوجۆرەیان ڕاستە خەیاڵکردن، یان خەیاڵ خوڵقاندوونی، بەڵام ئەگەری ڕوودانیان لە واقیعی ڕۆژانەدا هەیە، یان دەکرێت ڕووبدەن، دیارە ئێمە مەبەستمان لە ڕووداوی خەیاڵی، ئەو جۆرەڕووداوەیە، کە سەروو سروشتە و لە توانای مرۆیی بەدەرە، کەواتە ڕووداوی خەیاڵی ئەوجۆرە ڕووداوەیە، کە سنوورەکانی واقیع و دیاردە باو و ئاساییەکان تێدەپەڕێنێت و پشت بە توانا شاراوەکانی هێزی خەیاڵ دەبەستێت بۆئەوەی جیهانێک بخوڵقێنێت جیاواز و پێچەوانەی یاسا و ڕێساکانی واقیع و سروشت بێت، کەواتە خەیاڵ بەرەو ناواقیعییەت هەنگاودەنێت، بۆئەوەی خۆی لە کۆتوبەندەکانی واقیعی نالەبار و تاڵ ڕزگاربکات بۆیە "ئەگەر ڕووداوی واقیعی پشت بە لۆژیک ببەستێت، ئەوا فانتازیابوونی خۆی لەناو لۆژیکی بووندا دەدۆزێتەوە، هەربۆیە ئەو ڕووداوانەی لە واقیعدا ئەگەری ڕوودانیان نییە، دەشێت لە جیهانی فەنتازیادا بەرجەستە بکرێت" (صالح، ٢٠٢٠، ٣٢٤)، بۆیە ڕووداوە خەیاڵییەکان چێژێکی ئیستاتیکی بە خوێنەر (وەرگر) دەگەیەنن و کاریگەری لەسەر هەست و سۆز و هزری خوێنەر تا ڕادەی

سەرسامبوون و نامۆبوون دروستدەکەن، بەو واتایەی تا چەند ڕووداوەکان ناباو و نەبیستراو و نەبینراو بن، خوێنەر (گوێگر) زیاتر چێژ لە دەقی ڕۆمانەکە دەبینێت، لەبەرئەوەی ئەوە توانا نەبینراوەکانی خەیاڵە تیشکدەخاتە سەر شت و بابەتە پشتگوێخراو و تاریک و نەوتراو و نەبینراوەکان و ڕووداوی پڕچێژ و کاریگەری لێ دەخوڵقێنێت.

### ٣-٣-١-١- ڕووداوی خەیاڵی لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا:

ڕۆمانێکی سەرتاپای خەیاڵکردە بە موتروبەکردنی واقیع بنیاتنراوە، چەندین ڕووداوی خەیاڵکردی خودی ڕۆماننووس دەخەینەڕوو، چونکە ڕووداوەکان هەم خەیاڵیین و هەم خەیاڵکردن، کە هەندێکیان لە بووندا ڕوودانیان مەحاڵ و نەکردەنییە، ڕۆماننووس بۆئەوەی جیهانێکی خەیاڵیی فەنتازی بخوڵقێنێت، هەوڵی بەفەنتازیکردنی ڕووداوەکانی داوە و چەندین ڕووداوی فەنتازی لە دەقی ڕۆمانەکەدا بەکارهێناوە، بەپێی گونجاویی ژینگەی ڕووداوەکان و فەزای ڕۆمانەکە، بێگومان خەیاڵی خودی ڕۆماننووس و ڕووداوە واقیعییەکان و بابەتە نەبیستراوەکان (غەریزەکان)ی تاک و کۆمەڵ، سەرچاوە و کانگەی بەپێز و سەرەکیی ئەو ڕووداوانەن، کە ڕوودەدەن و لە جیهانی واقعیدا ڕوودانیان نەکردەنییە، وەک ڕووداوی لەدایکبوونی (غەزەلنوس)، کە ڕۆماننووس لە گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆدا دەڵێت: "بوونەوەرێکە ڕەگەزێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی لە لەدایکبوونیدا هەیە... ،حیکایەتی لەدایکبوونی غەزەلنوس یەکێکە لە چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەکان ... ، بەڵام بە ڕێکەوتێکی سەیر و هەلاوێردێکی خودایی، بە ڕەحمەتێک کە دەستکردی یەزدان و نیشانەی بەزەیی خودایە، غەزەلنوس وەک منداڵێکی فریشتەڕوو لە کیسێکی زیویندا لەدایکدەبێت" (عەلی، ٢٠١٤، ٢٥)، ڕووداوی لەدایکبوونی **(غەزەلنوس)** لە (بەهار بانو) لەدایکێک، کە هەرگیز لە واقعدا سێکس و سەرجێی لەگەڵ مەلای سوختەدا نەکردووە، تەنها ڕووداوی جووتبونیان لە خەیاڵدا بووە، بێگومان ئەم ڕووداوە تەنها لەخەیاڵدا ڕوودەدات، چونکە جووتبوونی هەردوو ڕەگەزی (نێر – مێ) بە خەیاڵ، منداڵی لێناخوڵقێت، منداڵ لەڕووی بایۆلۆژییەوە دەخوڵقێت ئەوەش تەنها لە جووتبوونی ڕاستەقینەی (نێر و مێ)یەک، منداڵ دەخوڵقێت. ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی سەرەکی و خەیاڵکردی خودی

ڕۆماننووسـە، کـە پێـدەچێت وەک بیرۆکـە لـە ئەفسـانەی حـەزرەتی (عیسـا)ەوە، وەریگرتبێت، لە خوڵقاندنی غەزەلنوسدا، هەروەها ڕووداوی دووگیانبوونی سەمیرە یابـەحری و لـەدایکبوونی **(تریفـە یابـەحری)**، کـە ڕۆمـاننووس بـە گێڕانەوەیـەکی ڕاستەوخۆ ڕووداوە خەیاڵییەکەی بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە، "هەمان شەو لە هەمان سەعاتدا سەمیرە یابەحریش کەوتە سەر ژانێکی توند، بە درێژایی ئەو ماوەیە کە فەوزیە دووگیان بوو، هیچ کەس هیچ ئاماژەیەکی نائاسای لە سەمیرە نەبینیبوو، ئەو شـەوەی سـەمیرە کەوتـە سـەر ژان، هـەمووان پێیـانوابوو ئـەوەش بـەزمێکی دیکـە و نمایشێکی دیکەی بەدە لە بەزم و نواندنە شەیتانی و شەڕانییەکانی ئەو، کە دکتۆریان هێنایە سەری، پزیشکێکی میسریی زیرەک و وردەکار بوو، لەمێژ بوو لەو شارەدا دەژیا، پاش پشکنینێکی ورد گەیشتە دەرەنجامێکی سەیر، سەمیرە هێشتا کچ بوو، پەردەیەکی پاکیز و ساغ و سەلامەت و جوانیشی هەبوو، بەڵام زکیشی پڕبوو" ( عەلی، ٢٠١٤، ٤٢)، ئەو ڕووداوەش لە هەمان سەرچاوە و گانکەوە وەگیراوە و هەمانشێوەی لەدایکبوونـە لەگـەڵ غەزەلنووسـدا، لـە زاری فەوزیـە خـانی یاسـەمیەوە دەربـارەی دووگیانیی سەمیرە یابەحرییەوە دەڵێت "ئەو لەگەڵ هیچ پیاوێکدا نەخەوتووە تا منداڵی ڕاسـتەقینەی ببێـت" (عـەلی، ٢٠١٤، ٤٣). لـە درێـژەی باسـکردنی ڕووداوی دووگیـانیی سـەمیرەدا، دەڵێت: ئیرەیی وای لـە سـەمیرە کردووە شـەوانە لەگـەڵ چەندین پیاوی خەیاڵکردا بخەوێت، ئەگەر بە خەیاڵیش بێت منداڵێکی ببێت، هەروەها فەوزیە دەڵێت "تریفـە یابـەحری لـەفووی بونـەوەرە خەیاڵییـەکان دروسـتبووە" (عـەلـی، ٢٠١٤، ٤٣)، خوڵقانـدنی ئـەوجۆرە ڕووداوە خـەیاڵکردو فەنتازییانـە، بـۆ خۆڕزگارکردنـە لـە کۆتوبەندەکانی کۆمەڵگە و ئایین و .... هتد، هەروەک ڕووداوی خۆناساندنی مەلای سوختە، کە نیوەکەی تری مەلای هاجەرە لەم ڕووداوە خەیاڵییەدا، کە گوزارشتە لە ناخ و دەروونی مەلای هاجەر بەمشێوە لە نامەکەیدا بۆ غەزەلنوس (بەهمەن)ی کوڕی دەڵێت: "بەهەمەنی عەزیزمان ... هەژدە ساڵ لەمەوبەر... هەژدە ساڵ لەمەوبەر لە شەوێکی ساف و سامالدا، سەرگەرمی نیگاکردنبووم لە بەحری ئەستێرە، لەناکاو پیرێـک لـەدەرگای دام، پیرێکـی ئـاگرین و ڕووگـرژ، پیرێـک نیگـای لـە نیگـای ئـەو ئەهریمەنانە دەچوو کە نەقاشە کۆنەکان لەسەر بەرگی کتێبێک لە کتێبەکانی دۆزەخ دەیکێشن، پیرێکی سەیر، هەر غەزەلێک من لەبەرم بوو، ئەویش لەبەری بوو، هەر

شیعرێک من نوسیبووم، ئەو چاکتر و باشتر دەیوتەوە، وەک بەشێ لەمن خۆی بە من ناساند، وەک سێبەرێکی من و نیوەیەکی تری من خۆی نواند، وەک دڵێکی وشکەنە و بەردسروشت بێڕەحم بوو، بەمنی گووت من نیوەکەی تری تۆم، ئەو نیوەیەی سی و پێنج ساڵە لە سەردابێکی تاریک و ترسناکدا دیلتکردووم، من نیوە خنکاو و بەدبەختەکەی تۆم، منیش باوەڕم پێکرد" (عەلی، ٢٠١٤، ١١٤)، لەو ڕووداوی یەکترناسینی مەلا سوختە و بەهەمەن ناسر(کوڕ و باوک))دا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا ڕۆماننووس توانیویەتی گوزارشت لەو نیوە تاریکەی ناخی زۆربەی تاکەکانی ناو کۆمەڵ بکات، بێگومان ئەو جۆرە ڕووداوانە لە واقیعدا و لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە ئەگەری ڕوودانیدا پێدەچێت ببێتە هۆکاری کوشتن و سەرهەڵدانی شەڕی هۆز و عەشیرەت و کوشتنی دەیان پیاوی بەدواوەبێت، بۆیە ڕۆماننووس هاتووە گوزارشت لەو نیوە تاریک و ترسناکەی ناخی مەلای هاجەر دەکات، کە دواجار دووکەسایەتیی دژبەیەک دەخوڵقێنێت، بۆ ئەو ڕووداوە خەیاڵییە فەنتازیا ئامێزە، واتە جیابوونەوەی دیوی ناوەوەی کەسێک وەکو کەسێکی کامڵ و تەواو، ئەمەش خەیاڵێکی داهێنەرانەی لە دەقی ڕۆمانی کوردیدا، بەختیار پەیڕەویکردووە.

بەختیار لە خوڵقاندن و داهێنان و گێڕانەوەی ڕووداوی خەیاڵیدا، دەستێکی ڕەنگین و باڵای هەیە، ئەوەش بۆ شارەزایی تەواوی ڕۆماننووس لە ئەفسانە و هەقایەتە کۆنەکان دەگەڕێتەوە و سوود لێ وەرگرتنیان و بەکارهێنانیان وەک هەوێن بۆ کاملبوون و مەینی ڕووداو و ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان (وەک هەوێنی ماست)، چونکە سوودی زۆری لێیان بینیوە لە خوڵقاندنی ڕووداوی خەیاڵی و فەنتازیدا، وەک لەم ڕووداوەدا دەردەکەوێت، کە لە زاری سەلما نەجیبەوە دەڵێت: "کە یەکەمجار لەگەڵ موراد خەوتم، وامدەزانی ئاساییە، بەڵام دواتر کۆمەڵێک وردە ئەستێرە لە سەر شانم دەرکەوت، کۆمەڵێک ئەستێرەی ڕاستەقینە و درەوشاوە، لەزۆر شوێنی لەشمدا، موراد لەهەر جێگایەک، لەگەڵ هەرکچێک یان ژنێکدا بخەوتایە کۆمەڵێک ئەستێرەی لەدوای خۆی بەجێدەهێشت، لەنیوان مەمکیدان لەسەر شانی، لەهەر جێگایەکی تردا، کە تۆ خەیاڵت بۆی دەچێت، هەندێکجار ئەستێرەی لەسەر دیوارەکانیش

بەجێدەهێشت، ئەستێرەی گەورە گەورە کە تاماوەیەک لەهەوای ماڵەکەدا دەمانەوە، من ئەستێرەکان وەرزیان نەکردم، دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە دەرگای ژوورەکەم دادەخست و خۆم ڕووتدەکردەوە و سەیری ئەستێرەکانم دەکرد، هەندێکجار کە زۆر مەست و حەیران بوومایە ئەو ئەستێرانەم چەند ڕۆژێک لەسەر لەشم دەمانەوە"(عەلی، ٢٠١٤، ١٣٢)، ئەو ڕووداوەش بێگومان یەکێکە لەو ڕووداوە خەیاڵی و فەنتازییانەی، کە ڕۆماننووس سوودی لە ئەفسانە و داستانە کۆنەکان وەرگرتووە، چونکە ڕووداوی جووتبوونی ژن و پیاوێک لە واقیعدا، بەهیچ شێوەیەک و نەکردەنییە دوای جووتبونیان ئەستێرە چ لە جەستەی ژنەکەدا، چ لە شوێنی جووتبووندا دەربکەوێت، لە ژیانی واقیعدا شتی وا ڕوونادات، لەلایەکی تریشەوە (موراد جەمیل- نەوجەوانی چینی) لە بنەڕەتدا خۆی کەسێتییەکی خەیاڵی و بەشەکەی تری غەزەلنووسە ولە خەیاڵی غەزەلنووسدا (موراد جەمیل) خوڵقێنراوە، چونکە غەزەلنووس غەریزەی گەنجی و قۆزی و مومارەسەی سێکسی لەناخەوەی خۆی کپکردووە، بەڵام جۆرە ئاوات و حەزێکی هەبوو وەک گەنجێکی جوان لە گەڵ کچ و ژنی جواندا ئەو جۆرە حەزە سێکسییە جێبەجێبکات، بەڵام نەیدەتوانی، ئەو سێ ڕووداوە ڕووداوی سەرەکیی ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)ن، ئەوجۆرە خەیاڵە هەوێنی واقیعی تێدایە، بەڵام لە ڕاستەقینەدا ڕوودانیان مەحاڵ و نەکردەنییە، هەروەها چەندین ڕووداوی تری لەو جۆرە ڕوویداوە.

جیابوونەوەی موراد جەمیل لە غەزەلنووس، واتە جیابوونەوەی دیوی ناوەوەی غەزەلنووس وەک کارەکتەرێک، حەز و ئارەزووی چەپێنراوەکانی غەزەلنووسی جێبەجێدەکرد، هاوشێوەی ڕووداوی جیابوونەوەکەی (مەلا سوختەیە لەمەلای هاجەر)، غەزەلنووس بەمشێوەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، "موراد جەمیل لە شەودا دەرکەوت، من لەنێوان خەون و وڕیادا هاتوچۆمدەکرد، گەنجێک دەرگای کردەوە و گووتی: (غەزەلنوس ناتوانێت تاقیامەت لێم هەڵبێت، من دیوە ڕاستەقینەکەی تۆم ... من ئەوەم، کە تۆ خەونی پێوە دەبینی) گەنجێکی ئێجگار جوان بوو، دەرکەوتنی بەو جۆرە کتوپڕە دەرکەوتنی مەلای سوختەی بیرخستمەوە لە خەڵوەتگاکەی مەلای هاجەردا، یان بە پێچەوانەوە دەرکەوتنی مەلای هاجەر لە غەزەلخانەکەی مەلای

سوخته)...، پیاوان ساتێک من لە خەیاڵەکانیاندا دەبینن، کە بیر لەوە بکەنەوە بە پلەیەک قۆز و ناوازە بن ڕوخساری فریشتە وەربگرن ...، کە مرۆڤ بۆ جۆرە ڕوخسارێکی جوان گەڕا کە ڕوخساری خۆی نەبێت، ئەوسا من دەدۆزێتەوە" (عەلی، ٢٠١٤، ٣٢٨ – ٣٢٩).

ڕووداوی جیابوونەوەی (نەوجەوانی چینی – موراد جەمیل) لەغەزەلنووس یەکێکی ترە و لە خەیاڵە و فەنتازیانەی، کە داهێنانێکی تری خودی بەختیارە، بۆ دەرخستنی لایەنە چەپێنراوەکانی تاکی کۆمەڵگە، کە توانای جێبەجێکردنی ئەو جۆرە حەز و ئارەزووەیان نییە، ڕووداوەکەش لە واقیعدا نەکردەنییە، هەروەها ڕووداوی ئاشکرابوونی (نەوجەوانی چینی – موراد جەمیل) لەلایەن غەزەلنووسەوە، بە هەمانشێوە ڕووداوێکی خەیاڵییە، چونکە مرۆڤ هەرگیز نابێت بە دوو کەسێتی جیاواز، پێدەچێت هەندێک مرۆڤ لە ناخەوە چەند ڕوویەکی هەبێت، بەڵام هەرگیز ناکرێت و نابێت دوو کەسایەتی لەیەککاتدا جیاواز بن و بە دوو ناوە مومارەسەی حەز و ئارەزووی یەکتر بکەن، ئەم ڕووداوە تەنها بەخەیاڵ دەکرێت و لە ژیانی ئاساییدا نەکردەنییە، کەواتە ڕووداوەکە خەیاڵکرد و فەنتازییە، بۆیە غەزەلنوس بەردەوام دەبێت لە گەڕان بە دوای ئەوەی تا بزانێت لە غەزەلەکانیدا ناوی (نەوجەوانی چینی) لە کوێدا هاتووە، تا بیدۆزێتەوە، غەزەلنووس بۆ ماجیدی گوڵ سۆلاف ڕووداوی دۆزینەوەی (نەوجەوانی چینی) لە دێڕە شیعرەکانیدا، دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "کە ئەو شەوە غەزەلەکانم دۆزییەوە، تێگەیشتم نەوجەوانی چینی، منم ... تێگەیشتم ئەو پیاوە بەشێکە لە ڕۆحی من، بەشێکە لە وجودی من، دیوێکی تری منە کە تا ئێستا لێیڕادەکەم، دیوێکی ترسناکی منە، کە نازانم ئاخۆ بکەومە جەنگەوە لەگەڵیدا یان ملکەچیبم و لێگەڕێم یاریی خۆی بکات" (عەلی، ٢٠١٤، ٣٣٢)، چونکە ڕۆماننووس لەگێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆدا بۆ شیکردنەوەی هەردوو حاڵەتی ڕووداوی جیابوونەوەی (مەلا سوختە لە مەلای هاجەر، نەوجەوانی چینی لە غەزەلنوس)، کە دوو ڕووداوی خەیاڵیی فەنتازین دەڵێت: "هەموو مرۆڤێکی ئەم شارە بۆ دیوە خەیاڵییەکەی خۆی دەگەڕێت، ئەم شارە هەموو مرۆڤێک دەکات بە دووکەرتەوە، مرۆڤ لەم شارەدا تەنیا دەتوانێت نیوەی خۆی هەڵبژێرێت، بەشێکی بچووکی خۆی

هـەڵبژێرێت و بـەو بەشـەوە بـژی، هـیچ مرۆڤێـک نییـە سـەرتاپا و جـودی خـۆی ئاشکرابکات"(عەلی،٢٠١٤، ٣٣٢).

بە تـەواوەتی ئـەوە ئـەو لایەنەیە، کە وای لـە ڕۆمـاننووس کردووە پەناببات بۆ گوزارشـتکردن لـەوجۆرە حـەز و ئارەزووانـە بـۆ ئـەوەی خـۆی ڕزگاربکـات لـەو کۆتوبەندانەی، کە کۆمەڵگە و ئایین و سیاسەت بەسەر تاکەکاندا سەپاندوونی.

ڕووداوی کۆبوونەوەی بارۆنی خەیاڵ لەگەڵ رۆحلەبەرە، خەیاڵییەکاندا "شـەوێک لەگـەڵ هـەموو ئـەو ڕۆحلەبـەرە خەیاڵیانـەدا کۆبوومـەوە، کـە لەگـەڵ ئـەو سـەرزلە گوێتـەڕەدا پـەیمانیان مۆرکردبـوو، کۆمـەڵێک خـەڵک بـوون لەشـکرە گەورەکـەی غەزەلنوس، ئەوانەی خولیایان بوو شتێک لە خەیالاتیان بکەن بە ڕاست" (عەلی، ٢٠١٤، ٤١٧) ئـەو کۆبوونەوەیـە ڕووداوێکـی خـەیاڵی و نەکردەنییـە، چونکـە مرۆڤـی ئاسـای ناتوانێـت لەگـەڵ ڕۆحلەبـەرە خەیاڵییەکانـدا کۆبێتـەوە، هەرچەنـدە ئەگـەر بـارۆنی خەیاڵییش خودی خۆشی خەیاڵی بێت.

بێگومـان ئـەو ڕووداوەش بـۆ زیـاتر خەسـتکردنەوەی بابەتـە خەیاڵییەکانـە، واتـە پێکەوە گرێدانی ڕووداوەکـان و زیـاتر ڕۆچوونـە بـە قوڵایی خەیاڵدا و دروسـتکردنی هارمۆنیـەت و گرێـدانی ڕووداوە خەیاڵییـەکان و بەخشـینی چێـژی ئیسـتاتیکییە بـە خوێنەر، هەروەک ڕۆماننووس لە زاری بارۆنی خەیاڵەوە دەڵێت: "بیرۆکەی سـەرەکیم ئـــەوەبوو کـــە شـــاری خـــەیاڵی دەبێـــت لەســـەر تێکـــەڵبوونی ســـێ جـــۆر جـــوانی دروستبووبێت، یەکەم جوانیی بینا و خانوبـەرە و باغـەکانی، دووەم جوانیی ژیـان و هارمۆنییەتی نێوان ئادەمیزادەکان، سێیەم جوانیی خەیاڵ، کە سەرچاوەی بەردەوامیی مانەوەی جوانییەکانی ترە" (عەلی، ٢٠١٤، ٤١٧)، ئەو شارە خەیاڵییە جوانـەی، کە بـارۆنی خـەیاڵ باسـیدەکات، دەتـوانین بـە دەقـی ڕۆمـانی (غـەزەلنوس و باغـەکانی خـەیاڵ)ی، بچـوێنین، چونکـە ئـەوەی بـارۆنی خـەیاڵ (ڕۆمـاننووس) باسـیدەکات، سـێ بنـەمای سـەرەکیی ئیسـتاتیکان و بـە تایبـەتیش لـە باسـی جوانیی خەیاڵدا، کـە بەسـەرچاوە و مانەوەی هەموو جوانییەکانی دەزانێت، بێگومان ئەوە وەسفە، کە (بنیات و هارمۆنیەت و جـوانیی خـەیاڵ)ە، ڕۆمانەکـەی لـە سـەر بنیاتنـاوە و ئیسـتاتیکایەکی خـەیالی لـە پزدانی خەیاڵدا خوڵقاندووە.

### ٣-٣-١-٢- ڕووداوی خەیاڵی لە ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)دا:

ڕووداوی خەیاڵی لەم ڕۆمانەدا، بریتییە لەو ڕووداوانەی، کە لەناو خەونەکانی خەڵکی شاری دێلاوارەوە سەرچاوەدەگرن، دەبنە هۆکار و بنەما بۆ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، لەڕووداوێکی خەیاڵکرددا، کە ڕۆماننووس سەنتەری دەقی ڕۆمانەکەی لەسەر بنیاتنراوە، ڕووداوی خەونبینینی میر ئەودالە "میر ئەودال دەیزانی کە بۆیە هاتۆتە ئەم خەونەوە تا ئەو پیاوە بیکوژێت، دەیزانی کە ئەم چارەنووسە، ئەم قەدەرە خوێناوییە زادەی خەون نییە، بەڵکو جێگایەکی قوڵتری هەیە، وەک قەدەرێکە کە خۆی (دەسەڵاتی بەسەردا نییە)" (عەلی،٢٠١٧، ١٦)، دووبارە بوونەوەی ئەو خەونە ترسناکە خەیاڵکردەی ڕۆماننووس لە خەونی میر ئەودال و خەڵکی شاری دێلاواردا، ڕووداوی سەیر و خەیاڵی لێ دەخولقێت، وەک بڵاوبوونەوەی خەونەکانی دانیاڵ کە پیاوێک لە خەونەکانیدا دەردەکەوێت و تەورێکی بە دەستەوەیە و دەیەوێت سەرییبپەڕێنێت، ڕێنوار زەریاواری گێڕەرەوەی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەڵێیت: "چەند ڕۆژێک پێشتر هەواڵەکە هاتبوو، کە لە زیندان نەخۆشییەکی دەروونیی بڵاوبۆتەوە وەک هەرتاعونێک، کە ڤایرۆسەکەی لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوازرێتەوە، مەترسیی ئەوە هەیە، لە ماوەیەکی کورتدا دەردەکەوێت تەواوی زیندانییەکان و پاسەوانەکانیش بگرێتەوە" (عەلی، ٢٠١٤، ٢٦ – ٢٧)، ئەو ڕووداوە خەیاڵییە، چونکە لە ژیانی واقیعیدا خەون بینینی کەسێک لەکەسێکی تری جیاوازە، لە بەرئەوەی خەونەکان پەیوەندییان بەکار و خولیاو ئارەزووی کەسەکەوە هەیە، ناکرێت دوو کەس، یان زیاتر هەمان خەون و هەمان پیاوکوژ لە خەونەکانیاندا هەبێت و بە هەمانشێوەش بیانکوژێت، ڕێنوار دەگێڕێتەوە دەڵێت: "چیرۆکی ئەو خەونە بەجۆرێکی وەها خێرا تەشەنەیدەکرد، ئێمەی تەواو پەرێشان کردبوو، عیادەکە بوو بە یەکێک لەو جێگا سەرەکییانەی چیرۆکەکان ڕوویان تێدەکرد" (عەلی، ٢٠١٧، ٧٣ )، ئەو خەونە خەیاڵییە بەهەموو شاری دێلاواردا بڵاودەبێتەوە، بۆیە ڕێنوار زەریاواری بەگومانەوە لە د.سیامەندی مامی پرسیاردەکات و دەڵێت: "بەڵام قەت بووە پێشتر شارێک لە شارەکان هەموو یەک خەون ببینن، چۆنە شتێکی وەها لێرە ڕوویبدات" (عەلی، ٢٠١٧، ٩٠)، دیارە ڕۆماننووس بەمەبەست ئەو خەونە خەیاڵییەی خولقاندووە، بۆئەوەی بچێتە سەر بابەتە

دەروونییەکان، کە ئەویش ترسی خەڵکی دێلاوار (کوردستان)ە، کە هەمیشە ترسیان لە داگیرکردنی خاکەکەیانە لەلایەن دوژمنەکانیانەوە، کە دەبێتە هۆکاری بینینی ئەو جۆرە خەونە ترسناکانە و دواتریش بەکارهێنانی ڕووداوی خەونبینینەکانی خەڵکی دێلاوار (کوردستان) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە واقیعی خەڵکی کوردستانەوە.

هەروەها بڵاوبوونەوەی هەواڵی هەر سێ ڕووداوە خەیاڵییەکەی ناو دەقی ڕۆمانە لە تەلەفزیۆنەکانەوە، کە پێدەچێت ئەوجۆرە ڕووداوانە هەندێک هەوێنی واقیعی تێدابێت و ڕەگ و ڕیشەی لە واقیعدا بوونی هەبێت، بەڵام بە هەمانشێوە و چنین نییە، بەڵکو بەمشێوەیە ڕێنوار زەریاواری ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە "کەسمان ئاگاداری دەنگوباسە سەیرەکانی ئەو ڕۆژە نەبووین، دواتر زانیمان کە لەهەمان کاتدا تەلەفزیۆنەکان ڕاپۆرتیان لەسەر ڕوودانی سێ پێشهاتی ناخۆش داوە، کە هەرسێکیان دۆخێکی شڵەژاو و نائاساییان لە دێلاوار دروستکردبوو، ڕۆژی پێشتر، کوڕی جێگری فەرمانداری دێلاوار لە کاتی ئەسپسواریدا لە دەرەوەی دێلاوار بە دەستی هەندێ نەناس فڕێنرابوو، بەشێوەیەکی دڕندانە سەربڕدرابوو، لاشەکەشی شەو لەسەر یەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی دێلاوار فڕێدرابوو، لەلایەکی ترەوە دەیان ماسیگر لە دەریاچەیەکی سەر سنووردا بە دەستی تاقمێک لەخەڵکانی توندڕەویی مەمەد حەسار، گیرابوون و قولاپ خرابووە گەروویان و لاشەکانیان شێوێنرابوو، هەواڵی سێهەمیش ڕوودانی شەڕێکی نائاسایی بوو لە خوێندگایەکی دێلاواری باشووردا لەنێوان کەسانێکدا، کە خەونە ترسناکەکە دەبینن و کەسانێک، کە نایبینن ... شەڕێک دوازدە قوتابی پۆلێکی تیا دەسووتێت، کاتێک دەستەیەک خوێندکار کە ئەو خەونە دەبینن، کۆمەڵێکی دی لە ژورێکدا دیلدەکەن و ئاگریان دەدەن" (عەلی، ٢٠١٧، ١٣٧– ١٣٨). ئەو سێ ڕووداوە جیاوازییان هەیە، چونکە ئەگەری ڕوودانی فڕاندن و کوشتنی کوڕی سەرۆکێک و کوشتنی ماسیگرەکان، یان هەرکەسێکی تر لەلایەن تاقمە توندڕووەکانەوە شێواندنی لاشەکەیان لە واقیعیشدا ئەوجۆرە ڕووداوانە ڕوویانداوە، یان هاوشێوەیان لە واقیعدا هەیە و ئەگەری ڕوودانیان هەیە، کەواتە خولقاندنی ئەو دوو ڕووداوە هەرچەندە خەیاڵکردن، بەڵام

لە واقیعەوە سەرچاوەیانگرتووە، بەڵام ڕوودانی شەڕێکی نائاسایی لە خوێندگەیەکدا، لەسەر خەوبینین و خەونەبینین، لەو باوەڕدا نییە ڕوویدابێت، بۆیە ڕووداوێکی خەیاڵییە و لە بووندا ڕووداوی هاوشێوەی لەناو واقیعی دێلاوار (کوردستان)دا، تا ئەمڕۆ ڕووداوی لەو شێوەیە ڕووینەداوە، پێدەچێت لەسەر بیروباوەڕی حیزبی، یان ئایینی، یان کۆمەڵایەتی شەڕ و کوشتن ڕوویدابێت، بەڵام لەسەر خەون بینین ڕووداوی لەو جۆرە ڕووینەداوە، کەواتە بوونی ڕووداوەکانی تریش هەرچەندە ئەگەری هەبوونیان هەبێت لە واقیعدا، خەیاڵی و خەیاڵکردی ڕۆماننووسن.

بێگومان ڕووداوی خەونبینینەکەی خەڵکی دێلاوار، ئەو خەونە دەپەڕێتەوە ناو واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، چونکە ئەو خەونە فۆبیایەکی ترسناک لە ناخی خەڵکەکەدا دەخوڵقێنێت، بۆیە (د.سیامەند) دەڵێت: "ترسەکە شتێکە لەناخی خەڵکی دێلاواردا هەیە، پێویستی بە هیچ بەهانەیەک نییە بۆئەوەی زیندووببێتەوە، زۆربەی نەخۆشەکان هەستدەکەن کارەساتێک بەڕێوەیە، شتێک وەک بوومەلەرزە، یان تۆفان، یان چ شتێک لە تاعونی ڕەش کە لەزەمانی زوودا بووە، زۆربەی نەخۆشەکانی قسە لەوجۆرە ترسە دەکەن، پێشیان وایە نەفرەتێک دوعایەکی خراپ لەشارەکە کراوە، هەرکەسێک بێتو ڕقی لە یەکێک بێت، ئەو بە تاوانبار دەزانێت، ئەمڕۆ نەخۆشێکم هەبوو، خوشکە بچووکەکەی خۆی، کە تەمەنی شەش ساڵە بە مایەی نەگبەتی هەموو شارەکە دەزانێ" (عەلی، ٢٠١٧، ١٤٩)، ئەو ڕووداوە خەیاڵییە، کە لە خەوێکی ترسناکەوە دەپەڕێتەوە بۆ ناو واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، چونکە لە بنەڕەتدا خەونەکان لە واقیعی ناوەوەی کەسەکانەوە سەرچاوەدەگرن، بۆیە دووبارە دەبنەوە ترس، یان خۆشی و ناخۆشی لە ژیانی ئاسایشدا ڕەنگدەدەنەوە، ئەوە ئەو خەیاڵە ئیستاتیکییەیە، کە ڕۆماننووس لە واقیعی بەرجەستەوە واقیعێکی تر دەخوڵقێنێت، کە گوزارشت لە ناخی تاکەکان و پرسەکانی کۆمەڵگە بکات.

ڕووداوی نەخۆشکەوتن و چاکبوونەوەی پادشا بە دەستی دانیال، هەرچەندە، کۆمەڵێک شیکردنەوەی لە دەقی ڕۆمانەکەدا، بۆ کەسێتیی دانیال کراوە، بەڵام لێرەدا وەک پزیشکێک دەردەکەوێت، سەرەڕای ئەوەی دانیال لە خەونی خەڵکی دێلاواردا دەردەکەوێت، بوونی نییە، ڕووداوی چاکبوونەوەی پادشا، کە ڕۆماننووس

هاوشـێوەی گێڕانـەوەی ئەفسـانە کۆنـەکان ڕووداوەکـە دەگێڕێتـەوە، ڕووداوەکـەش خەیاڵییە، کە گێڕەرەوە دەڵێت: "دانیال مانگێک لە کەژ و پێدەشتی ئـەم هەرێمانـەدا گیا کۆدەکاتەوە و ئاوێتە دروستدەکات و مەرهـەم دەگرێتـەوە، کـە دەگەڕێتـەوە دەکەوێتە سەر کارو لە ماوەیەکی کەمدا حاکم وای لێدێت دەست بە هەندێ کاروباری ڕۆژانەی خۆی بکاتەوە، دەڵێن لەماوەی ساڵێکدا حاکم تا ئەندازەیەکی زۆر بۆتەوە بە مرۆڤێکی ئاسـایی و لـە پاداشـتی ئـەو دەرمـان و چارەیـەدا، دانیـال ئـازاد دەکرێـت و ئیـدی ناگەڕێتەوە زیندان"(عـەلی،٢٠١٧، ١٩٨)، ئـەو ڕووداوە ڕووداوێکی خـەیاڵکرد و خـەیاڵییـە، ڕەگ و ڕیشـەی لـە ئەفسـانە کۆنەکانـەوە وەرگیراوە، هـەروەک پرۆفیسـۆر بـەهنام بـۆ ڕێنـوار زەریـاواری دەیگێڕێتـەوە، دەڵێـت:"چیرۆکی دانیـال وەک هـەموو چیرۆکـەکانی تری دونیا ڕەنگە بەشێکی خەیاڵ بێت" (عـەلی،٢٠١٧، ١٩٦)، هـەروەها وێنەکێشـانی پیـاوی نـاو خەونـەکانی خـەڵکی دێـلاوار لەلایـەن سـێ وێنەکێشـەوە و دواتـر بڵاوکردنـەوەی وێنـەکان لـە ڕۆژنامـە و تەلەفزیۆنەکانـدا، کـە ڕێنـوار دەیگێڕێتـەوە، دەڵێت: "بـۆ ڕۆژی دوایی سەدان وێنەیان لە جێگای کتێبەکاندا هەڵواسیبوو، وێنەکان لە هەموو جێگایەکدا بـوون، تـەواوی دێـلاواری ڕاوی تارماییـەکی دەکـرد کـە لـە خەونەکانیـدا دەیبینـی ... تـەواوی دێـلاوار بـە دوای تاوانبارێکـەوە بـوو، کـە نەمانـدەزانی ئایـا تـەنیا زادەی خەونەکانە یاخود بوونەوەرێکی ڕاستەقینەیە" (عەلی، ٢٠١٧، ٢٣٢)، ئـەو ڕووداوە یـەکێکی ترە لە ڕووداوە خەیاڵییانەی کە ڕۆمـاننووس توانیویـەتی بـە خـەیاڵ مـەودا و دیـواری نێوان (خـەون و ڕاسـتی) بڕوخێنێت و خەونـەکان بخاتـە ئاڕاسـتەیەک، کـە کاریگـەری لەسەر واقیع و ڕاستەقینە دروستبکات و هەر خەونەکانیش ڕووداوەکان ئاڕاستەبکەن و ڕووداویـش بخـوڵقێنن، تێکـەڵکردنی (خـەون و ڕاسـتی) تـەنها لەخەیاڵـدا دەکرێـت، چونکە دوو جیهانی جیاوازن لە یەکتری، هەرچەندە خەون پەیوەستە بەکار و حـەز و ئارەزووی کەسـەکە و ژیـانی ڕۆژانـە و ڕۆژی ڕابـردووی کەسـەکەوە، نـەک ڕۆژانـی داهـــاتووی کەســـەکانەوە، لـــەو ڕووداوە خەیاڵییـــەدا ڕۆمـــاننووس بەشـــێوازێک ڕووداوەکـەی خوڵقانـدووە، کـە خوێنـەر بیـری بـۆلای ئـەوە نـەچێت، کـە لـە بنەڕەتـدا ڕووداوەکـە خەونـەو پەڕیوەتـە نـاو واقیعـی ژیـانی خـەڵکی دێـلاوارەوە، ئەمـەش مەزراندنێکی داهێنەرانەیە لەبـەرکاهێنانی خەونـدا بۆ خوڵقاندنی ڕووداوەکان لـەدەقی ڕۆمانـدا، کـە ئیسـتاتیکایەکی هـارمۆنی بـە ڕووداوەکـە و دەقەکـە بەخشـیوە، چونکـە

خوێنەر چێژ لە ڕووداوی نەکردەنی و سەیروسەمەرە دەبینێت، ڕووداوە واقیعییەکان بۆ خوێنەر چێژێکی ئیستاتیکی نابەخشن، بۆیە دوای وێنەکێشانی وێنەی پیاوە فیتنەکارەکە، دوای بڵاوبوونەوەی لەناو شاردا دەیان ڕووداو دەخوڵقێت، گێڕەرەوەی سەرەکی دەڵێت: "هەفتەیەکی نەبرد لە یەکێک لە گەڕەکە هەژارەکانی دێلاواری خۆرئاوادا، چەمعێکی شێت و گڕگرتوو، دەیان خەڵک کە هیستیریایەکی لەناکاو دەیانگرێت، پیاوێک لە ماڵی خۆی کێشدەکەنە دەرێ و تۆمەتی ئەوەی دەدەنێ، کە فیتنەبازی سەر وێنەکە بێت، هەندێ لە دێلاوارییەکان ناوی سەر نیگارەکە دەنێن فیتنەکار ... یەکێک لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن دیمەنی ئەو حەشاماتەی گرتبوو کاتێک پەلاماری تاوانباری ناوبراو دەدەن"(عەلی، ٢٠١٧، ٢٣٣)، ئەو ڕووداوە خەیاڵییە ڕووداوێکی لاوەکییە خوڵقێنراوە بۆ گەورەکردن و باڵاکردنی ڕووداوە سەرەکییەکە (خەونی خەڵکی دێلاوار) کە خەونەکەش لە ترسەوە دروستبووە، ڕۆماننووسیش بەمەبەستی خستنەڕووی لایەنی دەروونی خەڵکی دێلاوارە، ئەو ڕووداوانەی خوڵقاندووە، بێگومان مەزراندنێکی هونەرمەندانەیە بۆ گوزارشتکردن لەو بارە دەروونییە ناجێگیرەی خەڵکی دێلاوار لەهەموو سەردەمەکاندا، هەروەها بەهۆی لێکچوونیان لەگەڵ پیاوی سەر وێنەکان، هەشت کەس گیراون و چەندین کەس دەکوژرێن و ئەشکەنجە دەدرێن و هەندێکیش خۆیان دەشارنەوە، هەموو ئەو ڕووداوی کوشتن و بریندارکردنە، لە پزدانی ڕۆماننووسدا خوڵقێنراو و لە بووندا هەبوونی ڕووداوی لەوجۆرە نەکردەنییە و بوونی نییە، ئەو بەشە ڕووداوە لاوەکییانە، چەند ئەرکێکیان هەیە وەک: گرێدان (چنین)، وەسفکردن و گەورەکردنی ڕووداوی سەرەکی، جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقەکە بەو ڕووداوە لاوەکییانە وسەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ دەقی ڕۆمانەکە، هەروەها ڕووداوی هەڵهاتنی دانیال لە زیندانی دێلاوار"هەڵهاتنی دانیال شیرازەی ژیانی لە دێلاوار تێکدەدات، شارەکە دەکەوێتە ترسێکی گەورەوە، لەماوەی دوو هەفتەدا پتر لە سەد کەس بە تۆمەتی ئەوەی لەدانیال دەچن لە شوێنی جیاواز جیاوازدا و بەشێوەی دڕندانە سەریان دەپەڕێنرێت و لاشەکانیان دەسوتێنرێت لەگەڵ دانیالدا مێژووی قڕان و قەسابخانە دەستپێدەکات"(عەلی، ٢٠١٧، ٢٦١)، ئەو ڕووداوەش ڕووداوێکی لاوەکی و خەیاڵییە، هەرچەندە لە تەوەرەکانی تردا ئاماژەمانپێدا، کە دانیال (هەورەکانی دانیال)

لەئەفسانەی چیرۆکە ئایینییەکانەوە وەرگیراوە، بەواتایەی، کە لە بنەڕەتدا کارەکتەری دانیال یەکێکە لە پەیامبەرانی خودای گەورە، خودای گەورە توانای شیکردنەوەی خەونەکان و خەونی (موعجیزەی) دەبینی و پێش ئەوەی کارەساتێک ڕووبدات، ئەو خەونی ئەو کارەساتەی دەبینیت، ئەو ڕووداوە ئەفسانەییان ڕۆماننووس بەکاریهێناوە و چەندین ڕووداوی خەیاڵی لێ خوڵقاندووە، بەڵام بەهەوێنی واقیعی ژیانی خەڵکی دێلاوار، کەواتە لەبەرئەوەی کارەکتەرەی خەونەکان و خەونەکانیش خەیاڵین و لە هزر و خەیاڵی ڕماننووسدا سازێنراون و پێکەوەنراون، بۆیە ڕووداوەکانیش هەندێکیان خەیاڵیین و هەندێکیشان خەیاڵکردن، مەبەستی ڕۆماننووس خوڵقاندنی ئەوجۆرە ڕووداوە ڕیالیزمە جادووییەیە، تاوەکو وێنەیەکی تری ناوەوەی خەڵکی دێلاوار(کوردستان) پێشانی خوێنەر بدات.

## ٣-٣-١-٣- ڕووداوی خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا:

ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەسەر دوو ڕووداوی سەرەکی و چەندین ڕووداوی لاوەکی بنیاتنراوە، یەکەمیان ڕووداو و بەسەرهات و ژیانی خێزانی (تاریق ئاکانسو)ی کەمالیست دوای گەیشتنی بە ئامەد لە ساڵی (١٩٤٥ز) بۆئەوەی خەونە خەیاڵییەکەی ئاتاتورک جێبەجێبکات و بگاتە کۆتایی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی (یەک ئاڵا، یەک زمان، یەک نەتەوە) تاوەکو زستانی ساڵی (١٩٧٩ز)، کە دەوڵەت دەستی بەسەر کۆشکی ئاکانسودا دەگرێت، دەیگێڕێتەوە، لەو سەردەمەشدا کورد بزوتنەوەی چەکداری، گورزی کوشندەی بەرکەوتووە، بێدەنگی و ترسێکی قووڵ باڵی بەسەر ئەو بەشەی کوردستاندا کێشاوە، گێڕانەوەی ڕووداوەکە ئاوڕدانەوەیەکی درێژە لەژیان و گوزەران و بەسەرهاتی بنەماڵەی ئاکانسودا، کە چارەنووسیان دەبەسترێتەوە بە چارەنووسی پڕۆژە ڕەگەز پەرستییەکەی ئەتاتورکەوە، گێڕانەوەی کاریگەری ڕووداوەکانە لەسەر ژیانی کارەکتەرە مرۆڤەکان لەو سەردەمەدا، لەهەمانکاتیشدا وردبوونەوەیە لە سروشتی فاشیزمی تاک و ڕژێمی تورک و ڕەنگدانەوە لە ناخ و دەروونی ئەو کارەکتەرانەدا، کە ئەو پڕۆژە فاشیزمە، ئەتاتورک لە ناخیاندا دروستیکردووە.

ڕووداوی دووەمی، ڕۆمانەکە ڕووداو و بەسەرهات و ژیانی (عیسمەت ئۆکتای)یە، کە ئەندامێکی کارای گورگە بۆرەکانە و خۆی بە تورکێکی ڕەسەن و ڕەگەز پاک و خوێن پاکی تورک دەزانێت، دەگێڕێتەوە کە ڕووداوەکان لە (١٢ی تەموزی ١٩٧٧ز)ەوە دەستپێدەکات تاوەکو هەڵهاتنی عیسمەت ئۆکتای بۆ کوردستانی باشور لە ترسی کوشتنی لەلایەن گورگە بۆرەکانەوە لە ساڵی (١٩٩٤ز)، ڕووداوەکان کۆتاییدێت. ئەو ڕووداوانە، بێگومان تێکەڵەیەکن لە واقیع و خەیاڵ، ڕۆماننووس لە بۆتیقای خەیاڵدا تواندونیەتەوە و ڕووداو گەلێکی تری خەیاڵی و خەیاڵکردی لێ خوڵقاندوون، بۆ گێڕانەوەی ژیانی پڕ کارەسات و نەهامەتیی نەتەوەیی کورد لە قەدەغەکردنی زمان و داگیرکردنی خاک و بەکەمزانینی کورد لەلایەن تورکە فاشیستەکانەوە، هەروەها گێڕانەوەی چۆنێتیی توانەوەی زمان و ئەدەب و کەلتوور و دابونەریتی کوردەوارییە لە بۆتیقای پرۆژە فاشیستەکەی ئەتاتورکدا، کە (یەک ئاڵا و یەک زمان و یەک نەتەوە) دا، بوو هەروەها تێکەڵکردنی ئەو واقیعە تاڵەیە بە خەیاڵ، بۆ خوڵقاندنی واقیعێکی تر، کە هاوشێوەی واقیعی ڕاستەقینەکە بێت، بەڵام واقیعی جادوویی، کە ڕۆماننووس بەمەبەست دورستیکردووە، ڕۆمانەکە بە ڕووداوێکی خەیاڵی و سەیر دەستپێدەکات، کە ڕووداوێکی سەرەکییە و ڕۆمانەکەی لەسەر بنیاتنراوە، بەمشێوەیە ڕۆماننووس ڕاستەوخۆ لە زاری کەسی سێیەمی نادیارەوە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، دەڵێت : "ویستی بانگ لە ئویزاری ژنی بکات و پێیبڵێت هەستێت بەرچایی ئامادەبکات، بەڵام وەک وشەکانی بۆ نەیەت و شتێک بەرگەرووی بگرێت، هیچی نەگوت. بەئاسپایی چووە دەرێ و ویستی بیربکاتەوە، بۆ وازوو هەستاوە، نەیتوانی بیربکاتەوە، بۆئەوەی بیربکاتەوە پێویستی بە وشە هەبوو، بەڵام هەرچەندە ناوچاوانی خوراند و دەستی بەڕیشیدا هێنا، وشەیەکی بەیاددا نەهاتەوە بیری پێبکاتەوە" (عەلی،٢٠٢٠، ٥)، بەو ڕووداوە سەیروسەمەرەیە ڕۆماننووس دەستدەکات بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان ئەوەش لەبیرچوونەوەی زمانی دایکە لەلایەن عیسمەت ئۆکتایەوە، لەڕووی دەروونی و بایۆلۆژیشەوە پێدەچێت ڕووداوێکی هاوشیوەی لەبیرچوونەکەی عیسمەت هەبێت، بەڵام بەشی دووەمی ڕووداوەکە، کەوا لە ڕووداوەکە بکات خەیاڵی و نەکردەنی بێت، قسەکردنی عیسمەتە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە بە زمانێکی تر (زمانی کوردی)، کە تورکەکان بە زمانی نازانن و ناو و ناتورەی ناشیرین دەدەنە پاڵ "ئەو

وشانەی لە دەمی هاتنەدەرێ شتێکی دی بوون، ئەو زامنە نەبوو تا شەوی پێشوو بەرلە خەوتن قسەی پێدەکرد، ئویزارهانم بە سەرسامییەوە سەیریکرد و تێنەگەیشت مێردەکەی دەڵێت چی" (عەلی، ٢٠٢٠، ٦)، ئەو ڕووداوە خەیاڵییە، ڕۆماننووس چەندین ڕووداوی تری لێ دەخوڵقێنێت، لەبەرئەوەی ڕوووداوی سەرەکیی ڕۆمانەکە خەیاڵی و نەکردەنییە، هەموو ڕووداوەکانی تریش ڕووداوی خەیاڵکردن، هەرچەندە هەندێک لە ڕووداوەکان پێدەچێت لە واقیعدا ڕوویاندابێت، یان لە داهاتوودا ڕووبدەن بەڵام لە دەقی ڕۆمانەکە ڕووداوی خەیاڵیین و زادەی خەیاڵی خودی ڕۆماننووسن و هەوێنی واقیعـی ڕووداوە مێژوویییـەکانی گۆڕەپـانی دەوڵـەتی تورکیـای داگیرکـەری دوای برانەوەی جەنگی دووەمی جیهانی، بەکارهێناوە بۆ خوڵقاندنی جیهانی ڕۆمانەکەی بەگشتی و دروستکردن و خوڵقاندنی فەزا و ژینگەیەکی جادوویی بۆ ڕووداوەکان، لەبیرچونەوەی زمانی ئاخاوتن و قسەکردن بە زمانی کوردی، بە زوویی لەناو خەڵکی تورکیـادا بڵاوەدەکـات، ئـەو ڕووداوە وەک نەخۆشـییەکـی دەگمـەن و ترسـناک تەماشادەکرێت، بۆیە لە ڕۆژنامەکان بڵاودەکرێتەوە بەمشێوەیە "(نەخۆشییەکی نوێ پـەلاماری تورکیـا دەدات)(نەخۆشـییەکی دەگمـەن کـە هۆکـاری نازانرێـت لەهەنـدێک جێگـای تورکیـا بڵاودەبێتـەوە)(نەخۆشـەکان لـەناکاو تورکییـان لەبیردەچێتـەوە و بـە زمانی نامۆی تر قسەدەکەن)( کەرەنتینەی ئەنکەرە بۆتە شوێنێکی سەربازیی داخراو و نەخۆشەکان لە دونیا دابڕاون و مامەڵـەی سیاسـی دەکرێن)"(عەلی، ٢٠٢٠، ٢٢)، دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە ڕۆژنامەکان، چەندین ڕووداوی تری بەدواوە دێت، چونکە ڕووداوێکی وا سـەیر و کتـوپڕ لـەناکاو کەسـەکان زمـانی تورکییـان لەبیردەچێتـەوە، گوررزێکی کوشندەیە بۆ تورکە فاشیستەکان بەتایبەت کاتێک هەموو ئەو کەسانە بە زمانی کوردی قسەیان دەکرد، ئەو ڕووداوەش لای هەندێک لە دەسەڵاتدارەکان بۆ ئەو هۆکـارە دەیانگەڕانـەوە کـەوا ڕەچەڵـەکی ئـەو کەسـانە تـورکی ڕەسـەن نـەبن و خوێنیان پاک نەبێت و تێکەڵ بە تورک بوون، بۆیە دوای نەخۆشکەوتنیان، بە زمانی بنـەڕەتی و ڕەچەڵـەکی خۆیـان قسـەدەکەن، هەربۆیـەش مامەڵـەی سیاسـی لەگـەڵ نەخۆشـەکانەدا دەکرێت، ئەمـەش کرۆکـی بابەتەکەیـە، کـە ڕۆمـاننووس بـە واقیعێکـی جـادوویی خـوڵقێنراو ڕووداوەکـان دەگێڕێتـەوە، بۆئـەوەی ئـەو مامەڵـە نـامرۆڤ و ڕەگەزپەرسـتانەی تورکـەکان بخاتـەڕوو، کـە تەنانـەت ئـەو کەسـانەش، کـە

خزمەتیاندەکەن و بە زمانێکی تر(کوردی، ئەرمەنی) قسەدەکەن، ئەوانەش بە نەخۆش و ڕەگەز پیس دەزانن.

ڕووداوی یەکەمی ڕۆمانەکە، کە ڕووداوەکانی تری ڕۆمانەکەی لەسەر بنیاتنراوە، بەمشێوەیە دەستپێدەکات: "کاتێک تاریق ئاکانسو لە کۆتایی ( مایسی ١٩٤٥ز)دا، ڕەوانەوەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا کرا، سەرەتا لەسەر گردێکی کەمێک بەرز لە جێگایەکی زۆر نزیک لە شاری دیاربەکرەوە خانوویەکی گەورەی وەرگرت و لە سەری تاپۆ کرا، خانووەیەکی کۆن، بەڵام تۆکمە و داڕێژراو و بەبناغە، هەموو پێیاندەگووت کۆشک، موڵکی کوردێکی زەنگین بوو، خاوەنەکەی لە شۆڕشی ئاگریداغدا کوژرابوو، دەوڵەت دەستی بەسەر موڵکەکانیدا گرتبوو" (عەلی، ٢٠٢٠، ٣١). ئەو ڕووداوە سەرەتا بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی خێزانی ئاکانسوی کەمالیست لە ئامەد دەگێڕێتەوە، چونکە ئاکانسو و تاقمەکەی بۆیە هاتوونەتە ئامەد، تا ناوچەکە ناوبنێنەوە شاربەشار و گوند بەگوند دۆڵ بەدۆڵ، ڕووبار بەڕووبار، بەرد بەبەرد، بەمەبەستی بەتورککردنی هەموو شتێک لەو وڵاتەدا.

ڕۆماننووس چەندین ڕووداوی خەیاڵکردی لاوەکی خوڵقاندووە لەپێناو گرێدانی بەشەکانی ڕووداوە سەرەکییەکان، هەندێکجار وەک هێمایەک بۆ ڕوونکردنەوە بەکاریهێناوە، وەک تاریق ئاکانسو بۆ کوڕەکانی دەگێڕێتەوە مەبەستی چییە لە کڕینی ورچێکی کێوی و دڕەندە و ترسناک، بۆیە ئەو ڕووداوە، کە زادەی خەیاڵی ڕۆماننووسە لە زمانی تورکێکی فاشیستی وەک تاریق ئاکانسووە بۆ ئارسین و عەلی ئیحسانی کوڕی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: "ڕەنگە بپرسن من بۆ گیاندارێکی دەستەمۆ و ماڵیم بۆ نەکڕیون؟ بۆ لەبری ئەم گیانەوەرە گەورەیە پشیلەیەکی دەستەمۆ، سمۆرەیەک، هەندێک بولبولم بۆ نەهێناون؟ بۆئەوەی شەو ڕۆژ لەبیرتان بێت ئێمە لەسەر خاکێکین تارمایی دڕندەیەک بەسەر ئەم زەوییەدا دەسوڕێتەوە دڕندەیەک نە ئەو دەتوانێت بەئازادی لەگەڵ ئێمەی تورکدا بژی و نە ئێمەش دەتوانین بە ئاشتی لەگەڵیدا بژین، ئەم ورچە تەنیا وێنەیەکی ئەو دڕەندەیەیە، دەمەوێت هەمیشە لەبەرچاوتان بێت، سەیریبکەن، گیاندارێکی بێدەنگ و مۆن، گیاندارێک پێناچێت بتوانێت باش بجوڵێتەوە، بە ڕوخسار ماندوو و مات دیارە، بەڵام ئەم ورچە هێزێکی

کێوی لە ناخیدایە، ئەگەر نەیبەستیتەوە، پەلاماریان دەدات .....دەزانن بۆ ئێمە هاتووین بۆ خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ؟ بۆ ڕاوی ئەم دڕندانە، بە وردی سەیری ئەم ئاژەڵە گەورەیە بکەن، مۆن و کپ، بەڵام هەرگیز ئەو کپی و ئارامییەی نەتانخەڵەتێنێت، هەر یەکێک لە ئێمە بکەوێتە بەر دەستی، هەلا هەلامان دەکات، ئێمە لێرەین تا ببینە پاسەوانی ئەوەی ئەو ڕۆحە کێویی دڕندە و ڕام نەکراوە بۆ هەمیشە لەم قەفەزەدا بمێنێتەوە، ئێمە بۆ ڕاو لێرەین، هەم ورچ ڕاودەکەین هەم ئاسک، هەم پڵنگەکان، بەڵام سەختترین شت بۆ ئێمە ڕاوی ئینسانە کێوییەکانی ئەم سەرزەمینەیە، بزانن هەرکاتێک ڕۆحێکی کێوی لەمانە دەستەمۆدەکەین، هێشتا دەیان ڕۆحی دڕندەی تر ماوە لەپشتەوە دەژین و دەستەمۆ نەبوون ... زنجیرەیەکی ناکۆتایە، زنجیرەیەکی ترسناکی ناکۆتایە" (عەلی، ٢٠٢٠، ٩٩). ئەوە ناوەڕۆک و جەوهەری بابەتی ڕووداوە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکەیە ، بێگومان ئەو ڕووداوە، کە ئاکانسو بۆ کوڕەکانی دەیگێڕێتەوە، بابەتێکی خەیاڵی ئاکانسوی فاشیستە، ڕۆماننووس، بۆیە ئەو ڕووداوەی سازاندووە و لە ڕۆمانەکەدا بەکاریهێناوە بە مەبەستی گوزارشتکردن لە ناخی تورکێکی فاشیستی وەکو ئاکانسو لە دەقەکەدا، کە واقیعێکی تری لە واقیع و خەیاڵ خوڵقاندووە و کۆمەڵێک هێمای تێدا بەکارهێناوە وەک (ورچ)ەکە، کە لە زاری ئاکانسو وەکو هێمایەکی (ناشارستانی) بۆ کوردە کێوییەکانی بەکارهێناوە، کە دەبێت ڕاویان بکات و دواتریش دەستەمۆیان بکات، چونکە کوردە کێوییەکان ترسناک و دڕەندەن وەک ورچەکە، هەرچەندە ورچەکە کپ و بێدەنگە، بەڵام دەبێت هەمیشە لە قەفەز دابێت، پێدەچێت ورچەکە هێمایەک بێت بۆ یەکێک لە سەرکردە کوردەکان، کە چەندین ساڵە لەزیندانی تورکە فاسیشتەکاندایە، هەرچەندە ڕۆماننووس لە زاری ئاکانسووە، کە گوزارشتە لە تورکێکی فاشیست، بیرۆکەکان دەخاتەڕوو، ئەمەش یەکێکە لەو جۆرە گێڕانەوە گرنگ و بەهێز و ئیستاتیکییانەی (بەختیارعەلی)، کە بتوانرێت ڕۆماننوسێک گوزارشت بکات لە تێڕوانین و بیروبۆچوونی ناخی نەتەوەیەکی تر، کە تورکە و خۆیان بە دوژمنی کورد دەزانن.

بۆ ڕازیکردنی خوێنەر و قەناعەت پێهێنانی، ڕۆماننووس چەندین ڕووداوی تری خەیاڵیی جیاواز لە زاری کارەکتەرەکانی ترەوە دەخوڵقێنێت و دەیانگێڕێتەوە،

قەناعـەتپێکردنی خوێنـەریش بێگومـان پێویسـتی بـە هەنـدێک ڕازاندنـەوە و چنـین و هارمۆنیەتە لە (گێڕانەوە و شێوازی گێڕانەوە)دا، ئەمە جگە لـەوەی ڕووداوە بچوک و لاوەکییـەکان ئـەرکیان زیـاترە وەک ڕوونکردنـەوە و زیـاتر ئاشـناکردنی خوێنـەر و بەستنەوەی بەشـەکانی ڕووداوە سـەرەکیەکە، کە کرۆکی بابەتەکەی ڕۆماننووسـە و مەبەسـتێتی بەخوێنـەری بگەیـەنێت، هـەروەها گـەورەکردن و بـە بـاڵاکردنی ڕووداوە سەرەکیی و خەیاڵییەکەی دەقی ڕۆمانەکەیەتی، نموونەی ئـەو ڕووداوە، کە لـە زاری قـادر بێگـەوە دەیگێڕێتـەوە، دەڵێت: "جـەنابی وەزیـر، دەبێت پێتـانبڵێم لـە دوێنێوە تـا ئەمڕۆ، سێ حاڵـەتی تر لـەو دۆخـە سـەیر و عەجباتییە ڕوویانداوە، سێ حاڵـەتی تر هەریەکە و لە شارێک و لە جێگایەک و لە هەرێمێکن، تورکی ڕەسەن بـەیانی لـە خـەو هەڵدەستن و خودا تۆبە بە زمانێکی تر قسەدەکەن، لەدوێنێوە تـا ئـەمڕۆ سێ حاڵـەتی نوێ تۆمارکراوە، دەترسم خەڵکی تریش هەبن و تۆمارنەبن و نەچووبنە خەستەخانە، جـەنابی وەزیـر، دەترسـم ترسـەکەمان لـە جێگـای خوێـدا بێـت و ئەمـەی ڕوودەدات سەرەتای ئافاتێک بێت، غـەزەبێکی خـودا بێت، مـن جگـە لـەوەی هـەرچی زووە لەگـەڵ ئێـوەدا پەیوەنـدی بکـەم و داوای ڕێنمـایی و ئامۆژگاریتـان لێبکـەم، هیچـی تـر شـک نابـەم"(عـەلی، ٢٠٢٠، ١٠٢)، ئـەو ڕووداوە بـۆ پشـتگیری و ڕاسـاندنی ڕووداوە خەیاڵییـە سـەرەکییەکەیە، کـە بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی (لەبیرچوونـەوەی زمـانی تـورکی و قسەکردن بەزمانی کوردی)یە، گەیشتۆتە گورگـە بۆرەکـان (عیسـمەت ئۆکتـای) یەکـەم بەرکەوتـەی ئـەو نەخۆشـییە دەگمەنەیـە، بۆیـە کـاتی بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـیەکە بـۆ وەزیری تەندروستیی تورکیا باسدەکەن، وا دەزانێ گاڵتە و قۆشـمەی لەگەڵدا دەکـەن، لەبەرئەوە ئـەو ڕووداوە خەیاڵییە بـە ڕووداوێکی ڕاسـتەقینـە و بـاوەڕپێکردەنی بکات لای خوێنەر، واتە (واقیعی ناو دەقی ڕۆمانەکە)، هەندێک ڕووداوی لاوەکی لەشـێوەی هەوڵــدا دەخاتــەڕوو، بــەڵام بەهەمانشــێوەی و پەیوەســتن بــە ڕووداوە خەیاڵییــە سـەرەکییەکەوە، وەک قـادر بێگ ڕووداوەکە بۆ وەزیـری تەندروسـتی دەگێڕێتـەوە و دەڵێت: "بـەڵێ جـەنابی وەزیـر مـن تیامـاوم، دوێنـی شـەو تەلـەفۆنێکم لـە ئەرزڕۆمـەوە بۆهات، پێم وابوو شتەکە گاڵتەیە و یەکێک دەیەوێت قۆشمەکاری بکـات، زۆری نـەبرد لە خەستەخانەیەکی بچوکی نزیکی قۆنییەوە خەبەریاندا بـە وەزارەت، دۆخێکی سـەیر هاتۆتە خەستەخانە و پزیشکان نـازانن چۆن لەگەڵیدا ڕەفتاربکەن، کابرایـەک لـەناکاو

بەزمانێکی عاجباتی و نەبیستراو قسەدەکات، کەچی ئەمڕۆش پێش چەند سەعاتێک لەو سەری دونیاوە، لەسەر دەریای ڕەش لە سامسۆنەوە تەلەفۆنم بۆ دەکەن، خودایە جەنابی وەزیر تەواو بێچارە و دەستە پاچەم" (عەلی،٢٠٢٠، ١٠٢)، هەروەها شیکردنەوەیان بۆ نەخۆشییکە و بڵاوبوونەوەی دەگەڕێننەوە بۆئەوەی، کە شتێکی خنکاو و کپکراوی ناخی مرۆڤەکانە زیندوودەبێتەوە، هەروەک عەلی ئیحسان دەڵێت :"ڕۆژانە خەڵکی نوێ دەهێنرایە کەرەنتینەکە ... شتەکە پەتایەکی گەورە و ترسناک نەبوو، بەڵکو وەک ئەوەی لێرە و لەوێ، شتێکی خنکاو لە ناخی کەسانێکدا زیندوو دەبێتەوە خۆیان تەواو لەیادیانکردووە، (پەتا نییە، حیزب نییە، ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نییە، بەڵکو زیندووبوونەوەی بەشێکی لەیادکراوی مرۆڤەکان) عەلی ئیحسان لە دڵی خۆیدا وای گوت، باوکی تاریق ئاکانسو ساڵانێک لەوەوبەر ڕەوڕەوەی مێژووی بە زۆر ڕووە و ئاڕاستەیەک جوڵاندبوو، ئێستا لەگەڵ لاوازبوونی دەوڵەتی تورکدا ڕەوڕەوەکە بە خێرایی بەرەو دواوە بۆ جێگای سروشتێتیی خۆی دەگەڕایەوە"( عەلی، ٢٠٢٠، ٢٠٩).

هەموو ڕووداوە خەیاڵییەکانیش هەریەکەو بەشێکن لە پێکەوەنان و گونجان و هارمۆنیەتی دەقەکە و ڕووداوە سەرەکییەکە، ئەوەی ڕۆمانووس مەبەستێتی گوزارشتی لێبکات، لە یەکێک لە گێڕانەوە خەیاڵییەکانی تاریق ئاکانسودا دەربارەی ڕاوو شکاری گیانەوەرە کێوییەکان، کە تاریق وەکو کوردێکی دڕەندە لە ئاژەڵ و گیانەوەرە کێوییەکان دەڕوانێت و دەڵێت: "من تەنیا بۆ پڵنگێک ناگەڕێم ڕاوییکەم من کاتێک تفەنگەکەم دەکەمە شان و لە ماڵەوە دەردەچم بۆ داگیرکردنی تاریکی دەچم، هەر شتێک لە تاریکیدا بێت شکاریدەکەم ... بەڵام کاتێک خۆم دەکەم بە ماڵەکانیاندا وەک سەگێک چۆن لەبەردەم ئاغاکەیدا دەکەوێتە سەر چۆک ئاوا دەکەونە سەرچۆک. دەزانم لە پشتی من بە چپەچپ کوردی قسەدەکەن، بەڵام هیچ یەکێکیان ناوێرێت لەبەردەممدا وشەیەک لە زاری بێتەدەر... من و تورکێکی ئاسایی بە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا دەگەڕێم و دەبینم چۆن هەتا تورکێکی ئاسایی وەک ئاغا کڕنۆشی بۆ دەبرێت، ئەوان خۆیان جگەلە ئاغا شتێکی ترمان تێدا نابینن، پییان سەیرە ئێمەی تورک وەک ئاغا ڕەفتارنەکەین، لەوە بێزارنین وەک ئاغا ڕەفتار دەکەین،...، گەر

تورکێک ببینن وەک ئاغا ڕەفتارناکات، سەریان لێدەشێوێت، تا ئەو جێگایە ئاسوودەن لایان ڕوونە و دەزانن ئەوان ڕەنجبەر و بەردەست و خزمەتکارن، گەر ئەو بەرچاو ڕوونییە نەبێت، سەریان لێدەشێوێت هەتا لە شڕۆڵەترین جلوبەرگیشدا هێز لەوە وەردەگرم سەربە جنسێکی بەرزم ... بەڵام شارستانیەتی من وا لەخوێن و لە نەتەوەکەمدا، من هەموو ژیانم ئەوەم ویستووە، کوردەکان، ئەرمەنەکان، گریکەکان کوڕنوشمان بۆ بەرن، چونکە ئێمە تورکین، دەمەوێت هەست بەوە بکەم تەنیا تورکبوون بەسە بۆئەوەی ئەم خەڵکانە لەبەردەممدا بنوشتێنەوە" (عەلی، ٢٠٢٠، ٣٩٤ – ٣٩٥). هەموو ئەو ڕووداوە خەیاڵییەیانەی ڕۆماننووس خوڵقاندوونی بۆئەوەیە گوزارشت لەو عەقڵییەتە خەیاڵییە فاشیستەی ناخی تورکەکان بکات، کە تاریق ئاکانسوی بە نموونەی تورکی فاشیست هێناوەتەوە و بنەڕەتی هەموو ڕووداوەکانیش ڕەگ و ڕیشە و ماکیان لە واقیعی مێژوویی و یادگەی ڕۆماننووسەوە وەرگیراوە و بە هێز و بزوێنەری خەیاڵ ڕازێنراوەتەوە و سازێنراوە، کەواتە تێکەڵکردنی واقیعی مێژوویی و بیرو فەلسەفە و بیروبۆچوونەکانی ڕۆماننووس سەبارەت بە تێڕوانین و هزر و بیری فاشیستە تورکەکان، لە بۆتیقا و کارگەی خەیاڵدا ئەو ڕووداوانە خوڵقێنراون، بۆیە دەتوانین بڵێین هەردوو ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال) و (داگیرکردنی تاریکی)، وەکو ڕووداو تەواوکەری یەکترن، هەورەکانی دانیال، ترسی داگیرکردنی خاکی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە لەمیانەی چەندین ڕووداوی خەیاڵیی و خەیاڵکردەوە دەگێڕێتەوە، بەڵام لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا، ڕۆماننووس ترسی داگیرکەر لەمیانەی چەندین ڕووداوی خەیاڵییەوە دەگێڕێتەوە، کەواتە هەم پێچەوانەی یەکترن و هەمیش تەواوکەری ڕووداوەکانی یەکترن، ئەوەش خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو دوو ڕۆمانەیە، ڕووداوەکانی هەردوو ڕۆمانەکە خەیاڵی ترس خوڵقاندوونی، کەواتە ڕۆماننووس توانیویەتی پرسی داگیرکردنی خاکی کوردستان لە واقیعێکی جادوویيدا بگێڕێتەوە، کە پێشتر هیچ ڕۆماننووسێک نەیتوانیوە ئەو پرسە نەتەوەییە لە جۆر و شێوازی ڕۆمانی ڕووداو و شێوازەکانی تری گێڕانەوەییدا بخاتەڕوو.

### ٣-٤- شوێنکات لە ڕۆمانەدا:

لـە ڕوانگـەی (میخائیـل بـاختین)ەوە، شـوێن و کـات نـەک لێکجیاناکرێتـەوە، بـەڵکو تەواوکەری یەکترن، بۆیە "زاراوەی لێکدراوی (chronotop)ی بۆ کارهێناون، کە واتای (شوێنکات) دەگەیەنێت، ئەم زاراوەیە پێکهاتووە لـە (chron)، یـان (chrono)، کـە مانـای کاتە و (top)، کە بەشێکە لە وشەی (topography) بەمانای وێنەکێشانی وردی شوێن، یـان تایبەتمەندێتییـە ڕووکەشـەکانێتی" (تودروف، ١٩٩٢، ١٤٥- ١٥٦)، کـە واتـە (شـوێنکات، دیاردەیەکی گرنگ و زۆر پێویستی دەقی ڕۆمانە، چونکە ژیان و کردەوەکانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت و هیچ مرۆڤێک لە دەرەوەی شوێنکات بوونی نییە و ناشبێت، هـەروەها "ڕۆمـانیش کـە ژانرێکـی ئەدەبییـە و داهێنـراوی مرۆڤـە، ڕەنگدانـەوەی ژیـانی مرۆڤـە، ڕۆمـاننووس لـە ڕێگـەی ئـەم داهێنانـەوە کـە مەودایـەکی فراوانـی هەیـە، بـاس لـە فەلسـەفەی بـوونی مـرۆڤ و دیاردەکـان و شـتەکانی دەوروبـەری دەکـات، هـزر و بۆچوونی هەیە، دەربارەیاندەردەبڕێت و شوێنکاتیش، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانـەوە هەیـە، دەکاتـە سـەرچاوە و بناغـەی هونەرەکە" (ساڵح، ٢٠١١، ١٤٩)، شـوێنکات (کرونۆتـۆپ_ chronotope) ئـەم چەمکـە لەلایـەن میخایـل باختینـەوە لـە سـەدەی ڕابردوودا خراوەتەڕوو زۆربەی ڕەخنەگران و توێژەرانی بواری گێڕانەوەبەندییـەکان (شوێن، کات) بە دوالیزمی، یان لێکدانی هـەردوو وشـەکە (شـوێنکات) لێکدەدەن، وەک یـەک دەسـتەواژە لێیدەکۆڵنـەوە، هۆکارەکـەش بـۆ ئـەو پەیوەنـدی و پەیوەسـتبوونە توندوتۆڵـەی نێوانیـان دەگەڕێتـەوە، بێگومـان هۆکارەکەشـی دیـارە، چونکـە لـە کـاری گێڕانەوەییدا، هیچ ڕووداوێک بوونی نییە، یان ڕوونـادات، بـەبێ ئـەوەی لـە شـوێنێک و کاتێکی دیاریکراودا نەبێت، چونکە "هـەموو کارێکی گێڕانـەوەیی خـەیاڵی پێویسـتی بـە چوارچێوەیەک (شوێنکات)ی هەیە، کە کات (زەمـەن) و شـوێنی ڕوودانـی ڕووداوەکە دیاریبکات، لە لایەکی تریشەوە وەڵامی دوو پرسـیاری بنـەڕەتیش دەداتـەوە (کـەی؟ و لە کویێ؟) ڕووداوەکـان ڕوویانداوە"(بنیس، ٢٠١٨، ٨١)، واتـە ڕووداو لـە هـەر شـوێنێکدا ڕووبـدات دەبێـت لـە سـاتێک لـە سـاتەکانی کاتـدا ڕووبـدات، بەواتایـەکی تـر ڕووداو هەمیشە لـەچوارچێوەی کـات و شـوێندا ڕوودەدات، لـە دەرەوەی شـوێنکات ڕووداوی نییە و ناشبێت، چونکە مرۆڤ بـوونی بنـەڕەتی خـۆی لـەکات و شـوێنێکی دیاریکراودا

بەدەستدەهێنێت، ئێمەی مرۆڤ لەدەرەوەی ئەم بازنە گەردوونییە (شوێنكات) ناتوانین خۆمان وێنابكەین، یان خۆمان ببینینەوە". (سابیر، ٢٠١٢، ٣٣١). هەرچەندە (شوێن_كات) وابەستەی یەكترن و لە گێڕانەوەدا، پێكەوە بنیات دەنرێن، بەڵام بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر، هەریەكەیان بە جیا و بە نموونەوە دەخەینەڕوو.

## ٣-٤-١- چەمك و پێناسەی شوێنی خەیاڵی لە ڕۆماندا:

شوێن، ڕۆڵێكی گرنگ و سەرەكی لە وێناكردن و بەرجەستەكردنی واقیعی و خەیاڵییەوە لە پێكهێنانی جیهانی ڕۆماندا دەگێڕێت، چونكە "شوێن، یان ئەو شوێنانەی، كە ڕووداوەكان و بەسەرهاتەكان تێیدا ڕوودەدات، شوێن و كاتی ڕووداوەكان، شوێنی چیرۆكەكەیە، كە لە وساتەدا چیرۆكەكە ڕوودەدات " (برنس، ٢٠٠٣، ٢١٤)، ئەمەش ئەو ژینگەیە بەرجەستەدەكات، كە ڕووداوو و بەسەرهات و بارودۆخە جیاوازەكان لە كاری گێڕانەوەیدا دەخرێنەڕوو، كەواتە شوێن، "ئەو ژینگە خەیاڵییە، كە تێیدا ڕووداوەكانی ڕۆمان ڕوودەدەن ،..... كەسێتییەكان تێیدا هەڵسوكەوت و جووڵە دەكەن" (محبک، ٢٠٠١، ١٤٧)، هەروەها شوێن لە پێكهێنانی وتاری گێڕانەوەییدا ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێت، چونكە "تەنها شوێن بەدەر لە توخمەكانی تر هەستی هاوڵاتیبوون لای خوێنەر دەوروژێنێت و هەستی ناوچەییش دروست دەكات" (النصیر، ١٩٨٠، ٥١)، چونكە شوێنەكان هەرچەندە خەیاڵیش بن، ئاماژەو هێمان بۆ شارێک، گوندێک، یان شارستانییەكی دیاریكراو لە سەردەمێكی دیاریكراودا لە چوارچێوەی دەقی ڕۆمانەكەدا دەكات و بۆ مەبەستێكی دیاریكراو ڕۆماننووس بەكاریدەهێنێت، چونكە شوێن هەڵگری ناسنامەو هێما و خەسڵەتی تایبەتیی خۆیەتی و كاریگەریی و دەسەڵاتی خۆی هەیە لە دیاریكردنی ڕەگەزەكانی تری ڕۆمان بەتایبەت لەسەر كارەكتەر و ڕووداو، هەروەها هەڵگری ڕەهەندی ڕۆشنبیریشە، واتە "بۆیە لە كاتی خوێندنەوەی دەقی هەر ڕۆمانێكدا لەو شوێنە واقیعییەوە، كە خوێنەری تێدا دەگوێزێتەوە بۆ ئەو جیهانە خەیاڵییە دروستكراوەی، كە ڕۆماننووس خوڵقاندوویەتی" (ئیبراهیم، ٢٠١٦، ١٢٣)، چونكە "خوێندنەوەی ڕۆمان گەشتێكە بۆ جیهانێكی جیاوازتر لەو جیهانەی خوێنەری تێدا دەژی، لەو ساتەوەی خوێنەر لاپەڕەی یەكەمی كتێبەكە دەكاتەوە دەگوازرێتەوە بۆ جیهانێكی خەیاڵی، كە بە وشە خوڵقێنراوە" (قاسم، ٢٠٠٤،

١٠٣)، هەروەها شوێن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پێکەوەگرێدانی ڕەگەزەکانی تری ڕۆماندا (کات، کارەکتەر، ڕووداو، گێڕانەوە،،....هتد)، لەبەرئەوەی، "شوێن گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە خوڵقاندنی فەزای ڕۆماندا، چونکە شوێن ئاوێنەیەکە لەسەر ڕووکەشی وێنەی کارەکتەرەکان ڕەنگدەداتەوە" (القاضي، ٢٠٠٩، ١٣٨)، بۆیە ڕەخنەگران پێیانوایە "شوێن ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دیاریکردنی تایبەتمەندییە ڕۆشنبیری و دەروونییەکانی کارەکتەر و جەختیان لەسەر پەیوەندیی نێوان شوێن و کارەکتەر کردەوە و بۆ ئەوە چوون، کە ئەرکی شوێن زیاتر تیشکخستنەسەر کارەکتەرە، بۆ ئاشکراکردنی جیهانی ڕۆشنبیریی و دەروونیی کارەکتەر" (العبدالله، ٢٠٠٥، ١٦١) هەرچۆنێک بێت، "چیرۆکنووس کاتێک وێنەی جیهانی چیرۆکەکەی دەکێشێت و شوێنی ڕووداوەکان دیاریدەکات، هەندێکجار هەوڵدەدات ئەو هێڵی واهیمەیەی لە کارە ئەدەبییەکاندا دروستدەبێت، بشکێنێت و هەست بە بوونی ڕاستەقینەی ئەو شوێنانە لای خوێنەر دروستبکات لە ڕێگەی نزیککردنەوەی وێنەی چیرۆکەکەی لە وێنەی واقیع، هەندێکجاریش بە پێچەوانەوە چیرۆکنووس، شوێنێک بۆ چیرۆکەکە دروستدەکات، ناتوانرێت دەست لەسەر بوونی ڕاستەقینەی لە واقیعدا دابنرێت، بەڵکو تەنها بوونی لە مێشکدا دەبێت" (سابیر، ٢٠٠١، ٣٢٥)

شوێن لە ڕۆماندا، شوێنێکی ڕاستەقینە و واقیعی نییە، بەڵکو شوێنێکە لەسەر کاغەز دروستکراوە لە بووندا نییە، هەرچەندە هاوشێوەی لە بووندا هەبێت و لە دەقەکەشدا ئاماژە، یان ناوی شوێنێکی ناسراو و دیاریکراویش هاتبێت، هەروەکو توخمێکی هونەری لە دەقی ڕۆمانەکەدا دەمێنێتەوە، چونکە ڕۆماننووس دەتوانێت تایبەتمەندیی چەند شوێنێک بۆ خوڵقاندنی شوێنێک بەکاربهێنێت وەک (شاری دێلاوار)، کە بەختیار عەلی لە ڕۆمانی هەورەکانی دانیالدا خوڵقاندوویەتی تایبەتمەندیی گشتیی کوردستان و شاری سلێمانی و هەندێک شوێنی تریشی بەکاریهێناوە بۆ خوڵقاندنی شارە خەیاڵییەکەی، کە بۆ دەقی ڕۆمانەکەی گونجاو بێت، بۆیە هەندێکجار شوێن لە ڕۆماندا هەندێک شوێنمان بەبیر دێنێتەوە، کە تێیدا ژیاوین، یان لە خەون و خەیاڵدا ئارەزوومانکردووە تێیدا بژین، لەبەرئەوەیە شوێنی خەیاڵی، ئەو شوێنەیە دەکرێت لە واقیعدا هاوشێوەی هەبێت، چونکە شوێن لە ڕۆماندا تەنها لە دەقی ڕۆمانەکەدا هەیە و

لە چوارچێوە و سیستمی ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە، دەکرێت بڵێین شوێن لە ڕووی هەبوونەوە دووجۆرە (شوێنی واقیعی، شوێنی خەیاڵی)، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە شوێنی خەیاڵییە، شوێنی خەیاڵیش هاوشێوەی شوێنی واقیعی، چەند جۆرێکی هەیە وەک (شوێنی دەروونی، شوێنی هۆگر و ناهۆگر، شوێنی کراوە و شوێنی داخراو...هتد) پەرێز سابیر ناوی (شوێنی گری) بەکارهێناوە بۆ شوێنی خەیاڵی و هەندێک لە ڕەخنەگران شوێنی گریمانەی بۆ میتافۆریان بەکارهێناوە، "شوێنی گری ئەو شوێنەیە، کە ئەندێشە و بیری تایبەتیی چیرۆکنووسی دروستیدەکات بێئەوەی ڕاستەوخۆ بگەڕێیتەوە بۆ شوێنێکی ڕاستەقینەی ژیانی واقیعی" (سابیر، ٢٠٠١، ١٥٥)، بۆیە ئەرکی سەرەکیی شوێن بەگشتی لەڕۆماندا چوارچێوە (زەمینە)یەک دروستدەکات بۆ چیرۆکەکە بەگشتی و ڕووداو و بەسەرهاتی کارەکتەرەکانی لەخۆبگرێت.

کەواتە شوێنی خەیاڵی لە ڕۆماندا، هەموو ئەو شوێنانەیە، کە بوونێکی ڕاستەقینە و واقیعیان لە بووندا نییە، چونکە ئەو شوێنانە لە بیرو هز و خەیاڵی داهێنەرانەی ڕۆماننوسەوە سەرچاوە دەگرن، هەندێک شوێن بە هیچ شێوەیەک لە واقیعی بینراو و ڕاستەقینەدا بوونی نییە و ڕۆماننووس پشتی بە چاوگەکانی واقیع نەبەستووە، بەڵکو زادەی خەیاڵی داهێنەرانە و دونیابینیی تایبەتی و خودی ڕۆماننوسن، چونکە تایبەتمەندی شوێنی خەیاڵی ئەوەیە، کە هزر دەیخوڵقێنێت و خەیاڵی داهێنەرانە پێکەوەی دەنێت، چونکە ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە خوڵقاندن و وێنەکێشانی شوێنی خەیاڵیدا، بیر و هزر و توانا و خەیاڵی داهێنەرانەی خودی و خوڵقاندنی دەقەکەش بەگشتی و دواتریش شوێنە خەیاڵییەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکەش، هەرئەو بەهرە داهێنەرانەیە، کە ڕۆماننوسێک لەویتر جیاواز دەردەکەوێت، لە مەزراندن و بەکارهێنان و پێکەوەنان و نیشاندانی شوێنە خەیاڵییەکانە لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا، بۆیە شوێن و جیهانی گێڕانەوەیی، جیاوازە لە شوێن ئەو جیهانەی، کە بە چاوی ئاسایی دەبینرێت، چونکە شوێن و جیهان لە ڕۆماندا لەمیانەی وشەکانەوە دەیانبینین و شوێن" پێکهاتەیەکی خەیاڵکردە بە هەموو جۆرەکانییەوە بە هەندێک شێواز و وشە ڕۆماننووس دەیڕازێنێتەوە لەپێناو گەیشتن بە وێنەکێشانی شوێنێکی دیاریکراو و

گوزارشتکردن لەو شوێنە خەیاڵکردەی، کە ڕۆماننووس مەبەستێتی لە دەقەکەدا بیخوڵقێنێت.

دەتوانین بڵێین، شوێنی خەیاڵی، سەرچاوە و چاوگەی خوڵقاندنی و ڕازاندنەوەی خەیاڵی خودی ڕۆماننووس و توانای وێنەکێشان و داڕشتن و وردەکاریی شوێنە و پەیوەستە بەو وێنە هەڵگیراوانەی، یادگەی خودی ڕۆماننووس و توانا فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی وێناکردن لە پێکەوەنان و سازاندنی شوێنی خەیاڵی لە دەقی ڕۆمانەکەدا، لەبەر ئەوەی تێڕوانین و دونیابینیی ڕۆماننووس ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێت لە بنیاتنانی هونەری و ئیستاتیکی و لە گرێچنی شوێنی خەیاڵی بە توخمە پێکهێنەرەکانی تری دەقی ڕۆمانەوە.

### ٣-٤-١-١- شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا:

بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆماننوس لە دەقی ڕۆمانەکانیدا شوێنی خەیاڵی خوڵقاندووە و بەکاریهێناوە، کە زۆربەیان لە منداڵدانی خەیاڵ و هزری خودی ڕۆماننوسدا خوڵقێنراوو داهێنراون، دەتوانین شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیاردا بۆ دوو جۆر دیاریبکەین، "کە واتە دەتوانرێت بوترێت دوو جۆر شوێنی خەیاڵی هەیە، یەکەم : شوێنی خەیاڵی پێکهاتووە لەسەر بناغە و واقیع، دووەم شوێنی فانتازی"یە. (صالح، ٢٠١١، ٩٣ ).

یەکەم: سەرچاوە و چاوگەی لەواقیعەوە بنیاتدەنرێت، دەکرێت هاوشێوەی لە واقیعدا هەبێت، بەڵام بوونیان لەواقیعدا نییە.

دووەم : ئەمجۆرەیان سەرچاوە و چاوگەی خەون و خەیاڵی ڕۆماننووس، هەرچەندە سوود لە واقیع وەردەگرێت، بەڵام لە بووندا هاوشێوەی نییە.

### ٣-٤-١-١-١- شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵدا:-

شوێن لە ڕۆمانی غەزەلنوسدا، بەگشتی لە شارێک و چەند گەڕەکێک و چەند شوێنێکی خەیاڵدا خۆی دەنوێنێت، هەندێک شوێن لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەیە بۆ شارێک، یان گەڕەکێک، یان باخچەیەکی دیاریکراو، بەڵام لە وێنەکیشانی شوێنەکەدا ڕۆماننووس بە ئارەزووی خودی خۆی و ئازادانە دەستکاریی شوێنەکە دەکات، جگە لەو ئاماژانەی هەندێکجار وا بۆ خوێنەر دەردەکەوێت، کە گۆڕەپانی ڕووداوەکانی شاری سلێمانی و گەڕەکەکانی ئەو شارەن، بەڵام بە ڕازاندنەوە و زیادکردن و کەمکردنەوەی هەندێک وردە شت لە وێنەکێشان و وەسفکردنی شوێنەکاندا، شوێنەکان دەگۆڕێن و دەبنە شوێنێکی فانتازیی خەیاڵکرد، کە زادەی خەیاڵ و بیری ڕۆماننووسن، هەرچەندە ڕۆمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، بریتییە لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی، کە لەخەیاڵی مرۆڤدا ڕوودەدەن، یان ئەو حەزو ئارەزوو و خەونانەی مرۆڤن، کە لە واقیعدا بەدینایەن و نەکردەنیی و مەحاڵن، کەواتە ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە بابەتە خەیاڵکردەکانی مرۆڤ، بۆیە شوێنیش وەکو پێکهاتە و ڕەگەزێکی سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا خەیاڵییە و خوڵقێنەری خەیاڵ و هزری ڕۆماننووسە، بۆئەوەی لەگەڵ ڕەگەز و توخمەکانی تری ڕۆمانەکەدا بگونجێت، ڕاستە لە دەقەکەدا، لەهەندێک وەسفی شوێنەکاندا جۆرە واقیعی و ڕاستەقینەییەک هەست پێدەکرێت، بەڵام هەمیشە وەکو هەوێنێک ڕۆماننووس بەکاریهێناوە بۆ سازاندن و وێنەکێشانی شوێنە خەیاڵییەکانی دەقەکە، بۆنموونە ئەگەر لە ناونیشانی ڕۆمانەکە وردبینەوە (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)، کە (باغەکانی خەیاڵ)، وەک شوێنێکی خەیاڵیی ڕووت، کە لەواقیعدا بوونی نییە، چونکە ئەو باغە خەیاڵییەو لە بووندا نییە، هەرلەم ناونیشانەوە بۆ خوێنەر ڕووندەبێتەوە کە گەشتەکەی بە شوێنگەلێکی خەیاڵیدا دەبێت گوزەربکات، هەروەک "غەزەلنوس لەو ژوورەدا کە شنەبای عەشق لێیدا و هەوای سۆزێکی ئاسمانی هەڵیگرت، .... غەزەلنوس دواتر کۆی ژیانی لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەوایەدا تەفسیر دەکرد کە لە ژووری عەشقدا بینیبووی" (عەلی، ٢٠١٤، ١١٢). ژووری عەشق شوێنێکی خەیاڵییە و خوڵقێنەری خەیاڵ و بیری خودی ڕۆماننووسە، هەروەها " کە بەهمەن ناسر لەخوێندنەوەی نامەکە بووەوە، داینا و لە پەنجەرەی

ژوورەکەیەوە سەیری دەریای ئەستێڕەی کرد، بەخۆشەویستییەکی بێوێنەوە سەیری دونیایکرد، سەیری شنەی هەندێک درەختی دووری کرد، بۆنی ئەو دەریا دوورانەی مەحەبەت کە شوێنێکی دیکەی ژیانەوە دەهاتن و دەچوون بەسەریدا، چاویلکەکەی داگرت و دەستێکی بە قژیدا هێنا، هەستیکرد پەنجەی بەناو هەوایەکی فێنکدا تێدەپەڕێت، بۆنی شێداری هەندێک باغی نزیکی کرد، هەستی کرد هەندێک باڵندە، خامۆشی شەو دەشکێنن و وەک نەیزەک بەئاسماندا دەفڕن، بەڵام هەموو شتەکان فریوی خەیاڵ بوون، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دەستی خستەسەر دڵی خۆی، هەستیکرد خۆشی پارچەیەک خەیاڵە" (عەلی، ٢٠١٤، ١١٩)، لەو گێڕانەوە خەیاڵییەدا ڕۆماننووس هەندێک شوێنی خەیاڵی و فەنتازی سازاندووە وەک: (دەریای ئەستێرە، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەیری دونیای کرد، بۆنی شێداری هەندێک باغی نزیکی کرد)، لەبنەڕەتدا ژوورەکەی (بەهەمەن ناسر_ غەزەلنوس)، ژوورێکی خەیاڵی و ئەفسانەییە، بەهمەن ناسر خۆیشی کارەکتەرێکی خەیاڵییە و سەرای خەیاڵیی بوونی هەموو شوێنەکان بە ژوورەکەی غەزەلنووسیشەوە، کە لە گێڕانەوەکەدا هاتووە، شوێنەکانی (دەریا ئەستێرە، دەریا مەحەبەت، بەهمەن ناسریان بەرەو نادیار دەبرد) شوێنی خەیاڵی و ئەفسوناوین لە واقیعی ڕاستەقینەدا بوونیان نییە، کەواتە ئەو شوێنانە تەنها لە چوارچێوەی دەقی ڕۆمانەکەدا بوونیان هەیە و سەرچاوەی ئەو شوێنانە بۆ ئەفسانە و بابەتە خورافییەکان دەگەڕێتەوە، کە ڕۆماننووس لە سازاندنی وێنەکەدا سوودی لێیان بینیوە.

**(ژوورەکەی مەهناز)** شوێنێکی خەیاڵییە، دوای مردنی (خۆسوتاندنی) دەبێت بە باغێکی گەورە و بێوێنە، کە ڕۆماننوس بەمشێوەیە وەسفی ئەو ژوورە خەیاڵییە ئەفسانەییە دەکات، دەڵێت: "غەزەلنوس کە دەرگای ئەو ژوورەی کردەوە، لەبری ژوور، باغێکی بێسنووری بینی، باغێکی ڕۆشەن و دابڕاو لە دونیای پڕ گوڵی پەمەیی گەورە گەورە، جێگایەکی بێوێنە لە جوانیدا، کە وەک تەسلیم و ئەفسانە بێت تا کۆتا درێژدەبووەوە، ئەوە باغی خەیاڵی ئەفسوونابییەکانی مەهنازی بوو، کە دوای مردنی خۆی، لەویادا بەجێمابوو، کە غەزەلنووس بە باغەکەدا گەڕا لەخۆی پرسی دەبێت سەعید بایۆ و مامۆستاکانی دی زانیبێتیان باغێکی وا سیحراوی و خەیاڵی لە دڵی

مەهنازدایە؟ (عەلی، ٢٠١٤، ٢٢١). سەرەڕای ئەوەی، کە باغەکە لە خەیاڵی مەهنازدابووە، واتە خەیاڵەکانی مەهناز ئەو باغەیان دروستکردووە، بەڵام وەسفەکەشی بەهەمان شێوە خەیاڵێکی فانتازی و ئەفسوناوییە، چونکە ژوورێک لە واقیعدا هەرگیز دوای مردنی خاوەنەکە نابێت بەو باغە ناکۆتاییەی، کە ڕۆمانووس وەسفیدەکات و بەجێهێنانی خەیاڵیش لەواقیعدا کارێکی نەکردەنییە، چێژ و جوانیی (ژوورەکەی مەهناز – باغەکەی مەهناز) لە وەسفەکەدا دەردەکەوێت و خوێنەر دەباتە قۆناغێکی تر، کە بیر و هەستی بۆ خەیاڵی خۆشی بچێت، واتە خوێنەر دەخاتە ڕاڕای و گومانەوە لە بوونی، یان نەبوونی هاوشێوەی باغێکی خەیاڵی و ئەفسوناوییەکی لەوجۆرە کە لە بووندا نییە و ناشبێت، چونکە دەکرێت باغێکی زۆر جوان و کەموێنە هەبێت لەبووندا، بەڵام هیچ باغێک بێکۆتا نییە و خەیاڵی مرۆڤیش لە واقیعدا بێ هەوڵدان و کارکردن لە واقیعدا نایەتەبوون.

**(کۆشکی بارۆنی شوشە)** نموونەیەکە لەو شوێنە خەیاڵییانەی، کە پێدەچێت لەواقیعیدا هاوشێوەیان هەبێت، کە بەمشێوەیە ماجەلانی خەیاڵ وەسفیدەکات "ساڵۆنەکە لە شێوە بازنەیەکی گەورەدا بوو، کە بەدوو چەشن قەنەفەی شاهانە پڕکرابووەوە، بە ئەندازەیەکی فێنک بوو، وەک ئەوەی ئەندازیارەکان لوولەیەک لە هەوای بەهەشتیان بۆ ئەم ساڵۆنە ڕاکێشابێت، بێئەوەی هیچ بڵێم ماوەیەک تەنیا لە دەوروبەرم دەڕوانی، لەو شتە ئەنتیک و سەیرانە ورددەبوومەوە، کە پێشتر لەخەیاڵەکانی خۆشمدا نەمبینیبوو، لە سوچێکی ساڵۆنەکەوە پلیکانێک بەرەوسەرەوە بەرزدەبووەوە، لە پلیکانەی سیحراویی ناو تابلۆکانی مۆریس ئیشەر دەچوو، وا دیاربوو تا فەزایەکی قوللەئاسا بڕوات و لەوێدا لە ساڵۆنێکی دیکەدا تەواوبێت، کەلەسەر وەڕا بە جۆرێکی بازنەیی بەسەر تەواوی ڕووبەریماڵەکەدا دەکێشێت و بەسەر هەموو شاریشدا دەڕوانێت، ... ، هەم باخچە بوو هەم شانۆ، هەم ژوور بوو هەم مۆزەخانە، پڕبوو لە کەلای سەیر، کە پێشتر لە هیچ جێگایەکی دونیادا نەمبینیبوو، حەوزی ماسی، کە سەدان ماسیی ورد و ڕەنگاوڕەنگیان تێدابوو، چەندین پەیکەری سپی و برۆنزی، کە وەک پەیکەری یۆنانییە دێرینەکان دروستکراوبوونەوە، هەندێک مافوور، کە بەئەندازەیەک قەشەنگ بوون، مرۆڤ حەزیدەکرد ئەژنۆدادات و

به سەعات تەماشای وردەکاریی نیگارەکانیان بکات" (عەلی، ٢٠١٤، ٢٤١). ئەو کۆشکە خەیاڵییە، هەرچەندە وێنەکێشان و سازاندنی وەسفی کۆشکە لە واقیعەوە وەرگیراوە و سوود لە کۆشکەکانی واقیع وەرگیراوە، بەڵام کۆشکەکەی بارۆنی شووشە یەکێکە لەو شوێنە خەیاڵییانەی دەقی ڕۆمانەکە، چونکە ناکرێت پێکهاتەیەکی (توخم)ێکی جیهانی ڕۆمانەکە خەیاڵی بێت، بەڵام توخمەکانی تری ڕۆمانەکە واقیعی و ڕاستەقینە بن، لەو وەسفەدا، کە ماجەلانی خەیالی دەیکات، ماجەلانی خەیالی خۆی کەرتێک (بەشێک)ی جیابووەوەی غەزەلنووسە، کەحەزو ئارەزووە چەپێنراوەکانی غەزەلنووس جێبەجێدەکات لە گەڕەکی نوێمیران، کە شوێنێکی (گەڕەک)ێکی خەیاڵییە.

**(کتێبخانەی غەزەل)** یەکێکی ترە لەو شوێنە خەیاڵییانە، کە غەزەلنووس بەمشێوەیە وەسفیدەکات "کتێبخانەی غەزەل شتێکە گەر عاشق نەبیت دەستت بەر کتێبەکان بکەوێت، دەبنە تۆز و غوبار، کتێبخانەکەی من جۆرێکە تەنیا من دەتوانم دەست بۆ لاپەڕەکانی بەرم، ڕاسپاردەی مەخلوقێکە کە ئەمانەتی خۆی خستۆتە گەردنی من ... لەبەرئەوە عەتاری برام بەو پیاوە دڵپاک و دەستپاکە بڵێ کتێبخانەکەی من کتێبخانەیەکی خەیاڵییە، کە بۆ فرۆشتن نییە، مرۆڤ دەتوانێت گوێ لە غەزەلەکانی بگرێت، بەڵام ناتوانێت بیکڕێت، مرۆڤ ناتوانێت غەزەل بکڕێت، بەڵکو دەتوانێت تیا بژی" (عەلی،٢٠١٤، ٢٨٥_٢٨٦).

**(ماڵی غەزەلنوس)** شوێنێکی خەیالی و فانتازییە، چونکە ئەو ماڵە شوێنی درێژترین کتێبی مێژووییە" درێژترین کتێبی دونیا، لەسەر دەفتەرێکی ئێجگار تایبەتی و گەورە دەنووسرا، ئەو کتێبە لە ماڵی غەزەلنوس لە ناوەڕاستی ژوورێکی تایبەتیدا لەسەر مێزێکی گەورە دانرابوو، درێژی و قەوارەی دەفتەرەکە بەجۆرێک بوو، نموونەی لە هیچ دەفتەر فرۆشێکی دونیادا دەستنەدەکەوت، غەزەلنوس لای یەکێک لە سەحافە خەیاڵبازەکان بە کردی دابوو" (عەلی، ٢٠١٤، ٣٠٤)، ئەوەی ئەو شوێنە دەکاتە شوێنێکی خەیالی و فانتازی، درێژی و قەبارەی کتێبە مێژووییە خەیاڵییەکەیە، کە واتە وەسفی کتێبە مێژووییەکە و ماڵ و ژوورەکەی غەزەلنووس دەکاتە خەیالی، هەرچەندە غەزەلنووس خۆشی بەرهەمی خەیاڵە و لە ژوورە تاریکەکانی خەیاڵدا خوڵقێنراوە، ئیستاتیکای ماڵە خەیاڵییەکەی غەزەلنوس لەوجۆرە وەسف و وردەکارییەی کتێبە

درێژە مێژووییەکەوە، کە جۆرە ئالودەبوونێک، یا سەرسامییەک لە هزر و خەیاڵی خوێنەردا دەوروژنێنێت بۆ گەڕان بەدوای زانیاریی تردا دەربارە مێژوو و ناوەڕۆکی ئەو کتێبە درێژەی، کە لە دەقی ڕۆمانەکەدا هاتووە، چێژی خوێندنەوە لای خوێنەر دروستدەکات و جوانییەکی بە ناوەڕۆکی دەقی ڕۆمانەکە بەخشیووە، هەروەها ڕۆماننووس کۆمەڵێک ناوی شوێنی خەیاڵی لە دەقەکەدا مەزراندووە وەک: "قوتابخانە خەیاڵییەکەی ماجیدی گوڵ سۆلاف" (عەلی، ٢٠١٤، ٢٨٥)، "گەڕەکی کانیتۆز"(عەلی، ٢٠١٤، ٣٥٨)،" گەڕەکی بابەردان"( عەلی، ٢٠١٤، ٣٥٧). هەروەها " گوڵ سۆلاڤ باسی گوندێکی بچوکی بو کرد، کە هەموو بەردەکانی ئەو گوندە هەتا بچوکترین بەردیشی، وێنەی دڵ و تیرێکی لەسەر نەخشێنراوە" ( عەلی، ٢٠١٤ ٣٦٤)، هەروەها"شارە خەیاڵییەکەی ماجەلانی ڕاستەقینە (سەردار باشی)" ( عەلی، ٢٠١٤، ٣٦٥). زۆربەی شوێنەکان لە (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا شوێنی یوتۆبیان، هەندێکجاریش ڕۆماننووس شوێنەکان بە شێوەیەکی دیستۆبیا دەخاتەڕوو، کە پێویست دەکات بۆ گونجاندن لەگەڵ جیهانی ڕووداوەکانی دەقی ڕۆمانەکەداو هارمۆنییەتی گشتی دەقی ڕۆمانەکە.

٣-٤-١-١-٢- شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانی هەورەکانی دانیالدا:

شوێن بەگشتی لە ڕۆمانی هەورەکانی دانیالدا دەکاتە هەموو کوردستان، هەندێکجاریش تەنها لەیەک شاردا خۆی دەنوێنێت، کە شاری (دێلاوار)ە، کە گۆڕەپان و چوارچێوەیەکە بۆ هەموو ڕووداوەکان، کەچی هەندێکجار ڕەهەندی شار تێپەڕدەکات و هەر چوارپارچەی کوردستان لەخۆدەگرێت، بێگومان ڕۆماننووس دەتوانێت ڕەهەند و خەسڵەتی چەندین شوێن لە شوێنێکی خەیاڵیدا کۆبکاتەوە و بیانسازێنێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ مەبەستی نەخشەبۆکێشراوی ڕۆمانەکەدا بگونجێت و گوزارشت لەو شوێنە بکات، کە ڕووداوەکان وەکو چوارچێوە و گۆڕەپان پێویستیانە بۆ ڕوودانیان، بۆیە دەکرێ دێلاوار هەندێ جار شار هەندێک جاریش نیشتمانێکە و گوزارشت دەکات لە کوردستان، هەندێکجار وەکو تۆبۆگرافیا شاری سلێمانی و دەوروبەری دەگرێتەوە و هەندێکجاریش تۆبۆگرافیای هەموو کوردستان وەسف دەکات و هەندێکجاریش (شوێن) ناوچەدابڕێنراوەکان دەخرێتەڕوو، بەڵام شوێنێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو گوزارشتە لەهەموو شوێنێک لە کوردستانی باشوور، بۆنموونە

لەم وەسفەدا "دێلاوار شارێکی گەورەیە، زۆر زۆر گەورەیە، ئەوەی دونیای نەدیبێت دەزانێ دێلاوار نیوەی گۆی زەمینی گرتووە، گەورەیی ڕاستەقینەی دێلاوار تەنیا کاتێک دەردەکەوێت، کە لە باکوورەوە لە لوتکەی چیا دوورەکانەوە بتەوێت هەموو شارەکە ببینیت لە هیچ پنتێکی شارەکەوە ناتوانیت بەسەر دێلاواردا بڕوانیت، یان گردۆلکە و بەرزایی و بەرچاوت دەگرن، چەندین دەریاچەی بچوک بچوک گەڕەکەکان و بەشەکانی لەیەکتر جیادەکەنەوە"(عەلی،٢٠١٧، ٢١). ئەو وەسفە خەیاڵییە لە وەسفی شاری سلێمانیەوە نزیکە، بەڵام وەسفکردنە بەهەندێک زیادەوەیە بۆ ڕازاندنەوەی شوێنە خەیاڵییەکەی، کە ڕۆماننووس مەبەستێتی، بۆیە ناکرێت بڵێین شوێنکە شاری سلێمانییە، بەڵکو شاری دێلاوار شارێکی خەیاڵییە و هەندێک سیفەت و تایبەتمەندیی شاری سلێمانی پێوەدیارە، بەڵام لەهەمان لاپەڕەدا، کە ڕۆماننووس لە وەسفی شاری دێلاواردا بەردەوامدەبێت وەسفەکە دەگۆڕێت و دەچێتە ئاستێکی تر، کە وەسفی شار تێدەپەڕێنێت بەمشێوەیە "مرۆڤ گەر بیەوێت دێلاوار بگەڕێت هەم زەوی وشکانی دێتە ڕێگا و هەم دەریاچەو جەنگەڵ، گەر بتەوێت بەپێ لەمسەر دێلاوارەوە بچیت بۆ ئەوسەر چەند ڕۆژێکت دەوێت، هۆکەش تەنیا درێژیی تیرەی دێلاوار نییە، بەڵکو ئەو هەموو بەرزی و نزمی و کوچە پێچاوپێچ و گەڕەکە کۆنانەن، کەمرۆڤ بەئاسانی سەرەودەریان تیا دەرناکات.

شارەکە چوار بەشی سەرەکی هەیە، کە بە تێنەپەڕینی زەمان و لە سەردەمی جیاجیادا دروستبوون، دێلاواری باکوور و دێلاواری باشوور، دێلاواری خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە ژمارەیەک لە خێڵەکانی دەوروبەر لەم سەر زەمینەدا نیشتەجێبوون، کە زمان و شێوەی زمانی جیا قسەدەکەن، بنەماڵە دێرینەکانی دێلاواریش هەن، کە دەڵێن لەگەڵ بناغەی شارەوە لێرەن" (عەلی، ٢٠١٧، ٢١ - ٢٢). لەو وەسفە خەیاڵییەی شاری دێلاواردا گێڕەرەوە دوو شوێنی جیاواز دەخاتەڕوو، کە فراوانترە لەشار و هەندێکجار لە وەسفەکدا هەر چوار پارچەی کوردستانە، نەک تەنها شارێک ئەمە وەسف و وێناکردنە خەیاڵییە، کە ڕۆماننووس لەچەندین شوێنی واقیعی و چەندین وەسف و تایبەتمەندیی وەرگرتووە و کۆیکردووەتەوە سازاندوونی و شوێنێکی تری خەیاڵی و چێژبەخشی بەهەموو ڕەهەندەکانی جوانیی شوێن خوڵقاندووە، کە سەرچاوەکەی واقیعی و خەیاڵی خودی

ڕۆماننووسە، وەک: "گەڕەکی غەفاری دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شارەکەمانەوە، کوچەکان لەوێ لە زستاندا دەبنە قوڕولیتەیەکی بێوێنە، شوێن تایەی ماشینەکان کۆڵانەکان وەها چاڵدەکەن و دەیکێڵن، دواتر هاتوچۆ بۆ پیادەکان گەڵێک سەختدەبێت، هاوینانیش تەپوتۆزێکی خنکێنەر لەو کوچانەدا مرۆڤ خەفەدەکات، بایەکی گەرمی پێدەشتەکانی دەرەوەی شار، لەگەڵ خۆیدا لەپاڵ تۆز و پوشوپەڵاشدا سەرکەتەشی و کەرخورەش دەهێنێت، ئیواران هەوا پڕدەبێت لە پۆلە مێروو و مەگەزی سەیر سەیر کە وەک هەوری ڕەش، بە کۆڵانەکاندا دەسوڕێنەوە و ڕێبواران هەراساندەکەن، بەڵام سەیرترین شتی تایبەت لەو گەڕەکانەدا ئەو هەموو باڵندە سەیرەیە، کە ئێواران لەسەربان و ستارەو تەلی کارەباکان کۆدەبنەوە، دەیان جۆر باڵندەی جیاواز، کە هەندێکیان بەدەگمەن لە ناوشاردا دەبینرێن، باڵندەی کێوین لە شوێنی بەردین و عاسیدا دەژین، لە کێو دوژمنی یەکن، کەچی لێرە لە شاردا نییە ولە سەر گوێسەبانەکان پێکەوە هەڵدەنیشن وەک کۆڕی حەکیمان" (عەلی، ٢٠١٧، ٥٣ – ٥٤). ئەو وەسفە لە یەکێک لە شوێنە واقیعییەکانەوە وەرگیراوە، بەڵام بە خەیاڵی خودی ڕۆماننووس جوانکاری و دەستکاریی واقیعی ڕاستەقینە شوێنەکەی کردووە، گەڕەکی غەفاریش زادەی خەیاڵی خودی وێنە عەمبارکراوەکانی یادگەی ڕۆماننووس گەڕەکەکەی لێدروستکردووە، بۆئەوەی وەکو گەڕەکێکی هەژارنشینی دێلاوار بیخاتەڕوو و گۆڕەپان و چوارچێوەی ڕوودانی هەندێک ڕووداو بێت.

**(کەمپی شینوا)** "بە ڕێگایەکی شاخاوی و پێچاوپێچدا، دەیانبات بۆ جێگایەکی دوور، دوای سەفەرێکی دوو سەعاتی بەناو شەودا، بەناو چیاو جەنگەڵی کپ و خەوتوودا، هەموو گەنجەکان لە کەمپی یەکەمی مەشق و پێگەیاندندا دادەبەزن، کەمپی شینوا وێنەی درەختە بەرزەکان و هەناسەی دڕندانەی جەنگەڵ و کزەی ساردی چیا دوورەکان هەستێکی نامویی قووڵ لەئاڵ موراددا دروستدەکات" (عەلی، ٢٠١٧، ١٨٨). ئەگەر لە وەسفە وردە بڕوانین، چێژێکی ئیستاتیکی بە خوێنەر دەبەخشێت، کە پێدەچێت هاوشێوەی شوێنەکە لەواقیعدا بوونی هەبێت، بەڵام (کەمپی شینوا)ئەو وەسفە بێگومان لە سازاندن و پێکەوەنانی خەیاڵی خودی ڕۆماننووسە و بە هەوێنی واقیع موتوربەکراوە و کەمپی شینوای لێ دروستکراوە بۆ لەخۆگرتنی ئەوجۆرە ڕووداوەی، لە چوارچێوەی کەمپەکی هاوشێوەدا ڕوودەدەن.

**(فولکە غەوارەکان)**"فولکە غەوارەکان شوێنێکی پیس و ناخۆشە، کە چواردەوری بە دوکانی تەنەکە و کەپری وردەواڵە فرۆش گیراوە، منداڵانی پێخاوس و گاوگۆلکی بەرەڵا و قاز و مریشکی ماڵە هەژاران بەردەوام بە شەقامەکاندا دێن و دەچن، زۆرینەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی ڕوو لەو فولکەیە دەکەن، پیکابی کۆنن، کە باری کاڵەک و شووتییە کۆلەکەیان پێیە و لە چوار ڕێگادا دەوەستن تا کڕیارێک پەیدادەکەن" (عەلی، ٢٠١٧، ٣٢٥)، یەکێکی ترە لەو جۆرە شوێنە خەیاڵییانەی، کە ڕۆماننووس لە دەقەدا مەزارندوونی ئەوجۆرە شوێنانە، کە لە وەسفی پان و بەرینی شوێنەکەدا نەسازێنراوە، بەڵکو بە وەسفی شتەکانی ناو شوێنەکە و دەوروبەری شوێنەکە سازێنراوە و دروستکراوە، واتە بەوەسفکردنی (شت، کارەکتەر، شوێن، ڕووداو)ێک، بەختیار وێنەی شوێنێکی خەیاڵی دەخوڵقێنێت، وەک نموونەی سەرەوە، چەندین شوێنی تری وەک: "مۆزەی میران"(عەلی، ٢٠١٧، ٤٣٥)، "گەڕەکی جیلوەدار"( عەلی، ٢٠١٧ ٤٣٧)، "پشووخانە"( عەلی، ٢٠١٧، ٤٧٦) "گەڕەکی پیکەران"( عەلی، ٢٠١٧، ٤٧٦).

لە **(هەورەکانی دانیال)دا** بەختیار چەندین شوێنی خەیاڵی بە هاوەڵناو، یان هاوەڵکاری لێکدراو دروستکردووە، وەک: (ئالائاباد، مەمەدحەسار، سوئاباد، پیکەران، شاری قژقاژان، یان ژمارەی بۆ هەندێک شوێنی خەیاڵی بەکارهێناوە، وەک: (ژووری ٤٠٦، ژووری ١٩، ...هتد)، کە پێدەچێت ئەو ژمارانە هێمایەک بن بۆ شتێک، یان بابەتێکی دیاریکراوی لای ڕۆماننووس، کە بابەتێکی خودی ڕۆماننووسن، بێگومان بەختیار هیچ ناوێکی بێهۆ لە شوێنە خەیاڵییەکان نەناوە، ناوەکانیش بۆ خۆیان کاریگەری و ئیستاتیکای تایبەتیی خۆیان هەیە لە دەقی ڕۆمانەکەدا، هەندێک لەو ناوانە، چونکە نوێ و داڕێژراوی فەلسەفەیەکی قوڵی خودی ڕۆماننووسیان پێوەدیارە، بۆیە لە یادگەی خوێنەردا دەمێنێتەوە، جێگەی خۆی دەگرێت و هێمایەک لای خوێنەر دروستدەکەن و چێژێکی تایبەتییان لە خوێندنەوەی دەقەکەدا هەیە.

### ٣-٤-١-١-٣- شوێنی خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا:

لــە ناونیشــانی ڕۆمانەکــەوە، ڕۆمــاننووس شــوێنی خــەیاڵی بــەکارهێناوە، کــە (داگیرکردنــی تاریکی)یــە، دەســتەواژەی داگیرکــردن تــەنها بــۆ داگیرکردنــی شــوێن بەکاردەهێنرێت، وشەی تاریکیش بێگومان بە هەستی بینین دەبینرێت و دەستی لێ نادرێت، یان بەدەست هەستی پێناکرێت، بۆیە داگیرکردنی تاریکی، واتە داگیرکردنێکە تەنها لە خەیاڵدا جێدەبێتەوە، لە کرداردا مەحاڵ و نەکردەنییە، هەربۆیەش ڕۆماننووس ســەرکەوتووبووە لــەناونانی ڕۆمانەکــەدا، لــە دوو ڕووەوە: یەکــەم وەکــو ناونیشــانی گوزارشــت لــە نــاوەڕۆکی ڕۆمانەکــە دەکــات، کــە زۆر بــە وردی ناونیشــانەکەی هــەڵبژاردووە بــۆ گوزارشــتکردن لــەو بــارە واقیعییــە دەروونیــەی، کــە لــە دەروونــی داگیرکەردا بوونی هەیە لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن.

دووەم: داگیرکردنــی تــاریکی، نــاوی شــوێنێکی خەیاڵییــە، کــە (مەحاڵــە داگیرکردنــی) و ئیستاتیکایەکی تایبەتی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە، ئەو شوێنە خەیاڵییەی دەقی ڕۆمانەکە کــە گوزارشــت لــە نــاوەڕۆک و مەبەســتی ڕۆمــاننووس و دەقەکــەش دەکــات، واتــە جەوهەری مەبەستی ڕۆماننووس بە شێوەیەکە، کە تــاریق ئاکانسـو بەعـەلی ئیحسـان دەڵێت: "گــوێبگرە عــەلی ئیحســان، ئێمــە بــە ســوپاو ژەندرمــە دەتوانین بەشــێکی ئــەم دونیایە داگیربکەین، بەڵام من ئیستا تێدەگەم، ئیشــەکەی ئێمــە ســەختترە، تــا بــە شــەو بە تەنیا لە تاریکایی جەنگەڵدا نەمێنێتــەوە نازانێت هێشــتا چ ڕووبــەرێکی بــەرین مــاوە داگیرمان نەکردووە، شوێنێک هەیە لە تاریکیدا سەربازەکانی جمهوریەت نایگەنێ، مـن دەمتــوانی بچمــە ئەنکــەرە و دەســتپێبکەمەوە، بــەڵام ڕاو لەســەر عــەردی ئــەم هەرێمــە چێــژی زۆرتــرە ....، ئــەو زەوییــەی بــە ڕۆژ وا دەزانــین داگیرمــانکردووە، وەک ئــەو زەوییە نییە لە شەودا دەیبینین و بۆت داگیرناکرێت ....، من کاتێک تفەنگەکــەم دەکەمــە شــان و لــە ماڵــەوە دەردەچــم، بــۆ داگیرکردنــی تــاریکی دەچــم" (عـەلی، ٢٠٢٠، ٣٩٤)، ئـەو شوێنە تاریکەی تاریق ئاکانسو دەیەوێت داگیریبکات، شــوێنێکی خەیاڵییــە و لــە بوونـدا بوونی نییە، چونکە شوێنێکی بەرجەستە نییە، بــەڵکو دروســتکراوی هەســت و خــەیاڵی تاریق ئاکانسو و تورکە ڕەگەزپەرستەکانە و مەبەستییان داگیرکردنــی گیــان و نــاخی تاکی کوردە، کە چەندین ســاڵە خاکەکــەیان داگیرکــردووە، بــەڵام هــەرگیز نــەیانتوانیوە هەست و بیری کوردبوون لە ناخی کوردەکاندا دەربکەن، بۆئەوەی ناخیشیان بگۆڕن

و بەتورکبوون داگیری بکەن، ڕۆماننووس لە خولْقاندنی ئەو شوێنە نابەرجەستەیەدا (داگیرکردنی تاریکی)دا، سەرکەوتوو بووە، چونکە ئەو شوێنە داهێنانێکی خودی ڕۆماننوسە و گوزارشتێکی ئیستاتیکیی دەقاودەقی ناخی هەر کوردێکی سەر زەمینە.

هەرچەندە شوێن بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆمانەکەدا، بریتییە لە هەندێک شوێنی واقیعی و ڕاستەقینەی وەک: " ئەنکەرە، ئەستەنبوڵ، ئەزمیر، ئامەد، ... هتد"، کە شوێنی سەرەکیی و گۆڕەپانی ڕووادنی ڕووداوەکانن، بەڵام بە هەندێک دەستکاری و ڕازاندنەوەوە، کە لە بۆتیقای خەیاڵی ڕۆماننووس بەپێی خواست و ویست و گونجاندنی بۆ چوارچێوەی لەخۆگرتنی ڕووداوەکان دروستکراوە، وەک لەم وەسفەدا دەردەکەوێت، کە ڕۆماننووس ڕاستەوخۆ دەڵێت: "خانووەکە گەرچی تامی کۆشکە قەشەنگ و نوێکانی ئەنکەرە و ئەستەنبوڵی نەدەدا، بەڵام بۆ تاریق ئاکانسو و کوڕەکانی و هەرکەسێکی دیش لەگەڵیاندا بژیبایە، زیاد لە پێویست جێگای هەبوو، ژووری زۆر، هۆڵێکی گەورە لە ناوەڕاستدا بۆ دانیشتن و نانخواردن، تەویلە بۆ ئەسپ، تەنووری تایبەت بۆ نان، پەرژینێکی بەردینی جوان" (عەلی،٢٠٢٠، ٣١)، پێدەچێت لە شێوەی ئەو خانوو (کۆشک)ە، لە واقیعدا هەبێت، بێگومان ئەو وەسفەی ڕۆماننووس بۆ خانووەکە وای لێدەکات چوارچێوە و گۆڕەپانێک بێت بۆ ئەوەی کاروکردەوەی کارەکتەرێکی خەیاڵی وەکو ئاکانسو لە خۆبگرێت، خانووەکەش دەبێتە بەشێک لە گشتی دەقی ڕۆمانەکە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا و لەپزدانی خەیاڵی ڕۆماننووسدا سازێنراوە و پێکەوەنراوە.

هەروەها لە وەسفی هەمان شوێندا، ڕۆماننووس ڕاستەوخۆ دەڵێت: "عەلی ئیحسان ئاکانسو هەموو ژیانی ئەو ساتەی بیرنەچووەوە کاتێک پێیانخستە ئەو ماڵەی بەسەر گردێکی بەرزەوە بوو، ئەو ساتەی باوکی هەموو پەنجەرەکانی ماڵەکەی خستە سەر پشت و هەوایەکی بەهێز بە هەموو ژوورەکاندا هەڵیکرد و گووتی (لێرە بە دواوە لەم ماڵەدا دەژین، ئێرە کۆشکی ئاکانسووەکان دەبێت) عەلی ئیحسان دواتر چەند بارەشی دیکەی بینی، چەند گەردەلوول بەسەر ئەم زەوییەدا هەڵیانکرد، بەڵام هیچیان لە ڕەنگی ئەو بایە نەبوون، ئەو ڕۆژە بەهۆی لەیەکدانی شەپۆلە جیاوازەکانی هەواوە دروستبوو، هەتا دواتر خۆی و ئارسینی برای کاتێک بە تەنیا لە ماڵ دەبوون، هەموو پەنجەرەکانیان دەکردەوە، ئەگەرچی بای بەهێز دەهات، ئەگەرچی گەردەلوولی

بـەگوڕ و گـڤ هەڵیـدەکرد، بـەڵام هـەرگیز بایـەکی وەک ئـەو بایـە جـارێکی دی دروسـتنەبووەوە لـە ناوەنـدی ژووری هەرەگـەورەی ماڵەکـەدا وەسـتاو بـە دوو کوڕەکـەی گـوت: "لێرەوە هەوڵدەدەین کارێک بکـەین، تورکـەکان لـە پاشـەڕۆژدا لـە یادماننەکـەن و شـانازیمان پێوەبکـەن" (عـەلی، ٢٠٢٠، ٣٢)، ئـەو وەسـفەی سـەرەوەش بـۆ ڕوونکردنـەوە و ڕێخۆشـکردنە بـۆ ڕووداوەکـانی داهـاتوو و پێشـبینیکردن(پلان)ی ڕۆماننووسە، کە دەبێت هەرشتێک، یان ئاماژەیـەک لـە وەسفی شوێنەکەدا بخاتـەڕوو بۆئەوەی دەربیخات، کە لەداهاتوودا ئـەو شـوێنە ئارام و جێگـەی ئارامیی ئاکانسـو و کوڕەکانی نابێت، هەربۆیـەش ئـەو وەسـفەی (ڕەشـەبا، گوڕەی بـا، گـەردەلوول، بـای بـەهێز و گـوڕە و گڤـەی بـا) دەکـات، شـوێنی خـەیاڵی، هـەموو جۆرەکـانی شـوێنی ڕاستەقینە لەخۆدەگرێت وەکو شوێنی (هۆگر و ناهۆگر، شوێنی کراوە و داخراو) لـەو جـۆرە شـوێنەدا، کـە هـەم داخـراوە هـەمیش نـاهۆگرە "بۆیـە ئیسـتا لـەم ئەمبولانسـە داخراوەدایە، بۆیە ئێستا پەلبەستیانکردووە و لەسەر ئەم نەخۆشبەرە شـەتەکیانداوە" (عـەلی، ٢٠٢٠، ٤١). بـۆ نموونـە عیسـمەت ئۆکتـای نـاو ماشـینی فریاگوزارییەکـەو سـەر نەخۆشـبەرەکە دووشـوێنی نـاهۆگرو داخـراو و خـەیاڵین و بـۆ کارەکتـەر و بـارە نائاسـایی و فەنتازییەکـەی عیسـمەت دروسـتکراون، هەرچەنـدە لـە واقیعـدا ئـەوجۆرە شوێنانە هەن، بـەڵام چونکە نەخۆشییەکـەی عیسـمەت جۆرێکە لـە فانتازیـا و خـەیاڵ، بۆیـە شـوێن و جێگەکـەشـی هـەر خـەیاڵیین، هـەروەها خـەیاڵی دروسـتکردنی شـوێنی ئاسـایی و هاوشـێوەی واقیـع. بەمشـێوەیە ڕۆمـاننووس وەسـفی شـوێنەکە، دەکـات "ژوورەکـە تـا ئەندازەیـەک تاریـک بـوو، بـەڵام دەیتـوانی شـتەکان ببینێـت، لـە ژووری فەرمانبـەرێکی دەوڵـەت نـەدەچوو، زیـاتر وەک نووسـینگەی کەسـێکی دەوڵەمەنـد و پـارەدار ڕازێنرابـووەوە، مێزێکـی فۆرمیکـای بریقـەدار سـەرەکەی پڕبـوو لـە فـایلی ڕەنگاوڕەنگ لەلای چەپی ژوورەکەدابوو، تەلەفۆنێکی سپی لەسـەر مێزەکـەبوو، بـەڵام هەموو دیوارەکان تەختەی تاریک بوون و مۆمێکی سوور زەمینەکەی پۆشیبوو، دوو پەردەی مەخمەڵی ئەستووریش نەیدەهێشت تیشک بگاتە ناوەوە، ژوورەکە چۆڵ بوو" (عەلی، ٢٠٢٠، ٦٠)، ئەوە وەسفی شوێنێکی ئاسایی و واقیعییە، بەڵام خـودی (ژوور)ەکە، خـەیاڵکردە و ڕۆمـاننووس لـە خەیاڵـدا دروسـتیکردووە بـۆ لـەخۆگرتن و زیـاتر وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی باری دەروونیی کارەکتەرەکە، ئەویش عـەلی ئیحسـانە

کە لەلایەن میتەوە ڕاسپێردراوە بۆئەوەی کاری تەرجومانی لەناو زیندانییە کوردەکاندا بکـات و بابەتــە نهێنییــەکان بـۆ میـت بگوازێتــەوە، چونکــە عــەلی ئیحســان تاکــە تەرجوومانی زمانی کوردییە بۆ تورکی، ئەو ژوورەش، بۆیە بەوشێوەیە ڕۆمـاننووس وەسفیدەکات، گوزارشت و ڕوونکردنەوە بێت بۆ کارەکەی عەلی ئیسحان، هـەروەها شـوێنی نـاهۆگر بـۆ تـاریق ئاکانسـۆ شـاری دیاربـەکرە، هەرچەنـدە شـاری دیاربـەکر (ئامەد) شارێکە بوونی ڕاستەقینەی هەیە، بـەڵام لـە وەسفەکەی عـەدنان عاریفدا، کـە ئامۆژگاریی تاریقی سەر بەگورەگە بۆرەکان دەکات، بەجۆرێک شـاری ئامـەد شـارێک بێت بۆ ڕووداوەکانی نـاو دەقی ڕۆمانەکە خوڵقێنرابێت، واتـە ڕۆمـاننووس ئامـەدێکی خوڵقانـدووە بـۆ لـەخۆگرتن و ژینگـەی ڕووداوە خـەیاڵی و خوڵقێنراوەکـانی خـودی ڕۆمـاننووس خـۆی بێـت ئـەو وەهمـەی لای گورگـە بۆرەکـانی دروسـبووە دەربـارەی شاری دیاربەکر، نەک ئامەد (دیاربەکر)ی ڕاستەقینە، دیاربەکری داگیرکردنی تـاریکی، ئامەدێکە بە وشە لەسەر کاغەز وێنەی کێشراوە، وەک دەڵێت: "مـن سـیانزە سـاڵە لـەم شــارەدام، یــەک کەســم لێــرە و لــە دەوروبەریشــی نــەدیوە جێگــای متمانــە بێــت، منداڵەکانیش ئاگاداربکەرەوە ئەمانە ڕقیان لێمانە، هەتا کاتێک کرنۆشمان بۆ دەبەن ناو دڵیان پڕە لە قین و بوغز، گەر دەتەوێت خۆت و منداڵەکانت لەم مەملەکەتەدا گیـان بـە باشـی دەربکـەن، ئـەوەیان تێبگەیەنـە، پیشـانیانبدە دیوارێکی ئەسـتوور لـەنێوان ئێمـە و ئەواندایە، دیوارێک دەبێت هەتاهەتایە بمێنێتەوە" (عەلی، ٢٠٢٠، ٧٧)، لەو وەسفەدا شـوێنە خەیاڵییەکـە لـە ڕێگـەی وەسـفی کەسـەکانەوە دەخرێتـەڕوو، واتـا ترسـناکی شـوێنەکە بەهۆی سروشـتەوە نییـە، بـەڵکو بـەهۆی سروشـتی کەسـەکان و کۆمەڵگاکەوەیـە ئـەو جـۆرە شـوێنە خەیاڵییـە، جـۆرێکی تـرە لـەبنیاتنانی شـوێنی خـەیاڵی بـۆ چوارچێـوە و گۆڕەپــانی ڕوودانــی ڕووداوە خەیاڵییــەکانی دەقــی ڕۆمــانی داگیرکردنــی تــاریکی، هــەروەها شــوێنێکی تــری واقیعیــی ڕۆمـاننووس بەدەسـتکارییەوە دەیکاتــە شــوێنێکی خــەیاڵی بەمشــێوەیە "باغچــەی ئــاژەڵانی ئەنکــەرە بەمزوانــە ترســناکترین مــەخلوقی ســەرخاکی تورکیـا لـەئامێزدەگرێت" (عـەلی، ٢٠٢٠، ١٣٧)، هەرچـەندە شـوێنەکە واقیعییـە، چونکــە ڕووداوەکــان پێویســتیان بــە شــوێنێکە بتوانێــت، ڕووداوە خــەیاڵکردەکان لـەخۆبگرێت، (مـەرەش) شـوێنێکی تـری واقیعییـە، بـەڵام ڕۆمـاننووس لـەڕاسـتەقینە و واقیعــەوە، واقیعێـک و شــوێنێکی تـری خـەیاڵی خوڵقانـدووە، ئـەو دوو شـوێنەی، کـە

شەڕی گورگەبۆرەکان و کورد و سۆسیالیستەکانی تێدا ڕوویدا، یۆڵداش ئویزجان لە وەڵامی ئارسیندا بەمشێوەیە وەسفی مەرەش، دەکات " لەبەرئەوەی دەنگۆیەک هەیە ئەو نەخۆشییە لێرە زۆر بڵاوبۆتەوە، گورگە بۆرەکان لە شارەکانی تر ئەو هەواڵەیان بڵاوکردۆتەوە گوایە بەشی هەرەزۆری مەرەش نەخۆشییەکەی گرتووە و بووە بە جێگایەکی تاعوناوی و دەبێت پاکبکرێتەوە، لەوەشی بگوزەرێین یۆڵداش ئێرە جێگای کۆبوونەوە و یەکگرتنەوەی هەموو ئەو شتانەیە گورگەبۆرەکان حەزی پێناکەن جموجۆڵی کورد و سۆسیالیستەکان لێرە زیادیکردووە، یەکەم لە ڕووی دینییەوە بەشێکی زۆری خەڵکی ئێرە ئیسلامی سونین و عەلەوین، دووەم خەڵکێکی زۆری لێیە خۆیان بە تورک نازانن، سێهەم سەنتەرێکی گرنگی کۆبوونەوەی سۆسیالیستەکانە .... جاران ئێرە سەنتەری ناسیونالیستە تورکەکان بوو، لە هەڵبژاردنەکانەوە بۆیان دەرکەوت خەریکە شارەکەیان لەدەستدەچێت ... دەیانەوێت ..." (عەلی، ٢٠٢٠، ١٣٢).

مەرەش، وەکو باسمانکرد شارێکی واقیعییە، بەڵام ئەو وەسفەی یۆڵداش ئویزجان دەربارەی مەرەش دەیکات، بۆ ئەوەیە لەو واقیعەی خۆیەوە بیگوازێتەوە بۆ شوێنێک و ژینگەیەکی گونجاو بۆئەوەی ڕووداوی شەڕ و کوشتارگەکەی گورگە بۆرەکان دژ بە گروپەکەی (ئارسین و یۆڵداش ئویزجان) کورد و سۆسیالیسەکان بێت، هەربۆ پشتگیری و بەخشینی واقیعێکی جادوویی بەڕووداوەکان، ڕۆماننووس چەندین ناوی شوێنی تری واقیعی و ڕاستەقینەی شوێنەکان لە دەقی ڕۆمانەکەدا بەکارهێناوە بۆ درێژەپێدان بە ڕووداوەکان و گرێدانیان وەک: (کوردستانی باشور، کوردستانی ڕۆژهەڵات، زاخۆ، دهۆک، دێرەلوک، بەرتەڵە، تەلعفەر، موسڵ، .... )، هەروەها هەندێک ڕووداوی مێژوویی بەکارهێناوە، کە لە ئێران و تورکیا و عێراق ڕوویانداوە، وەک: (کودەتای ئێران ١٩٧٩ و شەڕی عێراق_ئێران، ڕاپەڕینی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستانی عێراق، شەڕەکان لە سوریا و بەیروت، ....هتد) بە واتایەکی تر لە تێکەڵکردنی واقیع و خەیاڵدا، ڕۆماننووس (واقیعێکی تر)ی، واقیعی جادوویی دروستکردووە و سازاندوونی لە دەقی ڕۆمانەکانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ و هەورەکانی دانیال و داگیرکردنی تاریکی)دا، بەکاریهێناون، چێژێکی زیاتر و ئیستاتیکایەکی جوانتریان بە دەقی ڕۆمانەکان بەخشیوە.

### ٣-٤-٢- كاتی خەیاڵی لە ڕۆماندا:

### ٣-٤-٢-١- چەمک و پێناسەی کاتی خەیاڵی:

کات، یەکێکە لە توخمە بنەڕەتی و سەرەکییەکان، کە دەقی ڕۆمانی لەسەر بنیاتدەنرێت، چونکە کاتی ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە کاری گێڕانەوەییدا ڕێکدەخات و زنجیرەیان دەکات، "کات توخمێکی بنەڕەتییە بۆ هەبوونی جیهانێکی خەیاڵی لە ڕۆماندا، چونکە کات لە فەزاسازی ڕۆماندا لە پێش هەموو توخمەکانی ترەوەیە" (بحراوي، ١٩٩٠، ٢٠)، بۆیە گێڕەرەوە ناتوانێت چەند ڕووداوێک لە هەمان کاتدا بگێڕێتەوە، کاتی خەیاڵی لە کاتی واقیعی جیاوازە، لەبەرئەوەی کاتی خەیاڵی، زمان دروستیکردووە لەپێناو بنیاتنانی دەقی ڕۆماندا بۆئەوەی ئەرکە خەیاڵییەکانی دەقی ڕۆمانەکە جێبەجێبکات و بەشداربێت لە پێکەوەنان و پێکهێنانی بنیاتی دەقی ڕۆمانەکە و ماناشی هەبێت، واتە مانایەکیش بخولقێنێت، چونکە کاتی خەیاڵی، کاتێکە تەنها لە چوارچێوەی دەقی ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە، لە بەرئەوەی چیرۆک و ڕووداوەکان بەبێ بوونی کاتێکی دیاریکراو هیچ مانایەک نابەخشن.

وەک ئاماژەمان پێدا کات لە ڕۆماندا لەمیانەی زمانەوە دروستدەبێت، بەشداریی پێکهێنانی دەقی ڕۆمانەکە دەکات و ماناش دروست دەکات، هەروەها کاتیش "لە دەقی ڕۆماندا کات بەدوو شێوەیە: یەکەم، کاتی سروشتی و ئاساییە (بەیانی، ئێوارە، کاتژمێر، ڕۆژ، هەفتە، مانگ، ساڵ، ....،هتد)، کە بەپێی کاتی گەردوونی دیاریکراوە، بەڵام هاوشێوەی خەیاڵی نییە.

دووەم: خودیی و مرۆییە، ئەو کاتەیە، کە لایەنێکی لێڵ و نەبینراوە لە ئەزموونی هەستیدا، کە هاوواتای کاتە لە ڕۆماندا، مانای قووڵی ژیانی مرۆییە" (أحمد، ٢٠١١، ٢٣٤)، هەروەها کاتی خەیاڵی لە هەندێک شێوازی تردا دەردەکەوێت، "لە شێوەی گەردوونیدا، وەک ئاماژەیەک بۆ وەرزەکان و ڕۆژەکان و هاوشێوەکانی، یان لە شێوەی شارستانیدا لە بەکارهێنانی ڕۆژانەکاندا ...، یان دەروونی لە کاتی وروژاندنی یادەوەرییەکان و هەستی کەسایەتییەکاندا ...، یان لە شێوەی مێژووییدا لەگەڵ کارە هونەرییەکاندا دەردەکەوێت" (بحراوي، ١٩٩٠، ١١٦)، بەو واتایەکی تر کات لە ڕۆماندا بە شێواز و دیاردە ئاساییەکان، کە پەیوەستن بە کاتی سروشتیی گەردوونییەوە دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ کاتی سروشتیی گەردوونییدا جیاوازی هەیە، چونکە کات

لە ڕۆماندا کاتێکی خەیاڵییە، مرۆڤیش بوونەوەرێکی هەستیار و کۆمەڵایەتییە، هەست بە بوونی ئەو کات و شوێنە دەکات، کە تێیدا دەژی، بەرهەمە هزری و فیکری و هونەرییەکانیش لە شوێنکاتدا دەخوڵقێنێت و چەندین ئەفسانە و هەقایەت و چیرۆک و ....هتد دەخاتەڕوو، ڕۆمانیش یەکێکە لەو هونەرانەی، کە مرۆڤ دایهێناوە بۆئەوەی فراوانتر گوزارشت لە بوونی خۆی و بابەت و دیاردەکانی دەوروبەری بکات و کاتیشی بە بنەمایەکی سەرەکی و بنەڕەتیی هونەری ڕۆمان داناوە.

(جیرار چینێت)یش پێیوایە، "هیچ دەقێک کاتی نییە"(حمداني، ١٩٨٠، ٧٣)، لەبەرئەوەی کات لەدەقدا ساختەیە و دروستکراوە، چونکە هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکان خەیاڵ بنیاتیناون، هەر لەبەرئەوەشە ناتوانرێت ڕیزبەندیی کات لە دەقی گێڕانەوەییدا بپارێزرێت، چونکە نووسەر سیستمی سروشتیی ڕووداوەکان تێکدەشکێنێت، بۆیە "بۆ ڕێکخستنی، ڕووداوەکان لە گوتاری گێڕانەوەییدا دەبێت بڕوانینە ڕێکخستن و بەدواییەکداهاتنی خودی ڕووداوەکان لە هەمان چیرۆکدا، بەڵام هەمیشەیی و بەردەوام بوونی نییە، چونکە ئێمە لەبەردەم یاریکردنداین بە کات و ئەمەش جیرارجینێت بە جیابوونەوەی کاتی دادەنێت لە دوو تەکنیکدا: (داهاتوو، ڕابردوو). (حمداني، ١٩٨٠، ٧٣)

لێرەشەوە "جیاوازی لەنێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆکدا، دەردەکەوێت، کاتی چیرۆک لەژێر هەژموون و ڕکێفی بەدواییەکداهاتنی لۆژیکی ڕووداوەکاندایە، بەڵام کاتی گێڕانەوە ناکەوێتە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی ئەو بەدواییەکداهاتنەی لۆژیکی ڕووداوەکان" (بحراوي، ١٩٩٠، ١٢٠).

هەروەها کات دوو چەمک لەخۆدەگرێت: "یەکەم: کاتی بابەتی، کە بە کاتژمێر دەژمێردرێت و پێوانەدەکرێت و لە دیاردە گەردوونییەکان، یان سروشتیەکاندا دیاریدەکرێت.

دووەم: کاتی دەروونیی خودیی، کاتێکی تایبەتی و کەسێتییە، کاتێکی بێکۆتاییە و بە هەستە ناوییەکانی خودی مرۆیی هەستپێدەکرێت، لە کەسێکەوە بۆ ئەوی تر بەپێی خواستە دەروونییەکانی کەسەکە دەگۆڕێت" (دوار، ٢٠١٩، ٣٣)، بۆیە کاتی گەردوونی (ئاسایی) فاکتەر و کانگەی خەیاڵی ڕۆماننووس داهێنەرە بۆ خوڵقاندنی هەموو جۆرەکانی کات لە دەقی ڕۆماندا، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەو تێڕوانین و

تێگەیشـتنە هـزری و دەروونییەیـە، کـە پەیوەنـدی بـە خـەیاڵی خـودی ڕۆماننووسـەوە هەیە لە وێنەکێشانی کاتی خەیاڵیدا.

کە واتە لە ڕۆماندا، ڕۆماننووس سوود لـە جۆرەکانی کـاتی سروشـتی و واقیعـی وەردەگرێت بۆ بنیاتنـانی کات و جیهانـە خەیاڵییەکەی نـاو دەقی ڕۆمانەکە "بـەم پێیـە دەکرێت کات بەپێی دەرکەوتن و پێگەی لە دەقی ڕۆماندا، بۆ سـێ جۆر دابەشبکرێت، کە بریتین لە:

أ-کاتی مێژوویی.

ب- کاتی دەروونی.

ت- کاتی خورافی. (صالح، ٢٠٢٠، ٥١٥)

ئـەوەی جێگـەی سـەرەنج و گرنگـی توێژینەوەکەمانـە، ئـەوجۆرە کاتەیـە، کـە پەیوەسـتە بـە خـەیاڵ و وێنەکێشـانی کـاتی خەیاڵییـەوە، بۆیـە دەچینـە سـەر جـۆری سێیەمی دابەشکردنەکە (کاتی خورافی)، کە زادەی خەیاڵی نووسەرە، هەرچەندە کات لە دەقی ڕۆماندا بەشێوەیەکی گشتی بەکاتی واقیعییشـەوە هـەر خـەیاڵکردە و خـەیاڵ خوڵقاندوویەتی بۆ جیهانە دروستکراوەکەی ڕۆمانەکە، کە لەسەر کاغەز دروستکراوە.

### ٣-٤-٢-١-١- کاتی خەیاڵی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا:

کاتی خەیاڵی، ئەوجۆرە کاتەیە، کە سنوورەکانی کاتی ئاسایی و سروشتی و گەردوونی تێدەپەڕێنێت و زیاتر لەو ڕووداوانەدا دەردەکەوێت، کە خەون و خەیاڵ و ئەفسانەیان تێدایە "بەمپێیەش ئەم کاتە زیاتر لە ڕۆماندا دەردەکەوێت، کە ڕەهەندێکی خورافییان هەیە و گوزارشت لە دنیایەکی ئەفسانەیی دەکەن، هەربۆیە بونیادی کاتەکەشی لە مەودایەکی زەمەنیی نادیار و بێسنووری کراوەدا گەمەدەکات" (صالح ،٢٠٢٠، ٥٢٥)، "کە تێدا حەقیقەت و عەقڵ فەرامۆشکراوە، واتە ئەوەی لەم ڕووداوانەدا دێتەبەرهەم لە سەرووی عەقڵی مرۆڤەوەیە دوورە لە ڕاستی" (صالح، ٢٠٢٣، ١٥٥)، چونکە ئەو جۆرە ڕووداوانە دەخوازێت ڕۆماننووس ئازادانە مامەڵە لەگەڵ کاتدا بکات، بۆئەوەی لە گەڵ جیهانە خەیاڵییەکەدا بگونجێت یەکە چەسپاوەکانی کات ئاسایی تێکدەشکێنێت و کاتێکی تری جادوویی و خەیاڵی لێ دروستدەکات، کە کاتێکی تری جادوویی واقیعیی دەقی ڕۆمانەکەیە، کە ئیستاتیکای خەیاڵیی بەرهەمیهێناوە و دروستیکردووە.

ئەو جۆرە کاتە لە ڕۆمانەکانی(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکی)دا، بەرچاودەکەوێت، کە گێڕەرەوە بە شێوازێکی ئەفسانەیی و خەیاڵ دەیانخاتەڕوو، کە هەندێکجار کات لەو ڕووداوانەدا بە شێوەیەکی نادیار و ونە و هەندێکجاریش سنوورەکانی پێوەرەکانی یەکەی کات (زەمەن) تێدەپەڕێنێ

#### ٣-٤-٢-١-١-١- کاتی خەیاڵی لە ڕۆمانی(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا:

گێڕەرەوەی ڕاستەوخۆ دەڵێت: "سەیفەدین مارۆ، کە دوای مردنی کچەکەی ماندوو و کەفتەکار دەینواند، سەیری لێهات کە ئێوارەیەکی درەنگ وەختی زستانی ساڵی نەوەدوسێ دەبایە کتوپڕ لە ساڵۆنی ماڵە تازەکەیدا پێشوازیی غەزەلنوس بکات، کە بە ڕیش و چاویلکە و ویقارە بۆهیمییەکەیەوە بێ هیچ ڕێککەوتنێکی پێشوەخت، بۆ دیدارێکی گرنگ هاتبوو، مارۆ لە ناخی دڵدا ئەم مامۆستا غەمگینەی خەیاڵی بە گوناهبار دەزانی، ئێستا هەموو دونیا دەیزانی کە مەهناز بەرلە مردنی عاشقی ئەم پیاوە دەروێش ئاسا سالوکە بووە"(عەلی، ٢٠١٤، ٢١٨)، لێرەدا گێڕەرەوە ئاماژە بە کاتێکی ئاساییدەکات، (ئێوارەیەکی درەنگ زستانی ١٩٩٣م)، بەڵام ئەوەی ئەو

مێژووە واقیعییە لە کاتێکی ڕاستەقینەی واقیعیەوە بۆ کاتێکی خەیاڵی و ناواقیعی دەگۆڕێت، بوونی مامۆستای خەیاڵە (غەزەلنوس)، کە لە بنەڕەتدا کارەکتەری غەزەلنوس بوونەوەرێکی خەیاڵییەو بوونی نییە، بۆیە کاتەکەش لە شێوەی خەیاڵێکی ئەفسانەیی و چادوویيدا ڕۆماننووس نیشانیدەدات، بۆیە چ ڕووداوەکە و چ کارەکتەرەکە چ کاتەکەش هەموو ئەو ڕەگەزانە، خولقێنراوی بزوێنەری خەیاڵی ئیستاتیکیی ڕۆماننووسن.

لە گێڕانەوەیەکی تری ئەفسانەیی و ڕاستەوخۆدا گێڕەرەوە دەڵێت: "شەوێکی باران بوو چوو بۆ ماڵی غەزەلنووس، ترسەکانی بەجۆرێکبوون، جگە لای غەزەلنوس، لە هیچ جێگایەکی دیی دونیا ئارامی نەدەگرت، لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا شتێکی ئەوتۆی لە سەر ئەم پیاوە ڕیشنە نەدەزانی، کە بە غەزەلە سەیر و خەیاڵییەکانی دونیا پڕکردبوو" (عەلی، ٢٠١٤، ٢٥٨)، لەو گێڕانەوەیەدا، کە دەربارەی چوونی تریفەی یابەحرییە بۆ ماڵە خەیاڵییەکەی غەزەلنووس لە (شەوێکی باران)دا، لێرەدا (شەوەکە) نادیارە چی شەوێک بووە؟ هەروەها (تریفەی یابەحری و غەزەلنوس) دوو بوونەوەری خەیاڵین و ماڵەکەی غەزەلنوسیش هەر خەیاڵییە، جۆرێکە لەو ئەفسانانەی، کە ڕۆماننووس لە دەقەکەدا بەکاریهێناوە بۆ زیاتر بەخشینی ئیستاتیکای جادوویی بە ڕووداوەکان، کەواتە کاتەکەش ئەو جۆرە کاتەیە، کە ڕۆماننووس بە ئارەزوو و خەیاڵی خۆی دروستیکردووە.

هەروەها لە نمونەیەکی تری کاتی خەیاڵی و ئەفسانەییدا "دوای چوار ساڵ نەورەسی گوڵ سۆلاڤ، تریفەی بردەوە بۆ ماڵی خۆی، بۆ ناو ئەو کچە پەژموردانەی بە نهێنی لە خانووەکەی ئەودا دەژیان، ڕۆژێک ئەو پێیخستەوە ئەویؑ، پڕبوو لە بۆنی ئەشک، لەکچی وەک تارمایی، لە مەخلوقاتێک باوک و براو مێرد بە خەنجەر و چەقۆ و چەکی دیکەوە بە دوایاندا دەگەڕان، کۆمەڵێک ئافرەت ئەم خانووە نهێنییە نەبێت، بستێک زەویی دی نەبوو بیانگرێتەخۆی، تریفە خۆی بە بەختەوەرترین کچی ئەم دونیایە دەزانی، کە توانیبێتی ڕۆحی ئەم بەدبەختانە ڕزگاربکات، کچانێکی بێهیواو و ترساو کە ئەم ماڵە دواپەناگەیان بوو"(عەلی، ٢٠١٤، ٢٨٢)، هەردوو کارەکتەری تریفە یابەحری و نەورەسی گوڵ سۆلاڤ، دوو کارەکتەر و بوونەوەری خەیاڵیی ناو دەقی ڕۆمانەکەن، کەواتە لە کاتی سروشتی و گەردوونی و لە شوێنی واقیعیدا بوون و

هاوشـــێوەیان نییـــە، بۆیـــە دوو کارەکتـــەری ســـەرووی سروشـــتن هـــەموو کـــارو کردەوەکانیش لە دەرەوەی بوونەوەیە، کەواتـە هـەردوو توخمی (کات و شـوێن) لـەو گێڕانەوەیـــەدا هـــەر خـــەیاڵیین، لـــەپێناو خولْقانـــدنی جیهـــانی ڕووداوە خەیاڵییەکـــەدا خولْقێنراون، هەروەها غـەزەلنوس بۆ ماجیدی گوڵ سۆلاف جیابوونـەوەی خـۆی لـە گەڵ نەوجەوانی چینی دەگێڕێتەوە دەڵێت: "هەفتە دوای هەفتە و مانگ دوای مانگ من لـە دوای هـەموو جـەنگێگ دڵـم بـۆی دەسـووتا، لـە دوای هـەموو جـەنگێک غـەزەلێک دووانم دەدایە ... دواجار ئەو ژیانێک دەژیا، من لە قوڵایی دڵەوە حەزم لێبوو، هەندێک شەو دامدەنا و مەرجی ئەوەم بەسەریدا دەسەپاند حیکایەتی عەشقەکانی خۆیم بۆ بگێڕێتـەوە، چیرۆکـی ئـەو ئەسـتێرانەم بـۆ بگێڕێتـەوە، کـە لەسـەر لەشـی ئافرەتـان جێیدەهێڵێت" (عەلی، ٢٠١٤، ٢٣٣)، لێرەدا ڕۆمـاننووس جیهـانێکی پڕ لەسەیروسـەمەرەی خولْقانـدووە، لـە واقیعـی ئاسـاییدا بـوونی نییـە، سـەرەڕای ئـەوەی کارەکتـەرەکان لـە دەقەکـەدا، بوونـەوەرێکی خـەیاڵین و زادەی غـەزەلی خـەیاڵین، هەرچەنـدە لـە گێڕانەوەکـەدا (هەفتـە و مانـگ و شـەو)، ڕۆمـاننووس ئـەوجۆرە کـات واقیعییـەی بـەکارهێناوە بـۆ هـەوێنی واقیعێکـی جادوویی سـەرووی تواناکـانی مـرۆڤ، هـەروەها کاتەکەشی بە نادیاری خستووەتەڕوو، کە لـە شـێوەی گێڕانـەوە ئەفسانەییەکاندا کـات دەردەکـەوێت، لـەو گێڕانەوەیـەدا هـەروەها ڕۆمـاننووس بەمشـێوەیە ئـەو ڕووداوە ئەفسـانەییە خەیاڵییـە دەگێڕێتـەوە و دەڵێت:"شـەوێک لەشـەوان دوای چەنـدین سـاڵ پرسـیارو دوودڵـی و سـەبر، تریفـەی یابـەحری بـەنهێنی دوای غـەزەلنوس دەکـەوێت، تریفە کچێک نییە ئیرەیی بیخوات، هێندە هەیـە دەیـەوێت تێبگات چ دەردێک لـە ژیـانی غەزەلنوسدایە و بە چی ئەم ڕۆحە نەسرەوتە بەختیاردەبێت، چەندەها شەو بە دوایدا دەڕوات و هەمیشە یەکێک لە کوچـەکانی سێباغدا وەک بـا بیفڕێنێت و تەلیسـم بیبات ونـدەبێت ... شـەو دوای شـەو ... غـەزەلنوس دەڕوات و ئـەو بـە دوایدا ... غـەزەلنوس دەڕوات و ئەو بە دوایدا ... شەوێک لە پشت یـەکێک لـە درەختەکانـەوە، تریفـە دەچێتـە ناو ئەو باغە خەیاڵییە، کە تەنیا ڕۆحلەبـەرە ناوازەکـانی خـەیاڵ دەتـوانن ئاوهـا ئاسـان دەرگاکـانی بدۆزنـەوە" (عـەلی، ٢٠١٤، ٣٧٣). لـەو گێڕانـەوە ئەفسـانەییەدا، کـە گێـڕەرەوە شـێوازی هەقایـەت و داسـتانە کۆنـەکانی بـۆ گێڕانـەوەی ڕووداوەکـە پـەیڕەوکردووە، زیاتر مەیلـەو خورافـات و لـە سـەرووی سروشـتەوەیە، بـەڵام سـەرئەنجام گوزارشـت

لەو دونیا خەیاڵییە دەکات، کە بنیاتی کات تێیدا، دیارینەکراوە و سنوریشی نییە، کە بەم شێوەیەیە (شەوێک لەشەوان، دوای چەندین ساڵ، چەندەها شەو، شەو دوای شەو، شەوێک) ڕاستە (شەو، ساڵ) لە واقیعدا بوونیان هەیە، بەڵام چ ساڵ و شەو؟ چ کاتژمێرێکی شەو؟ چ ساڵێک؟ بە دیاریکراوی، یان (شەوێک لەشەوان)، کە واتە کات لێرەدا کاتێکی خەیاڵی و نادیارە، دەتوانین بڵێین خودی ناونیشانی ڕۆمانە، کە (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)ە، هەڵگری خەیاڵە، مەبەستمان (باغەکانی خەیاڵ)ە، زۆربەی کاتەکانی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە کاتی ئەفسانەیی و خەیاڵی، کە جۆرێکن لەو کاتانەی، کە ڕۆماننووس بۆ هارمۆنیەتیی و ڕازاندنەوە گونجاندن لەگەڵ توخمە پێکهێنەرەکان و جیهانی ڕۆمانەکەدا خوڵقاندوونی، کە ئەرکی ڕێکخستن و چنین و بەدواییەکداهاتنی ڕووداوەکانی لەو زەمەن و کاتە خەیاڵییەدا پۆلێن و ڕێکخستووە، ئەوەش لە ڕێگەی کارگەو بزوێنەری (خەیاڵ)ەوە، ڕۆماننووس دایهێناون، بەمەبەستی بەخشینی چێژێکی ئیستاتیکی بە دەقی ڕۆمانەکە.

### ٣-٤-٢-١-١-٢- کاتی خەیاڵی لە ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)دا:

کات، بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆمانی(هەورەکانی دانیال)دا، نادیار و بێسنوورە، هەرچەندە ڕۆماننووس هەندێک هێما و ئاماژەی بۆ کات خستووەتەڕوو، بەڵام کاتی دەستپێکردنی ڕووداوەکانی لە ڕۆمانەکەدا دیارینەکردووە، واتە هیچ ئاماژەیەک بۆ مێژوویەک، یا ڕێکەوتێک بۆ ڕووداوەکان لە دەقی ڕۆمانەکەدا دیارینەکراوە، لەمیانەی ڕووداوەکانەوە خوێنەر هەست بەوەدەکات، کە ڕووداوەکان لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١ز) دەستپێدەکەن، چونکە ئەو ئاماژانەی هاتوون، وەک داگیرکردنی (شار، خاک، نیشتمان، ... هتد)، لە دوای ڕاپەڕینەوە نەتەوەی کورد توانیویەتی لە قەوارەی نیچمە (کۆنفدڕاڵی)دا، خاوەندارێتی لە چەند شارێک بکات لە باشووری کوردستاندا، هەندێک ئاماژەی تریش هەن بۆ کات لە چوارچێوەی ڕووداوەکاندا، یان لە وەسفی شوێندا دەردەکەون، وەک ئازادکردنی زیندانییەکانی زیندانی ناوەڕاستی شار و ڕاپەڕینی خەڵک و دژی دەسەڵاتی داگیرکەر، خەونەکانی (دانیال و خەڵکی شاری دێلاوار)، هەمان ئەو ترسە واقیعییەی خەڵکی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە تا وەکو ئێستاش هەمان ترس لە داگیرکردن لەناو خەڵکی کوردستاندا بوونی هەیە.

ڕۆماننووس ئەو ترسە واقیعییەی لە شێوەی خەونێکی ترسناکدا دەگێڕێتەوە، کە واقیعی خەڵکی کوردستانە و ڕۆماننووس لە واقیعیە ڕاستەقینەوەیە بە موتوربەکرن و بەپشت بەستن بەتوانا و چاوگەکانی خەیاڵی خودی ڕۆماننووس واقیعێکی تری چادوویی لێدروستکردووە، کاتیش وەکو ڕەگەزەکانی تر لە بۆتیقای خەیاڵی ڕۆماننووسدا لە گەڵ پێکهێنەر و ڕەگەزەکانی تری ڕۆماندا دووبارە بنیاتنراوەتەوە بۆئەوەی واقیعێکی جادوویی لێ بخوڵقێنرێت، کە گوزارشت لە واقیعی ناوەکی (دەروون)ی خەڵکی دێلاوار (کوردستان) بکات، بۆیە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بێئەوەی ئاماژە بۆ شوێنکات بکات، ناڕاستەوخۆ لە زاری ڕێنوار زەریاوارییەوە، کە گێڕەرەوەی ڕووداوەکانە دەست بەگێڕانەوە دەکات، بەم شێوەیە "میر ئەوداڵ کە لەعیادەکەی مامم دەرکەوت ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو، گەرچی زۆربەی شوێنە پزیشکیەکان ماوەیەک بوو کەرەستەی فێنککردنەوەی نوێیان بەکاردەهێنا، بەڵام لە عیادەکەی ئێمەدا وەک بیست ساڵ لەمەوبەر، پانکەیەکی کۆن بە جۆری جانەوەرێکی گێژ و ماندوو لەسقفەکەدا دەسوڕایەوە"(عەلی، ٢٠١٧، ٧)، لەو وەسفەدا (ڕۆژێکی گەرمی هاوین، ماوەیەک بو وەک بیست ساڵ لەمەوبەر) کات هاتووە، بەڵام نادیار و بێسنوورە، دیارینەکراوە چی ڕۆژێکی هاوین و کاتژمێرەکەی چەندە؟ هەروەها (ماوەیەک) هیچ کاتێک دیارینەکراوە، بۆیە بە شێوەیەکی خەیاڵکراو کاتەکە دانراوە، کات لەم دەقەدا بە شێوەیەکی کراوەیە، چونکە ڕووداوەکان ترس و دڵەڕاوکێی خەڵکی کوردستان دەگێڕنەوە لە داگیرکردن، ئەو ترسەش بەردەوامە و چارەسەری نییە و نەکراوە، بۆیە کاتەکەش هەر بەکراوەیی خراوەتەڕوو، بەشێوەیەکی گشتی، کە واتە ئەگەری (کاتی ڕوودان) لەو دەقەدا کاتێکی وەهمی خەیاڵییە، بۆیە لە وەسفی کاتدا ڕۆماننووس زیاتر ئەوجۆرە گوزارشت و وەسفەی بەکارهێناوە، کە گوزارشت لە کاتێکی نادیار و خەیاڵی دەکات، کە زیاتر لە (٦٠) جار ئەم دەستەواژانەی بەکارهێناوە و دووبارەی کردوونەتەوە وەک: (ئەو ڕۆژە، ئەوکاتە، ئەو ئیوارەیە، ئەو شەوە، ئەو بەیانییە، شەوێکی سارد، ئەو هەفتەیە، ڕۆژێک، شەوێک، بەیانییەک، چەند ڕۆژێک، چەند شەوێک ... هتد،(بڕوانە: عەلی ، ٢٠١٧)، چونکە بەکارهێنانی ئەوجۆرە دەستەواژانە بۆ وەسفی کات زیاتر کاتێکی خەیاڵی و وەهمی و کراوە و نادیار دەردەخات، ئەوەش بەدەر نییە لە مەبەستەکانی ڕۆماننووس، هەروەها بۆئەوەی

گوزارشت لەو ترسەی نەتەوەکەی بکات، کە هەمیشەییە و بێ چارەسەر ماوەتەوە، ترسەکەش بەردەوامە و کاتیش کراوە و نادیارە، بۆیە ڕۆماننووس وێنەی کاتێکی نادیار و خەیاڵی کێشاوە، کۆمەڵێک وەسف و هێمای دەروونی مرۆڤی کوردی خستووەتەڕوو، چونکە ڕۆماننوسیش وەکو هەر تاکێکی کورد ترسی لەنادیار و لە ڕۆژگاری داهاتووی خودی خۆی و نەتەوەکەی هەیە، و نازانرێت کات (زەمەن)ی داهاتوو چ لە هەناویدا بۆ خۆی و نەتەوەکەی هەڵگرتووە، جۆرێکی تر لە کاتی خەیاڵی، کە لەدەقەکەدا لە شێوەی هەقایەتدا نیشاندراوە، گێڕەرەوە دەڵێت: "حیکایەتەکە دەڵێت، کاتێک خەونەکەی دانیال بڵاودەبێتەوە ئێوارەیەک سەدان کەسی تورە لەبەردەم زیندانی گەورەدا کۆدەبنەوە و هەرا و زەنای گەورە سازدەکەن، دەیانەوێت ئاگر لە زیندان بەردەن، داوادەکەن دانیال بدرێتە دەستیان و بیسوتێنن" (عەلی، ٢٠١٧، ٢٥٨). ئەوجۆرە گێڕانەوەی خەیاڵییە و لە گێڕانەوەی ئەفسانە کۆنەکان و هەقایەتە کۆنەکان دەچێت، نەبووە لە واقیعدا هیچ کەسێک لە سەر خەونبینین بکوژرێت و هەر کارەکتەری دانیال بوونی نییە لەواقیعدا، بۆیە کاتەکەش (کاتێک، ئێوارەیەک) نادیار و بێسنوور و خەیاڵییە، شێوازی گێڕانەوە و ڕووداوەکەش لەگەڵ ڕەگەزی کاتەکەدا گونجاوە بۆئەوەی لەگەڵ چنین و خستنەڕووی ڕووداوەکەدا هاوئاهەنگ بێت.

هەروەها لە وەسفی هەورەکانی دانیالدا، کە لە خەونەکانی ئال موردا هاتووە، دەڵێت: "سەدان هەزار کەس، کەساڵەهایە بۆ ئەم جەنگە ئیشدەکەن، هەورەکان بە خێرایی دەڕۆن و من بەردەوام سەیریاندەکەم، لەوە خێراترن، بتوانم ڕایانبگرم، هەستدەکەم بە جۆرێکی شێتانە ڕووەو دێلاوار دەکشێن، ڕەنگێکی خوێنین و سەیریان هەیە، تا دێت لەبەرچاوم سوورتر دەبن، چیتر لەوە درەنگترە کەس بتوانێت هیچ چەقۆیەک ڕابگرێت، هیچ گوللەیەک بگێڕێتەوە، هیچ هەورێک لەئاسماندا بوەستێنێت"(عەلی، ٢٠١٧، ٦١٠). لە گێڕانەوەی خەونەکاندا، هەمیشە کات کراوەیەو نادیار و دیارینەکراوە، کە (ساڵەها)یە و شێوازی گێڕانەوەکەشی ئەفسانەییە، چونکە لە بنەڕەتدا خەونەکانیش لە دەقی ڕۆمانەکەدا خەیاڵیین، کە واتە ڕۆماننووس بەهەوێنی واقیعی لە شێوەی خەوندا، ترسەکانی خەڵکی دێلاواری بە تەکنیکی پێشخەری لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بە پێشبینیکردنی خودی و بابەتی (بە خوێندنەوەی واقیع)،

کاتی خەیاڵی بۆ ڕووداوەکان خولقاندووە و جیهانی ڕۆمانەکەشی بەگشتی لەسەر بنیاتناوە.

### ٣-٤-٢-١-١-٣- کاتی خەیاڵی لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا:

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا، ڕاستەوخۆ دەستدەکات بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان، کە لە (١٢ی تەممووزی ١٩٧٧ز)ەوەیە، ئەو ڕۆژەی، کە عیسمەت ئۆکتای زمانی ئاخاوتن بەزمانی تورکی لە دەستدەدات و بەزمانی کوردی قسەدەکات، دواتر ڕۆماننووس بۆ گریدانی ڕووداوە سەرەکییەکە (لەبیرچوونەوەی زمانی تورکی) لەلایەن کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەوە هۆکارە مێژووییەکان ئەو ڕووداوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی سیاسی، کە سی و دوو ساڵ پێش ئەوەی عیسمەت زمانی تورکی لەدەستبدات (لەبیربچێتەوە)، دەکاتە کۆتایی مایسی ساڵی (١٩٤٥ز)، کاتێک تاریق ئاکانسو ڕەوانەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا دەکرێت، بەمەبەستی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە کوردستانی باکووردا، هەرچەندە ئەو دووکاتە لەمێژوودا وەک دوو زەمەنی واقیعی خراونەتەڕوو، بەڵام ڕووداوی لەدەستدانی زمانی تورکیی نائاسایی و فانتازییە، کاتێک عیسمەت بەیانییەک لەخەو هەڵدەستێت، زمانی تورکی لەبیرچووەتەوە و بە زمانێکی نامۆ قسەدەکات، بەحوکمی ئەوەی ڕووداوەکە سیما و خەسڵەتێکی ئەفسانەیی و جادوویی هەڵگرتووە، کاتەکەشی لە چوارچێوەی دارشتنی خەیاڵەوەیە بۆئەوەی ڕووداوەکە جۆرە واقیعییەتێکی جادوویی پێببەخشرێت، بۆیە ڕۆژو مانگ و ساڵێکی واقیعیی ڕاستەقینەی بۆ دیاریکراوە، بەمشێوەیە دەڵێت: "عیمسمەت ئۆکتای، بەیانی کاتێک خەبەری بووەوە، هەستی بە شتێکی تایبەتی نەکرد، ڕۆژێکی ئاسایی بوو... وشەکانی بۆ نەیەت و شتێک بەرگەروی بگرێت هیچی نەگووت" (عەلی، ٢٠٢٠، ٥)، هەروەها گێڕەرەوە دەڵێت :"بۆ ڕۆژی دوای عیسمەت ئۆکتای، هەر خەبەری بووەوە هەستێکی خۆشی هەبوو، ...، لە دڵی خۆیدا پرسی: بۆیە دەبێت گەر زمانێکی ترم هەبێت، وەک نەخۆش سەیرم بکەن؟ " (عەلی، ٢٠٢٠، ١٩).

هەرچەندە کات وەک کاتێکی واقیعی مێژوویی خراوەتەڕوو، بەڵام لەناو مێژوویی واقیعیدا، چەندین کاتی نادیار و جادوویی خراوەتەڕوو وەک: "کاتێک تاریق ئاکانسو

یەکەم جار پێیخستە ناو ماڵە نوێکەی خۆی و لە پەنجەرەکەیەوە سەیری هەندێک هەوری پەرتەوازەی کرد" (عەلی، ٢٠٢٠، ٣١)، لە دەقەکەدا (کات) نادیار و کراوەیە، واتە دیارینەکراوە کاتەکە کەیە؟ بۆ نموونە (شەو، ڕۆژ)، یان کاتژمێر چەندە؟ هەروەها گێڕەرەوە دەڵێت: "ڕۆژێک لەکۆتایی مایسی ساڵی (١٩٥٠) کاتێک دکتۆرەکە پشکینینی بۆ تاریق ئاکانسو دەکرد، عەلی ئیحسان بە هێمنی لە پاڵیدا وەستابوو" (عەلی، ٢٠٢٠، ٣٧٧)، لێرەشدا (ڕۆژێک، لەکۆتایی مایس کاتێک) هەموو ئەو دەستەواژانە ئاماژەن بۆ کاتێکی خەیاڵی و نادیار لە دەقی ڕۆمانەکەدا، هەروەها کاتێکی تری خەیاڵی بەمشێوەیە گێڕەرەوەی ڕاستەوخۆ دەڵێت: "جەنابی وەزیر، ئەم جۆرە نەخۆشیە دەگمەنەکانە ماوەیەکی درێژ گەڕان و پشکنینان دەوێت، لەوێنە ئەم حاڵەتە لەمێژوودا زۆر بووە لەناکاو کەسانێک زمانێک دی قسەدەکەن، ئەمە نەخۆشییە سەیرەکانە و زۆر پشکنینی بۆ نەکراوە، بەڵام بەڕێزان دونیا پڕە لە دەرد و نەخۆشی سەیر، خەڵک هەن لە ناکاو بۆنی ماسییان لێ دێت، خەڵک هەن لەناکاو شێوەی لەشیان و ڕەنگی پێستیان و گەشەی ئیسقانەکانیان دەگۆڕێت بۆ شێوەی فیل، نەخۆشییەک هەیە بەدەست و قاچی نەخۆشەکەوە وەک درەختی لێدێت" (عەلی، ٢٠٢٠، ١٥٨)، لەو گێڕانەوەیەدا هەندێک دەستەواژەی ئەفسانەیی و لە شێوەی ئەو دەستەواژانەی لەهەقایەتەکاندا بەکاردەهێنرێت وەک: (خەڵک لەناکاو بۆنی ماسی لێدێت، گۆڕینی شێوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بۆ شێوەی فیل، یان گۆڕێنی بۆ شێوەی درەخت)، هەروەها دەستەواژەکانی (ماوەیەکی درێژ، لە مێژوودا، لەناکاو)، لێرەشدا کات دیارینەکراوە ونادیارە، واتە ئەو کاتانە کەیە، کە ئەو ڕووداوانە ڕوودەدەن، چ کاتێکە؟ یان چ ڕۆژێکە، یان چ ساتێکە؟

ڕۆماننووس لەزۆر شوێندا ڕووداوەکان لەشێوەی ئەفسانە و خورافاتدا دەخاتەڕوو و دەیانگێڕێتەوە و بنیاتی کاتیش لە بۆتەقەی خەیاڵی ئازاددا و بە تێکەڵکردن و گونجاندنی ڕووداوەکان نیشاندەدات، بەمشێوەیە "کوردەکانیش ڕۆحێکی وەهایان هەیە، ئەم جارە لەسەر گۆڕەکان هەستم پێکرد، لە نیوەشەودا هەندێک تارمایی لە گۆڕستانەکاندا دەردەکەون و بەو زمانە قسەیاندەکرد، باوەڕم پێبکە ئەوانەی مردبوون هەڵدەستانەوە و لەگەڵ یەکدا دەکەوتنە گفتوگۆ" (عەلی، ٢٠٢٠، ٤٩٨)، لێرەدا ڕۆماننووس بە هەمانشێوەی ئەفسانەیی و خورافی ڕووداوەکەی گێڕاوەتەوە،

(هەستانەوەی مردووەکان) و بینینیان لە واقیعدا بوونی نییە تەنها لە دەقە ئەفسانەیی و خورافییەکاندا، ئەو ڕووداوانە ڕوودەدەن، بۆیە کاتەکەش هاوتەریب و هاوئاهەنگی ڕووداوەکان بنیاتنراوە، چونکە هەمیشە لە ڕووداوە ئەفسانەیی و خورافییەکان شوێنکاتی ترسناک دەخوڵقێنرێت بۆئەوەی ببێتە جێگەی سەرنج و چێژی خوێنەر هەمیشە (شەو _ گۆڕستان)، بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشت لەو جۆرە ڕووداوە خەیاڵیانە، بۆیە لێرەدا کات (دووی نیوەشەو) بەکارهێنراوە، هەرچەندە ڕۆماننووس ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردووی باکووری کوردستان دەگێڕێتەوە، کە لە ساڵی (١٩٤٥ز)ەوە دەستپێدەکاتەوە بە گەڕانەوەی عیسمەت یوسف ئۆکتای لە زاخۆوە بۆ تورکیا لە ساڵی (١٩٩٤ز)، کۆتایی بە ڕووداوەکان دەهێنێت، هەموو توخمە سەرەکی و پێکهێنەرەکانی ڕۆمانەکە بە هەوێنی واقیعی سیاسی و ڕووداوە مێژووییەکان موتوربەکراون و لە بۆتیقای خەیاڵدا تێکەڵکراون و پێکەوە ڕێکخراون، کە ئیستاتیکایەکی چێژبەخش و داهێنەرانەی خەیاڵی خودی ڕۆماننووس دەردەخات، لە دەقێکی نەمری بێوێنەی وەکو (داگیرکردنی تاریکی)دا خراوەتەڕوو.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لە هونەری ڕۆماندا واقیع هەوێن و بنەمایەکی گرنگە بۆ خوڵقاندن و پێکهێنانی ڕەگەزەکانی ڕۆمان، بەختیار عەلیش لە واقیعەوە، واقیعێکی تری خەیاڵی داهێناوە، کە زادەی خەیاڵی خودی ڕۆماننووسن، کە ڕۆماننووس بە دەرخستنی لایەنە نەوتراوەکان و خەفەکراوەکانی ناو کۆمەڵ، بە تایبەت لە ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا.

٢- هەرچەندە بابەتەکانی فانتازیا لە خەیاڵدانی ڕۆماننووسی داهێنەرەوە لە دایکدەبێت، بەڵام لە واقیعدا ڕوودانیان مەحاڵ و نەکردەنییە، پێچەوانەی بابەتە خەیاڵکراوەکانە، کە لە وانەیە لە واقیعدا ڕووبدات، یان هەبێت.

٣- لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا، ڕۆماننووس جۆرێک لە فانتازیای بەرجەستەکردووە، واتە جۆری دۆناودۆن(التناسخ_Meamorphosis)ی پەیڕەوکردووە، ئەمەش جۆرێکە لە ڕێبازی واقیعی جادوویی، کە هەردوو ڕۆماننووس ( کافکا و گابریل گارسیا مارکیز) پەیڕەویانکردووە و خۆشیان ڕابەری ئەو ڕێبازە ئەدەبییەن.

٤- لە ڕۆمانی (هەورەکانی دانیال)دا، ڕۆماننووس وەهم و خەیاڵی وەکو بنەما و خاڵ و پنتی سەنتەرالیزمی ڕۆمانەکە بەکارهێناوە، هەردوو زاراوەکەی تێکەڵاوکردووە و یارییەکی ئیستاتیکی و چێژبەخشی بۆ خوێنەر خوڵقاندووە.

٥- لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)دا، لە ڕووی ناوەڕۆکی ڕووداوەکانەوە دەقاودەق پێچەوانەی ڕۆمانی(هەورەکانی دانیال)ی پەیڕەوکردووە، بەڵام هەمان ڕێبازی ڕیالیزمی جادوویی پەیڕەوکردووە، بەو واتایەی ڕووداوەکانی پێچەوانە و تەواوکەری یەکترن.

٦- بەهۆی خەیاڵفراوانیی ئەدەبی و شێوازی خستنەڕووی ڕووداوەکان و گێڕانەوەی ڕووداوەکان و خوڵقاندنی فەزای ڕۆمانەکانی بەختیار عەلییەوە، کە داهێنانی زادەی خەیاڵی خودی ڕۆماننووسن، بە پشتبەستن و موتوربەکردن و سوودوەرگرتن لە کانگە ڕۆشنبیری و نەتەوەیی و ئایینی و

کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆماننووس دەقێکی ئیستاتیکیی داهێنەرانە و چێژبەخش و قەناعەتبەخشی خستووەتەڕوو.

٧- ڕووداوەکان، کارەکتەرەکان، شوێنکاتەکان لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا، بە گشتی بەشێکن لە ڕووداوە مێژووییە نەتەوەییەکانی کورد و جوگرافیای کوردستان، کە ڕۆماننووس لە دەقی ڕۆمانەکەدا مەزراندوویەتی و بوون بە بنەما و کانگەی ڕۆمانەکە، چونکە ڕۆماننووس وەک تاکێکی کورد خاوەن هەست و سۆزی مرۆیی و نەتەوەییە، بێگومان هەست بە ئازار و مەینەتییەکانی میللەتەکەی خۆی دەکات، لە گەڵ ڕووداوەکاندا ژیاوە و ئاگاداری هەموو ڕووداوە سیاسی و نەتەوەییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستانە بە ورد و درشتییەوە.

٨- لە داگیرکردنی تاریکیدا، گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە گۆشەنیگای کارەکتەرە تورکەکانەوە دەگێڕدرێتەوە، بەڵام لە سەر خاکی کورد و تاکی کورد و زمانی کورد هەموو ڕووداوەکان ڕوودەدەن.

٩- هەموو ئەو ڕووداو و شوێنانەی لە داگیرکردنی تاریکیدا خوڵقێنراون لە خەیاڵدانی رۆماننووسدا پێکەوەگرێدراوە و کانگەکەشی زانیاری و مەعریفەی خودی رۆماننووسن، دەربارەی مێژوو و کەلتووری نەتەوەیی خودی ڕۆماننووسن.

١٠- ئەوجۆرە گێڕانەوەیەی لە داگیرکردنی تاریکیدا پەیڕەوکراوە، پێشتر لە ڕۆمانی کوردیدا بە دیناکرێت، ئەمەش چێژێکی ئیستاتیکی بە دەقی ڕۆمانەکە بەخشیوە و تازەگەری و بازدانێکە لە گێڕانەوەی ڕۆمانی کوردیدا.

١١- لە هەرسێ ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننووس لە شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا ڕیالیزمی جادوویی (ئەمریکای لاتینی) پەیڕەوکردووە، بەڵام بە ئاستی جیاواز لە پێناو نیشاندانی ڕووداوە واقیعییەکانی ناو کۆمەڵگە و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کورد، بەڵام بە شێوازێکی تایبەتیی خودی ڕۆماننووس دایهێناوە، بەمەبەستی گونجاندنی لە گەڵ ڕووداو و فەزاسازیی ڕۆمانەکەدا، کە تایبەتمەندی و مۆرکی نەتەوەی کوردی بخاتەسەر، کە

دەتوانین بڵێین یەکێکە لە تایبەتمەندی و جوانییەکانی دەقی هەرسێ ڕۆمانی سنوری توێژینەوەکەمان.

١٢- شوێنە خەیاڵییەکان لە هەر سێ ڕۆمانەکەدا، هەڵگری هێما و سیمایەکی ماددی و مەعنەوی نەتەوەیین، چێژ و ئیستاتیکایەکی جوانتریان بە دەقی هەر سێ ڕۆمانەکە بەخشیوە.

## سەرچاوەکان:

- قرآن الكريم. سورة طه، برواية حفص عن عاصم. دمشق: دار الشربجي للطباعة والنشر و التوزيع، ٢٠٠٩. الاية ٦٦.

ا. کتێب

- زمانی کوردی:

- بەرزنجی، سەعید مەحەممەد.(٢٠٩). هزری ڕەخنەیی و ئیستاتیکای دەق. کەرکوک: چاپخانەی (ڕۆژ)ی کۆمەڵە.
- پیرداود، ستار. (٢٠١٠). خوێندنەوەی میتافۆر، چاپی دووەم، دهۆک: چاپخانەی خانی.
- حسێن، جەبار ئەحمەد.(٢٠٠٨). ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی ـ کوردستانی عێراق (١٩٥٠ـ ١٩٧٠) ، چاپی یەکەم . سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- حەسەن، مولود ئیبراهیم.(٢٠٢٠). پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی. سلێمانی: ماڵی سوهرەوەردی.
- حەمەد، ئیبراهیم حەسەن.(٢٠١٢). ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لە ڕۆمانی کوردیدا(باشووری کوردستان ١٩٨٥– ١٩٩١). هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- حەمەسالح، هیمداد مەحمود.(٢٠١٠). بونیادی ئیستێتیکی هێگڵ. هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان .
- حەمەصالح، مقداد .(٢٠١٣). سەرنجێک لەسەر ئیستاتیکا ،چاپی یەکەم. سلێمانی: خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
- حەمەغەریب، تەحسین.(٢٠١٩). فەرهەنگ و خەیاڵ. سلێمانی: ناوەندی سارا.
- ڕەسوڵ، شوکریە. (٢٠٠٥).تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی(مارف بەرزنجی)دا،. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- ڕۆشنبیری ، لێژنەی. (٢٠١٣).دیداری ڕۆمانی کوردی. هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
- سابیر، پەرێز.(٢٠٠١). بینای هونەری چیرۆکی کوردی. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- سەجادی ومەحموودی ،بەختیار و محەمەد.(٢٠٠٤). فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم. هەولێر: دەزگای ئاراس.

- سەراج، عەبدوڵڵا. بەرەو..ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان.(٢٠٠٧). سلێمانی: دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم.
- سەعدون، سامان عزالدین.(٢٠١٥). دەقە شیعرییەکانی گۆران - لەڕوانگەی دەروونناسیەوە. سلێمانی: ناوەندی غەزلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- سەعید، ئیسماعیل ئیبراهیم.(٢٠٠٥). ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی کوردی بەغدا ١٩٧٠- ١٩٧٤. بەغدا: دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی.
- سیوەیلی، ڕێبوار.(٢٠٠٦). نووسین و بەرپرسیاری. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.
- شەریفی، فەرشید. (٢٠٠٦).فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان. سلێمانی: دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم.
- شەمیشا، سیروس.(٢٠١٨). ڕێبازە ئەدەبییەکان، و: هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم. هەولێر: چاپخانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- شێخ حسێن، کازم .(٢٠١٨). جوانیناسی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانی دا. سلێمانی: خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
- صاڵح، دیمن عبدالله.(٢٠٢٣). شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی(داگیرکردنی تاریکی)ی بەختیار عەلیدا. سلێمانی: چاپخانەی پاندا.
- صاڵح، ئاوارە کەمال.(٢٠٢٠). شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا(ڕۆمانەکانی کاروان کاکە سوور) بەنموونە. هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- عارف، حەمە کریم. هەزار پیشە،چاپی دووەم.(٢٠١٨). سلێمانی: ناوەندی سارا.
- عەلی، بەختیار .(٢٠١٨). جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لە گەڵ خۆیدا دەیبرد،چاپی دووەم. سلێمانی: ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.
- عەلی، بەختیار .(٢٠٢٠). داگیرکردنی تاریکی. سلێمانی: ڕەهەند.
- عەلی، بەختیار .(٢٠١٩.) غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، چاپی چوارەم، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
- عەلی، بەختیار . (٢٠١٧).هەورەکانی دانیال. چاپی دووەم، سلێمانی: ئەندێشە.
- عەلی، بەختیار.(٢٠٢١). وەک بەڵندەکانی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، چاپی دووەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند .
- عەلی، ڕووناک سەلاح.(٢٠١٧). هونەری فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا، هە ولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- عوسمان، هەرێم. (٢٠٢١).زمان و ئازادی گێڕانەوە لە بارەی سێ ڕۆمانی بەختیار عەلی. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

- عومەر، موحسین ئەحمەد. (٢٠١٢).فەرهەنگی ئەدەبی . سلێمانی: چاپخانەی حەمدی.
- عیسی، هاوژین صلیوه.(٢٠٠٩). بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- کریم، ئازاد عبدالوحد.(٢٠١٧). شیعرییەتی دەق_ مەودایەک بۆ سازاندنی زمان. کەرکوک.
- کەرم، یوسف. (٢٠١٧).مێژووی فەلسەفەی نوێ، و: عومەر عەلی غەفوور، چاپی یەکەم. سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- گەرمیانی، عادل مجید.(٢٠١٩). ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
- مجاهد، مجاهد عبدالمنعم . (٢٠١٣).زانستی ئیستاتیکا، و: عەبدوڵڵا گەرمیانی. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- مستەفا، ئاسۆ عمر.(٢٠٠٩). بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران . دهۆک: چاپخانەی خانی.
- مەلا زادە، ڕێبوار محمد.(٢٠٢٠). تیۆری ئەدەبی _ دەقی شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا . ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- مەلا زادە، ڕێبوار محمد.(٢٠١٦). سایکۆلۆژیای شیعر- داهێنانی نالی لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە . هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- مەنتک، حەمە . (٢٠٢١).گێڕانەوەناسی دەروازەیەک بۆ تیۆرەکانی گێڕانەوە. هەولیر: نوسینگەی تەفسیر.
- مەنتک، حەمە. (٢٠١٨).هونەرەکانی چیرۆکنووسین. هەولێر: چاپخانەی تاران.
- موکریانی، گیو.(٢٠١٧). فەرهەنگی نۆبەرە(عەرەبی_ کوردی)، پێداچوونەوە و زیدەکردن:د. کوردستان موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- مونیف، عەبدولڕەحمان.(٢٠٠٦). تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، و: لە عەربیەوە، شیرین.ک. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- میراودەلی، کەمال.(٢٠٢١). فەلسەفەی جوانی هونەر ـ ئیستاتیکا، چاپی سێیەم . بێ شوێنی چاپ: چاپخانەی مێخەک.
- یاقووب، عەلی عوسمان.(٢٠١٩). ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرەهەندەکان. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- ئەحمەدی، بابایی ، بابەک و مەسعود .(٢٠٠٧). هەقیقەت و جوانی، چاپی یەکەم . هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- ئەحمەدی، بابەک.(٢٠٠٨). هەقیقەت و جوانی(وانەکانی فەلسەفەی هونەر)، و:مەسعوود بابایی. دهۆک: چاپخانەی خانی.
- ئەدلەر، ئالفەرد.(٢٠٠٨). ناسینی سروشتی مرۆڤ، وەرگێرانی : سیدۆ دادوود عەلی و فرمێسک رزگار، سلێمانی: خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد.(٢٠١٥). فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان. سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس.
- ئەلڕەحمانی، ئەحمەد.(٢٠٢١). تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، وەرگێڕان : پ.د. سەردار گەردی. هەولێر: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر.
- یۆسا، ماریۆ بارگاس.(٢٠٠٨). ١٢ نامە بۆ ڕۆمانووسێکی لاو، و: شیرین.ک . سلێمانی: چاپخانەی بینایی.

- زمانی عەرەبی:

- ابراهيم، وفاء محمد.(ب.ت). علم الجمال- قضايا تاريخية و معاصرة، القاهرة: مكتبة غريب.
- ابن خلدون.(١٩٠٧). اراء اهل المدينة الفاضلة،ط٢،القاهرة:مطبعة التقدم.
- ابن سينا.(١٩٨٥). النجاة، نقحه و قدم له: ماجد فخري، بيروت: دار الافاق.
- ابن منظور.(١٩٩١). لسان العرب المحيط،م٢، مادة: خيل، تقديم:عبدالله العلايلي، بيروت: دار الجيل.
- ابو ريان، محمد علي.( ١٩٨٩). فلسفة الجمال و نشأة الفنون الجميلة،ط٨، الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
- ابو ملحم، علي.(١٩٩١). في الجماليات نحو رؤية جديدة الى فلسفة الفن، بيروت: المؤسسة الوطنية للدراسات و النشر.
- ابو ملحم، علي.(١٩٩٤). المناحي الفلسفية عند جاحظ، بيروت: دار مكتبة الهلال.
- احمد، مرشد.(٢٠٠٥). البنية الدلالية في روايات ابراهيم نصرالله، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر.
- الادريسي، يوسف.(٢٠٠٥). الخيال و المتخيل في الفلسفة النقد الحديث، مطبعة النجاح الجديدة.
- الادريسي، يوسف.(٢٠١٢). التخييل و الشعر- حفريات في الفلسفة العربية الاسلامية، بيروت: منشورات ضفاف.
- اسماعيل عزالدين.(١٩٩٢). الاسس الجمالية في النقد العربي- عرض و تفسير و مقارنته، القاهرة: دار الفكر العربي.

- افلاطون.(١٩٦٩).جمهورية افلاطون، ترجمة: حنا خباز، بيروت.
- الامام، غادة.(٢٠١٠). جاستون باشلار/ جماليات الصورة، بيروت: التنوير للطباعة و النشر و التوزيع.
- انوود، ميخائيل.(٢٠١١).معجم مصطلحات هيجل.بيروت: التنوير للطباعة و النشر.
- ايغلتون، تيري.(٢٠٠٦). نظرية الادب، ترجمة: ثائر ذيب، بغداد: دار المدى للثقافة و النشر .
- بارت، رولان.(١٩٩٣). طرائق تحليل النص الادبي(دراسات في البنية الدلالية)، رباط:منشورات اتحاد كتاب المغرب.
- باشلار، جاستون.(٢٠٠٧).الماء و الاحلام- دراسة عن الخيال و المادة، ترجمة: د.علي نجيب ابراهيم، تقديم ادونيس، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.
- بحراوي، حسن.(١٩٩٠). بنية الشكل الروائي( الفضاء، الزمن، الشخصية)، بيروت: المركز الثقافي العربي.
- بدر، فاطمة.(٢٠١٣). الفنطازيا و الصولجان، دار الادهم للطباعة و النشر.
- بدوي، احمد زكي.(١٩٨٤). معجم مصطلحات العلوم الادارية، القاهرة: دار الكتاب المصري.
- بدوي، عبدالرحمن.(١٩٧٧). امانويل كانط، الكويت: وكالة المطبوعات الكويتية.
- بدوي، محمد مصطفى.(١٩٥٨). كولردج، القاهرة: دار المعارف بمصر.
- برجاوي، عبدالرؤوف.(١٩٨١). فصول في علم الجمال، بيروت: منشورات دار الافاق الجديدة.
- برنس، جيراند.(٢٠٠٣). المصطلح السردي، ترجمة: عابد خزندار، مراجعة: محمد بريري، القاهرة: المجلس الاعلى للثقافة.
- بلوز، نايف.(١٩٨٢). علم الجمال، دمشق: مطبوعات جامعة دمشق.
- بن زكريا، ابوحسن بن فارس .(١٩٩١).معجم مقاييس اللغة، تحقيق و ضبط:عبدالسلام هارون،م٢، مادة:خيل، بيروت: دار الجيل.
- بنيس، جواد.(٢٠١٨). اللغة و السرد- القراءة في الاساليب الابداع الروائي، القاهرة: رؤية للنشر و التوزيع.
- بوشوشة، بن جمعة.(١٩٩٩). اتجاهات الرواية في المغرب العربي، تونس: المغاربية للنشر و الاشهار.
- بوعزة، محمد.(٢٠١٠). تحليل النص السردي – تقنيات ومفاهيم، بيروت: منشورات الاختلاف.
- بيانوبيا، داريو.(١٩٩٠). مسار الرواية الاسبانو الامريكية الراهنة من الواقعية السحرية الى الثمانينيات، المغرب.
- تليمة، عبدالمنعم .(١٩٧٨).مدخل الى الجمال الادبي، القاهرة: دار الثقافة بمصر.
- التمارة،عبدالرحمن.(٢٠١٣). مرجعية بناء النص الروائي، عمان: دار ورد للنشر و التوزيع.
- تودورف، تزفيتن.(١٩٩٤). مدخل الى الادب العجائبي ، ترجمة: الصديق بو علام، دار شرقيات للنشر و التوزيع.
- التونجي، محمد. (١٩٩٩). المعجم المفصل في الادب، بيروت: دار الكتب العلمية.

- التونسي، محمد الخضر حسين.( ١٩٢٢). الخيال في الشعر العربي، دمشق: المكتبة العربية.
- الجاحظ، ابو عثمان عمر بن بحر.(١٩٥٦). الحيوان، جزء الاول، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، القاهرة: مطبعة البابي الحلبي.
- جمعة، حسين.(٢٠٠٣). المسبار في النقد الادبي – دراسة في نقد الادب القديم و التناص، دمشق: اتحاد كتاب العرب.
- الجوزو، مصطفى.(١٩٩١). نظريات الشعر عند العرب- الجاهلية و العصور الاسلامية، بيروت: دار الطليعة للطباعة و النشر.
- جيمينيز، مارك.(٢٠٠٩). ماالجمالية، ترجمة: شربل داغر، بيروت: المنظمة العربية للترجمة.
- الحايل، الحسين.(١٩٨٨).الخيال اداة للابداع، الرباط: مطبعة المعارف الجديدة.
- حسين، مسلم حسب.(٢٠٠٧). جماليات النص الادبي- دراسات في البنية الدلالية، لندن: دار السياب للطباعة و النشر و التوزيع.
- الحلواني، عامر.(٢٠٠٤). جمالية الموت في مراثي الشعراء المخضرمين،صفاقس:دار التسفير الفني.
- حليفي، شعيب.(٢٠٠٩). شعرية الرواية الفانتاستيكية، بيروت:منشورات الاختلاف.
- الحمادي، علي.(١٩٩٩). شرارة الابداع، بيروت: دار ابن حزم للطباعة و النشر و التوزيع.
- خضرة، محمود.(٢٠٠٦). تاريخ الفكر الجمالي، دمشق: منشورات جماعة دمشق.
- خضير، محمد.(٢٠٢٠). السرد والكتاب- استعمالات المشغل السردي، ط٢، بصرة: مطبعة شهريار.
- خليل، خليل احمد.(١٩٨٤). المفاهيم الاساسية في علم الاجتماع، بيروت: دار الحداثة للطباعة و النشر و التوزيع.
- الخوالدة و الترتوري، محمود عبدالله و محمد عوض.(٢٠٠٦).التربية الجمالية و علم النفس الجمال، عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع.
- دهمان، احمد محمد.(١٩٨٦). الصورة البلاغية عند عبدالقاهر الجرجاني- منهجا وتطبيقا، دمشق: دار طلاس.
- دوار، لميس عبدالعزيز.(٢٠١٩). الزمان في الشعر المتنبي، دمشق: اتحاد الكتاب العرب.
- ديوي، جون.(١٩٦٣). الفن خبرة، ترجمة: زكريا ابراهيم، مراجعة: زكي نجيب محمود، القاهرة: دار النهضة العربية.
- الربيعي، علي محمد هادي.(٢٠١٢). الخيال في الفلسفة و الادب و المسرح، بغداد.
- رشيد، عدنان.(١٩٨٥).دراسات في علم الجمال، بيروت: دار النهضة العربية للطباعة و النشر.
- زكارنة، هديل بسام.(١٩٩٨). المدخل في علم الجمال، عمان: المعهد الدبلوماسي الاردني.
- زكريا، ابراهيم .(١٩٦٦). فلسفة الفن في الفكر المعاصر، القاهرة:دار مصر للطباعة.

- زكي، احمد كمال.(٢٠٠٠). الاساطير- دراسة حضارية مقارنة، ط٢، القاهرة: الهيئة العامة لقصور الثقافة.
- الزمانى، كمال.(٢٠١٢). حجاجية الصورة في الخطابة السياسية لدى الامام علي(رضي الله عنه)، الاردن: عالم الكتب.
- زهدي، بشير.(١٩٨٢). علم الجمال،ط١، دمشق.
- زيتوني، لطيف.(٢٠٠٢). معجم مصطلحات نقد الرواية، بيروت: مكتبة لبنان ناشرون.
- سابير، شاكر.(٢٠١٢). الفضاء الروائي عند سليم بركات- قراءة في ثلاثية( الفلكيون في ثلاثاء الموت)، اربيل: مطبعة رۆژ هەلات.
- الساعدي، رحيم.(٢٠١٥).فلسفة الخيال- قراءة في محرك الابداع و التغير و المستقبل، بغداد، مكتبة عادل.
- سانتيانا، جورج.(٢٠١٠). الاحساس بالجمال- تخطيط لنظرية في علم الجمال، ترجمة: محمد مصطفى بدوي، تقديم: رمضان بسطاويسي، القاهرة : المركز القومي للترجمة.
- ستولنيتز، جيروم.(١٩٨١). النقد الفني- دراسة جمالية، ترجمة:فؤاد زكريا، ط٢، القاهرة: الهيئة المصرية للكتاب.
- سكروتون، روجر.(٢٠١٤). الجمال، ترجمة و التقديم: بدرالدين مصطفى، القاهرة: المركز القومي للترجمة.
- سليمان، نبيل.(٢٠٠٥). اسرار التخييل الروائي، دمشق: منشورات اتحاد الكتاب العرب.
- سوسير، فردیناند دي.(١٩٨٥). علم اللغة العام، ترجمة:بو عجيل يوسف عزيز، القاهرة: دار الافاق العربية.
- السوفيت، مجموعة من اساتذة.(١٩٦٨). علم الجمال في تفسير الماركسي، ترجمة:يوسف حلاق، مرجعة: اسماء صالح، دمشق: منشورات وزارة الثقافة والسياحة و الارشاد القومي.
- السيد احمد، عزت.(٢٠٠٧). تمهيد في علم الجمال، اللازقية: منشورات جامعة تشرين.
- الشربيني، لطفي.(ب.ت). معجم مصطلحات الطب النفسي، مراجعة: عادل صادق، الكويت: تحريرمركز تعريب العلوم الصحية.
- شعبان، هيام.(٢٠٠٤). السرد الروائي في اعمال ابراهيم نصرالله، الاردن: دار الكندي.
- شعلان، سناء.(ب.ت). الاسطورة في روايات نجيب محفوظ، عمان: نادي الجسرة الثقافي.
- صالح، فرحان.(١٩٨٣). جدلية العلاقة بين الفكر العربي و التراث- رؤية نقدية، بيروت: دار الحداثة للطباعة والنشر و التوزيع.
- صليبا، جميل.(١٩٨٢). المعجم الفلسفي- بالالفاظ العربية و الفرنسية و الانكيزية و اللاتينية، بيروت: دار الكتب اللبناني.
- صليبا، جميل.(١٩٨٤). معجم علم النفس، ط٣، بيروت.

- صليبا، جميل.(١٩٩١). المعجم الفلسفي، ط١، بيروت: الشركة العالمية للكتاب و مكتبة المدرسة دار الكتاب العالمي.
- صليبا، جميل.(١٩٩٤). المعجم الفلسفي.بيروت: الشركة العالمية للكتاب.
- طاليس، ارسطو.( ١٩٧٣). فن الشعر، ترجمة و تحقيق: عبدالرحمن بدوي، بيروت: دار الثقافة.
- طاليس، ارسطو.(١٩٥٣). فن الشعر، نقله بشير متي بن يونس القناني من السرياني الى العربي، تحقيق: عبدالرحمن بدوي، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية.
- طاليس، ارسطو.(١٩٦٢).كتاب النفس، ط٢، نقله الى العربية: فؤاد الاهواني، د.مك: دار احياء الكتب العربية.
- طاليس، ارسطو.(١٩٨٦). فن الخطابة، ترجمة: عبدالرحمن بدوي،ط٢، بغداد:دار الشؤون الثقافية العامة.
- عاصي و يعقوب، ميشال و اميل بديع.(١٩٨٧). المعجم المفصل في اللغة و الادب، بيروت: دار العلم للملايين.
- عباس، راوية عبدالمنعم.(١٩٨٧). القيم الجمالية، الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
- عباس، راوية عبدالمنعم.(١٩٩٨).الحس الجمالي و تاريخ الفن- دراسة في القيم الجمالية و الفنية، بيروت: دار النهضة العربية للطباعة والنشر.
- عبدالحميد و خليفة، شاكر و عبداللطيف.(٢٠٠٠). دراسات في حب الاستطلاع و الابداع الخيال، القاهرة: منشورات دار غريب.
- عبدالحميد، شاكر.( ٢٠٠١). التفضيل الجمالي- دراسة سيكولوجية التذوق الفني، الكويت:مجلس الوطني للثقافة و الفنون و الادب.
- عبدالحميد، شاكر.(١٩٨٧). العملية الابداعية و فن التصوير، الكويت: مجلة علم المعرفة، عدد/١٥٩.
- عبدالفتاح، امام.(٢٠١١). حكايات ايسوب، القاهرة: دار المدى للثقافة و النشر.
- عبدالله، عبدالبديع.(١٩٩٤). الخرافة و الاسطورة العربية المعاصرة، القاهرة: مكتبة الاداب.
- عبدالله، محمد حسن.(ب.ت). الصورة و البناء الشعري، القاهرة: دار المعارف بمصر.
- العبدالله، يحيى.(٢٠٠٥). الاغتراب – دراسة تحليلية لشخصيات الطاهر بن جلون الروائية، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات و النشر.
- عبدالمطلب، محمد.(١٩٨٤). اتجاهات النقد خلال القرنين السادس و السابع الهجري،بيروت: دار الاندلس للطباعة و النشر و التوزيع.
- عدرة، غادة المقدم.(١٩٩٦). فلسفة النظريات الجمالية، طرابلس: جروس برس.
- العشماوي، محمد زكي.(١٩٩٤).دراسات في النقد الادبي المعاصر،بيروت: دار الشروق.
- عصفور، جابر.(٢٠٠٩). الخيال- الخيال، الاسلوب، الحداثة،ط٢، القاهرة: المركز القومي للترجمة و النشر و التوزيع.
- علوش، سعيد.(١٩٨٥). معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، بيروت: دار الكتاب اللبناني.

- عوض الله، انصار.(٢٠٠٣). الجمالية والفلسفية في الفن الاسلامي، الاسكندرية: مكتبة الاسكندرية.
- العيد، يمنى.(٢٠١٢). تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي،ط٣ ، دار الفارابي.
- غالب، مصطفى.(١٩٨٥). ديكارت، بيروت: دار و مكتبة الهلال.
- غريب، اسماء.(٢٠١٣).تجليات الجمال و العشق عند اديب كمال الدين، بيروت: منشورات ضفاف.
- الغزالي، ابوحامد.(٢٠٠٥). احياء علوم الدين، بيروت: دار ابن حزم.
- فتحي، ابراهيم.(١٩٨٦). معجم المصطلحات الادبية، تونس: المؤسسة العربية للناشرين المتحدثين.
- فراي، نورث.(١٩٩٥). الخيال الادبي، ترجمة: حنا عبود، دمشق: منشورات وزارة الثقافة.
- فيدوح، عبدالقادر.(٢٠١٤). التجربة الجمالية في الفكر العربي، دمشق: دار الشجرة للنشر والتوزيع.
- قاسم، سيزا.(٢٠٠٤). بناء الرواية- دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ، القاهرة: مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- القاضي، عبدالمنعم زكريا.(٢٠٠٩). البنية السردية في الرواية – دراسة في ثلاثية خيري شبلي(الامالي لابي علي حسن: ولد خالي)، تقديم: احمد ابراهيم هواري،عين للدراسات و البحوث الانسانية و الاجتماعية.
- قطب، محمد.(١٩٨٣).منهج الفن الاسلامي، بيروت: دار الشروق.
- القلماوي، سهير.(١٩٥٣). فن الادب و المحاكاة، القاهرة:مكتبة الحلبي.
- كامل، مجدي.(٢٠١١). ارسطو.. المعلم الاول، دمشق: دار الكتاب العربي.
- كانط، امانوئيل.( ٢٠٠٩). نقد ملكة الحكم، ترجمة: سعيد الغانمي، بيروت: منشورات الجمل.
- الكايد، هاني.(٢٠٠٤) ميثولوجيا الخرافة و الاساطير في علم الاجتماع، عمان: دار الراية للنشر و التوزيع.
- كردي، عبدالرحيم.(٢٠٠٦).السرد في الرواية المعاصرة- الرجل الذي فقد ظله نموذجا، مكتبة الاداب.
- كليطو، عبدالفتاح.(٢٠٠٩). الادب و الغرابة- دراسات بنيوية في الادب العربي، الدار البيضاء: دار توبقان للنشر.
- لالاند،أ.(٢٠٠١). موسوعة لالاند الفلسفية، المجلد الاول(A-G)، ط٢، بيروت- باريس: منشورات عويدات.
- لالو، شارل.(٢٠١٠). مبادىء الجمال" الاستطيقا"، ترجمة: مصطفى ماهر، تقديم: يوسف مراد، القاهرة: المركز القومي للترجمة.
- لحمداني، حميد.(١٩٨٠). بنية السردية من المنظور الادبي، بيروت: المركز الثقافي العربي للطباعة و النشر و التوزيع.
- لوتمان و اوسبانسكى، يوري و بوريس.(١٩٨٦). حول الالية السيميوطيقية للثقافة، ضمن مدخل الى سيميوطيقا، ج٢، ترجمة:عبدالمنعم تليمة، دار البيضاء: منشورات عيون.

- مجاهد، مجاهد عبدالمنعم.(١٩٠٥). فلسفة الفن الجميل، القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.
- محبك، احمد زياد.(٢٠٠١). من الاسطورة الى القصة القصيرة( دراسات نقدية)، دمشق: دار علاء للنشر و التوزيع و الترجمة.
- محمد و عباس، علي عبدالمعطي و راوية عبدالمنعم.(٢٠٠٥). الحس الجمالي و تاريخ التذوق الفني عبر العصور، الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
- مرتاض، عبدالملك.(٢٠١٠). نظرية النص الادبي،ط٢، الجزائر:دار هومة.
- المرعي، فؤاد.(١٩٩١). الجمال و الجلال، دمشق: مطبوعات دار طلاس.
- المسدي، عبدالسلام.(٢٠٠٦). الاسلوب و الاسلوبية،ط٥،بيروت: دار الكتاب الجديد المتحدة.
- مسكوية و التوحيدي، ابو حيان.(١٩٥١). الهوامل و الشوامل، تحقيق: السيد احمد صقر، القاهرة: مطبعة لجنة التأليف و الترجمة و النشر.
- المصري، ابو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم بن منظور الافريقي.(١٩٩١).لسان العرب،ط٣، م٢، مادة: خيل، بيروت: دار صادر.
- مصطفى و اخرون، ابراهيم.(١٩٨٩). المعجم الوسيط، استانبول:دار الدعوة.
- مصطفى و علي، فائق و عبدالرضا.(٢٠٠٠). في النقد الادبي الحديث، ط٢، موصل: دار الكتب للطباعة و النشر.
- مطر، امير حلمي.(١٩٨٣) فلسفة الجمال- نشأتها و تطورها،ط٢، القاهرة: دار الثقافة و النشر و التوزيع.
- مطر، امير حلمي.(١٩٩٨). فلسفة الجمال(اعلامها و مذهبها)، القاهرة: دار قباء.
- مطر، اميرة حلمي.( ٢٠١٣). مدخل الى علم الجمال و فلسفة الفن، ط٤، القاهرة: دار التنوير للطباعة و النشر.
- موافي، عثمان.(٢٠٠٧). في نظرية الادب- من قضايا الشعر و النثر في النقد العربي، الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
- موسى، ابراهيم تمر.(٢٠١٣).شعرية المقدس في الشعر الفلسطيني، مصر:دروب للنشر و التوزيع.
- نجاتي، محمود عثمان.(١٤١٤هجري). الدراسات النفسية عند العلماء المسلمين، بيروت: دار الشروق.
- نصار، نواف.(٢٠١١). معجم المصطلحات الادبية، عمان: دار المعتز للطباعة والنشر و التوزيع.
- نصر، عاطف جودة.(١٩٨٤). الخيال- مفهوماته و وظائفه، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- النصير، ياسين.(١٩٨٠). الرواية والمكان، بغداد: دار الحرية.
- النعيمي، فيصل غازي.(٢٠٠٩). العلامة والرواية- دراسة سيميائية في ثلاثية ارض السواد لعبدالرحمن منيف، عمان: مجدلاوي للنشر و التوزيع.
- نوفا و أوفيسيانيكوف، سمير.(١٩٧٩). موجز تاريخ النظريات الجمالية، ط٢، ترجمة: باسم السقا، بيروت: دار الفارابي.
- نوكس،أ.(١٩٨٥). النظريات الجمالية(كانط –هيجل- شوبنهاور)،بيروت: منشورات بحسون.

- الهبطي، رجاء.(١٩٩٦).تصور التخييل الادبي، المغرب: الربيع.
- هلال، محمد غنيمي.(١٩٦٩). النقد الادبي الحديث، ط٤، القاهرة: دار النهضة العربية.
- هوراس.( ١٩٤٧). فن الشعر، ترجمة: لويس عوض، القاهرة: لجنة التأليف و الترجمة و النشر.
- هويسمان، دنيس.(ب.ت). علم الجمال، ترجمة: اميرة حلمي مطر، مرجعة: احمد فؤاد الاهواني، القاهرة: دار الاحياء الكتب العربية.
- هيجل، فريدريك.(١٩٧٨)، المدخل الى علم الجمال، ترجمة: جورج طرابيشي، بيروت: دار الطليعة.
- هيجل، فريدريك.(١٩٨٨). مصطلحات هيجل، ترجمة: جورج طرابيشي، بيروت: دار العلم.
- هيجل، فريدريك.(١٩٨٨).المدخل الى علم الجمال،ط٣، ترجمة: جورج طرابيشي، بيروت: دار الطليعة للطباعة و النشر.
- هيجل، فريدريك.(٢٠١٠). محاضرات عن الفن الجميل، ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، القاهرة: دار الكلمة للنشر و التوزيع.
- وتار، محمد رياض.(٢٠٠٢). توظيف التراث في الرواية العربية المعاصرة، دمشق: اتحاد كتاب العرب.
- ولصون، كولن.(٢٠٠١). المعقول واللامعقول في الادب الحديث،ط٦ ، ترجمة:زكي حسن، دار الادب.
- وهبه و المهندس، مجدي وكامل.(١٩٨٤). معجم المصطلحات العربية في اللغة و الادب ،ط٢ ، بيروت: مكتبة لبنان.
- وهبه، مجدي.(١٩٨٣).معجم مصطلحات الادب(انكليزي- عربي)، بيروت: مكتبة لبنان.
- ويليك، رينية.(١٩٩٨). تاريخ الادب الحديث(١٧٥٠- ١٩٥٠ز)، ترجمة:مجاهد عبدالمنعم مجاهد،ج٢، ط١، القاهرة.
- ياسين، فرج.(٢٠١٠). انماط الشخصية المؤسطرة في القصة العراقية الحديثة، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.
- يقطين، سعيد.(١٩٩٧). الرواية والتراث (من اجل وعي جديد بالتراث)،الدار البيضاء:المركز الثقافي العربي.
- يقطين، سعيد.(١٩٩٧). الكلام و الخبر(مقدمة للسرد العربي)، الدار البيضاء:المركز الثقافي العربي.
- يوسف، امنة.(٢٠١٥). تقنيات السرد في النظرية و التطبيق، ط٢، اليمن: دار الفارس للنشر و التوزيع.

- زمانی ئینگلیزی:


- Genette Gerard .Narrative Discurse .Newyork: Cornll Univesity ، .١٩٨٨ .
- Hilene Houssemaine Patrik Bacry .Larousse dictionnaire hubelot .parie XI france: imprime en france. ١٩٩٩
- Jean pierre mevel ,genevirere hubelot Larousse parie .larousse de la langue francaise .parie XI france: Librairie .١٩٧٧ ، tome ١,.
- Merriam Webster . Merriam Websters Encyclopdia Of Literature, ١٩٩٥ .Esthetic.
- Paolo fabiani .The Philosphy of the Imagination in vico and malebranche .Firenze university: Translated and Edited by Giogio pinto ٢٠٠٩ .
- Paul Robert .dictionnaire alphabetique analogique de la langue francaise , du nouveu litter le robert . parie XI france : du noveu litter le robert .١٩٧٧ ،tome٣, .
- T.Todorov .Poetique .Paris: Seuil\Poits .١٩٧٣ .


ب.نامەی ئەکادیمی:

- دکتۆرا_ کوردی:


- کاکەمحەمەد، بوشرا قادر.(٢٠٢٢).ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا." ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا. کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.
- مستەفا، ئاسۆ عومەر.(٢٠١٩). ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو (١٩٢٠_١٩٧٠) ، نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی . سلێمانی.


- دکتۆرا_ عەربی:


- تركي، محمد عبدالرحمن.(٢٠١٣).الاحساس الجمالي في الشعر الجاهلي- صورة الفنية انموذجا،اطروحة دكتوراه، حلب: جامعة الحلب.
- حمدان، فاطمة سعيد احمد.(١٩٨٩). مفهوم الخيال و وظيفته في النقد القديم و البلاغة، رسالة دكتوراه، جامعة ام القرى، كلية اللغة العربية.

▪ مرحباوي، صالح.(٢٠١٦). جماليات الشعرية عند سليمان جوادي، اطروحة دكتوراه، ام البواقي: جامعة العربي بن مهيدي.

- ماستەر_ کوردی:

▪ ئیبراهیم، خالد قادر.(٢٠١٦). بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی(ئیبراهیم ئەحمەد و غایب توعمە فەرمان)دا. زانکۆی چەرموو.

- ماستەر_ عەرەبی:

▪ رشیدعلي، زاكروس محمد.(٢٠١٨). المرجعيات في روايات زهدي الدوادي، رسالة ماجستير. كركوك: كلية تربية/ جامعة كركوك.
▪ كلاع، رشيدة.(٢٠٠٥). الخيال و التخييل عند حازم القرطاجني- بين النظرية و التطبيق، ماجستير، جامعة منتوري قسنطينة: كلية الاداب و العلوم الانسانية، قسم اللغة العربية و ادابها.
▪ محمد، سوزان حميد.(٢٠٢١). المتخيل في شعر رشدي العامل، رسالة ماجستير. جامعة كركوك: كلية التربية للعلوم الانسانية.

پ.گۆڤار و ڕۆژنامە:

- گۆڤار_ کوردی:

▪ تاتانی، محمد أمین.(٢٠١٥). فانتازیا لە ڕۆمانی(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلیدا. ژمارە/٣٥: گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
▪ جەلال، بۆتان.(٢٠٢١). ئیستیتیکای خەیاڵ و دۆخگۆڕین لە کۆ شیعری سەباح ڕەنجدەردا. گۆڤاری دیوان، ژمارە/٧: ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی ی.ن.ک.
▪ علی، سروە طاهر. (٢٠٢٠).ڕەهەندی ئیستاتیکی لە دیوانی دەربەندی پەپوولەی شێرکۆ بێکەسدا. گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

- گۆڤار_ عەرەبی:
  - بوعزة، محمد.(٢٠١٤). من المحاكاة الى سيمأة المرجع، جدة: مجلة علاقات في النقد الادبي، النادي الادبي الثقافي،مجلد/٢٠، عدد/٨٠.
  - حسانين، محمد مصطفى علي.(٢٠١٤). الرواية العربية بعد الاستعمار- التمثيل السردي و السردية التاريخ، مجلد مقاليد، عدد/٦.
  - عبدالوهاب، سعاد.(٢٠٠٣). المرجعية و تجلياته التراثية في الشعر الكويتي الحديث، حوليات الادب و العلوم الاجتماعية، جامعة الكويت، الكويت:مجلد/٢٣،عدد/١٩٨.

- ڕۆژنامە_ كوردی:
  - نەهایی، عەتا. (٢٠١٣/٨/٤).خەیاڵ و فانتزی لە بەرهەمی ئەدەبیدا، بەشی دووەم. هەولێر: ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە/١٦٩٩.
  - مەلامحەمەد، ڕێبوار .(٢٠٠٨). بەهای خەیاڵ لە ڕۆمانی(غەزەلنوس و باغەكانی خەیاڵ)دا، . ڕۆژنامەی هاوڵاتی: ژمارە/٤٥٦.

- ڕۆژنامە- عەربی:
  - حجر، جمال محمود.( ٢٠١٠/٤/٢٨). بين الرواية التأريخ و التاريخية الرواية، قطر: صحيفه العرب.

ت. پێگەی ئەلیكترۆنی:

- WWW.qtrat.com/ up- ar/ar/nas.png
- https://tak.la/c٨fk٤gr

# ملخص


يعتبر الخيال احدى اهم العناصر في بناء و تكوين الادب و الفن قديما و حديثا، ولا سيما في الرواية، كما ان الخيال قوة دافعة للابداع و خلق عوالم جديدة في النص السردي و وسيلة لتنمية القدرات الفنية و الجمالية و الاسلوبية كالموسيقى و الرسم و الادب بشكل عام و السرد الروائي بشكل خاص، للخيال ادوار مهمة في خلق فضاء سردي و عوالمها و عناصرها ك(الشخصية و الحدث و الزمكان) و دورها ايضا في العملية الجمالية للنص الروائي و تزين عناصرها و مكوناتها و ترتيب احداثها، كما يعتبر الخيال السردي من الانفعالات النفسية الواعية و اللاواعية و تحرير للرغبات التي يعيقها الواقع الاجتماعي و السياسي وغيرهما، باعتبار الرواية تعطي للكاتب النص مساحة اكبر و اوسع لاستعمال خياله في تعبير عن تلك العوالم و الاحداث الغير المكشوفة، لان الخيال عنصر فعال لاكتشاف الخبايا و الاسرار من اجل فهمه و تفسيره على مستوى الادبي، ولكي تكون الرواية ذات عمل فني جديد و مؤثر في القارىء فتكون حقيقة في مضمونها و خيالية حكائية في حبكاتها بحيث يضاف عليها طابع تخييلي سردي يجمع بين الحقائق و الخيال لتخرج و تنتج رواية ممزوجة بمختلف الابداعات الفنية و الجمالية تبرز فيها كل الخصائص و السمات التي تبين العمل الروائي الخيالي في اهميته و ثقافته و ثرائه و لذته الجمالية.

نظرا لوعينا باهمية(جمالية الخيال) في الرواية و في صناعة العمل الابداعي وتنشيطه في مختلف الدراسات و الابحاث الاكاديمية فضلنا دراسة( استاطيقا الخيال في الرواية الكوردية) و بسبب تسليط الضوء على هذا الجنس الادبي فوقع اختيارنا على روايات الثلاثة(غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکی) لبختيار علي، تحت عنوان( استاطيقا الخيال في روايات" غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، هەورەکانی دانیال، داگیرکردنی تاریکی"لبختيار علي.

أنطلقت دراستنا هذه من التساؤل الاتي: كيف شكل بختيار علي فضائه و عوالمه و عناصره الخيالية في هذه الروايات الثلاثة المذكورة، عندما تقرأ الروايات المذكورة تجد جذورها التاريخية و الواقعية في مجتمعنا الكوردي و تجد بعض الاحداث و الاماكن و الواقعية بالاسماء و تكوين الشكلي لبعض الاماكن المذكورة و التي تدور

احداث هذه الروايات فيها، لهذا استعنا في تحليلينا لهذا العنوان  ببعض الاسئلة المتفرعة و المتشعبة من هذا الاشكال نحو: مامفهوم الجمال و جذورها التاريخية عبر العصور و ماهي اراء الفلاسفة اليونان و الرومان و القرون الوسطى( المسيحية و الاسلامية) و نقاد الحديثيين و القرن العشرين و ما مفهوم الخيال و المفاهيم التي يتقاطع معها واراء الفلاسفة اليونان القديم و الرومان و العرب و الاوروبيين الحديثيين و علاقة الخيال مع الواقع و العناصر الاخرى في الروايات الثلاثة لبختيار علي.

يتكون هذا البحث من مقدمة و ثلاثة اقسام و كل قسم يتكون من اربعة محاور رئيسية مع خاتمة و خلاصة البحث و قائمة المصادر, حيث خصص القسم الاول للاطار النظري و خصص القسمان الثاني و الثالث للمجال التطبيقي و تحليل النصوص.

لقد استخدمنا في دراستنا الاكاديمية هذه المناهج النقدية و التحليلية و الوصفية كلا في اطاره و مجاله الخاص لكي يستكمل هذا البحث الاكاديمي المتطلبات النقدية الواضحة.

# ABSTRACT

Imagination is one of the most important elements in the construction and formation of literature and art, ancient and modern, especially in the novel, and imagination is a driving force for creativity and the creation of new worlds in the narrative text and a means of developing artistic, aesthetic and stylistic capabilities such as music, drawing and literature in general and narrative narrative in particular, imagination has important roles in creating a narrative space and its worlds and elements such as (character, event and space-time, and its role also in the process The aesthetic of the narrative text and adorn its elements and components and the order of its events, as the narrative imagination is considered one of the conscious and unconscious psychological emotions and the liberation of desires that are hindered by the social, political and other reality, as the novel gives the writer the text a larger and wider space to use his imagination in an expression of those worlds and events that are not revealed, because imagination is an effective element to discover mysteries and secrets in order to understand and interpret it at the literary level, and for the novel to be a work of art New and influential in the reader, so it is real in its content and fictional narrative in its plots, so that it is added to it an imaginary narrative character that combines facts and fiction to come out and produce a novel mixed with various artistic creations

Due to our awareness of the importance of (the aesthetic of imagination) in the novel and in the manufacture of creative work and its activation in various academic studies and researches, we preferred to study (Aesthetics of Imagination in the Kurdish Novel) and because of shedding light on this literary genre, we chose the three novels (Spinning writer and imaginary gardens, The Clouds of Daniel, The invasion of darkness ) by Bakhtiar Ali, under the title (The Aesthetics of Imagination in the Novels" Spinning writer and imaginary gardens, The Clouds of Daniel, The invasion of darkness" Bakhtiar Ali

Our study started from the following question: How did Bakhtiar Ali form his space, worlds and fictional elements in these three novels mentioned, when you read the mentioned novels you find their historical and realistic roots in our Kurdish society and you find some events and places and the real names and formal composition of some of the places mentioned and in which the events of these novels take place, so we used in our analysis of this title some branching and manifold questions of these forms towards: What is the concept of beauty and its historical roots through the ages, what are the views of the Greek philosophers, Romans, medieval (Christian and Islamic), modern critics and the twentieth century, what is the concept of imagination and the concepts that intersect with it, the views of the ancient Greek philosophers, the Romans, the Arabs and the modern Europeans, and the relationship of imagination with reality and other elements in the three novels.